**هەرێمی کوردستانی عێراق**

ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٩

سالّی/٢٠٠١ ـ بەرگی بیست و نۆ

---

چاپی یەکەم ٢٠٠٢

له بڵاوكراوەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی (٢٠٠١)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

بەرگی: ٢٩

چاپی یەكەم: ٢٠٠٢

تیراژ: ٥٠٠

ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان: (٢٠٧)

# پێڕست:


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و سێ ـ چوارشەممە ٢٠٠١/١٢/٥ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و چوار ـ دووشەممە ٢٠٠١/١٢/١٠ ل٤٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و پێنج ـ سێ شەممە ٢٠٠١/١٢/١١ ل٤٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و شەش ـ چوارشەممە ٢٠٠١/١٢/١٢ ل٩٢


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و حەوت ـ یەک شەممە ٢٠٠١/١٢/٢٣ ل١٢٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و هەشت ـ دووشەممە ٢٠٠١/١٢/٢٤ ل ١٨٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و نۆ ـ سێ شەممە ٢٠٠١/١٢/٢٥ ل٢٣٤

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سی ـ چوارشەممە ٢٠٠١/١٢/٢٦ ل٢٦٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سی و یەک ـ دووشەممە ٢٠٠١/١٢/٣١ ل٢٧٨



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣)**

چوار شـەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٥

خولی دووەم

سـاڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٥

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە بیست و سێ)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە بیست و سێ)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٥ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری ناوخۆ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان.

٢ـ خستنەڕووی دەست لە کار کێشانەوەی چەند ئەندامێکی بەڕێزی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.

٣ـ خستنەڕووی داواکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان. لیستی زەردی هەڵبژاردن بۆ قەبوڵ کردنی چەند بەڕێزێک و گۆڕینەوەی چەند بەڕێزێک لە جیاتی ئەوانەی دەست لە کار دەکێشنەوە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە(٢٣)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە سێ کار پێکهاتووە:

١ـ ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری ناوخۆ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان.

٢ـ خستنەڕووی دەست لە کار کێشانەوەی چەند ئەندامێکی بەڕێزی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.

٣ـ خستنەڕووی داواکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان. لیستی زەردی هەڵبژاردن بۆ قەبوڵ کردنی چەند بەڕێزێک و گۆڕینەوەی چەند بەڕێزێک لە جیاتی ئەوانەی دەست لە کار دەکێشنەوە .

پێشەکی بەخێر هاتنی گەرمی وەزیری ناوخۆ دەکەین و، بەردەوام دەبین لەسەر خاڵەکەی دوێنێمان دەربارەی کاروباری وەزارەتی ناوخۆ، تکای لێ دەکەین بفەرمووێتە سەر سەکۆی پەرلەمان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی دوێنێ کە ئاراستەی کرا بوو. پێش ئەوەی دەست بە وەڵامدانەوە بکات وەزیری ناوخۆ ئەمە ئێستا وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی دوێنێیە کە ٣٣ ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان نەیان کردبوو ٣٣ زیاتر بوو ٣٦ بوو، چونکە بە دوو قۆناغەوە بوو، پاش وەڵامدانەوە هەر ئەندامێک حەقی هەیە ئەوانەی کە پرسیاریان کرد بوو دەربارەی پرسیارەکەی خۆی ئەگەر تەعقیبی هەبێت دەربارەی تەعقیبەکەی خۆی ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ بکات، پاشان دوا وتار بۆ بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ دەبێت بۆ وەڵامدانەوەی تەعقیبەکان و، وتاری کۆتایی. بەڕێز کاک کەریم سنجاری فەرموو.

**بەڕێز کەریم سنجاری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەم دەدەیێ وەڵامی پرسیارەکانی دوێنێ دەدەمەوە.

١- کاک د. ناصح پرسیارێکی کرد دەربارەی تیرۆرو تەقینەوەو بەرنامەی ئێمە چییە لە موناسەبات و جەژن و ئەوە سەری ساڵیش دێت؟

وەزارەتی ناوخۆ پلانی ئەمنی داناوە بۆ هەموو پارێزگاکان و هەموو شارەکانی کوردستان ئەوانەی لە ژێر دەستەڵاتی ئێمەن بەپێی ئەو پلانە ئەمنییە بەرنامەی تایبەتی خۆیان هەیە و، بەرنامەی تایبەتییان هەیە بۆ جەژن و سەری ساڵ. بۆ جەژن هێزێکی زۆری پۆلیس و ئاسایش بڵاو دەکرێنەوە لە نێوان کۆڵانەکان و ناو ماڵەکان، چونکە لە موناسەباتی وەکو جەژن زۆربەی هەرە زۆری خەڵککە لە ماڵ نامێنن دەردەچن، جا ئاسایش وەکو هێزێکی ئەمنی داخیلی واجبی ئێمەیە، ئێمە ئەو کۆڵانانە بپارێزین، هەروەها ژوورەوە و دەرەوەی شارەکان کۆنترۆڵێکی زیاد دەکرێت بۆ مەترسی تەقینەوە و ناردنەوەیە یان مەترسی شتی تر لە داخیلی شارەکانی ئێمەن. بە کورت کراوەیی زیاتر دەزگاکانی ئەمنی ئێمە کە واجبیان دەبێت لە ڕۆژەکانی جەژن و موناسەبات لەناو بازار و کۆڵانەکان یەعنی پلانی ئەمنی خۆیان هەیە بەپێی ئەو پلانە دەڕۆن و، ئێمە ئێستاش ئەگەر موناسەبەیەک دەبێت یەکسەر پلانی ئەمنی خۆیان تەتبیق دەکەن پێویست ناکات ئێمە زانیاریان بدەینێ، چونکە زانیاری پێشوویان هەیە.

بەنیسبەت بەکار هێنانی ئامێری تەکنیکی لە مەسائیلی ئەمنی من نازانم جەنابت لە مەسائیلی حیمایەو ئەوانە قەسدت چیە بە مەسائیلی تەکنیکی، مەسائیلی تەکنیکی هەندێک شت هەیە وەکو کامیرات و ئەوانە کامیرەش تەنها بۆ بینایات و جێگای موئەسەساتی بەکار دەهێنرێت ناتوانرێت لە کۆڵانەکان و شەقامەکان بەکار بهێنرێت، ئێمە پێمان خۆشە ئەگەر ئیمکانیاتی

ماددی هەبێت ئێمە هەموو موئەسەسات و بینایاتی خۆمان ڕێک بخەین بەو کامیرانە، بەڵام ئەوەش دەمێنێت لەسەر پارەو ئیمکانیاتی ماددی لە پلانی ئێمەدا هەیە، بەڵام کەی پێمان دەکرێت ئەوە جێ بەجێ بکەین ئەوە دەمێنێتەوە بۆ دوارۆژ.

٢ـ کاک د. ناصح دەڵێت دادگا زۆر کەس سزای لە سێدارەدان دەدات، بەڵام نابینین.

ئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆ ئامێریکی تەنفیزین، ئێمە حوکمی لە سێدارەدان سادیر ناکەین ئێمە تەنفیزی دەکەین هەر کاتێک حوکمێکی لەسێدارەدان لە دادگا دەرچوو و تەسدیق کرا ئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆ ئامادەین بۆ جێ بەجێ کردنی تا ئێستا هیچ ئەمرێکی ئیعدام نەهاتووە بۆ ئێمە و، ئێمە جێ بەجێمان نەکرد بێت.

٣ـ دەربارەی دیاردەی کوشتنی ئافرەت. ئایا لە زیاد بوون دایە یان لە کەم بوون؟

دیاردەی سووتاندنی ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەبووەو هەیە ناتوانین ئینکاری بکەین ئەمە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییە و، دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆ، یەک لەو هۆیانە باری دەروونییە یان باری ئابوورییە و، باری کۆمەڵایەتی دانیشتوانی خۆمانە. ئێمە لە وەزارەتی ناوخۆ لیژنەیەکمان دروست کردووە بۆ دیراسەتی ئەم بارودۆخە بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆ و، ئەندامییێتی چەند کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ کارمەندی وەزارەتی تەندروستی وکۆمەڵایەتی دیراسەتی باری سووتاندنی ئافرەت دەکەین و هۆیەکانی چیە و، چۆن ڕێگای لێ بگرین. تا ئێستا ئەو دیراسەتەمان تەواو نەکردووە، بەڵام خەریکین، بۆمان دەرکەوتووە ئەم دیاردەیە لە کەم بوون دایە لە زیاد بوون دانیە، بەڕاستی ئەو حاڵەتانەی لەلای ئێمە کە تۆمار کراون لە پۆلیس زۆربەیان قەزاو قەدەرن، من ناڵێم نیە کەخۆی خۆی سووتاندووە، بەڵام زۆربەی ئەو حاڵەتانە قەزاو قەدەرن پریمزێک تەقیوە یان قنینەی غازە تەقیوە یان کارەبایە سووناندوویەتی، بەڵام بە کورتکراوەیی دەتوانم بڵێم لە کەم بوون دایە.

٤ـ بڕیار بوو ٤٠٠ پارچە زەوی بدرێتە پۆلیس، ٤٠٠ پارچە نیە زیاد کرا بوو بە ٥٠٠ پارچە وەکو خۆتان دەزانن ئێمە بە هەزاران پۆلیس و کارمەندی ئاسایشمان هەیە، ٥٠٠ پارچە زەوی ئێمە بەکێی بدەین و بە کێی نەدەین بەڕاستی ئێمە هەر چییەک بکەین هەندێک کەس لە ئێمە تووڕە دەبێت و هەندێک ڕازی دەبێت.

لە وەزارەتی ناوخۆ ئێمە لیژنەیەکمان دابین کردووە بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزارەت بۆ دیراسەت کردنی بارەکان هەمووی کێ موستەحەقە کێ موستەحەق نیە؟ دوو مەرج ئێمە بەکار دێنین:

١ـ ساڵانی خزمەت. ٢ـ ژمارەی منداڵان(ژمارەی خێزان).

هەر کامەیەک ژمارەی زیاتر بێت ئێمە زەوی دەدەین بەو کەسە، لیستەکە ئامادەکراوە و، ئێستا لیستەکە هەڵواسراوە لە ئاسایشی گشتی ماوەیەکمان داناوە بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک ئیعتیرازی هەبێت بۆی هەیە لەم ماوەیە ئیعتیرازی بکات کە ماوەی ئیعتیرازات تەواو بوو ئێمە چاوپێکەوتنێکی تری دەکەین و، ئینشا ءالله بەزووترین کات دەدەینە شارەوانی هەولێر بۆ ئەوەی

ئەو ٥٠٠ پارچە زەویە دابەش بکات.
بەڕێز کاک شیروان حیدری پرسیارێکی کرد دەربارەی تەشکیلاتی ئیداری لە سۆران و ئاکرێ کە ئەنجام نەدراوە.
لە راپۆرتەکەی خۆم باسم کرد کە ئێمە دوو لیژنەمان تەشکیل کردووە وا خەریکین کاری زۆر باش ئەنجام دراوەو، هەنگاوی باش بەرەو پێش رۆیشتووە، بەڵام خۆتان دەزانن دانانی دوو پارێزگار ئاسان نیە ئێمە بە تەدریجی خەریکین هەر کاتێک گەیشتینە زرووفی مەزوعی ئەوانەی ئێمە مولائیم بوو و، هەموو پێداویستیەکان تەواو بوو ئێمە هەر دوو ئیدارە دەست پێ دەکەین.
پرسیارێکی تری کاک شیروان دەبارەی تەجاوەزاتی زۆر لە شاری هەولێر هەیە لە رەسیفی و زەوی شارەوانی.
تەحدیدی تەجاوەزات وەزارەتی ناوخۆ نایکات، ئەوەی تەحدیدی تەجاوەزات دەکات وەزارەتی شارەوانیە دەڵێت فلان تەجاوز لە فلان جێگا کراوە، ئێمە تەحدیدی ناکەین، بە ئێمە دەڵێن. تەبیعی ئێمە هێزێکی پۆلیسیمان داوەتە وەزارەتی شارەوانی بەناوی پۆلیسی شارەوانی، ئیشی ئەو پۆلیسە ئەوەیە لەژێر خزمەتی شارەوانی بۆ هەڵگرتنی ئەو تەجاوزاتانە. شارەوانی چاودێری هەیە، دەبێت موراقیب بگەڕێ بە بەردەوامی تەحدیدی ئەو تەجاوزاتانە بکات، ئینجا بە پۆلیسی شارەوانی دەڵێ ئەگەر جێ بەجێی نەکرد دەتوانن داوا لە ئیدارە بکەن قائیمقامە یان موحافزە یان پۆلیسە هاوکاریان بکەن بۆ هەڵگرتنی ئەو تەجاوزاتانە. ئێمە لە ماوەی رابردوودا زۆر تەجاوزاتمان هەڵگرتووە وەکو ئیدارە ئەگەر پێویست بێت بۆتان دەخوێنمەوە.
تەجاوزاتێکی زۆر هەڵگیراوە لە هەولێر راستە بە هەزارەها بووە، بەڵام زۆری هەڵگیراوە شارەوانی ئیجرائاتی پێویستی نەکردووە پاش دوو هەفتە دیسان گەڕاوەتەوە جێگای خۆیان لەو کاتەی کە شارەوانی تازەی هەولێر ئینتیخاب کراوە تا ئێستا یەک داوا لەئێمە نەکراوە وەکو ئیدارە کە تەجاوز لە فلان جێگا هەیە فەرموون هەڵیگرن، ئێمە وەکو ئیدارە ئامادەین ئەو تەجاوەزاتانە نەهێڵین، بەڵام تەجاوەزات لەلایەن شارەوانی تەحدید دەکرێت نەک لەلایەن ئێمەوە.
پێویست دەکات ئەوانەی تەجاوەزاتتان بۆ بخوێنمەوە کە هەڵمان گرتووە.
کاک حسین علی کمال پرسیارێکی کرد دەڵێت سەیارەیەکی زۆر داخیلی هەرێم بووە کارەساتی مرور زۆر بووە بەرنامە چیە؟ دەبارەی ئیشاراتی مرور و ئەوانە باس دەکەین.
راستە سەیارات لە هەرێم زۆر بووە بەڕاستی شەقامەکانی ئێمە بەرگەی ئەو هەموو سەیاراتانە ناگرن، ئەگەر بەس ئەوەکی سەریعتان بۆ بخوێنمەوە لە هەولێر ژمارەی سەیارەی تایبەتی گەیشتۆتە ٣٦٥٨٤ لە دهۆک ١٢٧٢٠، سەیارەی بار هەڵگر هەولێر ٢٢٥١٧ لە دهۆک ٧٢٥٦، سەیارەی کرێ لە هەولێر ١٩٣٨٥ لە دهۆک ٨٨٨٠، هی حکومەتی میری ٢٢٧٣، بنیاتنان لە هەولێر ٥٣٥ لەدهۆک ٥٣٣، کشتوکاڵ لە هەولێر٣٤٥ لە دهۆک ٢٠٩٥، هاتنە ژوورەوەی کاتی لەهەولێر ١٧١٥، پسوولەی زانیاری ١٥٦٣٤لە هەولێر کۆی گشتی لە هەولێر دەگاتە ٩٨٩٨٨

سەیارە لە دهۆک ٣١٤٨٤ سیارە.
بەڕاستی شەقامەکانی ئێمە بەرگەی ئەو هەموو ژمارە سەیاراتانە ناگرن، جا لەبەر ئەوە پێویستی بە نیشانەکانی مرور هەیە پێویستی بە ڕێکوپێکی و گەراجات هەیە لەناو شار. ئیشاراتی مروریش عایدی ئێمە نیە عایدی هەندەسەی مرورە و، هەندەسەی مرور تابعی شارەوانیە لەناو شارەکان هەندەسەی مرور هەڵدەستێت بە دانانی ئیشاراتی مرور و، لە دەرەوەی شارەکان و نێوان شارەکان وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردنە، ئێمە داوامان کردووە لە هەر دوو وەزارەت کە هاوکاریمان بکەن لەدانانی ئیشارات، بەڕاستی وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن بە سوپاسەوە لەنێوان شارەکان دەستی پێ کردووە و، ئیشاراتی داناوە لەنێوان هەولێرو دهۆک و، لەنێوان هەولێرو سلێمانی. بەڵام تا ئێستا لە وەزارەتی شارەوانی داوامان کردووە جێ بەجێ نەکراوە و، ئومێد دەکەین بەزووترین کات بۆمان جێ بەجێ بکەن.
پرسیاری دووەمی کاک حسێن هێزی پۆلیس تاکو ئێستا وەکو پێویست چەکی تەواوی نیە.
لە راپۆرتەکەشم باس کرد باری پۆلیس بەگشتی لە ژێر دیراسەت دایە راستە کەمو کووڕییان هەیە لە چەک و سەیارات و مەراکیزی پۆلیسی و لە زۆر شت، بەڕاستی ئەم بارە بەگشتی لەژێر دیراسەت دایە بەتایبەتی یەکێک لەو خاڵانە کە زۆر گرنگە وەزعی چەکە بەزووترین کات ئەم وەزعە ئینشا ءالله چارەسەر دەکرێت.
کاک د. رزگار سێ پێشنیار و یەک پرسیاری هەیە و، زۆر سوپاس بۆ ئەو سێ پێشنیارە ئێمە دەیدەینە جیهاتی موختەس بۆ دیراسەت کردنی بەتایبەتی لە ئاسایش ئەوەی پێویست بێت و، ئەگەر بزانین زەرووریيە ئینشا ءالله جێ بەجێی دەکەین. بەنیسبەت پرسیارەکەی کاک د. رزگار پروپاگەندەیەکی زۆر هەیە لەسەر بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی دهۆک. بەنیسبەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی دهۆک من نامەوێ شت بڵێم بەڕاستی تەنها ئەوە دەتوانم بڵێم زانیاریمان هەبوو لەسەر ئەوە ئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆ لیژنەیەکی عەسکەریمان ئامادە کردووە بۆ لێکۆڵینەوە، چونکە ئەفسەرە دەبێت لیژنەیەکی عەسکەری بۆی تەحقیق بکەین، پاش ئەوەی لیژنەی تەحقیق هاتە قەناعەت ئەوەلیاتەکەی هێنا، ئێستا ناوبراو دراوەتە دادگای هەمیشەیی هێزی ئاسایشی ناوخۆ لە دادگای عەسکەرییە یان لە دادگای پۆلیسیە. « المتهم بريء حتى تثبت ادانته» لە دادگایە پارێزەری بۆ خۆی گرتووە حەقی دیفاعی هەیە شتێکی سروشتییە دادگا ڕێگای ئوسوڵی و قانونی خۆی دەدات ئەگەر بێ تاوان بوو ئەوە بەرەڵا دەکرێت و، ئەگەر تاوانبار بوو ئەوە ئیجرائاتی یاسایی لەسەر جێ بەجێ دەکرێت، ئەگەر «مذنب» بوو واتا ئەو تاوانانەی لەسەر راست بوو ئەوە ئیجرائاتی لەگەڵ دەکرێت.
کاک سعید یعقوبی پرسیارێکی کرد دەربارەی پاسەوانی شەوان لەناو بازار و گەڕەکەکان. لە پلانی ئەمنی شاری هەولێر پاسەوانی شەوان هەیە، بەڵام وەکو زەمانی جاران نیە کە بە سافیرەو لە کۆڵانەکان دەگەڕێن، ئێستا سیستەمێکی ترە ئێمە نەژدەمان هەیە دەوریاتی نەژدە بەشەو

دەگەڕێن بە سەیاراتی نەژدە لە هەر چوار لای فەرعەکانی وەستاون شەو دەوریات لەناو شارەکە دەگەڕێن بەپێی بەرنامەی خۆیان و، ئەو تەواجودەی کە هەیە، پێشبینی ئێمە لە داهاتوو ئەمە زیاد بێت، ئێستا سەیارات بەپێی ئیمکان کەمە بەڕاستی ئەو ژمارەی سەیارانەی کە دەمانەوێ نیمانەو، ژمارەی پۆلیسی نەژدەی ئێمەش بەرادەی وا زۆر نیە، بەڵام لە داهاتوو ئەوە زیاد دەبێت و سیاراتیان بۆ زیاد دەبێت لە هەموو جێگایەک تەواجودی سەیاراتی نەژدە دەبێت. هێزی فریاکەوتنی باشیشمان هەیە ئەویش لە جێگای خۆی هەردەم ئامادەیە بە خۆی و سەیاراتی خۆی لە هەر جێگایەک کارەساتێک هەبێت فەورەن دەچێت و ئامادە دەبێت. پاسەوانی شەوان لەناو بازارەکان هەیە بۆ پاسەوانی دوکانەکان، بەڵام ئێمە زۆر لێی رازی نینە لیژنەیەکمان داناوە لە پۆلیسی گشتی و پۆلیسی هەولێر بۆ دیراسەت کردنی بارو دۆخیان و، هەوڵ دەدەین کە ئەو نیزامەی پاسەوانانی شەوان بگەڕێتەوە، بەڵام ئێمە چاوەڕێی دیراسەتەکە دەکەین. یەک خاڵ هەیە خۆتان دەزانن ئەوە سێ چوار مانگە لە وەزارەتی ناوخۆم بەزۆر شت رانەگەیشتووم ماوەم دەوێت. موکافحە کردنی فرۆشتنی دەرمان لەلایەن منداڵان، چونکە وەزیری تەندروستی گوتی نووسیمانە بۆ وەزاوەتی ناوخۆ ئەویش بەداخەوە، بەڕاستی من خۆم لەگەڵ وەزیری تەندروستی کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ هەموو کارمەندانی تەندروستی یەک لەگەڵ نەقابەی پزیشکان و دکتۆرەکان و نەقابەی دەرمانخانە و نەقابەی پزیشکانی ددان، پاشان کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ کارمەندانی تەندروستی ئەوانەی موعاون پزیشکی و شتی وا قسەمان زۆر کرد لەگەڵیان لەسەر موخالەفات و، ئیتیفاقمان کرد لەگەڵیان لەو کۆبوونەوەیە کە هەر پێچەوانیەک هەبێت وەزارەتی تەندروستی بەتەنسیق لەگەڵ نەقابەی موختەس ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆ بکات ئێمە دەچین ئیجراائاتەکە دەکەین، ئێمە جیهەت نین وەکو شارەوانی ئێمە تەحدیدی موخالەفەکە ناکەین ئێمە لێی نازانین ئێمە تەنها جێ بەجێی دەکەین و، فعلەن شەش دەرمانخانەو مەزخەری دەرمان بە ئێمەیان گوت ئەمانە موخالیفن ئێمە لەماوەی دوو کاتژمێر چووین هەر شەش مەزخەرو دەرمانخانەمان داخست پێمان گوتن موراجعەی وەزارەتی تەندروستی دەکەن هەر کاتێک ئەوان بە ئێمەیان گوت بیکەنەوە ئێمە دەکەین. دەرمان فرۆشتن لەسەر شەقامەکان هەیە راستە هەیە، ئێمە کەمییەکی زۆری دەرمانمان گرتووە لە دەست منداڵان و، موسادەرمان کردووە داومانە بەمەزخەری دەرمانی هەولێر و، ئەگەر دەتانەوێ چەندەها کتابی رەسمیمان هەیە چەندەها دەرمانمان گرتووە، بەڵام لێرە کێشەیەک هەیە ئەم دەرمانە لە کوێ دەگاتە دەستی منداڵ دەرمانەکە لە دەرمانخانە دەکەوێتە دەست منداڵ لە مەسخەر دەکەوێتە دەست منداڵ ئەمە ئیشی وەزارەتی تەندروستییە دەبێت ئیجراائاتی بەهێزیان لەسەر بکات نەک وەزارەتی ناوخۆ لە کوێیان زانی ئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆ چ دەرمانخانەیە چەند دەرمانی وەرگرتووە چۆن فرۆشتوویەتی بە چ یاسایەک دەفرۆشێت، جا لەبەر ئەوە ئێمە ئەوەی لەسەر خۆمان بەپێی ئیمکان کردمانە و دەیکەین، بەڵام دیسان تەحدیدی موخالیفەکە وەزارەتی تەندروستی دەیکات، ئێمە تەماشای منداڵ دەکەین و،

زۆر منداڵمان گرتووه دەرمانەکانمان موسادەرە کردووه و، هەر بەردەوامیش دەبین، بەڵام دەبێت لە بنەڕەتدا لە دەرمانخانەکان و مەزخەرەکاندا بنبەر بکرێن کە ئەو منداڵە دەرمانی دەست نەکەوت لە مەزخەرو لە دەرمانخانەکان لە کوێ بێنێت دەرمان تا لە شەقام بفرۆشن.
کاک مەلا هادی پرسیارێکی کرد دەربارەی ئەو کەسانەی کە تاوانبارن ژمارەیەک گیراون و ژمارەیەک نەگیراون.
ئێمە وەکو مەبدەء ئەمری گرتنی هەر کەسێک کە لە حاکم دەربچێت ئێمە جێ بەجێی دەکەین، هەندێ کەس هەیە دەستمان ناگاتێ لە دەرەوەی وڵاتە یان لە سلێمانیە هەندێک هەیە ئەمری گرتنی دەردەچێت تەنها ناوە، ئێستا ئەو ڕۆژە کتابێکم بۆ هاتووە لە وەزارەتی داد ١٩ ناوی تێدایە ئەحمەد لە هەولێر ـ حسین لە شەقلاوە ـ تەنها بەناو ئێمە ناتوانین دەستگیریان بکەین، چونکە ئەحمەد و حسین لە هەولێر لەوانەیە پێنج هەزار کەس هەبێت، جا لەبەر ئەوە ئێمە هەر ئەمرێکی گرتن دەربچێت لە وەزارەتی داد لە حاکم ئێمە وەکو مەبدەء جێ بەجێی دەکەین ناڵێین هەندێ حاڵەت هەیە لەوانەیە را بکات لە دەستمان یان پێی رانەگەین، بەڵام وەکو مەبدەء هەر کەسێک ئەمری گرتنی دەربچێت ئێمە جێ بەجێی دەکەین، ئەو حاڵەتانەی کەباسم کردن نەگیراون زۆربەی هەرە زۆریان لە هەرێم نین یان وەکو گوتم ناونیشانیان دیار نیە ئیشیان دیار نیە یان تەنها ناوە بێ ناوی سییانیە بۆ ئێمەش زۆر زەحمەتە بەڕاستی.
پرسیاری دووەم هی کاک مەلا هادی گۆڕینی ژمارەی ئۆتۆمبیل وەکو لە مەرکەزەکان. تەبیعی ئێمە هەر شتێک لە مەرکەز بکرێت لێرە ئایا لە زرووفی ئێمەدا دەکرێت بتوانین بیکەین ناتوانین، ژمارەی ئۆتۆمبیل لە بەغدا دەستیان بە گۆڕین کرد تەئسیر لە ئێمەش دەکات، ئێمە هەستاین یەکسەر لە پۆلیسی هاتوچۆ لیژنەیەکمان دروست کرد بۆ دیراسەت کردنی ئەو بارو دۆخە و، ئێمە چی بکەین و ئیقتیراحاتیان چیە پاش ئەوەی کە دیراسەت کرا موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران وەردەگرین و جێ بەجێی دەکەین، بەڵام تا ئێستا نازانین بڕیارەکە دەبێتە چ، چونکە چاوەڕێی دیراسەتی ئەو لیژنەیە دەکەین.
بووک گواستنەوە ڕاستە بووک گواستنەوە بەڕاستی زاهیرەیەکی کۆمەڵاتییە و، ئەمەی کە دەیبینین تەنها لە سنووری هەولێر هەیە من لە جێگای ترم نەدیوە بووک گواستنەوە وا بزانم ئەوەی کە لە هەولێر هەیە چوار سەیارە بەیەکەوە دەچن زۆر منداڵ و شت هەیە نیوەی لەشی خۆی لە سەیارە دەردەکات یان پەرۆکی بەدەستەوەیە ئەمە زۆر لە هەولێر باوە، پۆلیسی گشتی ئێمە دیراسەتی ئەوەمان کردووە و زانیاریمان پێ کردووە، زانیارییەکەش لە تەلەفزیۆن و لە ئیعلام خوێندرایەوە و، ئێمە لەمەودوا ئیجرائات دەکەین ئێمە رازی نابین چوار سەیارە بەیەکەوە لە بازار بڕوا، بووک گواستنەوەیە بەسەر چاومان حەقی خۆیانە شایی و هەڵپەرکێ دەکەن، بەڵام سەیارە بەدوای سەیارە بڕۆن مەسیری خەڵک دەگرن یان منداڵ نیوەی لەشی خۆی دەربکات لەناو سەیارە ئێمە بەوە رازی نابین، تەبیعی ئێمە تەعلیماتەکە پۆلیسی هاتوچۆ دەربکردووەو، هەوڵدەدەین ئەو تەعلیماتانە

جێ بەجێی بکەین وەکو موخالیفەیە لە یاسای هاتوچۆ. من ناتوانم چونکە ئەوە زاهیرەیەکە لە هەولێر.
کاک یونادم پرسیارێکی کرد دەربارەی یاسای موحافەزات.
ئێمە وەکو سوڵتەی تەنفیزی هەر یاسایەک لە پەرلەمان دەرچوو جێ بەجێی دەکەین، ئێمە یاسا دروست ناکەین یاسای موحافەزات هەیە تا ئێستا ئێمە جێ بەجێی دەکەین لەسەر ئەو یاسایە دەڕۆین، ئەگەر ئێوە تەناقوزێک یان شتێک لەو یاسایە دەبینن لەگەڵ یاسای وەزارەتەکان و ئەوانە وەکو پەرلەمان دەتوانن دیراسەتی بکەن و، ئێوە یاسا تەشریع بکەن لەسەر ئێمەیە جێ بەجێی بکەین، ئێمە تا ئێستا زۆر بەباشی جێ بەجێ دەکرێت، تەبیعی یاسای موحافەزات لەوانەیە هەندێ جار کێشە لە پایتەخت ببێت، چونکە وەزارەت هەموو مەرکەزی لە پایتەختە، لەوانەیە هەندێ تەناقوزات لەنێوان ئیشی موحافەزە لەگەڵ وەزارات بێت، بەڵام لە دهۆک هیچ کێشەمان نیە، چونکە وەزارەتەکان لەوێ نیە بەس ئەویش بەهاوکاری ئەوانە ئەو کێشانە نامێنێت و، چارەسەر دەکرێت.
کاک یونادم پرسیارێکی کردووە دەڵێت قوتابیانی کۆلێجی پۆلیس ئایا وانەی مافی مرۆڤیان پێ دەدرێت یان نەء؟
کۆلیجی پۆلیس ئامادەیی پۆلیس دەزگای دەوراتی ئەمنی دەورەی ئیداری ئێمە کە هەیە هەموو وانەیەکی ئیجباری و، مادەیەکی ئەساسی هەیە بەناوی مافی مرۆڤ لە لایەن پسپۆری مامۆستایەکانی کۆلیج دەرس دەدرێت، ئێمە گرنگیەکی زۆرمان پێداوە و، داوامان کردووە لە وەزیری مافی مرۆڤ ئەویش ئامادە بێت موحازەراتمان پێ بڵێت.
کاک یونادم پرسیارێکی تری هەیە کە هەندێ تەجاوزو فوروقات هەبووە لە ٩١ وە تا ئێستا لە ساڵانی کۆتایی کوردستان کە بڕیاری دادگا دەرچووە تەنفیز نەبووە یان تاوانبار لە کۆڵان دەسوڕێتەوە، ئایا چ بەرنامەمان هەیە بۆ ئەمە؟.
وەزارەتی ناوخۆ هەوڵی نوێ دەدات بۆ پاراستنی سەروەریی یاسا و، هەموو بنەما و پرنسیبەکانی یاسا، ئێمە هەر بڕیارێک دەرچوو بێت هەر تاوانبارێک هەبێت زانیاری تەواومان هەبێت هەر چیەک بێت ئێمە دەستگیری دەکەین تەسلیمی دادگای دەکەین، ئەگەر ئێوە حاڵەتێکی تایبەتیتان هەبێت پێم خۆشە بۆمان دیاری بکەن تاکو ئێمەش ئیجرائاتی پێویست وەربگرین و، سوپاستان دەکەین ئەگەر حاڵەتێک هەبێت بە ئێمە بڵێن ئێمە یەکسەر ئیجرائاتی پێویست دەکەین، بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەیکەین وەکو پرنسیب وەکو مەبدەء ئێمە یاسایەکە جێ بەجێ دەکەین وەکو گوتم پێش کەمێک لەوانەیە هەندێ حاڵەت دەربچێت جا لەبەر ئەوە ئەگەر هەر حاڵەتێک هەیە بە ئێمە بڵێن ئێمە سوپاسیان دەکەین.
کاک رجب شعبان پرسیارێکی کرد دەربارەی یاسای چەک هەڵگرتن.
ئێمە چمان پێ گوتن پاش وتاری جەنابی سەرۆک بارزانی لە پەرلەمان وتاری کۆتایی ئەوە بوو

داوای لە حکومەت کرد کە یاسای چەک تەتبیق بکات ئێمە یەکسەر لە وەزارەتی ناوخۆ سێ لیژنەمان دروست کرد بۆ دیراسەت کردنی چۆنیەتی چەک داماڵین، پێشنیاری خۆی کرد هەر سێ لیژنەکە، ئێمە کۆبوونەوەیەکی بەرزمان کرد هەموو لایەنەکانی تێدا بوو، وەزارەتی ناوخۆ بە هەموو دەزگاکانیەوە سوپا و عەسکەر بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارانە دیراسەت بکەین و، فعلەن پێشنیارەکانمان دیراسەت کرد پاش ئەوە لیژنەیەکی ترمان دروست کردووە ئێستا لیژنەی دووەم ئیعادەی سیاغەی کۆتایی بۆ ئێمە کردووە بڕیارە ئێمە لەم ڕۆژانەی داهاتوو کۆبوونەوەیەکی تر بکەین بۆ دانانی پلانی کۆتایی چۆنیەتی چەک داماڵین کە ئێمە ئەو پلانە دانرا پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکەین موافەقەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی لەسەر هات ئێمە جێ بەجێی دەکەین، چونکە ئێوە دەزانن ئەوە پارە دانە شتە، جەنابی سەرۆک کە لێرە ئەمری کرد چەک بکڕدرێت لە خەڵک یەعنی پارەیان پێ بدرێت، جا لەبەر ئەوە کە ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتی کرد ئێمە یەکسەر جێ بەجێی دەکەین و، ئینشاءالله لەم زووانە جێ بەجێ دەکرێت، چونکە لە جێ بەجێ کردن دایە ئێستا ئێمە کاری تێدا دەکەین.

کاک رجب پرسیارێکی تری کرد باسی زیندان و حەپس دەکات کە هەر ئەوانەن هی سەردەمی ڕژێمن ئایا بیر لەوە کراوەتەوە کە زیندانی مەزن دروست بکرێت.

ڕاستە زیندانەکانی ئێمە کە هەمانە تا ئێستا بەندیخانەی مەحەتە لێرەیە زیندانی کۆنە زیندانی دهۆک عەینی شت ئەم دوو زیندانەی کە هەمانە نۆژەن کران دووبارەی چاک کردنەوەیان کران لەسەر حیسابی حکومەتی هەرێم پاش زیارەتی بەڕێز سەرۆکی حکومەت بۆ زیندانی مەحەتەو دهۆک ئەوە پارەیەکیان بۆ تەرخان کرا و نۆژەن کرانەوە، دوو ئێستا لە دهۆک زیندانێک دروست دەکرێت لەسەر کولفەی زیاتر لە ٢٥ ملیۆن دینار قۆناغی یەکەمی هەمووی تەواو بووە زیندانێکی فعلەن عەسرییە ئێمە پلانەکەمان نیشانی زۆر دەزگامان داوە وەکو سەلیبی ئەحمەر و، دەزگاکانی مافی مرۆڤ لێی ڕازی بوون ئەوە فعلەن زیندانێکی زۆر زۆر چاکە و عەسریە بەماوەیەکی کورت تەواو دەبێت لە هەولێریش لە پلانی ئێمەدا هەیە یەکێک لە هەولێر دروست بکەین.

من یەک شت لێرە دەمەوێ بڵێم بۆ زیندانیەکان دەرگای هەموو زیندانیەکانی حەپس کراوە چ هەولێر چ دهۆک بۆ سەلیبی ئەحمەری دەولی هەر کاتێک بیانەوێ دەچن زیارەتی حەپسەکان دەکەن لەگەڵیان دادەنیشن بە تەنیاش یەعنی هیچ مەئموری حەپس لەگەڵیان نابێت، هەروەها دەزگای مافی مرۆڤ بۆیان هەیە بچن لەگەڵیان دابنیشن قسەیان لەگەڵدا بکەن و، تەقارير دەدەنە ئێمە بە نهێنی بۆئەوەی ئێمە ئیجرائات بکەین.

کاک حسن صالح روستم پرسیاری یەکەمی حیمایەی ئەندامانی پەرلەمان جلوبەرگ و تەرقییەیان نیە یەعنی ئیمتیازاتی کە بە پۆلیسی ئاسایی دەدرێت بە حیمایەی ئەندامانی پەرلەمان نادرێت.

با بەکراوەیی باس بکەین ئەوانەی کە تەعین دەکرێن بە حیمایەی ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی پەرلەمان بۆ خۆی حیمایەی خۆی هەڵدەبژێرێت و، بۆ خۆی هەر کاتێک بیەوێ

دەیگۆڕێت، زۆربەیان مەرجی تەعینی پۆلیسیان تێدا نیە هەندێکیان لە ماوەی ساڵێک چوار جار گۆڕاون فەرموون ئێمە دەتوانین چی بکەین بۆ ئەوە، هەندێکیان حیمایەیان تەمەنی یاساییان تەواو نەکردووە واتا تەمەنی ١٨ ساڵیان تەواو نەکردووە باشە ئەگەر یەکێک لەماوەی ساڵێک چوار جار حیمایەی بگۆڕێ ئێمە چ ئیمتیازاتی بۆ بکەین چ دەتوانین لەماوەی ئەو ساڵە بۆی بکەین، ئەگەر ئەمانە بێن هەموو حیمایەکان ببن بە نیزامی مەرجی پۆلیسی تەعین دەکرێت لەسەر وان تەتبیق بکرێت ئێمە داخیلی دەورەی پۆلیسیان دەکەین بۆ ماوەی ٤٥ ڕۆژ فێری ئیشوکاری پۆلیسی ببن و ببن بە پۆلیسی نیزامی و، ببن بە پۆلیسی پەرلەمان نەک پۆلیسی ئەو کەسەی کە ئەندام پەرلەمانە. یەعنی سبەی ئەو ئەندام پەرلەمانە نەما ئەو پۆلیسە بمێنێت لەسەر میلاکی پەرلەمان کامە ئەندام پەرلەمانی تر دێتە جێگای ئەو بەسەر چاو ئەو حیمایە بمێنێت بۆ ئەو ئەندام پەرلەمانە، ئێمە مەرجی پۆلیسی لەسەر تەتبیق دەکەین هەموو شتێک کە بۆ پۆلیس دەکرێت بۆ ئەوانیش بکرێت، بەڕاستیش زۆر کەس لە برا مەسئوولین هەموومان حیمایەمان هەیە بەڵام زۆربەیان کە لە شەقام دەیانبینین بێ حیمایەن ئەمە راستییەکە، جا فەرموون با هاوکاری یەکتر بکەین حیمایەکانی ئەندامی پەرلەمان ببن بە حیمایەی پەرلەمان لەسەر میلاکی پەرلەمان بن ئێمە دەیانکەین بە پۆلیس، سبەی ئەو ئەندام پەرلەمانە نەما یەکێکی تر هاتە جێگای ئەوانە بمێنن ئەو حیمایانە لە هەمان کات بۆ ئەویش ئیش بکەن، ئێمە ئەو هەموو مەرجەی کە لەسەر پۆلیس تەتبیق دەکەین لەسەر ئەو حیمایانەش تەتبیق دەکەین.

ژمارەی سەیارەی ئیدخال گومرگی موەقەت مۆدیل بەرزە سەیارەکە تەعدیل بکرێت هەر هەمان پرسیاری کاک حەسەنە باسی سەیارەی ئیدخال گومرگی موەقەت دەکات.

هەندێک ژمارەی سەیارات جێ بەجێ کراوە ئەوانەی کە ئیدخال موەقەتن پاشان ماوەکە تەواو بوو لەبیرتان دێت کە داوامان کرد لە پەرلەمان کە ماوەکە تەمدید بکرێت و، سەلاحیەت دیسان بدرێتە وەزیری ناوخۆ کە بۆ ماوەیەک ئەم ماوەیە تەمدید بکات، ئێستا سەلاحیەتەکە لە پەرلەمان درا بە وەزیری ناوخۆ، ئێمە ئیعلانمان کردووە، ئەو سەیارەی کە ماون ١٧١٥ سەیارە ماون تا ئێستا تەرقیم نەکراون لەوانەی ئیدخال موەقەتن وەکو کاک حەسەن باسی کرد ئەو سەیارانەی کە زۆربەیان کۆنن گومرگەکەی لەسەریانە زۆرە لەگەڵ بەڕێز کاک سرکیس قسەمان کردووە بڕیارە کەپارەی گومرگەکە نەختێک کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە یاسایەکە لەسەر هەمووان تەتبیق بکەین و، جێ بەجێی بکەین، پاش ئەوەی کە گومرگەکە لە وەزارەتی دارایی کەم دەکرێتەوە ئومێد دەکەین لە ماوەیەکی کەمدا ئەو یاسایە تەتبیق بکەین و، سەیارە نەهێڵین بەبێ رەقەم.

پرسیارێکی کاک حسن صالح روستم دەڵێت زۆر لە مەسئوولینی (پ .م) گلەییان هەیە کە ڕێزیان لێ ناگرن هی ئێرە کە دەچن بۆ دائیرەی پۆلیس و موراجعەت دەکەن و، ئایا تەنسیق هەیە لەنێوان وەزارەتی ناوخۆ و (پ . م) بۆ چاودێری کردنی تاوان، ئەگەر پێشمەرگەیەک تاوانێک

بکات. پێشی یەک مانگ لە کۆبوونەوەی لیژنەی ئەمنی بڕیارەکمان وەرگرت و، تەعمیمێکمان دەرکرد بۆ هەموو دەزگاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ چ پۆلیس و چ ئاسایش کە ڕێز بگرن لە هەموو مەسئوولینی پێشمەرگە وحزبی و هەر هاووڵاتییەک کە موراجعەتی دەوائیری پۆلیسی یان ئاسایش دەکەن ئەمە بە تەعمیمێک دەرکراوە ئەگەر دەتانەوێ دەتوانین نوسخەیەک لە تەعمیمەکە بە ئێوەی بدەن، ئێمەش تێبینی ئەوەمان کردووە و، ئیجرائات دەکەین بەرامبەر بەوەی کە جێ بەجێی ناکات نەک تەنها ڕێز لە مەسئوولینی پێشمەرگە یان مەسئوولینی حزبی لە هەر هاووڵاتییەک واجبی ئێمەیە وەکو پۆلیس وەکو ئاسایش ڕێز لە هاووڵاتیان بگرین، بۆیە هەر کەسێک سەرپێچی بکات ئێمە ئیجرائاتی لەگەڵ دەکەین. بەڵێ تەنسیقمان هەیە لەگەڵ فەرماندەی لەشکری کوردستان ڕاستە تووشی کێشە دەبووین لە گرتنی پێشمەرگە کە ئەمری حاکم دەردەچوو، بەس داوامان کرد لە فەرماندەی لەشکری کوردستان کە تەنسیق بکەن لەگەڵ ئێمە و، فعلەن برا مەسئوولێکی پێشمەرگەیان تەعین کرد بەناوی فەرهاد حاجی ڕەسوڵ ئێستا لە پارێزگای هەولێر دەوام دەکات مەقەرەکەی لەوێیە تەنسیق دەکات لەگەڵ لیژنەی ئەمنی هەولێر بۆ جێ بەجێ کردنی هەر ئەمرێک لە دادگا دەربچێت بۆ دەستگیر کردنی هەر پێشمەرگەیەک، ئێستا ئەو تەنسیقەمان هەیە و، ئەو کێشەیەمان نەماوە هەر ئەمرێک لە حاکمەوە دەرچوو بۆ دەستگیر کردنی پێشمەرگەیەک ئێمە دەدەینە کاک فەرهاد، کاک فەرهاد بۆ خۆی وەکو پێشمەرگەیەک دەچێت دەستگیری دەکات و، تەسلیمی دادگای دەکات.

کاک محسن صالح پرسیارێکی کردووە دەربارەی مرور لە نەواحی و قەزا.

ڕاستە لەناحیە و قەزاکان پێویستان بە مرور و پۆلیس هەیە، ئێمە داوای کەشفێکمان کردووە لە پۆلیسی گشتی هاتوچۆ لە کوێ پێویستە ئێمە پۆلیسی بۆ دابمەزرێنین، بەڕاستی ژمارەی پۆلیسی ئێمە کەم بوو داوامان کرد لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتیان کرد کە ٢٥٠ پۆلیسی تری هاتوچۆ دابمەزرێنێ ئەمانەی ئێستا دەستمان پێ کردووە ٥٠ بە ٥٠ وەریان دەگرین و، داخیلی دەوراتیان دەکەین و، داخیلی ئیشیان دەکەین. تەبیعی لە قەزا لە ناحیەکانی پێویست پاش کەشفەکەی پۆلیسی هاتوچۆ ئێمە هەوڵدەدەین لە هەموو جێگایەک پۆلیسی هاتوچۆ هەبێت یەکەم جێگا ئێستا بڕیارمان داوە لە قەزای سۆران بکەین، چونکە قەزای سۆران گەورە بووە و، هەروەها بەرە بەرە لە جێگای تریش ئینشا ءالله دەکرێت.

کاک د. قیس دیوالی دەڵێت کە ئەمرێک دەرچووە بۆ بامەرنی و چەمەنگی کە ببنە ناحیەو مدیر ناحیەی بامەرنی دامەزراوە هی چەمەنگی دانەمەزراوە.

هەر ناحیەیەک کە دادەمەزرێ دەبێت پێش ئێمە ئەوەی مدیر ناحیەکە دابمەزرێنین دەبێت بینایەکی بۆ تەئمین بکەین زرووف و وەزعی ئێمەش دەزانن، تا ئێستا بینایەمان نیە بۆ مدیر ناحیەی چەمەنگ داخیلی بەرنامە کراوە بەزووترین کات جێ بەجێ دەکرێت و، مدیر ناحیەکەشی بۆ تەعین دەکەین، بەڵام ئێستا مدیر ناحیە بۆ چەمەنگ تەعین بکەین بینایەی نەبێت لێی دەوام بکات،

ئینشا ءالله ئەوەش بەزووترین کات تەئمین دەکرێت و، مدیر ناحیەکەشی بۆ تەعین دەکرێت.
بەنیسبەت مدیر ناحیەی دێرەلۆک، راستە مدیر ناحیە نیە لەوێ ئێستا زابت شورتەیەک دەوری مدیر ناحیە دەبینێت بەیاسا ئەمەش دەبێت. من پێش ماوەیەک جەولەیەکم کرد لە دهۆک یەعنی هەموو دەوائیرو ناحیەو قەزاکانم کرد دیراسەتی کێشەکانیانمان کرد و، زانیمان کەموکوورییان چیە پێویستیان چیە، یەکەم کەموکووڕی هەرە گەورەی کە هەمان بوو ئەو مدیر ناحیانەی کە دامەزرا بوون هەموویان دەورەیان نەدیت، ئێستا یەکەم شت دەورەمان بۆ کردنەوە دەستمان بەوە کردووە مدیر ناحیەکانی دهۆکمان هێناوە بۆ ئێرە و، مدیر ناحیەکانی کەرکوک و سلێمانیمان برد بۆ جێگای ئەوان بۆ ماوەی چوار مانگ ئەمانە دەورە لێرە ببینن و ئەوانیش لەوێ وەکو تەتبیقێکی عەمەلی دەست بەکار بن، یەعنی هەردوولا ئیستیفادە بکەن، ئینشا ءالله کە ماوەی دەورە تەواو بوو ئەمانە دەگەڕێنەوە جێگای خۆیان ئالۆگۆڕێکی تەواویان پێ دەکەین و، مدیر ناحیەی دێرەلۆکیش دەچێتەوە جێگای خۆی جا کەی ئەوە دەبێتە مدیر ناحیە ئەوە نازانم، بەڵام پاش تەواو بوونی دەورەکە ئەوەش جێ بەجێ دەبێت.
کاک قیس پرسیارێکی تری کردووە دەڵێت پارێزگای دهۆک سەردانی ئیسپانیای کردووە قائیمقامێکی مووعەوەمی داناوە لەجێگای ئەو، دەبوایە قائیمقامی دهۆکمان دانابووایە لە پۆستی موحافز بە وەکالەت.
ئێستاش باسم کرد ئێمە هەموو مدیر ناحیەکانی دهۆکمان هێناوەتە هەولێر ئێستا لە دەورەن ١٨مدیر ناحیەی کەرکوک و سلێمانیمان بردۆتە جێگای ئەوان هەموویان تازەن لە ئیشی ئیداری خیبرەیان زۆر کەمە، ئەمانە کە چوونە ئەوێ پێویستیان بە موتابعەو ئیرشادات هەیە لەلایەن قائیمقامەوە، قائیمقامی دهۆک دووسێ ناحیەی هەیە ئەویش موتابعەی ئەو مدیر ناحیەی تازەکانی خۆی دەکات ئیرشاداتیان دەداتێ فێریان دەکات لەسەر ئیش کردن، قائیمقامی مووعەوەم کە دانراوە لە جێگای ئەو بۆتە وەکیلی موحافز بە وەکالەت ئەمە قائیمقامی دیوە ماوەیەکی دوورو درێژ قائیمقامی زاخۆ بووە تەجروبەی هەیە حقوقییە و، قائیمقام یاساش باوەر ناکەم نەسێکی هەبێت لە ماددەی یاسایی بڵێت ئەگەر قائیمقامێکی مووعەوەم بێن نابێتە موحافز بە وەکالەت لەبەر ئەوە ئێمە دیراسەتی هەردوو لامان کرد تەسەورمان کرد باشترە کە ئەمە ئەم ئیشە بکات و، قائیمقامی دهۆک بۆ خۆی لە مەرکەز خەریکی ئیشن خەریکی موتابعە کردنن تەوجیهکردنی ئەو مدیر ناحیە تازەکانن، جێگری پارێزگاش راستە دانەنراوە ئەویش دادەنرێت، پەلەم لێ مەکەن.
کاک احمد عمر پرسیارێکی کردووە دەڵێت چوار کابینە دامەزراوە جیهازی تەفتیشی ئیداری دانەمەزراوە.
لە بەرنامەی تازەی وەزارەتی خۆمان وەزارەتی ناوخۆ بریار دراوە ئەم دەزگایە فراوان بکرێت و، گرنگیەکی زۆری پێ بدرێت و، خەڵکێکی کەفوئی بۆ دابنرێت، تەئیدی پێشنیاری تۆ دەکەین

پێشنیارێکی پەسندە و، ئێمە لە پلانماندا هەیە و، جێ بەجێی دەکەین، فعلەن هەر دەزگایەک و هەر ئیدارەیەک پێویستی بەجیهازێکی تەفتیش هەیە.
پاک سازی پێویستە بکرێت لە ئاسایش و پۆلیس و مرور بەتایبەتی لە ئاسایش.
من دەڵێم چاک سازی هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ رای جەنابتێن من باسم کرد کە لە پلانی ئێمەدا لە ئاسایش و پۆلیس گۆڕانکاریەکی باش دەکرێت و ئاڵوگۆڕی دەکرێت لەوانەیە خەڵکێک تقاعود بکەین یان دەربکەین، بەڵام ئەوە لە پلاندایە بە یەک رۆژ و دوو رۆژ تەواو نابێت ئێمە خەریکین و، هەنگاویشمان بۆی ناوە و، لە داهاتوو هەنگاوی تر بنێین، بەڵام ئەمەش دەبێت بەرە بەرە بکرێت نەک بە یەکجار، بەس پێشنیارێکی چاکەو، ئێمەش تەئیدی دەکەین و، خەریکین.
خاتوو فوزیە پرسیارێکی کرد دەڵێت ئایا هەر دەرچووی ماف و یاسا داخیل دەبێت بۆ کۆلیجی ئافرەت، داوا دەکەین بۆ بەشەکانی تر؟
کۆلیجی پۆلیس بۆ ئافرەت تەنها بۆ دەرچوانی یاساو ماف نیە، کۆلیجی تریشی تێدایە کۆلیجی ئاداب بەشی ئینگلیزی و بەشی زانستی کۆمەلایەتی و زانستی دەروونناسی ئەمانە هەمووی تێدایە و، هەروەها کۆلیجی پەروەدە بەشی کیمیا، چونکە ئیستیفادەیان لێ وەردەگرین لە جینایەت و، هەر کەسێک تەقدیمی کردووە ئەمساڵ ئێمە پاش ئەوەی کە مەرجیان لەسەر تەتبیق بووە و، ئەوانەی کە تەقدیمیان کردووە ئەمساڵ هەمووی هی کۆلیجی ماف و یاسا نین کۆلیجی تریشی تێدایە حەتا کۆلیجی پەروەردەی ریازەشمان وەرگرتووە بۆ تەدریبی بەدەنی هی ئافرەتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەوەی دەیەوێت قسە بکات دەست بەرز بکاتەوە، وەلامی پرسیاری لابەلایشمان بدەنەوە.

**بەڕێز کەریم سنجاری/وەزیری ناوخۆ:**

پرسیارێکی تری خوشکە فوزیە دەڵێت موخالەفە کەم بووتەوە، بەڵام لە فەرعەکان دەبینین لۆری زۆرە، لۆری زۆر لەناو کۆلانەکان دەوەستێت.
راستە لەگەڵتم، بەڵام ئێمە ئەگەر شتێک مەنع بکەین لە خەڵک دەبێت بەدیلەکەیان بۆ ئامادە بکەین پێش ئەوەی مەنعی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بریارەکە جێ بەجێ بکەین. ئەو لۆرییانە راستە لە کۆلانەکان دەوەستن، چونکە بەدیلیان نیە گەراجیان نیە، ئێستا ئێمە بێین مەنع بکەین لەو خەڵکە بلێین نابێ سەیارەکانتان لە کۆلان رابگرن خۆی بە یاسا دەبێت مەنعی بکەین، بەس دەبێت ئێمە بەدیلێکیان بۆ ئامادە بکەین، بۆیە داوامان لە وەزارەتی شارەوانی هەولێر کردووە کە چوار گەراجی گەورە دروست بکات باکووری و باشووری و رۆژهەلات و رۆژئاوا بۆ سەیارەی گەورەو پاسەکان کە شەو ئەو هەموو سەیاراتانە لەوێ بوەستن بەیانی هەر کەسێک بچێتە سەر ئیشی خۆی لۆرییەکەی خۆی وەربگرێت و، لە کۆلانەکان نەوەستن ئەمە لە لیژنەی مروریش بریاری لەسەر دراوە وەزارەتی شارەوانیش بریاری لەسەر داوە و، جێگاشی بۆ تەرخان کراوە، بەڵام تا ئێستا جێ بەجێ نەکراوە، ئێمە هیواداریں وداواش دەکەین لە وەزارەتی شارەوانی جێ بەجێی

بکات کە هەر کاتێک ئەو گەراجانە جێ بەجێ کران ئێمە دەتوانین یاسایەکە تەتبیق بکەین و، فعلەن ناهێلین یەک سەیارە لە کۆلانەکان بوەستی، بەس بەداخەوە تا ئێستا گەراج نیە، کە گەراج نەبێت ئێمە چی لەو خەلکە بکەین خەلکیش حەقی خۆیەتی داوا لە ئێمە بکات کە بۆی جێ بەجێ بکەین.

شفیقە خان هیچ باسێک لە بەندیخانەی نەکردووە لە راپۆرتەکەدا بەتایبەتی جیاکردنەوەی بەشی ئافرەتان لە ئەحداس.

بەنیسبەت بەندیخانەکان بەشێوەیەکی گشتی وەزعیان لە جاران باشترە. من نالێم ١٠٠٪ باشن، بەلام وەزعیان لە جاران باشترەو، سەلیبی ئەحمەر و رێکخراوی مافی مرۆڤ و وەکو باسم کرد سەردانیان دەکەن و، راپۆرتیان لەسەر دەدەنێ ئێمە تا رادەیەک رازین، بەنیسبەت ئەحداس و ئافرەتان، ئافرەت دەنێرینە سجنی ئەحداس چونکە بەراستی هیچ سجنێکی تایبەتیمان نیە بۆ ئافرەتان و، نزیکترین کەس بۆ ئەوان ئەحداسە باشترە لەوەی کە لە سجنێکی گەورە بن، بەس دەمەوێ یەک خالتان بۆ روون بکەمەوە سجنی ئەحداس کە ئێستا ئافرەتیشی لێیە لە رووی ئیدارییەوە عایدی وەزارەتی تەندروستییە عایدی ئێمە نیە تەنها لە رووی پاسەوانیەوەیە پاسەوانی دەرەوەش هێشتا ئێمە تەداخولی ئیشوکاری ناو حەپسخانەکە ناکەین.

پێشنیارەکەی تۆ لە جێی خۆیەتی پێویستە دیراسەت بکرێت و، سجنێکی تایبەتی بۆ ئافرەتان دابین بکرێت و، ئێمە ئەگەر یەکێک ئەو شتەی لە خەیالمانەیە کردنی خولی پۆلیس بۆ ئافرەتان بۆ دوارۆژ ئەم ئافرەتانە بن بە زابت لە سجنی ئافرەت ئەگەر دروستمان کرد ئەمە لە خەیالی ئێمەیە لە پلانی داهاتوو.

زهرا خان زاخۆ وەکو باژێری سەر سنوور تەنها شەش بنکەی پۆلیس و ٢٠٠ پۆلیسی هەیە، بەلام چەکیان کەمە دوو بنکە زیاد بکرێت لەگەل ١٠٠ پۆلیس.

بەراستی ئێمە ئەو پێشنیارە دەدەینە پۆلیسی گشتی بۆ دیراسەت کردنی و جێ بەجێ کردنی ئەوەی پێویستە، بەراستی من نازانم ئایا زاخۆ پێویستی بە ١٠٠ پۆلیسە یان ٢٠٠ یان ٣٠٠ ئەوە پۆلیسی گشتی ئەو پێشنیارە دیراسەت بکات و، چ بریاری دا ئێمە جێ بەجێی بکەین.

پرسیارێکی تری زهرا خان دیاردەی سیکۆتین زیاد بووە و، لە زاخۆ رۆژ بەرۆژ زیاد دەبێت.

تەبیعی ئەمە فعلەن دیاردەیەکی ترسناکە نەخۆشییەکە لە دانیشتوانی ئێمە، دەبێت هەموو لایەکمان هاوکاری یەکتری بکەین نەک هەر وەزارەتی ناوخۆ، بەلکو هەموو وەزارەتەکانی موختەسی ئەبێ هاوکاری یەکتر بکەین بۆ راگرتنی ئەم دیاردە ترسناکە، من لە جەولەی خۆم کە لە دهۆک بووم باسی ئەو موزوعە کرا لەگەل پارێزگای دهۆک بریارمان دا کە لە وێ لیژنەکیان دروست کردووە ئێستا بۆ دیراسەت کردنی ئەم دیاردەیە و، هۆی چیە و چۆن چارەسەر بکرێت و ئەمە لەلای موحافزی دهۆک خەریکە دیراسەتی دەکات لەهەمان کاتیش لە هەولێر هەمان دیاردە هەیە عەینی شتمان کردووە و، خەریکی دیراسەت کردنین و ئینشاءالله چارەسەری دەکەین تا رادەیەکی باشی

بۆ دادەنێین.
کاک امین مولود پرسیارێکی کردووە دەڵێت لە کۆنەوە مەخفەر هەبووە لە هەندێ شوێن ئایا فکر نیە بکرێنەوە؟
تەبیعی ئێستا ئێمە مەخفەر ناکەین ئێستا ئێمە دەڵێین بنکەی پۆلیس لەزۆر جێگا بنکەی پۆلیس کراوە ئێستا ناوەکان بۆ جەنابت دەڵێم بنکەی پۆلیس لە بەحرکە و کەسنەزان و وەرتێ و کانی قرژاڵە و پیران و مەزنێ و کانی ماسی و رزگاری و کارێز.
ئەو دێهاتانەی کەپێویستن بنکەی پۆلیسیان بۆ کراوە لە پلانی ئێمە ئەم جێگایانەش تا ئێستا بنکەیان بۆ نەکراوە چونکە جێگا نیە لە داهاتوو ئەوانیش دەکەین پیرداوود و شاوێس و پیرزین گەڕەکی ئاشتی و مەلائۆمەر و بەستۆرە وکۆڕێ و سەرمەیدان و قەسرێ. ئەمانە لە پلانی ئێمە دانە لە هەر جێگایەک کە پێویستی بەبنکەیەک هەیە نەک مەخفەر بنکەیەکی پۆلیسی هەبێت بۆیان دابین دەکەین لە داهاتوودا.
کاک إبراهیم سعید پرسیارێکی کردووە دەڵێت هەندێ لە هاووڵاتی تۆڵە دەسێنن.
تۆڵە سەندن زاهیرەیەکی کۆمەلایەتییە لە کۆنەوە لە دانیشتوانی ئێمەدا هەیە و، هەبووەو بەردەوامە، ئەگەر تەنها کارەساتێک بوو ئێمە دەتوانین بریاری دادگا جێ بەجێ بکەین دادگا ئەمری گرتنی کام لا دەدات ئێمە ئەوە جێ بەجێ دەکەین، بەلام لەسەر هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی تر پێویستە ئێمە توعیەی خەڵکی خۆمان بکەین تەوعیەی دانیشتوانی خۆمان بکەین. بەڕاستی دەزگای کۆمەلایەتی گشتی دەورێکی باشی بینیوە لە مەسەلەی تۆڵە سەندنەوەدا، هەنگاوی باشی ناوە و، بەپێی ئامارەکانی ئێمە ئەم زاهیرەیە بەڕاستی کەم بووتەوە و، ئومێد دەکەین لە داهاتوو کەمتر ببێتەوە، ئیجرائات دەکرێت، بەلام ئێمە تەنیا دەتوانین تەنفیزی ئیجرائاتی حاکم بکەین. قەزیە رۆیشتووە بۆ دادگا بەلام سولح کراوە لە دادگاش بووە بەلام پاشان ئیجرائاتی کاتی تەنفیز لە جێگای خۆی وەرگیراوەو ئیجرائاتەکە وەقتی تەنفیز کراوە.
کاک إبراهیم دوغرمچی دەڵێت ژمارەی مەراکیزی شورتە زیاد بکرێن لە هەولێر.
تەبیعی پێشنیارێکی باشە کاک إبراهیم من لە راپۆرتەکەی خۆم باسم کرد کە ئێمە وەزعی شورتە بە گشتی هەمووی لەژێر دیراسەت دایە راستە من لەگەڵ جەنابتم لە هەولێر بنکەکانی پۆلیس کەمن پێویستە زیاد بکرێن، بەلام ئینتیزاری ئەو دیراسەتە دەکەین بۆ ئەوەی جێبەجێی بێت، ئیعدادیەک پێشکەش بکرێت بۆ ئەوانەی دەبنە مەفەوەز لەگەڵ راپۆرتەکە باسم کرد کە ئێمە ئیعدادیەی شورطەمان کردۆتەوە لە کۆلیژی پۆلیس لە سالی ٢٠٠٢ دەسپێدەکات و، ٤٠ قوتابیمان وەرگرتوە بۆ خەریجی ناوەندی سێ سالْ ئیعدادیەی شورطە دەبینن، واتا ئیعدادیەی شورطەمان هەیە وسالی داهاتوو دەست پێدەکات، موکافحەی ئیجرام غەرب وشەرق ئەگەر ئیلغاء بکرێت هەر مەکتەبێک بکرێت ئیقتیراحێکی باشە، برادەرانی پۆلیسی ئێمەش زۆربەیان رەئیان

ئەوەیە، بەڵام وەکو گوتم وەزعی پۆلیس بە عام لەژێر دیراسەت دایە ئەمەش لەگەڵ ئەوەی لە موقتەرەحاتەکە هات تەنفیز دەکرێت، ئەوانەی تەعین دەبن بە مرور مەرجەک هەبێت کە ئەگەر لە دەرچووی ئیبتیدائی نەبێت تەعین نەکرێت ئەوە راستە.

شروطی وەرگرتنی پۆلیسی مرور:

ئەمساڵ ئەم شروطانەمان دانابوو بۆ ئەو ٢٥٠ کەسەی کە وەرمان گرت دەبێت:

١ـ دەرچووی ئیبتیدائی بێت بەلای کەمەوە.

٢ـ درێژی لە ١٦٥ سانتیمەتر کەمتر نەبێت.

٣ـ دەبێت لە فەحسی طبی و بەدەنی دەرچوو بێت.

٤ـ دەبێت دەورەی ٤٥ رۆژی ببینێت.

٥ـ هیچ جەریمەی نەکردبێت.

طەموحی ئێمەش لەمەودوا نە لە پۆلیس لە پۆلیسی مرور ئێمە کەس وەرناگرین لە شەشی ئیبتیدائی کەمتری هەبێت.

کاک عەبدلخالق زەنگەنە پرسیارێکی فەرموو بەنیسبەت دوو سێ ساڵی رابردووتەخریب و احتیالاتی جۆت کردن کەشف ناکرێت بۆ رەئیی عام هەر کێشەیەک ببێت تاکو تەحقیقەکە تەواو نەبێت نەتائیجەکە ئیعلان ناکرێت، ئێمە گەیشتوونەتە ئەنجامێکی باش لە تەحقیقەکە بەتایبەتی لە کێشەی شەهید بوونی فرەنسۆ و لە کێشەی شەهید سیروان نەورۆلی لە کێشەی شەهید عوسمان دزەیی، بەڵام چونکە قاتلەکان دەستگیر نەکراون کە قاتل دەستگیر نەکرابێت بە رایی ئێمە ئیعلانی ناوەکانی ئەوان بکەین لەوانەیە ئەو قاتلە خۆی بشارێتەوە لەبەر دەستی عەدالەت خۆی بدزێتەوە واتا هەزار شت دەبێت لەبەر ئەوە ئیعلان نەکراوە تا دەستگیر دەکرێت و، موتابەعیان بەردەوامە یەک لەحزە رانەوەستاوە، ئێمە دەزانین چی مەتڵەبە کراوە، بەڵام ئایا مسلەحەتە ئێمە ئیعلانی بکەین فلان کوڕی فلان قاتلی شەهید فرەنسۆیە یان فلان کوڕی فلان قاتلی شەهید سیروانە یان قاتلی شەهید عوسمانە دەبێت ئێمە فرصەتێک وەرگرین بۆ ئەوەی قاتیلەکان خۆیان بدزنەوەو لەبەر دەستی عەدالەت را بکەن شەهید سوارە قاتلەکانی کەشف کران و گیراون و دراونەتە دادگا کە درا بە دادگا پێویست ناکات ئێمە ئیعلانی بکەین ئەوە دادگایە بۆ خۆی دەچێتە دادگا و، لە دادگا هەموو کەس دەزانێ ئەوانە گیراون.

مەسەلەی تسریح و میلیشیات پرسیارێکی ترە کاک عەبدولخالق کردویەتی ئەوە وەڵامان داوە لە خاڵەکەی پرسیاری کاک رەجەب ئەو لیجانانەی کە تشکیلمان کردبوو ئەوانە خەریکین کە قانونی سیلاحیش تەطبیق بوو لەسەر هەموو کەسێک لەسەر هەموو حزبێک لەسەر هەموو مونەزەمەیەک لەسەر هەموو فەردێک تەطبیق دەکرێت بەبێ جیاوازی. کاک عەبدولخالق پرسیارێکی تری کردووە باسی مافی مرۆڤ دەکات لە کوردستان ئایا وەزارەت چ خوتەی هەیە بۆ دەورەی موئسساتی پۆلیس و ئاسایش باسم کرد کە لە هەموو دەورات دەرسی مافی مرۆڤ

دەخوێندرێت، وەزارەتی ناوەخۆ ئەم خاڵە بە خاڵێکی زۆر زۆر گرنگ دەزانێ و، چەند رێنمایەکی تایبەت بەم خاڵە لەسەر مافی مرۆڤ دەرکردووە وەزارەت ئەمری کردووە لە هەموو بنکەکانی پۆلیس و ئاسایش ئیلتیزامی تەواوی پێ بکەن و، بەپێچەوانەوە ئیجرائاتی پێویستیان لەگەڵ دەکرێت دەبێت ئەو رێنماییانەی کە ناردوومانە لە هەموو دەزگاکانی ئاسایشی مەرکەزی ئی شورطەی مەرکەز لە پۆلیسی گشتی لە ئاسایشی گشتی هەڵبواسرێت ئەمەش نوسخەیێکە لەو رێنماییانە کاک عەبدولخالق ٢٣ خاڵە هەمووی لەسەر مافی مرۆڤە وەزارەتی ناوەخۆ تەعمیمی کردووە لەسەر هەموو دەزگاکان بۆ هەموو موحافەزەکانی ئیقلیم تەعمیم کرابوو ئەگەر جەنابت دەتەوێت دەتوانم نوسخەیێکت بدەمێ وەکو دەزگای مافی مرۆڤ. کاک د. ئیدریس هادی ئیجرائات چییە بۆ کارکردنی مخالفاتی مروری کە ٧٩هەزار مخالفەی مروری ئێمە:

١ـ تەشدیدێکی زۆرمان کردووە لەسەر دانی ئیجازەی لێخورینی ئۆتۆمبیل. باوەر بکە ئیجزائاتی وامان کردووە جارێک سەد پرسیاری تحریری دەبێت هەر کەسێک بیەوێت ئیجازەی مرورو ئیجازەی لێخورینی وەربگرێت دەبێت وەڵامی سەد پرسیاری تحریری بداتەوە وەکو عەینی سستەمی ئەوروپایە.

٢ـ دەبێت ئیمتیحانی سیارە لێخورین بکات رەقم ٨ نازانم چی ئەوە ئیزافەتەن لەسەر ئەوە دەبێت پۆلیسێک لەگەڵی سواربێت لەناو سیارەکە وە بچێت سیارەکە لێبخورێت و، پۆلیس دەبێت پێی بلێت لێرە بوەستە کە ممنوع وقوفە واتا دەبێت بزانێ ئیمکانیەتی لێخورینی سیارە چۆنە هی ئەو شوفێرە پێش ئەوەی ئیجازەی پێ بدرێت دوو مەفارزی بەردەوامان هەیە و، لە داهاتوودا زیاد دەکەین بۆ موتابەعەی موخالفاتی مرور یەک شتی تر هەیە بەراستی موشکیلەیەکی گەورەیە کە وەکو باسم کرد ئیشاراتی مروری کەمە وە گەراجات کەمە لەناو شار هەر وەکو گوتم داوامان کردووە لە شارەوانی کە ئەوانمان بۆ جێبەجێ بکرێت، کابرا موخالفە دەکات سیارەکە لەسەر جادە رادەگری پۆلیسی مرور پێی دەڵێت ممنوعە سیارەکەت لێرە راگرتووە دەچێت کیلۆ گۆشت دەکڕی یان شتێک دەکڕێت بۆماڵی خۆی راستە ممنوعە بەڵام دەڵێت فەرموو گەراجێکم بۆ بێنە سیارەکەمی لێ راگرم هاووڵاتیش حەقی لەسەر هەیە جا لەبەر ئەوە بە هاوکاری لەگەڵ شارەوانی ئێمە گەراجات وشتی وا موخالفاتی مروری بەسروشتی تەطبیق دەبێت، ئیزافەتەن لەسەر ئەوەش خەریکی بەرنامەیەکی ئیعلامی چاک بۆ تەلەفزیۆن و رۆژنامەکان جێبەجێ بکەین بۆ تەوعیە کردنی شوفێرەکان و، هاووڵاتیانیش لە هەمان کات. کاک د. ئیدریس لە پرسیارێکی تر دەڵێت مدیر ناحیەی موعەوم هەیە کە چ شوێن و ناحیەو مدیر ناحیە نییە کاک د. وابزانم قەسدت ئەوەیە مدیر ناحیەکانی کەرکوک و سلێمانی کە لێرە جێگاو شوێنیان نییە، بەڵام ئێمە دامان ناوە مدیر ناحیەی کفری مدیر ناحیەی نازانم چی قەسدت ئەوەیە.

**بەرێز د. ئیدریس هادی:**

بەڵێ مدیر ناحیەی موعەوم کە ئێستا تەعین کراون جێ وشوێن ورێیان نییە هەتا شوێنەکانیان لە

ژێر دەسەڵاتی پارتی دانییە، بەڵام جەنابت لە راپۆرتەکەدا باست کرد کە هەندێ ناحیە هەنە لەپارێزگای هەولێرولە دهۆک ناحیەکە ئەمریشی بۆ دەرچووە کە مدیر ناحیە بۆی دابندرێ لەوێ کەس دانادرێت ناحیەکە هەشە واتا وجودی هەیە دەڵێم ئەولەویات بۆ ئەم شوێنانەیە کە لەژێر دەسەڵاتی خۆمانەو ناحیەکە وجودی هەیە ئەگەر خانوویەکیش بێت یان ژوورێکیش بێت مدیر ناحیەکە تەعین بکرێت ئیشی خۆی لەوێ بکات، بەڵام ئەوەی تر هەتا ئێستا نەشوێنی هەیە نە ناحیەی لەبەر دەستە، سوپاس.

**بەڕێز کەریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم خۆمان بە حکومەتی شەرعی بۆ هەموو کوردستان دادەنێین پەرلەمان لێرەیە ئێمەش هەروها هەر کاتێک ئێمە چووینە سلێمانی یان چووینە رانیە ئیدارەی ئێمە حازرە ئەو برادەرانە لێرە هەموویان دانراون بۆ داهاتوو، طبیعی تۆ دەڵێت مدیر موعەووەم مدیر ناحیەی موعەووەم فەرقە مدیر ناحیەی موعەووەم بێ ئیشە ئەمانە ئیشیان هەیە هەر مدیر ناحیەیەک مدیر ناحیەی ناوخۆ، لەمەودوا ئینشاء الله نابیسترێت نە مدیر ناحیەیەکی موعەووەم تەعین دەکرێت نە قائیمقامێکی موعەووەم تەعین دەکرێت وە ئەو مدیر ناحیەو قائیمقامە موعەووەمانە ئێمە دەبێت لەژێر دیراسەت داین، ئێستا خەریکین کە ئیشی تریان پێ بکەین، واتا مدیر ناحیە نەمێنێ کە مدیر ناحیەی موعەووەمە یەعنی ئیشی مدیر ناحیەی پێ ناکرێت یان ناکات ئیشی مدیر ناحیەتی ناکات ئێمە دەبێت لە وەزارەت ئیشێکی تری بۆ بدۆزینەوە خەریکین ئەوانە هەمووی ئەو مدیر ناحیەو قائیمقامە موعەووەمەکان خەریکین ئێمە ئیشیان بۆ دەدۆزینەوە لە وەزارەت هەر یەکیش ئیشەکی لەدەست دابی ئەو جێگای کە شاغیریشە کە جەنابت باست کردووە ئەوەش بەزووترین کات پڕ دەکرێتەوە نامێنێت ئێمە خەریکی دەوراتین دەمانەوێ هەر کەسێک بێتە مدیر ناحیە دەورە ببینێت داخیلی دەورە ببێت پاشان بچێت بۆ ئەوێ. کاک د. ئیدریس هادی پرسیارێکی تری هەیە ئیلغاء کردنی ئیدارەی مەحەللی هۆی چییە معمل نجارە و کتێبخانە، بەنیسبەت ئیلغاء کردنی ئیدارەی مەحەللی ئێمە هەتا ئێستا ئیلغامان نەکردووە تا ئێستا ئیدارەی مەحەللی هەیە و،مدیر ئیدارەی مەحەللی لە وەزارەت هەیە موعاون موحافەزەکان لە جێگای خۆیان دەوام دەکەن لە موحافەزەکانی خۆمان، بەس پێشنیارمان کردووە لە داهاتوو کە ئیدارەی مەحەللی لەغو بێت وەزارەتی حکومی مەحەللی نییە هەموو وەزارەتەکان ئێستا مدیریاتیان هەیەو و، لە موحافەزەکان ئیشرافی موباشریان لەسەر دەکەن و، شوعبەی تایبەتی خۆیان هەیە موتەلەکاتی ئیدارەی مەحەللی نەماوە شوقەکان تەملیک کران فەرمانبەرێکی زۆرمان هەیە ئێستا لە ئیدارەی مەحەللی هەمووی بێ ئیشن بۆیە ئێمە داوامان کردووە کە ئیدارەی مەحەللی نەمێنێت، کە باسی مطبعە دەکەیت جەنابت ئێمە داوامان کرد لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە مطبعەکە بدرێت بە وەزارەتی پەروەردە کاتی خۆی مەدارسی ئیبتیدائی عایدی ئیدارەی مەحەللی بوون، ئێستا رەبط کراوە بە وەزارەتی تربیە، ئینجا وەزارەتی تربیە کتێبیان بۆ چاپ دەکات نەک ئێمە، لای

ئێمە ئەو مطبعەیە بێ ئیش بوو دامانە وەزارەتی تربیە بۆ ئەوەی کتێبیان بۆ چاپ بکات ئەوان ئیستغلالی بکەن لەوە باشترە کە ١٧ـ ١٨فەرمانبەر هەموو بێ ئیش بوون مەسرەفێکی زۆرە لەسەر ئێمە. ئێمە دامانە وەزارەتی پەروەردە ئەوان ئێستا فعلەن ئیستیفادەی لێ دەکەن.

بەنیسبەت کتێبخانەی ناوەندی وەزارەتی رۆشنبیری داوای کرد هەموو مەکاتبی عامە بدرێتە وەزارەتی رۆشنبیری هێشتا قەراری پێ دەرنەچووە ئێمە موافقین کە کتێبخانەکان بدرێنە وەزارەتی رۆشنبیری ئەوان زیاتر دەتوانن ئیدارەیان بکەن و ئیستیفادەیان لێ بکەن زیاتر لە ئیختیصاصاتی ئەوان نزیکە کە لە وەزارەتی داد بەنیسبەت ئیدارەی مەحەللی هەر کاتێک لەغو کرا ئەوە پێویستی بە قەرارێکی پەرلەمان هەیە ئەکید ئەنجومەنی وەزیران رەفعی دەکات بۆ پەرلەمان لێرە دیراسەت دەکرێت وە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

کاک شێخ رقیب ئایا وەزارەتی ناوخۆ بیری کردۆتەوە لە یارمەتی دانی موختارەکان تەکلیفی مادیان زۆر بێت؟

موختارەکانی شاری هەولێر هاوکاری دەکرێن لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوەوە وەک هاوکاری نەک مەعاش بەناوی هاوکاری بۆچی؟ چونکە ئەوانە موتەفەریغن و، هەر یەک لەوان مەسئوولە بەلای کەم بەسەر ٥٠٠٠ خێزان لە گەڕەکێک دەژین یەعنی زۆربەی هەرە زۆری ئیشە بۆ ئەوە تەرخان کردووە کە ئەمە ئیشی موختاری دەکەن فعلەن ئێمە هاوکاریان دەکەین وەکو وەزارەتی ناوخۆ لەسەر میزانیەی وەزارەتی ناوخۆ هاوکاری دەکرێن، بەڵام هی دێهاتەکان بەراستی دێ ٣٠ یان ٤٠ ماڵ نیە موختارەکەی موتەفەریغ نیە موختارەکە ئیشوکاری خۆی دەکات خزم وکەسوکاری یەکترن هەموو لەگەڵ یەکن دووسێ عائیلەن خزمی یەکترن کارەکەیان داناوە تەفرغ نیە ئیشی خۆی دەکات کاسبی خۆی دەکات ئەوەندە ئیشی زۆری نیە وەکو یەکێک لە موحافەزە بێت لە هەولێر بێت موختاری گەڕەکێک بێت کە بەرپرسیارە لە ٥٠٠٠ عائیلە کە ناتوانێت هیچ بکات هەموو رۆژ خەریکی ئەوە ئیمزا ئەوە بڕۆ. بۆیە ئێمە بە پەسندمان نەزانیوە کە مەعاشیان بۆ دانێین.

پرسیارێکی تری کاک شێخ رقیب ئایا چەند ئیجازەی هەڵگرتنی چەک دراوە بە هاووڵاتیان؟ ئایا پاسەوانی پیادە هەیە لە ناو شار یاخود صافیرەیان هەبێت و، ناوە ناوە صافیرە لێ بدەن بۆ ئامانەتی و شتی وا؟

لە هەولێر ژمارەیەکی موحدد کراوە هی ئیجازە دراوە بەپێی یاسای ژمارە١٦ ئێمە ژمارەیەکی مەحدودمان داناوە زۆر نیە ئەوانەی کە داواشیان کردووە من نامەوێ ژمارەکە ببینم چونکە ئەمە شتێکی ئەمنییەو بەپێی شروطی کە دانراوە ئەوانەی ئەو مەرجەیان تێدا بووە ئیجازەیان پێ دراوە بەپێی یاسای ژمارە ١٦.

بەنیسبەت حەرەس لەیلی من باسم کرد لە فەقەرەیەکی تر لە ژێر دیراسەت دایە.

کاک حاکم سەفەر پێشنیارێکی کردووە کە هیوادارە بەردەوام بین لە ئیجرائات بەرامبەر ئەوانەی موخالفە دەکەن، لەگەڵ تۆین ئێمە بەردەوام دەبین ئینشاءالله بە هاوکاری هەموو لایەک ئێمە

ئیجرائات لەگەڵ موخالفین دەکەین. بەنیسبەت قائیمقامی موعەووەم یان چەند بەرپرسێکی تر ئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆ باسیشم کرد کەسێکی تر بە موعەووەم لەمەودوا تەعین ناکەین ئەوەی کە بە موعەووەمیش دانراوە دیراسەت دەکەین کە ئیشی تریان پێ بکەین لە وەزارەتی لە جیاتی ئەو عینوانەی کە هەیانە ئێستا بە موعەووەم ئەوە لەژێر دیراسەت دایە باسیشم کرد. جێگری پارێزگای دهۆک لەم نزیکانە دادەنرێت. بەڕێوەبەرایەتی شورطەی دهۆک بینایەی بۆ بکرێت ئەوە پێشنیارێکی چاکە ئێمەش لەگەڵ تۆین هەر کاتێک وەزارەتی دارایی ئیمکانیەکی باشی هەبوو بەڵام باسم کرد کێشەی ئێمە وەزارەتی ناوخۆ لە بریاری ٩٨٦ئێمە داخیل نین هیچ بۆ شورطەو ئاسایش و ئەوانە ناکات جا دەبێت هەموو لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم بێت،بودجەی حکومەتێ هەرێمیش بەپێی ئیمکان بۆمان دەکات ئینشا ءالله لەم نزیکە دەکرێت، زیندانیش ئەوە دووەم زیندان دەکرێت بەشێویەکی زۆر عەصری رێک.

کاک برهان جاف پرسیارێکی کردووە دەربارەی دەڵێت یاسایی کاتەوە وەڵاممان دایەوە.

ماموٚستا مەلا طاهر زین العابدین بە یاسای ژمارە ٤ساڵی ٢٠٠٠ی هاتوچۆ تەنزیم کراوە، بەڵام پۆلیس خۆی دەور دەبینێت کە هەندێک لە پۆلیسەکان بەمیزاج غەرامات دادەنێن، ئەوەی کە جەنابت فەرمووی راستە، بەڵام یاسا دائیمەن حەدی ئەدناو ئەعلای داناوە بۆ عقوبات، غەرامەیەک کە دەڵێت حەدی ئەدنای ٥٠ دینار حەدی ئەعلای ١٠٠ دینارە ئەو شخصەی کە غەرامەکە دەدات راستە تەئسیری لێ دەکات ئینجا خۆی و زەمیری، طبیعی ئێمە موتابعەی ئەو موزوعە دەکەین و، مراقبەی بەردەوامی دەکەین و، هەر کەسەک پێمان خۆشە شتێکی ئەوا ببینێت ئاگاداری ئێمە بکات ئێمە ئیجرائات وەرگرین، باوەر بکە لە هەموو جێگایەک ئەوە هەیە بە میزاج نەک بەس لای پۆلیس کە عقوبەکە حەدی ئەدناو ئەعلات بۆ دانا یەعنی رێگا بدات بەوان نەختێک وەزع وقەراری خۆی بەکار بێنێت، جا لەبەر ئەوە پێمان خۆشە ئێمە موتابعە دەکەین مراقبەی پۆلیسی خۆمان دەکەین، بەڵام داوا لە هاووڵاتیان دەکەین داوا لە ئێوەش دەکەین کە مراقبەیان بکەن لە هەر موخالفەیەک ئاگادارمان بکەن بۆ ئەوەی ئێمە ئیجرائات وەربگرین.

بەنیسبەت زەواجی بێگانە کە مۆڵەتیان داوە ئەو بێگانانەی کە ئافرەتی کوردستانیان خواستووە چ نوعە بێگانەن؟ هەموویان کوردستانین یەعنی خەڵکی کوردستانن، بەڵام جنسیەی وڵاتی تری هەیە. کوردی عێراقە جنسیەی سویدی هەیە ئەمە لێرە بەبێگانە حیساب دەکرێت خۆی دێت دەڵێت من جنسیەی سویدیم هەیە کە گووتی من جنسیەی سویدیم هەیە بە بێگانە حیساب دەکرێت، بەڵام دەبێت زەواجەکەی وئەو شتەی کە طلب دەکات لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی و قانونی ئەحوالی شخصی و قانونی موادی شخصی بگونجێت یەعنی برا مەسیحیەکان و ئیسلامەکان دەبێت لەگەڵ ئەوانە بگونجێت، ئینجا ئێمە مۆڵەتی دەدەینێ بەس ئەوە هەموویان کوردستانین کەسیان بێگانەی نیە یەعنی بڵێی وڵاتی ترە کە بچێتە کوردستان.

کاک شێخ جعفر پرسیارێکی کردووە ئەوانەی لە کوردستانی ئێران دێن بۆ هەرێم باجیان لێ

وەردەگیرێت؟
لێرە من دەمەوێ شتێک روون بکەمەوە لە هەموو وڵاتێک کە یەکێک لە وڵاتێکی تردا دەبێت رسومی ئیقامەو دخولی لێ وەردەگیرێت دەچی داوای فیزەیەک دەکات لە هەر وڵاتێک کە فیزەکەت دەدەنێ بەڵام پولێک دەکرێ لەگەڵ ئەوە پولەکە بە ٥٠ دۆلارە بە ٢٠ یان ٣٠ دۆلارە ئەوە رسومی ئیقامەو دخولە ئەمە لە هەموو وڵاتێک هەیە ئێمەش وەکو خەڵکی تر رسومی ئوسوڵی وەردەگرین ئەمانەی لە ئێرانەوە داخیل بوون زۆربەیان طبیعی ئەوانەی ئێرانین ئێمە لێرە ناڵێین کوردە یان فارسە بەس ئەوەی کە ئێرانییە کە داخل دەبێت قانونی ئیقامە هەیە ئێمە لەسەری تەطبیق دەکەین زۆربەیان تاجرن کە دێت ئێمە ٢٥٠ دیناریان لێ وەردەگرین، ئەگەر هاتوو یەکێک بێت سەردانی کەسوکاری بکات ئەو تەسهیلاتەی ئێمە بۆمان کردوون چ لە مەکتەبی ئێمە لە نەغەدەیە لە تەهرانە وەرەقەیەک بێنن بۆ دخول کە دێت بۆ سەردان ئەمانە لێیان وەرناگرین وە وەزارەتی داراییش لەگەڵ ئێمە موتەفاهمە هی زاخۆ ئەوانەی بۆ ماوەی ٤٨ سەعات داخل دەبن هیچ پارەی لێ وەرناگیرێت، چونکە زۆر تاجر هەیە جانتەیەک یان شتێک دەفرۆشێت لە هەمان رۆژ دەگەرێتەوە، بەڵام کە بوو بە ماوەی سێ رۆژ بەزیاتر ئەوەش پارەی ئیقامەی لێ وەردەگیرێت عەینی شت ئەوانیش ئەگەر کەسێک لە سوریاش بیەوێ سەردانی کەسوکاری خۆی بکات راستە ئەوانە خزمەتی ئێمەیان کردووە لە محنەتەکان هاوکاری ئێمەیان کردووە، بەڵام تۆ قانونی ئیقامەت هەیە دەبێت ئەو قانونە تەطبیق بکەی، ئەگەر کەسێک بیەوێ سەردانی خزم وکەسوکاری خۆی بکات وەرەقەیەک لە مەکتەبی ئێمە بێنێ لە هەر وڵاتێک لەو وڵاتانە ئێمە هەموو تەسهیلاتی پێویست دەکەین و، وەزارەتی دارایی لەسەر ئەوە موتەفاهمە لەگەڵ ئێمە و، ئێمە ئوجووری ئیقامەیان لێ وەرناگرین، بەڵام کابرایەک تاجرە دێت دەبێت ئێمە ئوجووری ئیقامەی لێ وەربگرین.
کاک حمید سلیم میران پێشنیارێکی کردووە دەڵێت موحافزی دهۆک کتابێکی دەرکردووە لەو کتابە باسی زۆر شتی کردووە قەراری ٩٨٦و ئەوانە طبیعی پێشنیاری کردووە کە موحافزی هەولێریش بەهەمان شێوە بکات، پێشنیارێکی چاکە جێبەجێ دەکرێت پرسیاری پارێزگاری دهۆک کرد بە هی هەولێرێ خەریکین و، ئینشاء الله بەم زووانە دەردەچێت، یەعنی ئەوانیش خەریکی ئەوانەن هەمان بەرنامەیان هەیە.
کاک جلال خۆشناو باسی دیاردەی سواڵکەری کردووە لە کوردستان دەڵێ ٩٠٪ ئافرەتن لە کەرکوک و جێگای تر دێن.
ئەم زاهیرەیە نازانم مولاحەزەتان کردووە یان نەء موحارەبە کراوە و، زۆر دەستگیر کراون و، ئەوانەی دەستگیر دەکرێن لە ئیدارە قائیمقامەت هەڵدەستێت دەستگیر دەکرێن دەدرێنە پۆلیس و، پۆلیس فەورەن تەسمیلیان دەکات بۆ ئەو جێگایانەی کە لێی هاتوون، هەندێک ماڵە دۆم هەیە ماڵە دۆم ئەوە پیشەی خۆیانە هەر خەریکن بەراستی بە کەسیش مەنع ناکرێن ئەوانیش نایێنە

سەر جادەکان دەچن لە دەرگای ماڵەکان دەدەن هەندێ ساوار یان هەندێ گەنم وەردەگرن. بەڵام ئێمە ئەم زاهیرەیە موحارەبە دەکەین و، پۆلیس ئەوامریان پێیە هەر کەسێک لەسەر جادەکان سواڵ بکات دەستگیری بکەن.

کاک جلال پرسیارێکی تری کردووە دەڵێ رەگەزنامە بەچەند کەسێکی بیانی دراوە، ئەی بۆ برا فەیلیەکان نادرێت؟

فۆرم دەدرا فەیلیەکان کاک جلال ئێمە لە وەزارەت لیژنەیەکمان دروست کردووە لیژنەیەک هەیە لە وەزارەتی ناوخۆ نوێنەری برا فەیلیەکان لەو لیژنەدا هەیە هەر کەسێک لە برا فەیلیەکان داوا بکات کە جنسیەی پێ بدرێت لە رێگای ئەو لیژنەیەوە دەدرێت و، لیژنە کە ئیسپاتی دەکات کە فەیلیە فورەن جنسیەی پێدەدرێت و، هیچ موحاوەلەیەکی برا کوردی فەیلی تا ئێستا رەت نەکراوەتەوە، لیژنە هەیە و نوێنەری برا فەیلیەکانیشی تێدایە لیژنەکە لە وەزارەتی ناوخۆیە هەر کەسێکیش داوای کرد بێت تا ئێستا لە رێگای لیژنەکەوە کە ئیسپاتی کردووە فەیلییە پێی دراوە، ئەگەر کەسێک نموونەیەکتان هەبێت ئەمە رەتمان کردبێتەوە پێمان بڵێن بۆ ئەوەی ئیعادەی نەزەر بکەین بزانین چییە مەسەلە.

کاک شێخ یحیی دوو پرسیاری کردووە هەردووکی وەڵام درانەوە.

کاک مەلا محمود دیرشەوی هەمان ئەو پرسیارەی کرد کە لە تورکیاوە یان لە سوریاوە دێنە کوردستان پارەیان لێ وەردەگیرێت، ئێمە وەڵامان دایەوە، مەلا محمود پرسیارێکی تری کردووە دەڵێ لیژنەی ئاوارە هەبووەو ئێستا موحافەزات هەیە بۆچی پارێزگاکان سەرپەرشتی ناکەن ؟

لیژنەی ئاوارە ئێستا سەرۆکی لیژنەکە بریکاری وەزارەتی ناوخۆیە وەکیل وەزیر، ئەندامانی لیژنەکە نوێنەری لقەکانی تێدایە نوێنەری سوپاکانی تێدایە و، نوێنەری موحافیزەکان لەکاتی پێویست ئەوانەش حازرن ئیشو کاروباری ئیداری قائیمقامن ئەمە زیاتر ئەم ئیشە بەراستی ئاوارە موتەعلقی دەزگا حزبیەکان وعسکرییەکانە و زۆربەیان پێشمەرگەنە حزبی و کەوادری حزبن ئەوان زیاتر دەتوانن تەسهیلات بۆ لیژنەکە بکەن لەبەر ئەوە ئەوان لە لیژنەکەن پارێزگارەکان لەکاتی پێویست ئیشی خۆیان دەکەن و، ئیجرائاتی پێویست دەکەن و هاوکاری لیژنەکان دەکەن، بەڵام رئیسی لیژنەکە وەکیل وەزیرە مانای وایە بەدەست حکومەتە یەعنی دیسان حکومەت دەیکات حکومەت بەرێوەی دەبات.

کاک فرحان شرفانی پرسیارێکی کردووە دەڵێ بۆ سەردانی قەزای شێخان قەول بوو نفوسی ئەوان جێبەجێ بکرێت؟

راستە من کە چووم جەولەکەم کرد یەک موشکیلە هەبوو موشکیلەی قەزای شێخان مەسەلەی نفوس، طبیعی مەسەلەی نفوس بەراستی مەوزوعێکی زۆر حساسە هەموو سجلاتی نفوس لە عێراقە ئێمە یەک سجلی نفوسی شێخانمان لەبەر دەست نیە، ئێستا ئیشوکارەکانی نفوسی شێخان واتا ئەو برادەرانەی کە خەڵکی شێخانن لە پارێزگای دهۆک لە موحافەزە لە نفوس لەوێ

جێبەجێ دەکرێت بەڕێوە دەچێت وەکو هی برا ئاوارەکانی کەرکوک و سلێمانی لێرە بۆیان جێبەجێ دەکرێت ئەوانیش بەهەمان شێوە تا بزانین ئێمە دیراسەتی دەکەین و چارەسەرێکی بۆ دادەنێین، بەڵام ئێستا ئیشەکانیان ڕانەوەستاوە، ئێستا لە موحافەزە بۆیان جێبەجێ دەکرێت.

کاک شێخ عفان پرسیارێکی کردووە دەڵێ مەوزوعی ئیزدیحام زۆرە لەناو شاری هەولێر زۆری بێ ئیجازەن، ئیجازەکان هی مەسئوولینن وتەخیطیطی مروری ناو شار پێویستە بگۆردرێن ناو بە ناو مانگانە جگە لەوەی مەوزوعی لۆری و تراکتۆر، طبیعی ڕاستە ئیزدیحامێکی زۆر هەیە لە ناو شاری هەولێر، من ژمارەی سیارەکانم باس کرد کە چەند سیارە هەیە، طبیعی باسی مرورم کرد باسی ئیشاراتی مرورم کرد لە هەولێر ئێستا لۆری بە ڕۆژ نایێتە داخیلی شار تەنها لە ٦٠ مەتری بۆیان هەیە، بەڵام بۆ داخیلی شار نە ئەوان نە پاسی گەورە بۆیان نییە، جگە لە سیاراتی ئازووقە دابەش دەکەن ئەوانەی بەرنامەی ٩٨٦ ئێمە ناتوانین مەنعیان بکەین، چونکە ئەوانە ئەو ئیشوکارانەیان هەیە سیاراتی بەلەدیەش ناتوانین مەنعیان بکەین، چونکە ئەوانەی زبڵ و شتی تر لە خطەی داهاتووی ئێمەدا ئێستا ٦٠ مەتری نوێ چاک دەکرێت کە پێی دەڵێن ١٠٠ مەتری کە ئەوە تەواو بوو ئێمە لۆریەکان لە ٦٠ مەتری ئێستا مەنع دەکەین دەکرێت بۆ ٦٠ مەتری تازە یەعنی ١٠٠ مەتریەکە. بەنیسبەت فەحسی سیارات، ڕاستە پێشنیارێکی چاکە و، لە پلانی داهاتووی خۆمان لەوەی موستقبەلی، هەندێ وەسائلیم هێناوە ئێمە لە پلانی(خطە) دوا ڕۆژی فەحسی سیارات دەکەین، ئەوە چۆن فەحسی سیارات دەکرێت لە دەرەوە، سستەمی سویدی بۆ ئێمە سستەمێکی باشە، طبیعی ئێمە ناتوانین وەکو سستەمی سویدی تەطبیق بکەین، چونکە ئەوان ئەوە ٥٠ساڵە ئەو نیزامە تەطبیق دەکەن، بەڵام ئێمە لە مەرحلەی داهاتوو لە پلانی دوارۆژی ئێمە ئەوەیە دەست بە شتی سادە بکەین، ئەوەی متعلقە بە حیاتی ئینسان وەکو گزۆز کە فەحسی دووکەڵ دەکات ئەمە تەئسیربی لەسەر بیئەو ژینگە هەیە وەکو ستۆپ، ستۆپی سیارە تەئسیر لە حیاتی خەڵک دەکات لایت و ئیشارەتی مروری ئەمانەش لەگەڵ فلچە فلچەی زستانان وە تایەر تایەری سیارە کە دەبێت حەجمێکی موعیەنی هەبێت کە لەو حەجمە کەمتر بوو قبوڵ ناکرێت ئەوە لە پلانی ساڵی داهاتوومان دایە و، خەریکین کە هەندێ شەریکات عەینی سستەمی سویدیان بۆ هێنا بۆ فەحس کردنی ساڵانە هەر ساڵێ جارێک سیارات هەمووی دەبێت فەحس بکرێت.

کاک شفیق امین پرسیارێکی کردووە دەربارەی حیمایەکانی ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام هەر ئەندامێک کە نەما سێ حیمایەکەی لەگەڵ دەچن دەبێت ببنە ڕەسمی پۆلیس، بەڵام ئەوە جەوابم دایەوە مەرجەکانی پۆلیس تەطبیق بکەن ببن بە حیمایەی پەرلەمان کە سبەینێ حیمایەی ئەو ئەندام پەرلەمانە چوو ئەوان ببن بۆ ئەندام پەرلەمانێکی تر ئێمە ئەو شتانەی کە پێویستە جێبەجێ دەکرێت. چەکی ناو شاریش وەڵام درایەوە. پەردەی ناو سیارات، پەردەی سیارات کە هەندێک پەردە لەناو سیاراتی مەسئوولان دا هەیە، ئێمە قانونەکە لەسەر هەموو کەسێک تەطبیق دەکەین

وەکو یەک بەڕاست ئێمە نازانین ئەوە مەسئوولە ئەمە مەسئوول نییە یەکەم کەس کە پەردەی لەسەر سیاراتی خۆی لادا جەنابی کاک مسعود بارزانی بوو، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان پەردە لەسەر سیارەکەی نییە جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئەوە پەردە لەسەر سیاراتی نییە، ئیتر کوڕە مەسئوولێک یان کوڕە نازانم چ پەردەی هەبێت، ئێمە هەموو کەسێک مەنع دەکەین، بەڵام یەک کێشەیان هەیە ئێستا هەندێ سیارات هاتووە پەردەکەی کارەباییە پەردەکەی ئوتوماتیکیە بە تایبەتی سیارەی بیئێم کە هاتووە زڕەکە لە لای سایق لێدەدات پەردەکە دێتە خوارێ کە نزیکی پۆلیسی مرور بوو لێیدەدات پەردەکە هەڵدەگیرێت یان ئەمە بەوە چارەسەر دەکرێت لە فەحسی سنەوی سیارە کە ئێمە فەحسی سنەوی سیاراتمان کرد ئەو وەختە هەر کەسێک ئەوەی پێ بێت ئێمە ئەوەی لێ دەکەینەوە، بەڕاستی هەندێ شتی تریش هەیە نەک بەس ئەمە ئەو لایتی فسفۆری بەکار دێنن ئەمە پۆلیسی مرور نایبینێت بەڵام کە چوو لەسەر جادەیەکی دەرەوە فوڕەن بەکاری دێنن ئەوەش دەبێت لەسەر توعییەی خەڵکەکە خۆی لەسەر توعییەی شوفێرەکە خۆی و، لە فەحسی ساڵانە ئینشا ءالله ئەوانە هەمووی جێبەجێ دەکەین، بەڵێ سەرۆکی ئەنجومەن بەنیسبەت سورعەت و خواردنەوە، بەنیسبەت خواردنەوە ئەوە جیهازەکەمان پێ گەیشتووە هەر کەسێک مشروب بخواتەوە، طبیعی ئەوە سێ ئیشارەتی تێدایە یەکێکیان سەوزە کە هیچی نەخواردبێتەوە بەس فووی لەناو دەکات لە دوورەوە لە خیلالی ١٠ سانیە نتیجە دەدات، ئەگەر هیچی نەخوارد بێتەوە ئەوە سەوزە، ئەگەر تا حەدی بیرەیەکی خواردبێتەوە پرتەقاڵییە، ئەگەر لە بیرەیەک بەزیاترەوە کە قانون عقوبەی لەسەر دادەنێ ئەوە سوورە ئەوە ئێمە تەوزیع دەکەین لەسەر پۆلیس لە هەموو جێگا حساسەکان لە داخیلی شارەکان تەوزیع دەکرێت و، ئینشا ء الله جێبەجێ دەکرێت عقوباتیش لەگەڵیان وەردەگیرێت. بەنیسبەت هی سورعە رادارمان پەیدا کردووە کامیرەیە رادارە ئەوەش جیهازی سورعەت لە مەسافەی ٢ تا ٣ کیلۆمەتر دەتوانێت پۆلیس خۆی لە جێگایەک بشارێتەوە لە دەستی خۆی توجیهی سیارە دەکات فەوڕەن دەزانێ سورعەتی چەندە رەسمی دەگرێت چەند نەفەری تێدایە یەعنی حەتا ئینکاری کرد نەفەرەکانیشی لەگەڵە، ئەمەش بۆ تەحدیدی سورعەتە، ئەم جیهازە کامیرەیەکی زۆر بەسیطە لە دەست خۆی دادەنێ پۆلیس یان لەناو سیارەکەی دادەنێ و، موتابعەی هەر سیارەیەک بکات فەوڕەن سورعەت دەستگیر دەکات.

کاک د. لطیف باسی سجنی ئەحداسی کرد، طبیعی من باسم کرد کە سجنی ئەحداس حیراسەتی ناوەوەی سجن و،تەعامول لەگەڵ حەپسەکان عایدی ئێمە نییە پۆلیس هیچ عیلاقەی پێوە نییە پۆلیس تەنها حیمایەتی دەرەوە دەکات ئەمە عایدی وەزارەتی صحەو رعایەو شئوون ئیجتماعیە عایدی ئەوانە ئەوان بەرپرسیارن، مدیرێکیان هەیە هەموو شتی ئیداری عایدی ئەوانە، ئێمە تەنها حیراسەی دەرەوە دەکەین، وەزارەتی تەندروستی ئەوان باحیسی ئیجتماعیان هەیە دەتوانن باحیسی ئیجتماعی ئافرەت دابنێن هەر کاتێک کەسیش نەکات جیاواز کرایە ئافرەت لەگەڵ ئەحداسە ئێمە وەکو باسمان کرد کە دەتوانین زابتی ئافرەتیان بۆ دادەنێین.

کاک د. ئیدریس پێشنیارێکی کرد هەر بنکەیەک دەبێت سیارەی هەبێت تا بەکارەکانی هەڵبستێت بنکەی پۆلیس و ئاسایش، تەئیدی جەنابت دەکەین پێشنیارێکی زۆر باشە ئێمەش تەئیدت دەکەین، بەڵام لەسەر ئیمکانیەتی حکومەتی هەرێم دەوەستێ ئێمە داوا دەکەین ئەوانیش بەپێی ئیمکانیەت بۆمان بکەن.

کاک سەعید یعقوبی پرسیارێکی کرد دەڵێت تەکسی لەناو هەر شارێک تەحدید دەکرێت کە ژمارەی تەکسی نابێت لەو ژمارەیە دەرباز ببێت؟

ئەمە راستە لە هەموو شارەکانی دونیا ژمارەی تەکسی تەحدید کراوە من باسم کرد لە هەولێر ١٩٣٨٥ تەکسیمان هەیە بۆ شارێکی لە یەک ملیۆن کەمترە، ئەستنبول ١٢ ملیۆنە وەکو معلوماتی من ٨٠ هەزار تەکسییان هەیە ئێمەش ١٩٣٨٥ تەکسی ژمارە هەولێر ئیزافەتن لەوە ٤٠٠٠ تەکسی ترمان هەیە کە بتاقەی تیجوالیان هەیە ئەوانەی کە لە موسڵە لە کرکوکە لە سلێمانیە دێتە ئێرە ژمارەی ئەوێی پێیە بەس ئەمە بیتاقەی تیجوالی دەدینێ یەعنی تەقریبەن ٢٤ هەزار تەکسی هەیە لە هەولێر راستە ژمارەکە زۆرە و، پێویستە تەحدید بکرێت، بەڵام کێشە ئەمە رسقی خەڵکە بەراستی هەر تەکسیەک عائلیەک بەخێو دەکات، ئێمە ناتوانین رسقی ئەو خەڵکە ببڕین ئێمە تعلیماتێکمان دەرکردووە بۆ تەحدید کردنی تەکسی بۆ خەتەکانی ناو شار ئەوە خەریکن ئێستا لە موحافەزە لە ئایندەدا تەطبیقی دەکەین، یەعنی منطیقەی رووناکی تەکسی تایبەتی خۆی هەبێت ئەو تەکسیە تەنها لە محلە تەکسی نەفەری خۆی دەبات بۆ جامعە لە گەڕانەوە بۆی نییە نەفەری جامعە بێنێ ئەوە خوتەیەکە بە دەستمانەوەیە جێبەجێ دەکەین شتێکی ترمان کردووە بۆ تەحدید کردنی ژمارەی تەکسی بەڕاستی زۆر زۆر بووە ئێستا ئێمە رێگا نادەین تەعلیماتی ئێستا وایە هەر تەکسییەک تەسجیل بکات دەبێت ژمارەی مۆدیل لە ٩٠ بەرەو سەرەوە بێت لە ٩٠ تا ٩٤ دەبێت سیارەیەکی کۆن ترقیم بکات یەعنی بچێت لادەیەکی کۆن یان مۆسکۆفیجێکی کۆن تەفلیش بکات ژمارەی ئەو سیارە بێنێ ئێمە بۆ ئەو سیارە تەکسییەی دادەنێین، ئەگەر هاتوو لە ٩٥ بەرەو سەرەوە بێت داوای ترقیمی لێ ناکەین وەکو ٩٥ وبەرەو سەرەوە پێمان خۆشە سیاراتی تازە بێتە ناو بازار لە هەمان کاتدا ئێمە تەشجیعی سیاراتی ١٠ نەفەری دەکەین پێی دەڵێن مینیبۆس پاسە بچووکەکان بەڕاستی ئەوە چەند زیاد بن بۆ ئێمە باشە چونکە و هەر سیارەیەک دەوری ١٠ نەفەر هەڵدەگریت تەحدیدی ڕیەکان دەکات ئیشی ڕیەکان کەمتر دەکات ئەمانە مسافەش زۆر ناگرن ئێمە تەشجیعی ئەوان دەکەین ئێمە ئەو قانونەمان لەسەر تەطبیق نەکردوون ئەوەی مۆدیل ٩٠و بەسەرەوە بێت ئێمە ترقین قەیدی داوا لێ ناکەین ئەوان بێن وەکو تەکسی ئیش بکەن ئێمە تەسهیلاتیان بۆ دەکەین. پرسیارێکی تر هەبوو کاک سعید دەڵێ زۆر رسوم لە مرور وەردەگیرێت دەبێت بەڵگەی قانونی لە تحویلی بۆنموونە تحویلی موڵکیە؟

ئێمە تەنفیزی تعلیماتی وەزارەتی دارایی دەکەین ئەو تعلیماتەی کە پارە وەرگرتنە ئێمە هەمووی

له داراییەوە بۆمان دێت تەنفیزی تعلیماتی وەزارەتی دارایی دەکەین.
کاک حسین علی کمال پرسیارێکی کردووە دەڵێت کاتی ئەوە نەهاتووە ئەجهیزەی نیقاباتی چاودێری، هەموومان باس کرد.
کاک سعید هروری دەڵێ خەڵکێک لە دهۆک دەپرسی بۆچی ئیجازەی سایقی راگیراوە؟
راستە ئێمە ئیجازەی سایقی لە هەولێرو دهۆکمان راگرتبوو تا تعلیماتی تازە دەرچووە نەختێک تەشدیدمان کرد تعلیماتی تازە پاش ئەوەی کە ئامادە کران تعلیماتەکان ئێستا کاریان پێ دەکرێت و، رێگامان داوە ئێستا لە هەولێرو دهۆک بۆ ئیجازە، بەڵام بەپێی تعلیماتی تازە ئەوە ئیجازە دراوە ماوەی هەفتەیەکە ئیشی پێ دەکرێت.
کاک کاکەڕەش نقشبندی دەڵێ چەند مەکتەبێکی رەسمی بۆ فەحس کردنی سیارات ئەگەر نا ئەوە ئیجرائات وەربگیرێت، ئەوە باسمان کرد و، لە خوتەی داهاتووی ئێمە دایە ئەمە ئینشاء الله لە ساڵی داهاتوو دەکرێت و، ئیجرائاتی پێویستیش دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. بۆ بەڕێز کاک کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆیبۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان لە حەقیقەدا ئێمە حیسابی پرسیارەکانمان کرد بوو ۱۱۱ پرسیار بووە لە معدل هەر بە کەیفی خۆی و ئیسراحەت و هێمنی وەڵامی دایەوە، ئێستاش رەنگە بۆ هەندێ ئەوانەی تەعقیبیان هەیە لەسەر پرسیارەکانی خۆیان، دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین.
ئەم بەڕێزانەن ناوەکانیان دەخوێنمەوە:
د. رزگار، مەلا هادی، شێخ جعفر، د. ئیدریس، د. ناصح، زهراء حاجی، حسن صالح رسول.
بەڕێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ بەر سوڤا جەنابێ وەزیرێ ناوخۆ من تەعقیب نینە تەنها تەوزیحەک هەنە قسە تو سەر ئەو پرسیارە لبەر پۆلیسێ هاتوو چوویەت دهۆکێ ئەز لای من هەر چەندە وازح بی بەس دەبیت تەوزیح کرن چونکە ئەو برادەرەی نوکە تەسور نەکا کە ئەمە بە حسەوی یە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە ئەمە تەوزیح نییە ئەمە روونکردنەوە نییە ئەگەر تەعقیبت هەیە تەعقیب ئەگەر تەعقیبت نییە تەوضیح نییە ناوی تەعقیبە ئەو ئیشە ئەگەر وەڵامەکە مفهوم نەبێت تەعقیبێکت هەبێت لەسەر وەڵامەکەی هەقی خۆتە بەس روونکردنەوەو مسائلی تر نا.

**بەڕێز د. قاسم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر پرسیاری من بوو بەرسڤە وی بەرسڤە جەنابی وەزیری گوتی احتماله تصور کرد ئەو برادەریّ تازە لەجێگای ریڤەبەریّ هاتووچوو رێژە خۆی ئەز بابە منیّ دەست کێشایە بوویە، زۆر سوپاس کە ئەو تەسور نەکا من بەحسی ویێ دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیریش وەڵامی ئەو دەستکێشەیەی دایەوە، فەرموو.

بەڕێز مامۆستا هادی تەعقیب.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی جەنابی وەزیر ووتی ئەو کەسانەی کەوا ئەمری گرتنیان هەیە وا دیارە تەنیا بەناو بۆیان دەچی، ئایا وەزارەتی داخیلیە چۆن قبول دەکات کە وەزارەت قائیمەیان بۆ بنێری یان ناوێک بنێری بۆ ئێوە داوایان لیّ ناکەن هەر دعوایەک کە هەیە مەحزەری هەیە شاهێدی هەیە خەڵکی چ مەحللەیەکە موختاری ئەو مەحللەیە بزانی کێیە تەبلیغیان بکەن بەو قائیمانەی کە بە لیستە ناوتان بدەنیّ بە عینوانی کامل وە ئێوەش دەتوانن لە موختارەکان پرسیار بکەن موتابعەی ئەو تاوانبارانە بکەن لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شێخ جعفر شێخ علی.

**بەڕێز جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان لەگەڵ رێزم بۆ جەنابی وەزیر بۆ وەڵامەکەی هاتن و سەردانی برا کوردەکان بۆ کوردستانی ئازاد جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەو رسومات و ئیقامەی جەنابیان باسیان کرد، چونکە ئەوانە بەشێکن لە نەتەوەی کورد قەرزێکی زۆریان هەیە لەسەرمان ئەو رسومات و ئیقامەیە هی زەمانی رژێمە ئەو باج و رسوماتانەی کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ساڵی ٩٣ و٩٤ دەرچووە رەسمی وای تیا نییە بۆیە پێشنیار دەکەم کە ئەو برە پارەیە هەڵبگیرێت و، ئەوەندەش تەئسیر ناکاتە سەر میزانیەی هەرێم، چونکە ئەوە زیاتر شتێکی مەعنەوییەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. ادریس هادی.

**بەڕێز د. إدريس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەعینی مدیر ناحیەکان جەنابی وەزیر ئیشارەتی بەوە کرد کە ئێمە حکومەتێکی شەرعینە هەر کاتێک بچینە ناو ئەو ناوچانە ئەوە گومانی تێدا نییە و جێی موناقشە نییە کە حکومەتێک لە پەرلەمان سیقەی وەرگرتبێ من باسی ئەو شتەم نەکرد من گوتم ئەولەویە و ئەسبقیە بۆ ئەوانە بێت کە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی خۆمان دایە ئەوێندەرێ پربکەینەوە ئینجا بچین ئەوانەی تر دانێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. کاک د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تەعقیبم هەیە لەسەر دوو پرسیار:

١- وابزانم جەنابی وەزیر لە پرسیارەکەی من تێ نەگەیشت.

٢- باسی کرد کە لە بەرنامجی ئەواندا هەیە بەنیسبەت بە تەکنیک کردنی بۆ چاودێری کردنی و پاراستنی شوێنە گشتییەکان تەبعەن ئەوە جێی خۆش حاڵیە کە بەرنامە لە پلانداندا هەیە، بەڵام ئەوە لەبیر نەکەین هەندێک شوێن زۆر زۆر زەرورییە من ناڵێم هەمووی بەیەکجاری بکرێن، هەندێک شوێن زۆر پێویستن بەتایبەتی ئیحتیمالی رودانی تاوان و کردەوەی نایاسایی تێدا هەیە لەبەر ئەوە ئەگەر بکرێت سەرەتا لەو شوێنانەوە دەست پێ بکرێت، کامیرەکانیش وازحن یەعنی ئەو کامیرەیە چۆن بۆ سورعەتی سیارەتان دابین کردووە ئەویش هەر بەم شێوەیە بکرێت، من مەبەستم هەندێک شوێن هەیە زۆر زۆر زەرورین، ئەویتریان من مەبەستم خۆ کوشتنی ئافرەت نەبوو یەعنی کە ئافرەت خۆی دەکوژێ یان خۆی دەسوتێنێ من مەبەستم تیرۆر کردنە بەهۆی کۆمەڵایەتی معلومە هۆیەکان چین یەعنی خەڵکی تر دەیانکوژن بە هۆکاری جیا جیا من مەبەستم ئەو خاڵە بوو، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. بەڕێز زهرا حاجی فەرموو.

**بەڕێز زهرا حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێ من باسی نەسریە کرد، نەسریە شورطە زاخۆ زۆر کێمە ئەوە شتەکی مەزنە ئیجتیهادی نیڤی کرن ١٠٠٠ دینارتین، ١٠٠٠ دینارا دابەش کە سەر شەش بنکەی پۆلیس، کەمتریش ٢٠٠

دیناره، چ ئیمکانیەت هەبن بۆ شولێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک حسن صالح.

**بەڕێز حسن صالح روستم خان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی حیمایەی ئەندامانی پەرلەمان من رەئیم ئەوەیە بەنیسبەت ئەوانەی کە سلوکی قانونیان هەیەو دامەزراون و، ماوەیەک سەقفی زەمەنی بۆ دابنرێت کەوا نەگۆڕاون ئەوانە ئەو حیسابەیان بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. بەڕێز جەنابی وەزیر دوا وتە بۆ جەنابتان.

**بەڕێز کەریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس. بەنیسبەت تەعقیب لەسەر مامۆستا هادی کە ئێمە داوا لە وەزیر عەدل بکەین بەڵێ ئێمە کۆبونەوەی دەوریمان هەیە لەگەڵ وەزارەتی عەدل بڕیارە لە یەکەم کۆبونەوە ئێمە ئەوە لەگەڵیان تەرح دەکەین و، پێشیان دەڵێین ئەگەر هاتوو یەک کێشە تەنها ناو بێت ئێمە هەرگیز ئیستیلامی ئەو تەبلیغە ناکەین ئێمە ئەوە پێیان دەڵێین لەگەڵ وەزارەتی عەدل باس دەکەین لە یەکەم کۆبونەوە کە لەگەڵیان دەکەین.

کاک شێخ جعفر فەرمووی کە ئەو بڕە پارەیە هەڵدەگیرێت، باوەر بکە کاک شێخ جعفر راستە پارەیەکی کەمە، بەڵام ئاماری ئێمە ٩٥٪ ئەوانەی لە حاجی ئۆمەران و سنوری ئێران داخیلن هەموویان تاجرن ئەوانەی کە دێن بۆ سەردان راستە خزمەتی ئێمەیان کردووە لەلای ئێمەن لە تەنگانە بە هانای ئێمە هاتوون، بەڵام ئەمە شتێکی رەسمییەو، قانونییە لە هەموو دنیا هەیە، یەکێک بیەوێ بێت سەردانی خزم و کەسوکاری خۆی بکات و، مەکتەبی ئێمە لەوێ بڵێ ئەوە من هاتووم بۆ سەردان یەک کاغەزی بداتێ هەموو تەسهیلاتی بۆ دەکرێت بۆ من قانونەکە بکەمە عام لەسەر تاجریش عەفو بکەم و، یەکێک بێت بۆ سەردانی خزمی خۆی عەفوی بکەم یەعنی بەمن بێنێ واریدە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە تاجرێک دێت بە خەیاڵی سێ رۆژ و چوار رۆژ دە هەزار دینار قازانج دەکات کە ٢٠٠یان ٢٥٠ دینار پارەی ژووری ئیقامەی خۆی نەدات، بەڵام لەگەڵ تۆم ئەوانەی کە دێن بۆ زیارەتی خزم و کەسوکاری خۆیان ئەوانەی دێن بۆ سەردان لەگەڵتانم ئێمەش بۆیان دەکەم.

هی د. ناصح وازحە. بەنیسبەت هی زهرا خان بەنیسبەت شورطەو نەسرییەی زاخۆ ئەگەر پێم بکرێت من نەسرییەکەی کە ئێستا هەیە و پێشان هەبوو سێ قاتی دەکەم، بەڵام ئیمکانیاتی

حکومەتی هەرێم ئەوەیە تەقەشوف هەیە لە وەزارەتی ناوخۆوە لە هەموو وەزارەتەکان نەسرییەکانی کردۆتەوە نیوە چی لێ بکەم چم دەسەلاتە منیش دەسەلاتم نییە پێم خۆشە ئیمکانیاتی هەبێت حکومەتی هەرێم کە ئیمکانیاتی هەبوو نەیکردبووە دوو بەش، بەلام کە ئیمکانیات کەم بوو یەکەم شت لە پێش حکومەتی هەرێم پێویستە مووچەکان بدات دەبێت مووچەکانی خەلک بدات، جا لەبەر ئەوە کە ئیمکانیات باش بوو بەخۆیان دووبارە دەکەنەوە وەزارەتی دارایی بەخۆی دووبارەی دەکاتەوە. کاک حسن صالح فەرمووی ئەوانەی کە دامەزراون حیسابیان بۆ بکرێت، فەرموو لیژنەیەک دابنرێت کە دیراسەی ئەوانە بکەین، بەلام بە مەرجێک تەعەهود بدەن سبەینێ کاک حسن نەما بە ئەندامی پەرلەمان ئەوە دەبێت بمینێ حیمایەی پەرلەمانە، چونکە ئیحتیمالە کاک حسن کوری خۆی کردبێتە حیمایە، ببورە کە ناو دەلێم تەنها بۆ نمونەیە سبەینێ کە نەما ئەو بمینێ بۆ حیمایەی پەرلەمان، زۆر سوپاس، سوپاسی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن دەکەم سوپاسی هەمووتان دەکەم کۆتایی تەلەبی من ئەوەیە داوا لە هەموو لایەک دەکەم لە هەموو هاولاتییەک هاوکاری وەزارەتی ناوخۆ بکەن هاوکاری دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ بکەن، چونکە بەراستی بە تەنها بە ئێمە ناکرێت ئەگەر هاوکاری هەموو لایەک نەبێت ئێوەش وەکو پەرلەمان نوێنەری ئەم میللەتەن چاوی ئێوە کراوە بێت لەسەر وەزارەتی ناوخۆ و، هەموو دەرگاکانی وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئێوە کراوە هەر کاتێک دێن دەچنە چ دائیرەیەک خەبەرمان بدەنێ حەقتان هەیە بچن قسەیان لەگەل بکەن ئیستیفساریان لێ بکەن تەوجیهاتیان پێ بدەن، زۆر زۆر سوپاس زۆر سوپاس بۆ ئەو ماوەیەی کە بە منتان دا سوپاستان دەکەم داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز جەنابی وەزیری ناوخۆ کاک کەریم سنجاری لە راستیدا دوێنێ و ئەمرۆ دانیشتنێکی بە پیت و بە بەرهەم بوو روناکیەکی تەواوی خرایە سەر کاروباری وەزارەتی ناوخۆ هەروەها ئەو پرسیارانەی کە لە لایەن ئێوە ئاراستەی کرا بەراستی پرسیاری چینێکی زۆری میللەتەکەمانن کە ئەو پرسیارە هەمیشە دووبارە دەکەنەوەو، هیواداریین ئەم وەلام دانەوەیە ببێتە هۆی ئەوەی ئەو بابەتە لەلایەنی هاوولاتانیش رۆن ببێتەوە، ئێمەش وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان زەخت دەکەین لەسەر ئێوە ئیشەکە دوو لایە لایەکی وەزارەتی ناوخۆیە لایەکی هاوولاتی خۆیەتی دەبێت هاوکاری هاوولاتی راستەوخۆ لەگەل وەزارەتی ناوخۆ، دەبێت رەچاو کردنی تعلیمات بەبێ رێز گرتن لە یاسا وەزارەتی ناوخۆش هیچی پێ ناکرێت، جارێکی تر سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین، ئێستا ١٠ دەقیقە پشوودانە پاشان بە خالی دووەم وسێیەمی بەرنامەی کارەکەمان هەلدەستین، زۆر سوپاس.

پاش پشوودان........

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڕێزان بەردەوام دەبینەوە لەسەر کـاروباری دانیشتنەکەمان. خۆی خاڵی دووەم و سێیەم تۆزێ تێکەڵن دەبێ لەبەر مەسەلەی نیساب تۆزێ زەبتی بکەین، بۆیە بە دووسێ وەجبە دەکەین بۆ ئەوەی دائیم نیسابەکەش هەبێت. لەبەر ئەوە پێشەکی ئیستیقالەی بەڕێزان دەیخوێنمەوە. بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، بابەت دەست لە کار کێشانەوە. ئێمەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ناومان لە خوارەوە نوسراوە دەست لە کار کێشانەوەی خۆمان رادەگەیەنین لە ئەندامێتی ئەنجومەن، چونکە ماوەیەکی زۆر تێپەر بووە بەسەر ئەندامێتیمان، بۆ ئەوەی رێگا بدرێت بە بەڕێزان ئەندامانی یەدەگ بۆ ئەوەی دەوری خۆیان ببینن تکامان وایە داواکاریەکەمان بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی بەڕێز بۆ بڕیار دان لەسەری، لەگەڵ رێزوسوپاسی بێ پایانمان.

ئەم بەڕێزانەن :

اکرم عزت نجیب ـ د.قیس دیوالی دوسکی ـ حسن علی کمال ـ نهاد نورالدین ـ رقیب حسین ملا ـ مەلا طلحە سعید قرنی ـ د.سلیم علی ملو ـ مامند محمد امین بابکر.

پێش ئەوەی دەنگیان لەسەر بدەین هەقە ئیشارەت بەوە بدەین کە بەڕێزان تاکو ئێستا لە ماوەی ٩ساڵ دەوری خۆیانیان بەرێکوپێکی بۆ چالاکی لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بردۆتە سەر و، گۆرانکاری لە راستیدا شتێکی ئاساییە بەتایبەتی ئەگەر سەیر بکەین زیاتر لە ٩ ساڵ تێپەر بووە بەسەر دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کە ئەندامانی پەرلەمان هەر یەکە سەر بە لیستی پارتێکن و، ئەو لیستەش لە حەقیقەتدا تەنیا ٥٠ ئەندام نیە یان ٢٠ ئەندام نییە بەڵکو بریتییە لە ١٠٠ ئەندام، لەبەر ئەوە مافێکی رەوای ئەندامەکانی تریشە کە نەهاتونەتە ناو پەرلەمان و نەبوون بە ئەندامی پەرلەمان و، هیچ ماف و حقوقێکیان نییە تاکو ئێستا کە ئەوانیش رێگایان پێ بدرێت هەر لە رێگای لیستەکەی خۆیانەوە بێن بە ئەندامی پەرلەمان بۆ ئەوەی دەور لە پەرلەمان ببینن، چونکە لە راستیدا جیاوازیەک لە نێوان هیچ کەسێک لە ئەندامانی ئەو لیستەدا نییە، چونکە هەموویان جێگای متمانەو سیقەی ئەو حزبەن لەبەر هۆو هۆکاری تایبەتی کەوای لێ کردوون ئەو بەڕێزانە شایستەی ئەوە بن داخیلی ئەو لیستەیە بن و، بێن بە ئەندامی پەرلەمان بۆیە ناویان لەوێ ناونووس کراوە، ئەمانە لەبەر مەبەستێکی سیاسییە ونە لەبەر مەبەستی لادانە، بەڵکو بە مەبەستی گۆرانکاریەکی ئاساییە لە ناوەکان روودەدات، ئەم رونکردنەوەیەم بە پێویست زانی و،ئێستا وەکو باسم کرد بەشێوەیەکی وا ناوەکان دەدەینە دەنگدان کە هەمیشە مەسەلەی نیسابەکەمان لە ئارا دابێت و، نیساب لە دەست نەدەین، بۆیە بەم شێوەیە دەست پێ دەکەین سێ سێ تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە دەست لەکار کێشانەوەی بەڕێز اکرم عزت نجیب پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە دەست لە کار

کێشانەوەی اکرم عزت نجیب پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە گشتی دەنگ دەست لە کار کێشانەوەی بەڕێز کاک اکرم عزت نجیب پەسند کرا، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەست لە کار کێشانەوەی بەڕێز کاک نهاد نورالدین پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە دەست لە کار کێشانەوەی بەڕێز کاک نهاد نورالدین پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، دەست لەکار کێشانەوەی کاک نهاد نورالدین بە گشتی دەنگ پەسند کرا، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەست لە کار کێشانەوەی بەڕێز مامۆستا مەلا طلحە سعید قرنی پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە دەست لە کار کێشانەوەی بەڕێزمامۆستا مەلا طلحە سعید قرنی پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، دەست لەکار کێشانەوەی مامۆستا مەلا طلحە سعید پەسند کرا، لێرە ئەم سیانە تەواو بوو بۆ ئەم مەبەستەش نوسراوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەیخوێنمەوە ئەویش لەراستیدا دابەش دەکەین بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی بەڕێز سڵاوێکی گەرم نیشانە بە ماددەی ٤٤ لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ هەموار کراو و، بەمەبەستی گۆڕانی ئەم بەڕێزانەی ناویان هاتووە بۆ پرکردنەوەی شوێنیان بەم بەڕێزانەی کە ناویان لە خوارەوە هاتووە پاڵێوراوی ئێمەن بۆ ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان تکایە بۆجێ بەجێ کردنی ئەوەی پێویستە، ناوەکان ئەو بەڕێزانە بوون کە خوێندمەوە جارێکی تر دەیخوێنمەوە:

اکرم عزت نجیب ـ د. قیس دیوالی دوسکی ـ حسین علی کمال ـ نهاد نورالدین ـ رقیب حسین مەلا ـ مامند محمد امین بابکر ـ مەلا طلحە سعید قرنی ـ د. سلیم علی ملو.

ناوی ئەو هەڤاڵانەی کە پاڵێوراون بۆ ئەندامییتی پەرلەمان ئەو بەڕێزانەن:

١ـ فاضل رؤوف ٢ـ حمە علی توفیق میرزا فتاح ٣ـ انور شوکر محمد ٤ـ نادر محمد قادر ٥ـ فاتح محمد امین ٦ـ حلیمە حسین محمد بارزانی ٧ـ نیاز جمیل میران ٨ـ مامند عباس مامند اغا.

ئێستا تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە وەرگرتنی بەڕێز کاک فاضل رؤوف بە ئەندامی پەرلەمان پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە گشتی دەنگ کاک فاضل رؤوف وەرگیرا بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بوونی بەڕێز کاک حمە علی توفیق میرزا فتاح بە ئەندامی پەرلەمان پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەڕێز کاک حمە علی توفیق میرزا فتاح بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە گشتی دەنگ، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بوونی بەڕێز انور شوکر محمد بە ئەندامی پەرلەمان پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەڕێز انور شوکر محمد بە گشتی دەنگ پەسند کرا بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی

نیشتمانیی کوردستانی عێراق، تکا له بەڕێزان کاک فاضل رؤوف و کاک حمه علی توفیق و انور شوکر محمد دەکەم یەک له دوای یەک بێنه سەر سەکۆی سەرکردایەتی بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز فاضل رؤوف:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من ـ فاضل رؤوف ـ

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری له یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم).

**بەڕێز حمه علی توفیق میرزا فتاح:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من ـ حمه علی توفیق میرزا فتاح ـ

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری له یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم).

**بەڕێز انور شوکر محمد:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من ـ انور شوکر محمد ـ

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری له یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو بەڕێزانەی کە دەست له کار دەکێشنەوە دەتوانن دانیشن تا دانیشتنەکە تەواو دەبێت ئاساییە، وایان تەسەور کرد کە گوایە دانەنیشن.

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەست له کار کێشانەوەی بەڕێز شێخ رقیب حسین ملا پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ دەست له کار کێشانەوەی بەڕێز رقیب حسین ملا پەسند کرا.

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەست له کار کێشانەوەی بەڕێز مامند محمد امین پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ دەست له کار کێشانەوەی بەڕێز مامند محمد امین پەسند کرا.

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەست له کار کێشانەوەی بەڕێز حسین علی کمال پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ دەست له کار کێشانەوەی بەڕێز حسین علی کمال پەسند کرا له ئەندامییێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز نادرمحمد قادر پەسند دەکەن بۆ ئەندامییێتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ بەڕێز نادر محمد قادر پەسند کرا بۆ ئەندامییێتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق.

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز حلیمە حسین محمد بارزانی پەسند دەکەن بۆ ئەندامییێتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ بەڕێز حلیمە حسین محمد بارزانی پەسند کرا بۆ ئەندامییێتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق.

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز د. نیاز جمیل میران پەسند دەکەن بۆ ئەندامییێتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ بەڕێز د. نیاز جمیل میران پەسند کرا بۆ ئەندامییێتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق.

تکا لە بەڕێزان نادر محمد قادر و حلیمە حسین محمد بارزانی و د. نیاز جمیل میران دەکەم یەک لە دوای یەک فەرموون بۆ سەکۆی سەرۆکایەتی بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز نادر محمد قادر:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من ـ نادر محمد قادر ـ

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە بالاکانی دەکەم).

**بەڕێز حلیمە حسین محمد بارزانی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من ـ حلیمە حسین محمد بارزانی ـ

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە بالاکانی دەکەم).

**بەڕێز د.نیاز جمیل میران:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من ـ نیاز جمیل میران ـ

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە بالاکانی دەکەم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەست لە کار کێشانەوەی بەڕێز د. سلیم علی ملو لە ئەندامییێتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق پەسندی دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ دەست لە کار کێشانەوەی بەڕێز د. سلیم علی ملو لە ئەندامییێتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق پەسند کرا.

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز مامند عباس مامند اغا پەسند دەکەن بۆ ئەندامییێتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ بەڕێز مامند عباس مامند اغا پەسند کرا بۆ ئەندامییێتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق.

بەڕێزان چونکە بەڕێز فاتح محمد امین ئەم هەفتەیە ئامادە نییە لەوانەیە بەم زووانە بگات لەبەر ئەوە دەست لەکار کێشانەوەی بەڕێز د. قیس دیوالی تا ئەو کاتە دوا دەخرێت، ئەویش لەبەر بەرژەوەندی گشتی و نیسابیش.

تکا لە بەڕێز مامند عباس مامند اغا دەکەم بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز مامند عباس مامند آغا:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من ـ مامند عباس مامند اغا ـ

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە بالآکانی دەکەم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ڕێگام پێ بدەن بەناوی هەمووتانەوە بەناوی کوتلەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیشەوە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی بەڕێزان کاک فاضل رؤوف ـ کاک حمە علی توفیق میرزا فتاح ـ کاک انور شوکر محمد ـ کاک نادر محمد قادر ـ خاتوو حلیمە حسین محمد بارزانی ـ کاک د. نیاز جمیل میران ـ کاک مامند عباس مامند اغا پیرۆزبایی گەرمیان ئاراستە بکەم بەبۆنەی وەرگرتنیان بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان هیوادارم ئەوانیش وەکو ئەندامەکانی پێشوو کە ئێستا جێگایان گرتونەتەوە چالاک بن و، دەوری دیاریان هەبێت بۆ پێشخستنی کاروباری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق و، ئالا هەلگری مەشخەلی دیموکراتیەت و یاسا بن لە ناو هۆلی پەرلەمان و دەرەوەی هۆلی پەرلەمان، مایەیی شانازیە بەشێوەیەکی تایبەتی پیرۆزبایی لە بەڕێز حلیمە حسین محمد بارزانی بکەم ئەویش بەتایبەتی، چونکە لەوانەیە کەم کەس مولاحەزەی ئەوەی کرد بێت ئەنجومەنی

نیشتمانی کوردستانی عێراق هیچ کەسێکی بارزانی نەبووە  تا ئێستا هەرچەندە کە دەبوایە جێگای ئەو ناوچەیە زۆر دیار و ئاشکرا  بوایە لە ناو ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، چۆن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بە حەق جێگای کورد و ئاشووریيە کە ئەمرۆ کۆبونەتەوە لێرە بەهەمان حەق جێگای دانیشتوانی ناوچەی بارزانە کە پێش هەموو شتێک بە خەبات و تەزحییەیان بەردی بناغەی ئەو ئەزمونە دیموکراتیەیان داناوە، جارێکی تر پیرۆزباییان لێ دەکەم بەناوی هەمووتانەوە هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم و، دانیشتنی داهاتوومان رۆژی دوو شەممەی داهاتوو دەبێت، زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٤)**

دوو شەممە رێکەوتی ٢٠٠١/١٢/١٠

خولی دووەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٤)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/١٠

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/١٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە بیست و چوار)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێرۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە بیست و چوار)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/١٠ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـ میوانداری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانە بۆ بەرچاو خستنی ئەنجامی سەردانەکەی بۆ وڵاتە ئەوروپییەکان لە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
((بەناوی خوای گەورەو میهرەبان))
بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٢٤)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە یەک خاڵ پێکهاتووە ئەویش میوانداری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانە بۆ بەرچاو خستنی ئەنجامی سەردانەکەی بۆ وڵاتە ئەوروپییەکان لە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم هیوادارم ئەم دانیشتنە مایەی خستنەرووی چالاکییەکانی جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بێت لە سەفەرەکەی بۆ دەرەوەی وڵات بەتایبەتی ئەو سەفەرەی کە سەفەرێکی مێژوویی و سەرکەوتووبوو لە هەموو ڕوویێکەوە بەتایبەتی ئەو وڵاتە گرینگانەی کە سەری دابوون و مستەوای دیدارەکان کە لەوێ ئەنجامی دا کە بۆ یەکەم جارە لە مستەوای وابەرز پێشوازی لە سەرۆکی حکومەتی کوردستانی عێراق بکرێت، جگە لەمەش سەفەرەکەی لە کات و ساتێک دابوو کە ئاڵوگۆڕیی و گۆرانکاریەکی گەورە لەسەر ئاستی سیاسی جیهان ڕویدا بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە هاتە پێشەوە گرینگیەکەی لەوە دابوو کە پێویست دەکرا دۆزی کوردو مەلەفی

کوردی جارێکی تر بخرێتەوە بەرباس و بخرێتەوە بیری کاربەدەستان یان توانادارانی سیاسەتی جیهانی، بۆ ئەوەی لە بارودۆخی ئەمرۆشدا گەلی کورد لەبیر نەچێت و جێگای دیاربێت لە بەردەم سیاسەت مەدارانی جیهان دابێت، بەرێزان جارێکی تر بەخێرهاتنی گەرمی سەرۆکی ئەنجوەنی وەزیران و برا وەزیرەکان دەکەم پێش ئەوەی دەست بەکار بین تکا لە بەرێزان نوێنەرانی ڕاگەیاندن دەکەم کە هۆڵەکە بەجێ بێلن چونکە دانیشتنەکە داخراوە، بۆ ئەوەی دەست بەکار بین تکا لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەم بۆ هاتنە سەر سەکۆی سەرۆکایەتی کەسی ترت لەگەڵە ؟لەبەر ئەوەش کە ئەم دانیشتنە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، پێشنیار دەکەم کە نهێنی بێت و ئەم پێشنیارەش بخرێتە دەنگدانەوە، پێشنیارەکە بە گشتیی دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکان ڕەزامەنیی وەرگرت.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٥)**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/١١

خولی دووەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٥)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١١/١٢/٢٠٠١

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١١/١٢/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە بیست و پێنج)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە بیست وپێنج)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١١/١٢/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:***

١ـ خستنەڕووی دەست لەکار کێشانەوەی(د. قەیس دیوالی)و، خستنەڕووی داواکاریی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان(خودان لیستی زەردی هەڵبژاردن)بۆ قەبوڵکردنی(فاتح محمدامین)بە ئەندامی ئەنجومەن و سوێند خواردنی یاسایی.

٢ـ ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری بۆ بەرچاوخستنی چالاکییەکانی وەزارەتەکەی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

٣ـ ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری پیشەسازی و وزە بۆ بەرچاوخستنی چالاکییەکانی وەزارەتەکەی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٢٥)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لەسێ خاڵ پێکهاتووە:

١ـ خستنەڕووی دەست لەکار کێشانەوەی(د. قەیس دیوالی)و، خستنەڕووی داواکاریی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان(خودان لیستی زەردی هەڵبژاردن)بۆ قەبوڵکردنی(فاتح محمدامین)بە ئەندامی ئەنجومەن و سوێند خواردنی یاسایی.

٢ـ ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری بۆ بەرچاوخستنی چالاکییەکانی وەزارەتەکەی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

٣ـ ئاماده بوونی ڕێزدار وەزیری پیشەسازی و وزە بۆ بەرچاوخستنی چالاكییەكانی وەزارەتەكەی و وەلامدانەوەی پرسیارەكانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق.

بەڕێزان بەم بۆنەوە بەخێراهاتنی گەرمی هەر دوو بەڕێزان وەزیری كشتوكاڵ و ئاودێری و وەزیری پیشەسازی و وزە دەكەم بۆ هۆڵی پەرلەمان هیوادارم لە دانیشتنی ئەمڕۆدا روناكی تەواو بخرێتە سەر كاروباری هەردوو وەزارەت و دانیشتنەكە بە بەرهەم و سەركەوتووبێت و وەكو دانیشتنەكانی تر كە لەگەڵ بەڕێزان وەزیرانی پێشووكراوە، هەروەها بەڕێزان ئەمڕۆ ٢٠٠١/١٢/١١ ڕۆژی دامەزراندنی یەكێتی ئافرەتانی كوردستانە بەم بۆنەوە پیرۆزبایی گەرم لەهەر چوار خوشكمان ئەندامانی بەڕێزی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەكەم. پیرۆزبایی لەوانەش دەكەم كە ئامادە نین. بەڕێزان ئێستا دەست بە خاڵی یەك دەكەین وەكو ئاگادارن بەڕێز كاك (د.قەیس دیوالی)ش ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی گۆران كاریان لەگەڵ كرا ئەویش دەست لەكاركێشانەوەی پێشكەش كردبوو ئەو كاتە نەمان خستە دەنگدانەوە چونكە ئەوەی دەهاتە جێگای ئامادە نەبوو ئیمڕۆ ئامادەیە لە هۆڵی پەرلەمان بۆیە دەست لەكاركێشانەوەی بەڕێز (د.قەیس دیوالی) دەخەمە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە دەست لەكاركێشانەوەی بەڕێز (د.قەیس دیوالی) پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. بە زۆربەی دەنگ دەست لەكاركێشانەوەی بەڕێز (د.قەیس دیوالی) پەسەند كرا، بەڕێزان مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان(خودان لیستی زەردی هەڵبژاردن) بەنوسراوی ژمارە (١٠٦٦) لە ٢٠٠١/١١/٢١ داوای كردووە كە بەڕێز (فاتح محەمەد ئەمین) ببێت بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە جیاتی بەڕێز (د.قەیس دیوالی)،تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە بەڕێز (فاتح محەمەد ئەمین) پەسەند دەكەن كە ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن تكایە دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. بە گشتی دەنگ ئەندامیەتی بەڕێز (فاتح محەمەد ئەمین) پەسەند كرا، تكا لە بەڕێز كاك (فاتح محەمەد ئەمین) دەكەم كە بفەرموێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز فاتح محمد أمین:**

((بەناوی خوای گەورەو میهرەبانەوە))

من كە (فاتح محەمەد ئەمین)م سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالاكانی دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ڕێگام پێ بدەن بەناوی خۆم و بەڕێز كاك فرسەت و هەموو ئەندامە بەڕێزەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی بەڕێز كاك فاتح محەمەد ئەمین بكەم بەبۆنەی

ئەندامیەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق. هیوادارم ئەندامیەتی ئەو ببێتە مایەی دەوڵەمەندکردنی کاروباری ئەنجومەن و سەرکەوتووبێت لەکاروبارەکانی وەکو لێ شارەزاین بەپێی ئەو کارانەی کە کردویەتی سەرکەوتوو بە ئەنجام بوو، جارێکی تر تەمەنای سەرکەوتن و پیرۆزبایی لێ دەکەین، بەڕێزان خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان: ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری کشتوکاڵ وئاودێرییە بۆ بەرچاوخستنی چالاکییەکانی وەزارەتەکەی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق. تکا لە ڕێزدار مامۆستا سەعد دەکەم بفەرموێت بۆ سەر سەکۆی سەرۆکایەتی ئەنجومەن، پێش ئەوەی جەنابتان دەست پێ بکەن کورتەیەک دەربارەی کاروبار و چالاکییەکانی وەزارەتەکەتان بدوێن پاشان بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن پرسیارتان ئاراستە دەکەن بۆتان هەیە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە و بۆشتان هەیە دوای بخەن ئەگەر بەباشتان زانی بەم شێوەیە وەڵامی بدەنەوە کە خۆتان بە پەسەندی دەزانن، پاش وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە بۆ ئەو ئەندامە هەیە کە پرسیاری کردووە لە بابەتی پرسارەکەی خۆی بە دواداچوون بکات ئەگەر بە پێویستی زانی دوای ئەم هەنگاوانە دوا ووتار بۆ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ دەبێت، فەرموو.

**بەڕێز مامۆستا سعد عبدالله/وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، منیش بەناوی خۆم و بەناوی بەڕێز وەزیری پیشەسازی پیرۆزبایی لە بەڕێز کاک فاتح دەکەین بەوەی کە شەرەفی بوونی بە ئەندامی پەرلەمان وەرگرت، بەڕێزان دەمەوێ پێشەکی بەرلەوەی دەست بە ڕاپۆرتەکەم بکەم باسی ئەوە بکەم کە خۆشحاڵین کە بۆ دووەمین جار پاش ئەوەی پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز سیقەی پێ داوین وەکو وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری لەبەر دەمتان ئامادە دەبین.
بەڕێزان دەمەوێ لەو ڕاپۆرتەدا گرنگترین خاڵ لە چالاکی و ڕێگاو شێوەی کارکردنی وزارەتەکەمان پێشکەش بکەم لەبەر ئەوەی چالاکییەکانی ئەم وەزارەتە زۆر لق و پۆپی لێ دەبێتەوە، بۆئەوەی بتوانین بە ژمارەو بە مەواقع هەندێ شت عەرزی بەڕێزتان بکەین بۆیە بە پەسەندمان زانی کەوا ڕاپۆرتەکەمان نوسراو بێت، بەرلەوەش ئێمە تەفسیلاتێکی تری ئەو ڕاپۆرتەی کە من لێرانە هەوڵم داوە بە مورەکەز عەرزی بەڕێزتانی بکەم پێشکەش بەلیژنەی کشتوکاڵ کراوە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، ((بەناوی خوای گەورەو میهرەبان))
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
بەڕێزان دەمەوێ لەو ڕاپۆرتەدا گرنگترین خاڵ لە چالاکی و ڕێگاو شێوەی کارکردنی وزارەتەکەمان پێشکەش بکەنم:-
١- لای هەمووان ئاشکرایە کە کشتوکاڵ تاکو ئێستا پێگەی بنەرەتی ئابووری کوردستانە. ئەگەر لە ڕووی چالاکی ئابووری تێکرای کوردستان تەماشا بکەین پتر لە نیوەی دانیشتوان، لە زروفی

ئاساییدا پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن.
٢ـ کشتوکاڵ لەسەردەمی بەر لە ڕاپەڕین تووشی شکستێکی گەورە هات چونکە سیاسەتی وێران کردنی گوندەکان و، تعریب هەم توانای بەرهەمی دابەزاند و هەم ڕووبەری زەوی یەکانی کشتوکاڵی کەم کردۆتەوە لە کۆی (٢٨٠ر٤١٥ر١٥)دۆنم خاکی کوردستان ئێستا نزیکەی (١٤٨٩٠٦٤٦) دۆنم لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمە لە هەرسێ پارێزگاکان، لێرە دەمەوێ ئیشارەت بەوە بکەم کە ئەم دوو ژمارەیە هی پێش ڕاپەڕینە واتە نەک کوردستان بەتەواوی ئەوەی لە مەنزوری ئێکە بە کەرکوک و خانەقین بەڵکو تەنها ئەو سنورەی کەوا پێش ڕاپەڕین کە بەناو حوکمە زاتیەکە حساب کرابوو تەنانەت بەوەش ملیۆنەک دۆنم کەم کراوەتەوە کە تەعریب کراوە موقابل بەوە هەندێ ناوچە لە دهۆک کە پێشتر تەعریب کرابوو پێش ڕاپەڕین کەوتەوە ژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە (٤٩٩ر٧٦٧ر٢)دۆنم زەوی کشتوکاڵیە لە هەولێر و دهۆک وە(٥٣١٣٩٦)یش بەکەڵکی چاندن نایەت وە (٢٥٠٦٠٧٩) دۆنم زەوی کشتوکاڵی بارانیەو(٢٦١٤٢٠)دۆنمیش بەراوە. ئەو ژمارەیە دیسان من دەمەوێ تەئکید بکەمەوە لە باری ناتایبەتی کوردستان هیچ ژمارەیەکی دەقیق ئیحسایەکی دەقیق نییە ئەم ژمارانە دیسان دەڵێم هەمووی تەقدیریە، بەلام ویستمان وێنەیک نیشان بدەین بە ئێوە چونکە ئێمە ئێستا بە دەقیقی لەوانەیە سلێمانی نەزانین هەتا بزانین چ گۆرانکاریەک لەم دوایانە ڕویداوە بەردەوام ئەو زروفە وای کردووە کە نەتوانین ئێمە سەرژمێریەکی دەقیقمان هەبێت. بەڕێزان ئیستراتیجیەتی وزارەتی کشتوکاڵ کە بە شێکە لە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتی یە لە سێ خاڵی سەرەکی:

١ـ مسۆگەرکردنی ئاسایشی خۆراک واتە (الأمن الغذائي).

٢ـ هاندانی جوتیاران بۆ گەرانەوەی سەر گوند و دەست کردن بە چالاکی ئابووری لەبواری گشتوکاڵ.

٣ـ پاراستنی ژینگە لە ڕێگای پاراستنی ئاوو خاک و دارستان.

خاڵی (الأمن الغذائي) واتە ئاسایشی خۆراک کە زۆر گرنگە بۆ ئێمە ئێستا بەهۆی دابەش کردنی خۆراک هەستی پێ ناکرێ بەلام دەمەوێ هەندێ ژمارەتان پێشکەش بکەم لەو بارەوە.
دانیشتوانی هەر سێ پارێزگای هەولێر و دهۆک و سلێمانی ئێستا ئەوەی لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدایە نزیکەی (٠٠٠ر٥٠٠ر٣)ملیۆن کەس بەپێی ئەو سەرژمێریانەی کە لەژێر دەستی ئێمەیە. ئەگەر هەر نەفەرێک (١٠) کیلۆ ئارد مانگانە پێویستی بی بۆ یەک ساڵ پێویستمان بە نزیکەی (٠٠٠ر٤٢٠)تەن ئارد هەیە، جگە لەوە بۆ تۆو (٠٠٠ر٧٠) هەزار تەن گەنم هەیە، کەچی بەرهەمی کوردستان لە گەنم کە بناغەی ئاسایشی خۆراکمانە ساڵانی ڕابردوو تاکو ئێستا بەم شێوەیە بووە:
ساڵی ١٩٨٨ ـ ١٩٨٩ کە لە ساڵە شومەکانی تەعریب و وێرانکردنی گوندەکان بوو هەموو

بەرهەمی کوردستان لە گەنم (٠٠٠ر١٢٣)تەن بووە.
ساڵانەی ١٩٩٣ ـ ١٩٩٦ ئەم سێ ساڵە مەعەدەلاتی بەرهممان نزیکەی (٠٠٠ر٥٠٠)هەزار تەن بووە.
بەهۆی وشکە ساڵی لەلایەک نەمانی بازاری گەنم لەلایەکی ترەوە بەرهەم لە ساڵانی.

| ساڵ | گەنم | جۆ |
| --- | --- | --- |
| ١٩٩٧ ـ ١٩٩٨ | ٣٥٥ هەزار | ١٢٥هەزار |
| ١٩٩٨ ـ ١٩٩٩ | ١١٢ هەزار | ٤٧ هەزار |
| ١٩٩٩ ـ ٢٠٠٠ | ٢٤٣ هەزار | ٨٧ هەزار |

ئەمانە هەمووی سەرژمێری سلیمانیشە بەڵام ئەمەیان تەنها سەرژمێری هەولێر و دهۆکە

| | | |
| --- | --- | --- |
| ٢٠٠٠ ـ ٢٠٠١ | ٣٤٦ هەزار | ١٢٢ هەزار |

بەو پێ یە ئێمە پێویستمان بە زیاتر لە نیو ملیۆن تەن گەنم هەیە. کە بەرێگای چاککردنی شێوازی بەرهەمهێنان وباش بوونی بازار دەکرێ پێی بگەین.
وزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری تێکڕای چالاکیەکانی جگە لە مووچە و نەسریە هەندێ کاری ئیداری هەمووی لەسەر پارەی نەوت جێبەجێ دەکرێت، کە لایەنی بەرهەمهێنانی رووەکی ولایەنی ئاژەڵداری و بە دەواجنەوەو ئاودێری و بیرلێدان ودارستان وباخە وئیرشاد ولێکۆلینەوەی کشتوکاڵی و زەوی وزار دەگرێتەوە.
بە پێویستی دەزانم هەندێ ڕاستی بخەمە بەردەم بەرێزان دەربارەی هەندێک لەو چالاکی وکارانەی کە وزارەتی کشتوکاڵ ئەنجامی داوە لە هەموو بوارەکاندا.
یەکەم:لە بواری دارستانەوە: دەست پێ دەکەم چونکە شتێکە کە ڕەنگە زیاتر لە لایەنەکانی تر بەرچاوبێ.
دارستانی کوردستان بە هۆی زۆر هۆکار بەر لە ڕاپەرین و، ژمارەیەکی زۆر دوای ڕاپەرین لە ناوچووە، هەروەها وشکەساڵیش لە سێ ساڵی ڕابردوو زیانی زۆری بە دارستان گەیاند. ئێمە دوو جۆرە دارستانمان هەیە سروشتی و دەستکرد رووبەری سروشتی (٠٠٠ر٥٦٤ر٦) ملیۆن دۆنم مەرج نییە ئەم رووبەرە هەمووی مابێت زۆری لەبەین چووە بەڵام ئەوە رووبەرێکە کە لەسەر خەریتەو حساباتی زەوی وزار دەست نیشانکراوە و، رووبەری دەستکرد (٧١٨ر٦١) دۆنم زەوی میوە (٤٥٨ر٤٠)دۆنم.
* لە ساڵانی(١٩٩٩ ـ ٢٠٠٠ ـ ٢٠٠١) لە هەولێرو دهۆک و چ لە دەرەوەی شار و رێگاو بانەکان چ بۆ ناو شارو بەسەدان هەزار نەمام بەرهەمهێنراوە و چاندراوە،
ئێستا لە هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک چوار نەمامگەی گەورەی بەرهەم هێنانی دارستانمان هەیە لە هەولێر (خەبات ، رێگای عەنکاوە)، لە دهۆک (مالطا، زاخۆ) لەگەڵ چەند نەمامگەیەکی تری نەمامی میوە کە لەسەر تەواو بوونە لە(بەرزێوە ، مالطا).

* بەرهەمی ئەمساڵ هەموو نەمامگەکان گەیشتۆتە(١٤٠٠٠٠ ١)نەمام ئامادەیە بۆ چاندن وە نیاز وایە لەساڵی ئاینده چەند نەمامگەی تر لە(ئاکرێ، سۆران) بکرێتەوە.
* ساڵی (١٩٩٩ ــ ٢٠٠٠) چوار هەزار دۆنم زەوی کراوەتەوە دارستان لە هەردوو پارێزگا کە(٥٠٠,٠٠٠) نەمامی چاندراوە و، رێژەی سەرکەوتنی (٥٥٪) بووە بۆ ساڵی دواتر ئەوانی وشک بوونە دووبارە چاندراونەتەوە واتە(ترقیع)کراوە.
* لەساڵی (٢٠٠٠-٢٠٠١)(٦٠٨٠) دۆنم دارستان چاندراوە لە هەردوو پارێزگا کە رێژەی سەرکەوتنی (٧٠٪) بووە و، نزیکەی (١) ملیۆن شتل چاندراوە بێجگە لەوەی شارو گوندەکان بۆ شارەوانی و قوتابخانەو هاوڵاتیان نزیکەی (١٨٠,٠٠٠) نەمام دابەش کراوە جگە لەوەی (٣٩٦) لە هەولێرە و (١١٠) دۆنم لە دهۆک لەرێگا بانە گشتیەکان چاندراوە، لەوانە هەولێر تا قوشتەپە، هەولێر تاکو کانی قرژاڵە، هەولێر تاکو خانزاد، هەروەها رێگاکانی دهۆک و ئاکرێش.
* ئەوەی جێگای خۆشحالیە خەڵک لە گوندو شار ئێستا هۆشیاری پاراستنی دارستانیان لەلا زیاتر بووە گیروگرفتی سەرەکی دارستان لەم ساڵانە کەم ئاوی ووشکە ساڵییە.
* لەتەک چاندن و بەرنامەی چاککردن و پاراستنی دارستانی سروشتی و خەریکین زیاتر بایەخی پێبدەین لەدوو ساڵی رابردوو لە هەولێر(٣٦٠٠) دۆنم و لە دهۆک (٢٤٠٠) دۆنم ئیدامە کراوە، ئەمساڵیش بە هەزاران دۆنم رێک دەخرێن و پاک دەکرێنەوە، تاکو ئێستا (٦٦٥٣)م٣ بەنداوی بەردی بۆ پاراستنی خاک ئەنجام دراوە، بەرنامەی ئاییندەمان بایەخدانە بە درەختی بەرهەمدار. ئەمساڵ لە دهۆک تا ئێستا (٨٢٥٠٠) نەمامی زەیتون و باوی و سنەوبەر کە زۆربەیان لەوانە نەمامە زیتونن لە پشت سەدی دهۆک چاندراوە هەروەها موتوربەکردنی قەزوان بە فستەق و دروستکردنی رەزی ترێ بەرێگای تازە ئەنجام دەدرێت، ئەمساڵ رێگاکانی دەورووبەری شارەکان لە هەولێر تاکو قوشتەپەو شەش رەزی نمونەی لە هەولێر لە پیرمام و سەفین و هاودیان و شۆرش و رەواندز و هیران، چواریش لە دهۆک لە ئاکرێ و ئەتروش و سوارەتووکە و سندوور جێبەجێ کراوەو تەسلیم بە جوتیاران دەکرێت پاش تەوابوون جگە لە بە پێش خستنی چوار رەز لە هەولێرو حەفتیش لە دهۆک بەشێوەی زانستی جاندراوە ئێستاش لە هەولێر (١٩) هەزار نەمام ترێ و لە دهۆک (٢٧) هەزار نەمامی میو لەبەر دەستە بۆ چاندن بۆ هاوکاری جوتیاران، لەسەر هەمان رێگا لە شەش گوند لە هەولێر و دە گوند لە دهۆک کە هەڵ بژێردراون بۆ رەزی نمونەیی بەرێگای تازە کە بچێندرێ بە میو و باوی لە هەولێر لە بەرسرین و سوسێ و کانی دەربەند و دێگەڵە و سۆرک هەروەها لە دهۆک لە (لیناڤا و شاورکێ و ئەرادن ونفارا و بریفکان وکانی فاک وسەرگوڵ) چەند جێگایەکی تر هەروەها دەربارەی پاوان ساڵی پار (٣) پرۆژەی پاوان بەرووبەری (٥٧) دۆنم لە هەولێر (٤)یش بە رووبەری (٣٠٠) دۆنم لە دهۆک جێ بەجێ کراوە ئەمساڵیش (٦) پرۆژە بە رووبەری (٣٠٠) دۆنم لە هەولێر (دێگەلە ، کەسنەزان ، کۆرێ ، هەریر ، خەلیفان ،سۆران) و، (٣) پرۆژە بە رووبەری (١٩٧) دۆنم لە دهۆک (هێنراوە، بادی ، نورالدیناڤا) لە

ژێر جێ بە جێ کردنە، کەدەچێندرێن بە تۆوی پاوان ئیستراد دەکرێت سەر لەنوێ دەچێندرێنەوە چونکە پاوانەکانمان ئەزیەتی زۆریان پێ گەیشتییە.

دووەم خاڵ لە چالاکیەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری پرۆژەکانی ئاودێریە :

لە ماوەی رابردووی لەسەر بەرنامەی (٩٨٦) ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی ئاودێری و بیری ئیرتیوازی و حەوزی ئاو لێدراوە جگە لە دابەش کردنی کەرستەو موضخەی ئاوو مولیدەو بۆری و پارچەی یەدەک جێ بە جێ و دابەش کراوە.

* ژمارەی پرۆژەکانی ئاودێری (١٠٤) پرۆژەن کە (٥٣) گوند سوودی لێ وەرگرتووەو (٩٤٠٠٥) دۆنمی بەراوکردووە.

* ژمارەی بیری ئیرتوازی کە لێدراوە بۆ دارستان و بۆ ئاودانی مەڕو ماڵات (١٠٢)بیرە.[لە هەولێر(٦٩) وە لە دهۆک(٣٣)] لەگەڵ دروستکردنی ژوورو تاخمی بیری ئیرتوازی کە لە هەولێر (٢٩) بووە لەدهۆک (١٠) بووە، هەروەها لە ماوەی رابردوودا ماوەی سێ ساڵی رابردوو (١٥٢٠)موزخەی سەتحی جۆراوجۆر (6-8-12-20-HP) حسان دابەش کران لەگەڵ (٢٢٠)موزخەی بیری ئیرتوازی کارەبایی و دیزل.

دابەش کردنی (٩٠)مولیدەی کارەبا بەسەر خەڵک و جوتیاران هەموو لایەنەکان دەگرتەوە دابەشکراوە، (٥٣) هەزار مەتر بۆری جۆراو جۆر لەگەڵ دابەشکردنی (١٧٠٠)پارچە یەدەگی جۆراوجۆر بەسەر جوتیاران کە لە هەولێر (٨١٢) جوتیار سوودمەند بووە لە دهۆک (٩٨٨) جوتیار سوودیان لێ وەرگرتووە .لیستی ناوی موستەفیدەکان تەبعەن هەمووی لامانە بەشێکمان پێشکەش کردووە لەو پرۆژەی کە لەژێر دەستی لیژنەی پەرلەمانە، ئەو پرۆژانەی کە دروستکراون زۆربەی ئەو شوێنانەی گرتۆتەوە کە جۆگەیان هەیە دەربارەی پرۆژەی ئاودێری، زەوی بەراویان هەیەو بەرنامەی وەزارەت لە ئایندە ئەوەیە کە هەموو جۆگاکانی گوندەکان کە ئاویان هەیە کۆنکریت بکرێت و لەجیاتی بەربەستی خۆڵ و دار بکرێت بە کۆنکریت، کە یارمەتی دەرو ئاسانکارییە بۆ جوتیاران، هەروەها بۆ ئەوەی نەهێڵین ئاو بە فیرۆ بڕوات بەتایبەتیش بیری وشکە ساڵی وای لێکردین کەوا زۆر شت والێ بکەین کە ئاومان لەدەست نەڕوات بۆ کانیەکانی کە هەمانە لەماوەی پارو ئەمساڵ (٢٦٣) حەوزی ئاو کۆنکریت کراوە بۆ ئەوەی ئەم ئاوە بەفیڕۆ نەچێت بتوانن شەو هەڵیگرن تا بەرۆژ سوودی لێ وەربگرن بەکولفەی (٢٠١٧٩٨) دۆلار، هەر لە بواری هاوکاری کردنی جوتیاران لە بواری ئاو بۆ مەڕو ماڵات بۆ باخچەو دارستانەکان جگە لە تانکەرەکانی وەزارەت لە ساڵی (٢٠٠٠) زیاتر لە یەک ملیار لیتر ئاو لە (٦٦٢) گوند کە لە هەولێر(٣٩٧)و، لە دهۆک (٢٦٥)گوند دابەش کراوە بۆ ماوەی (٦)مانگ.

* لە ساڵی ٢٠٠١ کە وشکە ساڵی تەئسیری کەمتر بوو (٣٠٠) ملیۆن لتر لەسەر (٤١٥) گوند دابەشکراوە کە لە هەولێر (٢٤٧)، لەدهۆک (١٦٨) گوند تاکو چەند رۆژ بەر لە ئێستا ئەو پرۆژەیە بەردەوامە.

سێ یەم: بیناسازیی:
خۆتان دەزانن دوای ڕاپەڕین زۆربەی دامودەزگاکانی حکومەت یەک لەوانەش وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری زۆر یان وێران بووە یان بەکەڵک ئەوە نەماوە ئێشتی تێدا بکرێت لەبەر ئەوە بەرنامەی نوژەن کردنەوە هەم دروستکردن لە ماوەی ڕابردوودا (٤٠٩) بینای جۆراو جۆر دروستکراوە و یان نۆژەن کـراونەتەوە کـە (٢٢٠)ی لە هەولێـر، (١٨٩) لە دهۆک کـۆی تێـچـوونی بایی (٧٠٨٠٨،٣٧٤) ملیۆن دینار بووە.
چوارەم: لە بواری سەیاراتی جۆراوجۆر لەسەر بەرنامەی ٩٨٦ (٧٣) سەیارە و (٤١) تانکەرو شۆفڵ و (٩١) تراکتۆرو (٩٢) دەزگای جۆراو جۆری تر وەکو (قلاب، حفارە...) هاتووە کە بەم دوایە گەیشتوون.
هەروەها (٤) دەزگای بیـر لێـدانی داندۆی ئینگلیـزی دوو بۆ دهۆک دوو بۆ هەولێر کـە هەریەکـە بە(٨٠٠) هەزار دۆلار کڕاوەو گەیشتووەو ئێستـا لە کاردایە، هەروەها (٥) دەزگـای تریش لە سەرەتای ساڵی ئایندە دەگاتە کوردستان، جگە لەوە دوو مـانگ بەر لە ئێستا دەزگایەکی ئۆفسێت (مطبعە) بە بڕی (٨٠٠)هەزار دۆلار کڕاوە و گەیشتۆتە ئێرە ئێستـا لە کارکردن دایە،هەروەها پێنج دەزگای تری داندۆ لە سەرەتای ساڵی ئایندە دەگاتە کوردستان، جگە لەوە دوو مانگ بەر لە ئێستـا دەزگـایەکی ئۆفسێت بەمەبەستی ئیرشـادی کشـتوکاڵی بە نرخی (٨٥٠) هەزار دۆلار گەیشتۆتە ئێرە و ئێستا لە قۆناغی دانانە.
خـاڵێکی تر لە چالاکیـەکانی وەزارەت ، بواری سامـانی ئاژەڵە سامـانی ئاژەڵ پێشکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە، ژمارەی مەڕ و بزن بەپێی دوا ئامار لە هەولێر (٨٦٨١٩١)ە ، دیسان دوپاتی دەکەمەوە کە ئەو ژمارانە مەرج نییە سەدا سەد ڕاست بن، بەڵام ڕاست ترین ژمارەن کە لەبەر دەسـتـمـان هەیە، و لە دهۆک (٧٧٨٥٤٩) سـەر، (١٤٢) هەزار مـانگا لە هەولێـر، (٦٤٧٩٨) سەر مانگا لە دهۆک ، واتا ژمارەی سەری مانگا و مەڕ و بزن بەو شێوەیەیە، ببورن ئێستـا ژمارەکانتان بۆ دوبارە دەکەمەوە ، لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوو (١٢) ملیـون جورعە ئەو ئاژەڵانە بەگشتی واکسین کراون، واتا چەند کردار بۆ هەر جۆرە نەخۆشیەک جا نەخۆشی جۆراو جۆر کە ناوەناوە سەری هەڵداوە، ئەو ئاژەڵانە هەموویان تەلقیح کراون، ئەو واکسینانە هەموو کولفەیە لەبەر ئەوە ئێمە ئاماژەی بۆ دەکەین لەوانەیە خەڵکێک بپرسێت کە ئەو پارەیەی (٩٨٦) یان ئەو پارەیەی کـە دێت چی لێ دێت و چۆن خـەرج دەکرێت؟ تاکو سـورەتێک هەبێت کـە ئەو پارانە لە چ بوارێک سەرف دەکرێت، لەمـاوەی وشکە سـاڵی بۆ هاوکـاری کـردنی خـاوەن مـەڕ و ماڵاتەکان بە سێ وەجبە ئالیکی ئاژەڵ دابەش کراوە نزیکەی (٧٩) هەزار تەن ئالیکی مورەکەز و (٤٨) هەزار و هەندێک لە هەولێر، و (٣٠) هەزار و کسور لە دهۆک دابەش کراوە پار، ئەم ساڵ بە سێ وەجبە.
هەروەها لە ڕووی دەواجنەوە پێشکەوتنێکی گەورە و دیار بەر چاو دەکەوێت، لەساڵی ١٩٩٦ لە

هەولێر تەنها (٢٣) دەواجن هەبوو جگە لە دەواجنی گەورە ، لە دهۆک تەنها دوو دەواجن هەبوو، واتا لە هەولێر جگە لە دەواجنی گەورە کە دەواجنی شمالیە لەگەڵ (٢٣) دەواجن و لە دهۆکیش تەنها دوو دەواجنی ئەهلی هەبوو، ئێستا ژمارەی دەواجنی بچوک و ناوەنجی بۆ بەرهەمی گۆشت لە هەولێر (٢٩٢) پرۆژەی تایبەتی دەواجن هەیە کە بە وزەی هەر وەجبەی (٣١٩٤٠٠٠) بەرهەمەکەیەتی، واتا هەر وەجبەی لە هەولێر سێ مانگە ئەو ژمارەی سەرەوە بەرهەمیەتی واتا ساڵانە نزیکەی (١٣) ملیون مریشکی گۆشت بەرهەم دێت و هەروەها بەرهەمی هێلکەی خواردن (١٠٠) ملیون هێلکەیە لە ساڵێک و هێلکەی تروکاندن (٨) ملیون هێلکەیە لە ساڵێک، ژمارە دەواجن لە دهۆک هی کەرتی تایبەت کەیشتۆتە ٤٥ پرۆژە کە توانای بەرهەم هێنانی هەر وەجبەیەکی (٧٠)رۆژی (٥٤١) هەزار مریشکە واتا ساڵانە (٢٧٠٠٠٠٠) بەرهەمیەتی واتا وەجبەی بەخێو کردنیان (٧٠) رۆژە،پرۆژەی گەورەی دهۆک کە بەو دواییە بە کارکەوتۆتەوە ساڵانە (٦) ملیون مریشک بەرهەمیەتی ، جگە لە (٩) ملیۆن هێلکەی تروکاندن، کە ئەویش پاڵپشتی ئەو دەواجنانە دەکات بۆ پێداویستیەکانیان، لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو (٨٦٥٧) تەن پرۆتین ،(٥٨٥٧)تەن دەرە،(٢١)و کسور تەن سۆیا دابەش کراوە بەسەر ئەو دەواجنانە کە دروست بوون، (٤٩٠)لە کەرستەی جۆراو جۆری دەواجنەکان لە حازنە لە موفەریخات لە مەناهیل دابەش کراوە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە نرخی گۆشت بە شێوەیەکی بەرچاو لە ساڵی ١٩٩٦ لە کیلۆی (٤٠) دینار بگاتە نێوان (١٤) دینار تا (١٨) دینار لە بازارەکاندا، ئەوەش راستەوخۆ کاری کردۆتە سەر باری موستەهلیک، هەروەها لە هەنگاوێکی تردا کە لایەنی بەرهەم هێنانی ماسی کە لایەنێکی زۆر گرنگە، ئەو لایەنە پشت گوێخرابوو، لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو دەست کراوەتەوە بە بەرهەم هێنانەوەی ماسی، وەکو سەرەتایەک مەفقەسێکی ماسی گەورە لە رێگای عەنکاوە دروست کراوە کە ئەگەر بە وزەی تەواوی خۆی کار بکات نزیکەی (٢٠) ملیۆن پەنجە ماسی بەرهەم دێنێت کە ئەو پەنجە ماسیانە دابەش دەکرێن بەسەر ئەو کەسانەی کە حەوزی ماسی بەخێو کردنیان دروست کردوە، ئێستا ژمارەی (٤٤) پرۆژەیە، (٣٢) لە هەولێر ، (١٢) لە دهۆک کە بە تازەیی دروست کراون و کەوتونەتە بەرهەم هێنان، لەماوەی رابردوو لەلایەن ئەو مەفقەسی ماسیە بێجگە لە پێویستیەکان و ئالیک (١٥٠) هەزار پەنجە ماسیان بەسەر دابەش کراوە تاکو خۆیان بە خێوی بکەن و پاشان بیهێننە بازار بۆ قازانجی خۆیان، هەروەها لە بواری دەواجن وەکو هاندانێک بۆ ئەو دێیانەی کە تازە ئاوەدان کراونەتەوە تاکو خەڵکەکە بتوانێ استقرار بێت لەبەر ئەوەی خانوو بەتەنها نانی خەڵک نادات بەڵکو دەبێت بەرهەمیشی هەبێت ئەوە لەبەر چاو گیراوە تواندراوە لەسەر بڕیاری ٩٨٦ لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو (٨٨٦٠٠) مریشکی هێلکەکەر دابەش بکرێت بەسەر خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت لە (٦٢٨) گوند (٤٤٥) گوند لە هەولێر و (١٨٣) دێی تازە ئاوەدان کراوە لە هەولێر و دهۆک.

ئێستا دێینە سەر بەرهەم هێنانی رووەکی لە بواری بەرهەم هێنانی رووەکی و یارمەتی دانی

جــوتيــاران به پەين و تۆ و ئەو جــۆرە شــتـــانە تاكــو ئێـســـتــا (٣٥٩٤٦) تەن پەينی كـيـمـيـايی،(١٥١٣٣) تەن گـەنم و جۆ و جۆرەها تۆ، تۆی سـەوزە و گـەنمەشامی و گـوڵەبەرۆژەی پيشەسازی بەسەر جوتياران دابەش كراوە، لەبواری هاوكاری كردنی جوتياران بە كەرستەی يەدەگ تاكو ئێستا (٥٥٢٢) جوت تايەی تراكتۆر،(١٤٢٨) جوت تايەی دەڕاسە، لەگەڵ (٢١٢) هەزار كەل و پەلی جۆرا و جۆری تركتۆر و دەڕاسە، جگە لە (١٣٢٢٦) پەمپی رشاندنی دژ بە نەخۆشی و (٦٢٥٦) شانە و كەرستەی هەنگ بەخێو كردن،(٣٣٨١) بەدلە و قيناعی هەنگ بەخێو كردن دابەش كراوە بەسـەر جـوتيـاران لە هەمـوو ئەو بوارانەی كە گـرتوبەتيەوە و لە هەنگاوێكی گرنگی تردا بۆ دەست گـرتنی جـوتيـاران بەتايبـەتی لەو ناوچانەی كـە هەم تووشی نـەهامـەتی و نەهاتی و وشكە سـاڵی هاتوون و هەم تووشی نەخـۆش هاتوون سـاڵی پار ناوچەی دەشـتی هەولێـر تـوشی نەخـۆشی كـرمی تۆشكدار بوو لـەوانەيە لەناو كـوردەواری خـۆمـان ناوی تريشی هەبێت، سـەبارەت بەو جوتـيارانەی كە بەرهەمەكانيـان تووشی ئەو جۆرە نەخۆشيە بوون توانيمـان بڕی (٨٠٠) هەزار دۆلار لە بەرنامـەی ٩٨٦ بەناوی وەرد و شـۆ نـەك بەناوی قـەرەبوو لـەبەر ئەوەی بۆ قـەرەبوو لـەو بەرنامـەيە ئەو بوارە نييە، بەناوی وەرد و شۆ بۆ (٦٥) گوند لە سنوری كشـتوكاڵی قوشتـەپە و عـەنكاوە و خـەبات دابەش كراوە كـە بۆ هەر دۆنمێك نزيكەی (١٠٠) دينار بە هـەر جوتيـارێك دراوە و ژمارەی (٣٨٥٨) جوتيـار راستـەوخۆ سـوديان لـەوە وەرگرتووە كە ئـەوەش دەستگرتنێكی يەكجار باش بوو.

لە بـوارێكی تردا لـە دوو سـاڵی رابردوو لە رووی ئەو ئـامـێـرە تازانەی بەرد كـۆكـەرەوە كـەبۆمـان هاتوون (٧٣١١) دۆنم زەوی جـوتيـاران پـاك كـراوەتەوە لە هەولێـر (٥٤٤٦) لە (٦٣) گـوند و (٢٧٦) جوتيار سودمەند بون، و لە دهۆكيش (١٨٦٥) دۆنم، كە (٢٨) گوند و (١٥٤) جوتيار سـودمـەند بوون، هەوەها ئـێـسـتـا ئێـمـە بەرنامـەيەكی ترمـان بەدەسـتـەوەيە كـە لـەم زوانە دەسـتی پێدەكەين پاك كردنەوەی ئەو پاشماوە كۆنكريتيەی كە لە كۆمەڵگا زۆرە ملێكان هەبوون، بۆ نمونە لە كـانی قرژاڵە، لە بەرحوشتر، لە كۆمـەڵگاكـانی تری قوشتـەپە كە كاتی خۆی زەوی زراعی بوون ئێستا خەڵكەكەی گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی، بەڵام زەويەكان بە كەڵك نايەن ، پارە تەرخان كراون كەوا تەسفيـە بكرێن ، هەندێكی خەريكە بدرێتە بەڵێن دەر تاكو ئەوانەش سەر لەنوێ بكرێنەوە زەوی كشتوكاڵ.

ديارە هەنگاوێكی گرنگ بۆ هاوكاری كردنی جوتياران ئەوە بوو كەهاوينی رابردوو بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيران كاك نێچيرڤان بارزانی رەزامەندی لەسەر بە بازار كردنی گەنمی دەربڕی كە بازاڕی زۆر شكا بوو، رەزامـەندی كـرا لەسـەر ئەوەی كـە ٥٠ هەزار تەن گـەنم لە جـوتيـاران بكڕدرێتەوە، كە ئەوەش خۆی لە خۆيدا بازاڕی خۆش كرد و وای كرد كە جولەيەك بكەوێتە بازاڕ و نرخەكەی بەرز بێتەوە و ئەو گەنمە كە كڕاوە بە پارەيەكی موناسب كراوە و لەسەر بوجەی حكومەتی هەرێم ئەنجام دراوە.

بەڕێزان، لە چوارچێوەی پەرەپێدانی زانیاری جوتیاران و فەرمانبەران تاکو بتوانن لەگەڵ زانیاری تازە بە ڕێوە بڕۆن و بتوانن سود لە تەکنیکی تازە وەر بگرن بۆ بەرهەمی زیاتر تاکو ئێستا (٧٥) خول بۆ فەرمانبەران و (٣٢٤) خول بۆ جوتیاران لە هەموو ناوچەکان کراوەتەوە، کە لەسەر چاندنی دانەوێڵە، بەکارهێنانی ئامێری تازە، بەرهەم هێنانی ماسی و دەواجن،بەرهەم هێنانی باخ و هەنگ و موتوربە کردن کراونەتەوە، ئەو خولانەش لە ناوچەکاندا زۆربەیان لە مەیدان دەکرێت، بێجگە لەوە زۆر لێکۆڵینەوەی گرنگ کراوە کە جوتیاران دەبەن بۆ سەر ئەم شێوە لێکۆڵینەوانە تاکو بە چاوی خۆیان ببینن کەوا شێوازی تازەی بەرهەم چۆنە و هەندێک لە جوتیاران ئەو شێوازانەیان جێبەجێ کردوە و ئەنجامی باشی بەدەست هێناوە.

پێم باشە چەند خاڵێکی بەرنامەی ٩٨٦ و فێسەکانی بخەمە بەر چاوی بەڕێزتان، لە بوای دەست پێکردنی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە لە ١٩٩٧ تاکو ئێستا (١١) فێس ئامادە کراوە، فێس واتا (٦) مانگ جارێک پارەی نەوت کە دەفرۆشرێت بەگوێرەی بڕیاری ٩٨٦ و دابەش دەکرێت بەپێی بەشی کوردستان کە (١٣٪) یە ئەو ڕێژەیەش چۆن دابەش دەکرێت بەسەر هەر کەرتێک لە کەرتەکانی کە ئەو بڕیارە دەیان گرێتەوە لەو بەرنامەیە، تاکو ئێستا (٦) فێس زۆربەی جێبەجێ کراوە، فێسی (٧) پتر لە نیوەی جێبەجێ کراوە، فێسی (٨) لە ٢٠٠١/١١/١٥ دوای ڕەزامەندی درا لە نیویورک لە ئەنجومەنی ئاسایش و لایەنی پەیوەندی دار بەباشی دەزانم سورەتێکتان بدەمێ لەسەر پارەی فێسەکانی ڕابردوو، بە گشتی کۆی ئەو فێسانە بایی (٢٢٩) ملیون دۆلارە تەنها بۆ کەرتی کشتوکاڵ، فێسی یەکەم (١٧٨٣٣)، فێسی دووەم (٢٤٣٤٥)، فێسی سێیەم (٢٣٨١٢)،فێسی چوارەم (٢١٦٠٢)، فێسی پێنجەم (٤٧) ملیون ،فێسی شەشەم (٥١) ملیون ،فێسی حەفتەم (٤٤) ملیون ، فێسی هەشتەم بەراستی ئێمە تاکو ئێستا نازانین ئەو فێسە لەسەر چەند ڕاوەستاوە، تاکو ئێستا (٣) جار گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە (٢٥٠) ملیون بوو بە (٢١٣) ملیون بوو بە (١٩٠) ملیون بوو بە (١٦٠) ملیون ، ئێستا وای بۆ دەچین کە لە سنوری (١٧٠) ملیون بێت، لە دوایی لەوانەیە هەندێ ژمارەی فێسەکانتان بدەمێ، بەڵام ناتوانم جەزمی بکەم چونکە پارە هەر دەم لە گۆڕاندایە دوێنێ فێسی (١١) مان ئامادە دەکرد بەرپرسی (UN) لەعێراق هاتبوو بەیانی بەرنامەیەکمان بۆ هاتبوو لەسەر پارەی نەوت، ئێوارە پێش ئەوەی دەست پێبکەین گوتیان دیسان گۆڕانکاری کراوە، لەبەر ئەوە ئەو ژمارانە سەدا سەد تەواو نین بەڵام ئەوەی بۆم خوێندنەوە بۆتان تەئکید دەکەمەوە، بە پێی خەمڵاندنی ئێمە پارەی تەرخان کراو لە فێسەکانی کە ماوە (٤٥٠) ملیون بکات واتا لە فێسی (٨) تاکو فێسی (١١)، واتا ئەگەر ئێمە لە (٧) فێسەکەی تر کە (٢٩٠) ملیومان سەرف کردبێت ، ئەو هەموو بەرهەمانەی کە نیشانتاندرا حەتمەن لە فێسەکانی دادێ بەرهەمی زیاتر دەکرێت لە کاتێکدا کە لەوانەیە فێسەکانی سەرەتا بێ ئەزموونی وای کردبێت کە نەمان توانیبێت سوودمان لەو توانایە وەرگرین. هەموومان دەزانین کە خەرج کردنی ئەو پارەیە لە دەست (UN

)ە و رۆتینێکی زۆر هەیە تاکو دەگاتە ئاستی جێبەجێ کردن ئەو پارەیە بە دوو شێوە خەرج دەکرێت هەندێکی لە دەرەوە لە ڕێگای بەڵێندەر سەبارەت بە ئێمەوە کە فاو لێی بەرپرسە لە رۆما شتەکان دەکردرێن و دەکرێتە تەندەر و رەوانەی کوردستان دەکرێت، هەندێ لەو پارانەش پارەی نەقدیە ئەو کار و بینا و بیر لێدان و پرۆژەی بەنداو و جۆگا و دارستان لە خۆ دەگرێت کە ئەویش زۆربەی لە رێگای تەندەر و بەڵێندەر لێرە دەکرێت واتا فاو لێرە خۆی تەندەر دروست دەکات و پاش ئەوەی رەزامەندی وەردەگرێت لەسەر تەندەرەکە و ئەو پرۆژانەی کە دەست نیشان دەکرێن دەکرێنە تەندەر و بەڵێندەرایەتی، پرۆژەکان هەمووی لە لایەن وەزارەتەوە ئامادە دەکرێن و ناوچەکان دەست نیشان دەکرێن ئامێرەکان لێرەوە لەگەڵ خەڵکی شارەزای بێگانە دەست نیشان دەکرێن تاکو لە کاتی تەندەر کردن لە رۆما داوا کاریەکان لەبەر چاو بگیرێت، ئەوە سەبارەت بە ئێمە، بەمەبەستی زیاتر تێگەیشتنی داواکاریەکانی ئێمە کە شتی باش بۆ کوردستان بکرێت یان بۆ پەلە کردن لە جێبەجێ کردنی، ئێمە لە هەموو لایەک لە هەوڵ داین و بەردەوام لە پەیوەندیی داین لەگەڵ فاو لە رۆما و بۆ ئەم مەبەستەش مانگی رابردوو سەردانی بارەگای سەرەکی فاومان کرد لە رۆما لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەوێ سێ مانگ دیدارمان ئەنجام دا لە ئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی ئەو کۆسپ و تەگەرانە لا بچن و ئاسان تر دەنگمان پێیان بگات.

خاڵێکی تر کە دەمەوێ بیخەمە بەر دەستی بەڕێزتان بابەتی رووپێوی زەویە و رووپێوی بە پیتی زەوی کە پێی دەگووترێ( المسح الخصوبي)، لەبەر نەبوونی زانیاری واقیعی تەواو لەسەر زەوی و زار لە کوردستان هەروەها نەبوونی یان کەمی نەخشە دەربارەی هەندێ کەرتی کشتوکاڵ بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر ناوچەکەماندا هاتووە، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری روپێوێکی تەواوی زەویەکانی کوردستانی کرد کە لە ٢٠٠٠/٧/١ وە دەستی پێکرد (٥٤٥٠٠٠٠) دینار تەرخان کرا و لەو رووپێویە خەرج کرا، ئەو رووپێویە لە رێگای ١٢ تیم لە هەولێر ٨ تیم لە دهۆک کە نزیکەی (٣٠٠ )رۆژی کاری بەردەوام، خۆی نزیکەی ساڵ و نیوێکی زیاتر خایاند بەڵام باران و رۆژە بە فیرۆچوەکانی لێ دەرکەین، ئامانج لەو رووپێویە چی بوو؟

١ ـ بۆ زانینی رووبەری کشتوکاڵی چ بەراو چ دێم ، رووبەری ئەو زەویانەی کە دەست نادەت بۆ چاندن،جا بەردەڵانە دارستانی سروشتی و دەست کردە یان پاوانە، زانیینی سەرچاوەکانی ئاوی سروشتی وکانیاو و کارێز وروبار، هەروەها زانینی ژمارەی راستی سامانی ئاژەڵ و شێوەی دابەش بوونی ئەو سامانە لەسەر ناوچەکاندا، هەروەها چۆنیەتی بەکار هێنانی زەوی لە لایەن جوتیاران و جۆری رێکخستنی گرێ بەستە لەگەڵیان ، لە رووی یاساییشەوە زۆر گۆڕان بووە لە زەوی ئیتر لەوانەیە کە تێبینی زۆر لەسەر ئەوە هەبێت، لەوانەیە تەجاوز کرابێت لەسەر زەوی یەکێ تەجاوزی لەسەر زەوی ئەوەی تر کردوە یان تەجاوز کردن لەسەر زەوی حکومەت کراوە، یان مەلاک تەجاوزی لەسەر زەوی جوتیاری کردوە، جوتیار تەجاوزی لەسەر زەوی مەلاک کردوە ، خەڵک مەغدورە بۆ نمونە لە ئەنجامی ئەو رووپێویە بۆمان دەرکەوت کە لە ناوچەی بەردەرەش

جوتیار لە گرێبەستەکەی (٤٠) دۆنمی لەسەر نووسراوە بەلام بە عەمەلی (٢١) دۆنمی لەسەرە، ئێمە پارەی (٤٠) دۆنمان لێ وەرگرتووە کەچی خۆی (٢٠) دۆنم ئیستثمار دەکات، ئیتر گۆڕانێکی یەکجار زۆر، ئەوەی لەسەر نەخشەو کاغەز هەیە و ئەوەی لە واقیعی عەمەلیدا بووە، بێگومان ئەوە ئەرکێکی زۆر قورس بوو و دیقەتێکی زۆری تێدا کراوە، دیسان مەرج نییە کە ئەو ئەنجامانەی کە ئێمە بەدەستمان کەوتووە سەدا سەد تەواو بن، بەلام بە تەئکید ئەنجامی زۆر گرنگن و گەیشتوینەتە شتی زۆر باش. مەبەستی سەرەکی ئەوەیە پاش ئەوەی کە ئەو زانیاریانە کۆ دەکرێنەوە و ڕێکدەخرێن و ئەوەیە ئێمە چۆن بتوانین و پلانی ئایندەمان دابنێین لە هەموو رووێکەوە و چۆن بتوانین مامەڵە بکەین لەگەڵ زەوی و لەوانەیە پێویست بەوە بکات ئەگەر هەموارێکی یاسایی یان دەرکرنی یان ڕێنماییەکی تازە دەربارەی زەوی بۆ چارەسەر کردنی ئەو زەویانەی کە هەیە و گرفتی گشتین، لەوانەیە ئەوەش یەکێ بێت لەو شتانەی کە لە داهاتوو دێتە بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجومەن و لەوێشەوە ئەگەر پێویستی بە لایەنی یاسایی هەبوو ئەوە دەخرێتە بەردەم بەڕێزتان.

ئەو زانیاریانەی کە لەوانەیە وەکو شتێکی سەرەتایی پێتات بدەین کە لەو رووپێوبە کراوە، لە هەولێر (٧٤٠) کەرت کە (٧٦٨) گوند دەگرێتەوە و مەسح کراوە، (١٥٣) نەخشە ئامادە کراوە، لەو ناوچانەی کە لە هەولێر رووپێوی کراوە،(٣٢٤٩٣٤٩) دۆنم رووپێوی کراوە، لەوە (٥٤٢) هەزار مەحزورە واتا ناوچە هەیە تاکو ئێستا مەسح نەکراوە، ناوچەی سنوریە، لەوانەیە ناوچەی مین ڕێژکراو بێت، لە دهۆک (٨٦٤) کەرت مەسح کراوە کە (٩٢٨) گوند دەگرێتەوە و (١٦١) نەخشە ئامادە کراوە لەسەر ئەو بنچینەیە و کە (٤٣٢٨٦٩٨) دۆنم مەسح کراوە (٦٦١٠٠٠) هێشتا مەحزورە. خاڵێکی تر دەربارەی مەسح ئەوە مەسحی لە رووی روبەر و ئیحسائیات بوو، ئێمە مەسحێکی ترمان دەست پێکردوە کە لەوانەیە زۆر بە کەمی کرا بێت و زۆر زۆریش گرنگە ئەویش کە پێی دەگوترێ مەسحی خسوبی، من ئیختصاصی نیم بەلام ئەوانەی کە ئیختصاصین لەو بارەیەوە رەنگە بایەخی ئەوە بزانن کە بزانین لە کوردستان لە هەر شوێنێک پێکهاتەی ئەو زەویە پێکهاتەی کاربۆنیە، پێکهاتەی عضویە ،پێکهاتەی ترە چی تێدایە؟ تاکو بەگوێرەی ئەوە بزانین ئەو زەویە بە کەلک چی دێت ، بۆ چی باشە ، لەبۆ مێو باشە، بۆ گەنم باشە ، و چ پێکهاتەیەکی کەمە، زۆر جار وەیە جوتیاری ئێمە بەبێ فەحس دەچێ پەین بە زەویەکەیدا دەکات لەوانەیە نەزانێت مورەکەبی دەوێت یان یوریای دەوێت یان شتێکی تری دەوێت، ئەو مەسحە لەوانەیە زانیاریەکمان بداتێ نەخشەیەک بتوانین دروست بکەین، تاکو ئێستا ئەوەی لەو مەسحەدا کراوە ٣ هەزار نمونەکۆکراوەتەوە لە هەموو ئەو شوێنانەی کوردستان کە ئەو رووپێویە شمولی کردوە و ئەوە دەخرێتە تاقیگە بەلام هێشتا کرداری تەحلیل دەستی پێ نەکردوە لەو رۆژانە دەست پێدەکات کولیژەکانی کشتوکاڵ لە هەولێر و دهۆک و پسپۆڕان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری پێی هەڵدەستن و ئەنجامەکانی دەکرێتە نەخشە و کاری لەسەر دەکرێت.

بێــجگە لەو شــتــانەی کــە باس کــران دەمــەوێت بە کــورتی باسی هەندێ شت بکەم لەوانەیە هەندێکیـان دووبارە ببنەوە بەڵام هەندێ گۆڕان لەوانەیە لە داهاتوودا بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە پرۆژەکانی ئاودێری کە پێشتر پرۆژەی بچوک بوون لەوانەیە خۆشتان بزانن هۆکارەکەی چییە، سەرەتا ئێمە لە ئاسانەوە دەستمان پێکرد و پرۆژەی گەورە بەتایبەتی پرۆژەی گەورەی کە گرنگن پرۆژەی ئاودێریە پرۆژەی ئاودێریش لێتان ناشارمەوە کە جێبەجێ کردنی ئاسان نییە لەبەر ئەوەی زۆر کۆسپی لە پێشە، یەک لە کۆسپەکان حکومەتی ناوەندە، مامەڵە کردن لەگەڵ ئاو گرفتێکە و ئێمەش ئەگەر بمانەوێ لەسەر پارەی نەوت شت بکەین ڕەزامەندی نیویورک و روما و عێراقی دەوێت، لەبەر ئەوە پرۆژەی گەورە تموحی ئێمە بووە بەڵام تاکو ئێستا نەمان توانیوە و هەندێ شتیش کە کرابێت ناومان گۆڕیوە، هەوڵ هەیە کە بتوانین لە داهاتوو پرۆژەی گەورەتر بکەین و ژمارەیەکی زۆر لە پرۆژەی بەستاوی خۆڵ یان بەنداوی کە پشت بە کۆکردنەوەی ئاوی باران ببەستێ ئەوە محزوری تێدا نییە ئەوە دەستمان پێکردوە ئێستا ئەوەی لەبەر دەستە دەرکار عەجەم جێبەجێ کرا، خنس جێبەجێ کرا، ئێستا لە قەپەکیان لە قۆناغی دراسەین و سێ بیری دراسە لێدراوە دووانیان تەواو بووە ئەوەی تر وا لێدەدرێت، تاکو تەبیعەتی زەویەکە بزانین، لە بیستانە ،لە عەلیاوە لە کۆمەڵێ شوێن تەفاصیلیشم لەلایە ژمارەیەک لەوانە جێبەجێ دەکرێت، بایەخمان داوە بە پیشە سازی خۆراک، لەو بارەیەوە کارگەی ئاوەتەماتەی هەریر تەواو بوو ، هێڵی دووەمیشی تەواو بووە ئەویش ئیشکالاتی تێدایە و لەوانەیە ئەگەر پرسیار بکەن وەڵام بدەمەوە، کێ بەڕێوەی ببات؟ ئەوە هەر گرفتێکی گەورەیە، حکومەت یان کەرتی تایبەت یان بە هاوبەشی ئەوە خۆی لە خۆیدا گرفــتێکە، کــارگەی روونی گوڵەبەرۆژە لە ئاکرێ تەواو بووە واتا بینا تەواو بووە و کەرستەش تەواو بووە ئێستا لە قۆناغی دامەزراندنن ، مانگێک بەر لە ئێستا نیوەی دامەزرابوو بە تەئکید ئێستا بەرەو کۆتایی دەچێت ،کارگەی ئەلبان لە سێمێل ئەویش مەبدەئیەن تەواو بووە، کارگەی دروست کردنی دانەوێڵە لە باتێل ئەوەش ڕەزامەندی بۆ کراوە، بێجگە لەوە لە هەولێر داوای کارگەیەکی ئەلبان کراوە کە لەسەر ڕێگای عەنکاوە، نێوان سەر ڕێگای تازەی ئیفرازە تاکو بتوانین هەم ئاکرێ و هەم ناوچەی هەولێر پێکەوە ببەستینەوە لەبەر ئەوەی ئەوەی سێمێل لەوانەیە زۆر دور بێت لە ئاکرێ و بەڵام ئەو ڕێگایە دەبێــتــە ڕێگایەکی کــورت لە داهاتوودا ئەویش لە بەرنامەدایە، دوو پرۆژە لەو پرۆژە تازانە پرۆژەی پاراستنی ئاژەڵی کێوی، یەکیان لە حوجران یەکیشیان لە زاویتە، ئەوەی زاویتە ئێستا دەستی پێکردوە و جێبەجێ دەکرێت، ئەوەی حوجران لەوانەیە تۆزێ دوا بکەوێت لە فێزی هەشتەم داندرابوو گواستویانەوە بۆ فێزی نۆیەم لە بەر برانی پارە، لە ماوەی ساڵی ئایندە سەرەتای ساڵی دادێ شتێکی تازە لەسەر داوای ئێمە دەگاتە کوردستان ئێمە داوامان کردوە لەسەر فێزی هەشتەمە، ( ٢٥٠٠ ) دەزگای ئاودێری (اجهزه الری بالرش)کە ئاودێری بە دڵۆپاندن و ئامێری ڕشاندی بچوک کە ( ٢٨٠ ) ئاودێری بە ڕشاندنە ،( ٤٠٠ ) دەزگای دڵۆپاندنە ،( ١٨٢٠ ) دەزگای ڕشاندنی بچوکە، ئەوەی کە دەسوڕێت، هەروەها

(٣٦٥) تراکتۆری جۆراو جۆره،(٣٧) دەڕاسه،(٣٤٧٣) موزەخەی جۆراو جۆره کەچاوه ڕێی ئەوه دەکەین بەشێکیان لە مانگی ٢ و ٣ و ئەوی تری لە هاوین بگەن، من لە کۆتاییدا جارێکی تر زۆر سوپاسی هەموو لایه دەکەم و کە کاتێکی زۆرم لێ گرتن بە پێشکەش کردنی ئەو ڕاپۆرته و ئێستاش بە سوپاسەوه ئامادەین بە ڕێزەوه هەموو پرسیار و تێبینیەکانتان وەڵام بدەینەوه ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامه بەڕێزانه دەکەم کە پرسیاریان هەیه دەستیان بەرز بکەنەوه تاکو ناونووسیان بکەین ئێستا ناوەکان دەخوێنمەوه( شێروان حیدری، سعید یعقوبی، ملا هادی، سفر محمد حسێن، شێخ یحیا ، ابراهیم سعید ، فرحان شرفانی ، یوسف میران، شێخ جعفر، حمه علی توفیق، فاضل رؤوف، کاکەامین مولود، شفیقەخان ، فوزیەخان ، د. لطیف بەرزنجی،کاکەرەش نەقشبندی، حلیمه بارزانی، جلال خۆشناو، جمیل عبدی سندی، زهراء حاجی، احمد علی، د. ادریس هادی، سواره ئاغا، محسن صالح ، رەجب شعبان، جوهر شاواز).
٣٠ ئەندامی بەڕێز ناویان نووسراوه، ئەگەر ڕاستەخۆ نەچنە ناو پرسیارەکان ئەوه کاتەکه تەنها بە پێشەکیەکه دەکوژن، بۆیه تکام وایه ڕاستەوخۆ داخیلی پرسیارەکان بن، یەکسەر پرسیارەکه بکەن و ئەو پرسیارەی کە بکرێت دووبارەی مەکەنەوه، هەر بۆ ئاگاداریش هەر ئەندامێک مافی لە سێ پرسیار زیاتری نییه ،کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

من دوو پرسیارم لە وەزیری کشتوکاڵ هەیه ، یەکەمیان پەیوەندی بە پرۆژەی دەواجنی هەولێرەوه هەیه، هەر وەکو هەموومان دەزانین ئەو پرۆژەیه بۆ ١٠ ساڵ بە کرێ درابوو ئێستا کرێکەی تەواو بووه، ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ هەڵی ناگرێت؟ لەکاتێکدا ئەوه سودێکی زۆری هەیه بۆ شاری هەولێر چ لە لایەنی پیس کردنی ژینگه و چ لەلایەنی فراوان کردنی عمرانی، ئەوه پرسیاری یەکەم.

پرسیاری دووەم،سەبارەت بە ئیعفا کردنی جوتیارانه لە عەقد، معلومه کە ئەوه دوو سێ ساڵه وشکه ساڵیه، تاکو جوتیار هاوکاری و یارمەتی بدرێت، ئایا لە تواناداا نییه جوتیاران لەو دوو سێ ساڵه لە پارەی عەقد ئیعفا بکرێن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئاشکرایە ئەو هەموو هاوکاریە کراوە لە بڕیاری ٩٨٦ بۆ کەرتی کشتوکاڵی، مەبەستەکەیان ئەوەیە کە جوتیار بتوانێت بەرهەمەکەی زیاتر بکات، گومان لەوەدا نییە کە زیاتر کردنی بەرهەمێش پێویستی بە بازار هەیە، پار حکومەت ٥٠ هەزار تەن گەنمی لە جوتیاران کڕی، لەوانەشە ١٥٠ هەزار تەنیش لە بازار مابێت، وا پێدەچێت بە گوێرەی باران بارین بەرهەم باش بێت، لەباتی ئەوەی حکومەت بازار بۆ جوتیاران پەیدا بکات، لە بازگەکان ڕۆیشتنی گەنمیان قەدەغە کردوە کە لە هەولێرەوە دەربچێت، ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ چی کردوە بۆ هاندانی جوتیاران ؟ یان بۆ لەغو کردنی ئەو قەدەغە کردنەی ؟ ئەوە پرسیاری یەکەم.

پرسیاری دووەمم، سەبارەت بەو مزەخانە و ئەو مولیدانە یان ئەو ئامێرانەی ڕشاندن کە دابەش کراوە بەسەر جوتیاران ئێستا بچیە بازاری شێخەڵلا ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لە دووکانەکان دەفرۆشن، ئایا وەزارەت هیچ بە دواداچونێکی کردوە کە ئەو ئامێرانە کە دابەش دەکرێن، ئەگەر بە کەسانی موستەحەق درابێت ئایا ئەو جوتیارە بۆ بەکاری ناهێنێت؟ و ئەگەر بە کەسانی موستەحەق نەدراوە و لە دووکانەکان دەفرۆشرێت ، ئایا هیچ تیمێک هەیە لە وەزارەت بچێت لەو دوکانداره بپرسێت بڵێ لە کوێی کڕیوە ؟تاکو وەزارەتی کشتوکاڵ بەدواداچوونی ئەوە بکات و ئیجرائاتی پێویست بکات بەرامبەر بەو جوتیارەی کە ئەوەی بڕیارەکە بۆی هێناوە بۆ سودی خۆی ئێستا ئەویش دەیفرۆشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی کوێخا عبداللە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیاری یەکەمم لە وەزیری کشتوکاڵ ئەوەیە، نرخی ئەو کەل و پەلانەی کە لە فاو وەر دەگیرێن،کاتی خۆی دەدرا بە جوتیارەکان ، بۆ نمونە مزەخاتی دوو ئینجی و دوو پستۆن، بە ١٥هەزار دینار بوو کردیان بە ٢٥هەزار دینار دواتر کردیان بە ٣٧ هەزار، گوایە پێش ئەوەی جەنابیان پۆستی وەزارەت وەرگرێت، بەڵێنی دابوو کە نرخەکەی کەم بکاتەوە بۆ جوتیاران نازانم چی کردوە؟ و ئەو پارەیەی کە ئەو شتانەی پێدەکرێت چی لێدێت و چ پرۆژەیەکی پێکراوە؟.

پرسیاری دووەمم ئەوەیە هەندێ گرێبەست هەیە، تاکو ئێستا زیاتر لە ١٠٠ گرێبەستی جوتیاران فرۆشراوە بە کەسانی تر، و پرۆژەی گەورەی لەسەر کراوە هەرچی لێ کراوە بیر لێدراوە ئایا ئەوانە بە ناویان دەکرێت یان نا ؟.

پرسیاری سێیەمم، عەقد لەگەڵ جوتیاران کرا کە کیلۆی تەماتەیان بە ٧٥٠ فلس لێ وەربگیرێت بۆ پلە یەک بەڵام لە دواییدا لێیان بادانەوە،ئەوەی پلە یەک بوو کردیان بە ٥٠٠ فلس، ئەوە هۆکاری چی بوو و لەبەر چی کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حاکم سەفر محمد فەرموو.

**بەڕێز سەفر محمد حسێن:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

جەنابی وەزیر ئاماژەی بە دوو کارگە کرد یەکیان کارگەی روونی گوڵەبەرۆژە لە ئاکرێ، ئەوەی تر کارگەی ئەلبان لە سێمێل دادەمەزرێت، لەسەر بڕیاری ٩٨٦ ،پێویست بوو ئێستا ئەو کارگانە لەکار دابان ، چ هۆکار هەیە لە رێگادا وای کردوە کە تاکو ئێستا ئەو دوو کارگەیە نەکەوتوونەتە کار؟.

پرسیاری دووەم،جەنابی وەزیر و برادەرانیش ئاگادارن کە یاسای رێکخستنی موڵکیەت ژمارە( ٩٠) ساڵی١٩٧٥ تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان دەرچووە، کاتی خۆی ٣٠٠ دۆنمی وەکو بەرز ترین ئاست دانابوو، بەڵام لایەنێکی تری خراپتری تێدابوو، لەوانەیە جارێکی تریش ئەو بابەتەمان لێرە گفتوگۆ کردبێت، ماددەیەکی تێدایە کە ئەو ناوچانە ئەو دارستانانە هەر کە تاپۆیان نەبوو هەموویان کردە موڵکی ئەمیری واتا موڵکی حکومی، دەتوانین بڵێین یاسایەکی تەعریبیە ، زۆر زەرەری لە خەڵکان داوە بە تایبەتی خەڵکانی سەر سنورەکان وەکو ناوچەی ئامێدی و چۆمان، باش تر نییە کە ئەو ماددانە لەکار راگرین، موڵکەکانیان بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خوشکە حەلیمە بارزانی فەرموو.

**بەڕێز حەلیمە بارزانی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرۆژەی یاسای جەنگەڵ(قانون الغابات) ئەوە دەیان ساڵ بەسەریا تێپەڕیوە ئێستاش بڕیاری ٩٨٦ یارمەتی وەزارەتی کشتوکاڵ دەدات، دەمانەوێت پرۆژەیەکی نوێتر و گونجاوتر ئاراستەی پەرلەمان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەوەی ئێستا من باسی دەکەم لەوانەیە پرسیار نەبێت، مەشاکیل هەبێت نازانم هەنگاوی وەزارەتی کشتوکاڵ چییە بۆ چارەسەر کردنی. کاتی خۆی کۆمەڵێ ئیستبدالات کرا بوو لە سەردەمی رژێم لەو گۆڕانکاریانە کۆمەڵێ مەڵلاک گواسترابووەنەوە سەر زەوی جوتیاران لەبەر

ئەوەی دێهاتیەکان ترحیل کرابوون زەویەکانیان بەناوی فراوان کردنی سەبازگە هەرچەندە گوندەکانیان لەو سەربازگەیانە دوور بوو بەڵام بە سەدان دۆنم بە بیانگەی ئەوەی کە فراوانی دەکەن، ئەو ئاڵوگۆڕیە کاتی خۆی بەرەی کوردستانی لە سەرەتای پێکهاتنی ڕێنماییەکی دەرکرد کە هەرکەسەو بگەڕێتەوە سەر شوێنی خۆی، جوتیارەکان گەڕانەوە سەر موڵکەکانی خۆیان، ئەو جوتیارانەی کە عەقد و تەوزیعیان هەبوو گەڕانەوە سەری، بەڵام لەلایەنی یاسایی هێشتان چارەسەر نەکراوە ، ئەو جوتیارە لەسەر زەوی مەللاکە و مەللاکیش لەسەر زەوی حکومەتە، لەوانەیە ئەو مەللاکە دەیەوێت تەسەروف بە موڵکی خۆی بکات بی فرۆشێت یان شتێکی لێ بکات، ناتوانێت، لەبەر ئەوە دەبێت ئەوە چارەسەر بکرێت، و چارەسەرەکەشی زۆر ئاسانە، کاتی خۆی ئێرە ئیطفا کرابوو ئێرە قەرەبوو کرابوو، ئێستا بە ئیطفایەکی پێچەوانە ئێرە ئیطفا بکرێت ئێرە قەرەبوو، کردارەکە سروشتی دەڕوات.

دووەم ئەوەی کاک سەفەر فەرمووی، بەراستی مادده (٨) لە یاسای ژمارەی ٩٠ هاتووە بەڕێزتان فەرموتان دووبارەی مەکەنەوە ، بەڵام لەوانەیە هەندێک درێژەدانی بوێت، ئەو ناوچانەی کە کاتی خۆی تەسویە نەکران، هەموویان بە ئەمیریە سرفە لەقەڵەم دران، ئامانج لەو ئەمیریە سرفە ئەوە بوو کەوا ئەگەر سەربازگەیە یان کۆمەڵگایە ئەو شتانەی کە دروستی دەکات تەکلیف نەبێت لەسەر شانی حکومەت، لەوانەیە شێوازێکی تەعریبی هەبێت، هەموو موڵکی حکومەتە ، باشە بۆ موڵکی حکومەتە؟ دواتر ئەو ناوچانەی کە تەسویە نەکراون هەموو رووبەری بچوکن، تەوەقوعی ئەقتاعیاتی پێویستی لێ ناکرێت ناوچەی خۆشناوەتیە ناوچەی بەرواری باڵایە، ئەوانە رووبەری بچوکن لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە، مادده (٨) لەو یاسایە تەجمید بکرێت، کەماددەکە تەجمید کرا واتا عەمەلییەن پێویستمان بە هیچ نییە دەگەڕێینەوە سەر یاسای (١١٧) لیژنەکانی زەوی و زار مافی جێگیر کردنی حقوقی تەسەروفی هەیە، ئەو لیژنانە دەردەچن کەشفی خۆیان دەکەن داواکاری خەڵکەکە تەماشا دەکات ئەوەی ثابت بێت دیار دەکرێت و بەناوی تۆمار دەکرێت.

جەنابی وەزیر هیچ ئاماژەیەکی بەو دێهاتانە نەکرد بابەتی گرێبەستی و دابەش کردن، ئەو جوتیارانە کەی دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، لە دێهاتەکان دادەنیشن ناچن، لەبەر ئەوە پێویستە بە زووترین کات ئەوە چارەسەر بکرێت بە کۆچی پێچەوانە، لەبەر ئەوەی خەڵکەکە گرنگی بە زەوی نادات، ئێستا دەستکەوتی زەوی بۆتە شتێکی ثانەوی، کابرا لێرە دانیشتووە یان لە ناحیەک دانیشتووە تراکتۆر دەنێرێت بە ماوەیەکی کەم زەویەکەی دەکێڵێت، دواتر بە دەراسەش بە سەعاتێک دەی دورێتەوە بێ ئەوەی گرنگی بە جۆر و باشی پەین بدات، بۆیە پێویستە لیژنەکانی تەعاقد و تەوزیع بە زووترین کات پێکبهێندرێنەوە و بچنە ئەو دێهاتانە ئەوەی جوتکاری فیعلیە، ئەوەی تەواجودی لە دێکەدا هەیە ئەوانە دووبارە زەویەکانیان پێ بدەنەوە وداوایان لێ بکرێت بە زەویەکانیان ببەسترێنەوە، تاکو بتوانن پێش بکەون تاکو بەرهەمیان زیاد بێت چونکە ئەگەر جوتیار نەبەسترابێتەوە بە زەوی ناتوانێت ئیبتکار بکات، یەکێ لێرە دانیشێت و لە

گوندێک زراعەت بکات ناکرێت ئیبتکار بکات بەرهەمیشی باش بێت، بۆیە ئومێدەوارم بە زووترین کات ئەوە چاوێکی پێدا بخشێندرێتەوە لەبەر ئەوەی هەر لە بنەڕەتدا خەڵکانێک هەن کە هەر موستەحەق نیین زەویان بدرێتێ، و ئێستا تەسەرف بە زەوی دەکەن و خەڵکێکی زۆریش موستەحەقە زەوی وەرگرێت ، زەوی نییە ، لە دێهاتەکان دەگەڕێت و بێ زەویە ، پێویستە ئەوە چاوی پێبخشێندرێتەوە، سێ پرسیارەکەم کرد بەڵام تێبینیم لەسەر راپۆرتەکەی جەنابی وەزیر هەبوو، وەزیری کشتوکاڵ زۆر لە فێزەکانی باس کرد کە ئەوەندە پارەمان والێکرد ئەوەندەمان واکرد نەی گووت بە پارەکان چی کراوە، حەق بوو لە راپۆرتەکەی بیگوتبایە بۆ نمونە ٤٧ ملیونە ئەوی پێکراوە، ١٧ میلونە ئەوەی پێکراوە، حەق بوو ئاماژەیەکی بەو بابەتە بکرادابا بۆ ئەوەی وێنەکە لای ئەندامان روونتر با ، هەر تەنها پارە تەرخان کراوە کەنەگوترا چی پێکراوە چ پرۆژەیەکی پێکراوە، چەند پرۆژەی ئاودێری کراوە، یان ئەوەندە جۆگەیەمان کردوە، یان ئەوەندە پرۆژەی ئاومان کردوە، بۆ ئەوانە پێویست بوو ئاماژەی پێ بکات موتەئەکیدم کراوە دەبوایە بیگوتبایە تاکو تۆزێک لایان روونتر بێت، هەر تەنها باسی پارە نەبێت، ئەی پارەکە چی بەسەر هات؟ دەبێت بگوترێت ئەوەی پێکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامەکە بۆ جەنابی وەزیر دەمێنێتەوە، وای بۆ دەچم کە لە راپۆرتەکەدا هەبوو، سوپاس، کاک د. لطیف بەرزنجی فەرموو.

**بەڕێز د. لطیف محمود بەرزنجی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

من پێشنارێک و دوو پرسیارم هەیە، پێشنیارەکە ئەوەیە لەبەر ئەوەی چەند ساڵێکە بڕیاری ٩٨٦ جێبەجێ دەکرێت وا هەست دەکەم کە کۆنفرانسێک ببەسترێت و تەقییمی ئەو ئیشانە بکرێت بەراییەکان بگۆردرێت، هەر کەرتە و لە بواری خۆیدا شتەکانی خۆی ئامادە بکات، کە خەڵکی تریش غەیری وەزارەتی کشتوکاڵ لایەنی تر وەزاراتی تر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەشداری تێدا دەکەن، ئەوە بە کارێکی پێویست دەزانم پرسیارەکانیش یەکەمیان ئەوەیە، کۆمەڵێ کادیری بەیتەریمان هەیە لەساڵی ١٩٩٠ وە تاکو ئێستا دابڕاون لە هەموو زانست و زانیاری دەرەوە، پەیوەندیەکیان نییە و داماون بەدەستی کۆمەڵێ نەخۆشیەوە کە لە بواری کاری ئەواندا هەیە، یەکێ لەو نەخۆشیانە کوشندەیە، زەرەرو زیانێکی زۆر بە کەرتی پەلەوەر دەگەێنێت و چەند ساڵێکیش حسابی ئەوەی بۆ دەکرا کە پەیوەندی بە تەسەمومی خۆراکەوە هەیە، هەندێک دەیان گوت نەخۆشی نیوکاسلە فلانە یان فلان، نە چەند کادیرێکی بەیتەرەیان نارده دەرەوە بۆ ئەم کارە نە شارەزایەکیشیان هێنا بۆ دەست نیشان کردنی ئەو نەخۆشیە و ئەو نەخۆشیە ساڵانە و لە هەر وەجبەیەک رێژەیەکی بەرچاو دەتوانین بڵێین دەگاتە یەک لەسەر پێنجی ژمارەی ئەو تەیرانە کە بەخێو دەکرێن لێیان هیلاک دەبێت، ئایە وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ نەخشەیەکی هەیە لەم بوارەدا،

شارەزایەک بێنێت یان یەک دوو کەس ڕەوانەی دەرەوە بکات.
پرسیاری دووەمم هەر دەربارەی پزیشکانی بەیتەرەییەکانە، خوێندنی باڵا وەکو دبلۆم یان ماجستێر ، هەر چەندە پەیوەندی بە زانکۆوە هەیە بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ بە هێز کردنی کادیرەکانی خۆی، زانکۆی خۆماڵیمان هەیە، ئایا هیچ هەنگاوێکی ناوە بە هاوکاری لەگەڵ زانکۆی صلاح الدین یان زانکۆی دهۆک تاکو کۆمەڵێ دکتۆری خۆی بکات بە خاوەنی بڕوانامەی دبلۆم یان ماجستێر و بێنەوە خزمەتی وەزارەتی کشتوکاڵ وسامانی ئاژەڵ پێش بخەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فوزیەخان فەرموو.

**بەڕێز فوزیەخان عزالدین رشید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
لە سەردەمی کابینەی سێ و لە کابینەی چوارەمیش هەولێکی بەردەوام هەبوو بۆ ئەوەی بەروبوومی جوتیاران بە تایبەتی گەنم قەناعەت بە مونەسقی un بکرێت تاکو بکڕدرێتەوە ولێرە لە ئاشەکانی خۆماندا بهاڕدرێت تاکو سودی لێ وەربگیرێت
لەسەر ئاستی سیاسیش هەوڵێکی زۆر هەبوو بۆ ئەو بابەتە، پرسیارەکەم ئەوەیە لە وەزیری کشتوکاڵ، ئایا گەیشتونەتە چ ئاستێک بۆ ئەو بابەتە؟ تاکو جوتیاران هاندەین بۆ زیاد کردنی بەر و بوومیان بە تایبەتی گەنم و جۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەلال خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جەلال سلیم خۆشناو:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
پرسیارم بۆ جەنابی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری ئەوەیە، وڵاتەکەمان لە دوو ساڵی ڕابردوو تووشی وشکە ساڵیەکی زۆر بوو و ئەو وشکایەتیە ئەمرێکی واقیعی دروست کرد، بۆ تەرخان کردنی بڕە پارەیەک لە بڕیاری٩٨٦، ئایە هیچ سوود لەو پارەیە وەرگیرا جگە لەوەی کە بە مەلاین لتر ئاو دابەش کرا؟ ئەوە پرسیارەکەم بوو، پێشنیارێکیشم هەیە، هەر وەکو لە ڕاپۆرتی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری هاتووە بڕە پارەیەکی زۆر لە فێزەکانی داهاتوو تەرخان دەکرێت بۆ پرۆژەی جۆراو جۆری کشتوکاڵی، بۆ ئەو مەبەستە حەق وایە، ئەو فەرمانبەرانەی کە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە دەکەن و بەتایبەتی لەگەڵ فاو هیچ بەرژەوەندیان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا نەبێت، حەق وایە چاوێک بەوە دابخشێننەوە بۆ دانانی ئەو فەرمانبەرانە، بۆ نموونە فەرمانبەرێک سەیارەی خۆی بە کرێ داوەتە ئەو ڕێکخراوە یان برای خۆی دامەزراندوە یان کچی خۆی دامەزراندوە یان کەسەکی خۆی دامەزراندوە ناتوانێ کە ئەو شتانەی کە وەزارەت دەیەوێت و داوای دەکات بیکات، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو،

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بنەمای پێشکەوتنی هەر وڵاتێک پڕۆژەی ستراتیجیە، لە پڕۆژەی ستراتیجیش بینا کردنی بەنداوە، بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان بۆ ناوچەکە و دەستەبەر کردنی تەزووی کارەبا، پرسیاری من لە جەنابی وەزیری کشتوکاڵ ئەوەیە، ئایا هەوڵ دراوە بۆ دروست کردنی دوو بەنداو لەسەر بڕیاری ٩٨٦ یەکێکیان لەسەر زاب لە پردی قەندیل، ئەوەی تر لەسەر ئاوی خابوور لە ڕۆژهەڵاتی زاخۆ، هەرچەندە لەکاتی مەلەکی دەزگای بەنداوەکان ئەو پڕۆژەیان دەست نیشان کردوە و تاکو ئێستاش، با پارەی فیزێک بۆ ئەوە بێت، پڕۆژەی بچوک هیچ سودێکی وای نییە، هەرچەندە دواش بکەوێت هەر بە سوودی ئێمە تەواو دەبێت زیاتر لەو پڕۆژە بچوکانە کە لەوانەیە چەند ماڵێک یان گوندێک سود مەند بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مامەند فەرموو.

**بەڕێز مامەند عەباس ئاغا:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەوەی من دەمویست بیڵێم برادەرێک گوتی، بەس پێشنیارێکم هەیە، لەبارەی گرفتی خاوەن مەڕ و ماڵات، کە دەچنە کوێستانێ، حکومەت بە ڕەسمی سەری دینارێکیان لێ وەر دەگرێت، لەوێش گرفتی زۆر دروست دەکەن، پوش و پاوانیش پەیوەندی بە تاپۆ و زەوی کشتوکاڵیدا نییە، زیاتریش لە دوو سەد ساڵە ئەوان دەچنە ئەوێندەرێ، بەتایبەتی لە ناوچەی هەوێز و شوێنی تر، داوا لە وەزیری کشتوکاڵ دەکەم کە چارەسەرێکی باری ئەوان بکەن لەبەر ئەوەی هەموو ساڵێک گرفتیان بۆ دروست دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا طە فەرموو.

**بەڕێز مامۆستا مەلا طە محمد طە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێشنیارێکم هەیە ئەو زەویانەی کە تەسویە نەکراون، حکومەت کە خەڵکەکەمانی تەعریب کردوە دەیەوێت زەویەکانیشمان تەعریب بکات، زەویەکانی هەموو کردۆتە ئەمیری، ئێستا لە ناوچەکانی ئێمە ٨ یان ٩ گوند نەبێت باقی تر هەمووی ئەمیریە،کە زەویەکانیش ئەمیری بوون خەڵکەکە ناتوانێت بچێت وەکو پێویست هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات، و خەڵکیش تەجاوزی

سەر زەوی یەکتری دەکەن دەڵێ بۆ هەموو کەسێ وەکو یەکە، بۆیە داوا دەکەم شتێکی وا بکرێت ئەوە لەغو بکرێتەوە واتا ئەو یاسایەی حکومەت کە پێی کردۆتە ئەمیری ئەوە لەغو بکرێتەوە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک نادر محمد فەرموو.

**بەڕێز نادر محمد قادر:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

باسی ئەوەی کرد کە ئەو شتەی زەرەر لە دەغڵ و دان دەدات ، قەرەبووی جوتیارەکان دەکرێتەوە، راستە بڕیار بوو (١٠٠) دینار بۆ هەر دۆنمێک بدرێت بەڵام تاکو ئێستا نەدراوە ئەوە پرسیارێکیان، پرسیاری دووەمیان، ئیش و کارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری بە زۆری وەرزین، وەک تۆو کردن و پەین کردن زۆریش شتەکان لە وەرزی خۆی ناگەن دەبێت بمێننەوە بۆ وەرزی داهاتوو، هەمووشمان باری کۆگاکانی خۆمان دەزانین، و چۆن دەبنە ماوەی فەوتانی ئەو شتانە، ئایا وەزارەت چارەیەکی دۆزیوەتەوە بۆ ئەو گرفتە ؟ پرسیاری سێیەم، موتەفەرغی کشتوکاڵی کاتی خۆی زەوی دراوە بە خەڵک لەسەر بڕیاری (٧٣٢) ی ساڵی ١٩٨٠ تەملیک کراوە، بەڵام جارێکی تر بە بڕیاری ژمارە (٣٥٠) ی ساڵی ١٩٨٥ تەملیکەکەی هەڵوەشاندەوە، ئایا پێشنیار کراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تاکو ئەوەشیان بەر ئەوە بکەوێت کە ئەوەش تەملیک بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەفیقەخان فەرموو.

**بەڕێز شفیقە فقی عبدالله:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیاری یەکەمم لەلایەن فەوزیەخان و کاک سعید یعقوبیەوە کرا، پرسیاری دووەم جارێکی تریش هەر لەو مینبەرەوە ئەو پرسیارەم لە جەنابی وەزیر هەبوو، ئایە تاکو ئێستا هیچ بیرێکیان نەکردۆتەوە لە خاوێن کردنەوەی ئاوی مەجاری لەبەر ئەوەی ئێمە وشکە ساڵیمان زۆر بینی، جەنابیان لە جاری رابردوو گوتی بەدەستمانەوەیە ، بەڵام دەبینم ئێستا هیچ ئاماژەیەکی بۆ نەکرد لە راپۆرتەکەیدا؟ پرسیاری سێیەمم،بەرهەم هێنانی پەلەوەڕ ئێستا وەکو جەنابیان ئاماژەیان پێکرد بە رێژەیەکی باشە بۆچی نرخی لە بازاردا هەر گرانە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک امین مولود فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

کاتی خۆی هەندێ لە فەرمانبەرە کشتوکاڵییەکان بەناوی موتەفەرغی کشتوکاڵی زەویان وەرگرت و بەکاریشیان هێنا، بەڵام ئێستا بەشێکی زۆر لەو موتەفەریغانە هەرێمیان جێ هێشتووە و چونەتە دەرەوەی هەرێم، بەپێی یەکێ لەو بەندانەی کە لەگەڵیاندا کراوە دەڵێ ئەگەر هاتوو راستەوخۆ خۆیان کاریان لەسەر نەکرد ئەو زەویانەیان لێ دەستەندرێتەوە، ئایە وەزارەت لەو بارەیەوە چ هەنگاوێکی هەڵێناوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل رؤوف:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

کۆمەڵێ کارمەند لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی و کەرکوک ئاوارە و دەربەدەرن لێرە، ئەوانەی سلێمانی ١٦٢کەسن ، ئەوانەی کەرکوکیش ٤٤ کەسن، رێکخراوی فاو سودی لە کۆمەڵێ کەس وەرگرتووە کە خانەنشینن یان فەصل کراون، پێشنیارم ئەوەیە کە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ بیرێک لەوە بکەنەوە کە ئەوانیش بتوانن سوودیان لێ وەرگرن واتا لە رێکخراوەکە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زهراءخان فەرموو.

**بەڕێز زهرا حاجی طە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

من دوو پرسیارم هەیە ، یەکەم ، پێش دووساڵ وەزارەتی کشتوکاڵ پێشنیارێکی ئاراستە کرابوو لە دەڤەری ئێمە لە زاخۆ کە کۆمەڵگایەک بۆ ئاودێری و بەیتەرە دابمەزرێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا ئەو پێشنیارە چی لیهات؟.

پرسیاری دووەم گرفتێکی زەوی لە دەڤەری ئێمە هەیە، لە ناحیەی رزگاری و ناحیە باتوفە، قرارێکی سیاسی حکومەتی بەعس تەسویەی زەوی چاندنی کرد بوو، پرسیارمان ئەوەیە کە وەزارەت کەی لیژنەیەک پێک دێنێت بۆ تەسویە کردنی نوێ تاکو گرفتی ئەو جوتیارانە بن بڕ بکات ؟ پێشنیارێکم هەیە ئەویش لەسەر بەرهەمی سێوە لە دەڤەری ئێمە نەخاسمە لە باتوفە بەناوبانگە بە بەرهەمی سێو، ئێستا جۆرە بەربەرەکانێیەک لە نێوان ئەو بەرهەمە و ئەو سێوەی کە لە دەرەوەی هەرێم دێت هەیە و زۆربەی ئەو بەرهەمانە خراپ دەبێت و بازارێک نییە کە ئەو بەرهەمەی لێ بفرۆشرێت، بەوەش زەرەر بە جوتیاران دەکەوێت،پێشنیارم ئەوەیە کە پاڵپشتی

جوتیاران بکرێت بۆ باش کردنی جۆری سیوەکەی تاکو بازارێکی باشی هەبێت یانیش وەکو کارگەیەک دابمەزرێت بۆ ئەو بەرهەمە وەکو کارگەی قوتوو بەندی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ادریس هادی صالح فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

راپۆرتەکەی جەنابی وەزیر زۆر شتی بەکەلک و باشی تێدا بوو، بەڵام باسی زۆر شتیش نەکرا، بۆ نمونە ئەو پارەیەی کە لە جوتیار وەردەگیرێت کە برێکی زۆرە جەنابی وەزیر ئاماژەی پێ نەکرد تاکو ئێستا چەند پارە کۆکراوەتەوە؟ چ پرۆژەیەکی پێکراوە چەندی لە جێبەجێ کردنە؟ یان چ رۆڵێکی هەبووە؟ برێکی زۆریشە، ئەوە یەک . پرسیاری دووەم: سەبارەت بە قەبارەی پرۆژەکان و دابەش کردنی پێداویستی و ئەو شتانەی کە داوا دەکرێت نسبە و تەناسب نییە، بۆ نمونە لە راپۆرتەکەدا هاتووە لە هەولێر (٢٩٢) دەواجن هەیە (١٣) ملیون مریشک بەرهەمیەتی لە ساڵێکدا، لە دهۆک (٤٥) پرۆژە هەیە (٢٧٠٠٠٠٠) مریشک بەرهەم دێنێت لەماوەی ساڵێک، ئەگەر تەماشای ئەو برە ئالیکەی کە بۆ هەولێر دابین کراوە نزیکەی (١٧٠٠) تەنە هی دهۆک (٦٧٣) تەنە واتا دووجار و نیو بەرابەرە، لەهەمان کاتدا رێژەی پرۆژەکان هەولێر شەش جار و نیو بەرابەرە ، گەرچی ئەوە لەسەر حسابی دهۆک نییە لەبەر ئەوەی هەرکەسە و لە بەشی خۆیەتی هەولێر (٣٤٪)ی خۆی وەردەگرێت دهۆک (٢٣٪) خۆی وەردەگرێت ، بەڵام دەبێت بە پێی ئەو قەبارەیە ئەو مادەیە دابین بکرێت، نابێت بەو کەمیە بێت، چونکە خەڵکەکە زۆر گلەیی ئەوە دەکات کە بەش ناکات ، لەلایەکی ترەوە پرۆژەی ئاودێری (٥٦) پرۆژە لە هەولێر کراوە (٥٩) گوند سوودی لێ وەرگرتووە گەر چی (٤٨) لە دهۆک کراوە (٥٣) گوند سودی لێ وەرگرتووە واتا هەر گوندێک لە پرۆژەیەک. پێویستە پرۆژەی وا بکرێت بە لایەنی کەم سێ چوار گوند سودی لێ وەرگرێت. ئالیات کە داوا کراوە لەوانەیە ئالیاتێکی زۆر داوا کرابێت بەڵام ئامێری رشاند، کە دەردێک توشی کشتوکاڵ دەبێت داوای پەمپی فەردی کراوە کە (١٦) لیترییە و لە کۆڵ دەکرێت ، تراکتۆر و ئالیاتی وا داوا نەکراوە بۆ رشاندنی رووبەری گەورە.

پرسیارێکی تر جەنابی وەزیر ئاماژەی بە پیشەسازی خۆراک کرد کە زۆر گرنگە چونکە خەڵکی ئێمە لە حاڵەتی ئیستهلاکی بەرەو حاڵەتێکی ئینتاجی دەبات، بەڵام وای نیشاندا کە وەزارەتی کشتوکاڵ کردویەتی هەرچەندە لەسەر بوجەی فاو کراوە وەزارەتی پیشەسازی پێی هەڵساوە، ئەوە یەک. دووەم وەزارەتی کشتوکاڵ کە دبوایە بۆ پێداویستیەکانی بەرهەم هاوکاری جوتیاران بکات، کە داوای تەماتەی کردوە بۆ کارگەی قوتووبەندی هەریر ، کەچی داوای گوڵەبەرۆژەی نەکردوە بۆ کارگەی رۆن لە ئاکرێ کە ئێستا کارگەکە ئامادەیە و تاکو ئێستا نەهاتووە، داوای گەنم جۆ و نیسک و نۆک کراوە، کەچی داوای گوڵەبەرۆژە نەکراوە کە کارگەشی هەیە، پرسیارەکە

ئەوەیە بۆچی داوا نەکراوە؟ ئایا بۆ پەرەپێدانی ئەو جۆرە پرۆژانە تا چەند هاوکاری کراوە لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی؟ ئێستاش ئیدارەکە بەدەست وەزارەتی پیشەسازیە. تێبینیەکم هەیە لەسەر دار چاندن. گوتی ئەوەندە رێگا و بان چاندرایە، رێژەیەکی ئاماژە پێکرد گوتی ئەوەندە یەکەیە یان ئەوەندە دۆنمە، نازانم مەبەستی درێژیە ، لەبەر ئەوەی عادەتەن رێگا بە درێژی پێوانە دەکرێت ، بەکیلۆمەتر چۆن کراوەتە دۆنم ، زەوی بە دۆنم دەچیندرێت بەڵام رێگاو بان بە کیلۆ مەتر دیاری دەکرێت، ئەگەر بە درێژیە ئایا چەند کیلۆمەتر دەکات؟ ئەوە تەنها تێبینی بوو، باسی پرۆژەی ئەنوائی جەوی نەکرد دوو پرۆژەی گەورە و پێشکەوتوو ئاماژەی پێکراوە نەمان زانی ئەو وێستگانە چییە و بۆ چییە؟ باسی پرۆژەی ماسی و هەنگی کرد ، کەس تاکو ئێستا بەرهەمەکەی لە بازار نەدیوە، راستە تازەیە بەڵام چاومان پێنەکەوتووە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ د. ادریس کە سێ پرسیاری کرد!! کاک احمد علی فەرموو.

**بەرێز احمد علی عمر:**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن،

من دوو پرسیارم بۆ جەنابی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری هەیە، پرسیاری یەکەمم ، ئێمە لە سێمێل کۆمەڵێک مەللاکمان هەیە بە بڕیاری ژمارە( ٩٠ ) ی ساڵی ١٩٧٥ زەویەکانیان لێک جیا کراوەتەوە کە بۆ هەر یەک ( ٣٠٠ ) دۆنم دەرچوو، مافی هەڵسوکەوتی ئەو زەویانەیان پێدراوە، لەگەڵ ئەوەدا ئەوانە هەموویان نیشتەجێی موصل و بەغدان و ئەو شارانەی لەبەر دەستی رێژێمدان، کەسیش لەوانە نایەت تەسەرفیان بکات کە یاسا بەوانی داوە، وازیان هێناوە هەموویان خزمەتی رژێم دەکەن و بڕوایان بەو سەربەستیەو ئازادیە نییە کە ئێمە تێیدا دەژین، پرسیارم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە ئایا ئەو کاتە نەهاتووە ئەو هەزارەها دۆنمەی کەهەیە دابەش بکرێتەوە بەسەر خەڵکێکی شۆرشگێر کە ئێستا لە کۆمەڵگاکانی تەناهی و موقبلێ و باکۆسێ نیشتەجێن، ئەوە پرسیاری یەکەمە.

پرسیاری دووەمم، سەبارەت بە کۆمەڵێ فەرمانبەری کشتوکاڵی لە پارێزگای دهۆک، لە ئەنجام دانی کارەکانیان پەیوەندیان هەیە بە رێکخراوی فاو، رێکخراوی فاو بەرامبەر ئەو کارانەی ئەوان دەیکەن بەخشینێکیان بۆ سەرف دەکات، دیارە لەو دوایە وەزارەتی کشتوکاڵ تەعمیمێکی بەسەر پارێزگاکاندا بڵاو کردۆتەوە تیایدا دەڵێ ئەوانەی بەخشینیان لە رێکخراوی فاو هەیە دەبێت موچەکانیان ببڕدرێت، لەسەر چ بنەمایەکی یاسایی موچەی فەرمانبەر رادەوەستێندرێت ؟ سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سوارە ئاغا فەرموو

**بەڕێز سـوارە مـحـمـد امین ئاغـا:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیارم لە جەنابی وەزیری کشتوکاڵ ئەوەیە ، ئاماژەی بەوە کرد کە گوایە زۆر لە مەللاکەکان تەجاوزیان کردوە لەسەر زەوی جوتیارەکان و هەوەها جوتیارەکانیش کردویانە بەهەمان شێوە، ئایا هیچ چارەسەرێک دۆزراوەتەوە بۆ چارە کردنی ئەو کێشەیە یان نا؟ چونکە لەراستیدا ئەوە دەبێتە گرفتی کۆمەڵ و زیاتر کێشە دروست دەکات ، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قـاسم مـحـمـد قـاسم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیارم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە کۆمەڵێ جوتیاری باش هەن کە ماوەی ٢٠ ساڵێکە بە عەقد کاری جوتیاری دەکەن، ئێستا داوا دەکەن لە جەنابی وەزیر یان وەزارەت یان ئەنجومەن کە زەویەکانیان لەسەر تاپۆ بکرێت ،پرسیار لە جەنابی وەزیر ئەوەیە ئایا لە تواناداهەیە یان نا؟ ئەگەریش بەرامبەر شتێکی رەمزیش بێت.

دوو ئەو زەویانەی دابەشی سەر خەڵک کراون هەیە دەیمی هەیە بەراوە، ناوتوانن ئەوە بگۆڕن لە لەو کارە بۆ کارەکەی تر، لێرە پرسیار بۆ جەنابی وەزیر ئەوەیە، لە تواناداهەیە کە ئیجرائات بکرێت بۆ گۆڕینی ئەو جینسە بۆ جینسی تر واتا دێمی ببێتە بەراو؟

پرسیاری سێیەمم لە جەنابی وەزیر لەسەر لەوەڕگایە، وەکو لە راپۆرتەکەی ئاماژەی پێکرد کە ژمارەی گیانداران لە کوردستان لە زیاد بووندایە ئەوەش جێی خۆشحاڵیە ، کە سەرچاوەیەکی سەرەکی پرۆتینە بۆ خەڵکی ئێمە، لە بەرامبەر ئەوە وەکو ئێمە دەبینین لەوەڕگای ئێمە کەمە، پێش دووساڵ جەنابی وەزیر لە بەرامبەر ئەو پەرلەمانە گوتی چەند تەن تۆی لەوەڕگا هاتووە و دابەشمان کردوە بۆ چاکتر کردن ئەوە یەک، دووەمیش خەڵکێک زەوی بۆ کاری کشتوکاڵی بەکار دێنێت لەسەر حسابی لەوەڕگاکان، لێرە پرسیاری من لە جەنابی وەزیر ئەوەیە کە لە تواناداهەیە بزاف بۆ ئەو لەوەڕگایانە بکرێت و چاکسازی لێ بکرێت بە جۆری تۆوەکان؟ سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

کاک حمە علی فەرموو.

**بەڕێز حـمـە علی تۆفـیـق:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیارێک و دوو پێشنیارم لە جەنابی وەزیری کشتوکاڵ هەبوو، بەڵام پرسیارەکەم خوشکە حەلیمە کردی ، پێشنیاری یەکەمم ئەوەیە ئەگەر لەمەو دوا بکرێت ئەو شەتڵە کۆڕپانەی کە

دەچێندرێن لە مەشتەلەکاندا بهێننەوە تاکو گەورە دەبن چونکە ئەو شەتلانە زوو دەفەوتێن ، رەنگە ئەمەش هۆی کەم کردنەوەی رێژەی سەر نەکەوتنی دارەکان بێت.
پێشنیاری دووەمم هەندێ شوێن کە شەتلیان تێدا دەچێندرێت پاش ماوەیەک ئەو جێگایانە دەبنە رێگا یان بینایان لەسەر دروست دەکرێت بۆیە پێشنیار دەکەم پێش چاندن گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندی دارەکانی وەک وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و وەزارەتی ئەشغاڵ و وەزارەتی شارەوانیدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەوهەر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جوهر احمد شاواز:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
وەکو زانراوە لە کوردستان دوو یاسای ئیسلاحی زراعی جێبەجێ دەکرێت یاسای ژمارە١١٧ لە ناوچەی گەرمیان و کەرکوک و یاسای ژمارە ٩٠ لە ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئێمە لە کوردستاندا یاسای ئیسلاحی زراعی بۆ خۆمان دابنێین بە پرۆژەیەک لە لایان وەزارەتی کشتوکاڵەوە بۆمان بێت لە پەرلەمان تەصدیق بکرێت.
پرسیاری دووەمم لەبارەی پرۆژەی بەخێو کردنی ماسییە و حەوزەکانیانە جەنابی وەزیر روونی کردەوە پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا بەرهەمەکانیان دەگەنە بازارەکان؟ ئەویش د. ادریس کردی ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محسن صالح فەرموو.

**بەڕێز محسن صالح ئامێدی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
من پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیر، نازانم فاو رێکخراوە یان حکومەتە لە ناو ئێمەدا، لەبەر ئەوەی فاو کارەکانی هەمووی درۆ و دزییە بە تایبەتی لە ناوچەی ئێمەدا کاری ثانەوی دەکات کاری بنچینەییش هەر هیچ ، ئەو کارانەی دەشیکات سوودی هەر نییە ، بیستومە لە هەندێ شوێنانی تر سەیتەرەیان لەسەر رێکخراوی فاو هەیە بەڵام لەلای ئێمە ئەو سەیتەرەیە نییە، نەک هەر وەزارەتی کشتوکاڵ بەڵکو حکومەتی ئێمە بەگشتی، بۆ نمونە جۆگاکانی لە ناوچەی ئێمە کراوە بۆ ووشکە ساڵی و پێویستە گرنگی پێ بدرێت، بەس هیچ گرنگیەکی وایان پێ نادرێت، لەبەر ئەوەی من زۆر سەردانی جوتیاران دەکەم و مراجعەتیشیان بۆ دەکەم تاکو ئەو جۆگاوانەیان بۆ بکەن بەڵام هەر دوای دەخەن و گوێشی پێنادەن، و زۆربەی فەرمانبەرەکانی کە لەوێ کار دەکەن هەر خەڵکی ئێمەن، ئەوانیش دەبێت یەکجار چاودێریان بکەن و حسابیان لەگەڵدا بکەن. شتێکی

تریش هەیە لەبارەی ئالیک بۆ ئاژەڵ ئەو ئالیکەی کە حکومەت دابەشی دەکات تەنی بە ٨ هەزار دینار رادەوەستێت بەڵام ئەگەر لە جیاتی ئەوە جۆ بۆ ئەو جوتیارانە بکرێن تاکو بیدەنە ئاژەڵەکانیان هەر ١٠٠ رادەوەستێت واتا ١/٨ واتا ١٠٠٠ دینار چەندی پێ دێت و ٨ هەزار دینار چەندی پێ دێت و چەند باشتریشە ئەکەر جۆیان بدرێتی، واتا هەندێ شتی وایە دەبێت زۆر موتابەعەی فاو بکەین لەبەر ئەوەی فاو لەدەست دەرچووە خزمەتێکی تەواوی میللەت ناکات و ئەو پارەیە هەموو بەفیرۆ دەروات، هەر بۆ زانیاری پشکی ئەوان لە پارەی بڕیاری ٩٨٦ بەشی شێرە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری بڕیارەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یوسف میران فەرموو.

**بەڕێز یوسف جمیل میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیارەکانی من زۆربەی کران، دوایین پرسیارم ئەوەیە ئەو زرعاتەی کە لە ناوچەی هەولێر دەکرێت وەکو کوولەکە و شوتی و شتی تر، زۆربەی توشی نەخۆشی بوون بەتایبەتی شوتی و هەروەها کولەکە کە توشی نەخۆشی هات ئەو کولەکانە ناوکیان نەدەگرت، ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ چ دراسەیەکی یان حسابێکی کردوە تاکو چارەسەری ئەو نەخۆشیانە بکات؟ منیش یەک لەوانم کە تووشی ئەو زەرەرە هاتم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فەرحان شەرەفانی فەرموو.

**بەڕێز فەرحان شەرفانی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

سێ پرسیارم لە جەنابی وەزیری کشتوکاڵ هەیە، یەکەم لەسەر مەرجەکانی بە جوتیار بوون، پێویستە لە هەمان ناوچە بێت یان لە ئەوروپا بێت، ئێستا من ٥١ ناوم هەیە هەر هەموویان لە ناوچەی ئێمە بەشێک لە ئەڵمانیان هەندێ لە ئەمریکان و لە موصل لە سلێمانین، زۆربەشیان کارمەندی کشتوکاڵن، ئەوە پرسیاری یەکەم.

پرسیاری دووەم بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دهۆک لەگەڵ ئەسەفەوە ئێمە پێی دەڵێین بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دهۆک بە رای من ٨٠٪ یان دزن و جەنابی وەزیر زۆر لیستی بۆ چووە کە چیان کردوە بۆچی فەرمانبەرێک کە شتێکی لەسەر بوو بۆ نەگۆڕدرێت ؟ زۆر فەرمانبەر هەنە لە سلێمانی هاتوونەتە ئێرە ئاوارەن یان خەڵکێک لە هەولێر هەیە مەرجی بوون بە بەڕێوەبەری کشتوکاڵی هەبێ بۆچی نابێت کەسێکی غەیری دهۆکی ببێت بە بەڕێوەبەری کشتوکاڵی دهۆک، خۆ دهۆک بەس بۆ دهۆکی تاپۆ نەکراوە.

پرسیاری تر سەبارەت بە سەماد، هەر جوتیاری ( ٢٠ ) کیلۆ پەینی دابەش کرا سەری،جوتیار شوێنی ( ٢٠ ) دۆنمی هەیە پێویستە بەلانی کەم دوو تەن بێت، من دەڵێم جوتیار چی لە ( ٢٠ ) کیلۆ بکات؟ هەر دابەش نەکرێت باشترە.
پرسیاری تر زۆر کەرستەی فاو وەکو موەلیدەی کارەبا بە سێ هەزار دۆلار فرۆشراوەتە جوتیار ئێ خۆ فاو بە بەلاشی هێناوە با کرێی ( ١٠٠٠ ) دۆلار بێت، من لە فاوم پرسی گوتی ئەوە پێشنیاری جەمعیەی جوتیاران و وەزارەتی کشتوکاڵە، پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ یارمەتی جوتیار بدات نەک پارەی زیادی لێ وەرگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ جعفر فەرموو.

**شێخ جعفر علی عبدالعزیز بەرزنجی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
پرسیارەکەی من لەسەر LGF بوو کاک د. ادریس و کاک مەلا هادی و کاک سعید و ئاماژەیان بۆ کرد ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
من سێ پرسیارم هەیە، یەکەم سەبارەت بە بیر نەخاسمە بیری کشتوکاڵی لەو بیرانەی کە لێ دەدرێن، بەرای من زیانێکی زۆر گەورە لە داهاتووی ئاوی ژێر زەوی خەزن کراو دەدات، ئەوە لەلایەک لەلایەکی تر چەندی ئاوی ژێر زەوی بچێتە خوارەو زەویەکەی دەبێتە هیشکاوس و هەرگیز هیچ شتێکی لێ شین نابیت. لێدانی بیر وا لە زەویەکە دەکات زەوییەکە ببێتە سەرەن و بێژینگ لەوانەیە خوانەخواستە کە زەوی بلەرزی یان زیانێکی گەورە بەو ناوچەیە دەکەوێت، پێشنیاریش دەکەم کە ئەو بیرانە نەخاسمە هی کشتوکاڵی قفل و قەپات بکرێت لە وەرزی زستاندا لەبەر ئەوەی ئەو ئاوە بە خۆرایی دەچێت لەسەر زەوی.
پرسیاری دووەمیشم، گەلێک جوتیار سەردانی نوسینگەی پەرلەمان دەکەن لە ئاکرێ زەوی ئاوی بە عەقد گرتووە ئەوە دوو سێ ساڵە ئەو زەویە ئاوییە هیچ ئاوی لێ نەماوە و بووە بە دێمی، بۆیە پێشنیار دەکەم کە حەقی دێمییان لێ وەربگیرێت لە جیاتی بەراو تاکو ئەو کاتەی ئاوەکە دێتەوە بوون، هەر کاتێک ئاوەکە زۆر بۆوە ئەوە با حسابی بەراویان لەگەڵ بکرێت، لیژنەیەک دەتوانێت ئەوە چارە بکات .
سێیەم پێشنیارێکە کە ستراتیجیە دوو کارگە دابمەزرێندرێت یەکێکیان بۆ ئالیک ئەوەی تر بۆ

ئەلبان، دەڤەری ئێمە دەڤەرێکی گەلێک دەوڵەمەندە هەم لە کشتوکاڵ و هەم لە زراعەت، دەتوانین بڵێین ٦٠ ٪ ی دەغڵ و دانی لە دهۆک هەیە بەرهەمەکەی لە ئاکرێیە و ٥٥ ٪ ی ئاژەڵیی دهۆکیش لە ئاکرێیە بەرهەمەکەی، لەبەر ئەوە کارگەیەکی ئالیک لەو ناوچەیە دروست بکرێت سەرانسەری کوردستان سوودی لێ وەردەگرێت و لەباتی ئەوەی جوتیار بیبات و لە سنورەکان بیپەڕێنێتەوە یان بیباتە موصل و بەپارەی چاپی بدات، هەموو کەسێک بۆ خۆی سوودی لێ وەردەگرێت هەم بۆ ئالیک هەم بۆ دەواجن، و کارگەی ئەلبان ئەگەر دابندرێت وەکو دیارم کرد ٥٥ ٪ ی ئاژەڵی دهۆک لەو ناوچەی ئێمەیە ئەوە لەلایەک لەلایەکی تر نزیکەو ناوچەی هەرێر و بارزان و شێخانیش سوودی لێ وەردەرگرێت هەر وەها وەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی بۆکرد ئەگەر ڕێگای ئیفرازیش بکرێت ئەوە ناوچەی زرارەتی هەموو سوودی لێ وەر دەگرێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شیخ یەحیا فەرموو

**بەڕێز شێخ یحیی عبدالکریم بەرزنجی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بانکی کشتوکاڵی ساڵانی پێشوو تر دیارە قەرزی داوەتە جوتیاران ئەوانیش بەو قەرزە لەوانەیە پرۆژەیان پێ کردبێت ئەگەر بیر بێت یان دەواجن بێت ئەگەر هەر پرۆژەیەکی کشتوکاڵی بێت تاکو پێش جێبەجێ کردنی بڕیاری ٩٨٦ زۆر لەو کارگانە فەوتان هەندێکیان نەمان و هەندێکیان لە بن دەستی ڕژێمن هەندێکیان هەڵوەشانەوە، بانکی کشتوکاڵی ئێستا داوای ئەو قەرزانە و فایدەی ئەو قەرزانەی دەکات لەوانەیە هەندێکیان هەر نەش مابێت بەڵێ قەرزەکە و پارەکەی سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ نییە، بەڵام با بزانین کە وەزارەتی کشتوکاڵ هەنگاوێکی ناوە بۆ بەرگری کردن لەو خەڵکە جوتیارە بکات هیچ نەبێت ئیعفا کردنیان لە فائیدەی ئەو ١٠ ساڵە. هەروەها ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ ئامارێکی هەیە بەو کارگانەی کە کاران و کار دەکەن و ئەوانەی کە لە کار کەوتوون و ئەوانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدان؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوایین پرسیار پرسیاری کاک ابراهیم سەعیدە با بفەرموێ.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

تاکو حکومەتی هەرێم بتوانێت زیاتر گەنمی هاووڵاتیان بکرێت زۆر پێویستی بە شوێنێک دەبێت بۆ عەمبار کردنی، وەزارەت چ پلانی هەیە لە چوارچێوەی بڕیاری ٩٨٦ بۆ دروست کردنی هەندێک سایلۆ، لەبەر ئەوەی ئەگەر تەماشای پارێزگای دهۆک بکەین پێشتر ٣ سایلۆی تێدا بوو ئێستا دوانیان لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێم نیین یەکیان لە فایدە و ئەوەی تر لە شێخان تەنها

ئەوەی زاخۆ ماوە و زۆر پێویستە سایلۆیەک لە سێمێل بکرێت سایلۆیەکیش لە ئاکرێ بکرێت، ئەوە پرسیاری یەکەمم بوو.
پرسیاری دووەمم ، ئەرکی سەرەکی وەزارەت ئەوەیە کە جوتیاران بپارێزێت تاکو رەنج و ماندوو بوونیان بە فیرۆ نەچێت و بتوانن خێزانی خۆیان بە شێوەیەکی باش بەخێو بکەن، پێویستە کاتی بەرهەم هاتنی میوە و سەوزە، حکومەت هێنانی ئەو جۆرە شتانە راگرێت ئێمە ناتوانین کە مونافەسەی تورکیا و ئیران بکەین کە سەلەی خۆراکن لە ناوچەکەدا نرخەکانیان هەرزانترە.
پرسیاری سێیەم، لە هەولێر لیژنەیەکی بالا هەیە ئیشەکەی ئەوەیە کە ئەو گۆشتەی کە زەرەری مرۆڤی تێدا بێت و نەخۆشیەکانیان دەگاتە بەشەر لە دەرەوەی ولات بێتە ناو هەرێم، ئەو شێتی مانگا و ئەو نەخۆشیانەی کە بۆ مرۆڤ دروست دەبێت جار جار دەبینین ترێلەیەکی ئەو ئاژەلانە لە سنوورەکان دەرباز بوون، هەر بۆ ئەوەیە کەسێک لەسەر بەرژەوەندی گشتی نەخۆش بگاتە هەرێم تەنها ئەو تاکە کەسە قازانجەکەی بێختە گیرفانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری ئایا وەلامی پرسیارەکان دەدەنەوە ئەمرۆ؟

**بەڕێز سەعد عبدالله/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش پێمان خۆشە، فەرموون

**بەڕێز سەعد عبدالله/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری :**

پێشەکی زۆر سوپاس، بەڕێزان کە نزیکەی ٣١ ئەندام پرسیاریان کرد، قسەکانی ئێمە لەسەرەتاوە ئەوەیان دووپات کردەوە کە کشتوکاڵ بەشەکی زۆری خەڵک گرنگی پێدەدات راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ ئەوەش خۆی لە خۆیدا سەبارەت بە ئێمە جێی خۆشحاڵیە واتا دووپاتێکە بۆ برگەی یەکەمی قسەکانمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی وەلامەکان بدەیەوە، دەمەوێت بڵێم کە ماوەکەمان تاکو سەعات ١,٤٥ تاکو ئەو کاتە چەندی پێ راگەیشتی وەلام بدەوە ئەوەی تر دوا دەخەین بۆ بەیانی.

**بەڕێز سەعد عبدالله/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری :**

هەوڵ دەدەم فریا بکەوم یەکەم بابەتی پرۆژەی دەواجن، فیعلەن پرۆژەی دەواجن لە راستیدا بابەتێکی دوو سێ لایەنەیە، یەکەم شت ئەوەیە کە لایەکی هەولێری گرتووە و ناهێلی فراون ببێت و لەوانەیە کاتی خۆی کە ئەو پرۆژەیە لەوێ داندرا ئەو کەسانەی دایان ناوە یان خەڵکانێکی دوور بێن نەبوون یان بەمەبەست لەوێ داندراوە، بە هەر حاڵ ئێمە لە پارەوە بە رەسمی تەبلیغی خاوەن

پرۆژەی هەولێرمان کردوە کەوا بیر لە گواستنەوەی بکات ماوەیان بەقسەی خۆیان ، ئەو گرێبەستە لای ئێمە نییە تاکو بزانن زۆر لە ئەوراق و موستەنەدات لە دوای راپەڕین و لەو گۆڕانانەی کە لەو دوایە روویاندا نەمان، لەبەر ئەوە سەنەدێکی رەسمی لەلای ئێمە نییە، ئەوان بە قسەی خۆیان گرێبەستەکەیان سێ بەشە، یەکیان تاکو ۲۰۰۳ یەکیان تاکو ۲۰۰۸ بەهەر حاڵ ئێمە لەسەر عەقدەکە رانەوەستاین، تەبلیغمان کردوون و زەویشمان لە رێگای گوێر بۆ دەست نیشان کردون، تەنها خاڵێکی گرنگ ماوەتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەو پرۆژەیە چۆن بگوازرێتەوە؟ ئەو پرۆژەیە مادام بە عەقدە واتا ئێمە خاوەنین، چۆن بتوانین ئەو هەموو مونشئات و ئابار و شەقامە دروست بکەین تاکو ئەو پرۆژەیە کارا بێت لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیەش گرنگە، هێلکەی خواردن لەو پرۆژانەیە لە دهۆک و هەولێر کە معەدەلی بەرهەمیان لە نێوان ۱۰۰ تاکو ۱۵۰ ملیون هێلکەیە و خەڵکێکی زۆر لەو پرۆژانە کار دەکەن و پرۆژەیەکی بەرهەم هێنە، ئێمەش زەرەر مەند دەبین ئەگەر بێت و لەغوی بکەینەوە، لەبەر ئەوە تا بۆ بەدیلیش .لەسەر پارەی بریاری ۹۸٦ ئەو بابەتەمان باس کردوە و لە ئاستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش لەو بابەتە ئاگادارن، واتا ئێمە لە بەرنامەمان دایە و جەختمان لێ کردون، تەنها خاڵێک ماوە کە چۆن بتوانین بیگوازینەوە بەقۆناغ چونکە پارەیەکی بەلایەنی کەم بۆ گواستنەوەی و دروست کردنی هۆڵ ئەوە نزیکەی ٥ یان ٦ ملیون دۆلاری دەوێت.

ئیعفای جوتیاران لە عەقد وابزنم ئەوە لە دەسەلاتی ئێمەدا نیە، ئەوەی ئێمە پێمان کراوە ئاسان کاریمان بۆکردوون لەو ماوانەی کە پێویست بووە چاومان لێ پۆشیوون، وەکو ئێوەش دەزانن حکومەتی هەرێم بۆ دەسەتەبەر کردنی پابەندی دارایی خۆی بەرامبەر بە خەڵک بە تایبەتی لە هەندێ کاتدا ئیعتمادمان دەکەوێتە سەر هەندێ سەرچاوە کە ئەو سەرچاوانە دەکەونە بەر رکێفی زەختی سیاسی، لەبەر ئەوە ئێمە ناچارین پشت بە دەستکەوتی خۆمان ببەستین و حکومەت دەبێت پشت بە مەواریدی خۆی ببەستێ لەبەر ئەوە ئێستا لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە داوای حەقێک دەکەین کە پێم وایە زۆریش نییە بۆ نمونە ئەوناوچانەی کە بارانیان مضمون نییە ٤ دۆنمە واتا ئەگەر کابرا ٤٠ دۆنمی هەبێت دەکات ۱٦٠ دینار، ئێمە بەرامبەر بەوە نامانەوێت بە منەتی بزانین، بەناوی ئەوەی کە باران بووە ئێمە ۱۰۰ دینارمان بۆ تەوفیر کردوە کە شۆ و وەردی پێ ببرێت، بەهەر حاڵ ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ راستە راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ جوتیاردا دەکەین، بەڵام بەرگری راستەقینە ئەوە جەمعیاتی جوتیاران دەیکات لە جوتیاران، ئێمە کارمان لەگەڵ ئەوانە ئاسانکاریان بۆ دەکەین، ئێمە لایەنی ئیداری ئەو پەیوەندیەین.

سەبارەت بە پرسیاری کاک سەعید، بۆ کرینی گەنم دووجار گەنم کراوە جاری یەکەم لە ۱۹۹۷ بوو کە برێکی زۆر کرا و حکومەتی هەرێم زەرەری تێدا کرد وئەوەی ئێستاش کراوە حەز دەکەم بزانن تاکو ئێستا نەفرۆشراوەتەوە ، واتا تاکو ئێستا ماوە ، دەربارەی مەنعی گەنم خۆی دوو بۆچوون هەیە بۆچوونێک ئەوەیە کە ئێمە مەنعی بکەین. و بازارێکی هەڵدەستێت وکار دەکاتە سەر شتی

تر، دوو دائیما دەبێت یەدەگێک هەبێت لە گەنم بەتایبەتی زروفی ئێمە هەموو کات جێگیر نییە، خاڵی دووەمی مەنع و مەنع نەکردن پەیوەندی بە ئێمەوە نییە پەیوەندی بە ئیدارەی مەحەلییە پەیوەندی بە پارێزگا و وەزارەتی داراییەوە هەیە بە گومرگەوەش هەیە، بەڵام ئێمە لەلایەنی خۆمان هەر شتێک ببێتە هۆی ئاسان کاری بۆ جوتیاران و سوودیان ئەوە کاری ئێمەیەو بۆچوونی ئێمەیە.
پرسیاری دووەم موزەخات لە دووکان دەفرۆشرێت، بەراستی ئەویش دیسان مەرج و زەوابیت هەیە،کە کێ موزەخەی بدرێتێ ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، من وەکو وەزیری کشتوکاڵ لەوەتەی دەست بەکار بووم بەرپرسم لەوەی کە ئەوانەی کە وەریان گرتووە ١٠٠٪ مەرجیان هەیە و ئیجرائاتی زۆر توندیشمان کردوە و هەندێ خەڵکمان گرتووە، گرتنەکانیش لە رێگای پارێزگاکانەوە کراوە. بۆنمونە لە پارێزگای دهۆک خەڵکێک گیرا، کە دەشگیرێن قسەیەکی تر دەکرێتەوە دەڵێن با ئاسان کاری بکرێت و لەوانەیە یەکێ لە هۆکارەکانی کەوا ئێمە کە رەزامەندیمان لەسەر زیاد کردنی نرخەکە کرد بۆ ئەوە بوو کە کەسانێک بازرگانی پێوە نەکات تەنها جوتیار بیکرێت، لەوانەیە یەکێ لە هۆکارەکانی ئەوە بووە، لەبەر ئەوەی ئەگەر زۆر موغری بێت کەسانی زۆر تەدەخولی دەکات هەرچەندە ئەو بوارە زۆر کەم بۆتەوە.
کاک مەلا هادی لە بارەی نرخی کەل و پەل دەپرسێت بۆچی زیاد کرا، بەڵێن درا کە کەمی بکەینەوە، حەزم لێیە بزانن کە ئێمە لە جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە، بەرنامەی ٩٨٦ئێمە شەریکین لەگەڵدا تەنها خاوەن نین وجارێکی تر ئەو بابەتەم باس کرد و ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە، رێکخراوەکانی UN بریکاری حکومەتی عێراقن بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکە، بەڵام ئەوان بەتەنها پێیان ناکرێت، بۆنمونە ئەو پێی دەکرێت بچێت هەزار کارمەند بێنێت ئالیک دابەش بکات و شەتڵ بچێنێت ، بێ گومان پێی ناکرێت لە بازاریش بکرێت کولفەی زۆرە لەبەر ئەوە بە ناچاری دەبێت ئێمە شریک بین، لە دانانی نرخیش هەم دیسان پێکەوە دایدەنێین بەڵام سلێمانی، دهۆک، هەلێر لەگەڵ فاو بەپێی زەوابتێک کە لەسەری رێکەوتوون دەیکەن و ناوە ناوەش قابیلی گۆرینە، بۆ نمونە ئێمە سەدی بیستمان داناوە لە نرخی کرین واتا مووەلیدەیەک دەکردرێت بە هەزار دۆلار سەدی بیستی ئەو نرخەی لێرە دەفرۆشرێت، تاکو ئێستا نەمان توانیوە لەوە زیاتر دابەزین ، لەبەر کۆمەڵێ هۆکار ، یەکەم زەوابیتەکەیان وایە دوو لەوانەیە گرفتمان بۆ دروست دەبێت، بۆ نمونە نرخی کەل و پەل وقطعەی غیار زۆر هەرزانە نرخی مەوادی عەلەف لە رادە بەدەر هەرزانە، من یەک نمونەتان بۆ باس دەکەم کیلۆی تۆوی تەماتەی ئەمەریکی کە پار دابەش کرا تاکو تەماتە بچینن بۆ کارگەی قتوبەندی هەریر، خۆی کیلۆی بە ٢٨ هەزار دینار کراوە، لەوانەیە کەسانێک گوێی لێبێت بە خەیاڵی بزانن، لێرانە ئێمە بە ئیتیفاق فرۆشتمانەوە دوایین رادەی کیلۆی بە ١٢٠٠ دینار ، سەرەتا جوتیار زۆر نارەحەت بوو، بەڵام حەزم لێیە بەرێزتان لەو جوتیارانە بپرسن کە ئەو تەماتەیان چاندوە، ئێستا ئەگەر بە دوو ئەوەندەی ئەو نرخە بێت لەبەر ئەوەی بەرهەمەکەی دە ئەوەندەی ئەو تەماتە بووە کە پێش تر کردویانە، خەڵکانێک ئەو تۆیەیان هێنا بازار گوتیان

هەرزانتری دەفرۆشن، دواتر دەرکەوت کە ماوەکەی بەسەر چووە و ئەوانەی کە لەو جۆرەیان چاند بوو سوودیان لێ وەرنەگرت، واتا جوتیارەکان خۆیان گوتیان ئەو نرخە دێنێت و دە ئەوەندە دێنێت، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە ئێمە هەموو شتێک لە سەر بنەمای پشتگیری لێراهاتووین، لەوانەیە جوتیاری ئێمە بەتایبەتی لەو بێ بازاریەی ئەو قبولّ نەکات.

سەبارەت بە فرۆشرانی عەقد هەر پرسیاری کاک مەلا هادیە و بابەتی عەقد لەگەڵ جوتیاران بۆ تەماتە، بابەتی عەقد فرۆشتن راستە خەڵکێک ئەوە دەکات هەر لە بنچینەوە باطیلە (المبني على الباطل باطل)خۆی زەوی ئەو نییە و فرۆشتویەتی، زۆر مامەڵەی وا کراوە، ئێستا ئێمە رامان گرتووە، هەر ئەوەندەمان پێکراوە کە بە ئاشکرا رای گرین، واتا ئێمە نەی کەین و سەرپۆشە یاساییەکەی بۆ نەبینینەوە و لە چوارچێوەی ئەو رووپێوەی کە ئێستا تەواو بووە، لەوانەیە زۆر پرسیار کە دەربارەی زەوی و زار کرا وەڵام بداتەوە، پێشنیاری خۆمان بۆ چارەسەر کردن، چ بکەین؟ لەگەڵ ئەمری واقیع برۆین یاسایەکی وا دابندرێت کە موسایەرەی ئەمری واقیع بکەین، چ گۆرانکاریەک بکەین، ئەوە پێشنیاری خۆمان هەیە لەبەر ئەوە دەستمان لێ نەداوە تاکو بزانین لەسەر ئەرزی واقیع چی هەیە، هەر لەخۆرا عمومیات نەکەین ، لەبەر ئەوە هەر بابەتێک لەوانەیە چارەسەریەکی تایبەتی دەوێت. باسی ناوچەی سلێمانی و گەرمیان کرا کە گوایە لە هەندێ شوێن بریاری ۱۱۷ جێبەجێ کراوە لە هەندێ شوێن ۹۰،لە دهۆکیش شێخان ۱۱۷، سێمێل ۹۰تە، ئەویش لە هەندێ شوێن تەسویە نەکراوە، تەسویە و تەوزیع کراوە لەسەر کاغەز واتا فەرمانبەری کشتوکاڵی لە هەولێر زەوی چۆمانی دابەش کردوە لەسەر کاغەز، نە زەویەکەی دیوە نە جوتیارەکەشی دیوە، ئەوە دابەش کردنێکی باطلە لەبەر ئەوەی واقیعی نییە.

سەبارەت بەوەی بۆ جوتیاران پلەیان دانا بوو پلە یەک و دوو و سێ تەقدیرەکە بۆ لیژنەکە دەمێنێتەوە کە وەری دەگرێت کە دیارە دەرەجە یەکی بۆ دانەناوە پلە دوو یان سێ بۆ داناوە، پاشان ئەوە ئێمە نین، ئەوەیە کە ئیدارەی کارگەکەی کردوە، پێمان خۆش بوو هەمووی پلە یەک حساب بکرێت.

کارگەی ئاکرێ من باسم کرد، کارگەکە ماوەکەی تەواو بووە، مەوادەکان هاتوون و کەرستەکانیش هاتوون و لە قۆناغی بەستنن و هەندێک لە کەرستەی ئەوەلیشی بۆ هاتووە کە پشتی پێ ببەستین و ئەوەی تر مەواد ئەولیەکە پرسیارێکی تر بوو دێمە سەری، مەواد ئەولیەکە هاتووە و دەدرێتە جوتیاران عەقدیان لەگەڵ دەکرێت و ئاسان کاریان بۆ کراوە لە پەین و شتی ترلە ناوچەی ئاکرێ تاکو وەکو تەماتەکەی هەریر بیدەن بە کارگە، بەڵام گرفتێک هەیە، کاک د. ادریس باسی بابەتی پیشەسازی کرد خۆی گرفتی ئێستامان چیە؟ گرفتەکە ئەوەیە کە بیرۆکەی کارگەکان ئێمە دایدەنێین و لە کوێ دابندرێت؟ چ کارگەیەک دابندرێت؟ کارگەی مەوادی خۆراک بیرۆکەی ئێمەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین لە کوێ بەرهەم هەیە و لە کوێ بکرێت، سەرژمێری مەڕ و ماڵات لای ئێمەیە ئێمە دەزانین (۵۷ ٪ )ی مەڕ و ماڵاتی دهۆک لە ئاکرێیە، کەچی کارگە لە

سیمێل داندراوە، ئەگەر حسابی ئەوە بکرابا ئێمە ئەوەمان نەدەکرد لەوێمان دادنا، بۆیە بڕیار درا لەمە و دوا بابەتی دیاری کردنی جۆر و، وەزارەتی پیشە سازی پاش ئەوەی تەواو دەبێت، ئیدارە و بەکارهێنان و کارەکانی ئەوە عایدی ئەوانە، بەڵام تا تەواو بوون، لەبەر ئەوەی ناوی پیشەسازی خۆراکە پشت بەو کەرستە بەراییانە دەبەستێت کە لە ناوخۆ بەرهەم دهێنرێت.

هەروەها دەربارەی یاسای ژمارە(٩٠) بەگشتی گرفتی زەوی گرفتێکی موعەقەدە زۆر گۆڕانی بەسەر دا هاتووە و زۆر ئیشکالاتی تێدایە و دەست لیدانیشی زۆر ترسناکە، لەو ماوەیە گوندێک لە ئاکرێ گرفتی زەوی هەبوو کەسێک لەگەڵ چەند جوتیارێک گرفتیان بوو تا توانیتمان چارەسەری بکەین دوو مانگ خەریکی بووین، گرفتی زەوی هەمووتان یان نزیکن لە جوتیاران یان خۆتان جوتیار بوون خۆتان دەزانن کە گرفتێکی حەساسە.

بەڕێز خوشکە حەلیمە بارزانی، راستە یاسای غابات یاسای کۆنی هەیە و رێنمایی کۆن هەیە، پار پەرلەمانی بەڕێز موصادەقەی هەموارکردنی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵی کرد، لەو هەموارانە یەکیان بەڕێوەبەرایەتی غاباتە، بەراستی تاکو ئێستا ئەو بەڕێوەبەرایەتیە دەست بەکار نەبووە، بۆنمونە یەک لەوانە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستانە هێشتا دروست نەبووە، هۆکاری هەبووە، لەوانەیە پێویستمان بەوە بووە کە بەڕێوەبەرایەتیەکی پۆلیسی کارا دروست بکەین کە فیعلەن ئەو یاسایەی کە دەمانەوێت دایبنێین جێبەجێی بکات، نەک پۆلیسێک دابنێین لە شوێنی خۆی نەبێت و نەتوانێت کارەکانی جێبەجێ بکات، بەس ئەوە شتێکی لە بەر چاوانە و بیری لێکراوەتەوە.

بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی باسی استبدال و ئیتفای پێچەوانە، فیعلەن ئەوە گرفتێکی گەورەیە بەرەو رووومانەوە دێت و ئەوەش لە چوارچێوەی پێشنیارەکان دەبێت کە ئێمە لە داهاتوو دەیخەینە روو، ئەوەی پەیوەندی بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەبێت پێویستی بە رێنمایی هەبێت لەوانەیە لەوێ چارەسەر بکرێت، بەڵام هەندێکی پێویستی بە هەموار کردنی یاسایە، ئێمە دەکەوینە قۆناغی ئەوەی شتێک ئامادە بکەین و بۆتانی بنێرین بۆ چارەسەر کردنی ئەوانە.

بۆ ناوچەکانی سەرەوە ئەو بڕیارانەی دراون راستە تاکو ئێستا لەسەر ئەمری واقیع هیچی جێبەجێ نەکراوە، ئەوەی سەد ساڵ بەر لە ئێستا زەوی باب و باپیری خۆی کردوە هەر ئەوەیە ومن رام وایە دەبێت تەعامول لەگەڵ ئەو واقیعە بکرێت بە مەرجێک ئەوەی لەسەر زەویەکەیە و موستەغیلی فیعلیە پێویستە بەناوی ئەو بێ و بەناوی ئەو بکرێت.

سەبارەت بە گەڕانەوەی سەر گوندەکان و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست فیعلا ئەوەش یەک لە گرفتەکانە ئەوە گرفتێکی زۆر گەورەیە، خەڵکێکی زۆر هەیە بیانگەی ئەوەیە کە گوندەکەی ناوچەی تەماسە، هەندێکی ناوچەی قەدەغە کراوە ناوچەی پەکەکە بووە ناوچەی مین رێژە، هەندێکی دووکارەیە بە هەر حاڵ ئێمە سەد لە سەد لەگەڵ ئەو رایەین و شتێکی باشە و دەبێت ئەوە بکرێت و هەوڵ بدەین کە دەبێت ئەوە بکرێت، وئێمە خۆمان لە چوارچێوەی رووپێوی یەک لە خاڵەکان ئەوەیە کە زەویەکە بە ناوی کێیە و کێ لەسەری کار دەکات،لەوانەیە مەبەستەکەشمان

هەر ئەوە بێت کە لە داهاتوو بگەینە ئەنجامێک، یەک لەو کارانەمان کە چۆن وا بکەین ئەو خەڵکە بگەڕێتەوە،دووپاتم کردوە کە خەڵک نە بە خانوو دەگەڕێتەوە نە بە ڕێگا، واتا ڕێگای قیری بۆ بکەیت و خانووشی بۆ بکەی کارەباشی بۆ ببەی چونکە ئەو سێ هۆکارە ئاویش هەر چواریان لە کۆمەڵگاکان زیاتر هەیە، یەک شت ئەویش دەبێت ئێمە کاری بە سوود تر و باشتر لەشار دابین بکەین، کابرا ئەگەر لە کۆمەڵگا یان لە شار بژی مانگانە هەزار یان پێنج سەدی بەدەست دەکەوێ، بەڵام ئەگەر بگەڕێتەوە لەوانەیە داهاتی ساڵانەی بگاتە ٢٠ هەزار دینار، کەواتە ئەوە هانی دەدات، لە بەرنامەی LGF ئەوەمان لەبەر چاو گرتووە کە پرۆژە بۆ جوتیار بکەین کە گەڕایەوە سەر گوندەکەی خۆی، لەو گوندانەی کە باس کرا کۆمەڵێ دێ دیاری کراوە کە بۆ ئەو خەڵکانەی کە لەوێ نیشتە جێن و موستەحەقن ڕەزیان بۆ دروست دەکرێت ، دەچینن و دەیان دەینێ، تەنها لەبەر ئەوەی جارێکی تر بە زەویەکەی بنوسێتەوە جارێکی تر و زۆر لەو پرۆژانە ، بۆ نمونە سایلۆی بچوک وەکو لە کوردەواری پێی دڵێن عەمباری بچوک لە بەرنامەمان دایە، هۆری ئاژەڵ لە بەرنامەمان دایە، ئەوانە هەمووی لە بەرنامەکانماندایە بۆ هاندانی خەڵک بۆ گەڕانەوە.

پرسیارێک تری کاکەرەش نەقشبندی ئەو پارەیەی فیزەکانم خوێندەوە من پێم وایە پێش فیزەکان پرۆژەکانم خوێندەوە تاکو ئەو پرسیارە وڵامێکی هەبێت، یەک نمونەی بچوک من باسی کەرستە و مەکائن ناکەم باسی چوار ئامێری داندۆم کرد کە یەکی بە ٨٠٠ هەزار دۆلار کراوە و ئێستا لەبەر دەستماندایە و پێنجی تر مانگی دوو دێت کە ئەویش دەکاتە ٤ ملیون دۆلار و بێجگە لەوە من باسی ئەوەم کرد کە ٥٨ هەزار تەن ئالیکی مورەکەز کە هەر تەنی بە ٢٠٠ دۆلار بەوشکی کڕاوە، ئەوەی کاک موحسن ڕەخنەی لەوەگرت کە بۆچی جۆی خۆمان ناکڕینەوە، ئەوە داوای ئێمە بووە، ئەوە یەکێ لە گرفتەکانی خودی بەرنامەکەیە کە نایەلی لە مەحلیان شت بکڕدرێت، و ١٠٥ پرۆژە هەموو بە پارە کراوە، ئەو مەوادەی کەدێت هەمووی بە پارە کڕاوە ، لەوانەیە کە ژمارەی پارە لای ئێمە نەبێت بەتەواوەتی ، لەوانەیە لای فاوی ئێرەش نەبێت ، لەبەر ئەوەی ئەو تەندەرانە لە ڕۆما دەکرێت ، زۆربەی مەواد بە پارەی زۆر دەکڕدرێت، بۆنمونە لەو بەینە ١٤تراکتۆر هاتووە هەندێکیان بە ٣٢ هەزار دۆلار هەندێکی بە ٢٥ هەزار دۆلار، لەو ماوەیە بڕیار درا کە بفرۆشرێتە جوتیاران دیسان گرفتی ئەوە هەبوو ئایە بە چ نرخێک بفرۆشرێت، دیسان سەدا بیستەکە زۆر دەکات، من باسی ئەوە ناکەم کە ئەو پارەیە هەمووی وەکو خۆی، پارەیەک لە عێراقەوە نەفت دەروات و دەفرۆشرێت و دەچێتە نیویورک و دێتە حیسابی ڕێکخراوەکان و تەندەر و تا دەگاتە ئێرە بە تەئکید ئەو پارەیە وەکو حسابی ڕاست دەرنەچێت بەڵام پێم وایە زۆربەی شتەکان بەرامبەر بەوە هەن.

پێشنیاری د. لطیف بەرزنجی لەبارەی کۆنفرانس، خۆی شتێکی باشە لە ڕاستیدا، بەڵام ئێمە بە بەردەوامی چاوخشاندنەوە دەکەین بە بەرابیەکان و ساڵانە دوو جار کۆبوونەوەی فراوان دەکەین

تاکو بزانین بەرایی یەکانمان چییە، چ شتێک لەغو بکەینەوە ؟ و چ شتێکی تر داخیل بکەین؟
تەنانەت سەبارەت بە فێزەکانیش ئێستا ئێمە مرونەتێک پەیدا بووە فێزەکان قابیلیەتی ئەوەیان تێدایە کە تەداخولی پێ بکەین، بۆ نمونە ئێمە فێزەکمان اقرار کردوە فێزی ٩ کۆمەڵێک پرۆژەمان اقرار کردوە بەڵام ئەوە هێشتا نەبۆتە تەندەر، ئێمە دەتوانین ئەگەر زانیمان ئەوە بەکەڵکی ئێستامان نایەت پێش ئەوەی ببێتە تەندەر دەتوانین هەمواری بکەین یان لەغوی بکەینەوە، ئەو کردارە بەردەوامە ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لەوانەیە لە کۆنفراسی گەورە شتی زۆر گەورە بەرهەم نەیەت، واتا شتی عەمەلی، راسپاردە دەکرێت بەڵام هەر دەبێت بکرێتە لیژنەی بچووک، ئێمە گوێمان لە هەموو دەنگێکە لە هەموو پێشنیارێکە، ئەوەی ئێستا ئێوە باستان کرد بەشێکی لەوانەیە بخرێتە بەردەمی دام و دەزگاکانی وەزارەت تاکو ئەوەی بە سوودە بێ گومان لە بەر چاو بگیردرێت، خوێندنی باڵا مەرجی خۆی هەیە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە و لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران زەوابت هەیە و لە ئەنجومەنی خوێندنی باڵا دادەندرێت ئێمە خۆمان داوامان کردوە بۆ هەردوو کۆلیژی کشتوکاڵ کە اختصاصات دابین بکرێت و بمان درێتێ، وەڵامەکەیان ئەوە بووە کە گوتویانە بۆتان دەستەبەر دەکەین بەڵام لەسەر زەوابتی خۆمان، واتا دەرەجات و مافی مونافەسە، من دەمەوێت لێرەدا لە چوارچێوەی ئەوەدا باس بکەم ، لەماوەی دوو ساڵی رابردوو ئێمە لەگەڵ کۆلیژی کشتوکاڵی هەولێر و دهۆک و کۆلیژی بەیتەرە و کۆلیژی ئەندازە و جیۆلۆجیەکانیش دەیان کۆبوونەوەمان کردوە و ئێستا پەیوەندی بەردەوامان هەیە و تاکو زانکۆ بتوانێت لە رێگای لێکۆڵینەوەی زانستی خزمەت بە پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ بگەیەنێت ، هەروەها ئێمە بە نووسراوی رەسمی و لەو کۆبونەوانەش داوامان لێ کردوون کۆلیژە تایبەمەندەکان پەیوەست بە ئێمە لەجیاتی ئەوەی دراسات لەسەر شتێک بکەن کە پەیوەندی بە کوردستان نییە، داوامان لێ کردوون کە نامەی دکتۆرا و ماجستێر راستەوخۆ پەیوەندی بەو گرفتانە هەبێت و بە لایەنی پێشخستن هەبێت کە ئێمە مەبەستمانە جێبەجێی بکەین.
سەبارەت بە کڕینەوەی گەنم باسم کرد پەیوەندی بە خودی بڕیارەکەوە هەیە، بڕیاری (١٢٨٤) ئەو بوارەی هێشتبۆوە بەڵام حکومەتی عێراق رازی نەبوو لەسەری .
بەڕێز کاک جەلال خۆشناو دوو پرسیاری کرد، سوود لە پارەی تەرخان کراو بۆ وشکە ساڵی نەکراوە، من پێم وایە زۆر شت کراوە ، ژمارەی ئەو بیر و ئەو عەلەفەش کە هاتووە هەمووی لەسەر پارەی وشکەساڵە ، دابەش کردنی جۆ پار ئێمە وەجبەک جۆمان دابەش کرد ئەوساڵیش دابەشمان کرد و پارەی مێرووی تۆشکداریش کە ٨٠٠ هەزار بوو ئەوە هەمووی لەسەر حسابی وشکەساڵیە و زۆر شت کراوە بۆ وشکەساڵی، من نازانم ئەو لیستەی کە لەلاتانە بەشێکە لەو شتانە ئەوە هەمووی بە پارە کراوە، دەربارەی ئەوانەی کە مامەڵە لەگەڵ فاو دەکەن کە چاویان پێدا بخشێندرێتەوە، نەک لەوە لە هەموو شوێنێک هەرچی لە رێکخراوەکان کار بکات چونکە پارەی باش وەردەگرێت بتەوێت یان نەتەوێت خەڵکێک حەزی لێیە کە بۆی بچێت، ئەوە ئێمە لە

وەزارەت هەموو دەم ئەو گرفتەمان هەیە، فاو یان هەر ڕێکخراوێکی تر زەوابیتی خۆیان هەیە، ئەو زەوابیتە لەبەر چاو دەگرن و لەوانەیە کاریگەری پەیوەندی کەسیش هەبێت، بەڵام مساوەمە کردن دەمێنێتەوە ئایا ئەو فەرمانبەرە مساوەمە دەکات لەسەر بەرژەوەندی وەزارەت، من لە سەرەتاوە باسم کرد کە فاو خۆی بەرپرسە لە جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە و ئێمە کە داخیلی بووینە لەبەر ئەوەیە کە بە تەنها بەو ناکرێت ، کەواتە ئەو کەسانە باشن لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە کار بکەن کە بتوانن پەیوەندیەکی باش دروست بکەن تاکو زۆر ترین ژمارە لە کەوادیری کوردستان لەو ڕێکخراوە کار بکات باشترە لەوەی بچن لە دەرەوە بیهێنن یان لە دەرەوەی دام و دەزگاکانی حکومەت بیهێنن لەبەر ئەوەی فەرمانبەر هەژارە، ئێستا لە هەولێر و دهۆک پتر لە ٤٠٠ فەرمانبەر کار دەکەن لە ڕێگا حەملاتی ٢٠ ڕۆژی جا هەیە ڕۆژانەیە هەیە مانگانەیە هەیە ئەندازیارە ئەوەش خۆی لەخۆیدا واتا ٤٠٠ خێزان لە کوردستان سوودمەند بوون بێجگە لەوە حەز دەکەم جەنابتان ئاگادار بن ئەو ٤٠٠ کەسە هەر یەکەی ١٥ ٪ ی ئەوەی وەری دەگرن لێیان دەگێڕینەوە دابەشی دەکەینەوە بەسەر ئەوانەی کە شانسی چوونیان نییە بۆ نمونە نووسەری حساباتە شانسی نییە ٢٠٠ دینار وەر دەگرێت بەڵام فەرمانبەرەکەی تر لە تەک ئەو دەچێت سوودمەند دەبێت ئێمە توانیتمان ئەو سیستەمە دابنێین سەرەتا نارازی بوون بەڵام ئێستا زۆر ڕازین، دێمە سەر پرسیاری برایەکی تر لەبارەی مووچە، مووچە لەسەر داوای ئێمە نەبوو، لە چوارچێوەی بەرنامەی تەقەشوف و زیاد کردنی واریدات بوو کارمەندی حساباتە شەنسی نییە دوو سەد دینار وەردەگرێت بەڵام کارمەندەکەی تر لەتەنیشتە وی دەچی سوودمەند دەبێت ئێمە توانیتمان ئەو سیستەمە دابنێین لەسەرەتا نارازی بوون، بەڵام ئێستا زۆر ڕازین. دێمە سەر پرسیاری برایەکی خۆشەویست دەربارەی مووچە، مووچە لەسەر داوای ئێمە نەبوو لەچوارچێوەی بەرنامەی تەقەشوف و زیادکردنی واریدات بوو، بەڵام ئێمە داوامان کرد کەوا دووبارە تەماشا بکرێتەوەو، ئێستا دووبارە تەماشا کراوەتەوە موافەقە کرا لەسەری دەربارەی سەدی گەورە کە کاک جەمیلی بەڕێز باسی کرد، بەراستی سەددی گەورە کێشەیەکی سیاسیە من باسم کرد بابەتی ئەو بەرنامەیە لەدەستی ئێمە نییە بەتەنها و، ئیشکالاتی لەسەرە و، بەڕاستی یەعنی ئێمە سەددی باکرمە داخیلمان کردیە و، دە ملیۆن دۆلاریشمان بۆ داناوە بۆ دیراسات ئەگەر حکومەتی عێراق موافەقەت بکات. چۆن حکومەتی عێراق موافقەت دەکات، ئەگەر مەشروعەکە ببێتە موشتەرەک لەوانەیە بۆ ئەوانیش و بۆ ئێمەش سوودمەند بێت، بێگومان ئەگەر موشتەرەک بێت بۆ ئێمەش باشە، بەڵام ئەگەر بەتەنیا بۆ ئێمە بێت و ئاوەکە بگرینەوە لەوانەیە ئەوە زۆر ئیشکالاتی تێدا بێت و ئاسان نەبێت، بەڵام هەوڵدان بەردەوامە بۆ ئێمە تاکو پرۆژەکانمان گەورەتر بکەین و، زۆر شت هەیە ئینشاء الله لە داهاتوو دەیبینین.

دەربارەی بەڕێز کاک مامند عەباس مامند، ئێمە لیژنەیەکمان هەیە دەربارەی کوێستانەکان بەڕێوەبەری زەویوزار و مەسئوولینی ، هەموو ساڵ دەردەچن لەگەڵ قائیمقامی سۆران و مێرگەسۆر

و چۆمان بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێت، دیسان ئەگەر شتێکی دیاریکراو هەیە، مەسەلەی زەرائیب عایدی ئێمە نییە، بەس ئەگەر شتێکی موحەددەد هەیە پەیوەندی بەوە هەیە ئەو لیژنەیە چی بکات بۆمان بێت بۆ ئەوەی هاوینی ئایینده ئیعتیباری وەربگرین.
پرسیاری شفیقە خان دەربارەی پرۆژەی تەسفییەی ئاوی مەجاری، بەڵێ ئێمە باسمان کرد ئێمە ئەو پرۆژیەمان تەرح کردیە لەگەڵ یونیسێف و هاپیتات خۆی ئەو پرۆژەیە موشتەرەکە. ناو هەولێر عایدی یونیسێفە لەگەڵ شارەوانی، رەنگە هاپیتات داخیل بێت لە قۆناغێک بۆ مونشەئاتەکان لە کۆتایی قۆناغ ئێمە سوودی لێ وەردەگرین، ئێمە بابەتەکەمان تەرح کردووە و، داخیلی بەرنامەی خۆیان کردووە دەمەوێ ئەوە بزانن کە ئەو پارە یە لە دەست ئێمەدا نییە، کە خۆمان چۆنمان بوێت وا بەرێوەی ببەین، بە تەئکید ئێستا ئەگەر لە دەستی خۆمان بوایە ئەوەی کە پەیوەندی بە ئێمەیە مەسحە، مەسحی مەنتیقەکەیە یان مەسحی تۆپۆغرافی مەنتیقەکەمان بە تەواوی کردووە، خەرائیتی کانتۆڕیمان بۆ کردووە، یەعنی ئێمە ئیشەکانی کە پەیوەندی بە کشتوکاڵەوە هەبێ هەموومان کردووە مایە لەسەر ئەوان.
دەربارەی نرخی پەلەوەر گرانە باسم کرد یەعنی ئەوە بازار دیاری دەکات کە بەروبووم زۆر بێت، بەس ئەگەر زۆریش هەرزان بوو دەواجنەکان ئیفلاس دەکەن، موجەممەعەکانی ئەوانەی فەقیرن ئەوەی کە توانای مونافەسەیان نییە ئیفلاس دەکەن، کەمەکە دەمێنێتەوە کە کەمەکە ماوە ئیحتیکاری دەکات ئەو کاتی ئەو بڕیاری دەدات کە نرخی چەندە نەک بازار، لەبەر ئەوە دەبێت ئەو جانیبە لەبەر چاو بگیرێت.
دەربارەی موتەفەریغ زراعیەکان ئەگەر کەسێک هەیە موتەفەریغە و لێرە نییە ناوەکانمان بدەنێ بۆ ئەوەی ئێمە ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ بکەین، بۆ ئەوەی کە لێرە نییەو تا ئێستاش عاردی بەناوە.
بەڕێز کاک فاضل رەئوف، ئێمە ئەوانیشمان بێ بەش نەکردووە، بەڵام بە تەئکید ژمارەیان کەمترە کەمتریان بە بەر دەکەوێت، یەعنی لە پێنج هەزار فەرمانبەر چوار سەدی ئیش دەکات، دهۆک ئەوە کۆمەڵەیەک وا لە حەملات و شتی وانە هەندێک شت پەیوەندی بە ئیختیساساتە، بەڵام دیسان ئەوانیش لە بواری غابات و هەندێ مەجالی تر بەپێی توانا لە ئیش دان.
بەڕێز زهراء خان دەربارەی موجەممەعی زراعی، ئێستا خەریکین دائیرەی زراعەت لە دەرەوەی دهۆک دەکرێت، خەریکە بکرێتە تەندەر. دەربارەی تەسویەو کێشەی زراعی ئەوانە باسم کرد ئەوە هەمووی بەشێکە لە مەسەلەی زەوی پێکەوە یەک ئیشە و پێکەوە جێ بەجێی دەکرێت. مەسەلەی سێو دیسان ئێمە ئەوە بەخۆمان پێشنیارمان کردووە و داوامان کردیە، بە موحافزی هەولێر و دهۆکمان گوتووە بە وەزارەتی داراییمان گوتووە، بۆ نموونە پار ئێمە مەنعی گۆشتی کوژراوەی مریشکمان کرد و، ئێستاش ئەو بڕیارە هەر ماوە، بەڵام هەردەم دەبێت تەرازوویەک رابگیرێت، چونکە موحافزەکان و خەڵکیش ئەگەر شتمان نەما مەحافەزەی زۆر لەسەر نرخ بکەین خەڵک نارازی دەبێت کە خەڵک نارازی بوو لایەنی تر تەدەخول دەکەن، لەبەر ئەوە مەسەلەکە تەوازون

راگرتنه.

بەڕێز د. ئیدریس کۆمەڵێک پرسیاری کرد دەربارەی پارەی(ئێل جی ئێف)، ئەو پارەیە بە فرۆشتنەوەی ئەو شتانە بەکار دێت، ئەو پارەیە لەبەر دەستی ئێمەدا نییە ئەو پارەیە لە حیسابی فاوە، بەڵام بە هاوبەشی پێش ساڵی ٢٠٠٠ لە کۆبوونەوەکانی هاوبەشی نێوان ئێمە و فاو سەرف دەکرا لەچی؟

حەملاتی تەوزیع یەعنی ئیشەک دەبوو تۆ کە فەرمانبەری لەو حەملەیە بەشدار دەبووی لەوە پارەیان بۆ سەرف دەکردی، هەندێک پرۆژەی بچووک، پرۆژەی ڕێی بچووک و پرۆژەی دابەش کردنی مریشک، هەندێ پرۆژە پرۆژەی بچووکن یان نۆژەن کردن یان کڕینی ئەساسی ئەو دائیرانەی کەوا نۆژەن کراینەوە، بۆ نموونە یەک لەوانە پار وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری لە بینایەی وەزارەت نزیکەی ٣٠٠ هەزار دینار لە تەعمیری هەندێ گەراجات و هەندێ شتی تر پێش ئەو بڕیارە سەرکەوت لە بڕیارێکی نوێدا مەوزوعی ئێل جی ئێف جارێکی تر خراوە سەر ١٣٪، ئێستا سەلاحیەتی وەزارەت لە سەرف کردنی ئێل جی ئێف نییە تەنها یەک ئیش ئێمە تەحدیدی ئەوەمان کردیە کەوا پارەی ئێل جی ئێف لە پرۆژە سەرف بکرێت بۆ ئەو گوندانەی تازە ئاوەدانکرانەتەوە و، ئێمە پرۆژەکە دابنێین، ئێستا دوو لیژنە لەو بارەیەوە پێک هاتووە لیژنەیەک لە هەولێر و لیژنەیەک لە دهۆک، ئەو لیژنانە پرۆژە وەردەگرن لە خەڵک گوندەکان دەبینن، هەندێ شتم لێرە بۆ باس کردن ڕەزی ترێ، دروست کردنی عەمباری گەنم، کارگەیەکی دروست کردنی سرکە بە ڕێگای تازە، ئێستا لە هیران موافەقەی لەسەر کرا کە ئیعتیماد لەسەر هەناری هیران بکرێ و، زۆر لە پرۆژەی تر، لەسەر ئەو پارانە ئێمە پرۆژە دادەنێین و، دیراسەت دەکرێت بزانن جەدوای ئابووری ئەو پرۆژەیە چیە جێ بەجێی دەکرێت و، پارەکەش ڕەقەمی حەقیقیم ئێستا لەلا نییە، بەس ئێستا پارەکە زۆر تەراکومی کردووە، ڕەنگە ئێستا ١٨ملیۆن دینار هەبێت بەس یەک شت حەز دەکەم بزانن ئەو پارانە سەرف دەکرێت بە بەردەوامی، ئێستا نیو ئەوەندە درایە یەک گاسن هی شۆ ئەو ٨٠٠ هەزار دۆلارەی کە ئێستا پارەی فەلاحەکان بوو هی ٦٥ گوندەکەی حەشەرەی قشری پارەکە هێشتا نەهاتووە، ١١/١٥ لەفێزی هەشت و نۆ و دە داواکراوە، پارە لە فێزی هەشت ونۆ و دە پارەکە نەبوو من زەختم لێ کردن، چونکە خەریک بووین لەناو خەڵک بە درۆزن دەرچین کە لە پارەکەمان پەشیمان بووینەوە یان بەخۆمان خواردوومانە، لەبەر ئەوە لە پارەی ئێل جی ئێف نیوەمان هێنا گۆڕێ کە ئەو پارەیە سەرف دەکرێت تاکو پارەکەی تر دەخرێتە جێی و، لە هەمان کاتیشدا ئەو پارەیە خەزن نەکرێت چونکە هەردەم کێشەی سیوولەی نەقدی هەیە ئەو پارەیە هەردەم بەئیش دەکرێت و تەعامل دەکرێت.

دەربارەی مەحتەی ئەنواء جەوی، وابزانم من ڕاپۆرتەکەم دایتە دکتۆر و ناردیە لای دکتۆر ئیدریس و کاکەڕەش و کاک جەلال، شتەکانی هەموو تێدایە، مەوزوعی پرۆژەی ماسی و هەنگ هێشتا هیچمان نەدیتووە نازانم ئەدی ئەو هەنگوینەی کە دێت پێم ئیستیراد نییە هەمووی هەنگوینی

کوردستانه بازار پڕی هەنگوینە، بێگومان ئەو خاوەن هەنگوینانە هەموویان یارمەتیان دراوە خۆ لە بازاری نەفرۆشراوە.

دەربارەی ڕێگای بە تولّ یان بە دۆنم، بەڕاستی بە تولّیش هەیەو بە دۆنمیش کامتان دەوێت هەردووکی هەیە دکتۆر ئیدریس نازانم کامەت دەوێت حازرە، گرنگ ئەوەیە بە بەرچاو هەیە خەیالی نییە دارە چاندرایە شینیش بووە سەرکەوتووش بووە، لێرە تا قوشتەپە و لێرە تا کانی قرژالّە.

پرسیاری کاک ئەحمەد عەلی عومەر دەربارەی عارد، وابزانم وەلاّمم داوەتەوە، فەرمانبەران مووچە و موکافەئە وەردەگرن حەل بووە ئەویشمان وەلاّم داوەتەوە.

بەڕێز کاک سوارە دەربارەی تەجاوزات ئەویش مەوزوعی عاردە.

دکتۆر رزگار بەنیسبەت مەوزوعی تاپۆ، عەقد تاپۆ بکرێ تاپۆ نەکرێ، تەبیعی ئەوە یاسای دەوێت، تەحویل جنس پێم وایە ئەوە قابیلی دیراسەتە لەلایەنی ئێمەوە بەتایبەتی پاش ئەوانە دیراسەتی دەکەین، بزانین چیمان پێ دەکرێت، ئەگەر ئەوەی لە سەلاحەیەتی ئێمە دابێت ئێمە دەیکەین.

مەسەلەی مەراعی ئەو بەزۆری کە هاتیە لەو جێگایانەی کە خوێندمەوە دابەش کرایە و، تەوزیع کرایە و، چاندرایە چاوەڕێی ئەنجام دەکەین، بە تەئکید گرنگەیەکی زۆر هەیە بەو مەوزوعە.

کاک حمە عەلی تۆفیق دەربارەی پێشنیارەکانی ١٠٠ ٪ راستە. تەبعەن ئیختیساسەکان کاک عەباس قەرەنی لێرە ئیختیساسی بوو رەنگە باشتر لێی بزانێ .

بەنیسبەت مەوزوعی شەتل ئیختیساسیەکان پێیان وا بوو بچووک بوایە تەمەنی درێژتر دەبێت، ئێمەش ئەوانەی کە حەزمان لێیە خێرا گەورە بێت دەمانەوێت گەورە بێت، تەبعەن هۆی فەشەل بوونەوەی بە گەورە و بچووکی نییە، هۆیەکەی وشکایەتییە، نەزانینە لە چاندن، پاشان هەندێک هەر دەمری یەعنی خەڵک دەبێت نیسبەی ژیان و لە دایک بوونیان کە ئینسان دایک و باوکی خۆی ئیهتیمامی پێ دەدات هەندێکی هەر دەمرێت، ئینجا شەتلێکی وا بێ خاوەن، بەس تێبینیەکان لە جێگای خۆیان باشن.

بەڕێز کاک جەوهەر شاواز دەربارەی تەوحیدی یاسا ئەوە باسم کرد. پرۆژەی ماسی، ئێستا ئەو ٤٥ پرۆژەیە مەوجودە و، هەندێکیان بەرهەمیان هەیە بەرهەمی ماسی هەندێکی لە بازار مەوجودە.

بەڕێز کاک موحسن ئامێدی دەربارەی رێکخراوی فاو دزن و، من نازانم بەڕاستی خۆی ئینسان دەبێ دەلیل هەبێ(المتهم بريء حتى تثبت إدانته)، ئەگەر شتێک هەبێ لەو بارەیەوە حەزمان لێیە، ئێمە یەک دوو کەسمان لە دهۆک لادا یەکمان فەسل کرد کە زانیمان موخالیفە، ئێمە روحم نە بە دهۆک دەکەین نە بە هەولێر زۆر کەسیشمان لادایە زۆر گۆڕانیشمان کردیە، مدیرمان فەسل کردیە دوو ساڵ لەسەر ئەوەی کە شکمان لێ کردیە کەوا موخالەفە دەکات و، ناویشیان مەوجودە.

باسم کرد هەموو گوندێک جۆگەی بۆ دەکرێت لە زمنی بەرنامەی ئێمە هەموو گوندێک جۆگەکان کۆنکریت دەکرێن بەگوێرەی ئەو پرۆژانەیە بەگوێرەی ئەو موافەقەتانەیە کەوا دێ و تاکو لەلایەنی ئەندازیاریەوە دەکرێت.
بەڕێز کاک فرحان پێشنیارەکانمان وەرگرت، دیسان ئەوەی کە دزن بە حەقیقەت ئەوە دەبێت ئیسپات بکرێت،. ئەگەر زانیارییەک هەیە، ئێمە ئامادەین. سەماد بەڵێ سوپاست دەکەین، ئەگەر بێی لەوێ چ زانیارییەک هەبێت، ئێمە لیژنەی تەحقیق دادەنێین و، حازرین.
موەلیدات گرانە هۆیەکانیم باس کرد کە ئەویش نرخە. سەماد کەم تەوزیع دەکرێت، چونکە کەم دێت، ئەگەر نا خەڵکێک بێ بەش دەکەین، ئەو وەختیش پێمان دەگوترێت ئەو واستەی هەبوو یان داویانە بە دەوڵەمەند و مەللاکەکان، خۆی راست نییە، بەڕاستی ٢٠ کیلۆ بدەین، بەس هەندێ جار زەخت دەکرێت.
پرسیاری شێخ جەعفەر دەربارەی بیری ئیرتیوازی، راستە خراپە ئێستا لە سەرۆکایەتی وەزارەت لیژنەیەک لەسەر پێشنیاری ئێمە دروست کراوە و، زۆر تەحدیدمان کردیە، بەڵام کە ئاویش کەمە خەڵک هیچ چارەی نییە، بەدیلی ئەوە ئێمە چۆن بتوانین ئاوی ژێر زەوی سەر لە نوێ زیاد بکەینەوە، ئەویش لە رێگای باران و بەفرە، ئێستا بەرنامەی سەددەکانی تورابی کە ئێمە هەمانن بیست سی پرۆژەمان لەبەر دەستە کە جێ بەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی کە چۆن بتوانین جارێکی تر وا بکەین ئەو ئاوانە زیاد بکرێنەوە لە ژێر زەوی.
بەڕێز کاک رەجەب شەعبان باسمان کرد ئەوە ئینشاء الله لەبەر دەست دایە عەلەفی ئاژەڵ و ئەلبان، بەڵێ ئەوە راستە، بەڵام ئیتر خەریکین، ئەلبانەکە لە سێمێلیش هەیەو لەوانەیە چارەسەری کێشەکەمان بکات.
کاک شێخ جەعفەر بەنیسبەت بانک، بەخۆت وەڵامت داوە عایدی ئێمە نییە، بەنیسبەت ئێمە ئاماری دەقیقمان نییە هەر ئامارێکی دەقیق لە کوردستان نییە، لەبەر ئەوەی ئێمەش ناتوانین هەمان بێت، چونکە هەموو شتێک گۆڕاوە، بەڵام ئاماری نزیک لە راستیمان هەیە و، ئەو قائیمانەی کە قەرزەکانمان داوەتە وەزارەتی دارایی لەسەر داوای خۆیان و، ئەوانیش داوای پارە دەکەن دەبێت هاوکاری یەکتر بکەین، بەس دیسان چ تەسهیلاتەک بکرێت لەلایەنی تر لە رێگای دەعم و ئەوانە هاوکاریان دەکەین.
بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید دەربارەی خەزان، ئێمە پرۆژەی خەزانی ئاکرێ، هەریر، سێمێل هەمووی داخیل کراوە لە فەیزی هەشت و نۆ و دە، دەربارەی ئیستیراد دیسان دێینەوە سەر مەوزوعی گرانی نرخ کار دەکاتە سەر بازاڕ، ئەگەرنا ئێمە بەخۆمان حەزمان لێیە بەڕاستی، بەس شتی فەلاحی بەرزترە لەهەموو شتێک بە قیمەت ترە.
گۆشتی سوور راستە برادەرەک لەو بەینەی بۆ هەندێک گۆشتی موافەقەت وەرگرتبوو، موافەقەی لە ئەنجومەنی وەزیران وەرگرتبوو پێش ئەوەی ئەو مەنعە بکرێت موافەقەی وەرگرتبوو، تاخیر ببوو

هێنای له سەلاحیەتی ئێمە نییە کە موافەقەت پێشتر وەرگیرا بێت، ئیتر ئێمە مەوزوعی نەخۆشی و ئەوانە زۆر هەوڵمان داوە موراعات بکرێت و، ئێمە کەمتر لەو بارەوە بەرپرسین، مەسەلەی ئەوە ئێمە کە مەنعی گۆشتی مریشکی راثمان کرد پێم وایە ئەو هەنگاوە سابیتە تا ئێستا بەردەوامە، بەڵام جاری وا هەیە بازار داوامان لێ دەکات گۆشت گران بووە چارەسەرێک بکەین با ئیستیراد بکرێت، تەبیعی ئێمەش جار بە جار خاوەن دەواجنەکانی پێ دەترسێنین. من لە کۆتاییدا زۆر سوپاس، وەڵامەکانی کۆتایی لەبەر ئەوەم نەبوو کات کەمە بە خێرایی دەمدانەوە و، ئامادەش بووم بۆ سبەی، بەڵام زۆریان لە زمنی وەڵامەکانی پێشەوە وەڵام درابوونەوە، زۆر زۆر سوپاس خۆش حاڵم، ئەگەر تەعقیب هەبێت من کاتم هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا سەعد عەبدوللا وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، کاتی دەبێت مامۆستا سەعد، بەیانی کاتژمێر ١٠بۆ تەعقیب ئێمە پێمان خۆشە ئەگەر تەعقیب بکرێتە سەر پرسیارەکان، لەوانەیە هەندێک تەعقیب هەبێت ، چونکە نوسراومان بۆ هات لەسەر هەندێک پرسیار، جا سبەینێ کاتژمێر ١٠ دانیشتنی داهاتوومان دەبێت و، زۆر زۆر سوپاس. ئێستا فەرموون بۆ هۆڵی مانگ گرتووەکان.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٦)**

چوار شـەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/١٢

خولی دووەم

سـاڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٦)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/١٢

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/١٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە بیست و شەش)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە بیست و شەش)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/١٢ دا بەم شێوەیە بێت:***

١ـ بەردەوام بوون لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەلایەن ڕێزدار وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری.

٢ـ ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری پیشەسازی و وزە بۆ بەرچاو خستنی چالاکییەکانی وەزارەتەکەی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

((بەناوی خوای گەورەو میهرەبان))

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٢٦)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەستپێدەکەین. بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێکدێت:

١ـ بەردەوام بوون لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەلایەن ڕێزدار وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری.

٢ـ ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری پیشەسازی و وزە بۆ بەرچاو خستنی چالاکییەکانی وەزارەتەکەی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

بەڕێزان پێش ئەوەی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری دەست بەکارەکانی بکات، پێمان چاکە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان چەند تێبینییەکتان پێشان بدەین، یەکەمیان بەنیسبەت ئەو پرسیارانەی کە دەکرێن مولاحەزەمان کردووە پرسیارەکان یەکجار زۆرن لەبەر ئەوە

لەمەودوا ئەگەر دیمان ئەندامانی بەڕێز کە پرسیاریان هەیە زۆرن لە حەدێکی موعەیەن بەدەرن و لە چوارچێوەی ئەو کاتەی کە بۆ دانیشتنەکە دانراوە تێپەر دەبێت ئەوکاتە لەوانەیە ئێمە تەحدیدی ژمارەی ئەو پرسیارانە بکەین کە هەر ئەندامێک بۆی هەیە بیکات لەوانەیە بڵێین سێ یان دوو یان یەک بەپێی ژمارەی ئەو بەڕێزانەی پرسیاریان هەیە، ئەوە یەک. خاڵی دووەم بەنیسبەت پرسیارەکانەوە هەر بۆ بیرخستنەوە رەنگە پێش هەموو شتێک ئەو پرسیارانە شەخسی نەبێت، ئیستفزازی نەبێت دەبێ تابعی ئیتیهامیشی تێدا نەبێت، ئەگەر لەم شتانە بەدوور بێت ئەوا پرسیارێکی ئوسوولی رێکوپێک دەبێت کە کار دەکاتە سەر چاککردنی دانیشتنەکە و پێشخستنی کاروبارەکانمان، هەر ئەو تێبینیانەمان هەبوو هەر چەندە شتی وا رووی نەداوە تەنها بۆ بەبیرهاتنەوە بوو سوپاستان دەکەین ئەگەر رەچاوی ئەم خاڵانە بکەن. تکا لە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری دەکەم کە بفەرموێتە سەر سەکۆی سەرۆکایەتی بۆ بەردەوام بوون لە کارەکەی، وابزانم پێش ئەوەی دەست بە تەعقیباتان بکەن جەنابی وەزیر چەند ئیزافاتێکی هەیە بۆ وەڵامدانەوەکەی دوێنێی چونکە کاتەکە وای لێ هات کە فریانەکەوێت وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە، دوا وتاریش بۆ جەنابی وەزیر دەبێت ئێمە ئەو ماوەی بۆ ئەم کارەمان داناوە نابێت لە (٢٥ ـ ٣٠) دەقیقە تێپەر بێت چونکە لەراستیدا نیوەی کارەکەی دوێنێمان خستۆتە ئەمڕۆ کە کاری راپۆرتی وەزیری پیشەسازی و وزەیە و پرسیارەکان لە بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە دەکرێت، بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری فەرموو.

**بەڕێز سعد عبدالله/وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان خۆش حاڵم کە بۆ ئەمڕۆش بەردەوام دەبین لەسەر پێدانی هەندێ تەفسیلاتی زیاتر لەسەر ئەو پرسیارو ئاسانکاریانەی کە کرا رەنگە لە هەندێک شت بەڕێزان پێیان وابوو کە دەبوایە ئێمە هەندێ مەسائل تەغتیە بکەین تەغتیەمان نەکرد لەبەر ئەوە ئێستا بەکورتی هەوڵدەدەم لە ماوەی چەند دەقیقەیەک ئەو شتانەی کە پێویستە بەڕێزتان بیزانن و خەڵک بیزانیت پێشانتان بدەم، یەکێکیان دەربارەی محەتات و ئامێرەکانی کەش و هەوایە، ئەوەی کە کرایە بەنیسبەت هەولێر و دهۆک پێنج محەتەی کەش و هەوای کشتوکاڵی لە هەولێر و پێنج لە دهۆک و دوو محەتەی کەش و هەوای کشتوکاڵی ئۆتۆماتیکی یەکیان لە گۆپاڵ ئەوی تریان لە دێگەڵە، لە دهۆک لە قەدش ئەوی تر لە جێلان، (١٥) ئامێری قیاسی باران لە فەرعەکانی زراعی، دوو محەتەی زۆر پێشکەوتووی ئۆتۆماتیکی بۆ هەولێر و دووش بۆ دهۆک گەیشتووە لەم رۆژانە دادەمەزرێ کە ئەوە یەک لەو شتانەیە کە بایەخی پێ درایە، دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە ئەم پرۆژانە لە کوێ کراون هی رێ، باسی ئەوەم کرد کە (١٠٥) پرۆژەی رێ کرایە جگە لە بیری ئیرتیوازی و ئەوانە جا دەمەوێ هەندێ لەمانە باس بکەم کە لەکوێیە، بۆ نمونە ساڵی ٢٠٠٠ لە هەولێر پرۆژەی ئاودێری سرتاوەی هەنجیرە لە هەریر، پرۆژەی ئاودێری ماوەران لە شەقڵاوە، پرۆژەی ئاودێری ئالانە لە مێرگەسور، پرۆژەی ئاودێری بلێ لە بارزان، ئاودێری

ڕەزگەدوین لە هەریر، ئاودێری شێروان مەزن لە شێروان، شەرکان لە خەلیفان، سێلکێ لە شێروان مەزن، بیرسیاڤێ مەزن لە مێرگەسور، کۆرێ لە سەلاحەددین، شێخ سەیدا لە مێرگەسور، تەبعەن زۆرن (١٧) پرۆژە لە ٢٠٠٠ و (١٧) پرۆژەش لە ٢٠٠١ لە هەولێر (٢١) پرۆژە لە ٢٠٠٠ لە دهۆک لەوانە ئازادی سێمێل، ئیمنجی زاویتا، سەرکلێ ئامێدی، هاریک ئاغا دێرەلوک، قەراولە لە رزگاری، ئاودێری رەشانچێ لە زاویتە، تلکێف لە ئەتروش، سەرسەنگ، پرۆژەی دهێک بنتەحتێ، ئاودێری کزۆ، سندور، خەشخاش، دینارتا، روباری حاجی ئەحمەد لە ئامێدی، پرۆژەی ئاودێری جەمسماک ئەم مەجموعە پرۆژەی بۆ نمونە پرۆژەی ئاودێری شێرەسوار لە حوجران، تۆپزاوای سیدەکان، گرتک لە گەلالە، باشوورە لە هەریر، ئەوە چەند نمونەیەک ئەگەر کات هەبا هەموو بە ناو دەمخوێندنەوە بەراستی پێم وایە ئەمە نمونەن لیستی ئەم پرۆژانەش لەبەر دەستان دەبێت بۆ ئەوەی زانیاری تەواوتان هەبێت لەسەری، رەنگە بەنیسبەت پرۆژەی تەرمیم باسم کرد کە (٢٢٠) پرۆژە چاککراوەو دروست کراوەتەوە کە کولفەکانیشی بۆ جەنابتان باسکرا لە هەولێر بایی دوازدە ملیۆن و نیو دینار زائیدەن ملیۆنەک و حەوسەت و قسور هەزار دۆلارە، ئەوەی دهۆک بایی (١١٥١٦٠٠٠) دینار زائیدەن (٧٣١) هەزار دۆلار، لەوانەی کەکرایە چاککردنەوەی بنکەی تەندروستی شەقلاوەیە، قوشتەپەیە، خەباتە، بنەسلاوەیە، خەلیفانە، سێمێلە، شێلادزێیە، قەدش، بامەرنی، قەسرۆک، عەقرە، ئامێدی، زاخۆ، دروستکردنی لقەکانی کشتوکاڵی لە کەسنەزان و چۆمان و عەنکاوە و شەقلاوە و سۆران و هاودیان بەراستی یەکجار زۆرن باتێ لە گردەسین، (دەرکار عەجەم) باکیراک، قەسرۆک، عەقرە، بەردەرەش، سەرسەنگ، مانگێش، دێرەلۆک ئەوە هەمووی ئەو ناوچانەن کە پرۆژەیان لێکراوە. برادەران هەندێکیان دەربارەی تەسویە باسیان کرد من دەمەوێ کە بابەتی تەسویە دەبێ لە چوارچێوەیەکی یاسایی چارەسەر بکرێت چارەسەرێکی یاسایی بەلام لە مێژە یەک دوو جاریش تەئکید کراوەتەوە داوامان کردووە موقەدمەی ماددەی هەشتی یاسای ژمارە (٩٠) ئەگەر تەعدیل بکرێت و بگۆرێ ئەوا بابەتی تەسویەو هەندێ شوێن کە تەسویە کراوە و کراوە بە ئەمیری، هەندێکیشی تەبیعی حەقی تەسویەی هەیە، هەڵوەشاوەتەوە ئەوانە دەکرێت لەم رێگایە چارەسەر بکرێت دیسان دێمەوە سەر ئەوە کە ئەمەتان بەشێوەیەکی تەواو پێشکەش دەکەین بۆ چارەسەرکردن، کرینەوەی گەنم لە جوتیاران دوێنێ من باسم کرد بەلام دەمەوێ ئەوە نیشان بدەم کە تەوزیع کردنی ئارد لەسەر مستەوای عێراق هەمووی پێکەوەیە مانای کوردستان جیا نییە لەم مەوزوعە هی دەرمان و خواردن زۆر داواکرایە تا ئێستا حکومەتی عێراق موافەقەی نەکردووە لەسەر بریارێک کە لەسەر ئەم بریارە نەتەوە یەکگرتووەکان رازی دەبێت کە شت لە ناوخۆ بکرێتەوە، عێراق موافەقەی لەسەر ئەم بریارە نەکردووە لەبەر ئەوە شتەکە هەتا ئێستا هەڵواسراو ماوەتەوە تەبعەن ئەوە زەرەری ئێمەیە بەشێوەیەکی سەرەکی بەلام لەبەر ئەوەی شتی تری لەگەڵ دایە دیارە حکومەتی عێراق پێی وایە دەبێ ئەمە نەکات، من لێرە کۆتایی بەم تێبینییە بچوکانەم دەهێنم زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بۆ ئەم تێبینییە زیادانەی، ئێستا تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تەعقیبیان لەسەر پرسیارەکانی خۆیان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونوس بکرێن، ناوەکان ئەم بەڕێزانەن: د.رزگار، سەعید یەعقوبی، شێخ یەحیا، فەرحان شەرەفانی، د.لطیف، جەلال خۆشناو، د.ئیدریس هادی، زەهرا حاجی. بەڕێز زەهرا خان فەرموو.

**بەڕێز زهراء حاجی طه سلیفانی:**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێشنیاری من لەسەر ئەوە بوو لە وەختی خۆی دەرمانی بدەن بە جوتیار بۆ ئەوەی زەویەکەی برشێنێ و جۆرەکەی باش دەربچێت، خاڵی دووەم: کاتێ بەرهەم پێدەگات هی ناوخۆ پێویستە هاتنی بەرهەم لە دەرەوە رابگیرێت بۆ ئەوەی سەرف ببێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. ئیدریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، تەعقیبی یەکەمم لەسەر ئەوەیە جەنابی وەزیر فەرمووی ئەو سناعاتانەی کە مەوادی ئەوەلین کە دەچێت بۆ مەعمەلەکە دەبێ سناعاتەکەش سەر بە کشتوکاڵ بێت وەکو وەزارەتی پیشەسازی پێی هەڵدەستێ چونکە توتن ( ٧٠٪ ) مەوادی ئەوەلییە سەر بە کشتوکاڵە بەڵام کارگەکە سەر بە وەزارەتی پیشەسازییە هەروەها کارگەی شەکر سەر بە عێراقیشە بەڵام لە زۆربەی دەوڵەتەکانیش وایە، هەر مەبەستم ئەوە بوو چونکە پیشەسازی لەناوی خۆی دیارە، دوو بەنیسبەت ئەو پارەیەی کە لە جوتیار وەردەگیرێت من وەڵامی تەواوم بەدەست نەگەیشتووە ئەوەی من تێبینیم کرد هەر بە گشتی هاتووە کە جەنابی وەزیر روونی کردەوە، پرسیاری کەش و هەوای وەڵام داوە جەنابی وەزیر پرسیارێکی منی تەرک کرد بەنیسبەت پرۆژەی دابەشکردنی نیسبەی پێداویستیەکان وەکو عەلەفی دەواجین وەڵامی ئەم پرسیارەشی نەدامەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، سوپاس بۆ بەڕێز جەنابی وەزیر کە هەردوو پرسیارەکانی منی جواب دایەوە تەنها تەعقیبی من لەسەر پرسیاری سێیەمە ئەویش مەراعییە جەنابی گوتی تۆی گیای مەراعیمان چاندووە ئینتزار دەکەین. پێش دوو ساڵ جەنابی لێرە گوتی ئێمە ئیستراد دەکەین و دەچێنین نازانم ئەنجام چی لێهات، ئەوە یەک هی دوو بەنیسبەت مەراعی وەکو دێتە دیتێ ئیستثمارا عاردی دێتەکردن یەعنی تەقریبەن تەحویل دەبێتێ لەسەر ژمارەی گیانەوەری کوردستان وەکو جەنابی فەرمووی بەرەو زیادبوونە باشترە ئەم مەراعیانە بێتە پاراستێ هەم بۆ گیانەوەر و هەم

بۆ گرفتی گوندان کە زۆر گرفت روو نادات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د.رزگار، بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز سعید احمد یعقوبی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، پرسیارەکەی یەکەمی من ئەوە بوو کە جوتیار مەنع کراوە لە گواستنەوەی بەرهەمەکانی خۆی لە کاتێک کە حکومەت ئیمکانیەتی نییە هەموو بەرهەمەکەی بکڕێت؟ جەنابی وەزیر فەرمووی ئێمە ئاگامان لێیە بەڵام ئیشی وەزارەتی ئێمە نییە، وەزارەتی تر بەم کارە هەڵساوە پرسیارەکەی من ئەوەیە لە ئەنجومەنی وەزیران کە دادەنیشن ئەو شتەی کە پەیوەندی هەیە بە جوتیار و کشتوکاڵی پێویستە لەگەڵ ئەو وەزیرەی کە ئەم بڕیارەی دەرهێنایە گفتوگۆ بکات و قەناعەتی پێ بێنێت کە گواستنەوەی بەرهەمی جوتیار دەورێکی باش دەگێڕێت بۆ ئەوەی جوتیار بتوانێ بەردەوام بێت لە بەدەست هێنانی کشتوکاڵی، پرسیاری دووەمیشم دەربارەی ئەو ماتۆرانەو ئەو مەولیدانەی کە لە بازاری شێخەڵڵا دەفرۆشرێت پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەو ئەشیایە تەوزیع بکات بە سەر ئەو جوتیارەی کە بەراستی پێویستیتی و بەکاری دەهێنێ لە زیادکردنی بەرهەم بەڵام جەنابی وەزیر هیچ وەڵامێکی ئەوتۆی نەداوە کە تا ئێستا بزانین موتابەعەو ئیجرائات کرابێت چەند لەو دوکانانە لێیان پرسراوە لە چ جوتیارێک ئەوە کڕاوە موتابەعەیان بکات وئایا ئەو جوتیارە بۆ فرۆشتیتی بۆ ئەوەی جارێکی تر کە ئەشیا هات نەیداتێ ئیجرائاتیش وەربگرێت بەرامبەر ئەو جوتیارەی کە فرۆشتیتی چونکە دیارە لە سەرەتاوە پێویستی بەم ئامێرە نەبووە باشە بۆ ئەم ئامێرەی وەرگرتووە و قازانجی لێ کردووە، موسەبیب کێیە؟ پێویستە بەدواداچونەوە بکەن بۆ ئەوەی ئیجرائات بەرامبەری وەربگیرێتن لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئایا وەزارەت هیچ میکانزمێکی هەیە بۆ موتابەعەکردنی؟ ئایا جوتیارەکەی ئامێرەکەی پێ دراوە فعلەن بەکاری دەهێنێت یان بەکاری ناهێنێت؟ تەسەور دەکەم ئەوە زەروری بێت ئایا وەزارەت خەڵکی هەیە موتابەعەی ئەوە بکات؟ بۆ ئەوەی بزانێ ئەم ئامێرە گەیشتۆتە شوێنی مەبەست یان نەگەیشتووە، بەڕێز فەرحان شەرەفانی فەرموو.

**بەڕێز فرحان عبدالله شرفانی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من هەندێ خروقاتم هەیە لەسەر کشتوکاڵی دهۆک لە گوندی ئێمە لە بروان (١٥٠) دۆنم ئاوییە چوار بیری هەیە کە بەکرێ دراوە بۆ موختار (١٠٠٠) دۆنم گوندی شیفکت لەدەستی موختارە ئەوە سێ ساڵە گوندی مرێوە (٢٥٠) دۆنم گوندی گرزەنگر نزیکەی (٢٠٠) دۆنم گوندی مەلابروان (٤٠٠) دۆنم تەوزیع کرایە سەر جوتیاران کە کرێی ئاوی لێ وەرگرتووە ئەوە لە مەلابروان، لە قەسرۆک فەرزدەکەن کە ئاو بدەنە ئەم (٤٠٠) دۆنمە ئەو

موختارەشم لەگەڵ خۆم هێناوە ئەوە دوو ڕۆژە لێرەیە ئێستاش لێرەیە هەتا یەکێتی جوتیاران (فازڵ) تەهدیدی کردبوو کە نەچێتە وەزارەتی زراعە عەریزە تەقدیم نەکات بلێت کە ئێمە ئەم قسەمان کردووە دوایی دەنا مەشاکلت بۆ دروست دەکەین لێرەشە ئەوە دوو ڕۆژە لەگەڵمە، هەر لە مەلامروان (٩٠) دۆنم ئاوییە تەوزیع کراوە لەسەر جوتیاران بەناوی دێم هەر ئەوەندە بوو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەگەر ئەم خاڵانە لەسەر وەرەقەیەک بنوسی و بیدەیت بە جەنابی وەزیر بۆ ئەوەی موتابەعەی بکات، بەڕێز کاک جەلال خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جەلال سلیم خۆشناو:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، سەبارەت بەم فەرمانبەرانەی لە ڕێکخراوی فاو ئیش دەکەن بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەت ئێمە پێمان شتێکی زۆر باشە ئەوە من مەخسەدم ئەوە نەبوو، مەخسەدم ئەوە بوو ئیعادەی نەزەر لە لوجانی بریاری (٩٨٦) بکرێت، ئەوەی تەعامول لەگەڵ فاو دەکات ناوە ناوە، هەموو شتێک ڕاستە لەڕۆمای تەندەر دەکرێتەوە لە ڕۆما لەوانەیە بەڵێندەرە نەقل دەبێت، بەڵام ئەم ئامێر و مەکائینانەی کە بۆ ئێرە دێن وەزارەت دیاری دەکات چ جۆرێک بێت خۆیان دەنوسن بۆ ڕێکخراوی فاو دەڵێن ئەم جۆرە ئامێرانەمان دەوێت ئەم جۆرە ئەجهیزەمان دەوێ بۆ نمونە پێنج شەش جۆریان دەدەنێ خارجی ئەوە نە بێت دەتوانن ڕەفز بکەن و نەیانەوێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک جەلال خۆشناو، بەڕێز کاک د.لطیف فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، جەنابی وەزیر وەلامی پرسیارێکی منی نەداوەتەوە کە باسی نەخۆشی دەواجینم کرد. بەراستی پێم خۆشە هەندێ بەدرێژی تر باسی ئەم بابەتە بکەم، دەواجن کۆمەڵە ملیۆنێ دۆلاری بۆ تەرخان دەکرێت هەر فەیزێک جەنابی ئیشارەتیشی بەوە دا کە سعری کیلۆیەک مریشک چەند هەرزان بووە لە بازار ئەمە کارێکی زۆر باشە بەڵام گرفتێکی زۆر گەورە هەیە کە لە تەمەنی (٣٠) ڕۆژی بەسەرەوە هەموو دەواجینەکانی هەولێرو دهۆکیش توشی نەخۆشیەک دەبن کە پێنج یەک کەمتر نا بگرە زیاتر ڕێژەی پێنج یەک لەم مریشکانە ئەمرن تا ئێستاش ئەم نەخۆشیە دیاری نەکراوە لەوانەیە هۆیەکەی دایۆکسین بێت کە خۆی یەکێکە لەو ماددانەی کە سەرەتان شتی وا دەکات، ئەمەش خەتەریاتی خۆی هەیە یان نەخۆشیەکی تر بێت غەیری نیوکاسیل و گەمبۆر و ئەمانە بەهەر حاڵ هەر سەبەبێک بێت ئەو هەلاکەتە بەرزە ئەو ڕێژەیە لە مردن زەرەرێکی زۆر گەورە بە قیتاعی دەواجن دەگەیەنێ غەدرێکی گەورەیە بۆ ئەو پارەیەی کە سەرف دەکرێت لەم قیتاعە، ئەم مەسەلەیەش چارەسەری گران نییە هێنانی پسپۆڕێ یان دکتۆرێکی بەیتەری شارەزا

لەم مەجالە یان ناردنی کۆمەڵێ نموونە بۆ یەکێ لە تاقیگەکانی دەرەوە لەوهەلاکەتانەی کەهەنە یان ناردنی چەند دکتۆرێک بۆ دەرەوە بۆ تەشخیس کردنی ئەم مەسەلەیە چارەی ئەم گرفتە دەکات لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک د.لطیف، مانای ئەم نەخۆشییە جەنابی وەزیر لە (٢٠٪) بەدەستهێنانی دەواجن کەم دەکاتەوە حەدی ئەدنا لەبەر ئەوە پێویستە چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، بەڕێز کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، پرسیارەکەی من لەسەر ژمارەی ئەم پرۆژە کۆنانە بوو کە هەندێکیان نەماون، هەندێکیان نیوەی ماوە، هەندێکیان لەکارن، بەڕێزی گوتی سەرژمێری ناکرێت جا ئەوانەی لەژێر دەسەلاتی ڕژێمن قەیناکا، بەلام ئەوانەی لێرەن بەهەر حاڵ بێت سەرژمێریەک بکرێت ڕەنگە بەڕێزیان بتوانن وەکو وەزارەت سەرژمێری ئەم پرۆژانە بکەن، بەشێک لە پرسیارەکەی تریش بەراستی لەسەر ئەوە بوو ئایا وەزارەت هیچی کردووە بۆ ئەوەی کە هیچ نەبێ لە فائیدەی ئەو دە ساڵە ئەو قەرزە ئەو پرۆژانە عەفوو بکرێن؟ چونکە لەوانەیە نەدرێتەوە یان پێیان نەدرێتەوە بەراستی لەسەر ئەمە وەلامەکەی بەڕێزیان ڕوون نەبوو جا تکا دەکەم ئەگەر شتێکیان کردووە بۆ عەفوو کردنی ئەم جوتیارانە ڕوونی بکاتەوە لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ئەوانەی کە قەرزیان کردووە جوتیارن یا موزارعن یا مەلاکن؟

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

کاتی خۆی حکومەت یارمەتی داون قەرزی داونەتێ بانکی زراعی یارمەتی داون مەشارعیان کردووە قەرزارن هەندێکیان پرۆژەکانیان هەر نەماوە ئەوەی لەژێر دەستی ڕژێمە هیچ، ئەوەی کە لێرەیە هەیە ماوەو هەیە نەماوە هەیە بەنیوەچڵی ماوە، جا قەرزاریان هەیە ئەگەر عەفو نەکرێن لەم دە ساڵەی ڕاپەرینە مقداری قەرزەکە زۆرە ناتوانن بیدەنەوە یان ڕەنگە هەرواز لە پرۆژەکە بهێنن هەر لێشی نەپرسنەوە جا بزانین چیان بۆ کردوون دەکرێ عەفو بکرێن یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە تەعقیبەکان بوون ئەگەر جەنابی وەزیر وەلامیان بداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز سعد عبدالله/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بەڕێزان، یەکەم لە تەعقیبەکەی بەڕێز زەهرا خانەوە دەست پێدەکین، دەرمان لەکاتی خۆی بدرێتە جوتیاران خۆی ئەوە یەک لە گرفتەکانی تەئخیر بوونە کشتوکاڵ شتێکی وەرزییە بەلام ئەو پارەیە چونکە لە دەست خۆمان نییە چونکە ئێمە شتەکان ناکڕین،

چونکە ئێمە لەگەڵ ئەو شەریکەی کە شتەکانی لێ دەکڕین عەقد ناکەین ،رەنگە ئێمە شتێکمان داوا کردووە بۆ نەخۆ شییەک کە ئێستا هەیە بەڵام پاش شەش مانگی تر دەگات یان نەخۆشییەکە نەماوە یان تەئسیری خۆی کردووە لە لایەنی سەلبی، ئەوە یەک لە گرفتەکانە یەک لە هۆیەکانی من پار چومە رۆما سەردانی مەرکەزی فاوم کرد یەک لە گرفتەکان ئەوە بوو گوتمان زراعە وەکو شتەکانی تر نییە تۆ ئەگەر شتێکت داوا کرد لە کاتی خۆی نەگا سوودی نابێت خەریکن بەڵام تا ئێستا حەل نەبووە چونکە بەرنامەکە تەعقیداتی زۆرە، دەربارەی بابەتی ئیستراد رابگیرێت بەراستی ئەم بابەتە ئێمە باسمان کردووە ئەو بابەتە پەیوەندی تەنها بەمەوە نییە پیوەندی بە وەزارەتی دارایی هەیە یەک، دوو پەیوەندی بە بازاڕ هەیە، مانای شت بۆ جوتیار پێمان خۆشە بە شتێکی باش بڕوات بەڵام ئەگەر سعر گران بوو لەلایەکی تر موستەهلیک هەیە نارەزایی دەردەبڕن ولایەنی ئیداریش ئەویش موراعاتی وەزعی موستەهلیک دەکات. لەبەر ئەوە ئەم تەوازنە تەنها بەدەست ئێمە نییە کەوا رایبگرین، دەربارەی تەعقیبی د.ئیدریس، پیشەسازی خۆراک بەرای من زۆر گرینگ نییە کێ بیکات گرینگ ئەوەیە بکرێت، دەربارەی کەلوپەل تەبعەن دوێنێ من باسم کـــــرد وتم پارەی (LJF) واتە ئەو کەرەستانەی کە دێت تەوزیع دەکرێت بەسەر جوتیار دەفرۆشرێتەوە پارەکە دیاری دەکرێت بە سعرێک کەوا دەسەڵاتی ناوخۆی و جەمعیاتی جوتیاران لە هەر سێ پارێزگاکان کە دهۆک و هەولێر و سلیمانییە لەگەڵ فاو دادەنیشن سعر دادەنێن تەبعەن ئەو سعرە عادەتەن موراعاتی هەندێ شت دەکرێت نەوعیەتی شتەکەو ئەوانە، ئەوە بەنیسبەت دانانی سعرو، بەنیسبەت ئەوەی پارەکە چی لێ دێت پارەکە لە حسابێک دادەنرێت لەبەر دەستی فاو تەسەروف کردنەکەی پێشتر بە هاوبەشی تەسەروف دەکرا پارەکە حسابەکەی جیاواز بوو لە حسابی (١٣٪) هەر ناویشی (LJF)ە واتە (المبالغ المستحصلە المحلیە) ناوەکەی ئەوەیە، پار لە سەرەتای ٢٠٠١ ئەو پارەیە جارێکی تر ئیزافە کراوەتەوە سەر (١٣٪) ئیشکالاتێکی زۆر لەسەر ئەو پارەیە هەیە، پێرێ ئاخیر جار (تۆنی میئات) هات ئەم بابەتەمان لەگەڵ باسکرد گوتی تا ئێستا مەعلوماتی روون لە نیوٚنۆرک دەربارەی ئەوەی چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو پارەیە بکرێت هێشتا تەعلیماتی تەواو نەهاتووە، پارەکە بە ژمارە مەعلومە ناوە ناوە بەڵام وەکو باسم کرد ئێستا نزیکەی (١٥) ملیۆنێک لەبەر دەستە و هەندێ پرۆژە ئامادەکراوە کە لە گوندەکان بەم پارەیە ئەنجام بدرێت پێشتریش زۆر پرۆژەی پێ کراوە لە پرۆژەی بچوک و تەرمیم و حەمەلات و ئەوشتانە، ئەو پرسیارەی تەرکم کردبوو دەربارەی تەوزیعی رێژە خۆی هەر پارێزگایەک رێژەی خۆی هەیە بەبەرامبەری، رەنگە دهۆک لەم بارەیەوە رێژەی زیاتری بەبەردەکەوێ بۆ نمونە: وەجبەی مریشک بەخێوکردن لە دهۆک (٧٠) رۆژە چونکە کەمیەکەی زیاتر بەبەر دەکەوێت لە هەولێر (٩٠) رۆژە مانای ساحێب دەواجین بە (٩٠) رۆژ حەقی وەجبەکی هەیە نەوەک بە (٧٠) رۆژ چونکە کەمیەکە زیاترە دەواجن لەوێ کەمترە بە ئاڵوگۆر کردنی وەزارەت دەوری مانگێک بەر لە ئێستا بەڵکو پتر مانگ ونیوێک بەر لە ئێستا کۆبوونەوەیەکمان کرد بە ئامادەبوونی پارێزگاری

هەولێر و دهۆک و هەموو دەواجنەکان دەمانەوێ تەنزیمی قیتاعی دەواجن بکەین یەکەم هەنگاو کە هاویشتمان جوجکەی هەولێر و جوجکەی دهۆک دەبێ بەشیان وەکو یەک بێت مانای ئەگەر لەوێ (١٠٠) غرام عەلەف وەربگرێت دەبێ لێرەش (١٠٠) غرام وەربگرێت پێشتر فەرقی هەبوو ئێستا بڕیاری یەکەم ئەوەمان جێگیر کرد، بڕیاری دووەم ئێستا کۆمیتەیەکی دائیمیمان داناوە دەمانەوێ دەواجن بەگشتی کە زۆر پشکەوتووە پێویستی بە ڕێکخستنە هەم لەرووی ئینتاج هەم لەرووی بازاڕ، لەباتی ئەوەی جوجکە لە دەرەوە بهێنین ئێستا تەرتیبێکی وامان کردووە دهۆک ئینتاجی بەدەستهێنانی مریشک کەم کاتەوە جوجکە بەدەست بهێنێت بەرامبەر بەوە مریشکی حازر کە دەواجنی زۆر لێرە بچێت بازاری دهۆک تەغتییە بکات، بەرامبەر ئەوە مریشکی زیندو لە شاری هەولێر زۆرە بچێت بازارەکانی دهۆک ئاوەدان بکاتەوە، خەریکی شتێکی واین، بە پشتیوانی خوا لە داهاتوو زیاتر هەوڵی بۆ دەدەین.

دەربارەی پرسیاری کاک د. رزگار، من نەم گوت چاوەرێ دەکەین، ئێمە چاندیتمان چاوە ڕێی ئەنجامەکەین چاوە ڕێی ئەوە دەکەین بزانین ئەنجامەکەی چۆنە واتا چاندرایە ودابەش کراوە.

سەبارەت بە سەعید یعقوبی ناردنی بەرهەم بۆ دەرەوە ئەوە عایدی ئێمە نییە، ئێمە وەکو وەزارەت پێمان خۆشە نرخ باش بێت، بەڵام هەندێ جار زۆر بابەت هەیە و ئیحتماڵە قات و قڕی لە بازاڕدا دروست بکات،ماوەیەک دەنگۆی ئەوە هەبوو کە لە عێراق بدرێت، کڕیاری گەنم زۆر تر بوو، بەڵام حکومەت بە پەسەندی زانی کە ئیحتفاز بە گەنم بکات وەکو یەدەگ چ زەرەرێکی تێدا نییە، لەبەر ئەوە ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە زۆر بابەتەوە هەیە، دەبارەی ماکینە لەوەتەی ئێمە دەست بەکار بووین زەوابتێکی زۆرمان داناوە و پێم وایە (٩٠٪)ی ئەوانەی کە وەری دەگرن موستەحەقن، و زوابتی زۆر توندمان داناوە و کەسیش ناتوانێت تەجاوز بکات، پێشتر تەجاوزات بووە بەرامبەر بەوە چمان کردوە؟ ئێمە لیستی ئەو کەسانەی تەجاوزیان کردوە و ماکینەی وەرگرتووە و فرۆشتویەتیەوە لیستەکانمان داوەتە پارێزگا، پارێزگا دەبێت ئیجرائات بکات، لەبەر ئەوەی ئێمە توانای ئیجرائاتمان نییە، لیستمان داونەتێ فلانە کەس موزەخەی ئاومان داوەتێ و فرۆشتویەتیەوە و لەلایەنی خۆمانەوە ئەوانەی کە سەرپێچی دەکەن و کەلک لە کەرستەکان وەرناگرن ئێمە جاری دووەم بێ بەشیان دەکەین، ئەوە ئیجرائاتی ئێمەیە.

ئەوەی کاک فەرحان لە راستیدا زۆر بابەتی گرنگی باس کرد ئێمە لێکۆڵینەوە لێ دەکەین و بەرەسمی وەڵامتان دەدەینەوە. سەبارەت بەوەی کاک جەلال خۆشناو، فیعلا راستە، ئێمە زوو زوو چاو بە لیژنەکاندا دەخشێنینەوە بەڵام خۆی بڕیاری ٩٨٦ زۆر شارەزایی دەوێت، بەکەلک ئێمە نایەت کە خەڵک زوو بگۆڕین، لەوانەیە نوێکە تاکو شارەزا دەبێت دوو فێز دەڕوات تاکو شارەزا دەبێت بەتایبەتی ئێستا کردارەکە وای لێهات فێزەکان هەموو تێکەڵ بوون پێشتر فێز فێز مامەڵەی لەگەڵ دەکرا ئێستا موافەقە کرا کە فێزی (٨) تاکو فێزی (١١) هەمووی رەبط بێت و دەبێت زانیاری هەبێت لەسەر فێزەکانی کۆنیش لەبەر ئەوەی پرۆژەکان تەواو کەری یەکترین،

شتێکت له فێزی (٤) داوا کردوه پاشکۆکەی له فێزی (٨ یان ٩) دەکرێت لەبەر ئەوە زۆر گۆڕین تەنها ئەگەر حالەتێک بێت کەسەکە سەرپێچیەکی گەورە بکات یان کارامە نەبێت ئەو کاتە بێگومان دەگۆڕدرێت، سەبارەت بە کەرستەکان ودیاری کردنیان ئێمە دەیکەین،کۆمپانیاش دیار دەکەین ، مواسەفاتیش دەنێرین، لەوانەیە ئەوە یەکێ لە ئیمتیازاتەکانە کە ئێمە هەمانە، دیاری دەکەین کە تراکتۆر لە فێزەکانی (٣ و ٤) تراکتۆری باشاشی تورکیان نارد بوو کە باش نەبوو ئێستا بۆمان دیار کردن کە تراکتۆر دەبێت (فیات ،جۆندێر، فەرگەسۆن) ئەو سێ جۆرەش لە سەرچاوەی ئەصلی بێت ئەوەمان داوا کردەوە لەوانەیە کە گرانتر بێت بەلام باشترە.
کاک د. لطیف باسی نەخۆشی دەواجنی کرد، خۆی فیعلا هەلاکات هەیە ئەویش شارەزایە و لێی دەزانێت و ئێمە لەو بارەوە لەبەر چاوی دەگرین، گلەییەکی زۆر گرانمان بۆ نەهاتووە لەوانەیە سەبارەت بە هەندێ دەواجن هەبێت، هەندێک دەواجن هەن مەرجی تەندروستی بەکار ناهێنن دەبێت ئەوەش لەبەر چاو بگیرێت، هەیە توانای فراوانی قاعەکانی (٥) هەزار جوجکەیە (٧) هەزاری دەهاوێتە ناوێ ، لەهەمان کاتدا گوێ ناداتە هێنانی پزیشک و ئیستشارەی پسپۆر، پسپۆری زۆر باش هەن، ئێستا دوو پسپۆری زۆر شارەزا لێرەن فاو هێناوینی، و داوا دەکەین کە پسپۆری تریش بێت و ئەگەر پێویستیش بێت دکتۆر بنێرین بۆ دەرەوە، لەبەر ئەوەی ئەو رێژەیە زۆرە.
کاک شێخ یەحیا دەربارەی پرۆژەکان دەپرسێ، دەربارەی پرۆژە ئێمە سەرژمێریمان دەبارەی هەموو ئەو پرۆژانەی لەکارن هەیە، بۆ کۆنەکانیش هەمانە و ئێمە داوای پارە لەوانە ناکەینەوە کە پرۆژەکانیان لە کاردا نییە، ئەو پرۆژەیەی کە وێران بووە پابەندیی لەگەڵ ئێمەدا نییە، ئێمە دەتوانین زەخت لەسەر ئەوە بکەین کە پابەندی لەگەڵ ئێمەدا هەیە، دێ داوای شتمان لێ دەکات ئێمە داوای لێ دەکەین دەڵێین برۆ پابەندیەکانت جێبەجێ بکە ئێمەش پاڵپشتیت دەکەین، سەبارەت بە بابەتی فائیدەکە ئێمە لەگەڵ وەزارەتی دارایی قسە دەکەین تاکو بزانین چمان پێ دەکرێت بۆیان دەکەین، من لێرەدا پاش ئەوەی بەدواداچونەکان تەواو بوون جارێکی تر زۆر زۆر سوپاس بۆ ئەو هەموو پرسیارانەی کە بەتەئکید بەشێکی زۆر لەو پرسیارانە نەک هەر پرسیارن بەڵکو پێشنیارن و لەبەر چاویان دەگرین بۆ دانانی بەرنامەی وەزارەت و چاکتر کردنی کارەکانمان، بێ گومان ئێوە زیاتر نزیکن لە خەڵک و زیاتر گرفتەکانی سەر گۆڕەپانی واقیع دەزانن، بەتەئکید ئێوە لە رێگای ئەو خەڵکەی کە لەگەڵتاندا نزیکن کەم و کوریەکانمان پێ رابگەیێنن و بە تەئکید پێش هەموو کەسێ قازانجی ئێمەیە کەوا دەست بە چارەسەری ئەو کەم و کوریانە بکەین و ئەوەش ئامانجی ئێمەیە و هیوادارین بە کارکردن بیسەلمێنین کە جێگای متمانەی ئێوەین کە پێتان داوین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک سەعد وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری، لە دوو دانیشتندا بە دوور و

درێژی باسی چالاکی و کاروباری وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری کرد و باسی ئەو گیر و گرفتانەی کرد کە هاتوونەتە رێگای وەزارەتەکەی، هەروەها باسی پرۆگرام و بەرنامەی وەزارەت بۆ داهاتوو، و هەر وەها وەڵامی هەموو پرسیار و بەدواداچوونەکانی دایەوە، بە قەناعەتی ئێمە ئەو دانیشتنە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری دانیشتنێکی سەرکەتوو بوو، جارێکی تر سوپاسی دەکەین ، ئێستاش لە مانەوە و نەمانەوەی ئازادە.
خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری دانیشتنەکەمان ئامادە بوونی وەزیری پیشەسازی و وزەیە بۆ خستنە روو و بەرچاو خستنی چالاکیەکانی وەزارەتەکەی و وڵام دانەوەی پرسیاری ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق. جگە لە بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری پیشەسازی و وزە تکای لێ دەکەین بفەرمووێتە سەر سەکۆ بۆ پێشکەش کردنی راپۆرتەکەی.هەر بۆ بیر خستنەوە پێش ئەوەی جەنابی وەزیر دەست بە راپۆرتەکەی بکات، جەنابی وەزیر بۆی هەیە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە یان نەی داتەوە، دەشتوانێت ئەو کاتە دیاری بکات کە خۆی دەیەوێت وڵامی پرسیارەکە بداتەوە ئەوە بۆ ویستی خۆی بەجێ دێڵین، فەرموون

**بەرێز یونان مرقس حنا/ وەزیری پیشەسازی و وزە:**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن،
جێگای شانازیە بۆ من کەیەکەم جارە لەم شوێنە پیرۆزە ئامادە دەبم وبتوانم لەگەڵ نوێنەرانی میللەت باسی چالاکیەکانی وەزارەتی پیشەسازی و وزە بکەم ، دوو سێ تێبینم هەیە دەمەوێت پێش هەموو شتێک بیخەمە بەر چاو، یەکەم لەوانەیە گرفتی زمانەوانیم هەبێت، هەوڵ دەدەم بە بادینی قسە بکەم تاکو بتوانم بە رەوانی باسی بابەتەکە بکەم، پێش ئەوەی بێمە ئێرە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان باسی ئەوەمان کرد کە بۆ جاری دادێ وەزیر بە تەنها ئامادە نەبێت بەڵکو بەلایەنی کەم بریکاریش لەگەڵی ئامادە بێت لەبەر ئەوەی لەگەڵ بریکار هەندێ دەسەڵاتیان یەکەو لەوانەیە بۆ بەرژەوەندی گشتی باش بێت هەرچەندە هەندێ برادەر لێرەن پێش من ئەو کارەی وەزارەتیان کردوە بەتایبەتی کاک یاقۆ کە دواین وەزیر بوو لە وەزارەتەکەی من بەڵکو زانیاری زیاتر بێت لەوانەی کەمن دەیان زانم.
ئەوەی من دەمەوێت لێرە هەندێک زانیاری بە ئێوەی بەرێز بدەم چوار میحورن :
١ ـ هەندێک قسە کردن لەسەر وەزارەت بەگشتی و سێ بەرێوەبەرایەتی یان کەرت کە بەرهەم هێنن، هەندێک وەزارەت پێش راپەرین هەیکەلی هەبوو، وەزارەتی پیشەسازی نەبوو فەرمانگەکانی ئەو وەزارەتە بەسترا بوونەوە بە وەزارەت لە بەغدا، دووەم دوای ئەوەی هەیکەلی وەزارەت داندرا کارەبا بەو شێوەیەی ئێستا نەبوو و هەروەها بریاری ٩٨٦ نەبوو، بەباشی دەزانین پێشنیار دەکەین بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن کە دراسەتی هەیکەلی هەندێ وەزارەت بکرێت، رامان وایە بە زوو ترین کات هەندێک گۆران کاری لە وەزارەتی پیشەسازی و وزە، بەڵکو لە هەیکەلی هەموو وەزارەتەکان بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیارێکمان هەیە بەڵکو دراسە بکرێت لیژنەی

تەفتیشی ئیداری کاری هەموو ئەو وەزارەتانە بزانن، هەرچەندە ئێستا دیوانی چاودێری دارایی هەیە، بەڵام تایبەتمەندی سەدا سەد نییە. وەزارەتی پیشەسازی ئێستا پێنج بەڕێوەبەرایەتی گشتیە ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبا ، بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکان ، بەڕێوەبەرایەتی تەکنیک و بەرهەم ، بەڕێوەبەرایەتی دیوان ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان و چاودێری )گفتوکۆی ئەوەمان کردوە کە ئەوانە ببنە چوار بەڕێوەبەرایەتی گشتی(بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبا ، بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکان ، بەڕێوەبەرایەتی تەکنیک و بەرهەم ،ببێتە کارگەکان و گەشەپێدانی پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی دیوان ، )هەندێک ئیختصاصاتی کاریش گۆڕانکاری تێدا ببێت بەتایبەتی چاودێری دارایی بە بەڕێوەبەرایەتی بەستراوەتەوە ،دەبێت راستەوخۆ سەر بە وزیر بێت، ئەگەر ئەو گۆڕانکاریانە بکرێن کاری هەندێک فەرمانبەر دیار دەبێت لە هەموو وەزارەتدا و لە هەموو وەزارەتەکاندا هەندێ فەرمانبەر فایز دەبن هەر وەکو ئێستا هەن، باری ئابوری هاولاتیان گەلێ گرانە، ئێمە وای دەبینین کە ئەو دراسەیە بکرێت و بە پێویستیشی دەزانین لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکە بێکارەی هەیە لە شوێنی بەرهەم قەرەباڵغییەک لەسەر بەرهەم هێن دروست دەکەن لە شوێنی کارەکانیاندا ئەوەش کار دەکاتە سەر حەوافز و گواستنەوەیان، ئەوەش جارێک لەگەڵ لیژنەی پەرلەمانی تایبەت بە پیشەسازی رامان ئاڵوگۆر کرد و پێشنیارێکمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەن کرد تاکو ئەو بیرۆکەیە بەرەو پێشەوە ببەین، بیرۆکەیەکی وا هەیە کە ئەوەی فایزە لە شوێنێک کۆ بکرێنەوە و سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بن وەکو مەکتەب عەمەل، وای بۆ دەچم کە هەندێ ئەندازیار هەن لە ئەشغال بێ کارن لە هەمان کاتدا ئێمە پێویستمان بە هەندێ ئەندازیار هەیە کە دایان بمەزرێنین بەتایبەتی هەندێ ئیختصاصاتی وەکو ئەندازیاری شارستانی. ئەگەر ئەو شوێنە هەبێت (مەکتەب عەمەل) کاتێ ئێمە پێویستیمان بەوانە دەبێت بمانەوێت ئەندازیارێک دابمەزێنن ئەوە ئەو خاوەن تایبەتمەندییە هەیە لەوانەیە یەکسەر بێت، باسی بەرنامە کرا، ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کە پێش ئێمە هاتن باسی دانانی بەرنامەی وەزارەتەکە و جێبەجێ کردنیان کردوە، ئەوەش ئاسان نییە لەبەر ئەوەی سەرچاوەی داهات و دابین کردنی جێگیر نین، جا چ ئەوە حکومی بێت یان لەسەر بڕیاری ٩٨٦، دواتر بەراییەکان بە کاریگەری بارودۆخ لە هەرێم دەگۆردرێت و هەروەها دواکەوتنی فیزەکانی ٩٨٦ گەلێ جار گۆڕانکاری لێ کراوە،کارەکانی وەزارەتی پیشەسازی زۆر نزیک وپەیوەندی دارە بە هاولاتیان بە شێوەیەکی راستەوخۆ، بە تایبەتی بابەتی وزە چ سوتەمەنی بێت یان کارەبا بێت، ئەو دوو لایەنەش کاتی خۆی پێش راپەڕین (مدعم) بوون واتا بە بێ بەرامبەر بوون و خەڵکی ئێمەش فێری ئەوە بووە بۆیە چارەسەر کردنی ئەو بابەتەش ئاسان نەبوو، سیاسەتی وەزارەت لەگەڵ حکومەتی هەرێم ئەوە بوو کە یەکەم: کەم کردنەوەی ئەو بەکاربردنە (استهلاک )جا بە هەر شێوەیەک بێت، تاکو خەڵک فێر بن نرخی ئەو وزەیە بزانن تاکو ئابوریانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت. دووەمیش: ئەو هەنگاوانەی ئێمە ناومانە داهاتێکی بۆ وەزارەتی پیشەسازی دەستەبەر کرد، ئەوە ئێمە وای

دەبینین کە شتێکی مەعقولە دوو سێ ژمارە هەیە دەمەوێت لێرە ئاماژەی پێبکەم ساڵی ١٩٩٩ وەزارەتی پیشەسازی زەرەری کرد واتا خەرجی زیاتر بوو لە داهاتی بە بڕی سێ یان چوار ملیۆن دینار، ساڵی ٢٠٠٠ وەزارەتەکە قازانجی هەبوو واتا داهات پتر بوو لە خەرجیەکان بە بڕی (٤٦) ملیون دینار، ئەم ساڵیش تاکو ئێستا کە (١٠) مانگە قازانج (١٤٣) ملیون دینارە، جا بەمەبەستی زیاتر کردنی داهات بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران چاومان خشاندەوە بە نرخی سوتەمەنی بەتایبەتی و وزە بە شێوەیەکی گشتی ، پاش دانانی نزم ترین ئاست لە باری ژیانی هاولاتیان تاکو هەژاران بتوانن جگە لەو نرخەی کە دامان نابوو ئەو قسانەش کاتێ باسی کەرتەکان دەکەین بەدرێژی باسی دەکەین.

باسی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەوت و کانزاکان. ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتی یە ٥ بەڕێوەبەرایەتی لە خۆ دەگرێت:

١ ـ دابەش کردنی بەرهەمەکانی سوتەمەنی ، بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمەکانی نەوت یەک لە هەولێر و لە دهۆکیش یەک.

٢ ـ بەڕێوەبەرایەتی ڕوپێوی جیولۆجی و پشکنینی کانزایی یەک لە دهۆک، یەک لە هەولێر .

٣ ـ بەڕێوەبەرایەتی کارگەی غازی هەولێر،

هەندێک ژمارە هەر بۆ زانیاری جەنابتان بەرچاوتان دەخەم، ڕۆژانە (٣٥٠٠٠٠) لتر بەنزین دەگاتە هەولێر، (١٥٠٠٠٠) لتر دەگاتە دهۆک واتا کۆی گشتی نیو ملیونە واتا (٥٠٠٠٠٠) لترە.

گازوایل ڕۆژانە (٢٧٠٠٠٠) هەزار لتر دەگاتە هەولێر، (٢٣٠٠٠٠) لتریش دەگاتە دهۆک ئەویش کۆی گشتی دەکاتە (٥٠٠٠٠٠) لتر .

نەفتی سپی (٣٦٠٠٠٠) لتر ڕۆژانە دەگاتە هەولێر ، (٢٩٠٠٠٠) لتریش دەگاتە دهۆک کۆی گشتی دەکاتە (٦٥٠٠٠٠) لتر.

سەبارەت بە غاز ئێمە دوو شێوەمان هەیە، غاز هەیە دەگاتە دەست حکومەت واتا بۆ وەزارەتی پیشەسازی دێت ئەویش (٦٠) تەن ڕۆژانە دێت، واتا پێنج هەزار قەنینە، بێجگە لەو غازە (٤٠) تەنی تر دەگاتە هەولێر، ئەوەیش هی کارگەی تایبەتیە، پاشان باسی کەرتە تایبەتەکەش دەکەم و پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵەوە چیە. لەگەڵ ئەو کارگەی غازە گرێبەستێک لەگەڵیاندا هەیە بەهەندێ مەرج ئەویش جۆر و نەوعیەت و شتی تریش. لە دهۆک ڕۆژانە (١٠٠)تەن غاز هەیە ئەوەیش بۆ کارگەی ئەهلیە، ئێستا لەوانەیە دوای چەند حەفتەیەکی تر ٤٠ تەن بگاتە ئاکرێ، ئەویش ڕۆژانە بۆ کارگەی ئەهلی کەرتی تایبەتە.

هەندێ زانیاری لەبارەی نرخی ئەو سووتەمەنیانە، فرۆشتنی بەنزین لتری بە (٦٠٠) فلسە واتا ئەوانەی کە کۆبۆنیان هەیە و ئەوانەی کە ژمارەی شینیان بەستاوە واتا سەیاراتی حکومی. وابزانم بیرۆکەی کۆبۆن بیرۆکەیەکی زۆرگرنگ بوو مافی هاوولاتییانی دەستەبەر کرد بە بڕێک بەنزینی

حەفتانە، واتا حەفتانە دوو جار (٤٠) لتریان پێ دەدرێت، ئەوە لایەنێک لایەنی تر ئەو کۆبۆنە پاڵنەرێک بوو بۆ ئەوەی کە ئەو هاولاتیانە بچن سەنەوی خۆیان لە فەرمانگەی هاتووچۆی هەولێر نوێ بکەنەوە و هەموو پابەندی یەکانیان جێبەجێ بکەن تاکو بتوانن ئەو بەنزینە وەرگرن. نرخێکی ترمان هەیە کە (٩٠٠) فلسە ئەویش بۆ ئەوانەیە کە بێ کۆبۆنن یان سەیارەی حکومی نین.

گازوایل (٦٠٠) فلسە بۆ فەرمانگە خزمەتگوزاریەکان ، واتا فەرمانگەی تەندروستی و پەروەردە و شارەوانیەکان، کەرتە خزمەت گوزاریەکان. دینارێک بۆ هەر لترێک بۆ شوێنی بێجگە لەو شوێنانەی باس کران.

نەوتی سپی (٢٥٠)فلس بۆ هەر لترێک بۆ هاولاتیان ئەویش بە رێگای بریکارەکانی خۆراک دابەش دەکرێت، سێ بەرمیل بۆ هەر خێزانێک لە هەولێر و چوار بەرمیل لە دهۆک.

نرخێکی ترمان هەیە ئەوە مانگێکە پێرەومان کردوە ئەویش (٧٥٠) فلسە جگە لەو حاڵەتەی کە لەگەڵ بریکارەکان دابەش دەکرێت، غازی حکومی لە کارگە بە دە دینار دەدرێتە بریکارەکان دەگاتە هاولاتیان لە نیوان (١٣ تا ١٥) دینار بۆ هەر بوتڵێک، ونرخی بەرز تر (٢٠) دینارە بۆ ئەوانەی بریکار نین. ژمارەیەکی تر ئەو برە سوتەمەنیەی لەو دە مانگەی رابردوو دابەشمان کردوە لە هەولێر بەنزین نزیکەی (١٠٠) ملیون لتر بووە ، نەوتی سپی نزیکەی (٩٢) ملیون لتر بووە، کازوایل (٧١) ملیون لتر بووە. داهاتی ئەمانە هەمووی واتا بەنزین و نەوت و گازوایل نزیکەی (١٣٠) ملیون دینارە. لە دهۆک بەنزین نزیکەی (٤٥) ملیون لتر، نەوتی سپی (٨٦) ملیون لتر، گازوایل (٦٤) ملیون لتر، داهاتی ئەوانە (١٠٢) ملیون دینار بوو.

لەدوای رووداوەکانی نیویورک و واشنتۆن، جۆرە ئامادەباشیەک هاتە کایەوە، بەپێی رێنمایی ئەنجومەنی وەزیران ئێمە لەگەڵ ئەو دابەش کردنە هەندێ لە هەموو جۆرەکانی سوتەمەنیمان عەمبار کرد، هەرچەندە تواناکانی عەمبارکردن کەم بوون، نزیکەی (٦) ملیون لتر موعەدەل بۆهەر جۆرێک لە جۆرەکانمان عەمبار کرد، بابەتی مستەودەعەکانیش جۆرە گرفتێکمان هەیە، ئێستا لە هەولێر بریارێک هەیە کە لە هەولێر عەمبارێکی گەورە و لەسەر مواسەفاتی نوێ لەدەرەوەی شار دادەندرێت، هەروەها پێویست بە مستودەعات هەیە لە دهۆک و لە شوێنە دوورەکانی هەولێر وەکو ناوچەی سۆران، ئەوەش زۆر پێویستە لەبەر ئەوەی ناتواندرێت ئەو سوتەمەنیانە بە تەنکەر بگەینرێنە هەموو شوێنێک،ئەگەر عەمبارگەی سوتەمەنی هەبێت کارەکان ئاسان تر دەبێت، شتێکی بچووک ئەویش هەر کاری بەرێوەبەرایەتی نەوت وکانزاکانە ئەویش روپێوی جیولۆجی و کانە بەردەکانە ، ئەو کارە هێشتان دیاری نەکراوە لە وەزارەتی پیشەسازی گرفتەکان لە ئامێر و کەرستە و سەیارەی تایبەتە، هەر چەندە ئێمە توانامان نییە لەسەر بریاری ٩٨٦ بیان هێنین، هەمئاهەنگیەک لەگەڵ زانکۆ کرا کە ئەو داوای ئەو ئامێرانە بکات. گرفتی تریشمان هەیە لە کانە بەردەکان ئەویش ئەوەیە کە خەڵک و بگرە دەزگاکانیش مامەڵە لەگەڵ کانە بەردەکان ناکەن وەکو مولکی دەولەت،ئەوە هێشتان زەبت نەکراوە بەڵکو یەکە ئیداریەکانیش توانای ئەوەیان نییە.

لەسەر رووپێوی جیولۆجی من دەمەوێت هەندێ ژمارە بە بەرێزتان بدەم، رووپێوی دەشتی هەولێر و دەور و بەری هەریر و میراوە و خەلفان نزیکەی دوو هەزار مەتر دوو جا رووپێوی کراوە بۆ ئەوە نەخشەی جیولۆجی ئامادە کراوە، هەروەها لە دێگەڵە و دەربەندی گۆمەسپان هەریەک نزیکی (١٠٠) کم دووجا رووپێوی کراوە، لە شوێنی تریش لە دێی ئامۆکانیش هەندێک شوێن مەسح کراوە. لە ناوچەی دهۆکیش تاکو ئێستا رووپێوی بەردەوامە لە کێڵگەی تاوکێی نەوتی و لە سێمێل و زاخۆ و ئامێدی بۆ بەردی مەرمەر و حەلان.

ئێستا باسی هەندێ زانیاری لە بارەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەکنیک و بەرهەم دەکەم ، وەکو گوتم دەمانەوێت پێی بڵێین بەڕێوەبەرایەتی کارگەکان و گەشەپێدانی پیشەسازی، ئەوە پێشنیارە بەڵکو بەم زوانە بکرێت، بەکارکردن ئێستا حەوت بەڕێوەبەرایەتیە کە ئەوانەن: لە هەولێر کارگەی جگەرە، کارگەی مەرمەڕ ، کارگەی رستن و چنینی خوری ، مافوری دەست کرد ، کارگەی قتوبەندی هەریر، کارگەی روونی رووەکی لە ئاکرێ،بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی، دەربارەی کارگەکان بەشێوەیەکی گشتی وا داندرا بوو کە بە سەربەستی دوور لە بەغدا یان موصل کاری خۆی بکات، لەبەر ئەوەی ستونی پیشەسازی بۆ هەر کارگەیەک سەرچاوەکانی لێرە نەبوون بۆنموونە وزە هیچ کات لێرە نەبووە، بەڵکو مەکینەی کۆن هەبوون، دواتر لە بازار کەرستەی خامی نەبوو.

بەکورتی باسی ئەو کارگانە دەکەم .

١ ـ کارگەی جگەرەی هەولێر، وەزارەتی پیشەسازی گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای کانی بەستووە بۆ بەرهەم هێنانی جگەرەی نەورۆز، ئەو گرێبەستەش وابوو هەر مانگە کۆمپانیای کانی (٤٠) هەزار دۆلار بداتە بەڕێوەبەرایەتی کارگەکان یان وەزارەتی پیشەسازی، لە مانگەکانی ٤و٥و٦وتاکو مانگی نۆ واتا لەو شەش مانگەی ئەم ساڵ (٢٢٠٠) کارتۆن جگەرەی نەورۆزی بەرهەم هێناوە و ئێستا راوەستاوە، کۆمپانیای کانی (٤٤٠) هەزار دۆلار قەرزاری کارگەی جگەرەیە، لەناو کۆگای کارگەی جگەرەی هەولێر (٥٥) هەزار کارتۆن جگەرە هەیە و بایی (٢٠) ملیون دینارە، زۆرمان هەوڵ داوە بۆ بەبازار کردنی ئەوانە لە بەغدا و شوێنی تر زۆر هەوڵماندا وە لەگەڵ گەلێ کۆمپانیا لەوێ بەلام ئەنجامەکەی سەدا سەد نییە،

٢ ـ کارگەی رستن و چنینی خوری، بەرهەمی هەیە و کار دەکات و کوتاڵ بە دوو شێوە دەفرۆشێت، یەک بۆ فەرمانبەران بە نرخێکی هەرزان ئەویش بە نووسراوی فەرمانگەکەی دەبێت، ئێستا بەتایبەتی بە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە دەفرۆشرێت، دووش لە رێگای بازار دەدرێتە هەندێ بریکار .

٣ ـ کارگەی مەرمەڕی ، ئێستا کار دەکات و بەرهەمی هەیە دەفرۆشرێت لە رێگای بریکاران، داشکاندن هەیە بۆ هەندێ حاڵەت کە (٢٠ ٪).

بنکەکانی مافوری دەست کرد، ئێمە (٦) بنکەمان هەیە، بنکەی مافوری کەسنەزان و هەریر

لەگەڵ بەڵێندەران گرێبەستێک مۆر کرا، بەمەرجێک موچەی ئەو کارمەندانەی کە لەوێ کار دەکەن چ هی کاتی بن یان هەمیشەیی دەبێت ئەو بیدات، کەرستەی بەرایی و بەبازار کردنی هەموو لەسەر بەڵێندەرە هەمووی بەخۆی دەکات نزیکەی (٢٨٠) هەزار دینار موچەی ئەو کارمەندانە بوو لە مانگی شوبات تاکو مانگی تشرینی یەکەم. بنکەی مافوری رواندوز لەوێش گرێبەستێک لەگەڵ بەڵێندەرێک بەسترا، برادەرانی پێش ئێمە تەفاصیلی دەزانن، لەمانگی شەش بە هەمان گرێبەست لەگەڵ کەسنەزان و هەریر دەست بەکار بوو، بنکەکانی تری هەولێر و بەحرکە و یەکێکیش لە دهۆک لە کار دانە، بشزانین لە ساڵی ٢٠٠٠ نزیکەی دوو ملیون دینار زەرەری ئەو کارگانە بوون، ئێستا ساڵی ٢٠٠١ ئەو زەرەرە بۆتە (٨٠٠) هەزار، ئومێدەوارین ساڵی دادێ ئەگەر نەتوانین بیکەینە قازانج بەلانی کەم زەرەرەکە نەهێڵین، دوو کارگەمان لەسەر بڕیاری ٩٨٦ هەیە فاو تەداخولی کردوە وەکو دیواربەندێکی دروست کردوە، یەکیان کارگەی قوتوو بەندی هەریرە دوو هێڵی بەرهەمی هەیە یەکیان بۆ دۆشاوی تەماتە ئەویش ئەوساڵ دەستی بەکار کرد کاری ئەو کارگەیە وەرزیە بۆ تەماتە، لە ٢٥ حوزەیرانی ئەو ساڵ دەستی بەکار کردوە، بەرهەمی ئەو کارگەیە گەلێک گرنگ و بەسود بوو (٦٠٠)هەزار قوتی ئاوی تەماتەی بەرهەم هێنا، نزیکەی شەش ملیۆن دینار بەهایان بوو، بایی دوو میلون دینار تەماتە لە جوتیاران کردرا جوتیارانی دەوروبەری هەریر (١٩٠)هەزار دینار موچەی فەرمانبەران بوو ئەویش هەر لەسەر ئەو بەرهەمە بوو، قازانجی ئەو کارگەیە (١٢٠٠٠٠٠) دینار بوو، هێڵی دووەم ئەویش تەواو بووە لەوانەیە پاشی سەری ساڵ دەست بەکار بکات ئەویش بەرهەم هێنانی شەربەتی ترێیە، هەرچەندە ئەویش وەرزیە بەڵام هیوادارم بێتە نا وەرزی بەوە ئەو شەربەتە کاتی وەرزی نەبێت تەرکیز بکرێت پاشان لە وەرزی خۆی جارێکی تر سوک بکرێتەوە بکرێتە قوتوو.

کارگەی دووەمی لەسەر بڕیاری ٩٨٦ کە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ موتەداخلن ئەویش کارگەی رۆنی رووەکی ئاکرێیە ئەویش مەکینە و ئامێرەکانی هەمووی داندراون ئێستا هەموو شتێک ئامادەیە، هێشتان بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردنی هاوبەش دانەندراوە، لەبەر ئەوە جەژن و سەری ساڵە جەماعەتی فاو دوای سەری ساڵ دێن ئیدارەی هاوبەش لە نێوان ئێمە و فاو دەبێت موعەدەل رۆژانە ٥ تەن گوڵەبەرۆژە بە کار دێت، ئێستا (٣١)تەنی عەمبار کراو لای فاو هەیە بۆ کارکردنی تەجریبی واتا نزیکەی بۆ چەند رۆژێک کار بکات، ئەو گوڵەبەرۆژەی تر هەندێک بەکار دێت و هەندێکی تری دەچێندرێت.

بەڕێوەبەرایەتی گەشەساندی پیشەسازی ئێمە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گەلێک بە گرنگی دادەنێین، لەم بارەیەوە بەڵکو هەوڵ بدرێت لە مانگی دادێ لەگەڵ کەرتی تایبەتی تەنسیق بکرێت تاکو بەهێز تر بێت، ئەو کارەش وەزارەتی پیشەسازی بە تەنها نایکات بەڵکو لەگەڵ راوێژکارانی وەزارەتە پەیوەندی دارەکان دەیکات کە ئەندامن تێیدا، هەروەها پارێزگا و ژووری بازرگانی ئەندامیان تێدایە، ئەویش پێداویستی دەوێت یەک لەوانە بانکی پیشەسازیە بۆ ئەوەش پێشنیارێک کراوە

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن نازانم کەی جێبەجێ دەبێت، ئەو گرنگی دانە بە کەرتی تایبەتی بۆ گەلێ مەبەستانە، یەک لەوانە تاکو هاولاتی بتوانێت پارەی خۆی بەکار بێنێت، و بازارێک دروست بێت و کەرستەی ئەوەلی لێ بێت و بازاریشی لەوێ بێت، دووەمیش کار بۆ گەلێ بێکار دەستەبەر دەبێت، بۆ ئەو شتە سمینارێک کرا، پێش نۆ مانگ دەبێت، هەروەها ئێستا داوا کراوە مۆڵەتی هەندێ کارگە بدرێت، ئێمە کارگەکانمان فەرز کرد ئەوەی لەسەر وەزارەتی پیشە سازی بێت یان لەسەر شوێنی تر بێت ئەوانەی تاکو ئێستا تێکەڵاوە لەوانەیە هەندێک لەسەر تەندروستی بێت هەندێک لەسەر شارەوانی بێت یان لەسەر پارێزگا بێت. لەسەر بنەمای ئەوە ئەو کارگانەی کە سەر بە وەزارەتی ئێمەن ئێمە لیستێکمان دابەشی سەریان کردوە بۆ دیاری کردنی سەرفیات و داهات و بەکارهێنانی چ جۆرە مەکینەیەک. ئێمە لەسەری ساڵ پابەندین پێی نەک ئەو کارگەیەی بێت ئێمە مۆڵەتی بدەینێ. بۆ خاوەن کارگەکان دراسەتی جەدوای ئابووری ئەویش کارگەکانی ئێمە دەیکەن (بەڕێوەبەرایەتی کارگەکان) جەدوای ئابووری هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە چ کەرستەی سەرەتایی چ مەکینە بێت چ کادیر چ باری بازاڕ. دووەم ئەگەر ئێمە لەگەڵ وەزارەتی دارایی قانع بووین ئاسان کاری بۆ خاوەن ئەو کارگانە بکەین بۆ هێنانی هەندێ مەکینە واتا ئاسان کاری گومرگی وهەروەها گرێبەستێک لە نێوان وەزارەت و ئەو کارگانە کراوە لە بارەی وزە جا چ سوتەمەنی بێت یان کارەبا.

سێکتەری تر کە دەمەوێت هەندێ لەسەری بدوێم ئەویش سێکتەری کارەبایە، ئەویش وەکو سێکتەرەکانی تر هەموو کەسێک پەیوەندی پێوەی هەیە، چوار بەڕێوەبەرایەتی عەمەلییەن کار دەکەن ئەویش بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سۆران و بەڕێوەبەرایەتی کارەبای دهۆک و بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێر هی چوارەم بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم هێنانی وزەیە، بەرهەمی وزە بە ئامادەکراوی دەگاتە دەستی ئێمە، ئەویش لە دۆکانەوەیە بۆ ناوچەی هەولێر و لە موصلەوە بۆ ناوچەی دهۆک و ئاکرێ، هی تر هی مولیدەیە ئەوەی ٢٩ میگاواتی و مەولیداتی تر جا چ هی حکومی بێت یان ئەهلی بێت، هەندێ ژمارە هەر بۆ زانیاری دەخەینە روو ئەویش ئێمە لە دوکانمان وەرگرتووە ساڵی ٢٠٠٠ بەرز ترین رادە رۆژانە ٢٨ میگاوات بوو، کەمترین رادە ٦ میگاوات بوو تێکرای موعەدەل بۆ ساڵی ٢٠٠٠ نزیکی ١٤ میگاوات بوو ، ساڵی ٢٠٠١ بەرز ترین رادە ٣٢ میگاوات، نزم ترین رادە ٣ میگاوات معەدەلی ئەو ساڵە نزیکەی ١٤،٤ میگاوات بوو، ئێستا لەو رۆژانەدا موعەدەل ١٥ میگاواتە بۆ ٢٤ سەعات کە لە دوکان دەگەن، لە موصلەوە بۆ ئاکرێ و دهۆک بۆ ئەو یەک دوو مانگەی دوایی مانگی ٩ی ٢٠٠١ ( ٤٠ میگاوات بووە) هی دهۆک و ئاکرێ، هی مانگی تشرینی یەکەم ٥٠ میگاوات بووە ، ئەو مانگە خەڵکی دهۆک ئەوە باش دەزانن کە زۆر دابەزیوەو کراوە بە ٧ میگاوات، ئەوە پرۆژەی ٢٩ میگاواتی، ناوی ٢٩ میگاواتیە من لەوە زانیم کە ٢٩ میگاوات بەرهەم دێنێت، کەچی بەرز ترین رادەی کە ئەو داویەتی ٢٥ میگاوات بووە، ئەویش ئێستا کەم بۆتەوە لەبەر ئەوەی گرفتێکی تەکنیکی هەبوو لە

یەکێ لە یەکەکانی دهۆک (٢٥ ٪)ی بەرهەمی کەم کردوە (٢١) میگاوات دەدەن، لە هەولێر (١٦) سەعات کار دەکات لە دهۆک (٩) سەعات لەوانەیە گۆڕانکاریەک هەبێت ئەو رۆژە من لەگەڵ undp باسمان کرد بەڵکو ئەورۆ یان بەیانی ئەنجامێکی هەبێت، ئەویش بابەتی بەگەڕ خستن و پەزیرایی لێکردنە ئەویش بە کۆمپانیایەک دراوە، مەبەستی ئێمە ئەوەی کەی بە هەموو توانای ٢٤ سەعات کار دەکات، ئەوە پرسیاری ئێمەیە دەمانەوێت بزانین، لەبەر ئەوە نزیکەی ساڵێکە تەجریبی کار دەکات ، ٤ موەلیدەن هەر یەک (٢,١٧) میگاوات هەرچواریان ئێستا لە هەولێرن و کار ناکەن لەبەر نەبونی پارچەی یەدەگ ئەویش لەبەر دەستی ئێمە نییە ئەوان دەیهێنن، موەلیدەی دیزلی بچوک لە هەولێر (٤٩٠) موەلیدەیە ٦٥ دابەش کراونەتە سەر تەندروستی و ٧٨ بۆ کار کردنی بیری ئاوەکان، (٢٦٦)یش بۆ ماڵان داندراوە، لە دهۆک کۆی موەلیدەی بچوک ٢٧٢ موەلیدەیە ٣٨ دابەشی سەر کەرتی تەندروستی کراوە ، ٨٥ بۆ بەگەڕ خستنی بیری ئاو، بۆ ماڵانیش ١٤٩ ئێمە گەلێکمان حەز کرد و برادەرانی پێش ئێمەش کە بەرپرس بوون لە وەزارەت کە پرۆژەی بچوک لە گوندەکان دابمەزرێت بە سوود وەرگرتن لە ئاو (مینی هایدرۆ) دراسەتیش کرا لە فێزەکانیش داندرا بۆ دهۆک ٥.شوێن پێشنیار کرا بوون بۆ هەولێر سێ شوێن پێشنیار کرا بوو، لە جاری یەکەم بۆ ئازادی و سیدەکان و بێخاڵ بوو بەڵام هەر هەمووی راگیرا و حکومەتی بەغدا ئەوەی قبوڵ نەکرد پێش یەک دوو رۆژ جارێکی تر گفتۆگۆ لە ئەنجومەنی وەزیران لەسەر ئەو بابەتە کرا لەگەڵ تۆمیاد رێکخەری نەتەوە یەکگرتووەکان بە راشکاوی بە ئێمەی گوت کە بەغدا قبوڵ ناکات، گوتی قبوڵ ناکات هیچ سوود لە تەزووی ئاو وەربگیرێت، بەکارهێنەر یان سود وەرگر لە کارەبا لە هەولێر لە موەلیدەی حکومی نزیکەی (٣٥) هەزار خێزانە، هی موەلیدەی ئەهلی نزیکەی ٨٠ هەزار خێزانە، دوو پرۆژەی چوار ئەمپێری هەیە یەکیان کەوتۆتەکار هەر لە هەلێر (٩٤٠٠) خێزان سود مەندن، هی دووەم هێشتان دەستی پێ نەکردووە کە (١٠٠٠٠) خێزان سود مەند دەبن، دراسەیەکی تازە کراوە و گفتوگۆشی لەسەر کراوە ، نرخێکی تازە داندرا زیاتر عەمەلی و زانستیە ئەویش لە نزم ترین رادە دەست پێدەکات بۆ هەر خێزانێک (٦٠) دینار دەبێت، و نرخی تایبەتیش بۆ کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی وبازرگانی . شتێکی تریشمان کردوە لەگەڵ بریاری ٩٨٦ ئەویش پەیوەندی ئێمە لەگەڵ (UNDP) کە تایبەتە بە کارەبا، ژوری هاوبەش لە نێوانیان پێکهات، بینایەتێک کرا بەناوی تەرمیم، تیایدا نوێنەری ئێمە و (UNDP) هەندێ کار رادەپەڕێنن، کۆبوونەوە دەکرێت، هەندێ ژمارە بۆ زانین سەبارەت بەو کارمەندانەی وەزارەت کە کار دەکەن لەگەڵ ئەو رێکخراو ی(UNDP)، لەهەولێر ١٦٧ کارمەندمان هەیە کە کار لەگەڵ ئەو رێکخراوە دەکەن و نزیکەی ٤٢ هەزار دۆلار موچەی تێکراپانە، لەو ٤٢ هەزار دۆلارە ٧ هەزار دۆلار وەزارەت لێیان وەردەگرێت و دابەشی دەکەین بەسەر کارمەندانی تر کە لەو رێکخراوە پشکیان نییە، ٩٥ هەزار دینار موچەی ئەو کارمەندانە بوو لەلای ئێمە، ئەو پارەیەش کە موچەی ئەو کارمەندانەیە دەگەڕێتەوە بۆ خەزینەی هەرێم، لەو

کاره وەزارەتی پیشەسازی بەتەنها نییە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە، وەزارەتی ئەشغالە، وەزارەتی کشوکاڵە، هەموویان ئەو حاڵەتەیان هەیە، دوو بۆچوون هەن، یەکەم وەکو ئەوەی ئێمە ئێستا دەیکەین با ئەو موچەیە بگەڕێتەوە بۆ خەزینەی حکومەت، رای تر دەڵێ ئەو فەرمانبەرەی کە موچە لە تۆ وەرناگرێت لەگەڵ تۆ نین، هیچ پەیوەندی بە تۆوە نامێنێت، جا ئەو بابەتە هێشتا لە ژێر دراسەتە،لەوانەیە ئەمڕۆ یان بەیانی ئەنجامەکەی دەرچێت، لە دهۆک ۱۱۱ کارمەندمان هەیە لەگەڵ (UNDP) کار دەکەن موچەکەیان لەو رێکخراوە (۲۸) هەزار دۆلارە، وەزارەت پێنج هەزار دۆلار دەگێرتەوە بۆ کارمەندانی تر، (۵۲) هەزار دینار موچەیانە دەگەڕێندرێتەوە بۆ خەزینەی حکومەت. شتی نوێ لە بواری کارەبا، ئەوە بوو کە لەو دانیشتنەی ئەو دواییەی کە لەگەڵ تۆم یاد بەسترا، ئەویش ئەوەیە پرۆژەیەک بۆ دوو ساڵ باس کرا و خۆشی ئاگاداری بارەکەش بوو لەبەر ئەوەی لەگەڵ بەڕێزان کاک مەسعود و مام جەلال باسی کرد بوو، لەگەڵ بەغداش باس کرابوو لە نیویورکیش رەزامەندی هەیە، کە ۳۰۰ میگا واط بدرێتە هەرێم لە سێ رێوە لە کەرکوک بۆ چەمچەماڵ و لە کەرکوک بۆ هەولێر و لە موصل بۆ هەولێر، ۳۰۰ میگاوات بە دوو قۆناغ قۆناغی یەکەم تۆڕەکانی چەمچەماڵ و هەولێر تێکەڵ بکەن و بۆ وێستگەی دبس تۆباینی بۆ بێنن، ئەگەر هاتوو ئەو ۳۰۰میگاواتە گەیشت لە ماوەی ۲ ساڵ ۵۷٪ی بۆ هەولێر دەبێت ٤٣٪ ش بۆ سلێمانی دەبێت، بە بۆچوونی ئێمە لەو برە ۳٤٪ بۆ هەولێر دەبێ ۲۳٪ بۆ دهۆک دەبێت، وەکو هەموو فەرمانگەکانی تر فەرمانگەی کارەباش گرفتی خۆی هەیە لەو گرفتانەش کەرستەی یەدەگە کاتێ دەکەوێتە سەر فێزەکان زۆر دوا دەکەون ،دووەم ئەو جیاوازی موچەیەی ئەو تەکنیک کارانەی لەگەڵ رێکخراوەکاندا کار دەکەن، فەرقەکە یەکجار زۆرەو موشکیلەیە کە کارمەندانمان کار بکەن، گرفتی تر ئامێر و ئۆتۆمبیل هەندێک زۆر کەمن هەندێکیش هەر نیە، لە هەولێر ئێمە گرفتێکی ترمان هەیە ئەویش سەرپێچیە لەسەر کارەبا، ئەوەش گرفتێکی گەورەیە زیاتر لە ۱۰ تا ۱۵ میگاوات تەجاوز هەیە لەسەر کارەبا، بۆ چارەسەر کردنیشی پێش دوو مانگ کۆبونەوەیەک کرا، بڕیار درا کە لیژنەیەک پێکبهێندرێت و کاری بۆ بکرێت، بەڵام تاکو ئەو کاتە هیچ هەنگاوێکی عەمەلی نەهاویشتراوە، لەوانەیە هەندێک زانیاری کەم بن و ئاگاداری من نەکرابێتەوە یان شتێکی ترم لە یاد چووبێت لەو بارەیەوە ئێمە راپۆرتێکمان ئامادە کردوە ئەو راپۆرتە دەدەمە لیژنەی تایبەتمەند، لەکۆتاییدا من دەمەوێت وەکو وەزیرێکی نوێ بۆ پیشەسازی سوپاس ڤانی یارمەتی هەموو لایەک بکەم بە تایبەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و کاک یاقۆ وەکو وەزیری پێش من، هەروەها کاک نوری بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتیەکانی تایبەتمەند بە بەرهەم چ ئەوەی کارەبا و چ ئەوەی نەوت و کانزاکان و چ کارگەکان، سوپاسی هەموو لایەک دەکەم و سوپاسی ئێوەش دەکەم سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی دەکەم، ئێستاش ئامادەمە بۆ هەر پرسیارو و بەدوادا چوونێک، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک یونان مەرقوس وەزیری پیشەسازی و وزە بۆ راپۆرتە دوورو درێژەکەی، رووناکی باشی خستە سەر کاروباری وەزارەتەکەی کە بە تەئکید سود بەخش دەبێت لە تێگەیشتنی ئەنجام و چالاکیەکانی وەزارەتی پیشەسازی و وزە، داوا لەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پرسیاریان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناونووسیان بکەین، بەرای من حەق وایە وەزیرەکانی پێش ئەو پێویستە یارمەتی بدەن لە وڵام دانەوە نەک پرسیار بکەن لە بەر ئەوەی ئەرکەکەی دەکەوێتە سەر شانی ئەوانیش، ٢٢ ناو لای من تۆمار کراوە ناوەکان دەخوێنمەوە تاکو ئەو بەڕێزەی ناونوس نەکراوە ناونووسی بکەین (عبدالخالق زنگەنە، شێروان حەیدەری ، ابراهیم دۆغرەمچی، د. رزگار، د. نیاز ، شێخ عەفان ، سعید هروری، احمد سالار ، امین مولود، ابراهیم سعید، فاتح محمدامین، جلال خۆشناو ، برهان جاف، سوار ئاغا ، احمد علی عمر،محسن صالح ، رەجەب شعبان، جوهر شاواز ، مەلا محمود دێرشەوی، ملا طه ، حاکم سفر ، سعید یعقوبی) پێشنیارێک هاتووە کە ١٥ دەقیقە پشوو بدەین من وای دەبینم کە لە جێی خۆی بێت پشوو بۆ ماوەی ١٥ دەقیقە وەردەگرین دوایی دێینەوە پرسیارەکان دەکرێت.

دوای پشوو

دێینەوە سەر کاروباری دانیشتنی ژمارە (٢٦)ئێستا ،دەست بە پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، کاک عبدالخالق زەنگەنە فەومو.

**بەڕێز عبدالخالق زەنگنە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێشەکی سوپاسی هاتنی جەنابی وەزیری پیشەسازی و وزە دەکەم ، توانایەکی زۆری خەرج کرد تاکو بتوانێت بەکوردی راپۆرتەکەی پێشکەش بکات ، لەگەڵ ئەوەشدا من تێبینیەکم هەیە ئەگەر سەرۆکی ئەنجومەن مۆڵەتم بدات، سەبارەت بەوانەی کە زمانی کوردی باش نازنن یان رۆشنبیریان بە زمانێکی ترە، حەق وایە لە حالەتی وا راپۆرتێکی نووسراو پێشکەش بکەن، جا بە عەربی بێت یان بە زمانێکی تر بێت تەرجەمەی سەر زمانی کوردی بکرێت، وابزانم ئەوە زیاتر خزمەتی کارەکانمان دەکات، وەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی بۆ کرد وەزارەتی پیشەسازی پەیوەندی راستەوخۆی بە هاولاتیانەوە هەیە ، لەبەر ئەوە زیاتر پرسیارەکانم پەیوەندی هەیە بەو لایەنەوە، یەکێکیان وەزیر ئاماژەی کرد بە نرخی لتری سوتەمەنی کە لە کوردستان دەفرێشرێت پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا نرخی ئەوەی لە حکومەت وەردەگیرێ چەندە؟ من وای بۆ دەچم کە جیاوازیەکی زۆر هەیە و نازانم ئەوە لە دەسەلاتی وەزارەتە یان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە یان وەزارەتی دارایی حەقە چاوێک بە بابەتی نرخ بخشێننەوە، لەبەر ئەوەی بەراستی نرخی کرین ئەگەر بلێین ئەوەندەی نرخەکەش بخەینە سەر گواستنەوەی و ئەوەندەش بکەینە قازانج وابزانم هێشتا فەرقێکی زۆر هەیە، کە بە ٦٠٠ فلس لتری بەنزین بفرۆشرێت لە بەنزینخانەکان، سەبارەت

بەوانەی کە لەناو بازاڕ دەیفرۆشن بە دینارێکە بەرای من ئەوە ناگونجێ لەگەڵ بارودۆخی خەڵک.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت پرسیارەکەت کرد پێویست بە تەفصیلات ناکات ، پرسیاری تر بکە.

**بەڕێز عبدالخالق زەنگنە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیاری دووەمیشم دەربارەی کێشەی کارەبایە، جەنابی وەزیر زۆر ئاماژەی بە موەلیدات کرد، من وای بۆ دەچم کە هێشتا نرخی کارەبا گرانە سەبارەت بە هاولاتیان بە بەراورد لەگەڵ دەست کەوتی کەمی فەرمانبەران و خانەنشینان و ئەوانەی هیچ داهاتیان نییە، ئەویش پێویستە دراسەیەک بکرێت لەبارەیەوە.

سێیەم پرسیارم ، ئاماژەی بەوە نەکرد کە وزەی کارەبا لە دوکان و دەربەندیخان چەند دێتە ئێرە و چۆن دابەش دەکرێت؟سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی پرسیاری دووەم بکرێت، جەنابی وەزیر راپۆرتەکەی بە نووسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن کردوە، هەر لە چوارچێوەی ئەو راپۆرتە قسەی بە کوردیەکی بادینی رێک و پێک قسەی کردوە، وەزیر ئازادە کە بە چ زمانێک قسە بکات و بەس بە مەرجێ زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن لێی تێبگەن، کەس لاری لەسەر ئەوە نییە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیارەکەم پەیوەندی هەیە بە کارگەکانی سەر بە وەزارەتی پیشەسازی لە شاری هەولێر بە پێی زانیاری ئێمە و جەنابی وەزیریش تەئکیدی کردەوە کە ئەو کارگانە هەموو لەسەر زەرەر دەڕۆن، چ کارگەی مافور بێت یان کارگەی نەسیج بێت یان مەرمەڕ بێت چ کارگەی جگەرە بێت، ئایا وەزارەتی پیشەسازی هیچ پلانێکی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارگانە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئیبراهیم فەرموو.

**کاک ابراهیم دۆغرەمەچی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێشەکی بەخێر هاتنی جەنابی وەزیری پیشەسازی دەکەم، یەک دوو تێبینیم لەسەر راپۆرتی جەنابی وەزیر هەیە، کاک شێروان هەندێ زانیاری لەسەر پێشنیاری یەکەم دا من تەواوی دەکەم، باشە ئەو دوو ساڵەی جەنابی وەزیر ئاماژەی بۆ کرد(١٩٩٩ ــ ٢٠٠٠) زەرەرێکی زۆر پەیدا بووە، زەرەرەکەش زۆر بووە کێ بەرپرسە؟ چ سوال و جوابێک کراوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە

بەرپرسن لەو کارە؟ ئیجرائات لەگەڵ کێ کراوە؟.
تێبینی دووەم لەسەر بابەتی کارەبا جەنابی وەزیر دەڵێ ١٥ میگاوات کارەبا دەدزرێت، ١٥ میگاوات زۆرە، واتا ئەوەی لە دۆکان بۆمان دێت هەمووی دەدزرێت، باشە بەیانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە داوای کردوە لە وەزارەتی پیشەسازی کە هەر بەرپرسێک یان هەر کەسێ بە حسابی بەرپرس کارەبا بدزێت دەبێت کارەبای ببڕن، و ئەنجومەنی وەزیران ئاگادار بکرێتەوە تاکو ئیجرائاتی لەگەڵدا بکرێت، تاکو ئێستا چ کراوە؟ لەبەر ئەوەی ١٥ میگاوات زۆرە دەتواندرێ ٢٠ گەرەکی شەعبی بە ٢ ئەمپێر کارەبایان پێ دەدرێت .
ئەو موەلیدانەی کە دێنە کوردستان بە شایەدی ئەوانەی کە لە وەزارەتی پیشەسازی کار دەکەن، مولیدەکان هەموو بەکار هاتوون و لەدەرەوە رووپۆش کراون سبوغ کراونەتەوە و دەگەنە وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتیش دابەشی دەکاتە سەر فەرمانگەکان، پاش ١٠ یان ١٥ رۆژ لەکار دەکەوێت، ئایا بۆچی موەلیدەی بەکارهاتوو وەردەگرن؟ بۆچی زەخت لەو رێکخراوانە ناکەن کە موەلیدە دێنن مولیدەی نوێ بێنن؟ تەنانەت گومان لەو دوو موەلیدە ٢٩ میگاواتیەش دەکرێت کە بۆ هەولێر و دهۆک هاتووە دەکرێت کە بەکار هاتوو بن ، هی دهۆکیش حەفتەیەک کاری کرد و تێک چوو، سەبارەت بەو موەلیدانەی کە کارەبا دەدەنە ماڵەکان نرخی ئەمپێریەی ٥٠ دینارە، لە راپۆرتی جەنابی وەزیر دیارە کە گاز و بەنزینمان زۆرە تەنانەت جێمان نییە لێ هەڵگرین، واتا ئەو عەمبارانەی کە هەن مەحدودن، بۆچی وەزارەتی پیشەسازی گازوایل ناداتە مولیدەکان تاکو ئەوانیش نرخەکەی کەم بکەنەوە، نرخی ئەو مولیدانەی کە هی رۆژن ٣٥ دینار وەر دەگرن چونکە گازوایل وەردەگرن ئەوانی تر کە بەشەو دەیدەن ٥٠ دینارە، دەڵێن ئەگەر گازمان بدرێتێ وەکو هی رۆژ دەیکەینە ٣٥ دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
پێش ئەوەی بچینە پرسیارێکی تر پێویست بە روون کردنەوەیەک دەکات، وەزیر نەی گوتووە کە سوتەمەنی زۆرە، و عەمەلیەن زۆر نییە، بەڵام سیاسەتێکی حەکیمانەیە ئەگەر یەدەگێک لە سوتەمەنی هەڵ بگیرێت، بۆ بارودۆخێکی تەنگانە، بەتایبەتی ئەو بارو دۆخەی ئێستا نازانی بۆمان دێت یان نا، کەم دەبێتەوە یان زیاد دەبێت، ئەوە سیاسەتێکی زۆر حەکیمانەیە ئەگەر وەزارەت یەدەگێک لە سوتەمەنی دابنێت، چەند بتوانێت یەدەگ هەڵگرێت ئەوەندە باشە تاکو ماوەی بەکار هێنانی درێژ تر بێت تاکو پێویست بەم لاو ئەولا نەکات، بەس جەنابیان ئاماژەی بەوە دا کە تەنها توانیویانە ئەوەندە عەمبار بکەن لەبەر ئەوەی توانای عەمبارکردنی ئەوەندەیان هەبووە، لەوە زیاتر نییە، خستنە رووی پرسیارەکەت راست نییە لەبەر ئەوەی چەواشەی خەڵک دەکات کاک ابراهیم، ئەو پرسیارە بەو شێوەیە بخرێتە روو خەڵکەکە وای لێک دەداتەوە کە سوتەمەنی زۆرە نازانن چۆن عەمباری بکەن بەڵام وەزارەت نازانێ چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات، بۆ ئەوەی روون بێت سوتەمەنی زۆر نییە ئەوەی دێت کەمە بەشی هاوڵاتیان ناکات، بەس

ئەرکی حکومەتە کە یەدەگێکیش دابنێت، جا لێرە ئەرکی حکومەتە بە رێک و پێکی کارەکەی بکات پرسیارەکەت کرد وەزیر خۆی وەڵامت دەداتەوە ئەگەر بەدواداچوون هەبوو لە دواییدا بوارت دەدەین ، کاک د. رزگار .

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم :**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

جەنابی وەزیر سێ ساڵی وەکو نمونە هێنایەوە کە بەرهەمی ئەو کارگانە چەندە لە ١٩٩٩ زەرەر کراوە لە ٢٠٠٠ قازانجێکی کەم بووە تەفرەک بووە لەو ١٠ مانگەی کە جەنابیان ئەو پۆستەی وەرگرتووە نزیکەی ١٤٦ ملیون دینار قازانجی کردوە، لیرە پرسیارم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە کە چی ئیجرائاتێک کراوە بۆ ئەوەی ئەو قازانجە بکرێت؟ دووەمیش ئایا ئەوە لەسەر حسابی مستهلیک نییە ؟ واتا وەکو نرخ بەرزکردنەوەیە.

پرسیاری دووەمم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە کە پیشەسازی ناوخۆ ئەگەر بەراود بکرێت لەگەڵ بیانی لەوانەیە نەتوانێت مونافەسەی بکات بۆ ئەوەش زۆر هۆکار هەنە وەکو کەم شارەزایی لە جۆر ، پرسیارم ئەوەیە ئایا چ ئیجرائاتێک کراوە بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆمان تاکو بتوانێت رکابەری بەرهەمی دەرەکی بکات، بۆ نمونە بیبسی خۆماڵی ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەوەی سعودی و ئەوەی ئوردنی دەبینین مواسەفاتی کەمە، ئایا ئیجرائات چیە بۆ پاراستنی ئەو بەرهەمانە ؟

ئەوەی تریش وەکو پێشنیارێکە بۆ جەنابی وەزیر ئەویش کارگەی ئەلبان لە دهۆک ئاوەرۆکەی کراوەیە و ئەو خەڵکانەی لە بن ئەو شوێنەن کەسانێکی هەژار و زەحمەت کێشن گلەیی و گازاندەیان هەیە کە ئەوە بۆتە هۆکاری پیس بوون ونەخۆشی زۆر کار دەکاتە سەریان، ئەگەر جەنابی وەزیر هەوڵێک بۆ چارەسەری ئەو بابەتە بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فاضل رؤوف فەرموو.

**بەڕێز فاضل رؤوف:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

زۆر سوپاس پرسیارەکەم کاک عبدالخالق کردی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ادریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیارەکانی من زیاتر دەربارەی کارەبایە کە کێشەی خەڵکە وخەڵکەکە موعاناتیان هەیە و دەبا رۆژ بە رۆژ باری کارەبا باشتربا لەبەر ئەوەی پارەیەکی زۆری لە بڕیاری ٩٨٦ بۆ تەرخان کراوە

بەڵام کە دەبینی بە پێچەوانەیە، پێش ئەوەی بێمە سەر پرسیارەکەم دەربارەی ئەو کارەبایەی کە لە دۆکان و دەربەندیخان دێت، بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی کە لەگەڵ یەکێتی کراوە ٤٨ ٪ کارەبای کە بەرهەم دێت دەگاتە هەولێر، بەرامبەر بەوە ٢٢٠ هەزار دینار دەدرا، دواتر ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە پارەکە زیاد بکرێت بۆ ١,٥ ملیون دینار، بەپێی ئەو ڕێکەتنە ٤٨ ٪ کارەبا بداتە هەولێر و زانیاریشمان لەبارەی ئاستی ئاو پێبدەن، کە ئێستا وا بزانم وەزارەتی پیشەسازی هیچ زانیارییەک وەرناگرێت، هەروەها ٢٢ ملیون دۆلاریش لە بڕیاری ٩٨٦ بۆ پەزێرایی بەنداوی دۆکان و دەربەندیخان لە بەشی هەولێر وسلێمانی دابین کراوە هەر لە بەشی سلێمانی دابین نەکراوە بۆ ئەوەی ئەو ٤٨ ٪ دابین بکرێت، بەڵام ئەوە کە ئێستا دەیبینین و جەنابی وەزیر لە ڕاپۆرتەکەی ئاماژەی بۆکرد تەنها ١٥ میگاوات دەگاتە هەولێر، لەکاتێکدا ئەگەر یەک تۆربایین کار بکات لە ٥٥ میگا کەمتر بەرهەم ناهێنێت، زانیاریش هەیە کە لە یەک وەحدە زیاتر کار دەکات، مانای وایە لە ٢٠ ٪ کەمتر دەگاتە هەولێر، ئەو کاتەی مولیدە نەبوو، ئێستا ٢٦٦ مولیدە لەناو هەولێرە، ٤٠٩ مولیدە هاتووە، مولیدەیەکی ٢٩ میگاواتی هاتووە، ئەوکاتە ٤٨ ٪ میگاوات دەهات ئێمە پرۆژەی ٤ ئەمپێریمان بۆ ماڵان دەستەبەر کرد هەر ماڵە و ٤ ئەمپێر کارەبای وەردەگرت، بەو ٤٠٩ مولیدە تەنها ٣٥ هەزار ماڵ ٢ ئەمپێر وەردەگرن لە باتی ٤ ئەمپێر، لە ١١٥ بەشدار بوو ٣٥ هەزار سودمەند بووین، هی پرۆژەی ٤ ئەمپێری ٩ هەزار کەس سودی وەرگرتووە، ئەو برە کارەبایەی کە پێشان بۆمان دەهات لە نێوان ٨٠ و ٩٠ میگاوات بوو، ئێستا بە مولیدە و ٢٩ میگاواتیەکەشەوە و ئەوەی لەولا دێت نزیکەی ٨٠ و ٩٠ میگاوات کارەبا دەگات، ئایا بۆچی بەو کارەبایەی هەیە پرۆژەی ٤ ئەمپێری نادرێتەوە خەڵکەکە، ئەوە پرسیاری یەکەمە. پرسیاری دووەمم، بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی ٤ ئەمپێری وەزارەت سرکێتی ٤ ئەمپێری کڕیوە کە دەبوا لەسەر بڕیاری ٩٨٦ با، لە بازار بەبێ موزایەدە بە ٥٥ دینار کڕاوە کەچی ئەو سرکێتە لە بازار لە نێوان ٥٠ تا ٤٠ دینارە، ئێستا لە کۆگاکان زیاتر لە بایی ٢,٥ ملیون دینار کەوتووە ئەو ٦٠ هەزار سرکێتە، قۆناغی دووەمیش ١٠ بەشدار بووە مەعلوم نییە تەواو دەبێت یان نا ئەویش هەر لە کۆگاکاندا دەکەوێت، لە بڕیاری ٩٨٦ دەدرا دەیان توانی نەی کڕن و ئەو پارەیەی حکومەت لە پرۆژەی تر خەرج بکەن و بەڵام تاکو ئێستا ئەو ٦٠ هەزار سرکێتە تاکو پێنج ساڵی تر سودی نابێت.

کاتی خۆی دەربارەی پلانی کارەبا و داواکردنی لە بڕیاری ٩٨٦ خەلەلێکی زۆری تێدا بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی پرسیاری دووەمت پرسیارەکەت روون نەبوو، ئەوەی فیوزەکان.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

دوو بەش بوو یەکەم نەدەبوا لە پارەی حکومەت ئەو فیوزانە بکڕدرێت، چونکە بڕیاری ٩٨٦

دەیهێنا ، ئێستا بۆ پرۆژەی ٢ ئەمپێری دێنن، ئەوان دوو پرۆژەیان هەیە ٢ ئەمپێری و ٤ ئەمپێری، ٤ ئەمپێریەکە ٩٤٠ خێزان سودی وەرگرتووە، دوو ئەمپیریەکە ٣٥ هەزار خێزان ، ٢ ئەمپێریەکە رێکخراوی UNDP دەیهێنێت، ٢ ئەمپێریەکەو مولیدەکان ئەوان دابینی دەکەن، ئەوان ٦٠ هەزاریان کریوە تەنها ٩ هەزاریان سەرف کردوە، ئەگەر دەیان زانی ئەو پرۆژەیان پێ ناکرێ بۆچی ئەو کەمیەیان دەکڕی کە لە کۆگاکاندا کەوتووە.
دەربارەی پلانی وەزارەت بۆ بڕیاری ٩٨٦، ئایا لە پلانی وەزارەتدا نییە لەناو شاری هەولێر بەلانی کەم ناو ٦٠ متری کە ئەو ستونانە هەلگرن، بە شێوازێکی شارستانی تر رووناکی بکەنەوە، چونکە ئەو پارەیەی کە تەرخان کراوە زۆرە، بابەتی تەولید بەربەستی زۆرە ئێستا ناکرێت، ئێمە دەزانین هۆکارەکانی چین، ئێستا ئەو پارانە لە شتێکی وا سەرف بکەن نە هەر لە ستون و تەل سەرفی دەکەن کە وەکو تۆڕی جالجالۆکەی لێهاتووە، تا ئەو کاتەی دەگەینە موافەقاتی تەولید کە زۆری پێدەچێت بۆچی نایکەنە قابلۆ و دەفن شتێکی شارستانی لەشارەکە ناکەن، هەروەها نیو ملیون دۆلار بۆ مەسحی کوردستان بۆ تەولید تەرخان کرا بوو، دیار نییە ئەو پارەیە کە سەرفیش کراوە ئەو مەسحە گەیشت بە کوێ، ئەو مەوادانەی کە داواشیان کردوە سەیارەیەکی زۆر هاتووە هەر فەرمانبەرانی خۆیان هاتوو چۆی پێدەکەن ، سەلەی کارەبا هیچ نەهاتووە و حەفارە نەهاتووە ، کرێن نەهاتووە، ئەو شتانەی بۆ کارکردنی وەزارەت گرنگە هیچی نەهاتووە تاکو وەر بگیرێت. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز سعید احمد یعقوبی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیارەکەم برادەران کردیان .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سوار ئاغا فەرموو.

**بەڕێز سوارە ئاغا:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیارەکەم لەبارەی کارەباوەیە، کە کێشەیەکی زۆر گەوەرەیە لە کوردستاندا زۆر دەمێکە ئەم کێشەیە هەیە، ئایا بیر لەوە کراوەتەوە سەبارەت بە سەرچاوەکانی کوردستان سودیان لێ وەربگیرێت بۆ تەولیدی کارەبا؟ ئەوە یەک . دووەم شت جەنابتان زانیاریتان هەیە کە لەدەرەوە سوود لە بادوان دەکرێت لەسەر بڕیاری ٩٨٦ لە بری ئەو هەموو مولیدانە کە دەکڕدرێت بیر لەوە کراوەتەوە کە شتێکی وا بکرێت بەدایی میللەتەکەمان سود لەوە وەرگرێت ؟سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک نیاز فەرموو.

**بەڕێز د.نیاز جمیل میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لە بەغدا هەندێ کارگەی تایبەت هەیە بۆ دەستەبەر کردنی پێداویستی پزیشکی وەکو لەفاف و پەمۆ و ئەوانە کە مەوادی ئەولیان هەر مەحەلیە، ئەوەی بەغدا سەر بە رستن و چنینە، واتا بەشێکە لەو، ئێستا عێراق لە بڕیاری ٩٨٦ ئەو مەوادانە استیراد ناکات لەبەر ئەوەی پێویستی پێ نییە لە هەمان کاتدا نایدات بە کوردستان. بۆ لە کوردستان وەزارەت و کەرتی تایبەت بایی هەزاران دۆلار ئەو شتە لە دەرەوە بکڕێت؟ پرسیارەکەم ئەوەیە بۆ جەنابی وەزیری پیشەسازی ناکرێ کارگەی نەسیجی ئێرە بەشێکی بگۆڕدرێت بکرێتە کارگەیەک بۆ بەرهەم هێنانی شتی وا، یان کارگەیەکی تر دابمەزرێت؟ کە وابزانم گەورەش نییە هەر بە قەد کارگەی کلینیکس دەبێت تا ئەو پارەیە بگەڕێتەوە بۆمان. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فاتح محمد فەرموو.

**بەڕێز فاتح محمد امین :**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیارێکم هەبوو وەلام درایەوە، بەلام تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەو دانیشتن و چاوپێکەوتنە گشتیانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دانیشتنەکە بۆ ئەوەیە کە جەنابت پرسیارت هەبو پرسیار لە وەزیر بکەی، تێبینی دانیشتن و شتی تر دەتوانی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی بنوسی یان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان باسی بکەیت، سوپاس، مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

من پرسیارێکم هەیە، دەمەوێت هانی پیشەسازی خۆماڵی بدرێت، بەلام هەروەکو دەبینین ئەو کارگانەی داشنراون چاودێری پیشەسازی لەسەر نییە بۆ نمونە: ئەو کارگەی غازی کە لە هەولێر کراوەتەوە، بەشێوەیەکی وایە کە هاولاتی لە بەکار هێنانی دەترسێت لەبەر ئەوەی قەنینەکانیان غەشی تێدا هەیە، چاوەڕوانی ئەوەی موصل دەکەن تاکو ئەو دێت دەیکرن هی هەولێر ناکرن، پێدا بڕۆین گەلێ کارگەی تریش هەنە، ئەوەی ئاوی تەماتە لە هەریر، ئەویش خەڵک خارجیەکە دەکڕێت و ئەو ناکرن، لەگەڵ ئەوەی تەماتەی کوردستان لەتەماتەی زۆر شوێنی تر بەتام ترە، بەلام دیارە بە

چاکی دروست ناکرێت بۆیە بەرهەمی ئەو کارگەیە مەرغوب نییە، پرسیارم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە ئایا چاودێریەکی صناعی لەسەر ئەو کارگانە هەیە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حاکم سفر محمد فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسێن:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

کێشەی کارەبا کێشەیەکی موزمنە لە دهۆک سەرچاوەی سەرەکی لەبن دەستی ڕژێمە و هەموو کات لە ژێر هەڕەشەین، کارەبای ئێستا بە مولیدەیە یان بە پرۆژەی ٢٩ میگاواتیە، وەکو جەنابیان گوتی لەوانەیە ٢٥ی بەتەواوەتی بگات، یەکەیەکیشی لەکار کەوتووە بۆیە لەوانەیە لە ٢٠ کەمتر یش بگات گرفتی زۆرە تەکالیفی زۆرە سوتەمەنی زۆر دەوێت لەو چوار یەکەیە یەکیان لەکار کەوتووە، لای ڕۆژ هەڵاتی دهۆک هەر کارەبای ناگاتێ، تاکو ئێستا شتێکی وا نەکراوە کە بڕێک بگاتە ئەولای دهۆک. پرسیاری کۆتاییم ئایا وەزارەت پلانێکی بەردەوامی هەیە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشە موزمینە؟ باسی دوو شت دەکرێت یەکەم فەرعێکی ڕووباری خابوور بێننە دهۆک بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا و بۆ دابین کردنی ئاو بۆ داهاتوو بۆ شاری دهۆک یانیش تەواو کردنی بەنداوی بێخمە کە کاتی خۆی نزیکەی ٥٠٪ لە سەدی پرۆژەکەی تەواو کردبوو، لەوانەیە ئەو پرۆژەیەش شتێکی بەردەوام بێت و بۆ شاری دهۆک باش بێت. جەنابیان باسی مەسحی جیولوجی کرد لە هەرێم کە کادیرانی وەزارەت ئەنجامیان داوە.

ئەو مەسحە هەر بە کەوادیری وەزارەت ئەنجام دراوە یان کەوادیری بیانیشی لەگەڵە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک احمد علی فەرموو.

**بەڕێز احمد علی عمر:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

من دوو پرسیارم لە جەنابی وەزیری پیشەسازی و وزە هەیە، پرسیاری یەکەمم، وەکو ئاشکرایە کارگەی جگەرەی هەولێر هەر تووشی زەرەر بووە و هیچ قازانجی نەبووە ئەوە چەند ساڵە، ئێمە گوێمان لێ دەبێت و لەوانەیە جەنابی وەزیریش ئاماژەی بۆ کردبێت، کە بەشێک لە قازانجی ئەو کارگەیە دابەش دەکرێت بەسەر کارمەندانی کارگەکە لە کاتێکدا هیچ قازانجێ نییە هەر زەرەرە، پرسیارم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە بنەمایەک هەیە بۆ ئەو گوتانە کە قازانجەکە دابەش دەکرێت بەسەر کارمەندان؟پرسیاری دووەمم ئەوەیە کەعێراق قەد رازی نییە وێستگەی کارۆمائی گەورە دابمەزرێت لەسەر سەرچاوەکانی ئاو لە کوردستاندا، پرسیارم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە وەزارەتی پیشەسازی ناکارێت کە هەندێ پرۆژەی بچوک دابمەزرێنێت لەسەر سەرچاوەی ئاوی بچوک کە

هەیە لە کوردستاندا تاکو هەندێ گوند و کۆمەڵگای بچوک سودمەند بن لێی؟ .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محسن فەرموو.

**بەڕێز محسن صالح ئامێدی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیارەکەم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە( کێ بەرپرسە لە بەرهەم هێنانی کارگەی جگەرە بایی ٢٠ ملیون دینار بەبێ ئەوەی تەصریف بکرێت یان چارەسەر کردنی بابەتەکە و لەبەر چاو گرتنی هۆکارەکانی رەواجی بەرهەمەکە لە بازاردا و رەغبەت لەسەری، لەکاتێکدا ئەگەر بەرهەمەکە مایەوە بۆ ماوەیەکی درێژ ئایا نابێتە هۆی بەسەرچوونی ماوەکەی واتا ئێکسپایەر نابێت) ؟

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک برهان جاف فەرموو.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لە ماددەی (٥) ی وەزارەتی پیشەسازیدا هاتووە دەڵێ ( ئەنجومەنێک دادەمەزرێت بەناوی ئەنجومەنی راوێژکاری لەوەزارەت ئەو ئەنجومەنە بەسەرۆکایەتی وەزیر و جێگرەکەی و بریکاری وەزارەت دەبێت و بە ئەندامیەتی بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری و یەکێتی پیشەسازییەکان و سەندیکای کرێکاران و شارەزایانی تر) هەر دوو مانگ جارێک یان لە کاتی پێویستدا کۆبوونەوە دەکەن بۆ زیاتر گەشەساندی پیشەسازی لە هەرێمدا پرسیارەکەم بۆ جەنابی وەزیر ئەوەیە، ئایا وەکو لە یاساکە هاتووە ئەو ئەنجومەنە پێکهێندراوە و کۆبونەوەکانیان ئەکەن و ئەنجامی ئەو کۆبوونەوانە چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەلال خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جەلال سلیم خۆشناو:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیاری یەکەمم لەبارەی چاپخانەی ئۆفسێتە لە کارگەی جگەرەی هەولێر، ئەو چاپخانەیە کاتی خۆی بە کرێ درا بوو بە ٥٥٠ دۆلار درابووە کەرتی تایبەت پاش دوو ساڵ و نیو گرێبەستەکەیان لەغو کردۆتەوە، بەبێ دادگایی نیو ملیون دینار دراوەتە ئەو کەسەی کە کرێبەستەکەی هەبوو، بەبێ دادگایی چۆن نیو ملیون دینار دەدرێتە کەسێ کەچاپخانەیەکی مانگانە بە ٩ هەزار دینارە، ئەوە پرسیاری یەکەمم.

پرسیاری دووەمم، دەربارەی بەنزینخانەکانە، بەنزینخانەکان کۆن بوون ، پەمپەکان کۆن بوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە پرسیاری یەکەمت تێنەگەیشتین، جارێکی تر لەسەرەخۆ بیلێیەوە.

**بەڕێز جەلال سلیم خۆشناو:**

پرسیاری یەکەمم دەربارەی چاپخانەی کارگەی جگەرەی هەولێر بوو، چاپخانەیەکی ئۆفسێتی گەورەیان هەیە، ئەو چاپخانەیە بەکرێ درا بوو بە ٥٥٠ دۆلار مانگانە، واتا پاش دوو ساڵ و نیو گرێبەستەکە لە وەزارەت لەغو کراوەتەوە کابرا ویستویەتی شکات بکات، ئەوان بەبێ شکات لیژنەیەکیان پێکهێناوە و بەنیو ملیون دینار قەرەبوویان کردۆتەوە ، چۆن نیو ملیون دینار دەدەن بە کەسێ کە چاپخانەیەکی بە نۆ هەزار دینار لە ئێوە بە کرێ گرتبێت بەبێ دادگایی کردنیش، ئەوە پرسیاری یەکەمم بوو، پرسیاری دووەمم دەربارەی بەنزینخانەکانە، بەنزینخانەکان ٥٠٪ دەتوانم بڵێم هەر لەکار کەوتووە ، ٥٠٪شی بە تەواوی کار ناکات، پرسیارەکەم ئەوەیە: بۆچی تاکو ئێستا پەمپەکانیان نەگۆڕیوە؟ لە کاتێکدا داهاتی بەنزینیش باشە . پرسیاری سێیەمیشم ، تەنها روون کردنەوەیە، ئەو ٥٥ هەزار کارتۆن جگەرەی کە لە کارگەی جگەرەی هەولێر هەیە بای ٢٠ ملیون دینار نییە بای ٥٠ ملیون دینارە، چونکە کاتی خۆی هەر کارتۆنی بە ٥٤ دۆلار دەفرۆشرا،ئەوە هەر بۆ روون کردنەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا طە فەرموو.

**بەڕێز مامۆستا مەلا طە محمد طە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

باسی بەرهەم هێنانی کارەبا بە ئاو کرا، لە ناوچەی خۆمان ناوچەیەک هەیە کە مەسرەفێکی زۆر کەمی تێدەچێت، بەرزیەکەشی نزیکەی ١٥٠ مەتر دەبێت تەنها تۆربایینی دەوێت، لەوانەیە ناوچەی چۆمان هەمووی کارەبا بدات، داوام لە جەنابی وەزیر ئەوەیە کە ئەگەر دەکرێت چی پێویستە بکرێت بۆ ئەو کارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەجەب فەرموو

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئیمرۆ کارەبا شتێکی زۆر پێویستە بۆ ژیانی خەڵک، من دوو پرسیارم هەبوون، پرسیاری یەکەم لەسەر کارەبا بوو، ئەو گوند و دێهاتانەی کە کارەبایان نەگەیشتوەتێ لەوانەیە دەنگی کوردستانی ناگاتێ ئەوە لایەنێک لایەنێکی تر مرۆڤ دەبێت حساب بۆ ئەو قوتابیانە بکات کە چۆن دەخوێنن

له چوار ناحیەی ئێمە ٨٤ گوند بێ بەشن لە کارەبا، پرسیارم ئەوەیە لە جەنابی وەزیر ئایا چ هەنگاو نراوە تاکو کارەبا بگەیەننە ئەو گوندانە یان بۆ ئایندەیەکی نزیک چارەسەرێک دەکرێت یان نا؟ پرسیاری دووەم، پێش دوو ساڵان راگەیاندنی پارێزگای دهۆک رایگەیاند کە وێستگەیەکی ٢٩ میگاواتی دادەمەزرێت، ئەوە دوو ساڵ بەسەر چوو تاکو ئێستا بناغەشی دانەندراوە، ئەگەر هۆکارەکەی بۆمان دیار بکات، ئەگەر ئەوە نەبێت، ئەوە سەنتەری قەزای ئاکرێ پێویستی بە چەندی موەلیدەیەک هەیە کە دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز شێخ عەفان عثمان نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیارەکەی من لەسەر سوتەمەنیە، وەکو جەنابی وەزیر فەرمووی لە رۆژێکدا ١,٥ ملیون لتر دێتە کوردستان، تاکو ئێستا سوتەمەنی دابەش نەکراوە لەناو شارەکاندا لەبەر ئەوە لە بازاری رەش سوتەمەنی زۆر گران بووە، ئەگەر کەم کەم دابەش بکرابا ئەوە لەوانە بوو لە بازاریش نرخی داشکابا، ئەوەی گرنگیش بێت لەلای من قوتابخانەکانی سەرەوەیە، ئەو قوتابخانانە ئەگەر سوتەمەنیان نەبێت لەوانەیە نەتوانن دەوام بکەن، فیعلا هەندێکیان ئێستا دەوام ناکەن، تاکو ئێستا سوتەمەنی بە هەندێ قوتابخانە نەگەیشتووە، لەکاتێکدا بەشی کوردستان رۆژانە دەکاتە ٥ هەزار بەرمیل، ئەگەر ٢ هەزار بەرمیل دابەش بکرێت ئەوە بەشی هەموویان دەکات، داوا دەکەم گرنگی زیاتر بدرێت بەو قوتابخانانەی ناوچەکانی سەرەوە، چومان و مێرگەسۆر و سەرووی دهۆک و شوێنی تر، زووتر نەوتیان بۆ بچێت تاکو دەوامەکانیان دوا نەکەوێت، پرسیارێکی ترم هەبوو دیارە گەیشتمە وڵامی ئەویش ئەوە بوو بۆ هی دهۆک ٤ بەرمیلە هی هەولێر ٣ بەرمیلە، وادیارە بەشەکەی ئەوان زیاترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سعید هروری.

**بەڕێز محمد سعید هروری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

دیارە کارگەی رستن لە دهۆک لە کار کەوتووە، لە قسەی بەرپرسانی کارگەکە وا دیارە کە وەزارەت بەنیازە ئەو کارگەیە دابخات، ئایا هۆی پەک کەوتنی کارگەکە یان داخستنی چیە؟ لەبەر ئەوەی کارگەیەکی کۆنە و بەرهەمیشی باشە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جوهر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جـــــــوهر احـــــــمـــــــد شـــــــاواز:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

بابەتەكەی من هەر لەسەر كارەبایە، بە سوپاسەوە وەزارەتی پیشەسازی و وزە بە هاوكاری (UNDP) مولیدەی هێناوە بۆ كوردستان ئەو مولیدانە لە چەند سەرچاوەیەكەوە هاتوون ٧٥ ٪ی ئەو مولیدانە (٢٥ كەی ڤی)ە، (٥٠ كەی ڤی)ە، (٧٥ كەی ڤی)ە، مولیدەی قەبارە گەورەی بروا ناكەم بگاتە ١٠ ٪، ئەگەر كاتی خۆی وەزارەت داوای مولیدەی قەبارە گەورەی بكردایە لەوانە بوو زۆر ناوچەی دەگرتەوە زۆر لە هاولاتیان لە كێشەی كارەبا نەجاتیان دەبوو، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا وەزارەت بۆچی داوای مولیدەی قەبارە گەورەی نەكردوە؟ بابەتی دووەمم كە هەندێ لە برادەرانیش باسیان كرد، ئەو مولیدانەی هاتون زۆربان كۆنن و صبوغ كراونەتەوە و ئێستا زۆر لەو مولیدانە خراپ دەبن بێجگە لەوە كە هیچ كەرستەی یەدەگی نییە، ئەو بە داننانی بەڕێوەبەری كارەبای هەولێر كە لە ڕۆژنامەی برایەتی بڵاوی كردۆتەوە، دوای پشكنین هیچ موادێكی ئەو مولیدانە لە عێراق دەست ناكەوێت نەك لە كوردستان، ئایا خەتای كێیە كە هیچ كەرستەی یەدەگی ئەو مولیدانە لەگەڵ مولیدەكان نەهاتووە؟ بابەتێكی تر، نزیكەی ١٠٠ مولیدەی ئەهلی لە هەولێر هەیە، ئەوە ژینگەكەشی پیس كردوە، زۆر لەو مولیدانە كۆنن و سكرابن و لە هەموو عێراق دەیهێنن بۆ هەولێر، ئەو مولیدانە زۆر تەجاوزاتیان هەیە و ڕۆژانەی لە ڕۆژنامە و كەناڵەكانی ڕاگەیاندن باس دەكرێت، لە كاتەكەی كەم دەكەنەوە یان ڤۆڵتیەیان كەمە، ئایا وەزارەت بۆ چاودێری كردنی ئەو مولیدانە چ پلانێكی بەدەستەوەیە؟ سوپاس، ئەگەر مۆڵەتیشم بدەی وێنەیەكی پرسیارەكانم دەدەم بە جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

كاك ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم ســـــعـــــیـــد مــــحــــمــــد:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

بەراستی ئەو بارە خۆشەی كە ئێستا ئێمە تێیدا دەژین، بۆتە جێگای نارەحەتی نەیارانمان كە لە دەور و پشتمان دەژین دەیانەوێت كێشە و گرفتمان بۆ دروست بكەن تاكو خەڵكی ئێمە گلەیی لە ئێمە بكەن، باری كارەبای دهۆك بەتایبەتی وێستگەی (٢٩ میگاواط) یەكەیە بارێكی نالەبارە، وێستگەی ٢٩ یەكە چوار یەكەیە سێ لەوان لەكار كەوتوون، واتا ٧٥٪ لەكار كەوتووە، وا دیارە كۆمپانیای دانیماركی موسەیترە لەسەر ڕێكخراوی (UNDP) كە ئەو ئێستا بەرپرسە لە كار پێكردنی كارگەكە، ئێستا وێستگەكە لەماوەی كاركردنی تەجریبیە، كۆمپانیای دانیماركی كە ئێستا وێستگەكە كار پێدەكات، لە جیاتی ئەوەی ئۆڤەر لۆتی بداتە كارگە تاكو بە توانایەكی زیاتر كار بكات و تاكو عەیبی ئەو دیاری بكات، كەچی ئێستا لە نیو توانای خۆی

کەمتری داوەتە کار ، تەنها رۆژانە ٩ کاتژمێر کاری پێدەکات، دەبوایە زۆر زیاتر کار بکات، لە هەولێر ١٦کات ژمێر کار دەکات، لەهەمان کاتدا لە دهۆک ٩ سەعات کار دەکات، ئەوە سوچی کارگەی دانیمارکیە، و ضعفی کاری (UNDP) لە دهۆک)ە بە دیدی من دەبێ حکومەت زیاتر خودانی ئەو لایەنە بکات بچێتە نێویان تاکو زیاتر زەبتی کۆمپانیای دانیمارکی بکات تاکو ئۆڤەر لۆتی بداتە کارەکەی تاکو ئەو شتانەی زەعیفن بەدیار بکەون، ئێستا هەر ماڵێک لە دهۆک لە ١٠ رۆژ ٩ کاتژمێر کارەبای بۆ دێت، واتا رۆژانە لە ١ سەعات کەمترە، ئەو کوژانەوە و داگیرساندنەی کار لەو وێستگە ثانویانە دەکات کە رۆژانە لە دهۆک کار دەکەن، ئەگەر بەبەردەوامی کاری پێبکەن ئەو کەم و کورتیەی لە وێستگە ثانویەکان دروست دەبێت ئەویش دروست نابێت، ئەوە پرسیاری یەکەمم بوو. پرسیاری دووەمم، لەسەر کارگەی رستن و چنینی دهۆکە کاک سعید ئاماژەی پێکرد بەس من دەمەوێت زیاتر روونی بکەمەوە، لە ٢٠٠١/٦/١ کارگەکە داخراوە ٧٠ کارمەندی هەیە ئەو کارمەندانەش گوایە نەقل دەکەن، لەکاتێکدا جەنابی وەزیر باسی کارگەی رستن و چنینی هەولێری کرد کە بەرهەمی ئەوەندەیە و داهاتی ئەوەندەیە باشە تەنانەت کارمەندانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگەش پۆشتە دەکات لەلایەنی جل و بەرگ، جگە لەوەش بە نرخێکی هەرزان دەیداتە فەرمانبەران ، لە بازاریش وەکیلی هەیە بۆ فرۆشتن، مادام دەتوانن کارگەی هەولێر کارپێ بکەن دەشتوانن کارگەی دهۆکیش بخەنە کار کەرەستەی سەرەتایی و خاویشی بۆ دابین بکەن ، عەجەب بۆچی کارگەی دهۆکیان لە کار خستووە و کار ناکات؟ پرسیاری سێیەمم فاکتەری سەرەکی بۆ بوژاندنەوەی ئابووری ئەوەیە کە هانی کەرتی تایبەت بدرێت، تاکو استثماری سەرمایەی خۆیان بکەن، ئایا وەزارەت چ پلانی بەدەستەوەیە تاکو لەگەڵ وەزارەتی تر هەماهەنگی بکات بۆ ئاسان کاری بۆ خاوەن سەرمایەکان تاکو کارگە دامەزرێنن. وەکو پێدانی زەوی دابەزاندنی نرخی باج وەک داشکانی زەریبەی داهات ، ئەو هەموو جۆرە ئاسان کارییانە، عەجەبا وەزارەت ئەو پێشنیارەی داوەتە ئەنجومەنی وەزیران کە ئاسان کاری رۆڵی ئەو سەرمایەدارانە بکات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک احمد سالار فەرموو.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیارەکەم دەربارەی سەیتەرەی نوعی بوو، بەڕێز مامۆستا مەلا محمود فەرمووی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک امین مولود فەرموو، ئەوە دوا پرسیارە.

**بەڕێز محمد امین مولود:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیاری یەکەمم دەربارەی ئەو مولیدە ٢٩ میگاواتیەیە کە کاتی خۆی کۆمپانیایەکی فەرەنسی هێنابووی، هەر لەسەرەتای کارکردنیانەوە ئەو موەلیدانە کاریان نەکرد، بوو بەهۆی ئەوەی کە کێشە لەگەڵ کۆمپانیاکە دروست بێت، پاش هاتنی کۆمپانیاکە و گۆڕینی چەند پارچەیەک لەو موەلیدانە، ئێستاش توانای بەرهەم هێنانی ئەو موەلیدانە گەلێ کەمترە لەوەی کە لەسەری لەگەڵی ڕێکەوتوون،وابزانم لە جیاتی ٢٩ میگاوات ١٥ میگاوات دەدات، لەگەڵ ئەوەی کە گرەنتیش هەیە بۆ کارکردنی ساڵێکی ئەو موەلیدانە، و ئەگەر کاریش نەکات ئەو گرنتیە بەردەوامە، ئایا وەزارەت لەگەڵ ڕێکخراوی (UNDP) بەدواداچونێکی هەیە تاکو مافی ئێمە بپارێزن یان نا؟ ئەوە پرسیاری یەکەمم بوو. پرسیاری دووەمم ، لە سەردانێکماندا بۆ کارگەی نەسیج بەراستی کێشەیەکی گەورەیان هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە مەکینەکانیان مۆدیلەکانیان کەونە، توانای بەرهەمیان بەو مەکینانە ١٥ مەتر درێژاییە لە ڕۆژێکدا، لە کاتێکدا مەکینەی تازە توانای بەرهەمیان زیاتر لە ٨٠ مەتر درێژیە لە ڕۆژێکدا، ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کولفەی بەرهەم لەسەرمان زۆر بێت، و نەتوانن بەربەرەکانێی قوماشی بیانی لە بازاڕدا بکەن، ئایا وەزارەتی پیشەسازی هیچ پلانێکی ئەوتۆی هەیە بۆ نوێ کردنەوەی ئەو مەکینانە، تاکو بتوانن بەرهەمی باشتر بێنن. دوا پرسیاریشم دەربارەی بە کرێ دانی کارگەکانەوە بوو، لەسەر زاری ئەو کارمەندانەی کارگەکان، هەندێکیان شکاتیان لەدەست ئەو بەڵێندەرانە بوو کەوا کارگەکانیان پێدراوە و هیوادارم کە وەزیری پیشەسازی سەردانێکیان بکات، لەو کێشانەی کە هەیانە بکۆڵێتەوە و ئەگەر لەتوانادا بێت بۆ داهاتوو پلانێکی ئەوتۆ دابنێن کە کارگەکان بگەڕێنەوە بۆ وەزارەتی پیشەسازی سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یونان جەنابتان وەڵامی پرسیارەکان دەدەیتەوە؟.

**بەڕێز یونان مرقس حنا/ وەزیری پیشەسازی و وزە:**

وابزانم هەندێکیان دووبارە بوون و لەناو ڕاپۆرتەکەی مندا هەبوون، ئەگەر مۆڵەتم بدەن کاک یاقۆ یارمەتیم بدات ، یان ئەگەر بکرێت دوایی بە نووسین وڵامەکانتان دەدەمەوە،.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی تەقدیرەکە بۆ جەنابتان بەجێ هێڵدراوە، حسابی ئەوە دەکەین کە کاک یونادم لەسەر دەمی کابینەی چوارەمەوە ماوەیەکی درێژ تر لە جەنابتان ئەو کارەی پێ سپێردراوە، لەبەر ئەوە لاریمان نییە ئەگەر هەندێ پرسیار ولام بداتەوە یان بە دواداچوونی لەسەر هەندێ پرسیار هەبێت، هاوکاریتان بکات.

**بەڕێز یونان مرقس حنا/ وەزیری پیشەسازی و وزە:**

داوای لێبوردن دەکەم کاک عبدالخالق تێبینی لەسەر زمانەکەم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر پێشتان خۆشە بە نوسین وڵامی بدەنەوە دوای دەخەین، لەوانەیە باشتر بێت، لە دوای جەژن چاوەڕوانی وڵامی نووسراوتان دەکەین.

**بەڕێز یونان مرقس حنا/ وەزیری پیشەسازی و وزە:**

بەلایەنی کەم هەندێ پرسیار دەربارەی کارگەی دهۆک بوو، ئێمە یەک دوو رۆژ دوای جەژن لە دهۆکین، لەوانەیە هەندێ درەنگ تر بگات بە ئێوە، واتا دوا بکەوێت بە دوو و سێ رۆژ دوای جەژن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ گرفت نییە، مەبەستمان پەلەکردن نییە، دوای دەخەین بۆ کاتێکی تر کە بە نووسراوی بۆمانی رەوانە بکەن بەس پێمان خۆشە تاکو بکرێت زووتر بێت.

**بەڕێز یونان مرقس حنا/ وەزیری پیشەسازی و وزە:**

زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجومەن و هەموو ئەو ئەندامانە دەکەم بۆ ئەو پرسیار و بەدواداچوونە بەسودانەیان، ئێمە ئامادەین هەموو دەم ئەو زانیاریانەی کە دەیانەوێت پێیان بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز جەنابی وەزیری پیشەسازی و وزە، سوپاس بۆ ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پرسیارەکانیان ئاراستە کرد، بە هیوای ئەوەین لە کاتێکی نزیک وەڵامی پرسیارەکان بە نووسراوی بۆمان بێتەوە ئەو کاتە بۆ بەڕێزان ئەندامانی بەرلەمانی دەخوێنینەوە، لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنی ئەمرۆمان، دانیشتنی داهاتوومان ئەو حەفتەیە نابێت ، حەفتەی جەژنیش نابێت لە مێژووی دانیشتنەکە ئاگادارتان دەکەینەوە زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٧)**

یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٣/١٢/٢٠٠١

خولی دووەم

سالّی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٧)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٣/١٢/٢٠٠١

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٣/١٢/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە بیست و حەوت)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە بیست و حەوت)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٣/١٢/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:***

١- ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆ بەرچاوخستنی چالاکییەکانی وەزارەتەکەی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

٢- ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری بۆ بەرچاوخستنی چالاکییەکانی وەزارەتەکەی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

((بەناوی خوای گەورەو میهرەبان))

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٢٧)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێکهاتووە:

١- ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆ بەرچاوخستنی چالاکییەکانی وەزارەتەکەی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

٢- ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری بۆ بەرچاوخستنی چالاکییەکانی وەزارەتەکەی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێزان وەزیری پەروەردە و وەزیری ڕۆشنبیری دەکەم هیوادارم دانیشتنی ئەمڕۆ وەکو دانیشتنەکانی تر کە لەم بابەتە دەربارەی کاروباری وەزارەتەکان کران سەرکەوتوو بێت و پرۆسەی دیموکراتی و هاوکاری نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم قوڵتر

بكات، بۆ ئەوەی دەستبەكار بین بەنیسبەت خاڵی یەكەمەوە تكا لە بەڕێز وەزیری پەروەردە دەكەین كە بفەرموێتە سەر سەكۆی سەرۆكایەتی بۆ پێشكەش كردنی ڕاپۆرت دەربارەی باری پەروەردە و سیاسەتی وەزارەت و كاروبار و چالاكییەكانیان، بۆ ئاگاداری خاڵی یەكەم بەم شێوەیە دەبێت وەكو هەموو جارێك كە لە پەیرەوی ناوخۆ دایە بەڕێز وەزیری پەروەردە وتەكانی دەكات پاشان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پرسیاری ئاراستە ئەكەن وەزیری پەروەردە پاش ئەوە بۆی هەیە وەڵامی پرسیارەكان بداتەوە یان نەیداتەوە بۆ تەقدیری خۆی بەجێی بهێڵێت بەڵام ئەو پرسیارانەی كە لێی دەكرێت هەردەبێ وەڵامی بداتەوە جا لێرە وەڵامی بداتەوە یان بە نوسراو ئەوە بۆخۆی ئەهێڵێنەوە، پاش ئەوەی وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە ئەگەر هاتوو تەعقیب هەبوو بۆ ئەندامەكان هەیە هەر كەسەو لەسەر پرسیارەكەی خۆی تەعقیب بكات دوا وتاریش بۆ بەڕێز جەنابی وەزیری دەبێت دوای ئەوە كۆتایی بەم خاڵە دێت، جا ئەگەر جەنابی وەزیر بفەرموێت.

**بەڕێز عـــــبدالعـــزیز طیب/ وەزیری پەروەردە:**

((بەناوی خوای گەورەو میهرەبان))

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان و وەزیرە بەڕێزەكان سڵاوی خودا لە هەمووتان بێت زۆر زۆر خۆشحاڵم ئەم دەرفەتە بۆ ئێمە هاتە پێش كە ڕاستەوخۆ ئەم چالاكیانە باس بكەین كە بۆ پەروەردەی كوردستان كراوە لە ماوەی ئەم دووساڵەی كابینەی چوار چی كراوە و بەرنامەی دوارۆژی ئێمە چییە؟ پێشكەش بە جەنابتان بكەم، من مەلەفێكم تەوزیع كردووە لەسەر جەنابتان ئەو مەلەفە هەموو ژمارەكانی تێدایە بۆ هەر مەیدانێكیش هێڵی بەیانی دروست كراوە ئەوەی لەبەر دەستی جەنابتانە هەوە، بێگومان پتر هاوكاریتان دەكەم ئەگەر ژمارەیەك لە مەلەفەكە ڕوون نەبێت یان پرسیارتان هەبێ بۆ دوارۆژ چی لێ دێت من ئامادەم جوابی بدەمەوە. بێگومان ئیش وكاری پەروەردە وەكو جەنابتان دەزانن كارێكی ئاسان نییە بەڵكو گرانە زۆر هاتیتە كرن زۆر جێگاش ماوە بەڵام بەڕای من لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا شتێكی باش كراوە لە هەموو لایەنەكان، ئەم ژمارانەی لەبەر دەستی جەنابتان دایە دیاریكەرن بۆ ئەو هەنگاوانەی كە پێی هەڵساوین بێگومان ئەگەر پشتیوانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران نەبا بەتایبەتی جەنابی سەرۆكی ئەنجومەن نەبایە، مومكن نەدەبوو ئێمە بمان توانیبا ئەم هەنگاوانە بهاوێین و بێگومان هەموو ئەو هەنگاوانەی كە كردوومانە لە ماوەی ئەم دوو ساڵە لە مستەوای ئاواتی ئێمە نەبووە، ئاواتمان هەر دەم زیاترە بەڵام هەر ئەوەندە ئیمكانیەتی ئێمە بووە و تەنسیقی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێكخراوانەی كە پەیوەندیان بە بواری پەروەردەیەوە هەیە ئێمە زۆر بۆیان چووینە پێش، ئومێد دەكەم تێبینیەكانی بەڕێزیشتان ببێتە هاندەرێك بۆ ئێمە تاكو بتوانین باری پەروەردەی بەرەو پێش ببەین، بەڕاستی وەك پەروەردە وەك سیستەم مانای سیستەمێكی سیاسی بەرەو سیستەمێكی سیاسی تر داواكاری خۆی هەیە لەلای ئێمە زانراوە كە سیستەمی سیاسی پێش ڕاپەڕین چۆن بووە و ئێستاش چ سیستەمێكە، عادەتەن ئینعكاس ببێت لە

سیاسەت ئینعکاسیش دەبێت لە بواری پەروەردە لەبەر ئەوە هەنگاوەکان هەموو زەحمەت بوون بەنیسبەت ئێمە لەسەرەتا و تاکو ئەمڕۆش بەبەردەوامی ئەو معاناتەی دەشی بینین هی ئەم جۆرە سیستەمەیە ئەو جۆرە پەرەوەردەیە کە ئێمە هەموو تێیدا گەورە بووینە بەتایبەتی مامۆستا کە ئەداتێکی تەنفیزییە ئەو لە هەموو بارێکی سیاسی خزمەتی خۆی پێشکەش کردووە زۆر زەحمەتیش کە لە سیستەمێکی سیاسی خۆی رزگار بکاتن بۆ سیستەمێکی دیمۆکراتی و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و مافی زارۆکی بە شکلێکی تایبەتی، ئەو زهنییەت و ئەو هزر یان گرینگ ئەوە ئەم دوو چاڤ هزرێ دائیمەن بۆ ئێمە بۆتە مەتڵەب هزری ئێوە بەهێز بکەین یان دەبێ هزری ئینسان بگۆڕین بابڵێین ئینسانی قائید مامۆستا قائیدە لە جێگای خۆی لە چاو زهنیەتی ئەو گۆڕینی بەرەو سیسەتەمێکی تر، با دەست پێبکەین لە سەرەتاوە خاڵێکی گرینگ هەیە ئەویش باخچەی ساوایانە، باخچەی ساوایان زۆر زۆر گرنگە بەنیسبەت ئێمە و دەستپێکەکە بۆ ئێمە دیراسەیەکی فراوانمان بۆ باخچەی ساوایان کرد سەرژمێرمان کرد باخچەی ساوایان لە کوردستان گەلێ کەمە ئەگەر قیاس بکەین لەگەڵ ژمارەی زاروکان و قیاسی بکەی لەگەڵ قوتابخانەی سەرەتایی یەکجار کەمن، لایەنی تر هەموو باخچەی زاروکان دائیمەن گفتوگۆ بۆ مەلجەئێک بۆ مامۆستای بەتەمەن لەگەڵ مامۆستای ماندوو هەر لەبەر هەندێ تەنها بۆ کۆنەکان بوو بەراستی ئێمە ئەم خەلەلەمان تێدا دیت، لایەنی تر موفرەدات هەبوو بەڵام دەلیلێکی تەواوی باخچەی زارۆکان هێچ کات مەنهەج نەبووە دائیمەن هەندێ موفرەدات هەبووە بۆ مامۆستا هەبوو بە کەیفی خۆی ئیجتهادی تێدا بکات لەبەر ئەوە باخچەی ساوایان پاش کەوتووە، موستەلزەماتی پێویستی باخچەی ساوایانی تەعلیمی مەبەستی من زۆر زۆر کەمبوون حەدیقەی وا یاریگەبوون ژمارەی باخچەی زارۆکان لە هەولێر و دهۆک لە هەردوو پارێزگا (٣٤) باخچە هەبوو ئەگەر ئەم قیاس بکەین لەگەڵ قوتابخانەی سەرەتایی جیاوازیەکی یەکجار زۆرە قوتابخانەی سەرەتایی نزیکەی (١٥٠٠) قوتابخانە هەیە ئەگەر ئەمە قیاس بکەین زۆر زۆر نیسبەکی کەمە، هەوڵدانێ ئێمە بۆ دروست کردنی باخچەی زارۆکان ئەم خاڵانەیە کە ئێستا ئیشارەتی پێ دەدەم: یەک ژمارەی باخچەی زارۆکان زیاد دەکەین جا فعلەن ئێمە لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا شەش باخچەمان زیادکردووە سێ لە پارێزگای هەولێر سێش لە پارێزگای دهۆک، بەردەوام لەگەڵ یونیسێف ئێمە هەوڵمان داوە ئەو جێگایانەی کە قوتابخانەی سەرەتایی لێ هەبێت و باخچەی ساوایانی لێ نەبێت و بینایەی قوتابخانەی سەرەتایی موساعد بێت کە شەش ژوری لێ دروست بکەین هەر لەناو بینایەی قوتابخانەی سەرەتایەکە چونکە هەندێ گرفتی زەویمان هەیە هەر لە ناو بینایەی قوتابخانەکە باخچەی ساوایانی تێدا دروست دەکەین ئێمە رازی بووینە لەگەڵ یونیسێف ئەوانیش رازین لەسەر ئەم خاڵە، هەتا ئەگەر قوتابخانەی سەرەتایی تازە دروست بکەین تەسمیمی تازە زاویەکی ئەم قوتابخانەیە دەکەینە باخچەی ساوایان تاکو رائسەن بیێتە یەک وەحدە تاکو ئیختیسار لە پاسەوان بکەین پاسەوان بۆ دوو بینایە زەحمەتە هەروەها ئیختیسار لە

سیانە ئاسانتر دەبێت هەروەها بۆ گواستنەوەی مامۆستای سەرەتای و باخچەی ساوایان ئاسانتر دەبێت، بڕیارمان دا کەوا باخچەی ساوایان هەر لەگەڵ قوتابخانەی سەرەتایی بێت تاکو لە دوارۆژ ئەم جیاوازیەش نەبێت، بڕیارمان دا کەوا هەموو مامۆستاکانی باخچەی ساوایان داخیلی دەوراتی تایبەتی بکەین فعلەن دوو خەبیرمان داواکرد لە سوید هاتن دوو دەورەی نەزەری و عەمەلی کراوەو هەموو مدیرەکانی باخچەی ساوایان کەوتنە دەورات لەسەر سیستەمی سویدی. خۆی هەمووی سیستەمی ئەوروپییە هەتا هی عێراقیش بەڵام جێبەجێ کردنی وان دروست نەبوو بۆیە ئێمە دوو خەبیرمان لە سوید هێنا هەموو بەڕێوبەرەکان داخیلی دەورات بوون دوای ئەوانیش بۆ ماوەی (٢٤) رۆژ مامۆستاکانی خۆیان داخیلی دەورات کرد هەمان دەورە بوو نەزەری و عەمەلی، بۆ ئەوەی کە خزمەتێ بە مامۆستایانی باخچەی ساوایان بکەین رۆژێ سێ دۆلاریشمان بۆ بڕیونەتەوە ئەوانەی لە دەرەوەی مەرکەزن پێنج دۆلار کە دەکاتە نزیکەی (١٠٠٠) دینار لە رێگای یونسێف بۆیان سەرفکراوە هەمووشیان داخیلی دەورە بوونە، لایەنێکی تر کە دوای ئەوەی دەورەی سویدی تەواوبوو مەنهەجی سویدی لەگەڵ دەورەکە پرسیاری خۆمان دەکەین لەوانەی کە شارەزان بەتایبەتی زانکۆی سەلاحەددین تەسلیمی وانمان کرد، ئەوانیش دەلیلێکیان بۆ ئێمە چاپ کرد ئەو دەلیلە لە شەش محتە پێک دێت هەر مامۆستایەکی باخچەی ساوایان دەلیلێکی خۆی هەیەو تەتبیقیشی دەکات. ئێستا سیستەمێک هەیە بۆ باخچەی ساوایان ئەوە نەما هەر باخچەو بەکەیفی خۆی جۆرە سیستەمێک یان ئوسلوبێک بەکار بێنێت، هەوڵدانی ئێمە بەردەوامە چۆن ئەم ستافە رزگار بکەین ستافی باخچەی زارۆکان رزگار بکەین بۆ دانانی مامۆستای پسپۆڕ بۆ زانیاری جەنابتان مەسحێکمان کرد بۆ هەولێر (١٦٢) مامۆستا هەنە هی باخچەی زارۆکان لەگەڵ قوتابخانەی سەرەتایی ئەم (١٦٢) مامۆستایە تەمەنیان گەورە بووەو هەروەها تەندروستیان تەواو نییە تەمەنی واش هەیە کاتی تەقاعودی نەهاتووە زەحمەتە تۆ بڵێی تەقاعود بە چونکە فەرقێک لە راتبی هەیە لەبەر ئەمە ئێمە لێرە ئەم مەسحەمان کرد گەیشتینە ئەم ئەنجامە ئەو مامۆستایەی گەلێک وەستەی هەبێت کە لەگەڵ تەمەنی ئەو و باری تەندروستی بگونجێت هەندێ مامۆستا هیچ محازەراتمان نەداوەتێ هەندێ مامۆستاش هەیە شەش وانە تاکو دوانزە وانەمان داوەتێ لە هەفتەکی ئەمە ئاسانکاریەکە لەسەر ئەوانی تر و تاکو قوتابی ئێمەش زیانی پێ نەگات، ئیتفاقمان کردووە لەگەڵ یونیسێف کە (١٥) باخچەی زارۆکان لە ناو هەولێرێ دروست بکات و هەموو حەدیقەکانیان بکەنە یاریگا هەندێ یاری تێدا بێت بۆ هاوین و زستان، ئێمە بڕیارماندا بۆ بەرنامەی دوارۆژ بۆ زیادکردنی باخچەی ساوایان ئیتفاقمان کرد لەگەڵ زانکۆی سەلاحەددین هەروەها زانکۆی دهۆکێ چونکە دوو کۆلێژ هاتۆتەکرن کۆلێژی مامۆستایان ئەم ساڵ کراوەتەوە ئەمە موقتەرەحی وەزارەتی پەروەردە بووە بۆ ئەوەی ئێمە ئاستی مامۆستا بەرز بکەین لەم کۆلێژەش بەشێکی تایبەت بە باخچەی زارۆکان بکرێتەوە ببێتە ئیختصاصی باخچەی زارۆکان هەروەها پەیمانگای ئیعدادیەی کچان لە هەولێر و دهۆک بڕیارمان داوە دیراسەتی خۆمان

تەواوبکەین هەمان شت بیکەین بە ئیختصاصێکی تایبەت بۆ ئەوەی پێویستمان بە دەورات نەمێنێت هەمان شت لە دەلیلی دەورەکە هاتووە کە بەشی باخچەی زارۆکان بکرێتەوە هەروەها کۆلێژی مامۆستایان بکرێتەوە، ئەمە نمونەیەک لەسەر باخچەی ساوایان ئێستا بێینە سەر قوتابخانەی سەرەتایی گرفتی سەرەکی قوتابخانەی سەرەتایی قەڵەباڵغییە ژمارەی قوتابخانەکانی ئێمە بەنیسبەت باخچەی ساوایان زۆرە، تەقسیمی جوغرافی بۆ دابەشکردنی قوتابخانەکان لەسەر ناوچەکان راست نییە لەوانەشە هەندێ هۆکار هەبێ لە دەرەوەی وەزارەتی پەروەردە بێت، هەندێ گەڕەک لەناکاو زیادبوون هەروەها هەندێ هیجرەت روویدا لەنێوان گوندەکان بۆ ناو شار هەندێ ناوچە قەڵەباڵغی لێ بوو ژمارەیان زیادبوو بینایەشی کەمە لەبەر هەندێ ئێمە چەند خاڵێکمان دیاری کرد:

یەکەم: (٥٦) قوتابخانە لە هەولێر و دهۆک هەبوو من مەخسەدم پارێزگایە سێ دەوامیان هەبوو (١٢) قوتابخانەمان هەبوو دوو دەوامی بوون ئەوانەش ژمارەیان زۆر بوو ئەگەر چارەسەریان نەکەین دەبنە سێ دەوامی بۆیە ناچار بووین سەقفێ دانێین بۆ ماوەی ساڵێک ئەمە چارەسەر بکەین تەبعەن لەکوێ ئەم تەزەخومە هەبوو لە زاخۆ هەبوو لە دهۆک هەبوو لە هەولێر و سۆران و هەندێ کۆمەڵگاش وەکو دارەتوو و ئەوانەی دەوروبەری هەولێرێ، ئێمە بەرنامەمان دانا لەگەڵ یونیسێف و یونسکۆ و هەبیتات پێویستە پێش نیوەی ساڵی ئەم ساڵە ئێمە تەواوبین سێ شەفتی ئەوکاتە بەرنامەمان ئەوهابوو و، فعلەن هیچ ناوچەیەک نەمایە ئێمە دەستمان نەگەیشتبێتێ و هیچ ناوچەیەکیش نەماوە ئێمە دەستمان پێ نەکردبێ، بەڵام دەزانن هەندێ رۆتینا رێکخراوەکان و هەندێ رووداوی سیاسی هاتنە پێش خلالی ئەم ماوەیە چیمەنتۆ و ئەمانە مەوعدی بەڵێندەری تاخیرکرد، ئێستاش هەتا نیوەی ساڵێ سێ شەفتی تەواو دەبن تەنها یەک گەڕەک لەوانەیە بۆمان بمێنێتەوە ئەویش گەرەکێکی دهۆکە (بەرۆشکێ) بەڵام ئێمە بریارمان داوە ئەم ساڵ بۆ ساڵی بێت قوتابخانەی (محمدی) تەواوبکەین برادەرانی دهۆک دەزانن چونکە ئەم گەڕەکە تەجاوزاتن، ئێمە ناچارین بیبەینە ئەوێ هیچ مەجالەکی ترمان نییە لەگەڵ هەبیتات رێکەوتین کە پێنج هەزار مەتر بدەن بەئێمە بۆ ئەوەی ساڵی بێت لەم ناوچەیە قوتابخانەیەکی گەورە دروست بکەین و سێ شەفتی نەمێنێت چونکە هەتا ئەم سێ شەفیتیە بمێنێت مستەوای زانستی ئەم قوتابخانانە زەحمەتە بەرەو پێش بچێت چونکە بەردەوام دەرس دێتە نوقساندن ئەم دەرسە لەسەر حسابی سێ شەفتی دێتە نوقساندن بەتایبەتی زستانان دەوامیش ئەوکاتە دەست پێدەکات بانگی عیشایە دەدات ئەگەر وانەی تەواو بکەن، (١٢) قوتابخانەی دوو شەفتی ئیتفاقمان کردووە لەگەڵ یونیسێف کە شەش ژوور کە نیوەی بینایە دەگرێتەوە زیادمان کردووە یەعنی بەپێی ئەو بەرنامەی ئێمە دامان ناوە سێ شەفتی نامێنێت بۆ زانیاری ئێوەش ئێمە ناچار بووین قوتابخانەیەکی نوێ بدەین بە کۆلێژی مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەددین چونکە بینایە نەبوو ئەمەشمان کرد هەر کاری نەکردۆتە سەر شەفتەکانی ئێمە جا چکۆلەترین بینایەمان داوە بە کۆلێژی مامۆستایان. خاڵی

دووەم: هەندێ نەقسمان هەیە لە قوتابخانەی سەرەتایی دوای ئەوەی باش تەحلیلمان کردووە و وردبووینەوە لێی ئێمە خەلەلمان لە پۆلی یەکی سەرەتایی هەیە بۆ ئێمە بەدەر کەوت مستەوای قوتابی ئێمە لەکوێ نزمەو لەکوێ ئەساسی دێتە دانان لە یەکی سەرەتایی مستەوا زۆر زۆر نزمە، ئێمە تەحلیلمان کرد مامۆستای ئێمە هەر یەکە ڕێگایەکی هەیە پێی بڵێ تۆ چ ڕێگایەک دەبێژی ئەلف بای کوردی یەک ڕێگای تەرکیبی دەبێژێت یەکی تر ڕێگای تەحلیلی دەبێژی یەک تەولیفی دبێژیت یەک مەقتەعییە یەک ڕێگای حەرفییە هەر مامۆستایەو بەشێوەکی. هەندێ مامۆستا هەیە ڕێگەکەشی زانراو نەبوو بەلاّم تەلقائییەن فێربووەو دێن دەرسی دەڵێتەوە ئەوە خاڵێک، تەبعەن نەتیجەی دیراسەت ئێمە مامۆستای پسپۆڕمان داناوە لە زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر و زانکۆی دهۆک گوتمان بۆ ئێمە دیراسەتێک بکەن سمینارێک بکەن کە چ ڕێگایەک لە هەموویان باشترە تا تەرکیز لەسەر ئەم ڕێگایە بکرێت فعلەن گەیشتنە ڕێگایەکی جیهانی باشترین ڕێگا تەولیفییە ئەو ڕێگایە وەکو مەزایەی هەموو تەریقەکانی تر لێک دەدات گوتیان تەرکیز لەسەر ئەم ڕێگایە بکرێتن نەک ئێمە مامۆستا ناچار بکەین بەڵکو مامۆستا ئیرشاد بکەین کە ئەم ڕێگایە بەکاربێنێت وەسائلی تەعلیمی بۆ دروست بکەین و تەرکیز بێتە سەر ئەم ڕێگایە فعلەن مامۆستای پۆلی یەکی سەرەتایی هەمووی داخیلی دەوراتمان کردوون هیچ مامۆستایەکی پۆلی یەکەمی سەرەتایی نەماوە ئێمە داخیلی ئەم دەورەمان نەکردبێ تاکو لەسەر ئەم ڕێگایە و ئێمە هانمان دان کە ئەم ڕێگایە بەکار بهێنن هەتا لە مجەلەی ئاسۆی پەروەردە تەفسیلی ئەم ڕێگایە هاتووە دوای ئەوەش زانکۆی سەلاحەددین لیژنەیەکی پسپۆڕی بۆ ئێمە دروست کرد ئەو ڕێگایەیان تەحلیل کرد کردیان بە کوراسەیەک، ئەم کوڕاسەیەشمان دابەشکرد بەسەر مامۆستایان تاکو ئیستفادەی لێ بکەن. خاڵێکی تر کە ئێمە خەلەلمان تێدا هەبێت نیسبەی رسووبە واتە ساقیت لە قوتابخانەی سەرەتایی لە پۆلی پێنج لە هەمووان زیاترە دوای تەحلیل کردن بۆمان دەرکەوت کە پۆلی پێنجی سەرەتایی لە هەموو پۆلەکان گرانترە دوای وردبوونەوە بۆمان دەرکەوت کە زۆربەیان لە بیرکاری و ئینگلیزی زەعیفن مانای رسوب لە پێنجی سەرەتایی زۆرترە وەکو لە شەشی سەرەتایی بۆیە ئێمە ناچار بووین داوای خەبیران بکەین ئێمە هەوڵی خۆمان دا لەگەڵ زانکۆی سەلاحەددین لەگەڵ زانکۆی دهۆک بۆ ئەوەی ئەم خەلەلە بدۆزینەوە هەروەها داوای یارمەتیمان کرد لە ڕێکخراوی یونیسێف کە دوو خەبیرمان بۆ بنێرن یەک ئینگلیزی یەکیش بیرکاری فعلەن خەبیرێکی بیرکاریان بۆ ئێمە هێنا خەریجی لەندەنە هات دەورەیەکی لێرە کردەوە و دەورەیەکیشی لە دهۆک کردەوە بۆ بیرکاری. فعلەن زۆر زانیاری و ڕاستی لە بیرکاری هەیە یەعنی ئەو ئامانج و بیرکاریەی کە لە مەنهەج هەمانە فعلەن لەوانەیە تەحقیقی وان لە ئەو ئامانجەیە لێرە گفتوگۆکردن کرا دەورەیەک کرایەوە تا ئێستاش ئێمە بەردەوامین دەورات بۆ مامۆستای بیرکاری دەکەینەوە هەروەها هاوینێش هەوڵێکی تر دەدەین بۆ پێش خستنی بیرکاری، لایەنێکی تر ئینگلیزی هەتا ئێستا ئێمە دیراسەتی دەکەین بەلاّم زانکۆی سەلاحەددین لەگەڵ مامۆستایانی ئێمەی پسپۆڕ دەوراتیان

بۆ مامۆستای سەرەتایی کردۆتەوە و بەردەوامیشین بۆ ماددەی ئینگلیزی بەڵام هەتا ئێستا وەکو خەبیرێکی شارەزا لە دەرەوە بۆ ئێمە نەهاتووە لەبەر ئەوە ئێمە چاوەڕوانین بۆیە هەر ڕێگای تایبەتی خۆمان بەکار دەهێنین بەڵام بەدیلی وی ئێمە بۆ ئینگلیزی ئێمە بیرۆکەمان هەیە کە ئینگلیزی دابەزێنین بۆ چواری سەرەتایی فعلەن لیژنەیەک لە پسپۆڕانی زانکۆی سەلاحەددین و زانکۆی دهۆک و پسپۆڕانی خۆمان مەنهەجێکیان دانا بۆ چواری سەرەتایی ئێمە سوودمان لە مەنهەجی ئەڵمانیا دەستکەوت لە مەنهەجی ئوردنمان دەستکەوت هی ئیران هی تورکیامان دەستکەوت کورتەیەکمان لێ دەرهێنا لە هەموان مەنهەجێک هاتە دروست کردن بۆ چواری سەرەتایی تەنها لە چوار قوتابخانە جێبەجێ کراوە دوو لە دهۆک دووش لە هەولێر وەکو تاقیکردنەوە ئەم ساڵە ئەگەر بۆ ئێمە هیچ نەهاتە پێش ئێمە هەوڵدەدەین ئەم بیرۆکەیە تەعمیم بکەین بۆ ساڵی پاشتر ئەگەر تێبینی هاتە پێش یان زروف موساعد نەبوو لەوانەیە تەئجیلی بکەین بەڵام لە چوار قوتابخانە سەرەتایی مەنهەجی ئینگلیزی لە چواری سەرەتایی دەخوێندرێت، خاڵێکی تر ئەوەی ئێمە بڕیارمان دا هی جەمعیەی تەعلیم دەستمان پێکرد مەسحێکی تەربەوی شاملمان کرد ئەم مەسحە تەربەویەش بەبەردەوام دەکرێ و ئێمە دەزانین لە هەر گەرەکێک یا ناوچەیەک چ هەیە، کۆمپیوتەرمان هەیە ئێمە دەزانین ئەم ساڵەو یان ساڵێکی تر یان دوو ساڵی تر هەر ساڵەی چەند زارۆک دێت بۆ ڤێ مەدرەسەی ئەگەر ئێمە بیکەین بە شریت ئەم ساڵ کردمان بەم کتێبە ئەمە دەلیلی شەقڵاوەیە، زاروکی شەقڵاوەو ناوی سیانی و گوند و قوتابخانەکان هەمووی لەم دەلیلەدا هەیە پەروەردەی هەولێریش نوسراوە هی دهۆکیش نوسراوە هەروەها زاخۆش بەبەردەوام لە هەموو قوتابخانەکان هەیە موشریف کاتێ موتابەعەی دەکات دەزانێ کێ هاتۆتە دەوام یان کێ نەهاتووە ئەگەر نەهاتبێ بەڕێوبەر بەرپرسە هۆیەکەی دیاری بکات بۆچی ئەم زارۆکە غائیبە لەبەرچیش غائیبە؟ ئیزافەتەن لەسەر ئەوەش ئێمە پێنج تەربییەی خۆراکمان هەیە و دووش هی مەرکەز حەوت هەریەکەش سی دی خۆی هەیە مەسحی تەربەوی سی دی خۆیان هەیە لە کۆمپیوتەرێ هەر خەلەلێک هەبێت دەتوانن بیدۆزنەوە ئەم ڕاستیانە بەم جۆرە هاتۆتە دروستکردن، ئەم دەوراتانە دوو ساڵە بەردەوامن هی یەکی سەرەتایی (١٦٧) دەورەی بەهێزکردن هاتۆتە ئەنجام دان هەر دەورەیەک (٢٤) ڕۆژ، ژمارەی مامۆستایانی بەشدار بوو (١٠٣٦٧) مامۆستا بەشداربووە، لێرە ئێمە دوو مەبەستمان هەیە یەک پێشکەوتنی مامۆستایان دوو یارمەتییەک بە مامۆستایان ڕابگەیەنین چونکە هەر مامۆستایەک (٢٤) ڕۆژ حساب بکە نزیکەی یەکی (١٠٠٠) دینار بۆ مامۆستایان زیادکراوە وەکو یارمەتییەک و لەهەمان کاتیش پێشکەوتنە، لە قوتابخانەی سەرەتایی ئێمە دوو گرفت بە سەرەکی دەزانین فعلەن هەبوو بەڵام ئێمە هەوڵمان داوە زیادی بکەین هیچ قوتابخانەیەکی سەرەتایی نەمێنێت ئەگەر مورشدی نەفسی تێدا نەبێتن دەبێ خەریجی دەروونناسی بێت یان کۆمەڵایەتی بێت. ئەمە پێویستە هەبێت نەبەسترێتەوە بەهیچ وانەیەک کاری ئەو وەرگرتنی قوتابیانی موشاکس یان قوتابیەکی موتەخەلیفە یان تەمبەڵە

بۆئەوەی تەنسیق بکات لەگەڵ باوکیان بەبەردەوامی ئەم کابرایەش تەنها دانراوە بۆ ئەوەی یارمەتی مامۆستایان بدات بۆ ئەوەی خۆی زۆر بەم مەسەلانە ماندوو نەکات قوتابییەک نەدروستە یان ئەوەی مولزەمە سجلێک دروست بکات موشریفمان بۆ داناون موشریفی پسپۆڕیمان بۆ داناون ئەم موشریفە سەردانیان دەکات هەر یەک سجلی خۆی هەیە هەر سجلەو ناوی خۆی هەیە ئەم ناوەش دێتە دیراسەت کردن تاکو نهایەتی ساڵ چ گۆڕانکاریەک لە سلوکی ئەم قوتابییە بووە، دوو: دیسان پۆلی تایبەت بۆ ئەوانەی درەنگ فێردەبن هەندێ گرفت بۆ مامۆستا هەیە ئەگەر لەیەک پۆل قوتابی زیرەک هەبێ قوتابی مام ناوەندی هەبێ قوتابی تەمبەڵ هەبێ واتە درەنگ تێدەگات ئەمانەش ژمارەیان حەوت هەشت قوتابخانەیە کە پۆلی تایبەتیان هەیە بەبەردەوامی بڕیارمان داوە هەر قوتابخانەیەکی مەزن دەبێت پۆلێکی هەبێت بۆ ئەوانەی درەنگ تێدەگەن بۆ هاوکاری مامۆستایان و تاکو مامۆستاش هاوکاریان بکات بێگومان ئەگەر ئەم ساڵیش هەموو قوتابخانەکان تەواو نەبێت بەڵام لە بەرنامەماندا هەیە و جێبەجێشی دەکەین، لایەنی وەرزش و فەنی بێگومان یەک لە گرفتەکانی ئێمە لە قوتابخانەی سەرەتایی ئەوەیە هەر منداڵێک سەرەتا حەز لە قوتابخانە ناکات کەم نەبێت ئەو مەناخ و ئەو زروفە پەیدا نەبووە بۆ ئەوەی ئەم زارۆکە بێتە گرێدان لەگەڵ قوتابخانە. ئەوەش مەزنترین گرفتی ئێمەیە بەرای ئێمە ئەم دەرسانە وەکو وەرزش و فەنییەو نەشید و مۆزیقا زیاتر قوتابی هاندەدات کە حەز لە قوتابخانە بکات لەبەر ئەوە گرینگیەکی تایبەتیمان داوە بەم مەسائیلانە هەتا جەریدە لەسەر ئێمەی نووسی بوو قوتابییەک لە هەموو دەرسەکان دەی وەرگرتبوو تەنها لە ڕەسمی حەوتیان دابوویێ ئەمە نەبوو خەتا لە سیستەم نەبووە، تەبعەن من سوپاسی ئەو مامۆستایانە دەکەم کە گوتیان هەنگاوێکی باشەو هەنگاوێکە بەرەو لایەنی باش دەڕوات، چانابێت ئەگەر دەرسی ڕەسم و وەرزش و نەشید ئیهمال بکرێت لەسەر ئەساسی ماددەی تر بزانی لەم دەرسە چەندی وەرگرتووە تۆش لەم وانەی تر بەهەمان بەرامبەر دەرەجەی بدەیتێ لێرە تەرکیزێکی باش دەکەینە سەر ئەم مەجالانە بۆ زانیاری ئێوە ئێمە دوو گروپمان پێکهێناوە هی زارۆکان بۆ قەزایای فەنی نزیکەی (٣٠٠) زارۆک ئەم ساڵە لە هەولێر (٢٥٠) لە دهۆک هاتنە تەدریبێ لەسەر ئالاتی مۆسیقا دوو گروپی مۆسیقی زارۆکان هاتۆتە پێکهێنان ڕێکەوتنی ئێمە لەگەڵ یونیسێف دەبێ دابەزینە قەزا مانای لە قەزاش ئەم فرقەی مۆسیقایە هەبێتن، وەرزشیش لە هاوینان مەراکز بێنە چاککردن چونکە چ مەسائلی تەرفیهی نییە ئەمە ڕابکێشین بۆ قوتابخانەکان ئەم ساڵ بنکەی وەرزشیمان دروستکردووە چەند قوتابخانەیەک وەکو تاقیکردنەوە ئەم ساڵ بەکاریان دەهێنین یان ئیختیاری بوو موخەسەساتی زیادتر بدەنە مامۆستای با قوتابی ڕابکێشێت لە جادەکان پێش ئەوەی توشی هەڵە بێت یان مەشاکل ببێت ئەم ساڵ تاقیکردنەوەیەک دەکەین زۆر بەفراوانی بۆ زانیاری ئێوە (دیاکۆنیا)ی سویدی ڕازی بوو لەسەر ئەوە، ئەویش هاوکاری ئێمە دەکات لەم مەجالە سەردانی چەند قوتابخانەیەک دەکات و، ڕێکخراوێکی ئیتاڵی ئەوانیش ئەم تەجروبەیان پێ باش بوو ئەوانیش

هەوڵیان داوە یارمەتیمان بدەن (خاتووزین) ڕێکخراوێکە هەمان تەجروبەی هەیە لەوانەشە بۆ ئەم ساڵی دابێت ئەم تەجروبە هێشتا فراوانتریش دەبێت. هەوڵمان داوە کە قوتابخانەی نموونەیی یەکی سەرەتایی دروست بکەین فعلەن ئێمە دەستمان پێکردووە وەک تاقیکردنەوە دوو لە ناوەوەی هەولێر قوتابخانەیەکیش سریانی دوو قوتابخانەش لەناوەوەی دهۆک یەکیش بەرەو زاخۆ ئەوی تر مواسەفاتی هەبوو چونکە سۆران، مێرگەسۆر، لە ئامێدی، هەندێ مواسەفاتی ئەو قوتابخانەی کە ئێمە دامان ناوە نوعیەتی بینایەکەمان دەست نەکەوت بەڵام ئەوەیان وەک تەجروبە لێرەش چەند مەبەستێکمان هەیە، یەک ئەم تەتبیقاتە لە هەموو قوتابخانەکان بکەین بۆ نموونە کە ئێمە ئێستا ئینگلیزیمان هێناوەتە چواری سەرەتایی پێویستە ساڵێکی تر لە قوتابخانەکان جێبەجێی بکەین، بۆ پەیمانگای مەرکەزی و پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان دیسان بابچن بۆ ئەم قوتابخانانە موشاهەداتی خۆیان بکەن مانای بچنە ئەم قوتابخانانە نابێت بچنە هەندێ قوتابخانە کە مامۆستای زەعیفە لەوێ موشاهەدەی بکات بچێتە قوتابخانەیەک مامۆستای بە تەجروبەو خیبرەت بێت لەوێ تەجروبەی خۆی بکات، ئێمە هەوڵدەدەین ئەوەی لەم تەجروبانە سەرکەوتن بە دەست بهێنێت لەم قوتابخانانە، ئێمە هەوڵدەدەین تەعمیمی بکەین. ئەوە دوو ساڵە (٨٨٦٥٥) ڕەحلە هاتینە دروستکردن تەنها بۆ قوتابخانەی سەرەتایی تەبعەن کەلوپەلی تریش هەمووی دابەش کراوە، من ڕازیم لە مستەوای موستەلزەمات بۆچونی ئێمە ئەوە بوو پێویستە دوو قوتابی لەسەر ڕەحلەیەک نەمێنێت ئەم بیرۆکەمان بۆ ئەم ساڵ داناوە هەر لەبەر ئەمەشە ژمارەی ڕەحلەکانمان زیاد دروستکردووە تەنها ناڵێم ئەگەر مامۆستایێ یان بەڕێوەبەرێ زۆر خەم خۆر نەبێت نەچێتە مەخزەن یان پێڕا نەگات هەندێ قوتابخانە گرفتیان هەبووە ئەوانیشمان مەسح کردووە، هەندێ قوتابخانە هەیە سێ سێ لەسەر ڕەحلە دانیشتون من گرفتی ئەوانم زانی ئالیەت بوو، ئالیەتی تەوزیع و ئالیەتی ئەوێ لەبەر هەندێ ئێمە هەستاین (الخارط المدرسي)مان دروستکرد ئەم کتێبە تایبەتە بە دواناوەندی و ناوەندی و پەیمانگا بەرامبەر بەمە کتێبێک هەیە بۆ قوتابخانەی سەرەتایی، هەر قوتابخانەیەک تێیدا نوسراوە چەند ڕەحلەی هەیە چەند مامۆستای نەقسی هەیە چەند زور کەمە هەتا چەند پێویستی بە جام هەیە ئەوانەی پێوەی نییە، ئێستا نوسخەیەکی دەدەم بە ئێوە هەروەها چەند سەبورەی کەمە چەند سەبورەی باشە چەندی مام ناوەندییە چەند دەرگای شکستی هەیە؟ مانای سەرژمێریەکی تەواوەو هەموو قوتابخانەکانی تێدایە لێژنە بووین قوتابخانە بە قوتابخانە ئێمە چوینەو هەموو قوتابخانەکانیش تۆمارکراون وسورەتێکی تەواویان کردووە هەمان شت بەنیسبەت قوتابخانەی سەرەتاییش بەکاردێت، دەفتەر خوتەی ڕۆژانە، گرفتی مامۆستای ئێمە دەفتەر خوتەی ڕۆژانە نەبوو جەنابی شێخ عەفان ئامادەیە، دەفتەر خوتەی ڕۆژانە تۆ بچۆ بۆ دەرسێ دەفتەر خوتەت نەبێ تەبعەن دەفتەر خوتە نەمابوو ئێمە چوینە چەند قوتابخانان و زۆر هەوڵماندا تا جارێکی تر بێین مامۆستا بە دەفتەری خوتە گرێ بدەینەوە هەروەها بە خوتەی ساڵانەی ومامۆستا گرێی بدەین بە خوتەی هەیڤی یەوە بۆ هەندێ

بەبەردەوام ئێمە بەتایبەتی بۆ دواناوەندی و ناوەندی نەمان هێشتووە بێ خوتە بێت ئێمە دابەشمان کردووە مەنهەجی بۆ خوتەی سالانە مرکەزیەن و بۆ خوتەی هەیفی بەلام خوتەی هەفتانەو رۆژانە بۆ مامۆستامان بەجێ هێشتووە تەنها ئەم دووەمان بۆ مامۆستا بەجێ هێشتووە ئەوانی ترمان هەموو کردووە بەکوراسە لە هەموو قوتابخانەکان هەیە مامۆستای موشرف پێویستە موتابەعەی بکات کە مامۆستا ناوە ناوە بەدواچونەوەی ئەم بەرنامە دەکات، چونکە زۆر قوتابخانە هەیە کتێبی خۆیان تەواو ناکەن لەبەر ئەمەشە ئەزمەیەک بۆ ئێمە دروست بووەو مستەوای زانستی دابەزیوە ئەمەمان کردووە و لە هەموو قوتابخانەکان دابەشکراوە بە تایبەتی قوتابخانەی دواناوەندی و ناوەندی، خالی قوتابخانەی سەرەتایی ئەمە بوو ئێستا دێمە سەر قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی تەبعەن ئەو گرفتەی کە لەهەمووان ئالۆز ترە ئێمە هەمانە گرفتی میلاکە، لە میلاک زوعفێکی عەجیب عەجیبمان هەیە مانای ئێمە هەمانە مامۆستای فیزیایە خەلکی دهۆکییە دەرسێکی لە دهۆک دەلێتەوە دەرسێکیش لە زاخۆ دەلێتەوە سەیارەمان بۆ گرتووە دەچێتە زاخۆ مەبەستی من بۆ ئەوەیە کە بزانن لە چ ئەزمەیەکین پتر لە (١٠٠٠) مامۆستامان نەقس هەیە هی پسپۆڕ لە پارێزگای دهۆک کەکول و، ئەکید لە پارێزگای هەولێر کەمترە ئەو ئەزمەی ئێمە هەمان بێت لە سۆران و مێرگەسۆرە یەعنی نزیکەی (١٧٠٠) مامۆستای پسپۆڕی بۆ ئێمە هەبێت بەتایبەتی پسپۆڕی زانستی لەگەڵ زمانی ئینگلیزی ئێمە وەزعمان باش دەبێت، هەنگاوەکانی ئێمە چییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەمە هەنگاوەکانی ئێمە بوو:

یەک: ئێمە داوامان کرد لە ئەنجومەنی خوێندنی بالا هەردوو زانکۆش موافق بوون بەتایبەتی کۆلێژی پەروەردە قوتابی وەربگرێت لەسەر بنەمایی جوغرافی لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی سەلاحەددین ئەمە هاوکاریەکە بۆ ئێمە تا ئێمە بێین کەرەستەی ناوچەی ئەو پەیدا بکەین بۆ سۆران و مێرگەسۆر و ئاکرێ هەتا دهۆکیش و هەولێریش دەنا مومکین نییە ئاستی زانستی بەرز بێت، چونکە دوو ساڵ دەینێرم بۆ ئەوێ هەتا زانیاریەک بەدەست دەهێنێ لەم تاقیکردنەوەیە ناچارم ئەوی نەقل بکەم جارێکی تر بیهێنم بۆ ئەوێ مانای وایە بەبەردەوام مستەوای زەعیف دەبێت، بڕیار هاتە دانان کە خەریجی کۆلێژی پەروەردە بێتە وەرگرتن لەم ناوچانە ئێمە پار (١٣٦) کورسی بەتایبەتی ئاکرێ و زاخۆ و ئامێدی و شێخان و سۆران و مێرگەسۆر (١٣٦) مامۆستا هاتنە وەرگرتن، ئەم ساڵ (١٠٧)ی تر هاتنە وەرگرتن ئەوەی موعەدەلاتیان کەمترە چونکە قوتابی نەیەت موناقەسەی قوتابی هەولێر و دهۆک بکات، خەلکی هەولێرێ مامۆستاکانیان رێکوپێکن هێچ کەموکوریان نییە لە مامۆستایان خەلکی ئاکرێ کەموکوریان هەیە لە مامۆستایان هەروەها مێرگەسۆر و سۆران هەتا زاخۆش کەموکوریان هەیە، لەبەر ئەوە ئەم بڕیارە هاتە وەرگرتن بۆ نموونە تەنها لە ئاکرێ (٢٢) قوتابی هاتنە وەرگرتن ئیستثنائەن لە کۆلێژی جیاواز من موتەئەکیدم هەتا سێ سالی تر پێویستیمان بە هیچ پسپۆریەکی تر نابێت بەپێی ئەم بیرۆکەی کە ئێمە پێ هەلساوین وەک نموونەیەک دەیهێنمەوە، چونکە گرفت ئارەزوشە پار من هەولم دا قوتابی زاخۆ

کەم هاتن ئامێدی کەم هاتن ئەم ساڵ ئێمە هەوڵمان دا کە زیاتر بێن فعلەن ئەم ساڵ زیاتر هاتن لە ئەنجامی تەجروبەی ئێمە گرفتێک هاتە پێش ئەویش نسبەی نەجاحی کۆلێژی پەروەردە بە تایبەتی دروسی زانستی ئەوەی ئێمە دامانننا نسبەی نەجاحی کەم بوو یان نزم بوو چونکە مستەوای زانستیان کەم بوو ئەم ساڵ لەگەڵ کۆلیژی پەروەرەی زانکۆی سەلاحەددین ئێمە سیستەمێکمان داناوە ئێمە دەچین قوتابی بە قوتابی گرفتاریان بکەین بە هی خۆمان هەروەها هەولبدەین بەبەردەوام بدەینە پەروەردەی خۆراک ئەو لەگەڵ دایک و باوکی وارینە خاریێ لێرە هاندانێکی باشترە بۆ قوتابیان ئێمە وەکو وەزارەتی پەروەردە رێکەوتین لەگەڵ زانکۆی سەلاحەددین کە بەردەوام بین و موتابەعەی بکەین فعلەن نەدووەیەکی فراوانمان کرد لە سەرەتای ساڵ ئەز لەگەڵ د.سەعدی و عەمیدی کۆلێژی پەروەردە پێکەوە لەسەر هەموو خاڵەکان رێکەوتین، گرفتی تر لەبەر ئەوەی مامۆستامان کەمن ئێمە قوتابخانەی تەکمیلیمان زۆر هەبوو مانای شەشی سەرەتایی لە گوند تەواو دەکات دەبێتە یەکی ناوەندی هەر مامۆستای سەرەتاییە دەبێتە دووی ناوەندی هەر مامۆستای سەرەتاییە دەچێتە سێش هەر مامۆستای سەرەتاییە لەبەر ئەوە هەندێ ناحیە بۆ نموونە: باتێلێ و سێمێلێ نیسبەی نەجاحی ئەو قوتابخانە تەکمیلیانە هێ سێی وزاری سفر بوو یەک کەسیش ناجیح نەبوو لە پۆلی سێی وزاری دەوری یەکەم دەوری دووەم دەوراتی تەقویەمان بۆ کردنەوە هەندێکیان ناجیح بوون، ئەوانەی لە چوار بوون یان دەبێت قوتابخانەی ناوەندی زیادبکەین و مامۆستای پسپۆریان بۆ ببەین یان چارەسەرێکی تر ببینینەوە یان ئەم قوتابیانە هەمووی بێبەش بن، ئەوانەی لە چوار بوون پار لەگەڵ ئەم ساڵ ئیتفاقمان لەگەڵ یونسکۆ کرد بەبەردەوام (١٣٠٠٠) قوتابی قوتابخانەی تەکمیلی ئێمە نەقلیان پێ دەکەین مانای ناوچەی سۆران و مێرگەسۆر و ئاکرێ و سێمێل و دەوروبەری زاخۆ ئەمانە هەموو ئێمە هاتووچۆیان پێ دەکەین بە (١٣٠٠٠) قوتابی ئێمە نەقلیان دەکەین قوتابی یەک و دوو و سێی ناوەندی بۆ قوتابخانەی میلاکی بەهێز بۆ ئەمەش زەختێکی زۆرمان لەسەر یونسکۆ کرد ئەوانش بریاریاندا ئێمە بەبەردەوام لەسەر ئەو ئەساسە دەرۆین بەلکو بێین هەتا ئەم بەرنامەیە تەواو دەبێت ئێمەش مامۆستای پسپۆر دروست دەکەن، خاڵێکی تر بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە لە دهۆک کۆلێژی پەروەردە نییە لەوێ ئاداب و علوم هەیە هەموو پسپۆرییەکان نییە، ئەحیاو کیمیا نییە ئەم ساڵ من موزەکەرەیەکم دا بە خوێندنی باڵا فعلەن مەبدەئییەن سەرۆکی زانکۆی دهۆک رازی بوو کە بۆ ئێمە بەشی ئەحیاو کیمیا بکەنەوە ئەم ساڵی دابێت چونکە مامۆستای ئەحیاو کیمیا لە پارێزگای دهۆک زۆر کەمە یان خەریجی زراعەنە دەرس دەڵێنەوە بۆیە ناچاربووین ئەم ساڵ بریارماندا کە تاقیگەی زراعە بەکار بهێنن تاکو ئەم گرفتە چارەسەربکەین، لایەنی تر لەسەر داخوازی ئێمە ئێتفاقمان کرد لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی دهۆک و بەسوپاسەوە قبوڵی کرد کە لە کۆلێژی ئاداب و علوم وانەی (توروق تدریس و علم النفس) لێی دێتە خوێندن ئەم دوو ماددەیە هەردووکیان تایبەتن بە کۆلێژی پەروەردە بەلام ئێمە زیادمان کردن تاکو موحتاج نەبین بتوانین راستەخۆ

تەعینیان بکەین و سوودیان لێ وەربگرین، چونکە پار ئێمە موحتاج بوون ئێمە خەریجی کۆلێژی ئاداب و علومی زانکۆی سەلاحەددینمان تەعین کردن هەندێک لە پسپۆڕەکانیان ئێمە ناچار بووین لەگەڵ کۆلێژی پەروەردە رێک بکەوین سێ دەورەی بۆ ئێمە کردەوە هی (تورق تدریس و علم النفس) هەتا بتوانن ببن بە مامۆستا، هەندێ قسم موستەلزەماتی تێدا هەبوو بۆیە لەبەر هەندێ (١٧٥٣٩) رحلە هاتە دروستکردن هەروەها سەبورەو پێویستیەکانی تر هاتنە دروستکردن و هاتینە دابەشکردن مستەوای ئەم موستەلزەماتە دیسان تەئکید دەکەم مستەوای دواناوەندی خراپ نینە و بەڵکو مستەوایەکی باشە تەقریبەن هەموو کەلوپەلی پێویستیان بۆ هاتۆتە ئامادەکردن، خاڵێکی تر ئێمە بە پێویستمان دەزانی ئەو قوتابخانەی کە قەڵەباڵغی زۆری لەسەرە بەبەردەوام زۆربەی قوتابخانەکان هەر پۆلەی (٤٥ تا ٥٠) هەندێ جار دەگاتە (٦٠) قوتابی لە پۆلێک هەندێ قوتابخانەش چەند هەزارێکن یەک لە قوتابخانە، ئەوە تەبعەن خەڵک تێکەڵە قوتابی زیرەکە قوتابی درەنگ تێدەگا قوتابی مامناوەندیە هەموو جۆرێک لەناو پۆلەکە هەیە، پێش وەرگرتن هەندێ رای مامۆستایانی پسپۆڕ بە دەرون ناسی و رێگای دەرس گوتنەوە لە هەولێر و دهۆک رایەک هاتە پێش یەک دوو قوتابخانەی ناوەندی یەک لە هەولێر یەکێش لە دهۆک بکەینەوە وەکو تاقیکردنەوەیەک تەنها بۆ زیرەکەکان ئەوانەی نمرەیان باشە تەنها یەکی ناوەندی وەربگرین ئەوانەی لە شەشی سەرەتایی دەردەچن، بۆ شەشی سەرەتایان هەڵبژارد و، سێ ناوەندی بۆ چوار بۆ ئێمە ئەوەمان هەڵبژارد چونکە مەجالی هیچ مەحسوبیەک و مەنسوبیەتێک و هیچ واستەکی تێدا نییە. تەنها بەگوێرەی نمرەکانی خۆی بەبەردەوامیش من تەئکید دەکەم ئەوانەی وەرگیراون لە قوتابخانەی هەولێر و دهۆک تەنها ئەوانەی کە نمرەکانیان بەرزە هیچ کەسێ وەرنەگیراوە کە موستەهەق نەبێت، زۆر زۆر موتابەعەم کردووە کوری فەقیری تێدا هەیەو کوری دەوڵەمەندی تێدا هەیەو کوری ئاغای تێدا هەیە هەموو جۆرێکی تێدا هەیە مقیاس تەنها نمرەکانی ئەم قوتابییەیە هیچ شتێکی تریش نییە، بەبەردەوامیش ئێمە پێمان خۆشە کە برادەرانی پەرلەمان سەردانی ئەم دوو قوتابخانەیە بکەن تاکو ببینن چ مستەوایەکیان هەیە چ لەلایەنی شکلی چ لەلایەنی مەزمونی، شتی زیادمان کردووە لەم دوو قوتابخانەیە یەکەی کۆمپیوتەرمان داناوە دە کۆمپیوتەرمان داونێ مامۆستای زیرەکمان داونێ خەریجی دەرون ناسیمان داونێ مامۆستای مۆسیقیمان داونێ مامۆستای رەسمان داونێ مامۆستای وەرزش و تاقیگەی دەنگیمان داونێ چونکە دوو ماددەیان زیاترە لە قوتابخانەکانی تر یەک کۆمپیوتەر دوو گفتوگۆی ئینگلیزی بەردەوام زارۆکی ئێمە لەو دوو خاڵە زەعیفن، ئەوەشمان داوا کردووە مامۆستایەکمان هێنا کە دکتۆرای هەیە هاتە دهۆکێ بەتایبەتی دکتۆرای هەیە لە قوتابخانەی سەرکەوتەوەکان ئیشی ئەم قوتابخانانە رێکدەخات ئێمە تەسلیمی ئەویمان کردووە تاکو نیوەی ساڵ بۆ زانیاری ئێوە ئێمە هیچ نیزاممان نییە چونکە ئەم تاقیکردنەوەیە لە کوردستان نەبووە لە بەغداد هەبوو لەوانەیە لە هەندێ وڵاتان هەبێ بەڵام لێرە نەبووە. بۆیە تاقیکردنەوەیەکی تازەیەو هەتا نیوەی ساڵ بۆخۆمان

بەڕێوبەری بۆ دابین دەکەین و مامۆستای پسپۆڕی بۆ دابین دەکەین نیزامێک دادەڕێژین بۆ دوارۆژی ئەوان چۆن ئەم قوتابخانە هاتۆتە پێکهێنان؟ تەبعەن ئەکید خاڵی سلبی و خاڵی ئیجابی هەردووک هەنە لە کردنەوەی ئەم قوتابخانانە دەردەکەوێت لەوانەیە خاڵی سلبی لەناو قوتابیان بێت لەوانەیە قوتابی مامناوەندی بێت لەوانەیە شارەزاییەکی بدەنێ بەڵام بە بۆچونی ئێمە نە ئەوە باشترە قوتابخانەی ئەوروپا ئەوەی ناکەن، ئێمە دەڵێین قوتابخانەی ئەوروپا لەوانەیە هەمووی قوتابخانەکان تەقریبەن وەکو یەکن هەموو پێداویستییەکان هەنە چونکە ئەو کەموکوڕیەی لە قوتابخانەکانی ئێمە هەیە لەوێ ئەم کەموکوڕیە نییە بەڵام قوتابخانەکانی ئێمە کەموکوڕی زۆر زۆرە، مامۆستا دەچێتە پۆل نازانێت لە چ مستەوایێ دەرس بێژێ دائیمەن دێتە مستەوای وەسەت کێ دەبێتە زەحییە ئەوەی درەنگ تێدەگات ئەوەی زیرەک نییە هەروەها ئەوەی زۆر زیرەکیشە مستەوای دێتە خوارێ، بە بۆچونی من ئەم خەڵکە نوخبەیە هەمووی سوباهی ئینسانن هەر یەکە لە مەوقعی خۆیدا موهەندیسە یان دکتۆرە هەمووی قادەنە بە بۆچونی من سەروەیەکی نیشتمانییە، پێویستە عینایەتیان بکەین دائیمەن ئەوانەی زیرەکن رعایەتێکی تایبەتیان بکەین بۆ ئەوەی مستەوایان بەرەو پێش بچێت، بەنیسبەت قوتابخانەی میهەنی دواکەوتنەک هەبوو بەڵام ئەوە دوو ساڵە هەندێ هەنگاومان هاوێشتییە بەبەردەوام هەواڵی قوتابخانەی میهەنی ئیعدادیەو ئەوانە زۆرتر بووە ئەگەر جەنابتان ئەو کێرڤەی کە هەیەتی تەماشای بکەن. ئەم ساڵ لەگەڵ پار چەند گۆڕاوە تۆزێک زیاد بووە، لەبەر ئەوە ئێمە هەوڵدەدەین بیکەینە ئینتاجی بۆ نموونە: ئامادەیی پیشەسازی بەبەردەوام سەیارەی وەزارەتی پەروەردە هەمووی لەوێ دێنە چاککردن ئەم ساڵ ئێمە بریارمان دا کە وەرشەی ئێمە بچێت بۆ ئەوێ مقابل پارەیان بدەینێ هەتا بگاتە مامۆستاکانیش هەروەها قوتابییەکان ئەوە یەک، ئەو رەحلانەی کە من ئیشارەتم پێ داوە نزیکەی دەگاتە سەدو قسور هەزار رەحلە هەمووی ئامادەیی پیشەسازی و کارگەی دارتاشی بۆیان دروستکردووین ئەمەش فائیدەیەکە بۆ ئەم خەڵکانەو، ئێمە بەردەوام هەوڵدەدەین شتی ئینتاجی بێت لە ئامادەیی پیشەسازی تا مستەوایان باشتر بێت. لایەنی تر لەبەر نەقسی میلاکی ئەوە دوو ساڵە ئەوساڵ زیاتر ١/٠١ هەتا ٦/١ دەوراتی تەقوییە بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەم دەکەینەوە چونکە قوتابی هەیە فەقیرە ناتوانێ مامۆستای تایبەت بۆ خۆی بگرێت بۆیە لە هەموو پارێزگاو هەموو قەزاکان و هەموو ناحیەکان بەتایبەتی ئەم ساڵ زۆر زۆر بووە بەپێی زانیاری ئێمە ئەگەر ئەم رەقەمانە من هەڵە نەبم تەنها پارێزگای دهۆک (٣٦) قاعەمان هەیە کردۆتمانەوە لەوانەیە دوو سێیەکیش لە زاخۆی بن چوار پێنچێک لە هەولێر دوو سێیەک لە ئاکرێ دیسان ئەگەر من هەڵە نەبم لەناو هەولێرێ نۆ دەیەک هەیە سۆرانە مێرگەسۆرە لەم قاعانە باشترین مامۆستا دەرسی دەڵێتەوە، بۆ زانیاری ئێوەش هەر مامۆستایێ پێنج دینار بۆیان سەرف دەکرێت لەلایەن رێکخراوی یونسکۆ بۆ هەر موحازەرەیەک مستەوای ئەم دەرس گوتنەوە هەندە بەرزە دەبێ مامۆستا پتر زەحمەتی بکێشێت و هاوکاری پێ بگات، چونکە کاتێ قوتابی مامۆستای تایبەتی بۆ خۆی دەگرێت وەکو

من گوێم لێ بووە لە پێنج دینار زیاتر نییە بەبەردەوام پێنج دینار بۆیان سەرف دەکەین بۆ هەر موحازەرەیەک، بۆ پۆلی سێ وەکو هەموو ساڵانی تر ئێمە دەورەی بەهێزبوونیان بۆ دەکەینەوە بۆ ئەوەی مستەوای نەجاح هەندێ بەرزبێت. بێینە سەر پەیمانگاکان ئەوە دوو ساڵە لە زاخۆ و مێرگەسۆر و سۆران کراوەتەوە تەبعەن کەموکوریەکی زۆر زۆر هەیە لەم ناوچانە لە مامۆستای سەرەتایی زەعیفن لەزاخۆ زوعفمان هەیە کە خەڵکی ناوچەی زاخۆ بن ئێمە گرفتمان لە مێرگەسۆر و سۆران هەیە ئەوانەی دەبنە چوار لە باتی بیهێنین لەبۆ هەولێرو یان دهۆکێ مەسرەفێکی زیاترەو پەیمانگایەک لەوێ دەکەینەوە ئەوە دوو ساڵە پەیمانگا لە زاخۆ هەیە مستەواشی زۆر باشە ئەم ساڵیش پەیمانگای سۆرانمان کردەوە پەیمانگایەک لە بلێ کردمانەوە بۆ خەڵکی ئەم ناوچانە تاکو زەحمەتی نەبینن، چونکە ئێمە دائیمەن پەیمانگای مامۆستایانی کچان و کورانمان هی هەولێر و دهۆکێ ئێمە بۆ قەزایەکانمان داناوە کەوا خەڵکی قەزا بێت بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکی قەزا بەتایبەتی کچ خێزانەکانیان نایان نێرن بۆ شار لەبەر ئەوە ئێمە هەوڵمان دا بیبەین بۆ ئەوێ بۆ نموونە: ئەگەر ژمارەی من هەڵە نەبێت نزیکەی (١٦٠) قوتابی تەنها ئەم ساڵە لە سۆرانمان داناون چونکە نەقسێکی زۆر هەیە لەوێ بۆیە ناچار بووین ئەم نەقسە پربکەینەوە بۆیە ئەوە دووساڵە ئێمە ئیستعانە دەکەین بە خەریجی زراعە و پیشەسازی و تجارە و بەتایبەتیش زراعە دەیانکەین بە مامۆستا پێشەکی داخیلی دەورەیەکیان دەکەین بەڵام لە دەلیلەکەش ئێمە ئیشارەتمان پێداوە چونکە هەموویان تازەن ئێمە دەزانین سلبیاتی هەیە بەڵام بەبەرامبەر ئیجابی زۆرترە چونکە ئێمە نابێت خەڵکی ئەم گوندانە تەرک بکەین و هەموو دەبنە نەخوێندەوار یان دەبێ چارەسەریان بکەین لەبەر ئەوە ئێمە داخیلی دەوراتمان کردن موفەتیشەکانیش ئاگادار کراونەتەوە کاتێ دەچن بۆ قوتابخانەکان ماوەیەک لەم قوتابخانانە بمێننەوە تاوەکو زیاتر تەقوییەی ئەم مامۆستایە بکات، ئەم ساڵ بڕیار درا لەهەموو پەیمانگاکان بەشی کۆمپیوتەر دامەزراوە بەتایبەتی ئەوانەی گەیشتوونەتە چوار و پێنج دەرسی کۆمپیوتەریان هەیە بڕیارمان داوە هیچ مامۆستایێک نابێت تەخەروج بکات ئەگەر کۆمپیوتەر نەخوێنێت، بەرنامج بۆی دامەزراوەو مامۆستایان بۆ تەرخانکراوە بەشی کۆمپیوتەری بۆ نەسب کراوە تەوزیع کراوە ئەم ساڵ پەیمانگای هونەرە جوانەکان پەیمانگای مەرکەزی هەروەها هەردوو پەیمانگای پێگەیاندن هەریەکە بەشی کۆمپیوتەریان هەیەو دەرسی کۆمپیوتەری دەخوێنن، بڕیار هاتە دانان ئەو پەیمانگایەی بینایەکەی کۆنەو خراپە چارەسەر بکرێت پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە هەولێر بێتە دروستکردن، بایی یەک ملیۆن دۆلارە رێکەوتین لەگەڵ رێکخراوی هەبیتات هەروەها لە دهۆکیش پەیمانگای هونەرە جوانەکان بێتە دروستکردن بەهەمان شێوە لەسەر رووبەری (٢٠) هەزار مەتر چوارگۆشە ئێمە وای دروست دەکەین دوارۆژ ئەم پەیمانگایە ببێت بە ئەکادیمیە لەبەر ئەوەشە تەرکیزێکی زۆر دەکەینە سەر پێکهاتنی فەنی چاک چونکە هەردوو بینایەی هەولێر و دهۆک بێسەروبەرن، بۆ پەیمانگای مەرکەزی هەولێر و دهۆک دیسان لە بیرۆکە دایە و ئاگادار کراوە بۆ موناقەسە هەروەها پەیمانگای

تیجارەی دهۆک و زاخۆ لەگەڵ زراعەی دهۆک، پێنج بینایەی پەروەردەی گونجاومان دەست پێکردووە تەبعەن ئەوەی مێرگەسۆر تەواو بووە بەلاّم هی زاخۆ تازە دەست پێکراوە هەروەها سۆران و شەقلاوەو ئاکرێش ئەگەر زانیاری من هەڵەنەبێت ئەوانە هەر پێنج بینایەی پەروەردەیان وامان دروست کردووە ئەگەر دوارۆژ پەروەردە فراوانیش بێت جێگایان ببێتەوە، چوار قسمی داخیلی هاتۆتە ئاوەدان کردنەوە ئێمە هەوڵ دەدەین ئەقسام داخیلی زیادەبکەین لە هەموو لایەکی باژێر هەبێت لە زمنی بڕیاری (٩٨٦)، تەنسیق لەنێوان ئێمەو زانکۆ هەیە بێگومان مەبەستمان یەکە ئێمەو زانکۆ ئەگەر ئێمە قوتابیەکی باشی بۆ ئامادە نەکەین لەوانەیە بچێتە زانکۆ زەحمەتییە بۆوان و، ئەگەر زانکۆش دیسان قائیدێکی باش بۆ ئێمە دانەمەزرێنێ بێگومان موهیمەی ئێمەش ئاسان نابێت ئەو جیلەی دەکەوێتە بەر دەستیان باش نایەتە پەروەردە، لەبەر ئەوە پەیوەندی نێوانمان زۆر زۆر باشە هەتا ئێستا هەر ساڵەو کۆنفراسێکمان کردووە یان دوو کۆنفراسمان کردووە لەهەر کۆنفراسێک مامۆستای پسپۆڕ بەشداری کردووە تا پتر کاری لیژنەکان بێتە دەوڵەمەندکردن، دوو کۆلێژیش کرایەوە ئەوانیش کۆلێژی مامۆستایان لە هەولێر و دهۆک مەبەست ئەوە بوو ئێمە چۆن ئاستی مامۆستا بەرزکەین مامۆستای سەرەتایی بە دەرەجەیەک بچێتە پێش بۆ زانیاری ئێوە پار ساڵ پاڵپشتی سەرۆکایەتی خوێندنی باڵا بۆ کۆلێژی پەروەردە ئەنجام درا بۆ ئەوەی زیاتر رەغبەت بۆ ئەوێ بکەن (١٠٠) دینار زیادبوو قوتابی کۆلێژی پزیشکی (١٥٠) دینار وەردەگرێت بەلاّم قوتابی کۆلێژی پەروەردە (٢٥٠) دینار وەردەگرێت، دیسان جەنابی سەرۆکی وەزیران ڕازی بووە کە کۆلێژی مامۆستایان بکرێتەوە تەشجیعەن بۆ وێ هەمان شت بێتە حسابکردن بۆیە پتر پاڵپشتی کۆلێژی مامۆستایان و پەروەردە دەکرێت، ئێمە بڕیارماندا چۆن کۆمپیوتەر بێتە خوێندن لە پەیمانگاکان بۆ زانیاری ئێوە هەروەها فەرمانبەرەکانی وەزارەتیش یەک لەدوای یەک داخیلی دەوراتی کۆمپیوتەر بوونە هەموو بەشەکانیش کۆمپیوتەری لێ هاتۆتە دامەزراندن هەموو کارەکانی ئێمە یەعنی وەرەقەو دەفتەرو قەڵەم و ئەوانە کەم بوونە هەتا مەلەفات و رەواتب و میلاکات و هەموویان کراون بە کۆمپیوتەر، بەشێکی کۆمپیوتەری (١٥) کۆمپیوتەر بۆ مەسائلی تەختیتی بەکار دەهێنین لەسەر دەستی هەندێ پسپۆڕ کە یونیسێف بۆ ئێمەیان هێناوە فعلەن فائیدەیەکی باشیان لێ دەبینین بەشێک لەوێیە بەشێکی تەدریبیش لە وەزارەت هەیە دوو بەشیش لە پەروەردەکان هەیە پەروەردەی هەولێر و دهۆک لەوێش تەدریب کردن دەکرێت و بەردەوامیشە، لە زانکۆی سەلاحەددین قسمی کۆمپیوتەر هەیە لە کۆلێژی پەروەردە دەبنە خەریجی مامۆستای کۆمپیوتەر بەلاّم ئەم ساڵ چوونە بۆ قۆناغی سێیەم، ژمارەی ئەوان هی قۆناغی یەکەم (٢٧) مامۆستانە مانای ئەگەر ئێمە چاوەڕۆن بکەین هەتا دوو ساڵی تر (٢٧) مامۆستا دەبێتە خەریج (٢٧) مامۆستا ئەکید کاتی زۆری دەوێت بۆیە هەوڵمان داوە لەگەڵ زانکۆی سەلاحەددین ئێمە (٢٠٤) مامۆستای فیزیاو بیرکاری کە پسپۆڕی وان نزیکە لەگەڵ کۆمپیوتەر داخیلی دەوراتی کۆمپیوتەرمان کردوون ئێستا ئامادەن، ئێمە نزیکەی دە قوتابخانەی

ئامادەییمان هەیە کۆمپیوتەری لێ هەیە هەروەها لەگەڵ پەیمانگاکان دەرسی کۆمپیوتەر دەگوترێتەوە، ڕێکەوتنی ئێمە لەگەڵ یونیسکۆ پێنج هەزار کۆمپیوتەر بۆ ئێمە بەبەردەوام بێنن ئێمەش دابەشی کەین بەسەر قوتابخانەی ئامادەیی دوایش ناوەندیەکان تاکو دەگاتە سەرەتایی، خاڵێکی تر کە پێشنیارێکمان دا بە سەرۆکایەتی خوێندنی باڵا گرفتی هەرە سەرەکی ئێمە بەبەردەوام ئەوانەی کە خەریجی دکتۆران ئەوانەی شەهادەی دکتۆراو ماجستێریان هەیە نایەنە پەیمانگای ئێمە تەعین بن نایەنە ئامادەیەکانی ئێمە فعلەن ژمارەیەکی زۆر زۆر خەریجی ماجستێر هەیە لە زانکۆی سەلاحەددین بە تایبەتی با ئێمە سوودیان لێ وەربگرین لەباتی لەزانکۆ تەعین بن بێنە پەیمانگاکانی ئێمە تاکو پەیمانگای خۆمانی زیاتر پێ پێشبخەین فعلەن بڕیارێکی وا هەیە کە هەندێ موخەسەساتی زیادبکرێت فعلەن جەنابی وەزیر ڕازی بوو کە هەمان موخەسەساتی زانکۆیان بۆ سەرف بکرێت، هەروەها وەزارەتی دارایی زۆر سوپاسیان دەکەین ئەم موخەسەساتەیان بۆ سەرف دەکات هەر وەکو زانکۆکان ئێمە خەریکین پەیمانگاکانی خۆمان پتر بەرەو پێش ببەین تاکو ئاستی مامۆستایانی خۆمان بەرزبکەین، سوود وەرگرتنی ئێمە لە بڕیاری (٩٨٦) فعلەن سوودێکی زۆر لەم بڕیارە وەرگیراوە لەلایەنی پەروەردە ئێمە تەعامولمان هەیە لەگەڵ سێ ڕێکخراو یونیسکۆ و هەبیتات و یونیسێف هەندێ جار ئێمە پێویستیمان بە وەزارەتەکانی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە دەبێت بۆیە لەگەڵ ڕێکخراوی هەبیتات تەنسیق دەکەین هەندێ جاریش لەگەڵ دائیرە موستەقیمەکان تەنسیق دەکەین ئێمە بڕیاری خۆمان دا چۆن بەهەرەیەکی زۆر بۆ سەنتەری خۆ پارە تەرخان بکەین بۆ ئاوایان چونکە ئاوایان کمە بە تەسەوری من ئەگەر ئێمە بە تەنیا بێنین ئێمە دەتوانین ڕەحلە دروست بکەین، لەوانەیە تەوفیری کتابان بکەین بەڵام ئێمە بچین پەڕاوگە تەوفیر بکەین زەحمەتە بتوانین بینایەک دروست بکەین بەم مواسەفاتانە هەر لەبەر ئەوەشە ئێمە تەرکیزی خۆمان (٪٧٠) خستۆتە سەر ئاوایی و (٪٣٠) خستومانەتە سەر موستەلزەمات و کۆمپیوتەرو دەورات، لایەنێکی تر کە ئێمە زۆر تەئکیدی لەسەر دەکەینەوە موخەسەساتە زۆر جار هەوڵدان کراوە و موزەکەراتی ڕەسمی لە وەزارەتی پەروەردەوە بۆ وەفد و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە و چ لەسەر ئاستی وەفدی تایبەتمەند وەکو یونیسێف و یونیسکۆ و بەردەوام ئێمە هەوڵ دەدەین چۆن موخەسەساتێ لە بڕیاری (٩٨٦) بدەین بە مامۆستا، چونکە بەراستی گرفت ئەوە نییە کە مامۆستای ئێمە ئیمکانیەتی لاوازە بەڵکو دەتوانێ بە حەدی ئەدناش خێزانی خۆی بەخێو بکات من تەسەور ناکەم زۆر باش بژیێت، لەبەر ئەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا (١٥٠) دینار بۆیان زیاد بکات دوای ئەوەش موحازەراتیش زیاد بوو هی مامۆستایان بۆ نموونە هی سەرتایی لە دینار و نیوێ بۆ سێ دینار و نیو هی ناوەندیش لە سێ و نیو بۆ پێنج دینار و هی دواناوەندیش لە پێنج دینار بۆ حەوت دینار هەروەها هی پەیمانگاکان لە حەوت بۆ دە دینار لە موحازەراتیش پارە زیاد بووە بەڵام ئەکید لە مستەوای مەتلوب نینە، لەبەر ئەوە ئێمە دوو بیرۆکەمان داوە بە یونیسکۆ و یونیسێف یان

موخەسەساتێ لە (٢٠) دۆلار کەمتر نەبێت بدەن بە مامۆستای ئەگەر ئەوەش زەحمەت بێت بۆ دانی پارەی کاش بەناوی موخەسەسات داوامان کردووە رێگای فێربوون لە دوورەوە (التعلم عن البعد) مانای هەندێ مەلزەمات بنێرێت یان حەلەقاتا رۆژێ بەبەردەوام چوار حەلەقاتان دروست بکەین بەناوی دەورات و هەر حەلەقەیەکیش پێنج دۆلاریان بدەینێ تەقریبەن مانگێ دەبێتە (٢٠) دۆلار بۆ ئەوە بۆ زانیاری ئێوە رێکخراوی یونیسکۆ موتەفەهم ترە یونیسکۆ لەوانەیە ئەم ساڵە بۆ دە هەیڤا بدەین بە مامۆستایانی سانەوی بەتایبەتی خۆراک و تەتبیقی بکەین. دەمینێت بۆ قۆناغی تر ئەگەر ئێمە تێیدا سەرکەوتوو بین لەوانەیە یونیسێفیش رازی بکەین، گرینگ ئەوەیە ئێستا ئێمە ئیشی تێدا بکەین لەوانەیە بڕیارەکە بۆ دوو هەیڤا بەتەنێ بۆ هاوکاری مامۆستایان، تەبعەن گرفتی ئێمە لەگەڵ رێکخراوەکان شەفافیاتە راستە ئەگەر ئێمە دیارەسەتی خۆمان بکەین فێزی یەک فێزی دوو فێزی سێ یەک لەدووای یەک شەفافیات زیاتربوو بەڵام هێشتا نەگەیشتووتە ژمارەیەکی داواکراو کە ئێمە عاسێکەن هەمووی ئاشکرایە هەندێ جار شت شاردراوەیە گرفتی ئێمە لەوانەیە دزی لە ماوەی سەعاتێ دەبێ ئێمە بەرنامەیەک بۆ فلان فێزی ئامادەبکەین کە مەتلوبە لە نیویۆرک دەبێ لە ماوەیەکی دیاری کراو ئێمە ئامادەی بکەین یان بەغدا ئەمەش گرفتێکە، گرفتێکی تر هەندێ رۆتین و دیموکراتیەت کاری ڤان وەکالەتێ هەیە ئەمەش دیسان گرفتە بۆ کاری ئێمە یەعنی هەتا بینایەک دروست دەکەن دەبێت موسادەقەی وی بچێتە ناو روبی، هەروەها ناوی روبی موافەقەی بهێنێ دوای هەندێ ئەمە دەست خاوێنە یەعنی قوتاردەبێ بەڵێندەر کە دەست خاوێنە لە بینایەکەی، ئەم حالەتانە هەیە بەڵام مرۆڤ دەبێت بەویژدان قسان بکات یەعنی کارێکی زۆر جوان کراوە بەتایبەتی یونیسێف کارەکانیان زۆر رێکوپێکە هەروەها کارەکانی یونیسکۆ باشتر بووە ئێمە هەندێ گلەیمان لێیان هەبووە. هەروەها هەبیتات مستەوای باش بووە بە تەسەوەری من لە بینایەی قوتابخانەکان دیارن، ئەگەر مرۆڤ چاوێک بە بینایەی قوتابخانەکاندا بخشێنێت یەعنی تەقریبەن ئەو شتانەی کە پێویستێ ئێمە لێی دەرباز بووین، فعلەن ئێمە لایەنی شکلیش ئیهتمامی پێ دەدەین باوەر بکە لە زۆر گەرەکان رووی گەرەکەکەی گۆڕیوە زۆر بینایەی رێکوپێک کراوە، چونکە ئەگەر بێنە مەیدان دەبینێ مواسەفاتی تەواویان هەیە هەموو شتێکی تێدا متەوەفرە وەکو موختەبەرات و یەکەی کۆمپیوتەر و قاعات و مەرسەم و ئەم شتانە هەمووی تێدا متەوەفر بێت بینایەکەش لایەقی خوێندن بێت. خاڵێکی تر مستەوای مەتبەعەیە، مەتبەعەی ئێمە گرفتی تەبع کردنی کتێبی هەیە تەبعەن لەژێر هەندێ زەختی سیاسی یونیسکۆ لە مەسەلەی کتێب بەهیچ شێوەیەک تەداخول ناکات دەڵێت کتێب ئێمە لە بەغداد بۆتان دەهێنین، بەڵام بۆ مەسەلەی تەبعی کتێبان هیچ هاریکاریمان ناکەن، ئێمە مەتبەعەیەکمان لەگەڵ رێکخراوی یونیسێف داناوە بەڵام ئەم مەتبەعەیە تەغتیەی حاجات ناکات، پێنج سەدی تەختییە دەکات مانای حاجەتی ئێمە، بۆ زانیاری ئێوە ئەم مەتبەعەیە هی دهۆکە هی هەولێرە هەروەها سلێمانی ئێمە ئەم کتێبانە هەمووی لەوێ تەبع دەکەین بۆ هەموو

پارێزگاکان تەبعەن تەختیبەی حاجات ناکات بڕیاری ئێمە ئەوەیە دوو مەتبەعەی تر بێتە دانان ئەمەی هەیە لە هەولێرە دووی تر یەکیان بۆ دهۆک یەکی تریش بۆ سلیمانی بێتە دانان ئەو کاتە هەر پارێزگایەو مەتبەعەی خۆی لێ دەبێت دەتوانێ ئیشی خۆیان بکەن، بەڵام مستەوای مەتبەعەی زۆر باشە بەتایبەتی ساڵی ۱۹۹۹ بۆ زانیاری ئێوە مستەوا و ئینتاجی تاقەی ۱۹۰۰۰۰۰دینار بوو ئێستا ئەم ساڵ و پار بۆتە ۳۰۰۰۰۰۰ دینار بوو، حاجەتی ئێمە نزیکەی ۷۰۰۰۰۰۰ کتێب بوو بۆ هەر سێ پارێزگا کە بێتە ئەنجام دان، لەبەر ئەوە ئێمە ناچار بووین کە نەقسێکمان هەبێت ئەم نەقسەش هەندێک لە بەغدا بۆمان دێت هەندێکیان ئێمە سوودی لێ وەردەگرین بەتایبەتی کتێبە زانستیەکان هەندێکیشیان سوودی لێ وەرناگرین لەبەر ئەوە ئێمە نەهاتینە ئەمە موعالەجە بکەین بە شێوەیەکی داواکراو لەبەر ئەوە هەندێ جهازی فۆتۆکۆپیمان هەیە ئەم ساڵە بۆ پەیمانگاکانی میهەنی هەروەها بۆ ئامادەیی میهەنی هەموو جیهازەکانی فۆتۆکۆپیمان تەسویر کردووە و دابەشمان کردووە ئێستاش بەبەردەوام لە پەیمانگاکانی تر لەگەڵ ئامادەیەکانی تر کە جیهازی فۆتۆکۆپیان بۆ ئامادە بکەن و هاوکاریان بکەن، بەڵام ئەکید نیسبەی هەبوون باشترە ئێستا مانای ئەوەیە پێشان لەوانەیە (۲۰) قوتابی یەک کتێبیان هەبووە یان بە پازدە قوتابی یەک کتێبیان هەبووە سەبر سەبر ئەمە گەلێک کەم بووەوە هەندێ جار ئێمە ناچار دەبووین بە دوو قوتابی یان سێ قوتابی سوود لە یەک کتێب وەربگرن بەڵام ئێستا هەر قوتابی و کتێبێکی خۆی هەیە. هەندێ خاڵی تایبەتی گشتی هەنە یەک لەوان لەم دوو ساڵەدا (۲۸۱) قوتابخانە هاتوونەتە تەرمیم کردن (٤٦۳) بینایەی تازەنە هاتۆنەتە ئاوەدانکردن (۱٤۷) ژووری زیاد هاتوونەتە ئاوەدانکردن پێنج پەروەردە هاتۆتە تەرمیم کردن چوار قسمی داخیلی هاتۆتە ئاوەدانکرن (٥٦) خانوو بۆ پاسەوانان هاتۆتە ئاوەدانکردن (٦٦) خانوو بۆ مامۆستایان هاتۆتە ئاوەدانکردن (۱۳) ژمارەی ئاسۆی پەروەدرە تەبع بووینە ئێستا دەمانەوێ ژمارە (١٤) تەبع بکەین، دوو بەرنامەی تەلەفزیۆنی ئەوە دوو ساڵە یەکیان لە تەلەفزیۆنی هەرێم ئەوی تر لە تەلەفزیۆنی دهۆک بۆ زانیاری ئێوە کارگەیەک هەیە کاس و مەدالیا دروست دەکات بۆمان، مانای ئەوەیە کوردستان پێویستی بە کاس و مەدالیا نابێت تا لەدەرەوە بکڕن لەم رۆژانە دەکرێتەوە زۆر سوپاس بۆ وەزارەتی دارایی کە هاوکاری ئێمە یان کرد کە ئێمە ئەم کارگەیە دروست بکەین، مانای ئێستا بەغدا نەمایە موسڵ نەماوە هەموو کاس و مەدالیەکان لە ئێرانەوە دێن ئێستا بەرهەم هێنانەکی باش هەیە، هەم کاس بەرهەم دێنین هەم مەدالیا بەڵکو ئەوانەی خۆمان باشتریشن لەوانەی لە دەرەوە دەهاتن، ئێمە دەبێ مەمنون بین لەم رۆژانە بیکەینەوە جەنابتان تەشریف بێنن مستەوای ئەم کارگەیە ببینن، بۆ زانیاری ئێوە هەموو ساڵێ وەزارەتی پەروەردە بایی نیو ملیۆن دیناری کاس و مەدالیا بۆ قوتابخانەکانی خۆمان دەکرین، ئەم ساڵ ئێمە پێنج هەزار موشکیلەی خۆمان چارەسەر دەکەین یەعنی هەند مەدالیاو کاسمان هەیە هەموو گرفتەکان حەل دەبێت ئەو تەوفیرە ۲۰۰۰۰۰ هەزارە بەرای من شتێکی باشەو ئێمەش هاوکاری وەزارەت

دەکەین بەتایبەتی لەلایەنی وەرزش. (٣٠١) کۆمپیتەر ئێمە لە وازارەتی پەروەردە هەمانە بە پێی پێویست دابەشمان کردووە هەتا ئێستا ئەم عەمەلیەیە بەردەوامە، خاڵێکی دوای ئەوەی ئێمە رووپێوی پەروەردەیمان دەست پێ کرد پار ساڵ و ئەم ساڵ سەرژمێری نەکەوتوتە بەر دەستی ئێمە بەری چەند ساڵێکا نیسبەی نێوان کچ و کوڕ لە قوتابخانەی سەرەتایی دائیمەن جیاوازیەکی زۆر زۆری هەبووە هەندێ جار (٤٢) قیاس کراوە لەگەڵ (٤٨) مانای قوتابخانەی سەرەتایی (٤٢) کچ بوو (٤٨) کور بووە بەری سێ ساڵان (٤٥) و (٥٥) بووە، پار ساڵ ژمارەی کور زۆر زۆر فەرقی کرد بووە (٥٢,٦٥) بەرابەر بەوە کچ (٤٧,٣٥) مانای ئەم فاسیلە لە نێوان ئەوانی تر زۆر زۆر نزیک بوونە ئێمە تەوەقوع دەکەین لەوانەیە هەندێ گرفت لە گوندەکان هەبێت ئێمە هەوڵ دەدەین چاکی بکەین، بۆ هەر مامۆستایێ هی نیسبە هەر مامۆستایەکی سەرەتایی (٢١) قوتابییمان بۆ داناوە تەبعەن نیسبەیەکی زۆر باشە بەلاّم گرفتمان لە دابەشکردنی جوگرافی هەیە لە هەندێ گوند دەبێتە دە قوتابی بۆ مامۆستایێ بەلاّم لە هەندێ شاردا لە هەندێ گەرەکدا دەگاتە (٦٠) قوتابی بۆ یەک مامۆستا تەبعەن ئەم گرفتەی جوگرافیەمان هەیە هەوڵ دەدەین چارەسەری بکەین، تەبعەن ئەوە دوو ساڵە ئیستعرازی قوتابخانان لەسەر ئاستی هەرێمدا دەیکەین پار کچ و کوڕ ئەم ساڵ هی کوران بوو هەروەها کەشافە گرینگییەکی زۆری پێ دراوە دیسان بەرنامجی بۆ دێتە دانان لەسەر ئاستی هەرێم پارەیەکی باشیشی بۆ تەرخان کراوە ئێمە هەوڵ دەدەین ئەم ئیستعرازانە و ئەم کەشافانە لەسەر ئاستی مەرکەز نەبێت بەتەنیا بەڵکو دابەزینە ناحیە دابەزینە موجەمەعات تا بێین لەوێش هەندێ بابەتی تەرفیهی هەیە بۆیان تەوفیر بکەین، ئەوە دوو ساڵە (٦٢٩) قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی هاتوونەوەکرن (٥٤٨) قوتابخانە سەرەتاین (٨١) قوتابخانەش ئامادەین هاتوونەوەکرن، لەم دوو ساڵەدا (٢٨٢٦) مامۆستا هاتوونە دامەزراندن.
تەبعەن بۆ لایەنی تر قوتابخانەی سریانی ئێمە هەمانە هەروەها قوتابخانەی تورکمانیمان هەیە و پۆلی تایبەتی ئێزدییاتیمان هەیە هەروەها قوتابخانەی عەرەبیمان هەیە، مانای مرۆڤ ئازادە ئەوەی زمانی ئاشوری بێت کلدانی بێت ئەوا قوتابخانەی سریانی هەیە بۆی (٢٧) قوتابخانەمان بۆ کردوونەتەوە لە پارێزگای هەولێر و دهۆک کە هەموو پێداویستیەکانی تێدایە و سەر بەئێمەنە پێنج قوتابخانەی ناوەندشیان هەیە دیراسەی سریانی ئازادن هەموو پێداویستیەکانیان هەیە پار ساڵ لەوانەیە بابەتی قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی نەبوو بەلاّم ئەم ساڵ ئێمە هەموومان داخیلی بەرنامەی خۆمان کردووە چونکە سیغەی وان سیغەیەکی رەسمی نینە زیاتر تابیعێکی ئەهلی لەسەرە بەلاّم ئێمە تەعامولی وەک رەسمی لەگەڵ دەکەین بۆ هاریکاری بۆ وان، قوتابخانەی تورکمانی دە قوتابخانەمان هەیە چوار دواناوەندینە، وانەی ئێزدیا تی لە قوتابخانەی ئێزدیاتی ئاسایی دێتە خوێندن. خاڵێکی تر کە من زۆر گرینگی پێ دەدەم (لێدان)ە رێزگرتن بۆ مافی زارۆکان لێدانمان قەدەغەکرد ئێمە ناڵێین تەتبیقیش بووە (١٠٠٪) ئیستاش هەر ماوە بەلاّم ئێمە بەردەوامین لەسەر ئەوەی کە توندو تیژی نەمێنێت لە قوتابخانەکان دەبێ لێدان نەمێنێت،

بێگومان دوو رای جیاواز دەبێت رایەکیان دەڵێت با نەبێت یەکێکیشیان دەڵێ با هەبێت ئێمە پێمان خۆشە ئەم دوو رایە هەیە و پێشمان خۆشە کە ئەم دوو رایە بێنە گفتوگۆکردن با گفتوگۆیەکی ئازاد هەبێت لەسەر پەری جەریدە هەردوو رەئی بنووسن و گفتوگۆ بکەن و گفتوگۆیەکە بنووسن زۆر ئاساییە، بەڵام من لەسەر شتێک تەئکید دەکەم کەس وەکو میللەتی ئێمە نەهاتیە چەوساندن و مافی وی نەهاتۆتە پێشێل کردن، ئێمە بەردەوام باسی دیموکراتیەت دەکەین باسی مافی مرۆڤ دەکەین مافی زارۆکیش بەشێکە لە مافی زارۆکی دەنگ زۆر هەنە دەبێژنە من ئەمە بریارێکە لە جێگای خۆی نینە پشتی یازدە ساڵ ئەم تەجروبەیە هەیە هەندێکیش دەڵێن بە دزی بێ تەعمیمی سری هەبایە دنیای ئەسرار نەمان شەفافیەت ئێمەش داخوازی شەفافیەت دەکەین لە وڵاتێکی مەزن بژین شەفافیەت هەبێت لەگەڵ وڵاتی ئێمە یان لێدانی زارۆکی خۆمان قەدەغە بکەین بڵێین ئەم قوتانێ ئەم تەعمیم ناکەین زارۆک نازانێ من ئیتفاقم کردووە لەگەڵ یونیسێف مافی زارۆکی هەموو قوتابخانەکان بێتە بێڤەکردن ئێستا هەر قوتابخانەیەکی سەرەتایی لەوانەیە مافی زارۆکی تێدا بێت، واجبی مامۆستایە بۆ زارۆکی پێناسە بکات پێی بڵێت ئەوە مافی تۆیە دیفاع لە خۆت بکە بەمن دەڵێن بە نهێنی تەعمیمێک بڵاوبکەوە بەبێ دەنگی با لێدان بەکار نەیەت، لایەنەکانی تر بەراستی ئەگەر ئێمە لایەنی علوم و معارف وەربگرین تۆ قیاسی بکەی بەرای من لەگەڵ ئەمریکا یان لەگەڵ ژاپۆنی قیاس بکەی لەگەڵ ئەڵمانیای قیاس بکەی رۆژێکی بەرنامەیەکی دوورودرێژ (طارق سویدانی) لە سەتەلایتی جەزیرە لە بەرنامەی ئیتجاهی موعاکس لەسەر ئەم بابەتە زۆر قسەی کرد گوتی مەسائلی مەعارف لە ناوچە شەرقیەکان گوتی زۆر زانیاری لە کتێبێک هەیە، گوتی زانیاری کتێبی وان لە کتێبەکانی وڵاتە غەربیەکان کەمترە بەڵام وەرە بزانە ئیستفادەی وان چەندە، ئەوە بەرای من دەگەرێتەوە بۆ کێ؟ دەگەرێتەوە بۆ لایەنی پەروەردەیی دەگەرێتەوە بۆ لایەنی کەسایەتی، قوتابخانەکانی ئێمە تەنها لایەنی زانیاری نییە بەڵکو لایەنی پەروەردەییە، لایەنی کەسایەتی ئێمە لەسەرمانە لایەنی کەسایەتیش رێک بخەین نەک هەر لێدان و ئەوانە هەبێت، لایەنێکی تر بەرای من چ داخیلی قوتابخانە بێ چ داخیلی ماڵ بێت سیستەمی سیاسی کۆنە بەڵام سیستەمی سیاسی ئێمە گۆرا با ئازادیەکیش بدەین بە زارۆکی خۆمان، فعلەن ئێمە تاقیکردنەوەمان هەیە ئێمە قوتابخانەمان هەیە هیچ لێدانی لێ بەکارنایەت برۆن وەزعی ئەم قوتابخانەیە ببینن من حەز دەکەم لیژنەیەک بچێت تەقیم بکات ئەو قوتابخانانەی کە لێدانی لێ بەکار نایەت پێش ئەوەی ئێمە بریار بدەین کە لێدان بەکار مەهێنن برۆن مستەوای ئەم قوتابخانە ببینن بزانن چ مستەوایەکی علمی بەرزی هەیە، تەسەور دەکەم پێویستە راستگۆ بین لەگەڵ شعاراتی وان لە هیچ مەسەلەیەکیش تەرەدود نەبین، گەلێ جاران باسی مەسائلی کەلتوری دەکەن بۆمان یەعنی عەلائەساس کەلتوری ئێمەیە ئێ برا کەلتوری هەموو میللەتێک هەیە شتی باشی تێدایەو شتی لاوازیشی تێدایە واجبی ئێمە ئەوەیە چۆن مەسائیل بەقوەتی کەلتوری خۆمان بپارێزین بەڵام لەوانەیە هەندێ مەسائیل لە کەلتوری ئێمە هەبێت باش

نەبن، ئێمە پێویستە کەلتوری خۆمان خاوێن بکەینەوە لەبەر ئەوە من تەسەور دەکەم ئێمە هەنگاوێک بەرەو پێش دەچین و موتەرەدید نەبین بۆ ئەم مەسەلەیە ئێستا نیسبەی تەتبیقی من لەو باوەڕەم تەواو نەبووە بەڵام لەوانەیە هەنگاوێکی باش بێت لەوانەی (٧٥٪) ئێمە بەرەو پێش چوینە، ئومێد دەکەین کە ڕاگەیاندن هاوکاریمان بکات هەروەها هەموو لایەک هاوکاری ئێمە بکەن موتەئەکیدم کە ئێمە سوودی لێ وەردەگرین. ئەمە کورتەیەک بوو لەسەر چالاکیەکانی وەزارەتی پەروەردە من زیاتر فرسەتم نییە بۆ ئەوەی زیاتر باسی بکەم تا فرسەت بۆ ئێوەش هەبێت پرسیاری خۆتان بکەن، ئێمەش ئامادەین هەموو پرسیارێکی ئێوە وەڵام بدەینەوە و بیخەینە بەر دەستی ئێوە، جارێکی تر زۆر زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن سوپاس بۆ ئێوەش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک عبدالعزیز طیب وەزیری پەروەردە، لەراستیدا مەجالەکە کراوەیە بۆ قسەکردن مەجالەکە کراوەش دەبێت بۆ ئەوەی پرسیارەکان بکەن ئێمەش پێمان خۆشە مەجال بمێنێتەوە کە ئەندامانی پەرلەمان پرسیار بکەن، ئەگەر بەڕێز جەنابی وەزیر وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە ئەو وەختە دانیشتنەکەمان تامیشی تیا نامێنێت، دووبارە زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆ ڕاپۆرتە تێروتەسەلەکەی لەراستیدا بەشی زۆری لایەنەکان و کارەکانی وەزارەتی خستەروو بە بۆچونێکی تازەوە سیاسەتی وەزارەتی خستەڕوو، هیوادارین کە ئەم پرسیارانەی کە ئاراستەی دەکرێت بەشێوەیەکی وابێت کە دانیشتنەکە دەوڵەمەنتر بکات و پێشنیاری وای تیا بێت کە کاروباری پەروەردەیی بەگشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەرەو پێشەوە بەرێت، بۆیە تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پرسیاریان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە؟ ناوەکان ئەم بەڕێزانەن: سەعید یەعقوبی، د.رزگار، مەلا هادی، ئیبراهیم دۆغرەمەچی، حاکم سەفەر، شێخ یەحیا، عبدالخالق زەنگەنە، ئیبراهیم سەعید، شەفیق ئەمین، شێخ عەفان، فازڵ رەئوف، ئەنوەر شوکر، ئیبراهیم محمد، ئەحمد سالار، وریا دزەیی، ئەمین مەولود، زاهیر محمد، د.لطیف بەرزنجی، مەلا موحسن، شەفیقە عەبدوڵلا، د.ناصح، فاتح محمد ئەمین، مەلا مەحمود فەندی، زەهرا حاجی، ئەحمد علی، حەمە عەلی تۆفیق، رجب شەعبان، کاک نادر، مەلا طه. ناوی (٢٩) ئەندامی بەڕێزمان نووسیوە بە تەقدیری ئێمە ئەگەر هەر یەکێک لە ئێوە سێ پرسیار بکات ماوەکەمان مەجالی ئەوە ئەدات ئەو محتەوایەشی دەبێت پرسیارەکان هەندە زۆر دەبێت، نەتیجەش لەسەر حسابی وەڵامدانەوە دەبێت هەموو زەرەر دەکەن، بۆیە بە قەناعەتی ئێمە ئەگەر هەر ئەندامێک پرسیارێک یان دوو پرسیار بکات باشتر دەبێت، بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شێوەی کرمانجی سەروو بەکاردێتن لە دەرس گوتنەوە لە قوتابخانەکانی سەرەتایی لە دهۆک، شێوەی کرمانجی خوارو بەکاردێتن لە هەولێر بۆ هەمان مەبەست و بەرنامە و کتێب چاپ کراون بە هەردوو شێوەی زمان. وەزارەت لەبەر چەند هۆیەک بەم کارە هەڵساوە کەوا قوتابی هەتا پۆلی چواری سەرەتایی بەم شێوەیە نەبێت لە راستی ژیان ناگات وەعد درا ئەم هەنگاوە هەتا پۆلی چوار بەکاربێت پاش پۆلی چوار مەنهەجێکی نوێ بەکار دێت کە بەزمانی تێکەڵ لە هەردوو شێوە پێکهاتبێ مانای تەوحیدی زمانی کوردی کە ئەساسێکی بنەرەتییە بۆ پاراستنی یەکێتی نەتەوەکەمان کە زمانی یەکێتی سەرەکی یەکێکە لە ئەساسەکانی نەتەوەی خۆمان، ئایا وەزارەتی پەروەردە هیچ هەنگاوێکی هاوێشتووە لەم بارەیەوە هیچ تەنسیقێکیشی کردووە لەگەڵ پسپۆڕان مەجمەعی علمی کوردی بۆ دانانی زمانێکی ستاندەر کەدەبێ یەکەم هەنگاو لە قوتابخانەی سەرەتایی دەست پێ بکات؟ ساڵی ٢٠٠٢ ئەم قوتابیانە ئەم ساڵ پۆلی چوار تەواو دەکەن ئایا قوتابخانە هەر لەسەر هەمان مەبەست دەروات وەزارەت کە پۆلی پێنج و شەشیش هەر بەهەمان شێوەی ئێستاکە بروات مانای بە دوو شێوەی زمان یان نا ؟ ئەمە پرسیاری یەکەم، پرسیاری دووەم کە تەدریس بەزمانی کوردی دەستی پێکرد لەیەکەمی سەرەتایەوە لەساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ ڕاپەرین ئەم قوتابیانە ئێستا گەیشتوونەتە پۆلی سێی ناوەندی ئەم ساڵ سێی تەواو دەکەن، ئایا لەگەڵ زانکۆ و کۆڕی زانیاری کوردستان هیچ تەنسیقێک کراوە زانکۆ ئەم راستییەی بخاتە بەر چاوی خۆی چونکە ئێستا خوێندن لە زانکۆ بە عەرەبی و بە ئینگلیزییە من ناڵێم ئەم دوو زمانە لە خوێندنی زانکۆ لابەین چونکە زمانی حەزارەت و علمی تازەیە و سەروچاوەی هەموو مەسدەری زانست بەم دوو زمانەیە، بەڵام زانکۆ ئەوەی خستۆتە بەر چاوی خۆی کە ئەم راستییە ئەم قوتابیانە کە بگەنە زانکۆ ئەو حسابەیان بۆ کراوە کە زمانی زانکۆ ببێتە زمانی کوردی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک سەعید، فەرموو کاک د.رزگار.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕۆڵی پەروەردە لەسەر ئێمە واجیبە نایەتە باسکردن یان دوو وشەی لەسەر باس بکەین بەڵکو هەر چەند باس بکەین کەمە چونکە ئەساسی میللەتە، ئێستا هەوڵی حکومەتی هەرێم، کابینەی چوار بەتایبەتی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، من دوو پرسیارم هەیە یەک بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە خوێندنی نەزەری و پراکتیکی هەردوو پێکەوە گرێدان ئەساسا کو دەگەنێ مەبەستی من ئەوەیە؟

تاقیگەکانی ئێمە کە نەزەریەکان دێنە خوێندنێ بۆ تاقیگەکان بەکار نایەت واتە عەمەلیەن بخوێندرێن بە پێی ئەو زانیاریانەی کە هەمانە بەڕێزیشی ئاگادارە ئەدەواتی تاقیگەیی ئەسڵەن هەر نییە زیاتر ناوچەکانی قەزاو گوندەکان، پرسیاری من ئەوەیە ئایا هیچ بیرۆکە هەیە کە ئەم تاقیگانە پڕبکەنەوە هەر لەچ ڕێگایەک بێت چ حکومەتی هەرێم یان یونیسێف بێت یان ڕێکخراوێکی مرۆڤایەتی بێت تەجهیزی ئەم تاقیگانە بێتە ئەنجام بۆ وانە زانستیەکان؟ پرسیاری دووەم: بڕیارێک دەرچوو بۆ ساڵی عەدەم رسوب لە زانکۆ ئایە جەنابی هیچ هەوڵی داوە کە ئەمە تەعمیم بکرێت لەسەر قوتابخانەکان هەرنەبێ ئامادەیی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک د.رزگار، بەڕێز کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان گوتراوە ((نان بۆ نانەوا گۆشتیش بۆ قەساب)) ئێمە سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین کەوا تەتەروقی کرد بۆ هەموو گرفتەکانی پەروەردەیی زۆر بەرێکوپێکی لەبەر ئەوەی کە مامۆستایە بۆیە شارەزایی تەواوی هەیە، دەربارەی مەنهەجی کوتب ئایا چ فکرەیەک هەیە بۆ پیاچوونەوەی مەناهج بەتایبەتی لە دەرسی مێژوو و دەرسی ئایینی بۆ پۆلەکانی سەرەتایی.
باسی ئیشرافی پەروەردەیی جەنابی وەزیر تەتەروقی بۆ نەکرد، ئایا ئیشرافی پەروەردەیی تا چ رادەیەک دەوری هەیە و، ئێستا پلانی نوێیان چیە و، لە هەمووی گرنگتر لای من ئەوە بوو کە پلانی سەنەویی و مانگانەیە، ئایا موشریفەکان دەوریان چیە ؟ چۆن تەفریقیان نەکردووە تا ئێستا ؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پرسیارەکان روون بوون کاک عبدالعزیز، پرسیارەکان روونە. بەڕێز کاک ابراهیم دوغرمچی.

**بەڕێز إبراهیم عبدالقادر دوغرمچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێر هاتنی جەنابی وەزیری پەروەردە دەکەین، من یەکسەر داخیلی پرسیارەکان دەبم بەگوێرەی ئیشراف تەربەوی ئەوانەی کە ئێستا دامەزراینە وابزانم «الرجل مناسب فی المکان المناسب» نیە ئەوەی هەیە دوو ساڵە یان سێ ساڵە تەخەروجی کردووە یەکسەر بوویتە موشریف بەخۆی ئەساسەن موشریف دەبێت ماوەیەک لە ئیدارە ئیش بکات، ماوەیەک لە تەدریس ئیش بکات، تاوەکو بتوانێت کاتێک کە دەچێتە قوتابخانە تەفتیشی مامۆستایان بکات بە چاکی هەڵیان سەنگێنێ، ئێمە هەموو قوتابی بووینە موشریف دێتە پۆل تەفتیشی مامۆستا دەکات.

یەکەم جار سەیری ئسلوبی دەکات بزانی ئوسلوبی دەرس دانی چۆنە؟دووەم جار گەیشتە چ مەوزوعێک بەخۆی دەست پێ دەکات موناقشەی قوتابی دەکات. باشە ئەو موشریفە کە دوو ساڵە یان سێ ساڵە تەخەروجی کردووە لە ئوسلوبی تەدریس نازانی لەوانەیە ئەو مەوزوعەی کە مامۆستا دەیلێتەوە لەوانەیە لێی زەعیف بێت، باشە چۆن مستەوای علم لە قوتابخانە زیاد دەبێت و، چۆن تەفتیشەکە بەرێکوپێکی دەروات و، هەروەها زۆر لە قوتابخانەکان کە موفەتیش دەچێت موختەبەراتی نیە، موختەبەراتەکان لەکاتی راپەرین زۆربەی دزران، راستە هەندێک دابین کرایە، بەڵام ئێستا زۆربەی قوتابخانەکان موختەبەرەکانیان زۆر کەموکوورِی تێدایە، ئەوە کار دەکاتە سەر مستەوای قوتابی بەتایبەتی دیراسەتی علمی و، هەروەها پاکوخاوێنی قوتابخانەکان و بیناکردنی قوتابخانەکان لە کاتی خوێندن کار دەکاتە سەر قوتابیەکان. دەبینین سێ قوتابخانە لە یەک قوتابخانە دەوام دەکەن دەرسی ٤٠ دەقیقەیی دەبێتە ٢٠ دەقیقە، یەعنی باشترە ئەگەر چاک کردنەوەی قوتابخانەکان لە کاتی خوێندن نەبێ و لە کاتی پشوو ببێت و، هەروەها بەکارهێنانەکان کە پەیوەندی بە پاکوخاوێنی هەیە قوتابخانەکان ٨٠٪ فەراشی تێدا نیە، ٧٠٠ یان ٨٠٠ قوتابیە یەک فەراشی هەیە، لەوانەیە جەنابی وەزیر لە هەندێ قوتابخانەکان داوای کردیە گوتیەتی با مامۆستا و قوتابیەکان قوتابخانە پاک بکەنەوە ئەوە منتیقە مامۆستا و قوتابی قوتابخانەکان پاک بکەنەوە؟ باشە ئەسبابی نەبوونی فەراش چیە؟ ١٥٠ دینار وەردەگری بەڵێ ئەو تەعین نابێ بە ١٥٠ دینار لە کەسنەزان و یان دارەتوو بێت رۆژێ ٣ دینار بداتە سەیارە و بە ٩٠ دینار نایێت تەعینی بکات حەللي ئەو سەغرەی بکرێت کە مەعاشێکی باشی یان موخەسەساتێکی باشی بدرێتێ تاوەکو هەر قوتابخانەیەک سێ چوار فەراشی تێدا بێت ٨٠٠ قوتابی بە یەک فەراش پاک نابێتەوە یان دوو دەوام بە یەک فەراش، لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ابراهیم دوغرمچی. بەڕێز کاک حاکم سەفەر محمد حسین.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک عەبدولعەزیز تەیب وەزیرێ پەروەردە بۆ ڤێ راپۆرتە پر بەهاو دوورو درێژە، وان دەزانی بۆ چالاکیە هاتینە ئەنجام دان ئت هەمی وارێکی دەوڵەت دا بە هەردوو ساڵی بۆریدا راستی پێش ڤەچوون و پێش کەفتنێکە زۆر دیارە پێش چاڤە لە بواری پەروەردەدا هاتنە کرن دەبێت هەمی داری موافق بن، پرسیارێک و، جەنابی ویش ئیشارەتی پێ دا بەراستی مامۆستایەکی زۆرمان هەیە مامۆستای ئیختیساسی فیزیاو کیمیاو ریاضیاتە و زمانی ئینگلیزی و پارێزگا دهۆکێ لەوانەیە ئەڤ ئاریشەیە گەڤ لە جێگا خۆیە پتر سەعی کرن بۆ پرکردن ناڤان، راستی نزانم جەنابێ وی دوو جار سەرت وی نزانم کە جەنابی ئەکید هەنە تەرتیب پێ کرنە و،

راستی تەڵبە هەتا دێتە کولیەو دەرچێت کولیەکا علومێ ئان تربیە لەوانیە حکومەتی هەرێمێ دەها هەزارێ پارە لێ سەرف کرن هەتا دەرچێت ژ ڤێ کولیە. حەقە بەراستی نیزام کرن عەلەقەن ماوەی دە ساڵە دوو ساڵ یان سێ ساڵە نیزام کرنایە دەرس دابانە لە قوتابخانە هەرێمێ یان ئیشکالەکا دی لە ناحیە مەعنەوی یا مادی بچێتە بار، یەکا دی بەراستی نزانم بزا بۆ هیمەتە جەنابی وی لە وەزارەتا پەروەردێ هەتا چ حەدێک ئەنجام داینە بۆ ئە زمانێکی یەکگرتوو بێتە خوێندن لە قوتابخانەی هەرێمێ کە زۆر شتێکی پێویستە بۆ ئایندەی کوردستان و هەموو وڵاتی کورد، دەزانم دهۆکێ وەکو ئاگادار راستی هەر هەتا نەفتی سپی نەهاتیە بلاڤ کرن لە قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی و، نزیکی هەوا سەرمایە دەست پێ کرن نزیکی چلەی زستانینە جا جەنابتان چ د بێژیت، جارەکادی بۆ جەنابی وەزیر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک شێخ یحیا بەرزنجی.

**بەڕێز یحیى محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەوزوعێک تا رادەیەک کۆن بووە من باسی دەکەم لە خزمەت جەنابی وەزیر دەربارەی پرسیارەکانی عەرەبی پۆلی شەشەمی زانستی ساڵی ٢٠٠١ هەڵەی تیا بوو لە رۆژنامە لەسەری نووسرا هیچ وەڵامێک نەبوو، ئایا بەرپرسیان لە حەق بەرپرسیاری ئەو مەوزوعەن لە ئەنجامدا شتێکیان بەرئەنجام دا یان بۆ ئەو قوتابیانەی کە زەرەرمەند بوون لە هەڵەی ئەو پرسیارانە چی کرایە یان چ نەکرایە. پرسیاری یەکەم دەربارەی مەنهەجی دیراسی خوێندن گەلێک باسی لەسەر دەکرێت رەنگە لە رۆژنامەکان و لە ئەنجومەنی وەزیرانیش باسی لەسەر کرا بێت لە دین یان لە مێژوو یان لە جوگرافیا یان لە پەروەردە گەلێک جار دووبارە کراوەتەوە، ئەوانە نازانم رەنگە تا رادەیەک ئیستیفادەی بۆ هەندێک گۆڕانکاری تیا بوو، بەڵام بۆ هەندێکی هەروەکو خۆی ماوە. لێرەدا ویستم تایبەت وانەیەک بۆ قۆناغێک لە قۆناغەکانی بخەمە پێش چاوی بەڕێزتان بەڕێز وەزیری پەروردە، وانەی ئایین لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی بەم شێوەیە بەڕێز بە سورەتی فاتیحە دەست پێ دەکات وانەی یەکەم (الانشراح)ە وانەی دووەم (التین)ە وانەی سێیەم (الناس)ە، دوایی باسی موسڵمان و خوا پەرستی و باسی کافرو بت پەرستی دەکات، وانەی پێنجەم سورەتی (الفلق)ە وانەی شەشەم ئەدەبی سەردان. ئەمانەی کە باسم کردن هەموویان بۆ راڤەو لەبەر کردنە واتا بۆ شەرح و لەبەرکردن (اذا استأذن احدکم ثلاثاً فلم یؤذن له فلینصرف)، بەس وانەی حەوتەم خوورەوشتەکانی ئایینی ئیسلام هەر بۆ راڤەو لەبەر کردنە (لیس منا من لم یرحم صغیرنا و یوقر کبیرنا ویأمر بالمعروف وینه عن المنکر)، وانەی هەشتەم ئەدەبی سڵاو کردنە بۆ راڤەو لەبەرکردن (یسلم الراکب علی الماشي والماشي علی القاعد والقلیل علی الکثیر)، وانەی نۆیەم

ئەرکەکانی ئیمان و باوەڕە کە شەشن دەیانژمێرێ بۆ لەبەرکردنە، وانەی دەیەم دەست نوێژ لە نییەتەکەوە دەست پێ دەکات هەتا کۆتاییەکەی لەگەڵ دوعای خێرەکەی دەکات (اللهم اجعلني من التوابين واجعلني من المتطهرين)، وانەی یانزەهەم نوێژە لە بسم الله و نییەتەوە دەست پێ دەکات هەتا سلام و دوعای خێرەکەش (ربنا انك عفو تحب العفو فاعف عنا)، وانەی دوانزەهەم یاوەرەکانی پێغەمبەر، ئەم هەموو مادەیە لە ئاییندا بۆ لەبەر کردن سورەتی (الكافرون)نیشی تێدایە وابزانم وانەی چوارەمە، ئەم هەموو وانەیە بۆ قوتابیەکی پۆلی سێیەمی سەرەتایی کە هێشتا زمانی پاک نەبۆتەوە، ئایا قوتابی توانای ئەم هەمووەی هەیە، ئەمە شتێکی گرانە، هیوادارم پیاچوونەوەی پیا بچنەوە یەک بۆ مەنهەجەکە دوو بۆ مامۆستای پسپۆڕ بۆ دیراساتی دەرسی ئایینی، مامۆستای وامان هەیە دەرسی ئایینی دەڵێتەوە باوەڕ بفەرموون بەڕێزان لە برایانی غەیری موسڵمان بووە لەم کوردستانە، لەم سێ ساڵەشدا دەتوانم بەناوو بە قوتابخانەش بە ساڵیش پیشان بدەم و بخەمە پێش چاوی وەزیری پەروەردەی بەڕێز، دەرسی ئایینی خراوەتە پاڵ دەرسی ئینگلیزی یەعنی مامۆستای تایبەتی نییە، مامۆستای وامان هەیە لەگەڵ هەموو ڕێزم بۆ مامۆستایان رەنگە نەتوانێت خۆی باش ئایەتەکە بخوێنێتەوە، چونکە خوێندنەوەی ئایەت خوێندنەوەکی تایبەتی دەوێت، رەنگە مامۆستاکە خۆی ئەو ئیلمام و ئەو دیرایەتەی نەبێت بە تەواوەتی ئایەتەکە بخوێنێتەوە، بۆیە تکا دەکەم کارێکی وا بکرێت کە مامۆستای پسپۆر بۆ وانەی ئایین لە هەموو قۆناغەکان دابنرێت، مەنهەجەکانیش بەشێوەیەکی گشتی لە یەکی سەرەتایی وای لێ بکرێت موتەمیمی یەکتر بێت تاوەکو شەشی ناوەندی لەوێ کە دەرەچێ فەهمێک و دیراسەتێکی تەواوی هەبێت لە دەرسی ئاییندا، ئەگەر ئیجازە بدەیت یەک مەوزوعم ماوە ئەمەوێ باسی بکەم بۆ بەڕێز لەسەر مەوزوعی دەرسی زمان و پۆلی شەشی زانستی ئیجازە بدەن ئەوەش باس بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت حەقی دوو پرسیارەت هەیە، تکایە موناقشەم لەگەڵ مەکە، هەردوو پرسیارەکەت فەرموو، فەرموو دانیشە. بەڕێز کاک عەبدولخالق زەنگەنە.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشيد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١ـ بەڕاستی من سوپاسی وەزیری پەروەردە دەکەم کارێکی باش و زۆریان کردووە بەتایبەتی لەو دوو سێ ساڵەی کۆتایی، من وا تەسەور دەکەم مامۆستایان دەورێکی گرنگیان هەیە، لەبەر ئەوە کە موخەسەساتیان ٣٠٠ دینارە بەشێکیش وەریناگرێت وەک باحسی ئیجتیماعی، داوا دەکەم ئەگەر لە ڕێگای بڕیاری ٩٨٦ بێت یان بە هەر سیغەیەک بێت ئەو موخەسەساتە کەمە بۆ ئەو شەریحەیە و، هەروەهاش کار دەکاتە سەر وەزعی دیراسیان بەنیسبەت قوتابییەوە، چونکە

زۆربەیان مەجبور دەبن لە دوای دەوام ئیش بکەن.
٢ـ دەربارەی ئەوانەی کە تەعین دەکرێن کە مامۆستا دەرچووی سناعەو تیجارەتن و، بەشێکیانیش ١٠ ساڵە یان ١٥ ساڵە وازی هێناوە دەیانکەنە موعەلم بێ ئەوەی دەورەی باشیان لێ وەربگرن و، ئەوە زۆر کار دەکاتە سەر موستەوای دیراسەت پێم خۆشە ئێمە قوتابیمان زۆرە بۆ ئەوەی مستەوای دیراساتمان کەم نەبێت ئیعادەی نەزەر بکرێت بۆ ئەو بڕیارانە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک عەبدولخالق، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١ـ بەگوێرەی ئامارێکی وەزارەتی پەروەردە، ڕێژەی نەخوێندەواری (٣٤٪)ە ئایا وەزارەت چ پلانی هەیە بۆ کەم کردنەوەی نەخوێندەواری؟.
٢ـ بەڕاستی لەسەر وەزعی کوردستانا بەشێوەیەکی گشتی کود جیهێ پێکەوە ژیانی ئایینییە کود جیهێ تر تەسامح دینیە ئەم بیری کو جیهانێ گوروپێکی لەناو چوونی ئیسلامیە، ئایا تربیە چ شتەک هەیە منهاجێ دینی بەشێوەیەکی گشتی هەمی پۆلا بەرێ خۆ بداتێ کو پتر تەرکیزێ سەر تەسامحا دینی بکاتن بۆ سەر ژیانە ئایینی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید، بەڕێز کاک شەفیق ئەمین.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

١ـ کارگەیەکی تەباشیر کراوەتەوە لە هەولێر تا ئێستا بەرهەمی نەبووە بۆچی؟.
٢ـ ئەو مامۆستایانەی کە لە دەرەوەی هەولێر دێن تا پێویستە تەعینیان ناکەن لەبەر ئەوەی بەڵگەیان نیە، خۆتانیش دەزانن ئەوانەی لە کەرکوک و لە دەوروبەری موسڵ دێن ئەوانە بەهیچ جۆرێک حکومەت وەسیقەی پێ نادات، حەق وایە ئەوانە تەعهودەکی خەتیان لێ وەرگرن و، تەعین بکرێن تا ڕۆژەکی بتوانن ئەو وەسیقەیە بێنن، چونکە ئێمە لەهەمان کاتدا ئەو وەزارەتەی ئێمە پێویستی بە مامۆستا هەیە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک شەفیق ئەمین، بەڕێز کاک شێخ عەفان نەقشبەندی.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی بێ پایانم بۆ جەنابی وەزیری پەروەردە هەیە، بەڕاستی ڕاپۆرتەکەی زۆر تێرو تەسەل و

ڕێکو پێک بوو لە مستەوایەکی تەواوی مەسئوولەت بوو ئەوەی زۆر لایەنی هەیە ڕەنگە جەنابی هێشتا تەتروقی بۆ نەکردیە وەک قەڵاچۆی نەخوێندەواری، بەڕاستی ناوی زۆر گەورەی بۆ نراوە، جگە لەوانە کۆنفراسی پەروەردە زۆر بەدرێژی گرنگی پێ درا بوو، جگە لەوانە زەبت کردنی حەوانیتی قوتابخانەکان، بەڵام پرسیارەکەی من دێتە سەر ئەوەی چاریکی زۆر گرنگ کراوە ئەویش مەوزوعی نەو جەوانان، کۆمەڵێک قوتابخانە هەنە بەناوی نەوجەوانانەوە ئەمانە ئیمکانیاتێکی باشیان بۆ تەوفیر کراوە لە بریاری ٩٨٦ ئەمە ئەگەر گرنگیەکی باشی پێ بدرێت هەتا بەڕای ئێمە گەر مدیریەتیان هەبێت، چونکە بەڕاستی ئەمانە فێری ئیشی دەست دەبن ئەمە کارێکی باشە.

٢ـ لەسەر کتێب بوو، کتێبێکی زۆر چاپ کراوە لە چاپخانەی پەروەردە، ڕەنگە ئیستیعابی وزەی قوسوا بێت لە سنووری سێ ملیۆن و نیو کتێب چاپ کراوە، بەڵام ئێمە سەردانی قوتابخانەیەکمان کرد کتێبێکی زۆر گرنگ بوو دەستمان نەکەوت ئەویش ئەگەر گرنگی پێ بدرێت ئەویش ئەدەبی شەشی ناوەندی بوو، ئەگەر پێش کتێبەکانی تر بخرێت، چونکە ئەوە هیچ کێشەیەکی تێدا نیە لەبەر ئەوە پێویستیشیان پێیەتی، ئەوە پرسیارەکەم بوو. زۆر سوپاسی جەنابی وەزیریش دەکەین بەتایبەت هاوکارە لەگەڵ یەکێتی قوتابیان و یەکێتی مامۆستایان لیژنەی پەروەردە جێگای سوپاس و پێزانیە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز شێخ عەفان، بەڕاستی دەبێت ببوورن کە قەتعتان دەکەم ناهێڵم پرسیارەکان بکەن، چونکە کاتەکشمان دیاریکراوە لە مەسلەحەتی هەمووانە یەعنی ئەوە نیە من نامەوێ فلان زیاد پرسیار بکات و فلان کەم پرسیار بکات لە مەسلەحەتی هەموومانە پرسیارەکان دیاریکراو بن، ٦٠ پرسیار زۆر زۆرە ئیمتیحانی بەکەلۆریا چەند پرسیار دەکرێت، پێنج پرسیار دەکرێت یان چوار پرسیار دەکرێت، ٦٠ پرسیار دەکرێت ئەگەر هەر یەکێ لەو بەڕێزانە دوو پرسیار بکەن، ئینجا لەوە زیاتر نتیجەکەی بۆ هەموومان باش نابێت، چونکە وەڵامەکان باش نابن. بەڕێز کاک فاضل ڕەئوف.

**بەڕێز فاضل رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی وەزیری پەروەردە دەکەم یەک پرسیارم هەیە ئەویش ئایا بەڕێزیان بە نیاز نین چاوێک بە پەیڕەو و پرۆگرامی قوتابخانەکان وەک مەنهەج بەتایبەتی مێژوو و جوگرافیا و کۆمەڵایەتیدا بگێڕنەوە بەتایبەتی کە ئێستا جیهان بەرەو گۆڕانکاری دەچێت، سوپاس.

**بەڕێز ەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک فاضل رؤوف، بەڕێزکاک ئەنوەر شوکر.

**بەڕێز انور شكر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە:

١ـ دەربارەی مێژووی نوێ و هاوچەرخی پۆلی شەشەمی سەرەتاییە کە لە حەوت بەش پێک هاتووە جگە لە شەش بەشی یەکەمی تەنها بەشی حەوتەم نەبێت باس لە مێژووی گەلی کورد دەکات بەشێوەیەکی کورت ئایا بۆچی زیاتر گرنگی بە مێژووی کوردو شۆرشەکانی نەدرێ و بابەتەکانی زیاتر بەرفراوانتر و باسەکانی بەدوورو درێژی نەبێت.

٢ـ پارەی موحازەرات بۆ مامۆستایانی ناوەندی و دواناوەندی وەکو مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکان مانگانە سەرف ناکرێت تەنها بۆ نموونە پارەی موحازەرات لە مانگی ١٢ لەو مانگە سەرف کرایە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک ئەنوەر شوکر، بەڕێز کاک نادر محمد قادر.

**بەڕێز نادر محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گەڕانەوەی دەرماڵەی مامۆستایەکانی ئاوارە کە تەنسیب کراوە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک نادر محمد قادر، بەڕێز کاک ئەحمد سالار.

**بەڕێز احمد سالارعبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بفەرموون پرسیارم ئاراستەی رێزدار وەزیری پەروەردەیە، پرسیارەکانی ترم بەڕێزیان لە دوو توێی وتەکانیان باسی کردو دڵنیای کردم کە سەبارەت بوو بە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و وانەی هونەرو مامۆستای هونەر ئەم پرسیارەم هەیە سەبارەت بەو ناوەخنەی بۆ پەروەردەی ئیسلامی بەتایبەت بابەتەکانی قوتابخانەی سەرەتایی، یەکەم چ گونجاندنی لە نێوانی بابەتەکان و ئاست و تەمەنی قوتابیان نیە و لەڕووی ئاخافتن و خوێندنەوە بۆی نادوێ چ گرانی دەربرین و چ لە واتاو ناوەڕۆک گەیشتن. هەر چۆن لەو تەمەنە وەکو ئامێری ئاخافتن و بەتایبەت بەشی پیت پێکهێنەرەکان راهاتووی هەندێ پیت و هەندێ پیت هێنانەوە نین کە چ لەڕووی سروشتیان یان دەرچەیان جودایی و نەگونجان هەیە و، بە هەڵەیەکی بچووک خوا نەخواستە مەبەستەکە ئاڵۆز دەبێت، لێرە نموونە دەهێنمەوە سورەتی ئەلکافیرون کە بۆ راڤەو لەبەر کردنە کە خۆی ئەو سورەتە

پیرۆزه نموونەکی باڵای هونەری جوان بەکار هێنانی هەردوو پیت عین و بێ کە لە شەش رستە ١٦ جار بەکار هێنراوە عین قوورگە پیتە کاتی دەربرینە دیوارەکانی قوورگ تەسک دەبنەوە بەهۆی هاتنەوە دواوەی کەمێک بنە زمان بەرز بێتەوە، هەروەها لە دەنگە لەراوە مەنگەکانە پیتی بێ لێوە پیتە واتا جووتە لێو کار لە پێکهێنانیان دەکات و بەپێی رادەی هەوا گرتنەوە لەکاتی وتنیاندا کە دەرپەریوەکان دەردەچن و، پیتەکە پێک دێت کەواتە هەردوو پیت لەرووی سروشت و دەرچەوە گەلێک دوورن و، جودان ئایا ئەوە لە ئاستی قوتابیەکی ئەو تەمەنە دایە، بێگومان نەخێر دیارە مەبەستی وانەکەت دانان و بەهێز کردنی بنچینەی ئایینە لای قوتابی و کۆشکی خوا ناسین و ئایین لا شیرین کردنە، ئایا بیر لە پرۆگرامێکی نوێ کراوەتەوە لەبری ئەوە، لەگەڵ رێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک ئەحمەد سالار، یەعنی ئەوەی کە من لێی تێگەیشتم حەرفی عین وبێ بەیەکەوە زەحمەتە هەر ویستم شەرحی بکەم بۆ جەنابی وەزیر، بۆ ئەوەی لێی تێک نەچێت. بەڕێز کاک وریا دزەیی.

**بەڕێز وریا احمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پوختەی پرسیارەکەی من ئەوەیە:

ئایا قوتابخانەیەکی نموونەیی وەکو قوتابخانەی کوردستان کە ئەم ساڵ لە کۆلیجی زانیاری و پزیشکی زیاتر لە ٨٠ قوتابی وەرگیراوە متمانە بەو بەڕێوەبەرە نەکرێت کە ٥٠ دینار بتوانێت بۆ خۆی سەرف بکاتن بۆ قوتابخانەکەی، بەڵام لەلایەکی ترەوە قوتابخانەیەکی نموونەیی کە بینایەکەی تازەیەو ئەمساڵ بۆ یەکەم جار دەوامی تیا دەکرێت ١٠٠ هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە بۆ تەرمیماتی قوتابخانە ئەم جیاوازیە بۆچی؟ لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئەمین مەولود.

**بەڕێز امین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جاران لە پەروەردە پزیشکی تایبەتی هەبوو، راستەخۆ پەیوەندی بەس بە پەروەردە هەبوو و، ئەو پزیشکە سەردانی قوتابخانەکانی دەکرد، هەروەها فەحس وفوحوساتی دەکرد، ئەگەر پێویست بوایە دەیناردن بۆ شوێنی موختەس. ئایا وەزارەت هیچ پلانێکی ئەوتۆی هەیە بۆ ئەوەی شتێکی تایبەتی هەبێت، لەگەڵ رێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک ئەمین مەولود. بەڕێز کاک زاهیر محمد ئیبراهیم.

**بەڕێز زاهر محمد إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێک ئەگەر چی جەنابی وەزیر لە کۆتایی راپۆرتەکەی ئیشارەی پێدا، بەڵام بۆ زیاتر قەناعەت سەبارەت بە پەیرەو کردنی یاسای لێدان و لێنەدان وابزانم ئەو یاسایە کت ومت لە کۆمەڵگەیەکی زۆر پێش کەوتووەوە گواستراپتەوە بۆ لای ئێمە کە جیاوازیان زۆرە، چونکە لەو شوێنانە یەکەم ژمارەی قوتابیان زۆر کەمترە، دووەم قوتابی کە دێت بۆ قوتابخانە پێشتر بە چەند قۆناغێکی پەروەردە و فێر کردن تێپەربوەو ئامادە کراوە لە هەموو رووێکەوە هەر لە ماڵەوە تاکو دایانگەو باخچەی ساوایان و شتی تر، بۆیە پێویست بە لێدان ناکات، من ناڵێم فەلاقەکاری هەبێت، بەڵام قوتابیەکی سەر کەش و لاسار چاو سوورکردنەوە و سزایەکی سووکیشی هەر پێویستە، چونکە هەندێ نموونەمان بەپێچەوانەوە لامان دروست بوو کە جێی داخ بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د. لەتیف بەرزنجی.

**بەڕێزد. لطیف محمود احمد برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە دەربارەی ئامادەیی میهەنی، یەکێ لەوانە باس کرا کەخەریجی ئامادەیەکانی کشتوکاڵ و سناعەو تیجارە دەبن بە مامۆستا وا دیارە ئەم خەریجانە لە بواری ئیختیساساتی خۆیانە ئیشیان نیە بۆیە دەیانکەن بە مامۆستا. لە لایەکەوە ئەگەر تەخەروج بکەن بێ کارن و، ئەگەر بشکرێن بە مامۆستا مامۆستایەکی ناتەواون، ئایا وەزارەتی پەروەردە هیچ نەخشەیەکی بۆ ئەم لایە هەیە ؟.

پرسیاری دووەمم بەنیسبەتی ئامادەیی کشتوکاڵەوە بەشی تەندروستی ئاژەڵی هەیە ئەو بەشە ئەجهیزەو ئامێرو شتی وایان پێویستە هیچیان نیە ئەو کادیرانە کە تەخەروج دەکەن دێن لە مەجالی بەیتارو ئاژەڵ کار دەکەن کادیرێکی مەشلولن لەبەر ئەوەی هیچ شتێکیان نیە تەدریبی لەسەر بکەن، ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە نەخشەیەک یان هەمە ئاهەنگەکیان هەیە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کارە لەگەڵ رێکخراوی فاودا هەندێک ئەجهیزەو کەلوپەلی واتان بدەنێ چونکە ئەم کادیرانەش دێنەوە لەبواری ئیختیساساتی خۆیان ئیش دەکەن، پێویستە کادیرێکی مودەرەب و موەهل و بەتوانا بن، لەگەڵ رێزمدا. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا موحسن موفتی.

**بەڕێز محسن خالد مصطفی مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ناوی وەزارەتی پەروەردە بەخۆیەوەتی دەورێکی زۆر گرنگی هەیە، بۆیە لە پەروەردە کردنی قوتابییانا ئەرکێکی گەورەتر لەسەر شانیانە، من دوو پرسیارم هەیە بۆ جەنابی وەزیری پەروەردە:

١ـ هەندێک تیشک خرایە سەر دەرسی ئایینەوە، بەڵام من لە لایەکی ترەوە بۆی دەڕۆم دەرسی ئایین لە قۆناغی سەرەتایە بەشێوەیەکی تایبەتی گرنگیەکی پێدراوە هەر چەند لەگەڵ ئەوە دام کە کاک احمد سالار و کاک شێخ یحیی باسی کرد، تەنانەت لە خوێندنی حوجرەی فەقێیەکان تەنها ئەو سورەتانەی کە ئەوان باسی دەکەن دەخرایە دوای قۆناغێکی پێگەیشتنەوە بۆ ئەوەی لە ئاستی تێگەیشتن وتەعلیمی ئەو قوتابیەی کە دەرناچێت، دەرسی ئایین لە قۆناغی سەرەتایدا زیاتر گرنگی پێ دەدرێت کە دەگاتە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی کەمتر دەبێتەوە بەداخەوە کە دەگاتە قۆناغی کۆلیجەکان بەرەو بنبڕ دەروات و هەتا بروات وای لێ دێت کە هەر نەمێنێت، لەبەر ئەوە پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا بیر لەوە کراوەتەوە کە بە قۆناغ بروات، بەڵام هەتا ببێت تێرو تەسەل بروات، چونکە پەروەردەی لەگەڵ هەموو قۆناغەکانی ژیانی قوتابی دەروات تا پێگەیشتنی تەواو دەبێت.

٢ـ ئەوەیە پێغەمبەر دەفەرموویت(ص)(انما بعثت معلماً) تەعلیم و فێر کردن گەورەترین شانازی بووە کە پێغەمبەر (ص) باسی کردووە کۆمەڵگای ئێمەش لە کوردستان کۆمەڵگایەکی ئیسلامیە موسڵمان بە موسڵمانیەتی خەڵک پەروەردە دەبێت، وا دەزانم لە هەندێ قوتابخانەکاندا کە تێکەڵی لەنێوان کوڕ و کچدا هەیە بەتایبەتی لە قۆناغی پێگەیشتنە زیانی زیاتر بووە لەوەی کە قازانجی هەبێت هەر چەند لەڕووی هەندێ دیراساتەوە کە باسی دەکرێ و لێک چواندن و تەشبیهە کردن لەگەڵ دانیشتوانی ئەوروپی بۆ قۆناغی خوێندن و کۆمەڵگای ئێمە ناشێت. پێغەمبەری ئیسلام دەفەرموێت کوڕ و کچ کە خوشک و برای حەقیقی یەکترین لەدوای تەمەنی ١٠ ساڵیەوە لە ماڵی خۆیانا لە یەکتریان جیا بکەنەوە، ئێستا گوێ بیستی ئەوە دەبین لە پەیمانگای مامۆستایانیش کە لە یەک جیاوازن هەوڵی ئەوە بدرێت یان قسەی وامان بیستووە کە بخرێنە پاڵ یەکتریەوە، ئێمە ئومێدمان وایە و داواشمان ئەوەیە کە لە مەنهەجی دیراسەی خوێندنەکان بەتایبەتی ئەو قوتابیانەی کە پێگەیشتنیان هەیە لە دوای سەرەتایی و ئەوانەوە دەست پێ دەکات هەوڵی ئەوە بدرێت کە قوتابخانەکان و قوتابیەکان کوڕ و کچ لێک جیا بن بۆ ئەوەی زیاتر بە خوێندن و ئەخلاق و ڕەوشتەوە پەروەردە بن نەک بە بابەتی ترەوە، لەگەڵ ڕێزمدا. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لە پەرلەمانیش جیایان بکەینەوە، بەڕێز شفیقە عبداللە.

**بەڕێز شـــفـــيـــقـــە فـــقی عـــبـــداللە:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومــــەن.**

من دوو پرسیارم هەیە لە جەنابی وەزیر هەر چەندە لە گفتوگۆیەکەدا ئاماژەی پێ کرد، بەڵام من بۆ چوونی خۆم باس دەکەم، بەنیسبەت میلاک و ئیختیساسات لە دهۆک و ئاکرێ و شوێنە دوورەکان زۆر کەمە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەرچووانی سناعەو زراعە و تیجارە پەیمانگای هونەرە جوانەکان کە ئەوان ئیـختـیسـاسـاتی جیـاوازیان هەیە بەتایبـەتی پەیمانگای هونەرە جوانەکـان کـە ئێـمە پێـیان دەگەیەنین لێرە خۆمـان ئیسـتیفادەیان لێ بکەین لە بواری تر ئیسـتیفـادەیان لێ دەکەین ئەیانێرین لەو شوێنە دوورانە ئیختیساساتیان نیە، ئەمە زرەرو زیانی زۆری هەیە بۆ قوتابیەکانمان بەتایبەتی لە گوندە سنووریەکاندا.

پرسیـاری دووەمیـشم برادەران زۆر ئاماژەیان پێ کرد لەسەر مەنهەجی دروسـە کۆمەڵایەتییـەکـان مێژوو و جوگرافـیا و پەروەردەی نیشتـمانی داوا کـارم کە پیاچوونەوەیەکی تیا بکرێت بۆ ئەوەی منداڵانی کوردستـان شارەزایەکی تەواویان هەبێت لە شۆرشگێرەکانی کورد و، هەروەها لە سنووری کوردستان و لە کاروباری حکومەتی کوردستان، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک فاتح محمد امین.

**بـەڕێـز فـــــاتح مـــحـــمـــد امـين:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومــــەن.**

جەنابی وەزیری پەروەردە گەلێک لایەنی گرتەوە، بەڵام ئەوەی کە تیای نەبوو باسی پرسیـارەکان و تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆریا بوو و، نهێنی ئەم پرسیارانە کە گەلێک جار بڵاوبوونەوەی بۆتە هۆی کـێـشـەیەکی گـەورە لەنێـوان پەروەردەدا، ئایا چ پرۆژەیەک هەیە بۆ پاراسـتنی ئەو نهـێنیـانـە لە دوارۆژدا کە دووبارە ئەو کێشانە دروست نەبێتەوە، پرسیـاری دووەمم ئەوەیە کە مامۆستاو قوتابی دوو کۆڵەکەی سەرەکین لە پەروەردەدا، ئایا چ پرۆژەیەک هەیە کە وا بکات لە مرۆڤ مامۆستا بێ، پێی خۆش بێت مـامـۆستـا بێت لەوەی کە بچێت شت بفرۆشێت لەسەر عـارەبانە و، قـوتابی پێی خۆش بێت قوتابی بێت لەوەی کە بچێت ببێتە شاگردی فیتەر، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا محمود دیرشەوی.

**بـەڕێز مـــحـــمـــود فـندی دیرشـــەوی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومــــەن.**

پرسیارێ من ئەوەیە بۆ ئاخافتن و ئەڤە نتیجە خوینە ملحمە دێرالوک وکانی ماس و ئەلحمد لله لە

پەرلەمانیّ کوردستانە دانیشتنا گوتنا خودیّ تەتبیق بکەن لە ئیشەک (و لئن شکرتم لأزیدنکم) هەردوو لایە و، حمدو سنای خودیّ کە وەزیریّ پەروەردەی کوردی لە هەریّمیّ کوردستانیّ لە پەرلەمانیّ کوردستانیّ سەریّ خۆ بوو مەجموعی ئەز لە گەلە کرد بە مستەحەقی بیت نەک بە زۆری لیّمان بستینیّت، پرسیاری من بۆ جەنابیّ وەزیری پەروەردە ئەڤەیە: وەزیری پەروەردەو فیّر کردن بێگومان پەروەردە لە پیّشیا فیّر کردنیّ دەرسا دین حەتا ڤیّگاڤیّ پیّک بیّژی ئەڤ میللەتە حورمەتی مەزگەفتێ بەڕاستی ئەدەبا ویش ئەوایە، ئایا دین وەکو هەر مادەیەک وەکو جەنابی وی ئیشارەت پیّ دەدریّت وەکو ماموّستای ئەویّ کو حەفت دەرجەی دایتە سەر رەسمی مانای وایە ئیمتیحانی ڤیّ کرن نە هەموویان، ئایا دەرسا دین ئیمتیحانە ویزاری سەد دەرجی لەسەر هەیە یان گەل لوغاتی عەرەبی و قواعیدو ئیملاو ئینشا پیّکەوە هەمووی، ئەڤە پرسیاریّکی منە.

پرسیاریّ دوویّ جەنابی ئیشارەی دا ئیختیساسمان نیێ وەکو هەر مادەیەکی خۆی، ئایا دەرسا دین بەریّ خۆی دەدەنە وەکو ئیختیساسی وی ئەوی کوردی بیّژیّت نموونە ماموّستایەکی دەرس دەدات بە تەڵەبە بۆ دەست نویّژ شووشتنە نڤیّژ ئەوها دەکریّت گوتی ماموّستایە کورە بیّژیّت ئەڤیّ چ تەڵەبە بیّت، ئایا جەنابی ئاگات لیّ هەیە یان نەء، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز زهرا حاجی.

**بەڕێز زهراء حاجی طه سلیفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پیّشنیاریّ بۆ بەڕێزیّ وەزیری پەروەردە و خویّندنی بالایە یەکیّ دەوراتی تەئهیلی ئەوەی ڤەکردن بۆ سیّ هەیڤا ئت مستەوادا نینێ ژ بەرکو کادیریّ باش نینێ هەروەسا ئەو بەرنامەو نەوعیەتە باش نینە، پیّشنیاریّ مە ئەوە لیّریّ ماوەیّ دەوریّ دریّژتر بیّت ئو کادرو بەرنامەی ویّژ باشتر بیّت. یا دویّ دابەش کرنا زەوی سەر ماموّستاو پیّ ئەنجامیّ باش بیّت بۆ خۆش کردنا ژیانا ماموّستا بەلی مخابن ئەو مەرجەی پیّ نەگەیاندنیّ ژ بۆ قۆناغیّ دویّ ئەون ئەگەر ژن و زەلام هەر دوو ماموّستا بن ئێک وەرگرن یا دویّ ئەویّت موزایدە کاریّت خۆت کریت ئەو ژ بیّژیّت دەهەر بیتێ پیّشنیاریّ مە ئەوەل ڤیّریّ بۆ جارە دویّ ئەڤ عاردە بیّتە دابەش کرن بیّ مەرج نە خاسمە وان جیهـا ئەو جیهەت عەدل لیّ هەبن ئوت کە مەنتیقەی دی پارچە زەوی ناکات بە ۱۰۰۰۰ دینار سیّ هەزار دینارا بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئەحمەد عەلی عومەر.

**بەڕێز احـــــــمـــــــد علی عـــــــمـــــــر:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڕێز جـەنابی وەزیری پەروەردێ ئیشـارەتێکی دا بە ئیـختـیسـاسـە مـە پێویسـتـەیەکی بەزۆر ئیـختیسـاسـە هەی وەکو فـیزیاو کیمیا و ئەحیاو ئینگلیزی و ریازییات، پرسیارێ من ژ جەنابی وەزیرێ ئەوەیە وەزیری پەروەردە نەشێتن تەنسیقێ لگەل ئەنجومـەنە وەزیران چەند ئیختیساسەکی جوانە وەختێ تەخەروجێ ژ کولیە تەعین بکەت مەرکەز هەر چەندە حکومەتە مە سالێ ١٩٨٠ تا ١٩٨٨ خـەریجێ هەمـوو کـولیـات تەقـریـبەن تەعـینێ وان مـەرکـەزی بـوو ژ خزمـەتی دەوائیـرێ حکومـەت کردبایە ئەم ژ چەند ئیـختـیسـاسـە کە پێویسـتی پێ هەی ئەگەر تەعینی وان ببێتە مەرکەزی دشی تەخەروجی کرد هەر چەندە عەسکەریش مە نینە ئێکسەر ئەم دشێم ئیستیفادەی لێ وەربگرن ئەڤە پرسیارێ ئێکەیەو، پرسیارە دوێ بزانم هەتا چ حەدەک سەرپەرشتی ومای تێ کرن دشێن مەدارسێ دینی دکرن بۆ بەرز کرنا ئاستی وانی زانیاری نە بەس ئیهتیمامی جانبێ دینێ بدەن ئەگەر هەندێ مەجالاتی تر ژی وەرگرن دێتە ژ خزمەتی گەل و نیشتمانی خۆ بکرن، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حمە عەلی تۆفیق.

**بەڕێز حـــــمـــــە علی توفــیق مـــیـــرزا فـــتـــاح:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئایا سەرەتای خوێندنیان ئەو قوتابیانەی کە ئاستی خوێندنیان بەرزە پێشتر خوێندوویانە یان ئەو قوتابییانەی کە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە بۆ قۆناغێکی تر گواسترانەتەوە یان لە پۆلەکانیان جیا دەکرێنەوە و، ماوەکەشی چەندە؟ ماوەی پشووی هاوینان چەندە کە دەخوێنن ئەوە پرسیارێک . پرسیارێکی تر زۆر جار کێشەی ئەو مامۆستایانە هەیە کە بۆ گوندەکانی دوور لە پارێزگاو قەزا و ناحیەکان دادەنرێن هەمیشە پەیوەندی نابێت یان کێشەیان هەبێت ئەوەش رەنگە زیاتر لەبارەی نەبوونی جێگاو رێگا، ئایا وەزارەتی پەروەردە هیچ هەنگاوێکی ناوە بۆ ئەوەی چەند خانوویەک لەو شوێنانە بکات و، بۆ ئەوەی ئەو مامۆستایانە تیادا نیشتەجێ بن، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، بەڕێز رەجەب شەعبان.

**بەڕێز رجـــــەب شـــــعـــــبـــــان طیب:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

یەک دوو پرسیارێ هەن بۆ جەنابی وەزیری پەروەردە، یەک کە ناوی قوتابخانەت هێناوە کرن کە

جێی شاخاوی زۆرن و، گەلی زۆرەو، کەندال زۆرن گەلەک دەڤەری کوردستان، رێکخراوی جیهانی بێـژن ٣٥٠٠ نەفەر هەبن کە ئەم قوتابخانەیە دانێن لە حالەتێکدا گەلەک جێ و گەلەک دەڤەر محروم بن لە قوتابخانە، چونکە بۆ ئەڤ مساحە عاردی نیە بەلکوم دەگەل وان باخ بن و بکەنە شتێکی ئیستسنائی، چونکە باش بزانن کە حدودێ ٧٠٠ مەترە یان ١٠٠٠ مەترە، چونکە بۆ ئەڤ قوتابخانەیە دەهێتە دانان بۆ زارۆکا نە بەس سەرەتایی بەلکو وەرزی زستانێ ل بەفرێ و ل بارانێ نەشێن دوو کیلۆ مەترا یان بجن پێیا بەلکوم هەر لێرێ ببێتە چارەسەرێ. پرسیارێ منا دویش لسەر پەیمانگایە پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی ئاکرێ، ئەڤە پێنج ساڵە هاتە دامەزراندن و، قوتابی هەر پۆلی یەکێ و هەتا پێنجەمی کە دەوامێ تکەن هەتا چوو ئاڤایی بۆ نەهاتینە دامەزراندن، نەک ئاڤایی کە ئەو کو دەوامی تێدا بکەن یانیش بێتە بەشی ناوخۆیی بەشێت کن قوتابی بەشدار بن، چونکە دێ خەلکی گوندا خەلکی جیهانە دشن ژ خزمەتی ئەو مەکتەبە بکەن و، دیسانیش کە کۆمپیوتەر ل مەنهەجێ وان دا هەیە نەزەری دخینن هەتاکو کۆمپیوتەر نەگەیشتینە ئەوی پەیمانگای کە هەی کە بە ناحیەی عەمەلی بخینن، لگەل ریزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک سەعید محمد هروری.

**بەڕێز سعید محمد صدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من کاک ئیبراهیم کردی ئەویش دەربارەی ویژەکی مەدارس بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا طە.

**بەڕێز مەلا طە محمد طە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوایەکانم پێش ئێستا کرد لە جەنابی وەزیر و، لەگەڵ کاک ابراهیم چووینە لای پەیمانی پێ داین کە قوتابخانەیەک لە شێخان دروست بکاتن چونکە لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە کەرەوانەیە کەرەوانەکەش هەمووی تێک چووە، جا بەو زستانەی منداڵەکان وەڵاهی نازانم چۆن ئیدارە دەکەن، جا بڕیارت دا کە قوتابخانەیەک دروست بکرێت شەش پۆلی لەگەڵ دوو خانی بۆ مامۆستایان، ئێستاش هەر دروست نەکرایە شێخان عایدی چۆمانە، بەڕاستی زۆر زۆر پێویستە ئەو قوتابخانەیە بکرێتن عاردیش هەیە جێی تر هەیە وەڵا عاردە میریەکە زۆر زۆر ساڵحە بۆ قوتابخانەیەکی لێ دروست بکرێت جێی لەسەر شەقامەو دانیشتوانی گوندەکە دەستیان بەسەر داهێنایە، بەڵام ئەگەر یاسا هەبێت ئەوە ئەرزی ئەمیرەییەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك د. ناسح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی دەست خۆشی لە جەنابی وەزیری پەروەردە دەكەین بۆ پێشكەش كردنی ئەو راپۆرتە تێرو تەسەلەی، هەڵبەتە جێی خۆش حالییە كە ئەمرۆ كابینەی چوار و، لە كابینەی سێیەوە بایەخێكی تایبەتی بە پەروەردەو بواری پەروەردەیی دراوە بە تەئكید بەرهەمی ئەم بایەخ دانەش لە ١٩٩٦ و١٩٩٧ ەوە دیارەو بەچاوی خۆمان دەیبینین و، ئەنجامەكەشی جێی خۆش حالییە بەتەئكید و، هەروەها لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك واتا بریاری ٩٨٦ پەروەردەش جێیەكی تایبەتی هەیە كە ئەمەش بۆ دابین كردنی پێویستیەكانی پەروەردە، بێگومان ئەمە لە ئەرك و چالاكیەكانی وەزیری كەم نەكردۆتەوە جێی ئاماژە پێ كردنە كە بڵێین جەنابی وەزیریش خۆی مەیدانیەن سەردانی قوتابخانە و بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەكانی شارو مەڵبەندەكانی پارێزگاكان دەكات، موتابعەی ئیش و كارەكانی خۆی دەكات هەڵبەت دەبێت ئەنجامی باشی هەبێت، بەڵام بە تەئكید لەگەڵ ئەوەشدا هەر چەندە بەراورد ناكرێ بواری پەروەردەی ئەمرۆ لەگەڵ ساڵانی یەكەمی دوای راپەرین یان دامەزراندنی كابینەی یەك و كابینەی دوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە تەئكید بەداخەوە لەم لاو لەو لا هەندێك كەموكووڕی پەیدا دەبن، لەوانەیە ئەمانەش لەكاتی ئیش وكاری رۆژانەدا لەلایەن هەندێك بەرپرسان و ئیدازەوە كەم تەرخەمی تێدا كرابێت، جەنابی وەزیر جێی خۆش حالیە كەوا قوتابخانەیەكی نموونەیی یان چەند قوتابخانەیەكی نموونەیی كراوەتەوە و، من بەش بەحالی خۆم پشتگیری لە كردنەوەی ئەوقوتابخانانە نەك نموونەیی بەڵكو تایبەتی بتوانین ناوی لێ بنێین، چونكە نموونەیی جیاوازی هەیە لەگەڵ تایبەتی من بەش بەحالی خۆم پشتگیری لە كردنەوەی ئەو جۆرە قوتابخانانە دەكەم و، بەتەئكید ئەنجامی باشی دەبێت، بەڵام ئێمە قوتابخانەیەكی تایبەتی یان نموونەییمان هەبوو لەو هەولێرە كە كاك وریاش ئاماژەی پێ كرد قوتابخانەی ئامادەیی كوردستانە، ئامادەیی كوردستان ئەم ساڵی رابردوو ٨٤ قوتابی لە كۆلیژە بەرزەكان وەرگیراوە یەعنی لە پزیشكی و ئەندازەو دەرمانسازی و پزیشكی ددان و، هەروەها دوو سێ قوتابیشی لە یاسا، ٢٦ قوتابی تەنها لە پزیشكی وەرگیراوە، ئەمە مانای وایە بۆ خۆی قوتابخانەیەكی تایبەتی یە قوتابخانەیەكی نموونەییە، معقولە لێرە مامۆستایەك لەو مامۆستایانەی كە دەوری بینیوە لە پێگەیاندنی ئەو جۆرە قوتابیانە، رێز لێنان لەو قوتابیانە، هۆیەكەشی ئەوەیە یەكێ لە مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە كە باشترین مامۆستای هەولێرە لە فیزیا، لەبەر ئەوەی كەوا سەرزەنشتی یەكێ لە قوتابیەكانی كردووە ئەو مامۆستایە نەك هەر لە قوتابخانەكەی لادراوە، بەڵكو بەند كراوە دەستگیر كراوە بزانم هەڵوێستی وەزارەتی پەروەردە

بەرامبەر بەم کردەوەیە چی بووە و، بەتەئکید ئەگەر بەم شێوەیە بایەخ بە مامۆستای نموونەیی بدرێت حەتمن ئەوەکەی تریش باوەڕ ناکەم بەو شێوەیە بڕوات، ئێمە مەبەستمان ڕێز لێنان لە قوتابی یان گوێ نەدانی قوتابی نابێت لەسەر حیسابی ڕێز نەگرتن بێت لە مامۆستا.
پرسیارێکی ترم هەیە، ئەگەر ڕوخسەتم بدەی وەکو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّ تۆزێ زیاتر ئێمە موداخەلە بکەین وابزانم لە بەرژەوەندی گشتی دەبێت ئەوەی ئێمە دەیلێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ناسح وەکو پسپۆڕ لە پەروەردە حەقی پرسیار دەدەیت، باشە مانعمان نیە جەنابت سێ پرسیار بلێ، دووانت ماوە.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

بەلێ، چووینە قوتابخانەی تارا و کوردستانی سەرەتایی لەوێ ڕۆژی ١١/١٣ بوو ڕۆژەکەی سەرمایەکەی وەکو ئەمڕۆ بوو کە چووینە ئەوێ پێش وەخت پرسیارمان کرد بوو بۆیەش بەڕاستی چوو بووینە ئەو قوتابخانەیە، بەس پرسیارەکەمان وەکو پێویست وەلاّم نەدرایەوە، لەوێ ڕەحلە نەبوو لە قوتابخانەکە بە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێرمان وت کاکی من لەوێ ئەو قوتابخانەیە کێشەی هەیە منالّەکان لەسەر ئەرز دادەنیشن چیتان کردووە، گوتی ناردوومانە لەوێ ڕەحلە هەیە کە چووینە ئەوێ پێنج پۆلی یەکی سەرەتایی لەسەر ئەرز دانیشتبوون ١١/١٣ لە ناوەندی هەولێر ئەو خانووانەی پێی دەلێن خانووی پەرلەمان تارا و کوردستان لەوێیە، ئێستاش بەو سەرمایە لەو قوتابخانەیە سۆبا نیە لە ژوورەکان، لەگەلّ زانینتان تازە نۆژەن کراوە کە نۆژەن کرابێتەوە حەتمەن وەکو قوتابخانەیەکی تر نیە مەفروز پێویستی بە تەدفیئە هەبێت.
سەردانی چاپخانەی پەروەردەمان کرد لە چاپخانەی پەروەردە بەتەئکید کاروبارێکی یەکجار زۆر کراوە و، فعلەن نەشاتەکی زۆر هەیە چالاکیەکی زۆر هەیە و، خزمەتێکی زۆریش هەیە، هەندێک لە فەرمانبەرەکانی ئەوێ گلەییان هەبوو کە گلەییان هەبوو ئێمە باسی گلەییمان نەکرد لەگەلّ کەسدا قسەمان نەکرد ڕاستیەکەی یەکسەر لە وەزارەتەوە بەڕێوەبەرێکی گشتی وەزارەت تەلەفۆنی بۆ جەنابی شێخ عەفانی کرد دەلێ ئەو قسانەی بەئێوە گوتراوە ڕاست نیە ئەساسی تێدا نیە ئەو نازانی ئێمە چیمان گوتووە لەگەلّ، ئێمەش قسەمان نەکردووە، بەس من لێرە دەلێم هۆیەکەی چییە، هەندێ لە فەرمانبەرەکان ئەوانەی لە دوای دەوامی نیوەڕۆ ئیش دەکەن سێ دۆلار لە یونیسێف ڕۆژانە بۆیان تەرخان کرا بوو هەر یەکەی سێ دۆلار وەربگرێت، کاتێک کە پارەکەیان پێداوە لە جیاتی ئەوەی سێ دۆلارەکەیان پێ بدەن دۆلارو نیوێکیان پێداوە، بەلاّم سێ دۆلارەکەیان پێ ئیمزا کردووە، ئەم فەرمانبەرانە گوتوویانە جارێکی تر ئیش ناکەین، ئێستا ئەو فەرمانبەرانە موخەسەساتی خواردن هەیە بۆ چاپخانە ٦٠ دینارە ئەو موخەساسەتەیان لێ براوە، بەڕاستی هەلّوێستی ئەو مدیر عامە نە ئاگای لێ بووە ئێمە چیمان باس کردووە باشە چۆن زانی ئەوان درۆیان کردووە لەگەلّ ئێمە و، هەروەها باسی قوتابخانەکە دیسان هەر ئەو مدیر عامە ئەو

قوتابخانەیە درۆیە رەحلەی تێدایە گوتمان کاکە خۆمان چووین سەردانمان کردووە رەحلەی تێدا نیە بەچاوی خۆمان بینیمان من مەبەستم ئەوەیە لەگەڵ رێزمدا بە تەئکید شتی زۆر باش کراوە، بەڵام تکام لە جەنابی وەزیر هەیە موتابعەی ئەو مەسائیلانە بکات لەگەڵ رێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د. ناسح، تەبیعی د. ناسح حەقی هەبوو پرسیاری زیاتر بکاتن، چونکە ئەو سەرۆکی کوتلەیە بەس دەستی بۆ ئەو چەکە بەهێزە نەبرد ئەوە وەزیریش بووە. تەبیعی راپۆرتەکە وەختی برد هەروەهاش پرسیارەکانیش کاتێکی زۆریان برد، بۆیە ئێستا بە ئیتیفاق لەگەڵ بەڕێز کاک فەرسەت نیو کاتژمێر پشووتان دەدەینێ ئیسراحەت بکەن، پاش نیو کاتژمێر دەست پێ دەکەینەوە بۆ وەڵامدانەوە.

پاش پشوودان ............

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان بەردەوام دەبین لەسەر کاروباری دانیشتنەکەمان، تکا لە بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەم ئەگەر بیەوێ ئەمڕۆ وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵاما بەڕێز جەنابی سەعید یەعقوبی، بەحەقیقەت بۆ مەسەلەی بادینی و کرمانجی سەروو و کرمانجی خواروو ئەکید ئەمە ئاریشەکەیە و، پەنامان بردیە بۆ کۆڕی زانیاری ئەم ئاریشە بۆمان چارەسەر بکرێت، چونکە بەحەقیقەت ئەمە لە ئیختیساساتی وانە ئیختیساسی ئێمە نیە و، ئێستا قوتابخانەی سەرەتایی تا ئەمساڵە لە مەنتیقەی بادینان تا چواری سەرەتایی دەخوێنن بە لەهجەی خۆیان و، بڕیارێک هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران دوای چواری سەرەتایی ببێتە تێکەڵاو یەعنی موفرەدات و ئەوانە ببێت هەمی، ئێمە ئێستا هەندێک ڕای جیاوازمان هەیە، لەوانەیە ئەو تێکەڵ کردنەش هەبێت، لەوانەیە سلبیاتی زۆر بێت و، چەند دانیشتنێک دانیشتووینە لەگەڵ کۆڕی زانیاری دوو دانیشتن لای ئێمە دانیشتینە هەتا لیژنەیەکیش بۆ دیراسەت کردنی مەیدانی ئەم کارە رۆیشتنە بۆ دهۆک، خوشکە کوردستان و کاک رەشید و کاک شێرکۆ لە لای ئێمەو موستەشاری ئێمە ئەوانە پێکەوە چوون دیراسەتی ئەم بابەتە بکەن و، هەندێ پێشنیاری دیاری کراویان هێناوە و، دانیشتنێکی ترمان کردووە لەگەڵ کۆڕی زانیاری قەولە دانیشتنێکی تریش بکەین کە نتیجەکەی چی لێ بکەین یەعنی ئەوانەی خەڵکی دهۆک داوای ئەوە بکەن کە هەتا پۆلی شەشی سەرەتایی بخوێنن واتا قۆناغێکی تەواو بێت باشترە ئەم داواکارییە هەیە و، داواکاری تر تێکەڵاو بێت بۆ هەولێر و بۆ دهۆک، ئەم گیرو گرفتە مەفروزە لەگەڵ برایانی سلێمانیش قسە بکرێت، چونکە ناکرێت لە هەر مەنتیقەیەک مەنهەجێکی تایبەتی هەبێت، بە

حەقیقەتیش ئەم بابەتە حەسم نەبووە و، موناقشاتی ئێمە بەردەوامە لەگەڵ کۆڕی رانیاری ئومێد دەکەین لە خیلالی ئەم ماوەیە ئێمە بگەینە ئەنجامێکی دوایی.
دەربارەی خوێندنی کوردی بە حەقیقەت ئەمە عایدی زانکۆیەکانە دەبێت برادەرێک لە زانکۆی سەلاحەدینە موستەشاری خوێندنی بالا لێرە بانە ئەوان موناقشەیان کردبایە، من هەست پێ دەکەم فعلەن زوعفەک هەیە و، ئەو رۆژە سیمینارێک لەنێوان د. سەعدی و یەکێتی قوتابیانیش بوو لە تەلەفزیۆن، فعلەن هەوڵدانێک هەیە بۆ حەلەکی وەسەت و تەدریجی بکەن نەک بە کتوپڕی یەعنی شتێکی وا لە زانکۆی سەلاحەدین پەیدا بووە، بە تەسەوری من بابەتێکی حەساسە پێویستە زۆر ترو قولتر لەسەر راوەستن هەتا ئێمە لە مەنتیقەی بادینان موناقشەی ئەو مەسەلەمان کرد گوتی ئێستا ئەگەر ئێمە بادینی تۆخ بخوێنین ئەو کاتە منداڵی مەنتیقەی بادینی زەرەر دەکەن، چونکە لە قوتابخانەی کوردی کرمانجی سەروو ئەوانە تەقریبەن لەوەش ئیستیفادە ناکەن، لێرەش ئەگەر بادینی زەرەر بکەن ئەو قوتابخانەیە زەرەر دەکات، ئینجا ئەگەر بە کوردی بخوێنن و ئێمە تەرکیز لەسەر عەرەبی نەکەین ئەکید ئەکید لە قوتابخانەی عەرەبیش دادەبڕێن یان قوتابی ئێمەش زەعیفە لە زمانەوانی ئەوانە، دیراسەتێکی قوولی پێ دەوێت ئێمەش خەریکین.
جەنابی د. رزگار باسی موختەبەراتی کرد فعلەن نەقسێکی زۆرمان هەیە لە موختەبەرات ئەجهیزەی لەوانەیە هەتا رادەیەکی باشە، بەس مەواد خراپە و، زۆر لە قوتابخانەکان مەوادیشمان نیە، بەس لەبەر ئەغرازی موزدەوەج مەواد زۆر زۆر زەحمەتە یەعنی حوجەتی یونسکۆ ئەوەیە هەردەم فەیزەکانی تەرحی ئێمە دەکات هەموو فیزەکانمان داخواز کردووە بۆ مەختەبەرات، بەس ئەو حوجەتەی لە دەست دا هەیە، دەتوانێت ئەو مەوادەی مەحلی لێرە کە بە دەست دەکەوێت ئیستیفادەی لێ بکەین بەس ئەو موادەی تر لەوانەیە ئاسان نیە.
بەنیسبەت سالانی رسوب نازانم زۆر جار کراوە بە تەسەوری من ئەمە خزمەتی مستەوای علمی ناکات هەموو سالێک(سنة عدم الرسوب) لە خوێندنی بالا بەس موجامیعەی کردووە لەسەر ئاستی ئامادەیەکان وناوەندی ئەوانە نەبووە بەس ئێمە
بەدائیلمان هەیە، جا ئێمە فرسەتمان داوە بەو برادەرانەی کە لە قوتابخانەی رۆژانە ناتوانن بخوێنن لە قوتابخانەی شەوان ناتوانن بخوێنن لە دەرەوە هەتا ئەوانەی لە دەرەوە هەندێکمان رێگا داینە ئیستسنایەکمان کردووە لە هەندێک مەدارس بچن وەکو گوێ راگر بۆ خۆ بخوێنن و ئیمتیحانی خارجی بدەن، لایەنی دووەم بۆ پۆلی شەش مەجالیان بۆ کردووە بۆ ئەو قاعاتی تەقویە ئەوی لەناو هەولێرمان هەیە لە قەزاکانمان هەیە با فەرموو بچن لە قاعاتی تەقویە بۆ خۆ بخوێنن ئیمتیحانی خارجی بداتەوە مەجالێکی فراوانیش بۆیان هەیە.
جەنابی مەلا هادی لەسەر مەناهیج بەشێوەیەکی گشتی من حەز دەکەم زۆر پرسیار هاتیە لەسەر مەناهیج بە حەقیقەت مەناهیج روحی پرۆسەی پەروەردەیە ئەو مەنهەجەی کە ئێستا لای ئێمە هەیە تۆ لە من پرسیار بکەیت رازی لێی من دەڵێم نا من رازی نیم یەعنی نەمانتوانیە وەک

پێویست مەناهج لەگەڵ ئەو عەسرە لەگەڵ ئەم زرووفە بگونجێنین ئەوژی هۆی زۆری هەیە، هۆی سیاسی هەیە هۆی ئیداریە هۆی دوو لایەنیە بۆ نموونە هۆی تەکنیکی و هونەرییە و هۆی چاپە زۆر هۆی هەیە من بیستوومە علومی سەرەتایی لە ئەمەریکا ٦٦٠ کەس بەس مەنهەجی علومی داناوە، ئێمەش بە حەقیقەت کە دێنە سەر مەناهج ئێمە بە سووکی سەیری مەناهج دەکەین ئەو مەنهەجانە هەنە بە حەقیقەت خیبرەیەکی زۆر بەهێزی داناوە تۆ ئەدنا حەرەکەیەکی پێ بکەی ئەگەر لە مەوزوعیەتی خۆی نەبوو لە جێی خۆی نەبێت لەوانەیە ئاسان نەبێت، من پێت دەڵێم بۆ نموونە ئینگلیزی پۆلی چوارەم کاتی ئەو مەنهاجەمان دانا مامۆستای پسپۆری مەسئوولی بەشی ئینگلیزی لە کۆلیجی پەروەردە و، دوو سێ مامۆستای ئێمە و موشرەفینی ئێمەو هەموویان باوەڕ بکە دوو سێ مانگ خەریک بوون لەگەڵ ئەو هەموو مەسادرانەی کە لەبەر دەستیان بوو یەعنی ئێستاش مەشکوکن خستۆیانەتە تەجروبە، بە حەقیقەت مەنهەج بە تەسەوری من شتێکی ئاسان نیە، جانبی تر ئەمە مەسەلەی ئێمەو لایەنی عێراق هەندێک کتێب لەوێ بۆمان دەهات بەتایبەتی لە ناوەندی و دواناوەندی و ئەوانە ئەمەش مەوزوعێکە مەوزوعی فیدرالیەت مەوزوعی تەعریفی یاسای وەزعی ئێمە ئەمەش گرێدای هەندێ مەسائیل دەگرێتەوە یەعنی ئەم مەوازیعانە. دوو ئێمە ئێستا بڕیارمان داوە لەگەڵ برایانی سلێمانی ئێستا خەریکین لیژنەی موشتەرک کەوتینە کاری موراجعەتێکی گشتی بۆ مەناهج بکەینەوە پێکەوە بە موشتەرک، من لەگەڵ ئەوە نیم مەنهەج بێتە دابڕین، چونکە دابڕینێکی سیاسی ببێتە دابڕینێکی پەروەردەیی ئەوجا دەبێتە دابڕینێکی کۆمەلایەتی و، من نابینم لە خزمەتی کورد دابێت، لەبەر ئەوە دەبێت هەموو شتێک هەوڵ بدەین شتی موشتەرەک لەگەڵ برایانی سلێمانی، هەندێک شت هاتە کرین ئیزافە بووینە لەگەڵ ئیزافاتیەکەی لەوانەیە لە مستەوای مەتلوب بێ بەس ئەو ئیزافاتانەی کە بووە وەختی ئیدارەی موشتەرەک بووە خاسەتەن مەسائیلی ئەوەی ئیزافە بووە مەوادی ئینسانی و کۆمەلایەتی و شتی ئەوانە بووینە بە تەسەوری ئێمە ئەو ئیزافاتانە خراپ نینە بەس راستە لە مستەوای حەدسە لە مستەوای مەتلوبە بەس بە رای من ئێمە دەبێت بگەڕێینەوە موراجعەیەک بکەین بەشێوەیەکی موشتەرەک ئێمە ئالوگۆر بکەین، ئەگەر مەسەلە ئەوی ئیزافەمان کردیە کە لای خۆمان دیموکراتی سیاسە ئێستا لە چواری گشتی دەخوێنن ئەو تەجروبەی ئێمە ئێستا لە پەرلەمانە حکومەتی هەرێم ئەم دامو دەزگانە هەمووی ئێستا لە پۆلی چواری گشتیدا دەخوێنن، مەسەلەی حقوقی ئینسانە دەخوێنن، دیموکراتیەت دەخوێنن و، مێژوو و جوغرافیا دەخوێنن، بەس هەموو لە ئاستی ئێمەدا مەتلوب نیە و، هیوای ئێمە زیاترە و لە دوارۆژ بتوانین شتێکی باشتر بکەین، تەبعەن زۆر لەسەر دەرسی ئایینیش راوەستاینە، بە حەقیقەت ئێمەش تێبینیمان هەیە، بەس هەندێک تەحەفوزات هەیە، بۆ نموونە، ئێمە لە پۆلی یەک هەتا چوار، ئینجا عەرەبی دەخوێنین لە قوتابخانەی کوردی، بەس کتێبی ئایینی ئێمە لە پۆلی یەک و دوو و سێ بە عەرەبییە، یەعنی بۆ منداڵ زەحمەتە لەبەر بکات، چونکە ئەو پیتانەی نەخوێندووە، بەس هەر ئیعتیماد لەسەر دووبارە

بوونەوە دەکات، بۆ نموونە لە ماڵەوە ئیعتیماد لەسەر دووبارە دەکات، ئایەتێکی پیرۆزە، حەدیسێکە، شتێکە کە ئێمە هەردەم تەرکیز دەکەین لە قۆناغی یەک و دوو و سێ و چوار، یەعنی ئیستیناد دەکرێتە سەر دووبارەو ئەوانە، لەبەر ئەوە ئەمە مەترۆکە بۆ شارەزا، ئەو شارەزایانەی کە لیژنەیەک دروست دەکەین، شارەزای ئایینی گۆڕانکاریەک بکەن، تێبینیەکی هەبێت، قابلی گۆڕینە لە زمنی مەناهیجی گشتی.

مامۆستا مەلا هادی باسی ئیشراف و دەورەکەی و تەنفیزی خیتەی کرد.

بە حەقیقەت وامان دروست کردووە، من ناڵێم موشریفمان هەیە، لەوانەیە بە تەمەن بێت، یان لەوانەیە مستەوای نیە، بەس ئێمە چاودێریەکی بەردەوامی دەکەین، یەعنی چاودێری لە جاران زیاتر دەکەین، ئێستا وامان لێ کردووە، چونکە پەروەردە لە قەزاکان، شتێکی باش هاتە کرن، پێش وی ئێستا پەروەردە لە قەزاکان ئیستحداس کرایە، ئێمە ئێستا موشریفینمان دانا بە موشریف موقیم بۆ نەواحیەکان، تاکو موشریف نزیکی قوتابخانە بێت، دائیمەن خەلەلمان لە کوێ هەیە بیزانین، لە گوندەکان خەلەلمان هەیە، لەبەر هەندێ موشریفی موقیمان ناردووە، ئەو موشریفی موقیمەش خەڵکی مەنتیقەی ئەوێ بێت، ئەو هەوڵەشمان داوە.

مامۆستا ئیبراهیم باسی ئیشرافی کرد کە موشریفینی غەیر موئەهەلیان داناوە، بۆ نموونە ئەوانەی دوو ساڵ یان سێ ساڵ تەرخەروجیان کردووە.

من مەمنونم، یەک ناو یان دوو ناو بداتە من، موشریف دوو ساڵ خزمەتی هەبێت یان سێ ساڵ، تەنیا لە حاڵەتێکدا، موشریفی وەرزشمان لە سۆران داناوە، هەشت ساڵە یان نۆ ساڵە خزمەتی ئیستیسنائن، چونکە کادیرێکی زۆر زۆرمان ئیستیسنائی کردووە، بەڵام تەعلیماتی هەیە، موشریف دەبێت پانزە ساڵ خزمەتی هەبێت، دەبێت تەمەنی لە پەنجا ساڵ بێت، لەم کۆنفراسەمان کردوومانە بە پەنجاو پێنج ساڵ، یەعنی من پێم خۆشە مامۆستا، ئەگەر بداتە من لەوانەیە لە دەستی من دەرباز بێت، دەبێت ئیعادەی نەزەر بکەین، چونکە لەوانەیە نیە موشریفمان هەبێت دوو ساڵ و سێ ساڵ و چوار ساڵ و پێنج ساڵ و شەش ساڵ و حەوت ساڵ خزمەتی هەبێ، تەنیا یەک موشریفمان هەیە لە سنووری هەشت ساڵە یان نۆ ساڵە، ئەویش لە وەرزشمان داناوە لە مەنتیقەی سۆران، چونکە لە دە ساڵ کەمتر نیە.

نەقس لە تاقیگاکان، راستە من وەڵامم داوە و، ئیشارەتم پێدا، فەراشە باسی پاک کردنی کرد، من ئێستاش تەئکید دەکەم، ژمارەی فەراش گونجاو بێت لەگەڵ وەزعی قوتابخانە، فەراش مووچەی کەمە، باس هەبوو کە یاسای خدمەی مەدەنی هەندێک گۆڕانکاری تێدا بکرێت، کە ئێمە بتوانین زیاتر یارمەتی فەراش بدەین و بتوانین تەعینیان بکەین، بەس هەردەم وەزارەتی دارایی بۆ ئەم لایەنە کراوە بووە، بە تەسەوری من کام قوتابخانە هەیە فەراشی نەبێت، نیهائیەن فەراشی نەبێت، زۆربەیان لە داخیلی هەولێر شارەزام، هەندێکیان دوو فەراشیان هەیە، هەندێکی تر سێ فەراشیان هەیە، بە حەسب روقعەی جوگرافی، بەس ئەوی تر من ئێستاش دەڵێم پاک کردنەوەی

بەشێکی قوتابخانە، مەسەلەیەکی پەروەردەییە و، زۆر موتابعەشی دەکەم، تاکو قوتابی شعور بکات ئەم قوتابخانەیەماڵی دووەمە، با ئەو بن رەحلەی خۆی پاک بکات، با ئەو ساحە پاک بکات، با ئەو پەرۆک لە پەنجەرەی قوتابخانە بدات، چی تێدایە، ئێمە وا بکەین لە ماڵەوەش ئەو قوتابییە هەست بەو شعورە بکات و یارمەتی دایک و باوکی خۆی بدات، من ئەمەم لە خۆرایی نەکردووە، من پرسیاری برادەرانی دەرچووی دەروونناسی و تەدریس و مامۆستا گەورەکانم کردووە، ئەوانە بە من دەڵێن مەسەلەی پاک کردنی قوتابخانە دەبێت منداڵ بیکات، ئێمە وای لێ دەکەین، منداڵ کە چوو بۆ قوتابخانە، بۆ نموونە بزمارێک لە رەحلەکە هاتۆتە دەرەوە، با ئەو منداڵە بۆ خۆی چەکوچێک بێنێت رەحلەکە چاک بکاتەوە، تا شعور بە مەسئولەیەت بکات، چاودێری رەحلەی خۆی بکات، ئێستا ئێمە ئەو قوتابخانانە هەموو تەرمیم دەکەین، سەیر دەکەین قوتابی پۆلی چواری سەرەتایی بە تەباشیر لەسەر دیوارەکان خەت و شتی تر دەنووسێت، ئەمە واجبی قوتابییە کە ئەو قوتابخانەیە بپارێزێت و چاودێری بکات، قوتابی ئەو رەحلەیە پاک بکات، ئەو تەباشیرە بسڕێتەوە، نەهێلێت پیس بێت، ئەمە هیچی تێدا نیە، ئەمە شتێکی پەروەردەییە، بە تەسەوری من ئێمە منداڵ پاڵ بدەین بۆ پاک کردنەوە، هەروەها مامۆستا قدوەی قوتابییە، دەبێت مامۆستا لەپێش چاوی قوتابی گلێش ڕاکات تاکو قوتابییش ئیقتیدائی پێ بکات، ئەمەش بەکار هێنانێکی پەروەردەییە.

خاڵێکی تر پرسیاری کرد بۆ نۆژەن کردن، لەکاتی هاوین.

ئێمە ئێستا خوتتەمان داناوە، یەعنی دانێن ئێستا بۆ هاوینی بێتن دامان ناوە و، تەسلیمی un و هاپیتاتمان کرد، هەتا لە سەرەتای هاوین دەست پێ بکەن، بەس وەکو جەنابتان دەزانن رۆتینی مونەزەمات هەتا دێت و دەچێت، تاخیر دەبێت، لایەنی تر هەندێک جار ئەحداسی سیاسی دێتە پێش، بۆ نموونە ئەوەی ئەفغانستان و ئەوانە وەختێکی وای لێ هات چیمەنتۆ نەما بوو رای گرت، وای لێ دەکات لە هاوین بە مونەزەمی دەرباز نەبێت، ئێمەش بە تەسەوری خۆمان حەملەیەکی زۆر فراوانی تەرمیمان هەیە، بە تەسەوری من ئەمە فورسەتێکە، ئەم فورسەتەش بە بڕیاری ٩٨٦، تۆ نازانی ساڵێکی ترە یان دوو ساڵی تر، بە تەسەوری من ئەم فورسەتە لە دەستی خۆمان نەدەین بە هەر وەسیلەیەک بێت، قوتابخانە بکەینە دوو شەفتی یان سێ شەفتی یان چوار شەفتی بۆ دوو مانگ یان سێ مانگ، بەس قوتابخانەکە تەرمیم بکرێت، من حەز دەکەم سەیری قوتابخانە بکەن چۆن تەرمیم دەکرێت؟ یان چۆن بینا دەکرێت؟

یەعنی بە حەقیقەت پێشکەوتنێکی زۆر زۆر بەخۆیەوە دیتووە.

کاک سەفەر باسی نەقسی ئیختیساساتی کردووە.

وەک ساڵێکمان باس کرد مەحلوول ژ مەی بو دیتین، بۆ تەعین بۆ مەعلوماتی تر، کۆلیجی پەروەردە تەعمیمی هەیە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ هەموو وەزارەت، دەبێت دەرچووی کۆلیجی پەروەردە بێتە تەعین کردن، هیچ وەزارەتێک لە وەزارەتی پەروەردە نەبێت، ئەمە بە

تەسەوری من هەنگاوێکی زۆر ئیجابی بوو و، چاکە و، ئەوی دی تریش هی کۆلیجی ئادابە، ئەوانە هەوڵ دەدەین بە رەغبەت بێت، هەندێک جار بۆ نموونە ئەوانەی لە ئاکرێ، ئەم ساڵە پتر لە(٢٠٠) مامۆستا لە ئاکرێنە، ئەوەی لە سەرەتایی لە هەولێر دەچێتە ئەوێ(٢٠٠) دینار زیاتری دەدرێتێ، ئەوەی مامۆستای پسپۆڕی(٣٠٠) دیناری دەدرێتێ، وامان لێ کردووە، تەقریبەن (٢٠٠) دینار بۆ مامۆستای هەولێرێ، بە تەسەوری من با ئەو مەوزوعە چارەسەر بکرێت باشترە.
باسی زمانی یەکگرتوو کرا وا تەسەور دەکەم من باسم کرد. باسی نەوت هاتە کرن، پێشی مانگێک پارەی بۆ تەخسیس کراوە و، ئیحالەش بووینە، بەس ئەکید هەندێ جار گیرو بوونی پارە، هەندێ جار گیرو بوونی گاز لە خیلالی ئەم ماوەیەدا، بۆ نموونە وەزارەتی پیشەسازی دانا، گوتی من دەتوانم (٥٠٠٠) دینار زیاتر نادەمە حەفتانە، چونکە لەبەر پارچەکانی تر، لەبەر ئەوە هەندێ تاخیرات پەیدا بووە، هیچ کێشەی ترمان نیە.
جەنابی شێخ یەحیا بەرزنجی باسی پرسیاری زمانی عەرەبی کرد بەنیسبەت پار.
ئێمە کاتێک پچڕان هەبێت لە فەرعێک، یەکسەر لە هۆلی ئیمتیحان وەڵاممان بۆ دێت، ئێمە تەسلیمی کۆنترۆڵ دەکەین، ئەم فەرعە حەزف دەکرێت، یەعنی وای لێ ناکەین قوتابی زەرەر بکات و، نەک بەنیسبەت عەرەبی، بەڵکو بەنیسبەت هەموو ماددەکان، ئەو تێبینیانەی کە هەبوو دامان نا لە لیژنەی عولیا بە سەرۆکایەتی بەڕێز کەمال شاکرە، تاکو ئەوانە دیراسەت بکەن و، ئیستیفادە بکەن لە دوا رۆژ، غەڵەت جارێکی تر دووبارە نەبێت.
مەناهج باسمان کردووە، پرسیارێکی کردووە دەڵێت یەکی نا موسڵمان دەرسی ئایین دەڵێت. من یەک زانیاریم هەبوو، بەتایبەتی لە کردنەوەی نوێ(فتح جدید)، هەردەم مامۆستای کردنەوەی نوێ، لەوانەیە حیساب ناکەن، یەکسەر دەینرێنە گوندێک، یەکی یەزیدی لەوانەیە بچێتە گوندێکی یەک مامۆستای لێ هەیە ،بەس هەستمان پێ کرد، یەکسەر چارەسەرێک هاتە کرن، ئەوەی یەزیدی فەتح جەدیدی نەداین، دانە تەجموعاتە و مەناتیقی تر، یەعنی دوو حاڵەتی کورتکراوەیی بۆمان هاتنە پێشەوە، ئێمەش یەکسەر چارەسەرمان کردووە، من سوپاسی ئێوە دەکەم، ئەگەر حاڵەتی تر هەیە لەسەر ئێمە ئەوەیە چارەسەری بکەین.
جەنابی کاک عەبدولخالق زەنگەنە باسی کۆمەڵایەتی کرد دەرچووی عیلمی دەروونناسی کرد.
راستە ئەوەی ئێستا ئێمە تەعینیان دەکەین، هەمووی نمرەی تەدریسی دەدەینێ، پاشان گرنگی ئیرشاد نەفسی دەدەینێ، ئەوەی ئێستا هەمووی مەشموولن بە موخەسەساتی (٣٠٠) دینارەکە، بەس پێش ئەو حدودی شەش مانگمان هەیە، مامۆستامان هەیە، باحیسی کۆمەڵایەتینە مەشموول نەبووینە، بریارمان داوە مەشموول بن، بە بریاری ٩٨٦ هەوڵ دانمان بەردەوامە، چ بە موخەسەسات، چ بە تەعلیم، چ بە دەورات، ئێمە ئیستیفادەی لێ بکەین بۆ موخەسەسات، ئێمە ئاستی وان بەرز بکەینەوە.
پرسیارێک هەیە لەبارەی پیشەسازی وبازرگانی و کشتوکاڵی، کاک عەبدولخالق زەنگەنە کردی،

تەسجیلەکەی من تەواو نەهاتووە، ئەگەر مەجال هەبێت.

**بەڕێز عـبـدالخـالق مـحـمـد رشـیـد زەنگەنە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بەڕاستی بەنیسبەت ئەم مەوزوعەو، پیشەسازی، بازرگانی، کشتوکاڵ تەعینیان دەکەن بە مامۆستا، دەبێت ئەوانە دەورە وەربگرن، بەشێکیشی دە ساڵە یان پانزە ساڵە تەخەروجی کردووە، ئێستا هاتووە بۆ تەعینیان ناکەن، ئەوەش وابزانم ئیستیفادەیان لێ ناکرێت، ئەگەر دەورەی نەبینن.

**بەڕێز عـــبــــــدالعـــــــزیز طـیـب:**

راستە، ئێمە دوو ساڵە وای لێ دەکەین، با ئەو مەعلوماتەش تەسبیت بکەم، ئێمە (٢٩٨) گوندمان هەبوو، لە هەولێر و لە دهۆک قوتابخانەیان لێ نەبووە و، لە دەوروبەری ئەم هەولێرە(٥٩) گوند قوتابخانەی لێ نەبووە، لە دەوروبەری شەقلاوە(٣٢) گوند قوتابخانەی لێ نەبووە، لە مەنتیقەی سۆران(٧٨) گوند قوتابخانەی لێ نەبووە، لە مەنتیقەی مێرگەسۆر(٢٧) گوند قوتابخانەی لێ نەبووە، لە ئاکرێ(١٠٠) گوند قوتابخانەی لێ نەبووە، ئێمە ئەو بڕیارەمان دا حەملەیەک بکەین، ئایا ئەو منداڵانە مەحروم بکەین تازە؟ ئان شتێکی پێ رابگەینین، ژمارەی مامۆستایان چەند بوو، بڕیارێکمان دا گوتی نەء، باشتر ئەوە بوو، ئێمە ئەوە بکەین و، فعلەن داخیلی دەورەیەکی موکەسفمان کردن، بەخۆی سێ مانگە، بەس ئێمە فریا نەکەوتین بە پێنج رۆژ و، هەندێک جار وامان لێ هاتووە، بەبێ دەورەشمان هەناردیە، بەس دەلیلمان بۆ نادووە، ئەمە لە ناچاری بوو، دەبێت ئەم منداڵانە رزگار بکەین، بۆ زانیاری جەنابتان ساڵی پار لە گوندەکان(٢٩٨) گوند، سنووری(٨٢٢٥) منداڵمان رزگار کردن لە نەخوێندەواری و، ئەگەر وا نەبا ئەم ژمارەیە زیادی دەکات، لە کۆتایی ئێمە زەرەر دەکەین.

کاک ئیبراهیم سەعید باسی نەخوێندەواری کرد.

فعلەن لە ئەنجامی مەسحی پەروەردەیی(٣٦) لەسەدێ دانیشتوانی ئێمە لە هەولێر و دهۆکێ نەخوێندەوارن، یەعنی ئامارێکی دەقیق لەبەر دەستی ئێمەیە، لەبەر هەندێ ئێمە دەستمان کرد بە حەملەیەک، من شەرحی خۆم ئیزافە نەکرد،(١٠٠٠٠) مەکردنە، هەر قۆناغێک شەش هەیڤ، مەسرەفی(١٠٠٠٠) دینارە رێکخراوی سویدی دای بە ئێمە بۆ هەولێر و دهۆکێ و، هەردوو قۆناغ تەواو کرن و، (١٣٠٠٠) هی جەنابێ سەرۆک وەزیران دا بۆ یەک قۆناغ و، ئێستا بەرنامەمان دانایە بۆ(٢٠٠٠٠) رێکخراوی یونیسێف وا ئێمە خەریکبین و، جێی خۆش حاڵیە کە ئیقبالەکی یەکجار زۆر هەیە، بەتایبەتی قیتاعی ئافرەتان بۆ نەخوێندەواری، هیوای ئەوان بۆ خوێندەواری یەکجار زیاترە، بۆ زانیاری ئێوەش قۆناغی سێ و چواریش مەنهەجی بۆ دانای، تاوەکو بخوێنن، بەتایبەتی ئەو کچەی تەمەنی بچووکە، یەعنی پانزدە ساڵە یان شانزدە ساڵە، بەتایبەتی موجەمەعی پەناهی، ئەو خێزانانەی کە لە ئیرانەوە بۆمان هاتوون،زیاتر ئەو مەنتیقانە

تەرکیزمان لەسەر کردوون، دوو قۆناغی ترمان شەهادەی شەشیمان داوەتێ، پشتی پۆلی شەشی سەرەتایی ئیلحاقی پۆلێکی تایبەت لەگەڵ ناوەندی، بەڵکو چ نەبێت ئێمە وای لێ بکەین ببێتە پەیمانگایەک، بۆ پێگەیاندنی مامۆستا، دیسان(٦٤٣) یەدی تر مەراکز بخوێنن، مونەزەمە ریچ، کرێکاری عێراقی و، (ئێم پی ئەی) نەرویجی و، یەکێتی ئافرەتان تەنسیقیان لەگەڵ ئێمە هەیە بۆ ئەو(٦٤٣) داریسە، لەبەر ئەوەی لەسەر گرنگی نەخوێندەواری بەردەوامین، بەس بەحەقیقەت من دەڵێم گەلێک تەزخیم کرن و، چونکە ئیشی ئێمە شەکلیاتی سەرەتاییە، تاکو هێدی هێدی گیروگرفتەکانمان چارەسەر بکەین.

کاک ئیبراهیم سەعید باسی ئایەتی تەساموحی دینی و ئەوانەی کردووە.

بەحەقیقەت ئەز ئەو بابەتە کە زمنی مەناهیجە تەحویلی پسۆڕ دەکەم، چونکە ئەو زیاتر لەو مەسەلەیە بزانێت، رێکی بخات و، قوتابی زیاتر ئیستیفادەی لێ وەربگرێت.

کاک شەفیق پرسیارێکی کرد دەربارەی کارگەی تەباشیر، لەسەر ئەساسی ئەوەی کە لە کار کەوتووە.

راستە، رۆژنامەشمان لەسەری نووسیووە، کارگەی تەباشیر کاتێک هاتە دروست کردن لە ساڵی ١٩٩٨بوو حەسب زانیاری من، ئەو کارگەی تەباشیر زۆر زۆر سادەیە، جیهازەکانی زۆر زۆر سەرەتایینە، یونسکۆ و یونیسێفمان هێنا، پشتی ئەساتیرمان هێنا بۆ موتابعە کردنی، بۆچی ناشول دەکات؟.

بەڵکو ئیستیفادەی لێ بکات، گوتەمن مومکن نینە ڤێ سادەیی خۆ و بەرهەمی تەباشیر دەفتی خت، بەس دەفتی خت زیاتر دەبێتە تۆز، بۆ ناحیەی تەندروستی لەوانەیە خراپ بێت، بۆ ناحیەی تەکوینی باش نانووسێت، من پەنام برد بۆ وەزارەتی پیشەسازی گوتم پسپۆڕی خۆت بۆ ئێمە بنێرە، کە موستەشاری وان، مەحزەری لەگەڵ من هەیە، پێکەوە چووینە دەرەوە، ئایا دەشێت ئەوەش دیسان گوتە من لە دەشولی باشترە و، یونیسێفیش لە دەشولی ئەز دەگوتە من بۆ ئێوە جۆرە زەیتەکی فەرەنسی دەهێنم، چونکە لایەنی تەندروستی زۆر زۆر گرنگە، ئەو کارگەیە بۆ هەندێ ئیستیفادەی لێ بکەین، رێک بێت و تۆ مەجبور بیت و ناچار بیت، بەس رێگای تر زەحمەتە، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی ئیتیفاقمان کردووە، هەوڵ بدەین لەگەڵ یونیسێف و یونسکۆدا تەطویری پێ بکەین بۆ دوارۆژ.

**بەڕێز شەفیق امین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی ترم ئەوە بوو، ئەوانەی کە لە دەرەوەی هەولێرەوە دێن، لێرە تەعینیان ناکەن.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب:**

بەحەقیقەت کێشەیەکی زۆرمان هەیە، نەک بەس مامۆستا، بەڵکو بۆ قوتابیش، یەعنی قوتابی

دێت یان مامۆستا دێت شەهادەی پێ نیە، دەڵێت من مامۆستام یان دەڵێت من قوتابیم لە پۆلی شەش، ئەوە کێشەی قوتابیمان چارەسەر کردووە، بە تەعەهود و دەچن دەوام دەکەن، هەتا قۆناغەکە تەواو دەبێت و، زۆر جار دوای ئەوە موتابعەمان کردووە، بە حوجەتێک شەهادەمان حاصل کردووە و، وا دەرنەکەوتووە، هەندێک مامۆستاش لەوانەیە لە ئاکرێ بۆمان هاتنە پێش، بە ئێمەی گوتووە ئێمە مەعلیمین دوایی موعەلیم نەبووە، لەبەر ئەوە زۆر تەرکیزمان لەسەر شەهادە کردووە، بەس ئێمە ئێستا بریارێکمان داوە، لیژنەیەکمان دروست کردووە، لەوانەیە شەهادەکەی نەبێت، بەس لە دەفتەر خدمەکەی تەسبیت بووە، کە ئەمە مامۆستایە دەرچووی فلانە قوتابخانەیە، ئێمە وەردەگرین، هەویەکی تۆزێک موسەدەق هەبێ ئێمە وەری دەگرین، یان بیتاقەیەک هەبێت وەری دەگرین، بەس ئەگەر هیچی پێ نەبێت، ئاسان نیە مرۆڤ وەری بگرێت.
جەنابی شێخ عەفان باسی نەخوێندەواری کرد. وابزانم بە تەفسیلی باسمان کرد، باسی کۆنفراس و زەبتی حەوانیتی کرد، چەند برادەرێک باسی زەبتی حەوانیتی کرد، بۆ زانیاری جەنابتان حسەمان دابەش کردووە، هی حانوت لەنێوان دەرسی هونەر، وەرزش، قوتابی فەقیر، ئیدارە، پەروەردە، وەزارەت، ئەمە سیستەمێکە دانراوە، لە کاتی خۆشی ئەو سیستەمە لەگەڵ وەزارەت دانراوە، ئێمە لەم کۆنفراسە، هەندێک گۆرانکاریمان کرد، مامۆستای هونەرو وەرزش گلەیی لە بەرێوەبەرایەتیەکان دەکەن، گوتی کە حیسەمان پێ نادەن، بۆ پێشکەوتنی هونەرو وەرزش، ئێمە رامان ئەوەیە ئەو حیسەیە سەحب بکەین بۆ نەشاتی وەرزش و نەشاتی هونەری، لەوێ بۆمان تەخسیس بکەن، فعلەن ئەم ساڵە ئەو تاقیکردنەوەمان کردووە، حیسەی ئیدارەمان بۆ هێلایە، بەس حیسەی هونەر و وەرزشمان تەحویلی نەشاتی وەرزشی و نەشاتی هونەریمان کردووە، لە رێگای وان هەر یەک بەگوێرەی خۆی، چونکە هەندێک قوتابخانە حانوتی نیە، هەندێک قوتابخانە هەیەتی، لەوانەیە لە حانوتەکەی(۱۰۰۰۰) یان (۱۵۰۰۰)ی هەیە، جا لەبەر ئەوە لەوانەیە هەندێک لەو قوتابخانانەی کە حانوتیان نیە، ئیستیفادەی لێ بکات و، ئەم سیستەمە بۆ ئەم ساڵە بوو، ئێمە بتوانین هەندێکی باوێینە سەر سیکەی خۆی بۆ هەندێک نەیێتە لای ئێمە، ئەوەی دێتە لای ئێمەش و دێتە لای پەروەردەش، دیسان بریارمان داوە لە مەجالاتی نەشاتی هونەری و وەرزشی بۆ ئەو گوند و مەنتیقانەی کە حانوتیان نیە، ئێمەش لێتان ناشارینەوە، هەندێک جار عەجز دەبێت ئیستیفادەیەکی لێ وەردەگرین.
قوتابخانەی یافیعین خەلەلمان هەیە، ئێمە بریارمان داوە ئەم خەلەلە چارەسەر بکەین، ئەو قوتابخانەیە یان دەبێت بینایەکی تایبەتی هەبێت، ئەگەر بینایەکی تایبەتی نەبێت، دەبێت بەرێوەبەرێکی موشتەرەکی هەبێت، یەعنی وەختێک موزدەوەج بێت لەگەڵ قوتابخانەیەکی تر، دەبێت یەک بەرێوەبەر بۆ هەردوو قوتابخانە دابنرێت، تاکو بەرپرس بێت و موحافەزەی بکات.
قوتابخانەی یافیعین هەردەم میوانە، لەبەر ئەوە ئەو خەلەلە پەیدا دەبێت، بریارمان داوە کێشەی یافیعین چارەسەر بکەین.

راستە، لە چاپی هەندێ کتاب خەلەلمان هەیە، لە ئالییەت و میکانیزم کە ئەسبەقیە بدەنە هەندێ کتێب، بەتایبەتی کتێبی پۆلی شەش، من بۆ تەئیدی جەنابت، لیژنەمان دروست کردووە و، برا خەبیرەکان ئەوەی کە لە لای ئێمەنە، ئێستا هەر یەکی موتابعەی قیتاعی خۆی دەکات، وەکو جاران نیە، لەوانەیە ئێمە بتوانین باشتر لەسەری راوەستین.

جەنابی کاک فازل رەئوف باسی مەناهیجی دروسی ئینسانی و ئەوانەی کرد.

من وا تەسەور دەکەم بە تێرو تەسەلی باسمان کرد.

کاک ئەنوەر شوکر باسی مێژووی پۆلی شەش و ئەوانەی کرد، من باسی ئەوانەم کرد، باسی تاخیری پارەی موحازەرات دەکەن، ئالیەتی ئەمە ئالیەتێکی زەحمەتە، لە قوتابخانە هەتا دێتە پەروەردە، پێشان لە پەروەردە دەهاتە وەزارەت، ئەم حەلقەمان حەزف کرد، نایەتەوە وەزارەت، یەعنی دەهاتە وەزارەتی پەروەردە و، ئینجا وەزارەتی دارایی، ئینجا سەرف دەکرێت، بەس ئێستا ئەو حەلقەیە نەماوە، بەس هەندێک جار لە قوتابخانە تاخیر دەبێت، چونکە پێویستە هەیئەکەی تەواو بێت، هەیئەکەی هەتا دێتەوە و هەتا تەدقیق دەکرێت، لەوانەیە عەمەلیەکەی هەندێک تاخیر بێت، هەتا لە وەختی عێراقیش باوەڕ بکە چوار هەیف بوو، هەیئەکە تاخیر دەبوو، یەعنی عەمەلییەی تەدقیقی ئاسان نیە.

کاک نادر مەحمەد باسی دەرماڵەی مامۆستای ئاوارەی سلێمانی وکەرکوکی کرد.

بۆ زانیاری جەنابت، بۆ ئەوەی لە لای هەموو برادەران روون بێت، مامۆستا هەیە خەڵکی کەرکوکە و خەڵکی سلێمانیە ئاوارەیە، خەڵکەک هەیە مونەسەبە بۆ پەروەردە دەرسی خۆی دەڵێت، ئەوانە موخەسەساتی خۆیان و مەحلی و میهەنی و مووچەی بە تەواوی وەردەگرن، خەڵکەک هەیە دەڵێت مونەسەب بم، بەس بۆ پەروەردە و لە ماڵی خۆی، من تاقەتی هیچ دەرسم نەماوە، ئێمە موخەسەساتی مەحلی و میهەنیمان بڕیوە، موخەسەساتی راتبی ئیسمی دەدەینێ، هیچ دەرسێک ناڵێتەوە، ئەوانەی کە تەمەنی خزمەتیان لە سی ساڵ زیاترە، بەوانەمان گوتیە با دەرسیش نەڵێنەوە، کێشەمان نیە، ئەوی ئاوارە، ئێمە مووچەشیان دەدەینێ مونەسەبن، مووچەی تەواویان دەدەینێ، بەحەقیقەت ئەم ئیجرائاتەمان کردووە، بە تەنسیق لەگەڵ جەنابی هەردوو موحافز، یەعنی گوتی هەندێک مامۆستا هەیە گلەیی دەکا، دەڵێت بۆچی من دەوامی خۆم دەکەم و، یان سێ سەعات دەوام دەکەم، یەکی تر هیچ دەوام ناکات و لە ماڵی خۆی دانیشتووە، مووچەکانیش هەموو وەکو یەک بن، یەعنی دەبێت تۆزێک جیاوازی هەبێت، لەبەر ئەوە ئەو جیاوازیە بە تەسەوری من لە خزمەتی ئیلتیزام و لە خزمەتی دوامان دایە.

دیسان کاک ئەحمەد سالار باسی مەناهیجی دیراسەی ئیسلامی و ئەو پیتانەی کرد.

بەحەقیقەت منیش تەعلیقێکم لێ دا، چونکە ئەو تێبینیەم تەسبیت کردیە، دەدەمە لیژنەی پسپۆری و، منیش پسپۆڕ نیم لەو مەجالە، قووڵتر بچمە ناوی و، داوای لێ بوردن دەکەم.

مەناهیج مونسەجم بێت لەگەڵ ئەم عەسرە، هەوڵمان داوە، هەر چ نەبێت، هەندێک ئەسالیبی

خۆمان بگۆڕین، هەندێک مەسائیلی تریش هەیە، ئەوی کۆنە و، زۆر مەسائیل بووینە کەلتوور، گۆڕینی کەلتوور بە تەسەوری من کارێکی ئاسان نیە.

کاک وریا باسی نەبوونی فەراش دەکات، راستە، نەقسمان هەیە، بەس چی بکەین،راستتر ئەوەیە، ئێمە تێبینیمان هەیە، داوای دەرماڵەمان کردووە، بەس دیارە ئیمکاناتی ماددی وای لێ نەهاتووە، ئێمە شتێکی وا بکەین، ئومێد دەکەین لە دواهاتوو مووچەی ئەوان ئیزافە بکەین، تاکو باشتر بێت. باسی حانوت دەکات، وابزانم من باسم کرد، باسی قوتابخانەی نموونەیی کوردستانی کرد، جیاوازە لەنێوان ئەوەی ئێمە ئیعتیبار بکەین کە قوتابخانەی کوردستان قوتابخانەیەکی نموونەییە، بەس قوتابخانەی ئێستا، قوتابخانەی موتەفەوقینە، یەعنی دوو شتی جیاوازن، ئەمە نموونەییە هەموو قوتابییەکی لێ وەردەگیرێت، قوتابی زیرەک و هی ناوەندی و هی ئەدناو لە روقعەی جوگرافیەی خۆی نەشێت، ناتوانێت ئەمە لە روقعەی جوگرافیە وەرنەگرێت، بەس ئەوەی تر نەء، یەعنی جیاوازیەک هەیە لەنێوان ئەو، لایەنی تر تەکریمەن ئەمە ساڵی دووەمە، ئێمە تەکریمی هەموو مامۆستای وانە دەکەین، مامۆستای کوردستان ئەوانەی پلەی معیاری باشیان دەرهێنا، پار تەکریمان کردن، ئەم ساڵیش تەکریمان کردن، دوو بەڕێوەبەر بۆ جاری یەکەمە، کە قوتابخانەیەک هەبێت(موشریف موقیم) لە قوتابخانەی ئارازە لە دواناوەندی کوردستانە، ئەو بڕیارە ساڵی پار داومانە، یەعنی ئێستا دەرەجەی وی دەرەجەی موشریفە، ئەمەش تەقدیرێکە بۆی، تەرکیزشمان کردووە، لەوانەیە بۆ مۆلیدە، لایەنی تریش، ئێمە بە قوتابخانەیەکمان نەگوتووە، دائیم گلەیی قوتابخانەی تریش هەیە، هەردەم تەزەخومە لەسەر گۆی ئەوان، ئەوانە بە منیان گوت میلاکی بەهێزتر دابەش بکەیت، تاوەکو تەزەخوم نەمێنێت، بۆ نموونە لە تەجەموعات دەهێنن لە قوتابخانەی کوردستان دەخوێنن، ژمارەی قوتابی لە پۆلی شەش، لەوانەیە نزیکی(٦٠) کەس زیاتر جێگایان نیە، لەبەر ئەوە دابەش بوونی قوتابخانەی نموونەیی لەسەر روقعەی جوگرافیە، تۆ تەخفیف بکە، هی دی تریش دەعمەکی تایبەتی بۆ ئەم قوتابخانەیە، قوتابخانە بینایەکەی تەواو بوو، ئەو بینایە هیچی تێدا نەبوو و، ئێمە بچینە قوتابخانەی نموونەیی، دەبێت هەندێک موستەلزەماتی بۆ دابین بکەین، بەتایبەتی کە ئێمە موقبیل بووین لە ساڵ تاقیگە دروست بکەین و، هۆلی بۆ دروست بکەین و، مێزی کۆمپیوتەر دروست بکەین، ناچار بووین ئێمە سلفەیەکی بدەینێ، تاکو بکەوتە سەر سیکەی خۆی و، بتوانێت دەوری خۆی ببینێت، بۆ نموونە: هەندێکیان تاقیگەی دەنگیمان دانێ، تاقیگەی دەنگیش مەسرەفی دەوێت، لە کوێ بێنێت، کە ناوی موتەفەوقین دەردەچێت، لازمە تۆ مەسرەفێکی بدەیێ، تاکو بتوانێت موهیمەی خۆی جێبەجێ بکات.

کاک ئەمین مەولود باسی پزیشکی قوتابخانەی کردووە.ئەمە هەر ماوە، تەنسیقمان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی باشە، بۆ ئەم بوارە، ئێستا هەیە سەردانی دەکەن، یەعنی تەندروستی قوتابخانە تەکلیفی گوندەکان دەکەن، لە گوندەکان تەندروستی ریفی هەر تەفتیشی قوتابخانەکان

دەکەن، لەناو شاریش ئێستا ئەو هەوڵ دانەمان هەیە.
کاک زاهیر باسی لێدان دەکات، وابزانم من بە تەفسیلی باسم کرد، ئێستاش دەڵێم بەراوردی بکەین، تەئسیراتی سلبی لێدان و، ئیجابیاتی، لەوانەیە بە نەزەری من و تۆ هەندێک خاڵی سلبی هەبێت، بەس ئەکید ئیجابیاتی نەهێشتنی زۆرە، سلبیاتی زۆر زۆر کەمە، بۆ نموونە حاڵەتێک لە قوتابخانەیەک وەختی لێدانیش هەیە، هەر حاڵەتێکی وا هەبووە، بۆ نموونە نیو میلۆن قوتابی هەیە، یەعنی ساڵێ دوو کارەسات یان سێ کارەسات هەبێت زۆرە،(٢٢٠٠٠) مامۆستاتان هەنە، بەتەسەوری من هەندێک جار کێشە رووی داوە لەنێوان مامۆستا و قوتابی لە هەموو زەمانێک و لە هەموو دونیایەک هەبووەو بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر لێدان هەبێت، گیروگرفت زۆرتر بووە، لەبەر ئەوە من هاتوومە سەر ئەو بابەتە، باسی مامۆستایەک لە قوتابخانەی کوردستان دەکەم، باوکی ئەو منداڵە هاتە لای من، من زۆر هەوڵم دا تەوافوقێک بخەمە نێوانیان، تاکو نەگاتە شکایەت و شکایەتکاری، بەس منداڵ کەوتە نەخۆشخانە، وەختی کەوتە نەخۆشخانە بیتاقەی سەریری بۆ چێ دەکەن، کێ وای لێ کردووە، فلان مامۆستا وای لێ کردووە، ئۆتۆماتیکیەن مامۆستا دێتە حجز کردن، چەندی منداڵەکە لە نەخۆشخانەکە بوو، مامۆستایەکە حەپس دەکرێت بەپێی یاسا، بانگی باوکەکەم کرد گوتم کاکە ئەمە چارەسەر بکەین، ئێمە حەز دەکەین، ئەوەش مامۆستای وییە، بەزۆری نەبووە، ئەمە کێشەیەکی موزمینی هەبووە، هاتووە بە بەڕێوەبەری گوتووە، ئەم قوتابییە کێشەی هەیە، نازانم مەسەلەکە چ بووە، ئەمە مامۆستاکە لێیداوە موزاعەفات پەیدا بووە، موزاعەفات وای لێ کردووە، داخیلی نەخۆشخانەی کردووە، هاتن بە منیان گوت قوتابیەکم لەسەر مردنە لە نەخۆشخانە، چۆن تەحقیقکاری و شکایەتکاری کراوە، بۆچی ئەم لێدانەت لێداوە، بەتایبەتی قوتابی دواناوەندی هی لێدان نیە، بەحەقیقەت، مامۆستا بۆچی خۆت تووشی گیروگرفت دەکەیت، بۆ چارەسەر کردنی شکایەتی خۆت بێنە وەزارەتی یان شکایەت بکە و بە دایک و باوکی بڵێ، یەعنی بەدائیل هەنە، بە تەسەوری من ئەمە دەبێتە ئیشکال کە منداڵ بکەوێتە نەخۆشخانە، دەبێت ناچار بین پرسیاری لێ بکەین.
دکتور(لەتیف بەرزنجی) باس دەکات قوتابخانەی میهەنی ئاستی دابەزیوە، راستە دابەزینی قوتابخانەی پیشەیی وای لێ کرد هۆیەکە فورەسی تەعین بێت، بەراستی فورەسی دامەزراندن کەمە بۆ قوتابخانەی پیشەیی، ئەگەر هەبیت ژی مووچەکە کەمە موخەسەساتی نییە، یەعنی بەراتبی ئیسمی نزیکەی ١٥٠دینار زیاتر تێپەر نابێت، لەبەر ئەوە ئەگەر فورەسی دامەزراندن هەبێت خۆی دانامەزرێنێت، لەبەر ئەوە قوتابخانەی پیشەیی لە دابەزیندایە و، ئەوەی لە دەستی ئێمە دایە ئێمە هەوڵ دەدەین سوودیان لێ وەربگرین و تەعینیان بکەین، بەراستی ژی زۆربانمان تەعین کردیە، خلالی ئەو تەعیناتە حەرەکەی کادری وەسەتی ئەم قوتابخانەیەی بە هێز کردیە، واتە بەرەو ئینحصار بوو، بەڵام ئێستا بەرەو گەشەپێدان دەچین، چونکە لەکێرڤەکە دیارە باشتر

بووه و، ئومێد دەکەین ئێمە بتوانین لە دوارۆژ باشتر چارەی بکەین، باسی بەشی تەندروستی ئاژەلی دەکەن، بەراستی ئەمە مەعلوماتێکی تازەیە زۆر سوپاسی(د. لەتیف )دەکەم ئەکید من پرسیارێکی لێ دەکەم و، لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵیش خەریک دەبین لەرێگای فاو تا بزانین ئێمە چۆن دەتوانین تەتویری پێ بکەین، (ماموٚستا مەلا موحسن) دیسان باسی مەناهج کرد، من لیژانی پسپۆری دەهێنم پێداچونەکی گشتی بکەن و، زۆر سوپاستان دەکەین وەکو ماموٚستای ئاینی کە شارەزاییتان هەیە، راپۆرت بدەنە ئێمە بۆ مەناهج سوودی لێ وەربگرین و، تەسلیمی پسپۆرانی خۆمانی دەکەین سوودی لێ وەردەگرین بۆ تەتویری مەناهج. ئیشارەتی پێدا تێکەڵی خراپە، بەتایبەتی لە قوناغی سەرەتایی.

بەراستی ئارائی جۆراو جۆر هەیە لەسەر ئەم بابەتە، هەیە دەڵێت خراپە، هەیە دەڵێت باشە، ئێمەش لە سیستەمێکی دیموکراتی دەژین، ئێمە هەندەک دەکەین با تێکەڵاو نەبن بۆ ئەو کەسانە کە حەز لە تێکەڵی دبێژن خراپە، هەندەکیش تێکەڵاو بکەین با ئەو تەجروبەیەش ببینین، بۆ زانیاری جەنابت لە قوناغی سەرەتایی تێکەڵاوە، لە پەیمانگای ماموٚستایان تێکەڵاوە، لەپەیمانگای پێگەیاندن جودانە، لەپەیمانگای پێگەیاندن لە ئاکرێ تێکەڵاوە، لە سۆران تێکەڵاوە، لە زاخۆ تێکەڵاوە، هیچ گیروگرفتێک پەیدانەبووە زۆر زۆر ئیعتیادیش بەرێوە دەچێت و تەبیعیش بووە، لەیەکی تر ئێستا ئەو قوتابخانە نموونەیی ئەوی دواناوەندی ئێمە کۆبوونەوەی باوکانمان کرد، هەموو دایک و باوکمان کۆکردەوە، لەسەر ئەوەی کەبیکەینە دوو قوتابخانە، ئیتیفاقمان کرد مە گۆتی نەء! با ئێمە تاقیکردنەوەکی ناوەندیان هەبیت تێکەڵاو بیت، رەئی ئەوان گوتیان با لە یەک قوتابخانە بن، ئێستا لە بەشی سەرەوە کچن و، لە بەشی خوارەوە کورن لە کۆبوونەوەی باوکان مە گوت تاقیکردنەوەیەک بدەنە من، من مخەوەل بکەن ئەو تاقیکردنەوەیە بکەم، کێ حەز دکات تێکەڵاو بیت دایک و باوک مانعی نەبیت، ئێمە یەک هۆبە تێکەڵاو دەکەین خیلالی ساڵێک سەیری دەکەین کا چ گیروگرفت پەیدا دەبیت؟ ئێستا پۆلێکمان تێکەڵاو هەیە لەناو ئەو قوتابخانە نموونەییە، ئێمە ئەو پۆلەمان هەیە و، تاقی دەکەینەوە، چونکە لە موجەمەعات تێکەڵاون، بەراستی زۆربەی موجەمەعات تێکەڵاون لەبەر میلاک لەبەر یەک قوتابخانە تێکەڵاون، ناوەندی و دواندیش تێکەڵاون و، من بەراستی گوێم لێ نەبووە کە گیروگرفت هەبێت، ئەگەر گیروگرفتێکیش هەبیت لە شوێنێک ساڵێ جارەک روویدا من وای دادەنێم مەسەلەیەکی ئاساییە، من دیسان دەڵێم ئێمە تێکەڵاوین لە شەقام و لە باخچەو لە بازار، ئێنجا ئەو تێکەڵاوییە لە ژێر چاودێری ماموٚستا و بەرێوەبەرە، ماموٚستا لە پۆلە، لە قوتابخانەیە، من تەسەور ناکام شتی خراپ لە قوتابخانە بێتە کرن، یەعنی ئەگەر شتەکی خراپ هەبیت یان نەگونجاو هەبیت لە دەرەوەی قوتابخانە دێتە کرن، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم با قوتابخانەمان بەهەموو جۆرێک هەبیت و، چاودێری بکەین و پارێزگاری بکەین، ئێمە رازین بەوە.

خوشکە شەفیقە باسی ئیختساسات و، باسی هونەرەجوانەکانی کرد.

بەراستی ئێمە بڕیارمانداوە کە دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکان نابێت بچێتە گوند، ئەفزەلیەتمان داوەتە هەولێر، دهۆک، یەعنی ئیللا ئەوەی خەڵکی موجەمەعاتە بچێتە موجەمەعات، ئەگەر لە گوندەکان دەرچووی پەروەردەی وەرزش دابنێین ،چونکە مامۆستای وەرزشمان کەمە و، من زۆر نموونەم هەیە کە دەرچووی ئەمساڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە هەولێرمان داناوە، یان لە شەقلاوەمان داناوە یان لەو جێگایانەی کە هاتوچۆی لێ دەکرێت، باسی دەرسی کۆمەڵایەتی و کوردی و ئەوانەش لە زێمنی مەناهجمان باس کرد.

کاک فاتح باسی تاقیکردنەوەی وزاری وتەسروف بە پرسیارەکانی تاقیکردنەوە دەکات.

بەراستی من ئەوە دوو ساڵە هاتووم هیچ تەسروف نەبووە. یەعنی لە ڕۆژنامە بەراوورد بکە لە عیراق تەسەروف هەیە، ئەوە دووساڵە مەسئولیەتی بەڕێز(کمال شاکر)ەو لیژنەیەو لیژنە موشتەرەکە و، بۆ مەسئەلەی پاراستنی تاقیکردنەوەی بەکۆمەڵی پۆڵی شەشەم و، بە بەرژەوەندی دەزانم وەکو لیژنە موشتەرەک بن و، بەراستی موشتەرەکن و بەرێکْ و پێکی دەچەنە سەری و، وابزانم سەرکەوتووە لەکاری خۆی ئەمە دوو ساڵە و، ئەگەر کەمێک کەم و کووڕیش هەبێت زۆر تەبیعیە، بەڵام هی ناوەندی ئێمە مەسئولین بەرامبەری بە شێوەیەکی راستەوخۆ، دیسان ئەوە دوو ساڵە من هیچ گیروگرفتێکم نەدیووە، بەبێ گیروگرفت تاقیکردنەوەکان دەرباز دەبن.

باسی ئەوە دەکەن ئێمە یارمەتی مامۆستایان بدەین لەلایەنی ئابووری.

ئێمەوحکومەت زۆر هەوڵ دەدەین حەز دەکەین کە یارمەتی مامۆستایان بدەین و، گەیشتینە قەناعەت ئەگەر وەزعی معاش خراپ بیت، بەرەو پێش نابەین پرۆسەی پەروەردە وەک پێویستە، بەڵام بەراستی ئیمکانیات هەر ئەوەندەیە کە لەبەر دەستدایە.

مامۆستا مەلا مەحمود دێرشەوی، وانەی ئایین لە هەموو قۆناغێک دەمج دەکرێت لەگەڵ وانەی عەرەبی و، هەندێک وای بەباش دەزانن کە ئەو دیراسەیە بکرێت بە کوردی لەگەڵ کوردی دەمج بکرێت، نازانم ئەمە بویتە سیاقێکی کەونی عیراقی یە لە سەرچ، وانەی ئایین لەگەڵ عەرەبیە یان وانەی ئایین لەگەڵ کوردیە، بەس وەکی دی لەسەرسەدییە یەعنی هەیڤانە بەس تاقیکردنەوەی نیهائی ئەکید کە موشتەرەکە و، بەتەسەوری من واتای ئەوە نینە کو کەمتر ئیهتمامی پێدا، ئەویش دێ خازع بێت بۆ سیستەمی، یەعنی گۆڕینی سیستەم وەکو گوتم دیراسەیا کەمتر پێویستە، ئیتیفاقی پێویستە لەگەڵ هەموولایەکی ئەبێت نەمەتی بگۆڕین و، ئەم موقترەحەش بەڕێزەوە دیراسەت دەکەین ، لەدوارۆژیش شتەکی باشتر بکەین.

خوشکە(زەهراء) ئیشارەتی پێدا کە دەوراتی تەئهیلی بۆ سێ هەیڤا کەمە.

راستە سێ هەیڤ کەمە بەس وەکو بێژن هەندەک جار موحتاجی ناچار دەبین کە پێنجە ڕۆژا ژی مە دەورەی کۆتایی پێنایەتە نیهایەتی، بەس بە عەملیا دەواراتا تەتویرا عەملیەکە بەردەوامە ئیزافە بکەین ئومێد دکەین پیچەکی وەزعێ مە دروست ببیت ئەوانەی کە سێ هەیڤ دەورە دیتن، بەڵکی ئێمەش دەورەیەکا تەئهیلی درێژ تر بۆ ببینین. بەس لەوەزعی ئەو نەقسە چارەسەر بکرێت.

بۆ تەوزیعا عەردی، تەبعەن ئەویٚ قانونە ئەویٚ جارەکی موستەفید بێت، چونکە ئەو منحێت عەردی یەعنی قانونە وەکو مادام عەردە یەعنی خانووە، ئەگەر ئیستفادەی بۆ حکومەتیٚ کردبێت و، بە ژمارەیەکی هەرزان دابیتن، لەوانەیە مەشمول نابێت عەردی، راستە ئەو تەعلیماتە هەنە، بەسی ئەوی تر قاعیدە زەوجی، بەراستی منیش مەعلوماتە من ئان ئەزیٚ غەلەتێن جەنابێتە غەلەتە، یەعنی لازمە ژنکی و مێرکی ئیزافە بیٚن نوقاتەوان لەسەر یەکتری حسێبێت بن، ئەلاهومە مەسەلەن ژنکە موستەفید بێت یان مێرکە موستەفید بێت، چونکە هەرکامیان موستەفید بێت بۆ هەردووکیان باشە،ئەگەر مەعلوماتیٚ من ئەوە بێت من تەعقیبەکی دەکەم تەدقیقەکی دەکەم ، وەدائیمەن موتابەعەمان بەردەوامە کوو ئەو مامۆستایەی موعەددەل مەشغولە، ئەوانەش مەشغول بیٚن، کاک ئەحمەد عەلی عومەر باسی تەعینا ئیختساساتا فیزیاو کیمیاو ئەوانە کرد.

تەبعەن بۆ مەعلوماتی جەنابت ئەو موتابەعە هەیە، بەلاّم بەراستی ئەگەر کەسێک رەغبەتی نەبێت وانە بلێتەوە تۆ ناتوانی بەزۆری بیهێنی، پێش هەموو شت تۆ دەبێت پێداویستیەکانی ژیانی بۆ دابیٖن بکەیت، مەسەلەن مامۆستایەک لە دهۆکیٚ دەنێرمە ئامێدیٚ، پێنج سەد دیناری دەدەمەیٚ، هەروا تا لیٚ رادێت، بەراستی دەبێت بە دلّی ئەو مامۆستایە بکەیت تاوەکو رازی دەبێت، بەلاّم دەبێت ئەو مامۆستایە ئەدائی باش بێت ئەگەر ئەو مامۆستایە ئەدائی باش نەبێت ئەوا قوتابیەکەش هیچ سوودێک لەو مامۆستایە وەرناگرێت، بەس وەکو من ئیشارەتم پێدا دەرچووی کۆلیجی پەروردە؛ دانامەزرێن لە غیری وەزارەت و، هەروەها کۆلیجی ئاداب و زانیاریش و، پار ئێمە دەورەیەکمان کردەوە سنوری (٩) قوتابی ئاداب و زانیاری بەشداری دەورەکەیان کرد، لە هەولێر و لە دهۆک.

هەروەها باسی قوتابخانەی ئایینی کرد، هەریەکێک لە وەزارەتی پەروەردە بێت هەموو جۆرە زانیاریەک دەخوێنێت، نەک هەر زانیاری ئاینی، واتە لە قوتابخانەکان وانەی ئایینی و بیرکاری وکۆمەلاّیەتی و ئینگلیزی و شتی تر دەخوێنێت، بەلاّم نازانم مەخسەدی کاک ئەحمەد عومەر ئەوقاف بێت، راستە لە سەر پەروەردە لەوانەیە زانیاری زیاتر بێت، لەوانەیە حسەسمان کەمتر بێت، بەس هەموو زانیاریەکی تر ئێمە دەخوێنین، بەس ئەوانە سەر بە ئەوقافن لە حوجرەنە، لیژنەیەک کە لیژنەی بالاّ دروستی کرد بێت و، لیژنەیەکیش لەگەلّ وزیری ئەوقاف، ئێمە هەولّ دەدەین شێوەیەکی ئەکادیمی بخەینە سەر حوجرە وای لیٚ بکەین وەکو قوتابخانەکانی تر زانیاری تر بخوێنن، بەلاّم بەشێوەیەکی ئاسان ترو ماددەی کەمتر بێت.

کاک محەمەد عەلی تۆفیق پرسیاری ئەوە دەکات کە دەوامی قوتابخانەیٚ سەرەتایی لە وەرزی هاوین و مینهاج.

مینهاجی ئێمە وەکو مینهاجەکانی تر نییە، تەرکیزی بەس لەسەر قەزایای لاسەفی دەکەین نەک یەک مەنهەج، بەراستی تەرکیزی ئێمە لەسەر لایەنی پەروەردەیی، یەعنی مندالاّن فێری بابەتی ئەدەبی بکەین، واتە فێر بێت چیروک بێژێت، فێر بێت دووسەد قوتابی لە گۆرەپانی قوتابخانە

سرودێک بلێین یان چیرۆکێک بێژن، ئەوە لایەنەکە، دووکتێبمان داینێ، کتێبێک ئەم ساڵ چاپمان کرد، کە(٤٣) چیرۆکی منداڵانی تێدا هەبوو و، ئەوی تر لە(١٠٠) شیعر زیاتر بۆ منداڵانی تێدا هەبوو و، دابەشی سەر قوتابخانەکانمان کردووە کە مامۆستا فێری گوتنی چیرۆک و شیعریان بکات، لایەنەکی تر کەل وپەلی وەرزشی و کەل وپەلی وێنەشمان دابەش کردووە، لە زۆر قوتابخانەکان ئەگەر مامۆستامان دەست کەوتبێ مامۆستای مۆسیقامان بۆ دابین کردوون، کە بۆ ئاهەنگێکە بۆ چەند سەعاتێک، ئیشاء الله لەساڵانی داهاتوو باشتر ئەو کارانە ئەنجام دەدەین.
بۆ دروست کردنی خانوو بۆ مامۆستایان پلانمان داناوە بەتایبەتی لە گوندەکان، چونکە دەبێت لە هەر گوندێک ئەگەر قوتابخانەمان دروست کرد دەبێت چەند خانوویەک بۆ مامۆستایان دروست بکەین، بەراستی هەوڵی ئەوەمان داوە و ئیشارەتمان پێ کردووە.
کاک رەجەب شەعبان پرسیاری ئەوە دەکات چۆن قوتابخانە هەندێک جار شوێنکی گەورە داگیر دەکەن؟
قوتابخانە لەگەڵ تەبیعەتی زەوی دروست دەکرێت، بۆ نمونە هەندێک زەوی تەحەموول دەکات کە قوتابخانەکە چەند نهۆمێک بێت، بەڵام قوتابخانەی سەرتایی نابێت بکرێتە چەند نهۆمێک و، قوتابخانەی دواناوەندی ئەگەر بکرێتە چەند تابقێک هیچ مانعمان نییە، بەڵام زەویەکە تەحمول ناکات، بەڵام قوتابخانە بە هەر شێوەیەک پێویستی بە پانایی زۆر هەیە ،واتە پێویستی بە ژووری وێنە و ژووری تاقیگەو ژووری وەرزش و هەندێک قوتابخانە پێویستی بە هۆڵی گەورە هەیە وەکو هۆڵی کۆمپیوتەر، لەبەر ئەو ئێمە بڕیارمان داوە، وەکو من ئیشارەتم پێدا کە ئێمە هیچ جۆرە مانعێکمان نییە، کە هەر کێ بێت تەسمیمەکە بکات، هەتا ئەگەر بە مەوادی مەحەلی بێت کە چەند ژوورێک بە شێوەکی کاتی دروست بکات تا ئەو تەجاوزاتە رابێن و، موهیم ئەوەیە کە هیچ زەویەک نەهێڵێین بێ قوتابخانە.
هی پەیمانگای ئاکرێ ئەکید موتابەعە دەکەم دەبێت لەپلاندا هەبێت، بۆ کۆمپیوتەر، چونکە دامانناوە لە دهۆک ٨٣ هەبوو چل وچل تەوزیع بکەینە سەر پەیمانگا، چونکە دوو دواناوەندی لەوێ هەیە، هەتا ئێمە وامان دانا کە لە دواناوەندی تەئجیل بکات بێتە پەیمانگای نیڤ دانان، لازمە لە پۆلی چوارو پێنج و ئەم ساڵانە دەست پێ بکات.
کاک سعید محمد هروری باسی تەرمیم دەکات.
وابزانم ئەوەمان باس کرد و، مامۆستا مەلا تەها پرسیار لەوە دەکات کە لە گوندی شێخ وەتمان قوتابخانە هەیە، بەڵام بینایەی نییە. بەڵێین بێت موتابەعەی دەکەم کە بزانم لە پلاندا هەیە یان نا.
کاک دکتۆر ناسح باسی سوپاس بۆ تەقییم ئەولیی و، لایەنی تر ئیشارەت پێدان من تەسەور دەکەم باسی لێدانا مامۆستای فیزیاو ئەوانە تەسەور دەکەم شەرحمان کرد.
مەسەلەی رەحلە من دیسان تەئکید دەکەم، ئێمە زۆر پلانمان داناوە بۆ ئەو مەبەستە کە نابێت بە

هیچ شێوەیەک لە قوتابخانە سێ قوتابی لەسەر یەک رەحلە بێت، یەعنی ئەگەر نەقسێک هەبێت لەو بارەوەو ئەوا خەتای قوتابخانەکەیە هیچ سووچی ئێمەی تێدا نییە، چونکە ئێمە رەحلەمان ئەوەندە زۆرە لە ساحە باوەڕ بکەن جێگامان نییە، بۆ سۆپەش موستەلزەماتمان زۆرە، پێشی ئێمە سێ شەفتی کردینە یەک دەوام و، دوو شەفتیش (٤٠٠) قوتابخانە لە ناوەوەی هەولێری دووشەفتی بوون، هەموومان کردیتە یەک بەڕێوەبەر یەک ئیدارە و، سێ شەفتیش ئێمە کردیتمانە یەک ئیدارە، چونکە هەریەکە کۆگای خۆی هەبوو، سۆپای خۆی هەبوو، سۆپایان نەئەدا بەیەکتری و، بۆ ئاگاداری جەنابتان ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە(٤٠٠) سۆپامان هەیە لە کۆگای پەروەردە، هەندێک هەیە بەکارهاتووە و، هەندێک هەیە زێدەنە پێویستیان بە چاککردنەوە هەیە، بەراستی ئێمە موشکیلەمان لە کەمی سۆپەی نییە، بەڵکو لە ئالیەتی بێت، یان لە دابەش کردنی لە نێوان کۆگاکان بێت.

پرسیارەکەی تری دکتۆر ناسح باسی چاپخانەی کرد.

ئێمە دەزانین کە چاپ ئیشێکی گرانە و، رازی بووینە وەکو جەنابی ئیشارەتی پێدایین رازی بووینە زەختەکی زۆری لەسەر بووە، ئێمە موشکیلەمان لە کوێ هەبوو؟ ئێمە شەفتەک ئیش بکات، ئەم پارەی دەدەینێ، وەکو وەزارەتی پەروەردە(٨ یان٦) سەعات ئەم پارەی دەدەینێ، وەختێک ببێتە دوو شەفت پەڕاوێک تەبع بکەین، ئەم پارەیە موخەسەساتە کێ وەربگرێت ئێمە نازانین، هی دوو شەفت، لەبەر هەندێ ئەمرێک هەبوو وەختی ئەو پارەیە دەدەن، هەندێک هەنە یەک شەفت دەوامی کردووە، گوتیان ئێمە ئیشمان هەیە ناتوانین دوو شەفت دەوام بکەین، داوایان کرد یەک شەفتیش دەوام بکات ئەو پارەیەی یونیسێفی بدەینێ، فعلەن تەوقیعی کردبوو وەکو پارەی یونیسێفی بدەینێ، حەرەسمان هەیە لە چاپخانە، حەرس گوتی ئەو پارەیە بدرێتە ئێمەش، بەڵام یونیسێف رازی نەبوو، دەڵێت ئەو کەسەی کە شەملی دەکات، بەڕێوەبەری گشتی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنی تەوقیعیان کرد، هەموویان قانع کردن، مادام یونیسێف نادات، هەندێک ئیشارەت پێبدەین، بۆ دابەش کردنی لەسەر ئەوانی تر، یونیسێف وەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا، فعلەن شکایەتی کرد، گوتی ئەو پارەیەی بەس هی دوو شەفتەکەیە هی حەرەس نییە، فعلەن هاتنە لای ئێمە و، تەدقیقمان کرد، چوونە لای یونیسێفیش، ئێمە بریارماندا نابێت ئەم ئسلوبە، چ بریارێک هاتووە، یونسێف دەدینە وی ئەوی تر دوو شەفت دەوامی کردووە، بەڵام نابێت پارە بدرێتە ئەوانەی کە یەک شەفت دەوام دەکەن، بەڵام بۆ حەرەس پارەی ئیزافیان دەدرێتێ لە لایەک، یان تەطویری چاپخانەی ئەمە مەجالی تێدا هەیە، چونکە ئیرادێک هەیە، نەشولی بداتە ئێمە نە شولی بداتە ئەوان، من وا تەسەور دەکەم کە ئیشکالەکەی چاپخانە ئەوە بووە، ئیتر کارەکە بەردەوامە، بەڕێوەبەری چاپخانە، بەڕێوەبەری چالاکی قوتابخانە، بەڕێوەبەری چالاکی وەرزش، بەڕێوەبەری کاری دەست رەنگینی، زۆر بەشی ناوەخۆ تەرمیم گۆ هەفتن، زیاتریش بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی ناوەخۆی هەولێر دایە گۆهەفتن، یەعنی کارەکانی گۆڕین

بەردەوامە، ئەگەر بێت و تاقەتێکی زیاتر بدەینە ئەو مەجالە و تەطویرەکەی پێبکەین، زۆر سوپاس بۆ سەرۆکی ئەنجومەن، کە ئەو دەرفەتەی پێداین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تەعقیبیان هەیە، لەسەر پرسیارەکانی خۆیان دەستیان بەرز بکەنەوە، بەڕێز کاک شێخ یەحیا فەرمو.

**بەڕێز شێخ یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ ڕاپۆرت و وەڵامەکانی بەڕێز وەزیری پەروەردە، دەست خۆشیت لێ دەکەم، تا ڕادەیەکی باش، باش موقنع بوو، بەڵام من ڕجایەکم هەیە، وەکو ڕجایەک بۆ هەموو وەزارەتی پەروەردە، کاتێک کە ڕەخنە لە ڕۆژنامە هەبوو، تکا وایە وەڵامی بدرێتەوە، چونکە ئەم ڕۆژنامەیە لە هەموو کوردستان بڵاو دکرێتەوە، لەوانەیە بچێتە ئەوروپاش، وەڵامێکی بدرێتەوە، خۆ ئەگەر ئێوەش وەڵامی بدەنەوە زۆر شتێکی ئاساییە، بۆ ئەوەی کە پرسیاری بێ وەڵام نەڕوات و، کۆن نەبێت، لێی بێ دەنگ بن، هەر یەکێک بە جۆرێک تەفسیری بکات، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پرسیاری سێیەم بوو، وا نییە، بەڕێز کاک دکتۆر رزگار، فەرموو، تکایە تەعقیب لەسەر پرسیارەکانی خۆتان بێت.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت وەزیری پەروەردە جێگای ڕێز وتەقدیرە، بەنیسبەت تەعقیبی من لەسەر تاقیگەیە، جەنابی بەڕێز وەزیر گوتی یونیسێف یان مونەزەمەی ڕێکخراوەی ئینسانی، ئەو مەوادەی کیمیاوی پێویستە بۆ تاقیگەکان، لەوانەیە وەکو بەکارهێنانی موزدەوەج هەیە مەحزوراتی ساڵانە لەسەر ئێمەیە، لەوێ ماددەی تر هەیە مەحزورات لەسەر نەبن، ئەغلەب ماددەی فیزیائی، بۆ نمونە، لەوانەیە تاقی کردنەوەیەک بکرێت ئەویش (بالحراره تتمدد المعادن) چ ماددەی کیمیاوی هەیە، بۆ ئەم تەجروبەیە، ئەمە تەنیا نمونەیەکە، ئەگەر جەنابی ئەو هیمەتێک بکات، شتێک بۆ ئەو تاقیگایانە تەجهیز بکرێت، بە لای کەمەوە مومکن بێ، بێتە کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک فاتح محمد ئەمین، فەرموو.

**بەڕێز فـــــاتح مـــــحـــــمـــــد أمـین:**

**بـەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تەعقیبەکەم لە بارەی مامۆستای دەرسی خسووسی و پرسیار دانانە، ئەو مامۆستایانەی کە دەرسی خسووسی دەڵێنەوە، لەوانەیە بە شێوەیەکی نائاسایی پرسیارەکە تەقریبەن نزیک بکەنەوە لەوەی کە کەشف نە بێت، لەسەر ئەو پرسیارانەی کە خۆیان دایان ناوە، جا پێشنیاری من ئەوەیە کە ئەو مامۆستایانەی دەرسی خسووسی دەڵێنەوە، لەوانە نەبن کە پرسیارەکان دادەنێن، یان ئەوانەی کە پرسیارەکان دانەنێن دوور بخرێنەوە لە دەرسی خسووسی و، ئەگەر بکرێت ئەو مامۆستایانەی کە پرسیارەکان دادەنێن، ماوەیەک نەهێڵن بچێتەوە، تاکو شێوەی پرسیار دانانەوە تەواو دەبێت، ئەم شتە ئەگەر بکرێت بە قەناعەتی من شتێکی باشە، سوپاس.

**بـەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک وریا دزەیی، فەرموو.

**بـەڕێز وریـا أحـــــمـــــد دزەیـی:**

**بـەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تێبینیەکی بچوکم هەیە لەسەر قسەکانی وەزیری پەروەردە، دەربارەی ناوی ئەو قوتابخانە تازەیە، تاکو ئێستا ناوی بە نموونەیی هاتووە، بەڕێز وەزیری پەروەردە دەڵێت ناوی گۆڕاوە بۆ موتەفەوقین، ئەگەر گۆڕاوە شتێکی باشە، زۆر سوپاس.

**بـەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ڕەجب شەعبان، فەرموو.

**بـەڕێز رجـب شـــــعـــــبـــــان طـیـب:**

**بـەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە بارەی بینایەی قوتابخانە بۆ هەندێ جێ با دوو نهۆمی بێت و، لەسەر پارچە زەویەکی بچوک بێت، لەبارەی پەیمانگاش من موتەئەکیدم، دوێنێ دەرکەوت سەعات(١٠)ی شەو بەڕێوەبەری پەیمانگا لای من بوو، گوتی هەتا ئێستا هیچ شتێکمان وەرنەگرتووە، بەڵکو ئامادەیی وەریگرتووە، بەڵام پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان وەرمانەگرتووە، زۆر سوپاس.

**بـەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر، جەنابت وەڵامی تەعقیبەکان بدەرەوە، ئاخیر وتار، وتاری جەنابتە، کۆتایی دێت بە دانیشتنەکەمان.

**بەڕێز عەبدالعزیز طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی تێبینیەکانی شێخ یەحیا، راستە رۆژنامە زۆر دەنوسن، بەس بە حەقیقەت موشکیلەی رۆژنامە ئەوەیە، بە کەیفی خۆیان مانشێتەک ئیختیار دەکەن، مانشێتەکی ئیجابی، لەسەر مەوزوعەکی موعەیەن تۆ رەدەکەی دەکەی، ئەو فەقەراتانەی کە تۆ مانشێت بەخۆت ئیختیار دەکەی، ئەو مانشێتە حەزف دەکەین، ئەمە یەک، دوو ئەو فەقەرەی کە تێیدا بە کەیفی خۆی فەقەرەی لێ دەبنێتە دەرەوە، حەزف دەکرێت، بۆ نموونە، یەکێک نووسی بووی لە رۆژنامەدا لە مەنتیقەی خەبات، دوو منداڵ قازیان بردبووە ناو باخچەی ساوایان، کە ئەم قوتابخانەیە نە مامۆستای بۆ دانراوە نە ئەساس، لەسەر رۆژنامە بە تەسویر بۆی بکەین، من کابرایەکی ئیعلامم نارد سەیر دەکەم، گوتی ئەمە باخچەی ساوایانە و دەوامی تێدا دەکرێت، میلاکات حازرە، هەموو ئەساساتی تێدا هەیە، بەڕێوەبەری ناحیە بە تەفسیلی بۆ رۆژنامە دەنووسێت و، تاکو نەقلی نەکەین، دوای ئەوە ئێمە بۆ وەزارەتمان نووسی، دوای ئەوە هێنامانە خوارەوە، لەبەر ئەوە هەر شتێک لە رۆژنامە بێت، ئێمە تەعقیبی دەکەین، یەعنی دەنووسین لەسەری، بەس بۆ نموونە، حالەتێک لەسەر کارگەی تەباشیر، سێ جار هەتا ئێستا نووسراوە، جارێک نووسراوە رەتمان کردۆتەوە، تەوزیحەکی تەفسیلیمان لەسەر داوە، جارێکی تر گوتیان وەزارەتی پیشەسازی وا دەڵێت، نا بریکاری وەزیری پیشەسازی وا دەڵێت، بە رای من ئەمە ئیشی ئێمەیە، وەکو خۆت باش دەزانی، مەسلحەت چیە، وەکو تەوزیحێکێم دا بە تەسەوری من ئەو تەوزیحە کیفایەتە، هەندێک مەسائیلی میزاجی داخیل دەبێت، یەعنی خزمەتی کارەکە ناکات، بەس ئەوی تەکلیفمان کردیە، هەر پرسیارێک لە ئێمە بکرێت، هەر تەوزیحەک هەبێت، لە هەردوو پەروەردەکان، ئەوەی پەیوەندی بە وەزارەتەکان هەبێت، لای ئێمە وەڵام دەدرێتەوە، یەعنی ئێمە موتابعەی ئەو شتانە دەکەین، زۆر سوپاس.

جەنابی د. رزگار، هەر قوتابخانەیەک سندووقێکی تێدایە، سندووقێکە بە تەواوی، ئەو مەسائیلی فیزیاوی هەمووی تێدایە، لەوانەیە هەندێک قوتابخانە پێ رانەگەیشت بێت، بەنیسبەت جیهاز، زۆر زۆر جیهازمان دابەش کردووە، لەوانەیە هەندێک قوتابخانە پێ رانەگەیشتبێ، ئەوەشمان موتابعە کردیەو، بەردەوامین.

ئەو مەسەلەی کاک فاتح ئیشارەتی پێدا، بەنیسبەت تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆری، ئێمە ئێستا لە کۆنفراس بڕیارماندا، بۆ هەموو مامۆستایەک، ناوەندی، هەر چ هەبێت لە ناوەندی عایدی ئێمەیە، سەرەتایی عایدی ئێمەیە، دەبێت هەموو مامۆستایەکی موختەس هەر یەکێک نموزەجی پرسیار بهێنێت، تاکو کارەکە تەمویل بێت، ئینجا ئەو برادەرە لێی دەگەڕێت، تاکو بزانێت، لەوانەیە مامۆستایەک مونقەتعە لە دەرس گۆتنەوە نازانی ئەو قوتابیە چۆن بیر دەکاتەوە؟

ئەو هەوڵدانەمان هەیە بۆ هەموو مامۆستایەک، پشکدار بێت، هەموو مامۆستایەک پرسیاری

نموزەجی بهێنێت و، ئەو برادەرەی کە تەکلیف دەکرێت، یان ئەو لیژنەی تەکلیف دەکرێت هەوڵ دەدرێت لەو هەموو پرسیارانە لێی بکرێت، بەس هەندێ جار لە مەسائیلی نهێنیاتی پرسیار و ئەوانە، ئێمە دەیکەینە قەنەواتی زۆر زۆر تەنگ، لەبەر تەسروب لەوانە هەندێ خەلەل پەیدا دەبێت.

کاک وریا بڕیارمان داوە وەک وەزارەت، فعلەن قوتابخانەی موتەفەوەقینە، یەعنی ناوەکەی نامێنێت لە دهۆک و لە هەولێر.

کاک رەجەب شەعبان باس دەکات(٧٥٠) مەتر دەڵێت بۆ قوتابخانە، هیچ قوتابخانەیەک لێی نابێت، بەس لەسەر ئەوەش، پێویستە قوتابخانە(١٢) پۆلی تێدا بێت، ئەگەر تۆ بیکەیە دوو نهۆم، هەر چ نەبێت پێویستە رووبەری قوتابخانەکە(١٥٠٠) مەتر دووجا بێت، یەعنی (٧٥٠) مەتر دووجا بۆ قوتابخانەی دوو نهۆمی کەمە، ئێمە موتابعەشی دەکەین، یەعنی وەکی جانبێکی ئەز نزانم ئەڤە راست ڤێرێ و، چیە، چنینە، تەفاسیلەکە ئەز نزانم، بەس جەنابێتە بەس رەقەم بۆ من گوت، یەعنی ئەزانم ئەڤ رەقەمە، مەدرەسەکە باشتر هاتنە کرن، بەس دگەل ئەوەش موتابعە ژ بکەین و تەدقیقێکیش بۆ بکەین و، بنکەی کۆمپیوتەریش ئەز ئیشارەتم پێدا ئەز موهتەمم پێی و، موتابعەیەکی بکەین ئان بشێن کۆمپیوتەر دابین بکەین و، جارێکی تر زۆر زۆر سوپاستان دکەم، سوپاسی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان دکەم، ئەز ئەگەر لە جەوابەکی موەفەق نەبوو، ئان مولاحەزەیەک من کردبت، دلی برادەرەکەم هێشاندبێت، زۆر زۆر سوپاسی ئێوەدکەم و، تەمەنای تەوفیقتان بۆ دخوازم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە کاک عبدالعزیز طیب، لە حەقیقەتدا دانیشتنەکە دانیشتنێکی بە پیت بوو و دووبارە تەئکیدی ئەوە دەکەم کە جەنابی وەزیرمان ماندوو کرد نزیکەی چوار کاتژمێر لەم هۆلی پەرلەمانە بە راپۆرت پێشکەش کردن و بە پرسیار کردن و بە وەڵامدانەوە و، لە حەقیقەتدا دانیشتنەکە بەهۆی ئامادە بوونی و دەوری ئەو وتەیە دانیشتنێکی دەوڵەمەند بوو، دووبارە سوپاس و، لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، دانیشتنی سبەینێمان کاتژمێر ١٠دەبێت ئەویش بە ئامادە بوونی رێزدار وەزیری رۆشنبیری، سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٨)**

دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٢٤

خولی دووەم

سالّی دەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢٨)

## دوو شەممە ڕێكەوتی ٢٤/١٢/٢٠٠١

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی ٢٤/١٢/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە بیست و هەشت)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی كار:***

***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە بیست و هەشت)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی ٢٤/١٢/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:***

١ـ ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری ڕۆشنبیری بۆ بەرچاو خستنی چالاكییەكانی وەزارەتەكەی و وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

((بەناوی خوای گەورەو میهرەبان))

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمارە (٢٨)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق دەست پێ دەكەین، بەڕێزان پێشەكی بەخێرهاتنی گەرمی وەزیری ڕۆشنبیری دەكەین، بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان یەک خاڵە ئەویش ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری ڕۆشنبیرییە بۆ بەرچاو خستنی چالاكییەكانی وەزارەتەكەی و وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق، دانیشتنكە بە ڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری دەست پێ دەكات پاشان پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان پاش ئەوە وەڵامدانەوەی پرسیارەكان لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری ئەگەر كاتیشمان هەبوو تەعقیبی ئەندامان لەسەر پرسیارەكانی خۆیان و دواوتاری وەزیر، بۆ دانیشتنی ئەمڕۆمان كاتمان تا سەعات یەک دەبێت لەبەر ئەوە تكام وایە كە پرسیارەكان جێبەجێ بكرێت و بەپێی ئەو بەڕێزانەی ناونووس دەكرێن و پرسیار دەكەن ئەو وەختە ژمارەی پرسیارەكان دیاری دەكەین كە چەند پرسیار بكرێت یەكێ یان دووان یان سیان، بۆ ئەوەی لە ماوەی كاتەكەماندا كارەكەمان بەرێكوپێكی ئەنجام بدەین هەروەها هیواداریشم ڕاستەوخۆ داخیلی پرسیارەكە بن بێ پێشەكی واچاكترە ڕاستەوخۆ پرسیارەكە

ئاراستە بکەن، جا دەست بەکار دەبین تکا لە بەڕێز وەزیری رۆشنبیری دەکەم کە بفەرموێتە سەر سەکۆی سەرۆکایەتی بۆ پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکەی، فەرموو.

**بەڕێز محمود محمد/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان**

ئەم کاتەتان شادو بەختەوەر

بە شانازییەکی زۆرەوە ئەمڕۆ لەسەر ئەم مینبەرە، لەنێو هۆڵی کۆبوونەوەکانی تەلاری پەرلەماندا لەبەردەم ئێوە دانیشتووم و، باس لە رۆڵ و بایەخی وەزارەتی رۆشنبیری دەکەم، کە یەکێکە لە وەزارەتە پڕبایەخەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بە هەمان شانازیشەوە سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم، کە هەر لە نێو ئەم هۆڵەدا لە رۆژی ١٥/٨/٢٠٠١دا ئێوەی بەڕێز متمانەتان پێ کردم و، ئەرکی بەڕێوەبردنی وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستانتان پێ سپاردم.

هەر بەم بۆنەیەشەوە حەز دەکەم بەڕێزەوە سوپاسی برای بەڕێزم کاک فەلەکەدین کاکەیی وەزیری پێشووی رۆشنبیری بکەم، کە لە هەردوو کابینەی(٣و٤)ی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە دڵسۆزییەکی زۆرەوە کارو ئەرکەکانی ئەم وەزارەتەی لە ئەستۆ گرتبوو، تا ئەو رۆژەی لە هەمووارکردنێکی وەزاریدا ئەو کاروانەی ئەو لە ساڵی ١٩٩٦دا دەستی پێکردبوو، ئەوەتا وامنیش ئەمڕۆ تیایدا بەردەوام دەبم و، بە هەمان گیانی دڵسۆزی و نیشتمانپەروەرانە لەگەڵ ئەو براو خوشکە بەڕێزانەم، کە ئەرک و بەرپرسێتی داو دەزگاکانی ئەم وەزارەتەیان پێ سپێردراوە بەرەو قۆناغێکی دیکە هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێین، هەڵبەتە لەهەموو ئەم هەنگاوانەیشدا بە پشتگیریی پەرلەمان وسەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان وسەرجەم رۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان پشت ئەستوورین، بۆ ئەوەی هەموو ئەو هزرو ئاواتە گەورەو پیرۆزانەی لەنێو دڵ و دەروونی هەمووماندا هەن بەدی بێنین و، ئەو ئەزموونەی بۆ گەلەکەشمان هاتووەتە دەست بپارێزین ودەوڵەمەنتری بکەین و بەرەو پێشەوەیشی بەرین.

**بەڕێزان:**

وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو ئەو برا بەڕێزانەی لەهەموو کابینەکاندا تیایدا دەست بەکار بوونە توانیوویەتی پێ بە پێ گۆڕانکارییەکان و ئەو دەرفەتانەی بۆ رەخساوە، کەم تا زۆر بەشێکی ئەو کارانەی بەپێی یاسا بۆی نەخشەڕێژ کراوە بە ئاکام بگەیەنێت، دیارە ئەمڕۆیش کە ئەم ئەرکە گرنگ وپڕبایەخە کەوتووەتە ئەستۆی ئێمە، لەبەردەم ئێوەی بەڕێز و سەرجەم رۆڵە دڵسۆز و بە وەفاکانی گەلەکەمان بەڵێنی ئەوە دەدەین، کە هەرچی لە تواناادا هەیە بیکەین بۆ ئەوەی لە ئاست ئەو متمانەیەدا بین کە پێمان دراوەو لە ئەستۆمان گرتووە.

**بەڕێزان:**

دڵنیام لەوەی کە هەموومان دەرک بەوە دەکەین، کە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ توێژێکی هەست ناسک وپڕبایەخی گەلەکەماندا دەکات، کە ئەوان جیا لە چین وتوێژەکانی دیکەی کۆمەڵ، بە وشەو هزرو بیرو، بە قەڵەم و پەرەمووچەی ڕەنگین گوزارشت لە خواست وئاواتە گەورەو پیرۆزەکانی گەل وکۆمەڵگای کوردەواری دەکەن و، ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی ئەوان دایە ڕەنگە ئەگەر هاوشانی ئەرکی ڕۆڵەی پێشمەرگەیەکی دڵسۆزی میللەتەکان نەبێت، بەڵام هەرگیز لەوەش کەمتر نییە، چونکە دنیای ئەمڕۆ، دنیای هزرو بیرو پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیایە، ڕۆژی جیهان گەراییە، ڕۆژێکە دنیا لەبەردەم کەرەستەی تەکنیکی و زانستیەکاندا بۆتە گوندێکی بچووک و، لەیەک کات وساتدا لەسەرتاسەری جیهاندا ڕووداوەکان بەباش و خراپەکانییەوە دەکەونە بەردیدو دەچنە نێو گوێچکەو دڵ ودەروونی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ، دیارە هەموو ئەمەش لە فەزڵ وسایەی زانست و تەکنەلۆژیایە، کە بە هزرو بیری ڕۆشنبیران لە جیهاندا بەدی هاتووە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئەوە تەئکید دەکەمەوە، کە وەزارەتی ڕۆشنبیری لەبەردەم ئەرکێکی گەورە دایەو، دەبێ هەر هەمووان بە بایەخەوە تێی بڕوانین و، پشتگیریش لە هەنگاوەکانی بکەین، بۆ ئەوەی ئێمەیش خێراتر لە جاران لە کاروانی پێشکەوتووی جیهان نزیک ببینەوەو، سوود لە ئەزموونی ئەوان وەبگرین و، ئەزموونەکەی خۆشمان چەسپاوترو دەوڵەمەندتر بکەین.

**ئەرکەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری:**

**بەڕێزان:**

وەکو لە یاسای وەزارەتدا هاتووە، وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ئەرکە سەرەکییانەی لە ئەستۆدایە:

یەکەم: پاراستنی ڕەسەنایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی و پێشخستنی بەشێوەیەکی وا، کە لەگەڵ بەها ڕەوشتییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی و ئاواتە دیموکراسییەکانی و، گەشەپێدانی گیانی گونجاو وبرایەتی لەنێوان ڕۆڵەکانی گەلی کوردستاندا بگونجێ، بۆ بەستنی پەیوەندیی ڕۆشنبیری لەنێوان کوردو گەلانی ناوچەکەو جیهاندا.

دووەم: پشتگیری کردن و هاندانی بزووتنەوەی دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە لە هەرێمداو، یاریدەدانی نووسەران و ئەدیبان و شاعیران وهونەرمەندان بە لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان.

سێیەم: دامەزراندنی دەزگایەک بۆ چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسی و بڵاو کردنەوەو دابەشکردن.

چوارەم: دامەزراندنی کتێبخانەیەکی نیشتمانی بۆ هەرێم.

پێنجەم: دامەزراندنی مەڵبەندێکی گشتی بۆ هونەرمەندان.

شەشەم: هاندانی بەهرەی ئەدەبی و هونەری وزانستی و وەرزشیی خوڵقێنەری لاو.

حەفتەم: بایەخدانێکی تایبەتی بە ڕۆشنبیریی منداڵ بە هەردوو کەناڵی ئەدەب و هونەرەوە.
هەشتەم: پشتگیری کردن وهاندانی بزووتنەوەی شانۆگەری وهونەرە میللییەکان و بە پیشەسازیی کردنی سینەمای کوردی.
نۆیەم: پشتگیری کردن و هاندانی یەکێتی و ڕێکخراوو یانەو تیپ و بنکە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری وزانستییەکان.
دەیەم: سازدانی میهرەجان و دیدارو کۆڕی ڕۆشنبیری و ئەدەبی ورەزشی و، ڕێکخستنی پیشانگای هونەری شێوەکاری.
یازدەهەم: بووژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتیی میللی لە گشت بوارەکانیدا وەک: (ئەدەب، هونەر، پیشە میللییەکان)و، دامەزراندنی مۆزەخانەی تایبەتی بۆیان و، پشتگیری و فراوانکردنی ئەوانەیش کە هەن.
دوازدەهەم: گەڕان بۆ دۆزینەوەی شوێنەوارەکان و پاراستنیان و، وەرگرتنەوەی ئەوانەیش، کە لە دەرەوەی هەرێمدان و، دامەزراندنی ئەنتیکەخانەیەکی نیشتمانی و، یەکێکی نێوخۆیی بۆیان و، پشتگیری و فراوانکردنی ئەوانەیش کە هەن.
سێزدەهەم: دەرکردنی ڕۆژنامەیەک، کە ببێتە ئۆرگانی حکومەتی هەرێم.
چواردەهەم: دامەزراندنی چەند ئیزگەیەکی رادیۆو تەلەفزیۆن.
پازدەهەم: دامەزراندنی ئاژانسێکی دەنگ وباس.

**بەڕێزان:**

ئەمانەی لە پێشەوە ئاماژەم بۆیان کرد ئەو ئەرکانەن، کە لە یاسای ژمارە(١١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی وەزارەتماندا هاتوون، ئەو یاسایەی بەپێی بڕیاری ژمارە(٣٦)ی ڕۆژی (١٦/١١/١٩٩٢)لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ڕاگەیاندراوە.

ڕەنگە بەشێکی هەرە زۆری ئەم ئەرکانە بە ئەنجام گەیشتبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاوات و حەزی زۆر لەمانەیش گەورەترو فراوانترمان لە دڵدان وپەنا بەخواو پشت بە دڵسۆزانی گەل و نەتەوەکەمان پەیتا پەیتا ئەوانیش دەخەینە بواری کاری فیعلییەوە، بە مەبەستی هەوڵدانێکی بێ سڵەمینەوە لە بووژاندنەوەی داوو دەزگاکانی وەزارەت و، گوڕوتین وە بەرخستنیان، بۆ ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ببێتە کەناڵێکی بەرفراوان بۆ گوزارشت کردن لەخواست و ئاواتە پیرۆزو مەزنەکانی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، بە مەبەستی گەیشتن بە پاشەڕۆژێکی ڕووناکتر و بەختەوەرتر بۆ کورد.

**بەڕێزان:**

هەر لەم ڕوانگەیەشەوەو، هەر دوای دەست بەکاربوونمان بیرمان لەوە کردەوە کە بۆ ئاسانکردنی ئیش وکارەکان و، زێتر بووژاندنەوەی سەرجەم کەناڵە ڕۆشنبیرییەکانی سەر بەم وەزارەتەو کاراترکردنیان و، بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان وەزارەت و داوودەزگاکانی دیکەی حکومەت لەسەر

بنەمای لێک حاڵیبوون و، بایەخدانی زێتر بەو هەنگاوانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەڵیان دێنێ بۆ بەرەوپێش بردنی بوارە جیاجیاکانی رۆشنبیری لە کوردستاندا، هەر زوو بیرمان لەوە کردەوە، کە هەرچی زووە یاسای وەزارەت، کە زێتر لە( ١٠ )ساڵی بەسەردا رەت بووەو، رەنگە لەم ماوەیەشدا زۆر رووداوو گۆرانکاریی تازە هاتبنە پێشێ و، پێویست بە خۆتازە کردنەوە بکات، ئەوە بوو بۆ ئەم مەبەستە پرۆژەیەکی تازەمان بۆ هەموارکردنی دووەمی یاسایی وەزارەتی رۆشنبیری خستە بەر گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرس و شارەزایانی داوودەزگاکانی وەزارەت، خاڵی سەرەکیی ئەو گۆرانانەیش، کە هەموارکردنەکە دەیانگرێتەوە بریتییە لە چاوگێرانەوە بە پێکهاتەی بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەزارەت، بەمەبەستی گونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخی ئەمرۆی کوردستان و، ئەو گۆرانانەی بەسەر بوارە جوداجوداکانی رۆشنبیریدا هاتوون، لەوانەیش لێک جوداکردنەوەی هونەرو رۆشنبیری، کە حاڵی حازر هەردوو بوارەکە لەیەک بەرێوەبەرایەتی گشتیی رۆشنبیری و هونەردا کۆکراوەتەوە، کە رەنگە بۆ ( ١٠ )ساڵ بەر لە ئێستاو، بۆ جۆری شارەزایی وتوانای ئەوسای وەزارەت و داوودەزگاکانی گونجاوبوو بێت، بەڵام رەنگە بۆ ئەمرۆ کە کارو ئەرکەکان زێترو فراوانتر بووین، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم مەسەلەیە لە بەرچاو بگرین. لە بواری وەرزشیشدا دەمێکە لیژنەیەک بۆ سەرپەرشتی ئەم بوارە بەرفراوانە داندراوە، بە مەبەستی هەوڵدان بۆ ئەوەی دەزگایەکی تایبەتمەند لە کوردستان دا هەبێت، بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو ژمارە زۆرو زەبەندەی یانەو تیپە وەرزشییەکان، کە لە سەرجەم شارەکانی کوردستاندا هەن، بۆ ئەوەی هەر هەموویان لەژێر چەتری دەزگایەکی زێتر تایبەتمەند کۆبکرێنەوەو، بتوانین زێتر بپەرژێنە سەر دابین کردنی پێویستییەکانیان و، ئەو خزمەتگوزارییانەی کە بۆ ئەم لایەنە زەروورین، چونکە وەکو هەموان ئاگادارن ئەمرۆ وەرزش لە جیهاندا بۆتە جێگەی بایەخێکی زۆری دەزگاکانی حکومەت و هاولاتیانیش و،تەنانەت رۆڵێکی سیاسییانەی مەزنیش دەگێرێت. لەپاڵ ئەوەیشدا بیرمان لەوەیش کردۆتەوە بایەخێکی زۆریش بەیانەی منداڵان و لاوان بدەین چونکە بایەخدان بەم توێژەی کۆمەڵ بۆ ئەمرۆی کورد رەنگدانەوەیەکی گەورەو کاریگەری لە دوارۆژدا دەبێت و، منداڵان ولاوانی کورد لە زۆر رەفتاری ناشایستە بە کۆمەڵی کوردەواری دەپارێزێ. هەروەها لەو پرۆژە وەرزشییەی لە بەردەستدایە بیر لەوەیش کراوەتەوە، کە بایەخ بە لایەنی بەپیشەکردنی وەرزش بدەین و، هەوڵی ئەوە بدەین،کەوەرزشکارانی ئێمەیش وەکو وەرزشکارانی هەموو جیهان بەرەو(إحتراف)هەنگاو بنێن، دیارە بەدڵنیاییشەوە دەڵێم، کە رۆڵی وەرزشکارێکی سەرکەوتوو لەگۆرەپانەکانی وەرزشیی جیهاندا هیچ لە رۆڵی باڵوێزی وڵاتەکەی کەمتر نییەو ،بێگومان رەنگدانەوەیەکی ئیجابییانەی باشیشی بۆ کۆمەڵگەکەمان دەبێت.

**بەرێزان:**

دیارە هەر ئەم بۆ چوونانەیش وایکردووە پرۆژەیەک بدەینە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی لە پێکهاتەی تازەی وەزارەتدا بریکارێکی وەزارەت بۆ بواری وەرزش و لاوان دابمەزرێت و،

بەمەیش وەزارەت زێتر دەپەرژێتە سەر بایەخدان بەیانەو تیپ و، بوارە وەرزشییە جیاجیاکان لەکوردستاندا، ئەو ئەرک وئامانجانەیش کە وەزارەت لە بواری وەرزشدا لە ئەستۆی گرتوون بەشێوەیەکی باشتر و زانستانەتر دەکەونە سەر هێڵی راستەقینەی خۆیان و، ئەو گلەو گازاندانەیش، کە لێرەو لەوێ سەرهەڵدەدەن ئەوسا کەمتر دەبنەوەو، هەموو ئاواتە پیرۆزەکانیش لەیەک تەوەری بەرفراوان کۆدەبنەوە، کە خزمەتکردنە بە بەرەوپێش بردنی وەزرش لە کوردستاندا، بایەخدانە بە تواناو لێهاتوویی لاوان و، لە ئامێزگرتنیان بۆ خزمەتکردنی گەل و نەتەوەکەیان.

هەروەها نەخشەمان بۆ ئەوەش دارشتووە، کە لە پارێزگاکانی هەرێم چەند بەرێوەبەرایەتییەکی گشتی بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو داوودەزگا رۆشنبیری وهونەری و وەرزشییانە دابمەزرێنین بۆ ئەوەی کارو ئەرکەکان بەشێوەیەکی هاسانتر بەرێوەبچن و، بتوانین تایبەتمەندێتی ناوچەکان لەرووی جێبەجێ کردن و بە ئاکام گەیاندنی ئیش و کارەکان لەبەرچاو بگرین و، بایەخی زێتر بە بەرەوپێش بردنی بواری کەلتووری لە پارێزگاکان بدەین و، ئەو دەزگایانەیش، کە لە پارێزگاکاندا هەن جۆرە دەسەلاتێکی خێراتریان هەبێت بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارەکانیان و، نەهێشتنی زۆر گرفت و ئاستەنگ، کە تا ئێستا لە بەردەمیاندا هەبووە.

**بەرێزان:**

حەزدەکەم ئەوەیش بخەمەروو، کە هەر لەگەڵ دەست بە کاربوونمان و، دوای گرتنی چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بریکارو راوێژکارو شارەزاو بەرێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت و، دوای ئاڵوگۆر کردنی بیرو بۆچوون لە هەموو بوارە سەرەکییەکانی پەیوەست بە سەرجەم داوو دەزگاکانی وەزارەت، بە مەبەستی زێتر بووژانەوەی وەزارەت و کاراترکردنی ئەرک و کارەکان لە چەند دانیشتنێکدا بەرنامەیەکی تازەی کاری داهاتوومان دانا، ئەوە بوو توانیمان کۆبوونەوەیەکی تایبەتمەند لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەو وەرزشکارە دیارو ناسراوەکانی شاری هەولێر ئەنجام بدەین، هەروەها دوو کۆبوونەوەیشمان لەگەڵ نووسەرو رۆشنفکرانی کورد، ئەوانەی خاوەن دەنگ و بیری دیارن کردو، لەگەڵ هونەرمەندە دیارو ناسراوەکانیش کۆبووینەوە، لەهەموو ئەو کۆبوونەوانەدا زۆر لایەنی سستی کارەکانی وەزارەت و داوودەزگاکانی بەوردی دەستنیشان کران و، رێگە چارەی گونجاو لە رێگەی خستنەرووی بیروبۆچوونی ئەو بەرێزانەی لە کۆبوونەوەکاندا پشکدار بوون بە گەلاڵە کراوی کەوتنە دەستمان و، پەنا بەخوا وردە وردە دەخرێنە بەرنامەی کارەکانمانەوەو، لێرە بەدوا جێبەجێ دەکرێن.

هەر دیسان وەزارەت هەوڵی ئەوەی داوە لەگەڵ نووسەران و رۆشنبیران و هونەرمەندان و رۆژنامەنووسان تێکەڵ بێت، بۆ ئەوەی لە ئاکامدا هەر هەمووان سوود لە بیروبۆچوونی یەکتری وەربگرین و، هەوڵی ئەوەیش بدەین داوودەزگاکانی وەزارەت لەگەڵ خواست و ویست و ئارەزووەکانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بگونجێنین و، بەجۆرێ کە وەزارەت لە بەرژەوەندیی سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵدا بێت.

هەروەها وەزارەت بۆ ڕێزنان لە کۆمەڵە نووسەرو ڕۆشنبیرێکی دیاری کورد، کە ساڵەهای ساڵە لە چەندین بواری جودا جودا بە بەرهەمی بەپێزو سوود بەخش خزمەتی زمان و ئەدەب و هونەرو ڕۆژنامەنووسیی و کەلتووری کوردیان کردووە، چەند ساڵێکە لەنێوان (٢٥ ـ ٣٠) کەس مانگانە یارمەتییەکی دیاریکراویان لە ڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و، وەزارەتی داراییەوە بۆ براوەتەوە، دیارە ئەمەیش خۆی لە خۆیدا بایەخدانە بەو توێژە هەست ناسکەی کۆمەڵی کوردەواری، ئەگەر چی ژمارەکەو یارمەتییەکە بۆ بارودۆخی ئەمڕۆ ڕەنگە بەپێی پێویست نەبێت، بەڵام بۆ بایەخدانی زێتر بەم لایەنەیش دەخوازین لە هەموو کەناڵەکانی حکومەت و پەرلەماندا پشتگیریی زێترمان لێ بکرێت، تاوەکو لەم قاوغە سنووردارە دەربچین و، خزمەت بە ژمارەیەکی بەرچاوتر بگەیەنیین.
هەر لەگەڵ ئەوەشدا، کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد، لەسەردەمی هەردوو کابینەی (٣و٤)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەروازەیەکی دیکەوە هەوڵمان داوە یارمەتی نووسەرو ئەدیبانی کورد بدەین، ئەویش بە کڕینەوەی بەشێکی گونجاوی ئەو کتێب و چاپکراوانەی لە دەرەوەی سنووری وەزارەت چاپیان کردووە، یان بۆیان چاپکراوە، ئەمە جگە لەوەی کە لە ساڵی (١٩٩٦)ـەوە تاوەکو دوا مانگەکانی ساڵی (٢٠٠١) لە سنووری (١٣٩) کتێب و نامیلکە و چاپکراوی جۆراو جۆرمان بە چاپ گەیاندوون، کە زۆربەی هەرەزۆری کەناڵەکانی ئەدەب و، مێژوو و، ئابووری و، سیاسەت و، ڕۆژنامەنووسی و، زانست و کەلتووری گرتۆتەوە، سەرەڕای بایەخێکی زۆریش بەئەدەبی منداڵان.
بۆ ساڵی (٢٠٠١)یش لەکۆتایی مانگی تشرینی دووەمدا ڕەزامەندی لەسەر چاپکردنی ژمارەیەکی زۆری کتێبی هەمە جۆری ئەدیب و نووسەران کراوە، بەڵام لەبەر کەم دەرامەتیی دارایی، پەنا بەخوا هەر لەگەڵ سەرەتای ساڵی (٢٠٠٢)دا، دوای هەڵسەنگاندن و بژارکردنی ئەو ژمارە زۆرەی کتێب کە لەلایەن نووسەرانەوە دراوەتە دەزگاکانی وەزارەت، بەگوڕوتینێکی چاکەوە هەوڵی ئەوە دەدەین پشتگیری سەرجەم نووسەرانی کورد بکەین، ئیتر چ لە ڕێگەی چاپکردنی بەرهەمەکانیان، یان یارمەتیدانیان بێت، هەڵبەتە ئەم کارەیش خاڵێکی سەرەکیی ئیش و کارەکانمان دەبێ لە داهاتوودا، هەروەک پێشتریش بایەخی پێدراوە.

**بەڕێزان:**

وەزارەتی ڕۆشنبیری لەگەڵ ئەوەشدا، کە لە زۆر کەناڵی جیاجیادا بایەخی بە نووسەران داوە، لە هەمان کاتیشدا تاوەکو وەرزی سێیەمی ساڵی (٢٠٠١)، ڕۆژنامەیەکی وەرزشیی هەفتانەو گۆڤارێکی مانگانەی منداڵان بەنێوی هەنگ و، گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری بەنێوی کاروان و، گۆڤارێکی دیکەی ڕۆشنبیریی گشتی بەنێوی هەرێم، کە مانگانە دووجار دەرچووە، لەگەڵ دوو گۆڤاری دیکەی(٦) مانگ جارێک بەنێوی سینەماو شانۆو شانەدەر، کە ئەوەی دووەمیان پەیوەست بە شوێنەوار بوو، لەگەڵ گۆڤارێکی مانگانە بەپیتی لاتینی بەنێوی دیجلە، کە زێتر

ئاراستەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کراوە، لەگەڵ دوو گۆڤاری دیکەی وەرزی تایبەت بە کەلتوورو ئەدەب و رۆشنبیریی هەردوو نەتەوەی ئاشووری و تورکمان بەنێوی پانیپال و بارش و، گۆڤارێکی وەرزیی کەلتووری بەنێوی ئاسۆی فۆلکلۆر)ی دەرکردوون و بڵاوی کردوونەتەوەو، هەر لەگەڵ دەرچوونی ئەم رۆژنامە وەرزشییەو نۆ گۆڤارەکەی، کە لەسەرەوە ناومان بردوون ژمارەیەکی زۆریش لە رۆشنبیرو نووسەرو رۆژنامەنووسان چ ئەوانەی وەکو فەرمانبەری هەمیشەیی، یان ئەوانەی کە بەگرێ بەستە تیایاندا دامەزراون کاریان کردووەو، سوودمەند بوونە، بەمەیش دەکرێ بڵێین وەزارەت یارمەتی ژمارەیەکی دیکەی توێژی نووسەرو رۆژنامەنووسانی کوردی داوە، وێڕای ئەوانەیش کە لە هەردوو کەناڵی رادیۆو تەلەفزیۆنی هەرێمدا لە رێگەی کارکردنەوە جۆرە بژێوییەکی مام ناوەندییان بۆ دەستەبەرکراوە.

**بەڕێزان:**

هەر بەم بۆنەیەشەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە لەدوای دەست بەکاربوونم و، دوای گەلاڵە بوونی هەندێ بیرو بۆچوون و، بۆ ئەوەی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی تا ئێستا وەزارەت دەری کردوون بە پێی بەرنامەیەکی زانستانەو سوود گەیاندنی زێترو، دوورکەوتنەوە لە زۆری و بۆری، لیژنەیەکمان بۆ پێداچوونەوە پێیان پێک هێنا، ئەوە بوو لیژنەکە لە ماوەی چەند کۆبوونەوەیەک پێشنیازو راسپاردەی گونجاویان خستەڕوو، دیارە پشت بە بۆچوونی لیژنەکەو دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ خودی ئەو بەڕێزانەی لە گۆڤارەکاندا کار دەکەن،تا ئێستا بەوە گەیشتووین، کە وەکو هەنگاوی یەکەم لەسەر دەرکردنی رۆژنامەی وەرزش و، گۆڤاری هەنگی منداڵان بەردەوام بین و، رەنگە لە ماوەیەکی کورتدا، بڕیاری گونجاو بۆ ئەوانەی دیکەیش بدەین، بەڵام دەبێ ئەوەیش بگوترێ، کە ئەمجارەیان لەسەر ئامانج و رێبازێکی گونجاو وشیاو لەگەڵ بەرەو پێش چوونی رۆشنبیریی گەلەکەماندا و، بەگۆڕوتین و نەفەسێکی تازەگەرییانەو زانستانە درێژە بە دەرکردنەوەی گۆڤارو چاپکراوەکانمان دەدەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،**

**پەرلەمانتارە بەڕێزەکان**

حەز دەکەم ئاماژ بۆ ئەوەیش بکەم، کەوە نەبێ هەر تەنیا بۆ پێداچوونەوە بە رەوشی گۆڤارو رۆژنامەی وەرزش لیژنە پێکهاتبێت، بەڵکو هاوشان لەگەڵ لیژنەی ناوبراو چەند لیژنەیەکی دیکەی پێداچوونەوەمان بۆ بوارەکانی راگەیاندن و(هەردوو کەناڵی تەلەفزیۆن و رادیۆی هەرێم)و، وەرزش و لاوان و، یاسای وەزارەت و هەوڵدان بۆ دووەم هەموارکردنی پێکهێناو، هەموو ئەو لیژنانەیش ماوەیەکە لە کارەکانیان بوونەتەوەو، راپۆرت و پێشنیازو راسپاردەی خۆیانیان بەرز کردۆتەوەو، پەنا بەخوا لە نزیکترین دەرفەتدا بە پێی بەرنامەیەکی زانستانەی گونجاو بڕیاری شیاو بۆ ئەم کەناڵانەیش دەدەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان**
**پەرلەمانتارە بەڕێزەكان**

دوای ئەوەی كورتەیەكم لە بارەی ئەو ئەرك و كارانەی وەزارەتی رۆشنبیری پێشكەش كردن، حەز دەكەم پێكهاتەی وەزارەتیشتان پێ ئاشنا بكەم و، بە شێوەیەكی خێرا لە ئەرك و چالاكییەكانی ئەم داوودەزگایانەیش بدوێم، كە لە ماوەی ساڵی(٢٠٠٠ و ٢٠٠١)دا بە ئەنجام گەیشتوون، سەرەڕای بوونی هەندێ گرفت و ئاستەنگ لەبەردەم رەزامەندیی كردن لەسەر تەرخانكردنی ئەو برە پارانەی بۆ ئەنجامدانی كاروچالاكییەكان داوا دەكرێت، كە رەنگە ئەگەر وا نەبێت زۆر لەوە كراوە، بكرابوایەو، بووژانەوەی زێتریش بكەوتایەتە نێو سەرجەم بوارە رۆشنبیری و هونەری و وەرزشییەكانەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئێمە بە گەشبینییەوە دەڕوانینە دوارۆژ و، دڵنیاشین كە هەموو لایەك لەم كاروانەدا هاوكاری و پشتگیریمان دەكەن، چۆنكە بە بەرەوپێش چوونی رۆشنبیریی نەتەوەكەمان، بەرەو دوارۆژێكی گەشترو روناكترمان دەچین.

**بەڕێزان:**

پێكهاتەی وەزارەت بەم شێوەی خوارەوەیە:

١. بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوانی وەزارەت.
٢. بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار.
٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر.
٤. بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش ولاوان.
٥. بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن.
٦. دەزگای چاپ و رۆژنامەنووسیی و بڵاوكردنەوە.

كە هەریەكێكیش لەم بەڕێوەبەراتییە گشتییانە لە چەندین داوو دەزگای سەربەخۆ پێكهاتوون، كە بەشێكیان لە نێو پارێزگای هەولێرو شارەكانی دان و، هەندێكی دیكەیش كەوتوونەتە پارێزگای دهۆك و بەشێك لە شارو شارۆچكەكانییەوە، هەر هەموویشیان بە پێی پلان و بەرنامەیەكی ساڵانەی دیاریكراو كارو ئەرك و چالاكییەكانیان ئەنجام دەدەن و، بەردەوامیش لەلایەن وەزارەتەوە بەسەر دەكرێنەوە، لە كارو چالاكییەكانیان دەكۆڵرێتەوە.

**١)بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوانی وەزارەت:**

ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە لە شەش بەڕێوەبەرایەتی پێكهاتووەو، كاری سەرەكیی بریتییە لە رێكخستنی كاروباری رۆژانەی دیوانی وەزارەت و داوو دەزگاكانی سەر بە وەزارەت، لەگەڵ پەیوەندی كردن بە دەزگاكانی دیكەی سەرەوە وەكو سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و، وەزارەتەكانی دیكەی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە بوارەكانی كارگێڕی و داراییەوە.

هەروەها پەیوەندییەكی پتەوی لەگەڵ زۆربەی هەرەزۆری چین و توێژەكانی كۆمەڵ لە رۆشنبیرو

هونەرمەند و رۆژنامەنووس و وەرزشکارانی نێو هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک دا هەیە.
وەکو لە پێشەوەیش ئاماژەمان بۆی کرد، لە ساڵی(٢٠٠٠)دا مانگانە(٢٨)هەزار دینار یارمەتی پێشکەش بە(٣١) نووسەرو رۆژنامەنووس و هونەرمەندی کوردی کردووە، لەوانەی لەو بوارانەدا شوێن پەنجەیان دیارەو، خزمەتی بواری رۆشنبیریان کردووە، ئەمەیش لە رێگەی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییەوە جێبەجێ کراوە.
هەروەها ساڵی(٢٠٠١)یش هەمان بڕەپارە بەسەر(٣٠)نووسەرو رۆژنامەنووس وهونەرمەند دابەشکراوە، بە کەمبوونەوەی نووسەرێک، کە کۆچی دوایی کردووە، ئەم پارەیەش لە بودجەی وەزارەت خەرج کراوە.
جگە لەمەیش لەماوەی هەردوو ساڵدا ژمارەیەکی زۆر کتێب و بەرهەمی نووسەرو هونەرمەندان لەلایەن دیوانی وەزارەتەوە کڕاوەتەوە، بەمەبەستی یارمەتی و هاندانیان بۆ ئەوەی بتوانن سوودی زێتر بە کۆمەڵی کوردەواری بگەیەنن.
هەر لە دیوانی وەزارەتدا ئەم پرۆژەو کارانەیش ئەنجامدراون:
* دروستکردنی کەوانە و چەتری کۆنکرێتی لە بەردەم باڵەخانەی وەزارەت بە بڕی ٨٠٩٥٤ دینار.
* دروستکردنی چەند ژوورو هۆڵێک بۆ گۆڤاری کاروان لە نێو باڵەخانەی وەزارەت بە بڕی ٤٤٥٠٠ دینار.
* چاککردنەوەی ژووری بریکاری وەزارەت بە بڕی ٤٠٤١٠.
* گۆڕینی فەرشی دیوانی وەزارەت بە بڕی ٤٧٦٠٠.
هەر لە دیوانی وەزارەتدا پارساڵ توانرا پەیوەندی لەگەڵ چەندین شاندی عەرەبی و کوردی کۆماری ئیسلامیی ئێران ببەسترێت و، دیارترین چالاکیش میوانداریی کردنی ژمارەیەکی زۆری ئەو برا عەرەبانەی عێراقی و غەیری عێراقی بوو، کە بۆ کەرنەڤاڵی پەردەلادان لەسەر پەیکەری شاعیری گەورەی عەرەب جەواهیری داوەت کرابوون.
جگە لە میوانداری کردنی ژمارەیەک لە نووسەرانی عەرەب، کە بە بۆنەی جیاجیا سەردانی کوردستانیان کرد، لە پاڵ میوانداریی کردنی ژمارەیەک هونەرمەندی ناسراوی کوردی ئێران بۆ کوردستان و، ناردنی شاندێکی نووسەرو رۆشنبیرانی کورد بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون لە بواری ئەدەب و هونەرو کاری شێوەکاری ورۆژنامەنووسییەوە.
هەردیسان بەڕێوەبەرایەتی گشتیی وەزارەت لە ساڵی(٢٠٠٠ و ٢٠٠١)دا لە رێگەی وەزارەتی دارایی ئابووری و، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە توانی ژمارەیەک فەرمانبەر لەوانەی پێشتر بە گرێ بەستەو بە شێوەی کاتی کاریان دەکرد لە داوودەزگاکانی وەزارەت لەسەر میلاکی هەمیشەیی دامەزرێنێت و، چەند مانگێکە بەشێک لەوانە دەست بەکاربوونە، بەشێکیشیان لە ساڵی(٢٠٠٠)دا دەست بە کار بوو بوون.
لە بواری پرۆژەوکاریشدا، لە کاتی گفتوگۆکردنی بودجەی ساڵی ١٩٩٩دا ژمارەیەک پرۆژە

خرابوونه پلانی پرۆژەکانی وەزارەتەوە، بەڵام دیاربوو لە ساڵی(٢٠٠٠)دا بە ئاکام نەگەیشتن ئەوەبوو بۆ ساڵی(٢٠٠٠) لە کاتی گفتوگۆکردنی بودجە جارێکی دیکە هەمان ئەو پرۆژانە خرانە پلانەوەو، لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە کرا بە دوو قۆناخ و، ڕەزامەندی لەسەر بەشێکیان کرا؛ بەڵام بەهۆی بارودۆخی دارایی حکومەت نەتوانرا ئەو پرۆژانە لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێن، هەرچەندە پرۆژەکان هێشتا لە نێوان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت لە گفتوگۆدان و، ڕەنگە لە سەرەتای ساڵی(٢٠٠٢)دا ئەم مەسەلەیە بە ئەنجامێکی باش بگات.

هەر لەگەڵ ئەم پرۆژانەدا کاتی خۆی ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی وەرزشی لەسەر داواکاریی لیژنەیەکی تایبەت لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، دەست نیشان کرابوون، کە بڕی پارەی تێچوو ئەوسا بەیەک ملیۆن دۆلار مەزەندە کرابوو بۆ ئەو پرۆژانەو، بە نیازی ئەوەی بخرێنە چوارچێوەی بڕیاری(٩٨٦)ەوە، بەڵام ئەمانەیش تا ئێستا بێ دەرەنجام ماونەتەوە، هەرچەند لەگەڵ لیستی پرۆژەکانی پلانی(٢٠٠١)دا بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بەرزکراونەتەوە، دەکرێ بۆ ساڵی(٢٠٠٢)یش هەمان ئەم لیستە سوودی لێوەربگیرێت.

هەروەها وەزارەت لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی بەشێکی داوودەزگاکانی؛ وەکو چاپخانەو چاودێریی زانستی و وەرزش و بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی منداڵان سوود لە بڕیاری(٩٨٦) وەربگرن، وەک چۆن چەند وەزارەتێکی حکومەتی هەرێم لەم بڕیارە سوودمەند بوون.

هەر دیسان وەزارەت بەم دواییانە ڕەزامەندیی ئەوەی وەرگرتووە، کە هێڵێکی ئەنتەرنێت بۆ دیوانی وەزارەت بێنێت، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە ڕووداوە ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشییەکانی تازەی جیهان ئاگادار بێت، لە پاڵ پەیوەندی بەستن لەگەڵ سەنتەرو بنکە و مەڵبەندە ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشییەکانی دنیادا.

هەروەها وەزارەت بەنیازی ئەوەیە کاروباری پەرتووکخانە گشتییەکان لەسەر شێوازێکی تازەو بە ئامێری کۆمپیوتەر ڕێک بخات، بە تایبەتی دوای ئەوەی بە بڕیارێک لەم دواییانەدا کتێبخانە گشتییەکان بە وەزارەت پەیوەست کران.

سەرەڕای ئەم هەموو ئەرک و کارەنەیش، دیارە وەکو دیوانی وەزارەت چاوەڕوانی هەنگاوی مەزنتر دەکەین لە بواری بنیات نان و بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەی خزمەتگوزاریی ڕۆشنبیری و وەرزشی لە هەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستاندا.

**٢) بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار:**

سەرەڕای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار چوست و چالاکانە سەرگەرمی پاراستن و بایەخدانە بە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان، کە بە هەقیقەت سامانێکی گەورەی نەتەوەکەمانەو، دەبێ زۆرتر لەوەی بۆ پاراستن و دۆزینەوەی کراوە بکرێت، بەڵکو لەوەیش زێتر ئەرکی هەموو لایەکمانە، کە ئەم کەلتوورە پیرۆزەی کورد لە هەموو ڕەفتارێکی سڕینەوەو بزرکردن و بازرگانی پێوەکردن و ڕفاندنی بۆ دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان بپارێزین.

لە پاڵ ئەوەیشدا دەبێ بایەخێ زۆر لەوەی ئێستا زێتر بەکاری پشکنین و گەڕان بە دوای ئەو شوێنەوارانەی، کە لە زۆر شوێنی جیاجیای کوردستاندا هەن بدرێت، بۆ ئەوەی ئێمەیش وەکو سەرجەم میللەتانی دنیا شانازی پێوە بکەین، وەک ئەوەی تا ئێستا کەم تا زۆرێک شانازیمان پێوەی کردووە، دیارە ئەمەیش مافێکی رەوای خۆمانە.
هەر لەم روانگەیەشەوە لەگەڵ راگرایەتی کۆلێژی ئەدەبیات لە زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر بە بەشداری شارەزاو پسپۆرانی بواری شوێنەوارناسی و راگرانی کۆلێژی ئەدەبیات و کارگێری وەرزش و بەرپرسانی بەشی شوێنەوار لە کۆلێژی ئەدەبیات کۆبوونەوەمان کردووەو، زۆر بە وردی لەم مەسەلەیەمان کۆڵیوەتەوەو، لیژنەی پسپۆری هاوبەشمان سازکردوون بۆ تاوتوێکردنی شێوازی سوود لە یەکتری وەرگرتن لەم بوارەدا.
دیارە بە پلەی یەکەمیش مەبەستمان ئەوە بووە زانکۆ بۆ نێو پرۆسەی بەرەوپێش بردنی ئەرک و کارەکانمان لە هەموو بوارە جیاجیاکانی رۆشنبیری پەلکێش بکەین و، بتوانین بە شێوەیەکی زانستانەو بەرنامەرێژو سەردەمییانە سوود لە زانایی و شارەزایی مامۆستا و پسپۆرانی زانکۆ وەربگرین.
هەروەها بە نیازی ئەوەیشین، کە ئەم تاقیکردنەوەیە لە بوارەکانی دیکەیش گەشە پێ بدەین و، درێژە بەم بەرنامەیە بدەین بۆ ئەوەی سەرجەم کارەکانمان هاوچەرخانە ئەنجام بدەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**خوشک وبرایانی بەڕێز**

هەر لە بواری شوێنەواردا حەزدەکەم ئاماژە بۆ دوولایەنی دیکەی گرنگ بکەم کە ئەوانیش قەڵاتی هەولێر و منارەی چۆلی یە کە بوونەتە دوو هێمای گرنگی گەلەکەمان و شاری هەولێر دێرین.
دیارە نکوڵی لەوەش ناکرێت کە شاری هەولێر کۆنترین شارە لە جیهاندا و قەڵا سەرسەختەکەیشی سەردەمێکی دوورو درێژە بە زیندوویی ماوەتەوە دوای ئەوەی دەیان هێرشی دوژمنانی شکست پێ هێناوە ئەوەبوو لە ساڵی(١٩٩٩)دا قەڵاتی هەولێر بەیەکێک لەو سەد شوێنەوارەی جیهان داندرا کە هەن لەم رووەوە یۆنسکۆ بۆ چاککردنەوەی بایەخێکی زۆری پێ داوە مەدام میترانی دۆستی دڵسۆزی کوردیش بودجەیەکی بەرچاوی بۆ دانا بۆ چاککردنەوەی کە ئەویش دوای سەردانەکەی بۆ کوردستان بوو.
دەبێ ئەوەیش بڵێین کە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاک نێچرڤان بارزانی بەشێوەیەکی تایبەتی بایەخێکی زۆری بەم لایەنە داوە،پاش ئەوەی وەزارەتی شارەوانی راسپاردووە، کە بەهاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شوێنەوار، پلانێکی تیروتەسەل بۆ چاککردنەوەی قەڵاتی هەولێر دابنێین،بۆ ئەم مەبەستەیش لیژنەیەکی هاوبەش پێکهاتووەو، بۆ ماوەی زێتر لە(٩)مانگ سەرقاڵی کۆبوونەوە بوون و چاویان بە هەموو پرۆژەکانی تایبەت بە قەڵاتی هەولێردا گێراوەتەوە هەر لە ساڵی(١٩٦٠)دا تاوەکو ئێستا، دیارە

دوای ئەم هەمـوو کـۆبوونەوەو دانیـشـتنانە لیـژنەکە وەکـو قـۆناغی یەکـەم لەسـەر(١٠)خـاڵی زۆر سەرەکی پێکهاتوون هەروەها بەستنی کۆنفرانسێکیشیان لە ئایندەدا لەبەر چاوگرتووەو بە نیازی ئەوەی بۆ ئەو کـۆنفرانسـە(١٠٠)کەسی شارەزای خـەڵکی شاری هەولێر داوەت بکەن تاوەکـو بە وردی لە هەر (١٠)خاڵەکە بکۆڵنەوەو بەدەرەنجامێک بگەن.

جگە لەوەی کـە لەسـەر رێنمـایی بەڕێز جـێگری سـەرۆکی حکومـەتی هەرێم کـاک سـامی عەبدولرەحمان لیستێک بە دوو سەد خانوو لە خانووەکانی قەڵات ئامادە کراوە لەو خانووانەی کە مەترسیی داتەپین و خاپووربوونیان هەیە بۆ ئەوەی بخرێنە بەرنامەی (٩٨٦)ی نەوت بە خۆراکەوە لە پاڵ هەمـوو ئەم هەوڵانەیش تاوەکـو بە ئەمڕۆ دەگات کـاری چاککردنەوەو بووژاندنـەوەی قـەڵاتی هەولێر لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە بەردەوامە.

بۆ (منارەی چۆلی)ش دەرخـسـتـەیەک بە بڕی(٣٠٠)هەزار دینار بۆ وەزارەتمان بەرزکـراوەتەوە بۆ ئەوەی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ پارێزگای هەولێر کاری پێویست بکەین بۆ ئەنجامدانی کاری پارکی منارەی چۆلی، کە ئەوان ـ واتە پارێزگا ـ(٢٢)هەزار مەتری چوارگۆشەو ئێمەیش(٨)هەزار مەتری چوارگۆشـە بۆ ئەم پارکـە تەرخـان بکەین سـیـسـتـەمـێکی شـیـاوو گـونجـاویش بۆ رێوڕە رەسمی هامووشۆکردنی پارکەکە پیادە بکەین بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لە قەرەباڵغی هاووڵاتیان.

**بەڕێزان:**

هەر لە بواری شـوێنەواردا بەڕێوەبەرایەتی گـشـتـیی شـوێنەوار لە سـاڵی(٢٠٠٠)دا سـەرەڕای چاپکردنی دوو ژمارەی گۆڤاری شانەدەر ئەم چالاکییانەشیان ئەنجامداوە.

* کردنەوەی پیـشـانگایەکی تایبەت بەو ئاسەوارانەی کە بە هەوڵ و کۆششی حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان گـەڕاوەتەوە کـۆگـای مـۆزەخـانەی شـارسـتـانی لە هۆڵی مـۆزەخـانـە لە رێککەوتی ٢٨/٣/٢٠٠٠دا ئەم پیشانگایە نیشاندراوە.

* ئامادەکردنی دەلیلێکی شوێنەواری پارێزگای کەرکووک.

* مەسح کردنی هەموو خانووە کەلتوورییەکان لە نێو شاری هەولێردا.

* نوژەنکردن و چاککردنەوەی خانووی ئەحمەد چەلەبی و ئەوسی خانووی مەلا سالح چەلەبی لە قەڵاتی هەولێردا.

* دروست کردنی دیواری ناوبەند لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشـتـیی شوێنەوارو تێل بەندکـردنی گردی قەسرا لە عەنکاوە بە(B.R.C).

* کردنەوەی پیـشـانگای ئاسەوار لە مۆزەخـانەی دهۆک بەبۆنەی یادەکـانی بارزانی نەمرو جەژنی نەورۆزەوە.

* هەڵکۆڵین و چاککـردنەوەی ئەشکەوتی چارســتــێن لە پارێزگــای دهۆک لە ١/١٠تا ١/١٢/٢٠٠٠.

* ئەنجامدانی کاری پشکنین و هەڵکۆڵین لە کەناڵی ئاوی سەنحاریب لە خەنەس.

* دامەزراندنی کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک و کڕینی کتێب بۆی.
بۆ هەموو ئەم چالاکییانەیش بڕی(٢٨٤٩١٩)دینار خەرج کراوە.
لە ساڵی(٢٠٠١)یشدا ئەم چالاکییانە ئەنجامدراون:
* دروستکردنی شوورەیەک بە دوو قۆناخ بۆگردی قالینج ئاغا.
* هەڵکۆڵین لە گوندی کەلاتێ.
* سەرپەرشتی کردنی کاری چاککردنەوەی(المقبرە السلطانیە)لە ئامێدی ،کە پارێزگای دهۆک پارەکەی بۆ تەرخان کردبوو.
* چاپکردن وبڵاوکردنەوەی دوو ژمارەی گۆڤاری شانەدەر.
بۆ ئەم چالاکییانەیش بڕی(٣٠٣٥٢٤)دینار خەرج کراوە.
لە پاڵ ئەوەیشدا بۆ زێتر توندوتۆڵ کردنی کاروباری ئەم دەزگایە پێویست بەوە دەکات یاسایەک بۆ شوێنەوارەکانی کوردستان دەربچێت، بە سوود وەرگرتن لەیاسای شوێنەوارەکانی عێراق، ژمارە (١٦٤)ی ساڵی ١٩٧٥ی هەموارکراو، بە جۆرێ کە لەگەڵ تایبەتمەندێتی مێژووی گەلی کورددا بگونجێت. هەروەها دەبێ ئەو ڕێکخراوە بیانییانەی لە کوردستان پرۆژەکانیان ئەنجام دەدەن، ئاگادار بکەین کە بەر لەوەی کارەکانیان دەست پێ بکەن ئاگادارمان بکەنەوە تاوەکو ئێمەیش لەم بوارەدا هەنگاوی پێویست هەڵێنین نەوەکا ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن لە شوێنێکدا بکرێت کە شوێنەوار بێت دیارە ئەمەیش هاوکاریی هەموو لایەکی گەرەکە.
ئاسانکاری بکرێت بۆ کردنەوەی تاقیگەیەکی تایبەت بە شوێنەوارەکان کوردستان.

**٣ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر:**

**بەڕێزان:**

ئەم بەڕێوەبەرایەتی گشتییەیش ئەرکی سەرەکیی سەرجەم فەرمانگەکانی بە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیشەوە هەوڵدانە بۆ بووژانەوەو بەرەوپێش بردنی ڕۆشنبیری و هونەری کوردی بە هەموو کەناڵەکانییەوە.
ئەم دەزگایە(١٢)فەرمانگەی پێوە بەستراوەتەوە، کە ئەمانەن:
١ـ بەڕێوەبەرایەتیی دانان و وەرگێران.
٢ـ بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شێوەکاری.
٣ـ بەڕێوەبەرایەتیی هونەرە میللییەکان.
٤ـ بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی منداڵان.
٥ـ بەڕێوەبەرایەتیی کلتووروجل وبەرگی کوردی.
٦ـ بەڕێوەبەرایەتیی هونەری مۆسیقا.
٧ـ بەڕێوەبەرایەتیی سینەما و شانۆ.
٨ـ بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی ئاشووری.

٩- بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی تورکمانی.
١٠- بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی هەولێر.
١١- بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی دهۆک.
١٢- بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی سلێمانی.

هەڵبەتە هەر یەکێکیش لەم بەڕێوەبەرایەتییانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردوون لە بوارێکدا پسپۆڕن و بەدرێژایی ساڵ کارو ئەرکی تایبەت بە بوارەکانی ڕۆشنبیری و هونەر و مۆسیقا و شانۆو هونەری شێوەکاری و ڕۆشنبیریی منداڵان و کلتووری کوردی و ڕۆشنبیریی کەمە نەتەوەییەکانی ئاشووری و تورکمانییەوە لە هەولێر و دهۆک ئەنجام دەدەن.

دیارترین چالاکیی ئەم دەزگایەش بریتییە لەو فیستڤاڵە گەورەیەی ساڵی(٢٠٠٠) لە پارێزگای دهۆک بە ئامادەبوونی سەرۆکی هێژا مەسعود بارزانی و بە بەشدارییەکی بەرچاوی بەڕێزیان لە دووەمین دانیشتنیدا بۆ مەلای جزیری سازکراو میوانێکی زۆری لە نێو هەرێم و دەرەوەی هەرێم بۆ بانگهێشت کرابوون.

هەر لە ساڵی(٢٠٠٠)دا دووەمین فیستڤاڵی خۆشنووسیی هەولێر لە پارێزگای هەولێر سازکرا لەم فیستڤاڵەیشدا میوانانی نێو هەرێم و دەرەوەی هەرێم پشکدارییان کردبوو.

لە ساڵی(٢٠٠١)یشدا هەر دیسان لە پارێزگای هەولێر فیستڤاڵی مەحوی شاعیر بە چاودێریی بەڕێز نێچرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم سازکرا کە بۆ ئەمەیشیان ژمارەیەکی زۆری نووسەرو ڕووناکبیرانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی و دەرەوەی هەرێم پشکدارییان کردبوو.

جگە لەم چالاکییانەیش بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ئەم چالاکییانەی خوارەوەیان نواندوون:

* چاپکردنی گۆڤاری دیجلە/ ٢١ ژمارە
* چاپکردنی گۆڤاری هەنگی منداڵان/ ٢٠ ژمارە
* چاپکردنی گۆڤاری کاروان/ ١٩ ژمارە
* چاپکردنی گۆڤاری سینەماو شانۆ/ ١٩ ژمارە
* چاپکردنی گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر/ ٥ ژمارە
* چاپکردنی گۆڤاری پانیپاڵی ئاشووری /٧ ژمارە
* چاپکردنی گۆڤاری بارشی تورکمانی /٧ ژمارە
* چاپکردنی کتێب و نامیلکەی جۆراجۆر/ ١٢کتێب و نامیلکە
* چاپکردنی کتێب بۆ منداڵانی کورد/ ١٠ کتێب
* کردنەوەی پیشانگای شێوەکاری/ ٦٢پیشانگا
* نمایش کردنی شانۆگەری/ ٣٣ شانۆگەری
* تۆمارکردنی زنجیرەی درامای تەلەفزیۆنی/ ٤

* نمایش کردنی فیلم/٢٢
* یارمەتیدانی سەنتەرو بنکەو مەڵبەندی رۆشنبیری و هونەری/٢٣
* سازکردنی ڤیستڤاڵ و سیمنار/١٦
* سازکردنی ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقاو و ئۆپەرێت/١٢
* کردنەوەی خولی راهێنان/٧
* کڕینەوەی کتێبی ئەدیب و رۆشنبیران/لە ١٥ کەس
* کڕینەوەی تابلۆی هونەرمەندان/لە ١٧کەس
* ئاهەنگی رۆژی جیهانیی شانۆو منداڵان/٥
* سازکردنی کۆڕو کۆبوونەوەی هەمەجۆر/ ٢٠
* چاپکردنی ساڵنامەی ئاشووری/١
* نزیکەی (٨٠٠)ژمارەی سپاردنی کتێبیش دراوەتە نوسەرو رۆشنبیران و دەزگاکانی دیکەی پەیوەست بە کاروباری چاپکردنەوە.
* هەروەها (٩٦٢) مۆڵەتی تازەکراوە بەخاوەن شوێنە پیشەییەکان دراوە.

لەوەیش زێتر وەزارەتی رۆشنبیری لە رێگەی بەڕێوەرایەتی گشتیی رۆشنبیری و هونەر بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیریی منداڵان بایەخێکی باشی بەمنداڵان داوەو، مانگانە گوڤاری هەنگ بە ناوەرۆکێکی تۆکمەو بەپێزو بە دەرهێنانێکی هونەری هاوچەرخانە، دیدی منداڵانی کورد رۆشن دەکاتەوەو بە نرخێکی گونجاو دەکەوێتە بازاڕەوە، لە پاڵ ئەوەشدا لەهەر ژمارەیەکی هەزار دانەی بێ پارە دەدرێتە وەزارەتی پەروەردە، بۆ ئەوەی بەسەر قوتابخانەکاندا دابەشی بکەن. بۆ ساڵی داهاتوویش بەرنامەیەکی زانستانەی تێرو تەسەلمان بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی بایەخی زێتر بەم کەناڵە بدەین تاوەکو بەرنامەیەکی گونجاوو شایستە بە منداڵانی کورد دابنێین و منداڵانی کوردیش بەشێوەیەکی هاوچەرخانەو نیشتمانپەروەرانە پەروەردە بکەین و زەمینەی لەباریان بۆ برەخسێنین، بۆ ئەوەی لەم قۆناغە بەرتەسکەی تێیدا ژیاون بەرەو قۆناغێکی گەشاوەترو گەشبینتر هەنگاو هەڵێنن و، بەرەو پێش بچن، چونکە گومان لەوەدا نییە کە منداڵانی کورد نەوەی دوارۆژی گەل و نەتەوەکەیانن و ساڵەهای ساڵە بەهۆی ئەو ستەم و جەورەی لە کورد کراوە ئەوانیش بەش بەحاڵی خۆیان زەرەرمەند بوون.

**بەڕێزان:**

نکوڵی لەوەش ناکرێت، کە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە سنووری کارەکانی زۆر فراوانەو، دوو بواری سەرەکیی گرتۆتەوە، کە (رۆشنبیری و هونەرە)، هەر بۆیە ماوەیەکە بیرمان لەوە کردۆتەوە کە ئەم دەزگایە بکەین بە دوو بەشەوەو، بەشی رۆشنبیری و، بەشی هونەر، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا چاکتر بپەرژێینە سەر بەدواداچوون و بەسەر کردنەوەی هەردوو لایەنەکەو، بتوانین بەپێی پسپۆڕی و شارەزایی خزمەتی گونجاوترو شایستەتر بە هەردوو توێژی رۆشنبیرو روناکبیران و،

هونەرمەندانی کورد بکەین.
دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەیش بکەین کە کاروچالاکییەکانی فەرمانگەکانی ئەم دەزگایە بە ئاسانی بە ئاکام ناگەن ئەوەیش لەبەر ئەوەی ئەم دەزگایەش وەکو زۆربەی دەزگاکانی دیکەی وەزارەت لەم بوارانەدا کەم و کورتیی تێدا هەیە:
زۆربەی فەرمانگەکان کارمەندی بە تواناو لێهاتوویان تێدا نییە، بەتایبەتی لە بواری ژمێرکاری و خۆیەتی و بوارە هونەری و رۆشنبیرییەکان، جگە لەکەمیی میلاکاتی دایەرەکان کە ناچار پەنامان بردۆتە بەر دامەزراندن بە گرێ بەست، بەڵام ئەمەیشیان لە رووی کاروباری داراییەوە زۆر گرفت و ئاستەنگی بۆ ناوینەتەوە، بۆیە هەوڵ دەدەین هەرچی زووە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندن تارادەیەک بایەخ بەم لایەنە بدات و، بواری کارو ئەرکی وەزارەتەکەمان لەبەر چاو بگرێت.
هەروەها لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک لە سنووری(٢٠تا٢٥)پیشەی جۆراجۆر لە وێنەگران و خۆشنووسان و بنکەکانی کۆمپیوتەرو چاپخانەو فۆتۆکۆپی.. هتد لەلایەن هەردوو بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیریی پارێزگای هەولێر و دهۆک مۆڵەت دەدرێن، دیارە ئەمەیش بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هەردوو دەزگای باجی دەرامەت و ئاسایش بەڕێوەدەچێت و، لە هەردوو رووی ئەمنیەت و دابین کردنی داهات بۆ گەنجینەی حکومەتی هەرێم بایەخی خۆی هەیە، بەڵام ئەم دوو دەزگایەیش وەکو دەزگاکانی دیکەی وەزارەت پێویستیان بە بوونی هۆی گواستنەوەو، کارمەندو فەرمانبەری شارەزاو پسپۆڕ و، باڵەخانەی گونجاو هەیە. وێڕای هەموو ئەمانەیش حەزدەکەم ئێوەی بەڕێز دڵنیا بکەمەوە، کە بۆ ساڵی دادێ بەرنامەی شیاوو گونجاومان داناوە، بۆ ئەوەی هەنگاوی گەورەترو بەرهەمهێنتر بهاوێین.

**٤ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی وەزرش ولاوان:**

**بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمان**

**خوشک و برایانی پەرلەمانتار**

ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەیش وێڕای بەڕێوەبردنی ئەرک و کاری چالاکییەکانی تایبەت بەدیوانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بەتایبەتی ئەو چالاکییانەی لەسەر ئاستی کوردستان ئەنجام دەدرێن، ئەم بەڕێوەبەرایەتی و بنکە وەرزشییانەی خوارەوەش سەرپەرشتیان دەکەن:

* بەڕێوەبەرایەتیی وەرزش ولاوانی هەولێر.
* بەڕێوەبەرایەتیی وەرزش ولاوانی دهۆک.
* بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریی زانستیی هەولێر.
* بەڕێوەبەرایەتیی وەرزش ولاوانی هەولێریش سەرپەرشتیی ئەم بنکە وەزرشییانە دەکات:

١ـ بنکەی وەزرش و لاوانی هەولێر.
٢ـ بنکەی وەزرش و لاوانی عەنکاوە.

٣ـ بنکەی وەزرش و لاوانی شەقلاوە.
٤ـ بنکەی وەزرش و لاوانی سۆران .
٥ـ بنکەی وەزرش و لاوانی رەواندوز.
* بەڕێوەبەرایەتی وەرزش ولاوانی دهۆکیش سەرپەرشتیی ئەم بنکە وەزرشییانە دەکات:
١ـ بنکەی وەزرش و لاوانی دهۆک .
٢ـ بنکەی وەزرش و لاوانی سێمێل.
٣ـ بنکەی وەزرش و لاوانی زاخو.
٤ـ بنکەی وەزرش و لاوانی ئامێدی.

**بەڕێزان:**

وەکو لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد وەزارەتی رۆشنبیری لە هەوڵی ئەوەدایە لێرە بەدوابایەخێکی باشتر بە کەرتی وەرزش و لاوان بدات ئەویش بە دانانی بریکارێک بۆ کاروباری وەزرش و لاوان بەمەبەستی ئەوەی دەزگایەکی تایبەتمەند بێتەکایەوە بۆ سەرپەرشتی کردنی تیپ و یانە وەرزشییەکانی و دروستکردنی یانەی وەزرشی بۆ منداڵانی کورد لە کوردستاندا لە پاڵ زێتر بووژاندنەوەی. بەرێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان، بەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتی و ئەو بنکانەی سەر بەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەوە.

هەروەها بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریی زانستی گورجوگۆڵانەتر کارەکانی ئەنجام بدات و، ئەو کارو ئەرکانەی لە ئەستۆیەتی بە شێوەیەکی بەرنامەرێژتر بەڕێوەیان ببات، دیارە هەر هەموو ئەو ئاوات و هیواو خواستانەیش بۆ ئەوەیە داو و دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری زێتر بەرەو پێشەوە بچن و، ببزاڤێکی زانستانەو هاوچەرخانەتر بە بواری وەرزش و لاواندا بە ئەنجام بگات.

**بەڕێزان:**

سەبارەت بەو چالاکییانەیش کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەرزش و لاوان لە میانی هەر ساڵی(٢٠٠٠ و ٢٠٠١)دا ئەنجامی داون، ئەم لایەنە وەرزشییانە دەگرێتەوە کە لێرەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین:
١ـ پاڵەوانیەتی تۆپی پێ بۆ بنکەکانی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان.
٢ـ پاڵەوانیەتی تۆپی باڵەی ئافرەتان بۆ بنکەکانی وەرزش و لاوانی دهۆک.
٣ـ پاڵەوانیەتی تۆپی باسکەی ئافرەتان بۆ بنکەکانی وەرزش و لاوانی دهۆک.
٤ـ پاڵەوانیەتی گۆرەپان و مەیدان بۆ بنکەکانی وەرزش ولاوانی هەرێمی کوردستان.
٥ـ پاڵەوانیەتی تایکواندۆ بۆ یانەکانی کچان لە هەرێمدا.
٦ـ پاڵەوانیەتی باڵەی کچان بۆ یانەکانی هەرێم.
٧ـ پاڵەوانیەتی باسکەی کچان بۆ یانەکانی هەرێم.

٨. پاڵەوانیــەتی تۆپی پێ بۆ بنکەکـانی وەرزش و لاوانی هەرێم، ئەو لاوانەی تەمـەنیـان لە خوار(١٣)ساڵاندایە.

٩. پاڵەوانیــەتی تۆپی پێ بۆ بنکەکـانی وەرزش و لاوانی هەولێــر و دهۆک، بۆ ئەو لاوانەی تەمەنیان لە خوار(١٣) ساڵاندایە.

لە بواری شەترەنجیشدا، یانەی شەترەنجی خانزاد رۆڵێکی باڵای دیوە لەو پاڵەوانییەتە نێوخۆ و عـەرەبییانەی لەسـەر ئاسـتی کوردسـتـان و عـێـراق و وڵاتانی عـەرەبی ئەنجـامـدراون، لە زۆر لەو پاڵەوانیەتیانەشدا پلەی بـاش و سەرکەوتوویان هێناوە، کە ئەمەیش مایەی شانازییەکی زۆرە بۆ بواری وەرزش لە کوردستاندا.

هەر دیسان بە بۆنەی یادەکانی ئادارو نەورۆز، بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی هەولێر یارییەکی مـاراسۆنی ئەنجـامداوە، لە پاڵ چەند یارییـەکی دیکەی تۆپی پێ و باڵەو باسکە بە دوو قۆناخ لە نێـو شـاری هەولێـر. بە هەمـان شێـوە بەڕێوەبەرایەتیی وەرزش و لاوانی دهۆکـیش هەمـان ئەم چالاکییانەیان ئەنجامداون.

دوا چالاکییش کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان ئەنجامی داوە، خولی رەمەزانی پیرۆزی تۆپی باڵە بوو، بۆ وەرزشکارەکانی بەساڵاچوو.

هەروەها بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی زانسـتی لە پارێزگـەی هەولێـر لە هەردوو سـاڵی(٢٠٠٠ و ٢٠٠١)دا چەندین چالاکیی بەرچاوی ئەنجامداوە وەک:

* دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی زانستی بەنێوی(گەڕان بەدوای ژیان لە گەردووندا).
* کـردنەوەی زیاتر لە(٢٥) خـولی جـۆراوجـۆری تایبـەت بە بواری زانسـتی و فـەلەک وکـیـمـیـا و فێرکردنی سیستەمەکانی کۆمپیوتەر، لە پاڵ بوارەکانی کارەباو ئەلەکترۆن و فیزیاو بایەلۆژیدا.
* بەشداری کردن لە پێشـانگای ساڵانەی کـۆمـپـیـوتەر بۆ مـاوەی سێ رۆژ لە هۆڵی زەرد، کـە بە سەرپەرشتیی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن سازکرابوو.
* بەشداری کردنی یانەی کیمیا، فەلەک، کارەبا، ئەلکترۆن لە ساڵیادی رۆژی زانکۆدا.
* بەشداری کردنی یانەو روانگەی فـەلەک لە پێشانگای کۆلێژی ئاداب بەشی جوگرافیـا بەبۆنەی رۆژی زانکۆوە.
* دەرکردنی نامیلکەیەک سەبارەت بە چۆنیەتی فێربوونی ئەنتەرنێت و ئەنترانێت.

**بەڕێزان:**

رەنگە چالاکـیــیـەکـانی ئەم دەزگـایە زۆر لەوە زێتـر بوونـایە ئەگـەر بهـاتایە و ئەو داواکـاری و دەرخـسـتـانەی بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری بەرزکـراونەتەوە لە کـاتی خـۆی وەڵامـدرابوونایەوە، چونکە بواری وەرزش تایبەتمەندیی خۆی هەیەو، بۆ هەر چالاکییەکـیش کە ئـەنجـام دەدرێت کـاتی دیاری کـراو و، بەرنامــەی ســاڵانەی بۆ داندراوە، بەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا تـاڕادەیەکی بـاش کاروچالاکییەکان لەسەر ئاستی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک لە کورستاندا بەڕێوەچوون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان**

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی وەرزش و لاوانیش وەکو بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر لە گرفت و کەم وکورتی بەدەر نییە، بەڵام دڵنیاین، کە بە هاوکاری و هاوئاهەنگیی داوو دەزگاکانی دیکەی حکومەت لە داهاتوودا بە دەرەنجامێکی باش دەگەین، ئەگەر بە هەموو لایەک ئەم گرفتانەمان بۆ چارەسەر بکرێن:

١. هەرچی زووە هەوڵی ئەوە بدرێت وەرزش و، چاودێریی زانستی بڕیاری(٩٨٦) بیانگرێتەوەو، ئەو کەرەستە وەرزشییە و زانستییانەی پێویستییانن بۆیان دابین بکرێت.

٢. ئەو(٣٦) دەرخستەیەی دروستکردن و چاککردنەوەی باڵەخانەو بنکە و گۆڕەپانە وەرزشییەکان، کە لەسەر رێنمایی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران رێکخراوە و، بۆ هەمان سەرۆکایەتی بەرزکراوەتەوە، کە بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی وەرزش و لاوان لەسەر داوای ئەنجومەن، ئەندامی ئەو لیژنەیەی بەسەرکردنەوە بوو، کە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەن پێکهاتبوو و، ئەوسا پرۆژەکانیان بە بڕی یەک ملیۆن دۆلار مەزەندە کردبوو و، واش داندرابوو بخرێتە نێو بەرنامەی(٩٨٦)ەوە، بەڵام تا ئێستا بێ ئەنجام ماوەتەوە، دیارە ئەگەر بە ئاکام بگات تا رادەیەکی باش کێشە و گرفتەکانی بواری وەرزش کەم دەبنەوەو، کارو ئەرک و چالاکییەکانیش زیاتر دەچنە پێشەوە.

٣. هەوڵ بدرێ لە کاتی دامەزراندنی فەرمانبەران، ئەوانەی پسپۆڕو شارەزان لە بواری وەرزشدا بەشێکیان بۆ وەزارەتی رۆشنبیری تەرخان بکرێن.

٤. بواری ئەوە بڕەخسێ بۆ ناردنە دەرەوەی کارمەندانی بواری وەرزش بۆ ئەوەی سوود لە تازەترین گۆڕانەکانی مەیدانی وەرزش لە وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرین.

٥. بایەخێکی باشتر بە یانەو تیپە وەرزشییەکانی کوردستان بدرێت و، باڵەخانە و گۆڕەپانی تازەو سەردەمییانە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا بکرێنەوە.

٦. دابین کردنی ئۆتۆمبێل بۆ گواستنەوەی ئەو کارمەند و وەرزشکارانەی لە تیپ و یانەکانی وەرزشیدا کاردەکەن لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییە وەرزشیەکاندا.

٧. چۆڵ کردنی ئەو یانەو باڵەخانانەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەرزشن، بۆ ئەوەی سوودی زیاتریان لێ وەربگیرێت.

٨. مۆڵەتی یانە وەرزشیەکان راستەوخۆ بدرێت بە وەزارەتی رۆشنبیری، پاش ئەو هەموار کردنەی لەبەر دەستە بۆ یاسای وەزارەتەکەمان.

**٥) بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن:**

ئەم بەڕێوەبەراتییە گشتییەیش لەم بەڕێوەبەرایەتییانەی خوارەوە پێکهاتووە:

١. بەڕێوەبەرایەتیی تەلەفزیۆنی هەرێم.

٢- بەڕێوەبەرایەتیی ڕادیۆی هەرێم.
٣- بەڕێوەبەرایەتیی بەدواداچوون.
٤- بەڕێوەبەرایەتیی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان، کە حاڵی حازر وەستێنراوە.
لە پاڵ دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان، کە ئەرک و کارەکانی ئەم چوار دەزگایەی سەرەوە ڕێک دەخات، وێڕای ڕێکخستنی کاروباری مۆڵەتدانی گۆڤارو ڕۆژنامەکان، کە لە ساڵی(٢٠٠٠)دا(٥)ڕۆژنامە و(٤) گۆڤاری مۆڵەتداوەو، مۆڵەتی(٢٦) ڕۆژنامەو،(٢٥) گۆڤاریشی تازە کردۆتەوە.
لە ساڵی(٢٠٠١)یشدا، (٢)ڕۆژنامەو(٨)گۆڤاری مۆڵەتداوەو، مۆڵەتی(٢٣)ڕۆژنامەو (١٩)گۆڤاریشی تازە کردۆتەوە.
هەروەها هاوئاهەنگیشی کردووە لە مۆڵەتدانی کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە هەرێمدا، کە ژمارەی کەناڵەکانی ڕادیۆ دەگاتە(١٤) ئیزگەو، کەناڵەکانی تەلەفزیۆنیش(١٠) کەناڵە.
١- بەڕێوەبەرایەتی تەلەفزیۆنی هەرێم:
بەڕێوەبەرایەتی تەلەفزیۆنی هەرێمیش سەرەڕای کاروباری ڕۆژانەی خۆی لە بواری بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی پەرلەمان و داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و، گواستنەوەی ئاهەنگ و بۆنە ڕەسمییەکان و، بەشێکی زۆری یارییە وەرزشییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، زێتر لە(٢٠ تا٢٥) بەرنامەی ڕۆژانە و هەفتانەو دوو هەفتەیی پەخش و بڵاودەکاتەوە، لە پاڵ بەرهەمهێنانی چەندین فلیمی تۆماری(افلام تسجیلیە)، زنجیرەی تەمسیلی و، بەدەیان گۆرانیی تازەیشی تۆمار کردوون.
لەو کارە هەرە دیارانەیش، کە هەر لە ساڵی(١٩٩٨)دا نەخشەی بۆ کێشراوە، کردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەییە ئەویش بە مەبەستی بەشداری کردنێکی چالاکانە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا، ئەگەر چی ئێستا بەهۆی نەبوونی ئامێری باش و بە توانا لە بواری کارکردندا پەخشەکەی لە سنووری نێو شاری هەولێر ڕەت ناکات.
کەناڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی هەرێم لە ١٩٩٨/٩/١دا دەستی پێکردووەو، سەرەتا بە تۆمار کردنی وانەکانی پۆلی سێیەم و شەشەمی زانستی و ئەدەبی دەستی پێکردو، بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێگای وەزارەتی پەروەردەوە توانراوە باشترین مامۆستای پسپۆڕو تایبەتمەند لە وانەکاندا ئامادە بکرێن و، لە ١٩٩٩/٦/١دا کەناڵەکە هەموو ئێواران لە کاتژمێری(٨ تا ١١)ی شەو دەستی بە پەخشکردنی بەرنامەی پەروەردەیی خۆی کردووەو، تا ئێستایش بەردەوامە. بێگومان ئەم کارەیش ڕۆڵێکی کاریگەرانەی زۆری بووەو دەبێت، لە بەرەوپێش بردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا.
بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەیش بکەین، کە ئەگەر بمانەوێ ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنییە زێتر گەشە بکات و، بگاتە هەموو پارێزگاکانی کوردستان، دەبێ ئامێرێکی پەخشی بە توانای(٣٠٠) وات و، ستۆدیۆیەکی پێشکەوتوو و، چەندین ڤیدیۆو کامێرای تازە بابەت و، میکسەرێکی جۆری(MX-٥٠)ی بۆ دابین بکرێت، کە هەموو ئەو ئامێرانەی سەرەوەیش تەنیا لە دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا هەن و، دەبێ ئاسانکاریی هێنانیان بۆ دەستەبەر بکرێت.
هەروەها دەبێ میلاکێکی باش بۆ ئەم دەزگایە لە فەرمانبەرانی شارەزاو لێهاتوو لەسەر میلاکی

هەمیشـەیی دابین بکرێت، چونکە حاڵی حازر زێتر پەنا براوەتە بەر دامەزراندن لەسەر میلاکی کاتیدا.
لە پاڵ ئەوەیشدا دەبێ مووچەو دەرماڵەیەکی باش بۆ ئەو فەرمانبەرو کارمەندانە دابین بکرێت، کە لەم بوارەدا کار دەکەن.
٢ـ بەڕێوەبەرایەتی رادیۆی هەرێم:
ئەم دەزگایەیش لە پاڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی هەرێمدا، بایەخ بە هەواڵ و چالاکییەکانی پەرلەمان و داوودەزگاکانی حکومەت دەدات و، زێتر لە(٣٠ تا ٣٥) بەرنامەی هەمەجۆری ئەدەبی و مێژوویی و هونەری و منداڵان و وەرزش و کەلەپووری رۆژانە و هەفتانەو دو هەفتەیی و مانگانە پەخش دەکات.
سەرەڕای ئەوەیش بە هاوئاهەنگی لەگەڵ رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق رۆژانە بۆ ماوەی(١) کاتژمێر بەرنامەیەکی تایبەت بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆ دەرەوەی وڵات پەخش دەکات.
هەروەها لە زۆربەی بۆنە رەسمی و تایبەتمەندەکاندا ئاهەنگ و رێورەسمی سازکردنی فیستڤاڵ و سیمینارەکانی راستەوخۆ گواستوونەتەوەو بایەخێکی زۆریش بە بەرنامەی منداڵانی کورد دراوەو دەدرێت.
٣ـ بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون:
ئەم بەڕێوەبەرایەتییەش تازە دامەزراوەو ئەرکی بەدواداچوونی هەموو ئەو بەرهەم و چاپکراوە ئەدەبی و مێژوویی و زانستی و هونەرییانەی پێ سپێردراوە کە لەسەر ئاستی هەرێمدا دەردەچن بەمەبەستی پاراستن و تەوسیق کردنیان بۆ دوارۆژ لەگەڵ بەدواداچوونی کۆڕو کۆبوونەوەو فیستیڤاڵ و سیمینارەکان کە رۆژانە لە داوودەزگاکاندا سازدەکرێن.
٤ـ ئاژانسی دەنگوباسی هەرێمی کوردستان.
ئەم کەناڵەی راگەیاندنیش بەهۆی سستیی کارەکانی و لەبەر ئەوەی زۆربەی داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی رێکوپێک لەگەڵیدا هاوئاهەنگ نەبوون و بەهۆی ئەوەیشەوە کە سنووری ئەو کاروچالاکییانەی ئەنجامی دەدان هەر تەنیا لە جوغزی ئەو گۆڤارو رۆژنامە و کەناڵە راگەیاندنانەی نێو شاری هەولێر رەتی نەدەکرد، ئەوەبوو لە مانگی تەمموزی ساڵی(٢٠٠٠)دا بەشێوەیەکی کاتی لە کار وەستاوە، تا ئەو رۆژەی بارو دۆخێکی لە باری بۆ مەیسەر دەکرێت.

**بەرێزان:**
دیارە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی راگەیاندنیش وەکو زۆربەی داوودەزگاکانی دیکەی وەزارەت بێ کێشەو گرفت و ئاستەنگ نییە، گرفتە دیارەکانیشی ئەمانەن:
* بچووکیی باڵەخانەو وکەمیی ژوور لەو باڵەخانەیەی، کە ئێستا بۆ رادیۆو تەلەفزیۆن و دیوانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی راگەیاندن و بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون بەکار دێن بەتایبەتی، کە هەردوو کەناڵی تەلەفزیۆن و رادیۆ لەیەک باڵەخانەدا کۆکراونەتەوەو، لە کاتی ئیش کردندا کار لە یەکتری دەکەن.
* کەمیی وکۆنیی ئامێرەکانی هەردوو کەناڵی رادیۆو تەلەفزیۆن وەک(میکسەرو، ریکۆردەرو،

کامیرا و ڤیدیۆو ئامێرەکانی تەلەفزیۆن و، ئامێرەکانی پەخش لە هەردوو بواری رادیۆو تەلەفزیۆندا.
* کەمیی کارمەندی شارەزاو پسپۆڕی تایبەت بە هەردوو بواری راگەیاندن و هونەری لە رادیۆو تەلەفزیۆنی هەرێمدا.
* کەمیی مووچەو دەرماڵەی کارمەندانی میلاکی هەمیشەیی، هەربۆیەش زێتر پەنا براوەتە بەر دامەزراندن بەگرێ بەستەیی.
* نەبوونی ستۆدیۆیەکی گونجاو و شایستە بە کاروباری رادیۆ و تەلەفزیۆن و، نەبوونی کۆمپیوتەری تازە بابەت و پێشکەوتوو بۆ کەناڵی تەلەفزیۆن و نووسینگەکان.
* نەبوونی باڵەخانەیەکی شیاو وشایستە بە نووسینگەی راگەیاندنی پارێزگای دهۆک، لە پاڵ کەمیی فەرمانبەرو کارمەندی شارەزاو لێهاتوو بۆ ئەم نووسنگەیە، کە رەنگە ئەگەر ئەو پارێزگایەش بەقەدەر پارێزگای هەولێر لە رووی چالاکییەکانی داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی نەبێت، ئەوە هیچیشی لەو کەمتر نییە، جگە لەوەی کە پێویست بەوە دەکات لە شارەکانی وەکو سۆران و ئاکرێیش نووسینگەی لەم بابەتە هەبێت، بۆ ئەوەی هەواڵ و دەنگوباسی ئەوانیش بە هەردوو کەناڵی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان بگات.
* نەبوونی ئۆتۆمبێلی تایبەت بە هەردوو کەناڵی رادیۆ و تەلەفزیۆن و، نووسینگەی دهۆک، کە ئەویش وایکردووە ئۆتۆمبێل بە شێوەی گرێ بەستی مانگانە بۆ ئەم بوارانە دابین بکرێت، کە ئەمەشیان بۆ ئەنجامدانی کارەکان وەکو پێویست نابێت.
* دیارە لە هەموو ئەمانەیش سەرەکی تر بوونی یاسایەکی تایبەت بە رێکخستن و مۆڵەت و کارکردنی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانە لە نێو سنووری هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی وا، کە سەرپێچی و پێشێلکارییە یاساییەکان رێگەیان لەبەردەم تەسک بکرێتەوەو، سنووربەند بکرێن.
ئەمانەو چەندین گرفت و ئاستەنگی دیکەیش، کە حاڵی حازر لە ئارادان وایان کردووە ئەم دوو کەناڵەی راگەیاندن بواری کارکردنیان زۆر بەرفراوان نەبێت، بەڵام بەپێی ئەو بەرنامەیەی، کە ماوەیەک بەر لە ئێستا بۆ کۆڵینەوەو باسکردنی ئەو گرفت و ئاستەنگانە داندراوە، پەنا بەخواو بە پشتگیری و هەوڵ و کۆششی دڵسۆزان و داوودەزگا تایبەتمەندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەیەکی نزیکدا بە ئاکامێکی باش دەگەین و، ئەم دەزگایەیش بە هەردوو کەناڵی رادیۆ و تەلەفزیۆن زێتر کاراترو کاریگەرتر دەکەین، بۆ ئەوەی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ لەسەرتاسەری کوردستاندا باشتر بە راگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشنا بن و، لە هەواڵ و دەنگوباسەکانیش تێبگەن و بێبەش نەبن.
٦ـ دەزگای چاپ و رۆژنامە نووسیی و بڵاوکردنەوە:
ئەم دەزگایەش یەکێکە لە داودەزگا پڕ بایەخەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن بەڕێوەبەرێکی گشتییەوە بەڕێوە دەبرێت، وێڕای دیوانی دەزگا، ئەم بەڕێوەبەرایەتییانەشی پێوە بەستراونەتەوە:
١ـ بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی رۆشنبیری.
٢ـ بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەنووسی، کە تا ئەم دواییانەی گۆڤاری هەرێمی دەردەکردو، ئێستا راگیراوە.

٣ـ بەڕێوەبەرایەتیی دابەشکردن و بڵاوکردنەوە.
دەزگای چاپ، چاپخانەیەکی تایبەتیی خۆی هەیەو، لەبنەڕەتدا ئەم چاپخانەیە تایبەتە بە چاپکردنی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی وەزارەت، بەڵام لەبەر کەمی چاپخانەی پێشکەوتوو لەهەرێمی کوردستان و، بۆ یارمەتیدانی نووسەران و، بۆ ئەوەی ئەم چاپخانانە بەشدارییەکی چالاکانە لە بزاڤی ڕۆشنبیریدا بکەن، لەپاڵ ئیش و کاری وەزارەت، بایەخێکی لە ڕادەبەدەریش بەچاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نووسەرو دەزگا ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیری و، حزب و لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان دەدات.
ئەم چاپخانەیە لە ساڵی (١٩٨٣)دا دامەزراوە، لە ساڵی (١٩٨٤) دا کەوتۆتە کارکردنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئامێرو ماشێنەکانی دوای ئەو هەموو ساڵەی کارکردن کۆن و داخووراون، بەڵام لەکارکردندا بەردەوامەو، لە (٩) بەشی سەرەکی پێکهاتووە:
١ـ بەشی کۆمپیوتەر: لەم بەشەدا (٥) کۆمپیوتەر هەن، لەگەڵ (٢)سکانەرو (٢)پرینتەر.
٢ـ بەشی مونتاژ: کاری ئەم بەشەیش بەدەست ئەنجام دەدرێت.
٣ـ بەشی کۆپی: ئەم بەشەیش تەنها یەک ئامێری کۆپیی سەر پلێتی هەیە.
٤ـ بەشی چاپ: سێ ئامێری ئۆفسێتی هەیە، یەکێکیان: گەورەیەو بەپلێتی بەتاڵ کار دەکات و،دوو ڕەنگە، دووەمیشیان: ئۆفسێتێکی یەک ڕەنگەو نیو بەتاڵە بۆ چاپکردنی بڵاوکراوە ڕەنگاو ڕەنگەکان بەکاردێت کە هەر لاپەڕەیەک دەبێ بە چوار قۆناغ و، هەرجارەی ڕەنگێکی لەسەر چاپ بکرێت و، سێیەمیان: ئامێرێکی ئۆفسێتی بچووکە بە قەبارەی(A4) بۆ کاری سادەو بچووک بەکار دێت.
٥ـ بەشی شکاندنەوەو تێل لێدان و بڕینەوە: ئەم بەشەیش لەیەک ئامێری شکاندنەوەی لاپەڕەو، دوو ئامێری بڕین و، دوو ئامێری تێل لێدان و، یەک ئامێری تەخریم کردن پێکهاتووە.
٦ـ بەشی وێنەگرتنەوە: ئەم بەشەیش ئامێرەکەی بەتەواوی کۆنبووەو، کەم کاری پێ دەکرێت.
٧ـ بەشی چاککردنەوەو پاراستن: ئەم بەشەیش کاری چاودێری و پاراستن و چاککردنەوەی ئامێرەکانە، گەورەترین گرفتی ئەم بەشەیش نەبوونی کەل و پەلی یەدەگە.
٨ـ بەشی لانیۆتایپ.
٩ـ بەشی خەمڵاندن: ئەم بەشەیش تایبەتە بە خەمڵاندنی پارەی تێچوونی هەر کتێب و گۆڤارو بڵاوکراوەیەک، کە لەم چاپخانەدا چاپ دەکرێت.
**بەرێزان:**
چاپخانەی ڕۆشنبیری، یەکەمین چاپخانەیە لەهەرێمی کوردستاندا، کە بەڕەنگاو ڕەنگ گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێب و بڵاوکراوەی چاپ کردووەو، ڕۆڵێکی گرنگیشی بۆ بەرەو پێشەوە بردنی بزاڤی ڕۆشنبیری و، یارمەتیدانی نووسەرو ڕۆشنبیرو هونەرمەندان و، چاپکردنی بەرهەمەکانیان بەنرخێکی هەرزان و گونجاو هەبووەو هەیە، لەپاڵ چاپکردنی زۆربەی چاپکراوو بڵاوکراوەی حزب

و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان.

نکوڵیش لەوە ناکرێ، کە ئەم دەزگایە وەکو دەزگایەکی بەرهەمهێن و چالاکی وەزارەتی ڕۆشنبیری، لە لیستی چالاکیی ساڵانەیدا ئەوە دەخاتە ڕوو، کە چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و کەلتووری و هونەریی چاپکردوون، سەرەڕای چاپەمەنییەکانی وەزارەت، ئەوەتا لەساڵی(١٩٩١)تاوەکو کۆتایی ساڵی (٢٠٠٠) ئەم کارانەی ئەنجام داون:

* چاپکردنی (٢٢١)کتێبی جۆراوجۆری چاپکردوون، کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

- ساڵی ١٩٩٤،(٨) کتێب.
- ساڵی ١٩٩٥،(٢) کتێب.
- ساڵی ١٩٩٦،(٧) کتێب.
- ساڵی ١٩٩٧،(٤٥) کتێب.
- ساڵی ١٩٩٨،(٥٨) کتێب.
- ساڵی ١٩٩٩،(٣٠) کتێب.
- ساڵی ٢٠٠٠،(٤٢) کتێب.
- ساڵی ٢٠٠١،(٢٩) کتێب.

هەروەها لە ساڵی (١٩٩١) ـەوە تاوەکو (١٩٩٥) بە بەردەوامی (٢١)ڕۆژنامە لەم چاپخانەیەدا چاپکراون و، لەساڵی ١٩٩٥ بۆتە(٢٢)ڕۆژنامەو، ساڵی ١٩٩٦ بۆتە (١٧) ڕۆژنامەو، ساڵی ١٩٩٧بۆتەوە(٢٢) ڕۆژنامەو، ساڵی ١٩٩٨بۆتە(٢١) ڕۆژنامەو، ساڵی ١٩٩٩ بۆتە(٢٢)ڕۆژنامە، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٠) دا جارێکی دیکە بۆتە (٢١) ڕۆژنامە، سەرەڕای ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، کە دواتر بوو بە (هـ.ک) و، پاشانیش بوو بە گۆڤاری هەرێم.

* ئەو گۆڤارانەیش کە چاپی کردوون بەم شێوەی خوارەوە بووە:

- ساڵی ١٩٩١ تا ساڵی ١٩٩٤(٤) گۆڤار.
- ساڵی ١٩٩٤(١٤) گۆڤار.
- ساڵی ١٩٩٥(١٤) گۆڤار.
- ساڵی ١٩٩٦(٦) گۆڤار.
- ساڵی ١٩٩٧(١٤) گۆڤار.
- ساڵی ١٩٩٨(٣٠) گۆڤار.
- ساڵی ١٩٩٩(٣٤) گۆڤار.
- ساڵی ٢٠٠٠(١٨) گۆڤار.
- ساڵی ٢٠٠١(١١) گۆڤار.

ئەمانە سەرەڕای گۆڤاری هەرێم، کە مانگێ دووجار چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

هەروەها ئەم دەزگایە ئەرکی دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێب و

بلاوکراوەکانی وزارەت و داوو دەزگاکانی لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی دابەشکردنەوە لە ئەستۆدایە.
دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەیش بکەین، کە دەزگای چاپ لە ئاکامی ئەو کارانەی ئەنجامی داون ساڵانە داهاتەکەی بەم شێوەی خوارەوە بووە:

| ساڵ | بڕی داهات بە دینار |
|---|---|
| ١٩٩١ | ٦٢٩٦٠٥ |
| ١٩٩٢ | ٦٧٨٩٧ |
| ١٩٩٣ | ٦٠٩٦٠٢ |
| ١٩٩٤ | ٦٨٠٣٩٤ |
| ١٩٩٥ | ٦٠٩٦٠٢ |
| ١٩٩٦ | ٦٠١٣٦٦ |
| ١٩٩٧ | ١,٠٧٩٦٦٦ |
| ١٩٩٨ | ١,٤٠٤٨٤٢ |
| ١٩٩٩ | ١,٣٦٧٦٩٢ |
| ٢٠٠٠ | ١,٢٧٥٢٦٠ |
| ٢٠٠١ | ٨٦٣٩١٥(ئەمەیان تاوەکو مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠١). |
| **کۆی گشتیی داهاتەکە دەکاتە:** | **٩,١٨٩٨٤١ دینار** |

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**خوشک و برا پەرلەمانتارە بەڕێزەکان**

دەزگای چاپ و ڕۆژنامە نووسی و بڵاوکردنەوەیش ئەم گرفتانەی لەبەردەمدان:

* بچووکیی باڵەخانەی دەزگاکەو، کۆنی کەمیی ژوورەکان و، هۆیەکانی کارکردنیشی ناتەواون.

* زۆربەی هەرە زۆری ئامێرەکانی چاپخانە کۆنن و، دەبوایە زۆر بەر لە ئەمڕۆ کاریان پێ نەکرێت و لابرێن، بەڵام دیارە بەهۆی ئەو دوو گەمارۆ ئابوورییەی خراوەتە سەر کوردستان، نەتوانراوە ئامێری تازەو پێشکەوتوو بۆ چاپخانە دابین بکرێت.

* ئەو کۆمپیوتەرانەی، کە ئێستا کاریان پێ دەکرێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایەی هەیە، زۆر دواکەوتوون.

* کەمیی هۆیەکانی پەیوەندی کردن لە تەلەفۆن و فاکس و ئەنتەرنێت، کە رەنگە بۆ دەزگایەکی وەکو چاپخانە لە پێداویستە زەرووریێەکانی کارکردن بن.

* کەمیی هۆیەکانی گواستنەوە، چ بۆ ئیش وکاری ڕۆژانەی دەزگاو، چ بۆ گواستنەوەی ئەو فەرمانبەرو کارمەندانەی تیایدا کاردەکەن.

* خاڵێکی دیکەی زۆر زەرووری ئەوەیە، کە ئەم دەزگایە بە بەرنامەی (٩٨٦)ـەوە گرێ بدرێت، هەرچەندە لەپارەوە داوای دەرخستەیەک بە بڕی (٤٢٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن و دووسەد هەزار دینار کرابوو، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی بڕیارەکە باڵەخانەیەکی تازە بۆ چاپخانەکە دروست بکرێت، بەڵام تا ئێستا هیچ دەرەنجامێکی نەبووە.

هەروەها داوای ئەوەیش کرابوو ئەو پارچە زەوییەی لەتەک چاپخانەدا هەیە بخرێتە سەر چاپخانەو، ئەوەبوو لەم ڕۆژانەدا لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کارمەندێک لە بەڕێوەبەرایەتیی بەدواداچوونی ئەنجومەن ڕاسپێردراوە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلەیەو، نوێنەری وەزارەتیشی لەگەڵدایە.

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەیش بکەین، کە ئێمە لەوەزارەت بۆ ساڵی دادێ بەرنامەیەکی کارکردنمان لەبەر دەستدایەو، لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ زێتر بەرەوپێش بردنی چاپخانە، ئەویش بۆ ئەوەی زۆر لەوەی زێتر کراوە، بتوانین لەداهاتوودا بایەخێکی شیاو و شایستەتر بەکاروباری ڕۆشنبیری لە کوردستاندا بدەین و، یارمەتی ئەو نووسەرو ڕۆشنفکرانەیش بدەین، کە بەرهەم و بڵاوکراوەیان هەیە، تاوەکو بەشی هەرە زۆریان سوود لە کارە خزمەتگوزارییەکانی چاپخانە وەربگرن و، بکارێن بەرهەمەکانیان بە ئاسانی و بێ گرفت و ئاستەنگ بە چاپ بگەیەنن و، دیدی خوێنەرانی کوردی پێگەش و ڕووناکتر بکەنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**پەرلەمانتارە بەڕێزەکان**

لە کۆتاییدا حەز دەکەم بە کورتی ئەو هەلومەرجانە بخەمە بەرچاو، کە دەکرێ بەهۆیانەوە وەزارەتی

رۆشنبیریش وەکو بەشێکی زۆری وەزارەتەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بخرێتە نێو بەرنامەی(٩٨٦)ی نەوت بەخۆراکەوە:

**بەڕێزان:**

دوای خستنەرووی بەشێکی زۆر کەمی ئەو ئەرک و کارانەی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەسەر ئاستە جوداجوداکانی بواری رۆشنبیریدا ئەنجامیان دەدات و بۆ ئەوەی هەموو ئەو ئەرک و کارانە شوێنی گونجاو وشایستەی خۆیان بگرن و بە شێوەیەکی پوخت و تێروتەسەل و دوور لە گرفت و ئاستەنگ بە ئاکام بگەن و ئەوئامانجانە بپێکن کە وەزارەت لە یاساکەیدا ئاماژەی بۆ کردوون و بە خاڵی سەرەکیی داناون بۆ بەرەوپێش بردن و بووژاندنەوەی بزاڤی ئەدەب و رۆشنبیریی و کلتووریی گەلی کوردستان هەروەها بۆ کاراتر کردنی دەزگاو دایەزەکانی پەیوەست بە وەرزش و لاوان و بایەخی زۆر زێتر لەوەی هەیە بە منداڵانی کوردستان بدرێت ئەوانەی بە درێژایی بوونیانەوە لە هەموو خواست و ئاوات و ئارەزوویەکی رەوای خۆیان بێبەش کراون. لە کاتێکدا کە منداڵان لە وڵاتانی دیکە چ لە رووی مافی تایبەت بە خۆیان و چ لە رووی دابین کردنی ژیانێکی خۆش و بەختەوەر بۆیان و بۆ گەل و نەتەوە ستەمدیدەکەشیان هەموو پێویستییەکی بوون و ژیانیان بۆ دابین کراوەو گەورەترین بایەخیشیان پێ دراوەو دەدرێت.

هەروەها بۆ ئەوەی رۆڵی نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندو کلتوور ناسانی کورد هەمیشە لەبەر چاو بێت و ئەو بایەخەی پێویستە پێیان بدرێت کە شایستەیان بێت و ئەو بەرهەم و کارانەی ئەوان بۆ بەرژەوەندیی باڵای گەلەکەیان لە ئەستۆیان گرتووەو لە پێناو برەودان بە بواری بڵاوکردنەوەی هەموو ئەو بەرهەمانەیان کە دەبنە کۆڵەگەی بەرەوپێش بردنی گەلی کورد دیارە هەموو ئەمانەیش لە رێگەی چاککردنی باری ژیان و گوزەرانی ئەو نووسەرو ئەدیب و هونەرمەند و وەرزشکارو رۆشنفکرانەوە دەبێت کە چاوی کراوەی گەلەکەیانن لەپاڵ زامنکردنی ئامێرو کەرەستەی چاپکردنی تازەو هاوچەرخانە کە بۆ رۆژگاری ئەمڕۆی کوردستان پێویستن بەمەبەستی ئەوەی وشەی رەسەن و پیرۆزو گەشاوەی کوردیی بنیات نەر لە شەڕو شۆڕو چەک و جبەخانەی ماڵ وێران کەر بە بەهاوبڕشتترو لە پێشتربێت.

هەروەها پێویستە بایەخی زێتر بە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بدرێت و هەردوو کەناڵی رادیۆو تەلەفزیۆنیش لەوەی هەیە زێتر بایەخیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی دەنگ و رەنگی پەرلەمان و، داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێم سەرتاسەری کوردستان بگرێتەوەو هاوڵاتیانیش بەشێوەیەکی باشتر و بەفراوانتر بەو کارو ئەرکە زۆر پڕبایەخانەی پەرلەمان و حکومەت ئاشنابن کە بۆ بەرژەوەندیی گەلی کوردستان ئەنجام دەدرێن هەڵبەت بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەم ئامانجەیش دابین کردنی ئامێرو کەرەستەی تازە و پێشکەوتوو و سەردەمییانە رۆڵی کاریگەرانەی خۆیان دەبینن.

لە بواری شوێنەواریشدا کە ئەمەشیان روویەکی دیکەی گەشەداری مێژوو و کەلتووری گەل و

نەتەوەکەمانە هەمدیس پێویستە بە زامنکردنی ئامێری تازەو تاقیگەی زانستانە و پێشکەوتوو دەکات لە پاڵ هەوڵدانی هەموو لایەک بۆ پاراستن و دالّدەدانی ئەو شوێنەوارە بەنرخ و بەهەیانەی لە کوردستاندا هەن بۆ ئەوەی دەستی کەسانێکی بێ ویژدان و ناپاکی پێ نەگات و لێمانی وەدوور نەخەنەوە هەروەها دەخوازین لەم لایەنەوە پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی زێتر بەم بوارە بدەن.
چونکە ئێمەی کوردیش خاوەنی مێژووی کەلتووری رەسەنی خۆمانین و، دەبێ هەموو لایەک هەوڵی ئەوە بدەین لە کاروانی گەلانی پێشکەوتوو دانەبڕێین، ئەگەر لەگەڵ ئەواندا بەرەو پێشەوەی رێ نەبەین و هەنگاو هەڵ نەهێنین.
دیارە لەسەر ئاستی دنیاشدا ئەمرۆ بواری وەرزش و لاوان بایەخ و گرنگی خۆی هەیە و، جێگەو شوێنی گونجاو و شیاوی خۆی گرتووەو، وەرزشکاران لە ولاتانی دنیا لە رووی بایەخ پێدانەوە لە پێشی پێشەوەی بەرنامەی کاری ولاتەکانیانن و، تەنانەت کار بەوە گەیشتووە، کە وەرزشکاران و تیپە وەرزشیەکان لەسەر هەموو ئاستەکاندا و، بە هەموو جۆرو شێوەکانیەوە رۆلیان ئەگەر هاوشانی سیاسەتمدارو دیپلۆماتکاران نەبێت، ئەوە هەرگیز لەوان کەمتر نیین.
**بەڕێزان:**
بۆ بە ئەنجام گەیاندنی هەموو ئەو ئەرک و کارانەی لەسەرەوە پەنجەمان بۆ درێژکردن،ئێمە وەکو وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گەیشبینەیەکی زۆرو ، بەو پەری دڵنیاییەوە دەڵێین، گرنگی ئەو کارو ئەرکانەی کەوتۆتە ئەستۆی وەزارەتەکەمان شیاوی ئەوەن هەموو لایەک لەگەڵماندا هاودەنگ بن و، پشتگیریی ئەوەمان بکەن، کە بەشێکی داوو دەزگاکانی ئێمەش وەبەر بەرنامەی (٩٨٦) بکەون و بخرێنە نێو ئەم پلانەوە بە تایبەتی بواری مندالان و وەرزش و دەزگاکانی چاپ و رۆژنامەنوسی و، کردنەوەی پرۆژەی بیناکاریی هاوچەرخانە، وەک گۆڕەپان و بالەخانەی تایبەت بە کاری وەرزشکارییەوەو، هێنانی ئامێرو کەرەستەی تازەی چاپکردن.
بە هەر حاڵ چاوەڕوانی هەوڵ و کۆششی هەموولایەکتانین و پڕ بە دڵیش سوپاستان دەکەین، کە بە دڵ و دەروونەوە لەگەڵماندا بوون بۆ گوێگرتن لەم ڕاپۆرتەمان، هیواخوازین بەدڵتان بوو بێت و، لە کەموو کورتییەکانیش بمان بوورن.
لەگەڵ ڕێزماندا، زۆر سوپاس و، لە خزمەتاندام بۆ هەر پرسیارێک داوای لێبوردنیش دەکەم بۆ ئەوەی کە نووسیم لەبەر ئەوەی بەراستی جوزئیاتەکە هێند زۆرە هێند پەرت و بلاوە لەوانەیە ئەگەر نەم نوسیبایە مرۆڤ هێزی ذاکرەی ئەوەندە نەبێت کە هەمووی بڵێت بۆیە بەباشم زانی کە بەنووسین بێت چونکە بوارەکانی زۆر لێک جیاوازە زۆریش وێکچووە هەندێکی زۆر لێک نزیکە بەلام ئەرکەکانیشیان زۆر لێک جیاوازن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک مەحمود محەمەد وەزیری رۆشنبیری بۆ ئەو راپۆرتەی پێشکەشی کرد

لەراستیدا ئەم جۆرە دانیشتنانە راپۆرتی وای پێویستە بەنوسراو بێت هەموو کاتێک چاکترە چونکە عادەتەن لەدانیشتنێکا کە حسابی لەسەر ئەکرێت ئەگەر بنووسرێتەوە بەدیقەت تر ئەبێت کەمی کەمتر تیا ئەبێت بەتەئکید راپۆرتەکەی جەنابی وەزیر هەموو لایەنەکانی وەزارەتی پێکاو باسی لێکرد بۆیە تصور دەکەم پرسیاری تازەش هاتبێتە کایەوە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان جا بۆیە ئێستا تکا دەکەم کە ئەو بەڕێزانەی کە پرسیاریان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن،

ناوەکان دەخوێنمەوە ئەو بەڕێزەی ناوی نەنووسرابێت تکایە دەستی بەرز کاتەوە بۆ ئەوەی بینووسین ناوەکان ئەم بەڕێزانەن: رەجەب شەعبان، محسن سالح، حسن سالح، ئەحمەد علی، زەهرە حاجی، نادر محمد، فوزیە عزالدین، جمیل عبدی، شەفیقە عەبدوللا، زاهیر محمد ابراهیم، احمد سالار، ئەمین مەولود، مەلا مەحمود دێرشەوی، ابراهیم سەعید، عبدالخالق زەنگەنە، شێخ یحیا بەرزنجی، شمائیل ننو، سەفەر محمد حسێن، سیروان کاکەیی، د.رزگار، حەلیمە بارزانی، وەکو باسم کرد تا سەعات یەک دادەنیشین لەبەر ئەوە ئەم پرسیارانەی دەکرێن هەتا کەمتر بێت باشترە تکایە راستەوخۆ پرسیاراکانیش بکەن، بەڕێز کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کۆنفرانسێ بنگەهێت رۆشنبیری و سەنتەری رۆشنبیریی هاتە گرێدان لە هەولێرێ سالێ ١٩٩٩ و گەلەک بڕیاری گرنگ دان بۆ پێشکەوتنا رۆشنبیریە هەتا هەنکە گەلەک لەوان بڕیارانە هاتنە جێ بەجێ کردن من پێشنیارێکم هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەزگایە راگەیاندنا هەرێما کوردستانێ وەک تەلەفزیۆنێ هەرێمێ وەک ئیزگە وەک گۆڤاری وەک کاروان و هەرێم هەنە گەلەک بەلام چونکو پەیام نێر گەلەک نینە لە دەڤەری کوردستان یەخەرە کە پەیامنێرێ هەبێت بچێت چالاکی رۆشنبیری بۆ بلاوبکاتەوە لە پایتەختی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بڕیارانە چی بوون کەقەسدت لێیەتی؟ .

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

بەلێ مەسەلەن کە هەمی سالێت دوو منحە بێن بە هەر بنگەهێت رۆشنبیری هەتا هەنکە نەهاتۆتە تنفیذ کردن بەلکو یەک ئەویش کردنە دە هەزار دینارو دوو هەزار دیناریشی لێبرین ئیحتمالیش هەیە سێ چوار جارانیش دێنە پایتەخت و دەچنەوە نیوەی ئەم پارەیە دێتە سەرفکردن سلفەکەشیان بۆ سەرفناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک حەسەن صالح فەرموو.

**بەڕێز حەسەن صالح رۆستەم خان:**

وەکو ئاشکرایە لای هەمووان تەلەفزیۆنی هەرێم یان باقی تەلەفزیۆنەکان پەخشیان ناگاتە

ناوچەکانی کورد نشینی ژێر دەسەلاتی حکومەت، ژێر دەسەلاتی رژێم. ئایە هەولێ دراوە یان لە ئایندە هەولێک هەیە بۆ ئەوەی کە پەخشی تەلەفزیۆنی بگاتە ئەو شوێنانە لەبەر ئەوە ژمارەیەکی زۆر کوردمان هەیە لەو ناوچانەو تەئسیری خۆی هەیە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک حسن بەڕێز کاک محسن ئامێدی.

**بەڕێز محسن صالح عبدالعزیز :**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بایەخی پێنەدراوە ئەڵێ بیری لێکراوەتەوە کە زووتر بایەخ پێبدرێت چونکە بایەخ بەهەموو شوێنێک نەدرا مەسەلەن باسی هەولێری کرد شوێنەواری زۆر بەنرخ و کۆن و لە منطقەی ئێمەیە وەک من ناتوانم ناوی بڵێم لەئامێدیە یان لەئاکرێ بەس لەمەنطقە هەیە.و، بایەخی پێنەدراوە نازانم بیری لێکراوەتەوە کە بایەخی زۆرتر پیبدرێت؟وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئەحمەد علی عومەر،فەرموو

**بەڕێز احمد علی عمر:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بەڕێزان ژمارەیەکی باش بنکەی رۆشنبیری و تیپی هونەری و نیمچە رەسمی ئێمە هەمانن لە قەزاو هەردوو پارێزگای دهۆکێ و هەولێرێ منحەیەکی ساڵانە هەمانە لەوەزارەتا رۆشنبیریی بۆ بشێت ئیش و کاری خۆ ئەنجام بدەن بۆ منحەی ساڵانە پرسیارێ من ئەوەیە جەنابی وەزیری ئەگەر چیان دەڤت نسریەکە مانگانەو بەردەوام بۆ وان تیپێ هونەری و بنکەهێت رۆشنبیری بێتە دەست نیشان کردن وگونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخێت ئابوری یە حکومەتا هەرێمێ و لەژێر سەرپەرشتیە وەزارەتێ رۆشنبیری و بۆ ئەوەی ئیش و کاری خۆیان ئەنجام بدەن ئەوە پرسیاری یەک، پرسیاری دووش کۆمەلێک گۆڤار هاتنە دەرخستن لەلایەن وەزارەتێ رۆشنبیریڤە هەرچەندە بەڕێز جەنابی وەزیریش ئیشارەتی پێدا ئەڤە ماوەیەکە هاتیە راگرتن دەرناکەڤن، پرسیارا من ئەوەیە ئەگەر ممکن بێت جارەکی دی ئەڤ گۆڤارە بێنە دەرخستن بۆ نموونە دێ گۆڤارە دیجلە وەربگرن دەێنە بەرهەم هێنان لە لایەن تیپێکی دهۆک تەقریبەن ( ٤٠٠ ) نوسخە چووە بۆ کوردستانی تورکیا و ( ١٥٠ )ش بۆ کوردستانی سوریا خوێندەوارێکی زۆری هەبوو مانگانە کۆمەلێک مەقالەو نووسینی وان دەگاتە مەقەری گۆڤاری دیجلەی دهۆک لەم گۆڤارە دەتوانین دەنگ و باسی کوردستانی ئازاد بگەیەنین بەوان من پێشنیاز دەکەم کە ئەم گۆڤارە جارێکی تر بکەوێتەوە کار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک ئەحمد فەرموو زەهرا حاجی.

**بەڕێز زهرا حاجی طه سلیمانی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، پرسیاری من لەسەر شوێنەوارانە، پردی دەلالی زاخۆ یەکێکە لە کۆنترین شوێنەوارەکانی کوردستان، هەروەها سیمایەکی جوانییە بۆ شاری ئێمە زاخۆ وەکو جێگایەکی گەشت و گوزار بەکار دێت، ئەوە ماوەیەکە ئەم ناوچەیە مەترسی لێ هەیە خەریکە بروخێت زۆر جار لە رۆژنامەو گۆڤارەکان باسی لێ کراوە، پرسیاری من ئەوەیە هەتا چەند وەزارەت ئاگادارەو دەستی نۆژەنکردنەوەی دەگاتێ؟ پرسیاری دووەمم لەسەر بنکەی وەرزشی لاوانی زاخۆیە، ئاواییەکی گەورەو فراوانی هەیە، لە ڕاپەڕینی پیرۆز توشی تالآن بووە کەلوپەلی وێ نەماوە قاعەکەی هاتۆتە رفاندنێ دیسان دەڵێم رووبەرێکی زۆر فراوانی هەیە بەرەلایان کردووە ئەم بنکەیە خزمەتێکی وەرزشی بۆ ئەم شارە دەکرد و چەند راهێنەری لێ بەدەست هێنراوە، لێرە پرسیاری من ئەوەیە ئەگەر بێت و ئەم زەویە بەرفراوانە بێتە سیاج کردنێ؟ بۆ ئەوەی ئەم تیپە میللیانە بۆ خۆیان راهێنانی خۆیان ئەنجام بدەن لەوێ دیسان چاوی وەزارەتی بگاتێ و نۆژەنی بکاتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجون :**

زۆر سوپاس زەهرە خان، فەرموو کاک نادر محمد قادر.

**بەڕێز نادر محمد قادر:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بۆچی تا ئێستا وەزارەتی ڕۆشنبیری پەیڕەوی ناوخۆی نییە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک نادر، فەرموو بەڕێز فوزیە عزالدین.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بەراستی ڕاپۆرتەکەی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری هیوا بەخش بوو بۆ نووسەران و ڕۆشنبیران لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک پرسیارم هەیە یەک لە ئەرکەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری وابزانم ئەرکی چوارەمە دامەزراندنی کتێبخانەی گشتی هەرێم تا ئێستا بۆ ئەو بابەتە چی کراوە؟ یەکێکی تریش لە ئەرکەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری وابزانم ئەرکی چوارەمە دامەزراندنی کتێبخانەی گشتی هەرێم تا ئێستا بۆ ئەو بابەتە چی کراوە یەکێکی تریش لە ئەرکەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەوەیە کەدامەزراندنی دەزگایەک بۆ چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوەو دابەشکردن. لێرەدا دابەشکردن زۆر گرنگە ئایە وەزارەتی ڕۆشنبیری چ هەنگاوێکی ناوە بۆ دابەشکردن؟ چونکە دابەشکردن ئێستا لەڕێی کتێبخانەکانەوەیە و، لێرە مافی دانەر تا حەدێک ئەسوتێ ئینجا ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری دامەزراندنی ئەو دابەشکردنەیە ئەگەر ڕێگەم

بدات سەرۆکی ئەنجومەن پرسیارێکی کەشم هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەبێ بەچەند؟.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

ئەبێ بەسێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چونکە بۆ خۆت ئەزانی وەختەکە کەمە؟.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

بەس ئەو پرسیارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواو ناتوانین، بەڕێز کاک جمیل عبدی سندی فەرموو.

**بەڕێز کاک جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، دوو پرسیارم هەیە:

١- في قانون وزارة الثقافة يوجد {المركز الفلكلوري في زاخو} ولكن لكون مدير عام الثقافةو الفنون (كريم فندي) من دهوك تم إقناع الوزير السابق بفتحه في دهوك بدلاً من زاخو!! وهذه مخالفة قانونية صريحة لقانون وزارة الثقافة .. سؤالي هو متى يفتتح المركز الفولكلوري في زاخو تنفيذاً لقانون الوزارة.

٢- يوجد في زاخو مبنى مركز الشباب و الثقافة من مركز للطلائع ومع الأسف فإن مركز الطلائع في العباسية قد إستغله عائلة بإسم الحزب الشيوعي و لم يتم إي ترميم او إصلاحات في مبنى مركز الشباب و الثقافة وقاعاتها فهي بدون أبواب باستثناء بابين وكذلك لايمكن لأحد أن يغسل يديه أو إستعمال المرافق الصحية في المبنى و سؤالي هو متى تتم إعادة مبنى الطلائع في محلة العباسية في زاخو و كذلك ترميمه مع مركز الشباب؟ وأشكركم سلفاً...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک جمیل، فەرموو شەفیقە خان.

**بەڕێز شەفیقە فقی عبداللە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

من پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیر کە باسی ئەوەی کرد لە ڕاپۆرتەکەی کە ئاژانسی دەنگوباسەکانی کوردستان ئێستاکە ڕاگیراوە ئەمەوێ هۆیەکەی بزانین چییە کارمەند بێت یان هۆی تری هەیە؟ پرسیاری دووەمیشم ئەوەیە وەکو پێشنیارێک داوا ئەکەم لە جەنابی کە هەوڵ

بدرێت هۆڵێکی گەورە بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە پارێزگاری لە جل و بەرگە جوانەکەی خۆمان و ئەو فۆلکلۆرەی کە لەناو کوردەواریدا هەیە بە هەموو ناوچەکانی جلوبەرگەکانمان پیشان بدرێت هەر میوانێک دێت ئەو جل و بەرگانەی ئێمە بەو شێوەیە ببینێت؟ بەشی دووەمیشی ئەوەی کە ئێمە چەندەها شەهیدمان دا لەهەڵەبجە بۆ ئەوەی کە لەبیر نەچێتەوەو هەموو کەسێ بزانێ کە ئێمە زوڵمێکمان لێکراوە وەکو ئاوێنە لەبەردەما بێت یان وێنەکانیانی تێدا بێت ئەگەر وێنەکانیش نەبێت لە شوێنی وێنەکان ناوو تەمەنیان و ڕۆژی کارەساتەکە بنووسرێ؟ لەگەڵ ڕیز و سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ شەفیقە خان، فەرموو کاک حمید میران .

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لە ڕاپۆرتەکەی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری تێگەیشتم کە هەتا ئێستا لەسەر بڕیاری ٩٨٦ هیچ پرۆژەیەکی وەرزشی نەهاتۆتە بڕیاردان، بۆیە بەرای من یەکێک لەو حوججانەی کە ئەبێت ئێمە بیکەین بەبەڵگەیەک بۆ ئەوەی لەسەر بڕیاری ٩٨٦ پرۆژەی وەرزشیمان بۆ بکەن ئەوەیە کەوا ئێمە هەتا ئێستا لەمەودای ئیحترافدا نین ئێمە سیاسەت خوازین ئەوە یەکێک لەبەڵگەکانە، بەڵگەیەکی تریش بۆ ئەو کارە ئەوەیە کە وەزارەتی ڕۆشنبیری لەڕێ ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە داوا بکات لەو وەزارەتە پەیوەندارانەی کە ئیش و کاری بیناسازی و پرۆژەکان دەکەن و ، هەروەها لە وەزارەتی مرۆڤایەتی کە پرۆژەی وەرزشی وەک یانەی وەرزشی نەک وەک یانە وەک یاریگا مەلەوانگە وەک یانەی داخراو وەک هەموو پرۆژەیەکی تر ئەوەی کەوا پێویستە دروست بکرێت کە بۆیان دابین بکەن وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن یان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کشوفات بکات بۆ پرۆژەکە و ، بەهای پێویستیان بۆ دابنێت و خەرائیتیان بۆ بکات و داوا بکات لەو ڕێکخراوانەی کە ئەو ئیش و کارانە دەکەن بۆ ئەوەی دابینی بکەن بۆیان و لەلایەکی تریش ئەوەیە ئەو پرۆژانەی کە هەن و پێویستیان بەچاکردن هەیە ئەوان ئێستا پێویستیان هەیە کەوا کشوفاتی تایبەتیان بۆ بکەن وەک ساحەی دیانەکان کەوا بەتاتان داپۆشرێت بۆ ئەوەی پارێزگاری یاریکەر بکات لەکاتی یاریکردنا ئەوانەش هەر پێویستی بەوە هەیە کەوا کشوفاتی بۆ بکرێت و ئەبێت لەو ڕێگەیەوە ئینجا بتوانرێت پرۆژەکان بەجێ بهێنرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک حمید میران، فەرموو کاک زاهیر محمد.

**بەڕێز زاهیر محمد ابراهیم :**

بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن،

لە نێوان ئەو هەموو هۆیەی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی کە ئێستا لە هەرێمدا دەیبینین و

بەتایبەتی لەناو شاری هەولێر کە ژاوەژاوێکی زۆری دروست کردوەو جۆرێک لەپاشا گەردانی و سەر لێشێواندن و نارێکی پەیدا کردوە لەبواری ڕۆشنبیری و هونەری دا بەتایبەتی، ئایە وەزارەت هیچ هەوڵێکی داوە یان لەبەر دەستیەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەم حالەتە؟ مەبەست ئەوە نییە بەسانسۆرو چاودێری چارەسەر بکرێت لەکوردستان هەموو بیروڕایەک ئازادە بەڵام لەرووی ڕێکخستن و دسپلینەوە سنوردارو نەخشە ساز بکرێت زیاتر سوود بەخش دەبێت. پرسیاری دووەم لیژنەی کۆمەک و چاپەمەنی ئەگەر هەبێت لەسەر چ بنەمایەک کار دەکات؟ هەندێ بەرهەم هەن ماوەیەکی ئێجگار زۆر دەمێننەوەو یارمەتی نادرێن و چاپ ناکرێن هەندێکیش هەن زوو بواریان بۆ دەڕەخسێ و هاوکاری دەکرێن و چاپ و بڵاو دەکرێنەوە ئەمە چۆنە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

سوپاس بۆ کاک زاهیر، فەرموو کاک ئەحمەد سالار.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن،

بفەرموون ئەو دوو پرسیارەم ئاراستەی ڕێزدار وەزیری ڕۆشنبیری یە. پرسیاری یەکەم ئایە چ کارو نەخشەیەکی وەزارەت لە ئارادایە سەبارەت بەبوون و یان پێک هێنانی دەزگایەکی تایبەت بەکارو پیشە دەست ڕەنگینەیەکان چ بەمەبەستی پاراستن یان بوژاندنەوە یان پەرە پێدانیان؟ پرسیاری دووەم ئایە لەنەخشەی وەزارەتا ڤیستیڤاڵێک هەیە بۆ هونەرە جوانەکان کە لەئاستی سەرانسەری کوردستانا بێت؟ لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک ئەحمەد سالار، فەرموو کاک ئەمین مەولود.

**بەڕێز محمد امین مولود:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەگەر سەرنجێک لە بڵاوکراوەکانی ئیمرۆ بدەین ئەبینین هەندێ کەس بەپێی بۆچوونی خۆیان و وشەی نوێ لە نووسینەکانیان بەکاردەهێنن، ئایا وەزارەتی ڕۆشنبیری بەهاوکاری لەگەڵ کۆڕی زانیاری کوردستان هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆی بە دەستەوەیە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە؟ لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک ئەمین مەولود. بەڕێز کاک مەلا مەحمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز ملا محمود فندی دێرشەوی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیاری من لە جەنابی وەزیر ئەوەیە، ئایا ڕەقابەتەک بۆ چاپ کردنا کتێبا هەیە یان نییە ؟سەر

دەستێت وان دەبوورت یان نابوورت، چونکە گەلەک جار من دەبینم هەندێک کتێب دێنە کوردستانێ راستی نە خێرا دینا میللەتی کورد تێدا هەیە نەخێرا دونیا میللەتی کورد تێدا هەیە. ئەگەر نا شەڕی وان تێدایە خێری وان تێدا نییە، ئایا ئەڤ فلیمە سینەمائی ئەوی کو دینێ سەر تەلەفزیۆنا دادەنێن ئایا هەتا چ ڕادەیەک بەرێ خۆ بدەنە مەصلەحەتا میللەتی کورد بەراستی نە فلمی تەربەوینە ئەگەر ناش تەربیەتا خەلاص بکەن تەربیەتێ هەر نادەنێ ئەڤە پرسیارەک، پرسیارێ دووەم ئەز هەر چەندە نە ریاضیمە بەس هەتا کەنگێ ئەڤە چەند ساڵە تایبەت نسبەتا وان سێ ساڵێ کابینە سێ و چارێ دا ما تێرا هەندێ نەهاتیە بەخوا یاریکەرە یاریکەرن خوا ماڵی هەبن هەتا کەنگێ ئیستیرادا بکەن فەلاح حەسەن و نزانم کێ هەتا کەنگی ئەڤە، بۆ یاریکەرا کورد نەبن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک مەلا مەحمود دێرشەوی، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرمووو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیاری یەکەم جەماوەری وەرزشی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبیتن و، هەندێ یاری تۆپی پێی دهۆکێ زێدەتر چل هەزار کەس حازر دەبن لە هەندێ یاری تایبەت کەچی مەلعەبی ئەوێ تەنها دوومەترا ژێێت هەین واتە دوو لا، لای ڕۆژهەلات و لای ڕۆژئاوا ئل باکوور و باشووریت وێ مودەڕەج لێ نییەو، ئەو کەس دەکەونە پشتێ کو یارێ باشی نابینن ئەگەر مودرەج بۆ بێتە دروست کرن ئەکیدەن ئیسراحەتر یاری ئدبینن.

پرسیاری دووەم لەسەر ئاثارێ دهۆکێیە بەراستی من دەکەمە دوو بەش: یەکەمیان تا ئێستا بینایەتی بەڕێوەبەرایەتی ئاثاری دهۆکێ لەلای جهەتێکی تر بەکاردێتن تصمیما وێ ئەساسەن بۆ عەرضا شت هاتینە کرن واتە بۆ ئاثارێ هاتیە چێ کرن وەزارەت هیچ هەنگاوێ نەهاڤێتینە کو وێ مودیرییە بزڤرینە بۆ ئاثارێ ڤە پرسیاری من هەر سەر ئاثارێ منطەقێت بوو خاصەتەن پردا دەلال و مەدخەلا ئامێدیێ و مەدرەسا قوبا چ خطە هەنە کو محافظە لەسەر بکەن و صیانە و ترمیمی وان کەن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیاری سێیەم حساب ناکەین بە پرسیار اعتباری ناکەین بە سێهەم ئیعتیباری دەکەین بە شەرحی پرسیاری کاک موحسن.بەڕێز کاک عەبدولخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بە نسبەت منەوە داوا دەکەم لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ئایا وەختی نەهاتووە چاوێک بخشێنرێ بە

یاسای چاپەمەنییەکان و کە هەندێ کێشە دەبێت لە لایەنی جێبەجێکردنی لە نێوان رۆژنامەی حزبی و رۆژنامەی مستقل ئەو بابەتە بە رای من ئەگەر باشە چارەسەرێکی بۆ بکرێ و، هەروەها مامۆستا زاهیر ئیشارەتی کرد دەربارەی تەلەفزیۆن و ئێزگەکان پێویستە بە زووترین کات پرۆژەیەکی قانونی پێشکەش بکا بۆ ئەو لایەنە رێکی بخەین، بەشێکی پەیوەندیی هەیە هەتا بە بەرژەوەندی ئەمن و ئاسایشی کوردستان. پرسیاری دووەمیشم ئەوەیە ئایا کاتی نەهاتووە دوای دە ساڵ سەتەلایەتێکی حکومەتی هەرێمی کورستان هەبێ لەگەڵ رێزیشم بۆ هەردوو سەتەلایتەکەی کە هەیە لە کوردستان کە بەم شێوەیەو ئەو شێوەیە تغطییەی باش دەکەن ، جالییەکی کوردی ملیۆنی هەیە لە دەرەوەی وڵات، بە رای من دەنگی ئەو دەسکەوتە گەورەییەی حکومەت و هەرێمی کوردستان و فیدرالییەت بگەیەنێتە گشت جەماوەر شتێکی باشە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک عەبدولخالق زەنگەنە،کاک ئیبراهیم عەبدوالقادر دوغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم عبدالقادر دوغرمچی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیارەکانی من بەڕێز مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی کردی بەڵام من هەندێک تفاصیلی بدەمێ ئەو کتابانەی کە وەزارەتی رۆشنبیری مۆڵەتی دەدا بۆ چاپ کردن ئایا هۆبەکی رەقابە هەیە ئەو کتابانە تەدقیق بکات پێش ئەوەی چاپ بکرێ و، دانەیەکیش لە لای خۆی هەڵبگرێ ئەگەر بەیانی یان دوو بەیانی کتابەکە چاپ کرا جیاوازیی هەبوو لەگەڵ ئەو دانەیەیەی لای خۆی هەیە هەتا بزانرێ، تێبینیەکم هەیە لەسەر تەلەفزیۆنی هەرێم ئایا لیژنە هەیە لە تەلەفزیۆن کە ئەو بەرنامەیەی ئیمرۆ چاپ دەکرێ لەبۆ بەیانی کە عەرض دەکرێ پێش تر تدقیق بکرێ هەندێک جار دەبینین لە تەلەفزیۆن ئەفلامە یان بەرنامەیە بە رێک و پێکی تۆمار نەکرایە یان ئەفلامە نەقل کرایە لە کاتی پێشکەش کردن تووشی مەوقفی موحرج دەبن دەیبڕن دوای ماوەیەک دیسان پێشکەشی دەکەن، لەگەڵ رێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک إبراهیم دوغرمچی، بەڕێز کاک شێخ یحی بەرزنجی، فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

سەرەتا ئومێد دەکەم وەزارەتی رۆشنبیری هەمیشە دەستی کراوە بێ بۆ ئەو خەڵکانەی هاوکاری رۆشنبیری دەکەن و، یەک تێبینی لەسەر راپۆرتەکەی بەڕێزیان ئەوەیە باسی گرێبەستەو دامەزراندنی کرد، دیارە گرێبەستەکان کاتییە وتایبەتە و، تایبەتمەندێتی تیایە، بەڵام لە هەندێ کاتدا ئەو گرێبەستانە دەبنە هۆی کاردانەوەیەکی سلبی بۆ ئەو خەڵکانەی کەوا کارئەکەن و

دامـەزراون، ڕەنگە گـرێبەسـتـەكـان ئەركی زیاتریش بخـەنە سـەر حكومـەتی هەرێم، بۆچی دایاننامـەزرێنن لە كـاتێكدا ڕەنگە قـابلیـاتی دامـەزراندیان هەبێ دایمەزرێن ڕەنگە باشـتـرە یان خەڵكانێكی تر دایمەزرێنن كە لەو مـسـتـەوایە ئەتوانن ئیشـەكە بكەن. پرسـیـارێكی تر دەربارەی ئەوەیە هەر لەناو ڕاپۆرتەكـە هاتبـوو كـە چەند بڵاوكـراوەیەك داخـراون یان بلـێین لەكـاركـردن راوەستاون ئێستا دەرناكرێن وەستێنراون هۆیەكانیـان چین؟ چ پێوەرێك هەبوو بۆ وەستانی ئەو گۆڤارانە یان ئەو ڕۆژنامـانە بۆ وەسـتـاندنیان لە كارەكـانیـان چەند كرێكار و كارمـەند هەبوو لەو دەزگایانە ئایا ئەوانە چیان بەسەر هاتوو مـافـەكانیـان پارێزراوە یان نا؟ ئومێدەوارم پێشبخرێن و بگەڕێنەوە بۆ بڵاوكردنەوە و، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

زۆر سـوپاس بۆ بەڕێز كـاك شـێخ یحیی،پێش ئەوەی كـاك شـمـائل پرسـیـارەكـەی بكا، ئێـمـە پیـرۆزبـایی گـەرمی لیـدەكـەین بە بۆنەی لە دایك بوونی حـەزرەتی مـسـیح هەروەها لـە برا ئاشوورییەكانی ترمان، هیواداربن ئەم بۆنەیە ببێتە مایەی خۆشی و ئاشتی و تەبایی و برایەتی لە نێوان هەموو چینەكانی گەلی كوردستان، بەڕێز كاك شمایل ننو، فەرموو.

**بـەڕێـز شـــــــــایـل نـنـۆ بـنـیـــــامـین:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

هەرچەندە بابەتی ئیمرۆی ئێمە رۆشنبیرییە ئێمە دەزانین جێگایەكی تایبەت لەو مەوزوعە هەیە، بەلام بە داخەوە موداخەلەی من بە عەرەبییە، چونكە ناتوانم ئەو شتە بە كوردی بڵێم(في البداية شكراً للسيد رئيس البرلمان للتهنئة بمناسبة أعياد الميلاد وبالمناسبة أيضاً ممكن بعض اخواننا ما هنأناهم بمناسبة عيد الفطر المبارك فرصة ننتهزها حتى نهنئ الاخوة والزملاء في البرلمان ومن خلالهم أيضاً الى كافة أشقائنا الاعزاء في كوردستان وفي العراق وفي العالم الاسلامي أيضاً. حقيقة برأيي وزارة الثقافة أو الثقافة ككل شأنٌ هام إذا ما نظرنا الى الظروف الذاتية الخاصة بالذات بمجتمعنا الكوردستاني حقيقةً.أنا برأي أي دعم يقدم الى هذه الوزارة أعتبر قليل على طريق النمو بهذا المجتمع وبناء البنية التحتية له أنا بتصوري أعتقد الجانب الاهم الذي ينتقص المجتمع الكورستاني هو البنية التحتية الاجتماعية الثقافية التي تضررت نتيجة الاظطهادات المستمرة، أنا أعتبر هذا الجانب أولى من الاهتمامات العسكرية والاهتمامات الاخرى، في الاونة الاخيرة تم إيقاف بعض المطبوعات ويظهر أن للوزارة أسبابها ولكن اعتقد ما كان يفترض أن يشمل ذلك جريدة هريم بالاخص لا على عكس أنا بتصوري أنه جريدة هريم يجب أن تدعم وتطورلترتقي لأن تكون الناطقة الرسمية بأسم الحكومة، الشيء الثاني مديرية الثقافة الآشورية لكي تحقق أهدافها التخصصية كثقافة ولكي تحقق أهدافها السياسية من حيث أنها

تعكس مفهوم الشراكة التعدديةوالتعددية في كوردستان والتعامل مع حقوق القوميات الاخرى في الاقليم بتصوري يفترض أن يتم التعامل مع هذه المديرية على اساس إنها وزارة صغيرة لأنها تتعامل مع ثقافة الشعب. برأيي إذا نريد أن نحقق هذا الشئ فيفترض أن تدعم هذه المديرية بشكل خاص يوضع هذا الجانب الذي أشرت له هذه الخصوصية السياسية القومية تضع في نظر الاعتبار وتكون هذه المديرية دعمها يختلف عن احتمالية مديريات الاخرى لا أقصد القومية وإنما أقصد التخصصية الاخرى، مثلاً من الممكن التفكير بتحويلها الى المديرية العامة أو على الاقل التعامل مع مدير هذه الثقافة خارج السياقات أن يكون مرتبط مع مكتب الوزير جناب الوزير من خلال المدير مديرية الثقافة العامة أن يكون ارتباط مباشر بين المديرية والسيد الوزير، برأيي حتى تحقق هذا المفهوم العناية بالخصوصية القومية يفترض أن ترتبط بها المؤسسات الثقافية والرياضية الآشورية الكلدانية الموجودة في الاقليم تكون مرتبطة بها، وهذا الجانب حقيقة أنا ما أريد أدخل ضمن تسميات البعض يبرر جانب التسميات للتهرب من بعض الجوانب القانونية هذا شأن داخلي وموضوع طويل ماأريد أن أخوض فيه الآن خصوصاً في مسألة الثقافة، هي الثقافة واحدة سميت آشورية كلدانية سريانية أي شئ يسمى لأن لغة واحدة تراث واحد رموز واحدة لا يمكن وضع حاجز ولو خط في هذا الموضوع، من الجانب القانوني على الاقل هناك في مِلاك الوزارة في هيكل الوزارة هناك مديرية الثقافة الآشورية، قد يجوز بكرة نغيرها إذا كان إختلاف في الاسم هذا لاحقاً يتم من الممكن أن يتفق على تسمية أخرى مركبة أو شئ أخر ولكن الآن يفترض قانونياً أن يأخذ بهذا الشئ الموجود في الوزارة ويفترض أيضاً الجانب السياسي الموجود في قانون البرلمان، حالياً في قانون البرلمان نعتبر دستور الاقليم ليس لدينا حالياً دستورنا هو قانون البرلمان، في قانون البرلمان مثبت بنسبة لقوميتنا الاقلية القومية الآشورية(كلدان، سريان،نساطرة)معنى هذا أين هي هذه مشكلتنا نحن الجانب الآشوري أخذ طابع السياسي أكثر من البقية ولذلك نحن ممتلكيها ولكن ليس لدينا مشكلة التسمية أيضاً، أنا كلداني أنا آشوري أنا سرياني، لكن يفترض التعامل مع هذا الشعب على أساس شعب واحد من خلال قانون البرلمان،أنا على نفس أرض هناك بعض يعترض يقول أنا ما أريد أنا كلداني ما أريد لكن أنا وصلت للبرلمان من خلال أصوات الكلدان ، في زاخو لا يوجد أي نسطوري ٧٠٪ أصوات كانت لنا وزيرنا كلداني في قاعدتنا كلدان في قيادتنا كلدان فنحن بالنسبة لنا نمثل هذا الشعب في هذه المرحلة والى المرحلة اللاحقة نتمنى أن يتم التعامل من منطلق قانوني، قانونياً ومن منطلق مبدأي أنه هذه مشكلة داخلية نتأمل من الاخوة أن لا يتدخل فيها، أي واحد ممكن أن يقول أخي هذا قانون في القانون الآتي (إن شاءالله ) الحركة كانت موجودة أيام جبهة كوردستانية أيام انتخابات

عملت الاشياءالتي عملتها لانه أتى عن طريق النضال أنت ما كنت حاضر مرة أخرى إذا كنت حاضر وتقدر عندها لكل حادث حديث، سؤال ضمن هذا مفهوم أريد أن أسأل أنه هناك بعض المراكز الثقافيةو الرياضية تستلم مساعدات هل هي من وزارة الثقاقة أم من الوزارة المالية أو من رئاسة مجلس الوزراء؟ شكراً جزيلاً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك شمايل، بەڕێز كاك سفر محمد حسین.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری بۆ ئەو ڕاپۆرتەو بۆ ئەو چالاكییانەی كە ئەنجامی داوە دوای ئەوەی پۆستی وەزارەتی وەرگرت زانراوەو پێش چاوە كە وەرزش جوڵەیەكی جیهانی زۆری هەیە هەموو حكومەتەكانی دونیا گرنگییەكی زۆری پێ دەدەن، هەروەها لە هەرێمی ئێمەش دا وەرزش بۆتە جێی عەشق و ئەڤینی دە هەزار گەنج راستە منتخب و أندیە و فرقی كوردستان و، بە تایبەتی تیپی هەولێر و دهۆك زۆر ئەنجامی باشیان هێنایە لە مستوای عیراقیش جێی شارەزایی و سەرفرازییە ڤێ گووتت بینیتن پێش، بەڕاستی هیچ ریكخستنێ باش و تنظیمەكا باش بەپێی پێویست نەهاتۆتە ئەنجام یەك سەركردایەتیمان هەبایە سەرپەرشتی هەموو ئەندیە و فرق و مەراكز و مدیریەت بكات وەكو جەنابی ئاگادارە زۆر پێویستە ئێمە یەك مەركەزمان هەبێت یەك مەرجەعمان هەبێت جا چ ئەنجومەنی ئۆلۆمپی بێت یان ئەنجومەنێكی باڵا بێت یان وەكو وەزیرێكی موختەس وەكو جەنابی گوتی وەكو وەزارەتی تەندروسی وكاروباری كۆمەڵایەتی وەكیل وەزیرێكی تایبەت بۆ وەرزش دابندرێ، دووەم ئەوە دە ساڵە هەرێم ئازادە و تەجروبەمان هەیە كاتی ئەوە هاتووە یاریەكانی لەگەڵ عێراق كەم بكەین هەروەها سوود لە یاریكەرەكانی كوردستان وەربگرین بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێكی بەرز و جێگای ئەوان بگرین هەتا ئێستاش هەردوو تیپی هەولێر و دهۆك نزیكەی چوار پێنج لاعیبی عێراقینە عەرەبن باشتر وایە كە یاریكەری كوردستانی بێنە جێگای وان كاتی ئەوە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەواو كاك سەفەر خۆت حاكمی خۆت بڕیار بدە؟.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

یەك پرسیار ماوە ئەمانە هەموو لەسەر وەرزش بوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

قەناتی تەلەفزیۆنی هەرێم هاتۆتە دانان هەتا ئێستا دهۆک بێبەشن لەم تەلەفزیۆنە هیواداریـن کە ئەو بێبەشیـە بەردەوام نەبێت بەڵکو وابکەین هەموو کوردستـان ئەم کەناڵە وەربگرێت، هەروەها مـەراکزی مـەڵبـەندی ڕۆشنبـیری لە پارێزگـای دهۆک جەنابی وەزیریش ئیشـارەتی پێنەدا وەکـو مەرکەزی ڕۆشنبیری ساڵح یووسفی مەرکەزی ئامێدی هی بەردەڕەش هی لالش، هیواداریـن پتر یارمەتی و هاوکاریان بکات، هەروەها مەکتەباتی ڕۆشنبیری پارێزگای دهۆک، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک حاکم سفر، بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

دوو پرسیـارم هەیە، یەکێکیـان دەربارەی ڕۆشنبیری منداڵان بەڕاستی لەلای هەمووتان ئاشکرایە کە مەسەلەی منداڵ لە کوردستـان تووشی بارێکی زۆر ناهەموار و خراپ بووە و، پێویستـە زیاتر بایەخ بدرێ بە لایەنی ڕۆشنبیـریی منداڵان، نازانم وەزارەت هەتا چ ڕادەیەک نەخشـەی هەیە بۆ پەرەپێدانی بواری ڕۆشنبیریی منداڵان لە ئاییندەدا و،هەتا چ ڕادەیەک نەخشەیان داناوە بۆ ئەوەی کەڵک وەرگرن لە تاقیکرنەوەی گەلان شاندێک بنێرن بۆ تاقیکردنەوە لە دەوروبەر وەیان سوود وەرگرتن لە مامۆستایانی پسپۆڕو شارەزا لە بواری دەروون ناسی و بواری منداڵاندا بۆ ئەوەی پەرە بدەن بەم بوارە ئەوە پرسیـاری یەکەمم بوو. پرسیـاری دووەمیش بێگومـان زۆر بەسـەر هات و داستانی مێژووی رووی داوە لە کوردستاندا هەر لە کۆنەوە هەتا ئێستـا، نازانم وەزارەت هەتا چ ڕادەیەک نەخشـەو پلانی هەیە بۆ ئەوەی ئەو داستـان و بەسەر هاتانە بکاتە دەقێک بمێنێتەوە چ وەکو کتێب بۆ نووسین یان فلیم یان شانۆ کە ئەمانە ببنە سەرچاوە بۆ گەڕانەوە کە سەرچاوەیەکی پاک و پارا و بۆ ئەوەی بۆی بگەڕێینەوە چ خۆمان چ ئەو خەڵکانەی کە دێن بۆ لامان، لەگەڵ ڕێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک سیروان کاکەیی، بەڕێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،

ئد راپۆرتە جـەنابی وەزیرێدا هات کـە هاریکارییێ وان دانەرا یێ کـری ئەوێد کـو ژ خـارجی وەزارەتێ کتێبێ خۆ تألیف کری ئل ڤێرێ سوپاسی پرسیاری جەنابی وەزیری بکەین ئەگەر بشێت لەمـاوەی وان مـانگێت کـە جەنابی وی استـلامێ وەزارەتێ کـری چەند مەبلەغ بۆ ڤی مەبەستێ

هاته سەرف كرن؟ چونكە احتیماله وەكو برادەرمە هەنە لای مە موڕاجەعەش بكەی نە بۆی هاتە سەرف كرن چ بۆی نەهاتنە كرنێ، زۆر مەمنون بین ئەگەر جەنابێ وەزیرێ ئەگەر بۆ ئێمە تەوضیح بكات. پرسیارەكا دی بۆ جەنابی وەزیرێ ئەوە وەكو دانەر مومكنە نەكو ئل كوردستانێ بەلكو ئل دەڤەرێ هەمیێ هەردەم پێ هەژارە یانی ژیانا وی زەحمەتە ئل ڤێرێ من پرسیارا مە بۆ جەنابی وەزیر ئەوە ئایا وەزارەتێ چ پلان هەیە بۆ هاریكارا ڤان تأمینا ژیانا ڤان ژ مەعنوی و مادی و، مادی وەكو تأمینا ژیانێ هەتا ئاڤا كرنا خانی بۆ وان، مەعنوی ڤە كرنا ئان رێكخستنا پێشنگایەت كتابا سنوی ئل هەرێمێ كە دەعمەكا مەعنویە بۆ وان، هەروەسا ئەگەر جەنابێ سەرۆكێ پەرلەمانێ رێكێ بدتە من تێبینیكە من هەی بۆ جەنابی وەزیری ئەو ژ مەد ڤێت فعلەن سوپاسێ جەنابی وێ بكەم جهودێت وەزارەتێ بكەین كە ریباری سەنحاریبی ئل گوندێ خەنیسا ئل دەڤەرا مزوریا ئەڤ اهتمامی دای وەكو منطقەكا ئەسەری ئل كوردستانێ پێ دەولەمەند ئیهتمامێ پێدا ین كەشف كرین هەتا نوكا حكومەتا عێراقێ مومكنە ئەگەر بزڤرین وەزارەتە وان یان مسئوول ڤی تشتی ئەڤ تشتی نەل كتابێت وان نەل دەلیلێت وان سیاحی نەهاتەیە خویا كرن و دیار كرن من ل ڤێرێ سوپاسیا جەنابێ وەزیرێ و وەزارەتێ دەكەم كە زێدەتر خزمەتا جێهێن مێژوویی و شورێنەوارێن مێژوویێ كوردستانێ بێتە كرن و بێنە پاراستن ژ عاملێت تەعریبێ و ژ تەخریبێ و زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك د. رزگار. بەڕێز حلیمە بارزانی، فەرموو.

**بەڕێز حلیمە حسین محمد بارزانی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

وەكو مامۆستا حەسەن باسی كرد پەخشی تەلەفزیۆنی ناگاتە لای كەركوك و موسڵ دەرەوەی هەرێم، ئێمەش هەندێک ناوچەی شاخاویمان هەیە ئەو ناوچانەش تەلەفزیۆنیان ناگاتێ حەزمان كرد(محطەی تقویە) پێیان هەبوایە وەكو ناوچەی بارزان لە پیران داتان نابایە ئەو ناوچانانە تەلەفزیۆنیان وەردەگرت. پرسیاری دووەم بنكەیەكی رۆشنبیری لەوێ نییە باسیان كرد ووتیان بنكەی رۆشنبیریمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز حلیمە خان.بەمە كۆتایی دێت بە پرسیارەكان، بەڕێزان لەبەر ئەوەی ئەو كاتەی دامانناوە هەتا سەعات یەک بوو سەعاتێكمان كەمتر ماوە وا تصور ئەكەین لەم ماوە كەمە پرسیارەكان حەقی خۆیان پێ نادرێ بۆ وەڵامدانەوەكە دەبێ زۆر كورت وەڵام بداتەوە و، ناتوانی زۆر تەفصیلی پێبدا جەنابی وەزیر هەروەها بۆ ئەوەی مەجال بدەین بۆ ئەوەی تەعقیبیش بكرێ و،

جارێکی دیکەش وەزیر قسەی تیا بکات بۆیە دانیشتنەکەمان دوا ئەخەین بۆ سبەینێ سەعات( ١٠ ) لێرەدا سوپاستان ئەکەین جارێکی تر بەخێر بێن.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٩)**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٥/١٢/٢٠٠١

خولی دووەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٩)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٢٥

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٢٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە بیست و نۆ)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە بیست و نۆ)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٢٥ دا بەم شێوەیە بێت:***

١ـ بەردەوام بوون لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لەلایەن ڕێزدار وەزیری ڕۆشنبیری بەڕێز کاک مەحمود محەمەد مەحمود.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

((بسم الله الرحمن الرحیم))

بەناوی خوای گەورە، بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە(٢٩)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لەلایەن ڕێزدار وەزیری ڕۆشنبیری بەڕێز کاک مەحمود محەمەد مەحموود، جەنابی با بفەرمووێتە سەر سەکۆی سەرۆکایەتی. دوێنێ ٢٣ ئەندامی بەڕێزی ئەنجومەنی نیشتمانی پرسیاریان ئاراستەی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری کرد، لەبەر کورتی ماوەکە وەڵامدانەوەکەمان خستە ئەمڕۆ، ئەگەر وەزیری ڕۆشنبیری ئامادەیە با بفەرمووێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

**بەڕێز محمود محمد محمود:**

بەیانیتان باش، پرسیاری بەڕێز کاک ڕەجەب شەعبان لەسەر بڕیاری کۆنفراسی ڕۆشنبیری ساڵی ١٩٩٩، پرسیاری یەکەمی ئایا چی لێ جێ بەجێ کراوە یان بۆ جێ بەجێ نەکراوە؟

لە کۆنفراسەکە کۆمەڵێک خاڵی تێدا گفتوگۆ کرا بوو و، یەک لەو خاڵانە ئەوە بوو کە چۆنیەتی

پەیوەندی وەزارەت و، بنکە رۆشنبیریەکان و، چۆنیەتی یارمەتی دەرەکان روون بکرێتەوە، لە یەکێ لە خاڵەکاندا هاتووە ئەو بەرنامانەی کە سەنتەرەکان هەیانە بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری کارو چالاکییەکانی خۆیان بدەنە وەزارەتی رۆشنبیری لەسەر ئەساسی ئەم کارو چالاکییانە و هەڵسەنگاندنی وەزارەت بۆ ئەوەی تەحدیدی ئەو مەبلەغەی کە دەکرێت یارمەتی بدرێت، دیارە لە هەموو ئەوانەی کە باس کراون دوو سەنتەر تەقدیمی کارو چالاکییەکانی خۆیان بۆ وەزارەتی رۆشنبیری کردووە ئەوی تر هیچی نەکردووە، لەسەر ئەو ئەساسە ئەو پەیوەندیە، خودی سەنتەرەکان ئیلتیزامیان پێ نەکردووە و، ئەوەش دەگەرێتەوە بە حەقیقەت بۆ زیادی دروست بوونی سەنتەرەکان، زۆر لە سەنتەرەکان دروست بوون، بەلام وەکو پێویست دروست نەبوون، ئەوەش یەکێکە لە کێشەکانی کە ئێستا لەبەر دەستمان دایە و، باسیشمان کردووە لەناو راپۆرتەکەشدا هاتبوو کە ئیجازە دانی ئەو سەنتەرانە لە یاسای جەمعییات جیا بکرێتەوە و، بدرێتە دەست وەزارەتی رۆشنبیری، چونکە خوسوسیاتی سەنتەرەکان چاکتر وەزارەتی رۆشنبیری دەتوانێت تەشخیسی بکات، بەلام بەپێی یاسای جەمعییات ژمارە ١٨چەند کەسێک کە کۆبوونەوە وەزارەتی ناوخۆ دەبێت ئیجازەیان بدات، ئەگەر هیچ مەحزەرێکی ئەمنی یان هەندێک مەسائیلی تر نەبێت، بەلام ئایا لە فلان مەنتیقە پێویستە سەنتەری رۆشنبیری هەبێت یان نەبێت؟ بە حەقیقەت ئەوان ئەو ئالیەتەیان نیە تەشخیس بکەن و، لەوانەیە نەتوانن وەکو پێویست زەروورەتی بوونی سەنتەرێکی رۆشنبیری یان چەند سەنتەرێکی رۆشنبیری لە شوێنێدا تەشخیس بکەن، بۆیە جێ بەجێ نەکردنی ئەم خالایان دەکەوێتەوە ئەستۆی خودی سەنتەرەکان کە نەکراوە.

پرسیاری دووەم نوێنەری راگەیاندن لەشارەکان نیە تەنیا لە دهۆک هەمانە.

ئەوەش یەکێکە لە کێشەکانی کە ئێمە باسمان کردووە لەشارەکان بینایەمان نیە بینایەکانمان لە دەست شوێنی ترە، هەتا تەشکیلەی وەزارەت بە شکلێکە تەنیا مەراکیزی لە مەرکەزی موحافەزات زیاد هەیە، ئەوی تر کە دەچێتە قەزاکان زۆر بچووک دەبنەوە و، بۆ راگەیاندن، راگەیاندن تەنیا لە مەرکەزی هەردوو موحافەزە نوێنەری هەیە لە شوێنەکانی تر نیییەتی کە ئەوە نەقسێکە بە حەقیقەت، نەقسێکە لە هەیکەلی وەزارەتدا هەیە بەگشتی، چونکە هەیکەلی وەزارەت کە دامەزراوە لەسەر ئەساسی ئەمانە عامەی ئەقافەی کۆن دامەزراوەتەوە، بۆیەش لە راپۆرتەکە ئەگەر تێبینیتان کردبێت، ئێمە گومان لەوانەیە ئەو دامەزراندنەی پێشوو و، ئەو یاسایەی کە بۆی دەرچووە بۆ دە ساڵەی پێشوو باش بوو بێت، بەلام بەپێی ئەو گۆران و ئاڵوگۆریانەی کە بووە، لەوانەیە زەروورەت وا بێت کە هەندێک پێداچوونەوە بە هەیکەلی وەزارەتدا بکەین، یەک لەوانە ئەوەیە کە ئێمە لە قەزاکان و، هەتا لە ناحیەکان مەرکەزی رۆشنبیری، مەرکەزی وەرزشی و، مەراکیزی ترمان هەبێت و، مەکتەبات کە لەمەودوا دەبەسترێتەوە پێمان، ئەوانیش بۆ ئیدارە کردنیان، بەس لە دهۆک هەمانە.

پرسیاری بەڕێز کاک حەسەن ساڵح، سەبارەت بە تەلەفزیۆنی هەرێم کە ناگاتە ناوچە ئازاد نەکراوەکان؟.

من بە کاک حەسەن ساڵح دەڵێم نەک ناوچە ئازاد نەکراوەکان، ناگاتە ناوچە ئازاد کراوەکانیش، شەقلاوە، سۆران، دهۆک و، تەلەفزیۆنی هەرێم دەتوانین بڵێین تایبەتە بە هەولێر و بەس من لەناو راپۆرتەکەش ئیشارەم بەوە کرد کە دەبێت لەوە رزگاری بکەین و، ببێتە تەلەفزیۆنێکی سەرانسەری هەرێمی کوردستان کە هەموو خەڵکی کوردستان ببیبن و، ئیستیفادەی لێ بکەن و، چالاکی و کارەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەیێنێتە هەموو شوێنەکانی کوردستان و، باسیشم لەوە کرد، لە دوایشدا پرسیاری تر هەیە لەوەی کە ئێمە بەرنامەمان هەیە بۆ دامەزراندنی تەلەفزیۆنێکی سەرانسەری و، پرۆژەمان ئامادە کردووە، بەڵام بە حەقیقەت کێشەمان بوونی ئەجهیزە و هێنانی ئەجهیزەکانە لە هەرێمدا هیچی ئەوانە دەست ناکەوێت لە عێراقیش ئەوە دەست ناکەوێت دەبێت لە شوێنی تر بێنین، ئەو شوێنانەی تریش وا بە ئاسانی بە دەستمان ناگات بەتایبەتی ئەو جیهازە گەورانەی کە هەیە.

بەڕێز کاک موحسن ساڵح دوو پرسیاری هەبوو، پرسیاری یەکەم بایەخ بە شوێنەوارەکان نەدراوە بەتایبەتی باسی دهۆکی کرد.

من ئامارێکم هەیە لەسەر ئەو بایەخەی کە دراوە بە شوێنەوارەکان. بەتایبەتی باسی دهۆک و ئامێدی کرد، چاک کردنەوەی دەرگای ئامێدی کە کاتی خۆی ئەنجام دراوە ٢٧١هەزار دیناری بۆ داوا کرا بوو و، ئەمرێکی ئیداری لەوێ کراوە، سیپانەی مەرقەدی شێخ عەبدولعەزیزگەیلانی لە ئاکرێ کراوە، سیپانە و تەنزیمی مەوقیعی ئەسەری لە خەنەس دیسان کراوە، ئەوەی خەنەس دوو جار سیپانەی بۆ کراوە نەک جارێک، دامەزراندنی کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک هەم شوێنەوارەکە دامەزراوە و هەم کتێبی بۆ کراوە، هەڵکۆڵین لە سەنحاریب هەر لەسەر ئەساسی شوێنەوار کراوە، کردنەوەی پێشانگای ئاسەوار مۆزەخانەی دهۆک بەبۆنەی یادەکانی بارزانیی نەمر و جەژنی نەورۆز لەوێ کراوە، یەعنی کۆمەڵێک چالاکی و ئیشی ئاساری لەوێ کراوە، جگە لە سەرپەرشتی کردنی چاک کردنەوەی مەقبەرەی سوڵتانییە لە ئامێدی و، هەڵکۆڵین لە گوندی کەلاتێ کە هەر یەک چاک کردنەوەی مەقبەرەکەی سوڵتانییە لە ئامێدی ٧١هەزار دیناری بۆ دابین کرا بوو، ئەوەی هەڵکۆڵینیش ٥٤٠٠ دینار مەسرەفی هەڵکۆڵینی گوندی کەلاتێ بووە، یەعنی کۆمەڵێک پرۆژە هەبوون لەو مەنتیقانە نەک نەبووە، بەڵام بە تەئکید شوێنەوار گرنگی زیاتری دەوێت و، من لێرەش بە خوشک و برایانی بەڕێز دەڵێم کە کێشەیەکمان لە شوێنەوار هەیە، کەمی شارەزا لە بواری شوێنەوار لە هەموو بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گشتیدا ئێمە دوو کەسمان هەیە کە موختەس بێت لە بابەتی شوێنەوار یەکیان لە هەولێر و، ئەویتریان لە دهۆک، بە خۆشتان دەزانن ئەمە مەوزوعێکە مەوزوعێکی زۆر شارەزایی دەوێت، بە علمییانە دەبێت بچینە ناوی و هەر هەڵکۆڵین نیە، هەتا ئەگەر هەڵکۆڵینیش بێت کرێکاری تایبەتی دەوێت بۆ ئەو مەبەستانە و،

ئێمەش ئەجهیزەی پێویستمان نیە، جگە لەوەش تاقیگەی زانستی لە کوردستاندا نیە بە حەقیقەت بۆ تاقی کردنەوەی ئەو شتانەی کە پێویستە، ئەمە خیبراتی یەکجار پێویستی دەوێت، لەوانەیە هەندێک جار تەوسییەی وا هاتبێت لە لایەن هەندێ شارەزاوە کە زۆر دەست لە مەسائیلی شوێنەوار نەدەین. چونکە لەوانەیە خراپیان بکەین یان خەساریان بکەین بە حوکمی نەبوونی شارەزای باش و تاقیگەی باش.

پرسیاری کاک ئەحمەد عەلی عومەر باسی لە نەسرەیەکی بەردەوام بۆ بنکە رۆشنبیریەکان کرد کە ئایا ئەوە دەکرێت یان نەء؟

رای وەزارەتیش وایە کە شتێکی دیاری کراو هەبێت بۆ بنکە رۆشنبیریەکان و، ئەم دیاریکراوە بەپێی مانگانە بێت بۆ ئەوەی کە تووشی هەندێک لادان نەبن، چونکە هەندێ بنکەی رۆشنبیری داوای لێ بووردن دەکەم وەکو حاڵەتێکی ناشیرینی لێ هاتووە لە دەرگای هەموو شوێنێک و، هەموو کەسێک دەدەن بۆ پارە کۆکردنەوە کەوا خۆی لە خۆیدا شتێکی خراپە، ئێمە دەبێت دژی بین، چونکە بنکەی رۆشنبیری یەعنی رۆشنبیر کردنی خەڵک و، ئەو مەوزوعە بەلایەکی خراپ دائەشکێتەوە، بەڵام یەک مەسەلەی دارایی لەوانەیە ئەم حاڵەتەی تێدا هەبێت، دووش وەکو گوتم ئایا ئەو هەموو بنکەی کە هەیە زەروورەتە هەبن یان نەء؟ ئەمە بۆتە مانیعێک لەوەی کە بریارێکی کۆتایی بۆ ئەم مەبەستە بدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ساڵانە یارمەتی زۆر لە بنکەکان دەدرێت و، دراویشە لە ساڵی ٢٠٠٠ (١٣١) هەزار دینار سەرف کراوە بۆ بنکە رۆشنبیریەکان لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیریەوە لەسەر میزانیەی خۆی و، لە ساڵی ٢٠٠١ (٢٩٢) هەزار دینار داوا کرا بوو، بەڵام لەو (٢٩٢) هەزار دینارە (١٣٩) هەزار دیناری لێ سەرف کراوە، یەعنی وا نیە کە هیچ نەکرابێت، بەڵام بە تەئکید تەنزیمێکی دەوێت، تەنزیمەکە لە خودی سەنتەرەکانەوە دەست پێ بکات، تاوەکو ئەو تەنزیمەی لەرووی داراییەوە دەبێت بۆ سەنتەرەکان بکەین و، شتێکی باشی لێ دەربچێت.

پرسیاری دووەمی بۆ بڵاو کراوەکان دەرناچن، بەتایبەتی باسی دیجلەشی کرد.

بەحەقیقەت بڵاوکراوەکان دوو هۆ هەبوو کە بۆ دەرنەچوون، یەکێکیان لەو ماوەیە ئاگاتان لێ بوو کە تەقەشوفێک کەوتە دارایی حکومەتەوە و، هەرچی سەلفەی وەزارەتەکان بوو کرایە ٥٠٪ زائیدەن هەرچی منحە هەبوو منحەکان بردران، گۆڤارو رۆژنامەکانی کە لە وەزارەت دەردەچن لەسەر ئەساسی تەمویل دەکرێن بە منحە لەسەر سەلفەش نیە، منحەکان هەمووی بردران، ئێمەش لە حەقیقەتدا بۆ خۆمان نیازی چاک سازیەکمان لەناو گۆڤار و رۆژنامەکان هەبوو، وەکو گوتمان زۆری و بۆری لەوانەیە باش نەبوو بێت و، پێمان باش بوو دەستکاریەکی بکەین و، دەستێک لەناو هیئەتەکاندا بگێرین و، دوو شت لەناو گۆڤارەکانماندا دیاری بکەین، یەک نەهجی هەر گۆڤارێک چیە؟، دوو ئامانج لە دەرچوونی ئەو گۆڤارە یان ئەو بڵاو کراوەیە چیە؟

دیاری کردنی ئامانج و نەهج بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو، بۆیە لەکاتی راوەستانی پارەکان، ئێمەش بە

فورسەتمان زانی بە حەقیقەت و، لیژنەمان دروست کرد لیژنەی هاوبەش لەنێوان وەزارەت و نێوان کۆلیژ بۆ دیراسەت کردن لە هەموو لایەنەکانەوە و، هەوڵماندا کە ئەوە جێ بەجێ بێت، فعلەن لیژنەکان ئیشی باشیان کردووە و، لەوانە دوێنێ حەفتە نامەی وەرزش کەوتە بازار و دەرچوو و، تا چەند رۆژی دیکە هەنگیش دەردەچێت و، ئەوانی تریش هەروا، بەس بەنیسبەت دیجلەوە، دیجلە کێشەیەکی هەیە بە حەقیقەت دیجلە لێرە لە کوردستانی عێراق بەپێی ئەو ڕا پرسەی کە کردوومانە لە دهۆکیش خەڵک نایخوێنێتەوە و، نەخوێندنەوەکەی خەڵکیش لەوەدایە کە ڕانەهاتوون بە پیتی لاتینی شت بخوێنینەوە لە تورکیاو سوریاش ئێمە چەند دەتوانین ئەوانە بگەیەنینە ئەویٚ ئەویش مەعلوم نیە، بەکوێدا دەیگەیینە تورکیا، چۆن دەیگەینی و، چۆن بڵاوی دەکەینەوە، ئەمە زۆر شتێکی روون نیە تاکو ئێستاش، ئێمە دەمانەوێ بەڕاستی ئەگەر دەینێرین ئایا دەگاتە تورکیا؟ ئەگەر بگات نەک ئەو ژمارەیە دوو ئەوەندەش چاپ بکەین لامان مانع نیە، بەڵام ئەگەر نەگاتە شوێنی مەبەست بەس کۆ بکرێتەوە زەرووری نیە بەڕاستی دەربچێت بۆ ئەوە و، کوردستانی عێراقیش بە تەسەوری من ئەگەر بە بادینی شت بڵاو بکەینەوە، حەقە بە پیتی عەرەبی بڵاوی بکەینەوە بۆ ئەوەی خەڵک سوودی لێ وەرگرێت و بیخوێنێتەوە و ئیستیفادەی لێ بکات، جا ئەمەیان مەوزوعێکە لەژێر دیراسەت دایە، بگەیینە قەناعەتێک کە ئەم بڵاوکراوەیە دەگاتە دەستی خوێنەران لە تورکیاو لە سوریا و شوێنەکانی تر بە تەئکید دریغی لێ ناکەین و، دەست بەجێ دەریدەکەینەوە، بەڵام کە ئەوە نەبێت نازانم کۆکردنەوەی بەس لەوەی بە پیتی لاتینی شتێک دەردەکەین وابزانم شتێکی باش نیە و ژمارە زیاد کردنێک هیچ ئەنجامێکی نیە.

پرسیارەکانی کاک شمائیل وابزانم زەرووریە ئێستا وەڵامی بدەینەوە، بە حەقیقەت کاک شمائیل ئەوە مەوزوعێکە لەوانەیە چەند جار برادەران لە حزبەکانی کلدانی و ئاشووری هاتنە لای من لەسەر ئەو مەوزوعە و، باس کراوە، ئێمە لە وەزارەت خۆمان لە قەرەی ئەو مەوزوعە نەداوە کە بڵێین کلدانی و ئاشووری و یان هەوڵێک بدەین لەو بابەتەوە ئەمە وابزنم ئیشی ئێمە وەکو وەزارەتی رۆشنبیری نیە، ئێمە بەپێی یاسایەک، یاسایەک هاتووە لێرە لە پەرلەمان ناوی هاتووە و، راستە بەڕێوەبەرایەتی لە دەستەڵاتی وەزیر داندراوە، بەڵام ئەمەیان بەپێی یاسایەکە تەسبیت کراوە کە بەڕێوەبەرایەتی سەقافەتی ئاشووری و بەڕێوەبەرایەتی سەقافەتی تورکمانی هەبێت، ئێمەش بەپێی ئەوە تەعامولمان لەگەڵ ئەم یاسایە کردووە و، بەڕێوەبەرایەتییەکمان دامەزراندووە، لەوانەیە هەندێک ئیستسنائاتیش زۆر جار لە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەوایەتیەدا بوو بێت، هەڵسوکەوتەکانیش لەوە دایە فەرز بکە ئەگەر کتێب چاپ کردن بۆ نووسەرانی کورد نەکرابێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە بۆ ئەو نووسەرەی یان ئەو شتانەی کە بە ئاشووری بووە بڵاو کرابێتەوە، بۆ نموونە پێنج کتێب کە پێویست بووە بڵاو بکرێتەوە، میزانیەی بۆ دابین کراوەو بڵاو کراوەتەوە، ساغ کردنەوەی ئەوەی کە چ بکرێت و، چۆن تەعامول بکرێت، ئەوە دەکرێت لە زۆر شوێنی ترەوە ئەمە ساغ بکرێتەوە، ئێمە ناتوانین لەناو وەزارەتی رۆشنبیری بڕیاری لەسەر

بدەین لەوەی کە هەیە گەورەتری بکەین یان لەوەی کە هەیە بچووکتری بکەین یان بەو شێوەیەی کە باس کرا ئەم کێشەی کە هەیە، من برادەرانم کە لە دهۆکەوە هاتنە لام لەسەر ئەوەی کە هەیە زۆر نارازی بوون و، تەسەوریان دەکرد ئەمەیان بەس هی حزبێکە، یەعنی سەرۆکی حزبەکە کە هاتە لامەوە ئەوەی باس کردووە کە ئەمە هی حزبێکە، بۆ مادەم ئێمە بۆ ئیستیفادەی لێ نەکەین، هەتا کارمەندێکیشمان نیە، بەڵکو ئەمە هەندێک جار گلەییان لە ئێمە کردووە کە تەعبیر لە سیاسەتی حزبێکی تایبەت دەکات، ئەوەش گوتراوە، بەڵام بەڕاستی ئێمە ناچینە ناو ئەو جوزئیاتەوە، ئێمە وەکو گوتم تەعامول لەگەڵ ئەو یاسایە دەکەین، ئەو یاسایە هاتووە یاسایەکە پیادەی دەکەین و، ئەگەر پێویستی بە هەر شتێک هەیە بۆ ئەوەی کە دەعمی بکەین ئێمە مانعمان نیە لە وەزارەتی رۆشنبیری زۆرمان پێ خۆشە و، بڵاو کراوەیەک هەیە بەناوی(پانیپاڵ) بە حەقیقەت لەوانەیە ئێمە هیچ چاودێریەکمان لەسەر نەبێت، خۆشتان دەزانن وەکو وەزارەت هیچ چاودێرییەکمان لەسەر پانیپاڵ نیە، چی ئەو برادەرانەن ئارەزوویان کردووە بڵاویان کردۆتەوە و، لەسەر ئەم بڵاوکردنەوەیە لەوانەیە گلەییمان بۆ هاتبێت، بەڵام دیسان گوتوومانە خۆتان چارەسەری ئەوە بکەن با ئێمە دەستکاری نەکەین بڵێن ئێوە وەکو وەزارەت دەستکاری دەکەن یان چاودێری دەخەنە سەر شتەکانی ئێمە بڵاو ناکەنەوە، بەڵام لە ناوخۆ برایانی کە با بڵێین کلدانی یان ئاشووری یان ئەوانەی کە مەسیحین گلەییان هەبووە لەسەر ئەم مەوزوعە، جا بۆیە ئەوەیان لە شوێنی تر چارەسەر بکرێت باشترە و، لە لای ئێمە چارەسەر کردنی لەوانەیە زۆر ئاسان نەبێت، دەبێتە (کتابنا وکتابکم) و دەڕوات بۆ شوێنی تر و لەوانەیە ئەنجامەکەی بەو شێوەیە نەبێت.

مەسەلەی رۆژنامەی هەرێمیش، بە حەقیقەت ئێمە رۆژنامەی هەرێممان نیە برادەران دەبێت ئەوەیان تێبینی کرد بێت من گوتم گۆڤارێکمان هەیە دوو هەفتە جارێک دەردەچوو بەناوی هەرێم کە پێشتر کرا بوو (هـ کاف) دوایی گۆڕا، ئەوەی کە لە یاساوە هاتووە بەناوی رۆژنامەی هەرێم هاتووە کە نەبووە تاکو ئەو ماوەیە، لەو ماوەیە ئەو رانەگیراوە، نەبووە تاکو رایبگرین، جا ئەمەیان نەقسە یان جێ بەجێ نەکراوە ئەوە مەوزوعێکی ترە، بەڵام رۆژنامەکە نەبووە، گۆڤار هەبووە گۆڤار جیایە لەگەڵ رۆژنامە، گۆڤارێکی دوو هەفتەییمان هەبووە ئەومان راگرتووە کە ئەویش لە زمنی ئەو راگرتنانەیە کە پێشوو باسم کرد کە هەم مەسەلەی پارەکە هەم مەسەلەی ئەوەی دانانی نەهجێک بۆ ئەوەی لە لاسایی کردنەوە لە شت بێینە دەرێ بەڕاستی، هەرێم لاسایی فلان گۆڤار نەکاتەوە، یان کاروان لاسایی فلان گۆڤار نەکاتەوە، نەهجێک و، ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت، بۆیە ئەویش لەگەڵ ئەوان بووە.

فعلەن هەندێک لەبنکەکان و، یان هەتا یانەکانی وەرزشی منحەیان وەرگرتووە لە هەندێک شوێن، بەڵام لە ئێمە نەء، بەتایبەتی ئەوانەی وەرزشی لە ساڵی ١٩٩٨ بەداواوە هیچ منحەیەک بەناوی وەرزش لە وەزارەتی رۆشنبیری سەرف نەکراوە بە حوکمی ئەو نەبوونیەی مەرکەزێکی دیاریکراو بۆ مەوزوعی سەرپەرشتی کردنی یانە وەرزشیەکان، بەڵام یارمەتی بنکەکان دراوە لە کوێ؟ ئەوە

وازیحە، جا لە مەراکزی حزبی بوو بێت، حکومی بوو بێت لە شوێنی تر، بەڵام لای ئێمە نەء، لەوانەیە ئێمەش یارمەتیمان دابن، بەڵام بۆ تەشجیعی بواری وەرزشی ئافرەتان، هەر یانەیەک کە بواری وەرزشی بۆ ئافرەتان رەخساند بێت، ئێمە یارمەتی ئەوەمان داوە، چەند یانەیەکی تایبەتی هەیە کە هەندێک چالاکی ئافرەتانیان تێدایە، یارمەتی ئەوە دراوە، بەڵام ئەویش لەسەر سولفە ولەسەر ئەو منحانەی خۆمانە نەک بەناوی ئەوانەی کە وەرزشە، ئەویش بەو شێوەیە بووە.
خوشکە زهرا حاجی باسی پردی دەلالی کرد. بە حەقیقەت دوو کەشفمان بۆ پردی دەلال هەیە، یەکیان تایبەتە، وەزارەتی رۆشنبیری کردوویەتی، دوای ئەوە پێمان باش بوو، چونکە لە پارێزگای دهۆکە خودی پارێزگاریش لەو مەوزوعە ئاگادارە، بۆیە کتابێکی رەسمیمان ئاراستەی پارێزگای دهۆک کردووە، پارێزگای دهۆک بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری کەشفێکی تریشیان کردووە، کەشفەکە مەبلەغی هەشت سەدو سی و ئەوەندە هەزار دینارەیە بۆ تەرمیم و، چاک کردنەوی پردی دەلال لە ئەنجومەنی وەزیرانە لەگەڵ موسادەقەی ئەنجومەن بە تەئکید دەست دەکەین بە تەرمیم کردنەوەکەی و، ئاگامان لێ یەتی.
بنکەی وەرزش و لاوانی زاخۆ بە حەقیقەت بۆتە مەوزوعێک و، فعلەن وەزعی خراپە، بەڵام وەزع خراپیەکەی دوو سێ شتە، یەک تەعاون نەکردنی دەسەڵات لەوێ لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری ئەم بنکەیە لەوانەیە یاریگایەکی لەوێ هەبێت یاریگایەکە دەستی بەسەرداگیراوە، دوو ساڵە کێشە هەیە لەنێوان وەزارەتی رۆشنبیری و لەنێوان هەندێک خەڵک لەوێ کار گەیشتە ئەوەی کە دادگاو دادگاکاریش بێتە ناو مەوزوعەکانەوە، بەڵام وەزارەتی رۆشنبیری کەشفێکی بۆ کردووە و، کەشفەکە وابزانم مەبلەغی ٤٦٩ هەزار دینارە بۆ چاک کردنەوەی ئەوێ، بەڵام تاکو ئێستا پارەکە تەئمین نەکراوە بۆ چاک کردنەوەی ئینشاءالله لەگەڵ تەئمین بوونی پارەکە دەست دەکەین بە چاک کردنەوەی. کۆمەڵێک پرۆژە هەیە کە هەموومان داوەتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی موسادەقەی لەسەر بکرێت و پارەکەی و میزانیەکەی بۆ تەئمین بکرێت، یەک لەوانە ئەوەی زاخۆیە ، ئینشاءالله ئەویش دەکرێت.
کاک نادر محمد بۆچی وەزارەتی رۆشنبیری پەیڕەوی ناوخۆی نیە؟
بە حەقیقەت پەیڕەوی ناوخۆ ئامادە کراوە و پێشکەش کراوە بە نووسراوێک دراوتە ئەنجومەنی وەزیران و، پەیڕەوەکە لای من ئێستا هەیە، بەڵام هەر بۆ زانینت هیچ وەزارەتێک لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا پەیڕەوی دیاری کراوی نیە، بەڵام پرۆژەی ئێمە بۆ پەیڕەوەکەمان وازیحە داومانەتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی موسادەقەی لەسەر بکات، بەڵام تاکو ئێستا نەکراوە، ئەمە نەسی پرۆژەکەیە، ئێمە داومانەتە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام بە تەئکید تەعلیمات هەیە بۆ هەندێک ئیش وکار لەبواری راگەیاندن، لەبواری سەحافەش تەعلیماتی تایبەتی هەیە کە وەزیر دەری دەکات ئەو تەعلیماتە وەکو نیزامێکە بۆ بەڕێوە چوونی ئیشوکارەکانی ئەو مەجالانەی کە پێویستە.

خوشکه فوزیه کتێبخانەی گشتی هەرێم چی بۆ کراوە.
فعلەن یەک لە کارەکانی کە دەبوایە ئەنجام درابایە، کتێبخانەی نیشتمانی مەبەستیەتی نەک گشتی، کتێبخانەی گشتیمان هەیە، بەڵام کتێبخانەی نیشتمانیمان نیە، کتێبخانەی نیشتمانی ئێستا لەژێر دیراسەت دایە بە ئەمرێک لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی نوێنەری زانکۆی سەلاحەدین و، نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیری و، نوێنەری پارێزگا و، نوێنەری شارەوانی دوو قۆناغی بریوە، یەک داوای زەویەک کراوە کە شوێنی بۆ تەرخان بکرێت و، رووبەرەکەی دیاری کراوە، دوو تەحدیدی کولفەکەی، چونکە شوێنیش مەوقەعەکەی زۆر گرنگە بەنیسبەت کتێبخانەی نیشتمانیەوە هەوڵی بۆ دەدرێت، ئێستا لە حاڵی حازردا لە دیراسەت کردندایە بۆ ئەوەی کە تەنفیز بکرێت، وابزانم شارەوانیش دوو شوێنیان بۆ دابین کردوون کە لەو دوو شوێنانە یەکێکیان هەڵبژێردرێن بۆ ئەوەی کە کتێبخانەی نیشتمانی لەوێ دروست بکرێت.
پرسیاری تری دەڵێت چ هەنگاوێک نراوە بۆ دابەش کردن. بەحەقیقەت ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە ئێمە هەمانە لە چاپخانەدا دابەش کردنی گشتی نیە بۆ کوردستان، چونکە بەخۆت دەزانی بڵاوکراوەکان زۆربەی هەرە زۆری هی ئەحزابە، ئەحزابیش بڵاوکراوەکانی خۆی نادات بە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە تاوەکو بڵاوی بکاتەوە، بەڵکو ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە لە دابەش کردن و ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی بۆ پێکهاتووە بڵاوکراوەکانی خودی وەزارەتە و، ئەویش دەکرێت ئێستا بڵاوکردنەوەکە، بەڵام هەر دەبێت بدرێتە کتێبخانەکان بۆ فرۆشتن، چونکە ئێمە شوێنی فرۆشتنی بڵاوکراوەکانمان نیە، وابزانم بیریشمان لەوە نەکردۆتەوە کە شوێنی فرۆشتن هەبێت، چونکە لەوانەیە لای ئێمە ئەوە بەباش نەزاندرا بێت، بەڵام ئەو بەڕێوەبەرایەتیە هەرچی بڵاوکراوەی وەزارەت هەیە بە گۆڤار و بڵاوکراوەکانەوە و، کتێبەکانیش ئەو لێی بەرپرسە بۆ ئەوەی لەگەڵ کتێبخانەکان ئیتیفاق بکات و، بڵاو بکرێنەوە، هەر چەند پرسیارێکی تریشی هەبوو بۆ پارێزگای کەرکوک، بەڕێوەبەرایەتی کەرکوک دانەمەزراوە، بە حەقیقەت نازانم بۆ بڕیاریان نەداوە کە دابمەزرێت، بەڵام ئەوەی سلێمانیش هەمانە کە فەعال نیە بە حەقیقەت و، هیچ چالاکیەکی نیە تەنها فەرمانبەری هەیە وەکو فەرمانبەران، بەرپرسیشی هەیە و، بەڵام فەعال نیە بە حوکمی ئەوەی کە بنکەی رۆشنبیری دەبێت لە شوێنی خۆی مەوجود بێت بتوانێت دەوری خۆی ببینێت، ئەوەی هەولێر و دهۆک فەعالن، بەڵام ئەوەی سلێمانی فەعال نیە.
کاک جەمیل سندی باسی مەرکەز شەباب و تەلائیع دەکات کە ئیهمال کراون کەی بینایەکان وەردەگرنەوە.
بە حەقیقەت ئەوە مەوزوعێکە لەبەر دەست دایە و، زۆر موکاتەباتی لەسەر کراوە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و لیژنەیەکیش بۆ ئەو مەبەستە پێکهاتووە و، نوێنەری ئێمەشی تێدایە، فعلەن ئێمە زۆربەی هەرە زۆری بینایەکانمان لە لایەن دامودەزگاکانی حزبی و، حکومیشەوە نەک هەر هی حزبی دەستی بەسەر دادەگیرێت و ئیستیفادەی لێ دەکات، لە دهۆک بینایەکمان لە

دەست ڕێکخراوە جەماوەریەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، بینایەکمان لە دەست حزبی شیوعی کوردستانە بینایەکمان لە دەست گومرگە و، بینایەکمان لە دەست رادیۆ و تەلەفزیۆنە و، بینایەکمان لە دەست بەشی ئیعلامە، یەعنی هەمووی هەیە لەوانەیە دائیرەکەی خۆمان ئێستا کە لێیەتی داوای کرێی لێ بکەن ئەمە راستییەکەیە و، لە هەولێریش بەهەمان شێوە و، لە شەقلاوە بە هەمان شێوە و، هی سۆرانیش هەتا رادەیەکمان حەل کردووە، بەڵام لە زۆر شوێن کێشەمان ماوە، هەولێریش لەوانەیە ٥٠ ٪ حەل بوو بێت، بەڵام ٥٠ ٪ ماوەتەوە یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوان و، هەندێک لە حزبەکان دیسان لەوێدان و، هەندێک بینایەشمان خودی حکومەت وەکو گوتم ئیستغلالی کردووە بۆ شتی تر. بینایەی زۆرە وەزارەتی رۆشنبیری، بەڵام هەمووی لەبەر دەستی خۆیدا نییە ،ئەمە لیژنیەک پێک هاتووە بەتەمای خوا لەم زووانەدا چونکە زۆربەی ئەو شوێنانەی کە لە ناو بینایەکاندا عەردیان داونەتێ بۆ ئەوەی کە خۆیان بینایە دروست بکەن، جا ئەمە چەند دەکێشێ ماوەیەکی دەوێت، بەڵام بەنیسبەت تەلائیع، ئێمە تەلائیعمان تاکو ئێستا بڕیارمان لەسەر نەداوە هەمان بێت، بۆ لاوان هەیە، بەڵام بۆ تەلائیع تاکو ئیستا نەبووە و، یەکێکە لە مەوزوعەکانی کە ئێستا لە وەزارەتی رۆشنبیری باسی لەسەر دەکرێت و دیراسەی لەسەر دەکرێت، ئایا هەبێت باشە یان نە بێت؟ و، ئیشی لەسەر دەکەین، چونکە پاش منداڵ وەکو مێرمنداڵ، ئایا دەتوانین ئەو شتانە بکەین بە بەچکە شێران یان نا؟.

ئەوەی لە زاخۆ گوایە مەرکەزێکی فۆلکلۆری بەیاسا هەبێت. من لە یاسای وەزارەت شتی وام نەدیت و، پێشتریش بەرچاوم نەکەوت، بە حەقیقەت ئەمڕۆش خوێندنەوەم کرد نییە، شتەک بەناوی ئەوەی یاسایەکە وازیحە هیچ مەرکەزێک بەناوی مەرکەزی فۆلکلۆری لە زاخۆ تەسبیت نەکراوە لەیاسای وەزارەتدا.

خاتوو شەفیقە باسی پرسیارێکی کرد دەڵێ هۆی راگرتنی ئاژانس چیە؟.

بەحەقیقەت ئاژانسی دەنگو باس نەوعی ئیش کردنەکەی بۆ ئەوەی کە خوشک و برایان بزانن وەکو هەموو وەکالاتی ئەنبائی عالەمی دەبوایە هەموو دەنگوباسی ناوەوەی کوردستان لەو ئاژانسە وەربگیرێت، بەڵام بە حوکمی ئەو ئاژاوە بڵاوکراوەیەی لە هۆکارەکانی دیتن و بیستن و خوێندنەوەدا هەیە، یەعنی لە هی رۆژنامە و تەلەفزیۆن رادیۆدا هەیە بەحوکمی ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری هی ئەحزابە، ئەحزابەکان تاکو ئێستا ئیلتزامیان بەوەوە نەکردووە کە دەنگوباسی خۆیان لە ئاژانس وەربگرن، دەمینێتەوە یەک رادیۆی و یەک تەلەفزیۆن ئەویش بە تەئکید پێویستی بە یەک ئاژانس ناکات، دائیرەیەکی بۆ دامەزرێنی ئەو هەموو دەنگوباسەکان دەتوانێت بخوێنێتەوە.

یەک شتی تر هەیە خودی حکومەتیش بەراستی هەر وەزارەتێک دائیرەیەکی ئیعلامی هەیە، بەڕێوەبەرایەتیەکی ئیعلامی خۆی هەیە ئەوانە خەبەر ئامادە دەکەن و، رەوانەی دەکەن بۆ تەلەفزیۆنی هەرێم و رادیۆی هەرێم و، بۆ بڵاوکراوەکانی هەرێم، ئەوی تر لەبەر ئەو هۆیەیە

هەرچەندە زەرووریە و، ئێستا ئەویش یەک لەو دەزگایانەیە کە هەوڵ بدەین ڕێگای بۆ بدۆزینەوە، چۆن ئاژانس فەعال بکەین؟ بەشێوازێکی نوێ و، بەدەزگای باش و، بیکەینە وەکالەتێکی دەنگوباسی کوردستانی کە ئیستفادەی لێ بکرێت، ئەوە پاش تەنزیم کردنی مەسائلی تەلەفزیۆن و رادیۆ و بڵاوکراوەکان بە تەئکید دەکرێت ئەوەشیان تەنزیم بکەین، بەڵام تا ئەوان تەنزیم نەکرێن زۆر ئاسان نییە، ئێمە ئاژانسمان پێ کارا بکرێت.

پرسیاری دووەمی خاتوو شەفیقە ئەوەیە هۆڵ بۆ جل و بەرگی کوردی.

بەحەقیقەت ئێمە بەڕێوەبەرایەتیەکمان لەو بابەتە هەیە کە لەگەڵ کەلتوور دەمج کراوە و، ناوە ناوەش پێشانگا بۆ ئەو بابەتە زەرووریە بکرێتەوە، کە چەند جارێکیش هەوڵی بۆ دراوە بۆ ئەوەی بکرێتەوە. کێشەی بنەڕەتیمان بۆ پێشانگا هیچ هۆڵێکی دیاری کراو نییە بۆ پێشانگا نەک بۆ جل و بەرگ هەتا بۆ تابلۆی هونەرمەندی شێوەکاریشمان نییە ، ئێمە تەنها هۆڵێکمان لە هەولێر هەیە ناوێکیشمان لێ ناوە گەلەری، بەڵام مواسەفاتی گەلەری تێدا نییە، مواسەفاتی گەلەری لە ڕووناکی لە بەرزی لە شوێنەکانی کە تۆ تابلۆی پێ هەڵدەواسی چەند نور تەئسیری لێ دەکات و، چۆن خەڵک پێدا بێ و بڕوات نیمانە، بە حقیقەت لە کوردستان نییە، ئەمە شتێکی تازەیە دەبێت بۆی دروست بکرێت، ئەویش لە بەرنامەی دروستکردن دایە لە دهۆک و هەولێر کە دوو گەلەری بە مواسەفاتی گەلەری بوون، لەوانەیە برادەران لێرەن دەزانن گەلەری دەبێت مواسەفاتی چۆن بێت؟ دروست بکەین هەم لە هەولێر لە قۆناغی یەکەم و، دهۆک لە قۆناغی تر ئەگەر بکرێت لە شارەکانی تریش.

کاک حەمید میران پرسیارێکی کردووە دەڵێ وەرزش ئیحتیراف نییە یان بەرەو ئیحتیراف ناچێت.

بە حەقیقەت دوو بۆچوون هەیە، ئەمەیان مەسەلەی فکریشە تا رادەیەک، ئایا وەکو بیرکردنەوەکی سەرمایەدارانە بیر لە ئیحتراف دەکەینەوە یان وەکو مەسەلەیەکی ئەو خەڵکانەی کە بە بیرکردنەوەی سۆشیالیستانە بیر دەکەنەوە لەوەی کەوا، ئایا وەرزش نابێت ببێتە میهنە؟ هەردووکی لە کوردستاندا ئێستا پاڵپشتی هەیە خەڵک و، ئەوەی کە لە کوردستان دەمێک نییە کە توانیویەتی وەکو خۆی دەیەوێت وەرزش تەنزیم بکات، بەڵام تەئکید ئەو ڕواڵەی ئێستا وەرزشی لەسەر دەڕوات بەرەو ئیحترافە، بەتایبەتی ئەوەی کە یانەکان مەجالی پێدراوە کە یاریکەر لە شوێنەکانی ترەوە بە کرێ بگرن و، بیهێنن چەند باشە و، چەند چاکە، بەڵام لە دنیا ئەمە باوە و، هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاری حکومەت چۆنیەتی زەمینە خۆش کردن بۆ پەروەردەکردنی یاریکەرە لە ناوخۆدا بۆ ئەوەی ببنە بەدیلی ئەوانەی کە لە دەرەوە دەهێندرێن، بۆ ئەوەی ئەمە وەکو ئیستینزافی سەروەتێکی قەومیشە لە ڕووی ئابووریەوە، چونکە تۆ بە مەبلەغێکی پارەی زۆر گرێبەست لەگەڵ ئەو خەڵکە دەبەستی و، پارەی دەدیت ئەو پارەیە دەچێتە دەرەوەی هەرێم، بۆیە ئەمە یان ئیشی ئێمەیە ئیشی ئەو دەزگایە ئەگەر دروست ببێت، ئەو

دەزگـایە دروست ببـێت بۆ سـەرپەرشـتی وەرزش ئەوە ئیـشـی ئەو دەزگـایە و ئیـشـی وەزارەتی ڕۆشنبیـرییە کە بە تەنسـیق لەگەڵ یەکتر زەمینەی پەروەردە کردنی وەرزش کار لە کـوردستـاندا خۆش بکەن لە هەموو بوارەکانەوە نەک بەس لە هی دهۆک بکەین.
مەسەلەی سوود وەرگرتن لە بڕیاری ٩٨٦، فـعلەن ئەوە یەک لە بەرنامـەکانی بڕیاری ئێـمەیە و، زۆریش هەوڵـمان بۆ داوە راستـەوخـۆش لەگـەڵ هەندێک لەوانەی کـە بەرپرسن لە بڕیارەکە قسـە کـراوە و، پرۆژەیەکی تەواویشـمـان ئامادە کـردووە بۆ ئەنجومـەنـی وەزیران بۆ ئەوەی قسـەی تیـادا بکرێت، هەتا ڕێگای ئەوەش کـە لەگـەڵ هەندێک وەزارەت تەنیـسـق بکەین لە پەنای ئەو وەزارەتانـەشەوە هەندێک شـتـمـان بۆ بکرێت، ئەوەشـمـان لەبەر دەست دایە، یەعنی لە هەمـوو کەناڵەکان خەریکی ئەوەین ئیستیفادە لە بڕیاری ٩٨٦بکەین لە بواری وەرزش، لەبواری منداڵان، بواری هونەر و ڕۆشنبیری، زۆر جار بە بەرپرسی بڕیاری ٩٨٦ مان گوتووە کورد ئەگەر پێویستی بە نان و ئـاو و خـۆراک هەیە، بە تەئکیـد پێـویسـتیٰ بە هەندێک خـۆراکی روحیـش هەیە، لەوانە مەسائیلی ڕۆشنبیری و، مەسائیلی وەرزشیە کە پێویستە دابین بکرێت.
پرسیارێکی تریش هەبوو ئەویش ئەو شوێنە وەرزشیانەی کە بۆ نۆژەن ناکرێن؟
وەکو باسم کرد، بە حەقیقەت پرۆژەیەکی تەواومان هەیە لەسەر نۆژەن کردنەوەکان و، ئینشاءالله لەگەڵ دابین کردنی ئیمکاناتی دارایی دەستیان پێ دەکەین.
مەسەلەی تارتان بۆ داپۆشتنی ساحەکان، ساحەکانی هۆڵەکان شتێکی باشە، بەس تارتان ئێستا زۆر باش نیە، چونکە لە ساحەی مەکشوفدا یەک زوو بە هەتاو خراپ دەبێت و دوو بە سەرماش تێک دەچێت، چونکە مـەوادی کیمیاوی لە کاتێک کە یاریکەر بەر دەبێتەوە یەک شوێنی بریندار دەبێت لەگەڵ تارتان کە تێکەڵاو ببێت موزاعەفاتی لێ پەیدا دەبێ، ئێستا عالەمیەن لە ساحەی مەکشوفدا کەمتر بەکاری دەهێنن و، مەقبوڵ نییە، بەڵام بۆ ساحەی هۆڵـی داخراو شتێکی باشە، ئەوی تر ئەوەیە بەراستی تارتان زۆر گرانە و، لە کوردستانیش دەست ناکەوێت ئێمە دوو هۆڵـمان هەیە کە موشکلەمان لەو بارەیەوە لەگەڵی هەیە هۆڵی زەرد و، هۆڵێک لە دهۆک کە ئەوەی دهۆک بە کـاشی پلاستـیـک تەعـویز کراوتەوە بەراستی هێنانی ئەمە دەبێت لە دەولەتێک بیهـێنی و، تایبەتیش بێت، چونکە مەسرەفێکی عامی نییە تاجر نایهـێنێ، بلێ ی بیهـێنێ لە بازار هەبێ عـەرزی بکات، دەبێت تایبـەت بیـهێنی، ئەم تایبـەت هینانە زۆر جار کولفەکەی چەند بەرابەر لێ سەرف دەبێت. کاک زاهیر محمد باسی ئەو ئاژاوەی هەبوونی رادیۆ و تەلەفزیۆن و بڵاوکراوەکانی کرد. بە حەقیقـەت ئێمەش باسی دەکەین لەوانەیە برای بەڕێز کاک عەبدولخالقیش جارێک باسی ئەم مـەوزوعـەمـان بە دوو قـۆڵێش کـردووە لەگەڵ ئەوەدا ئێـمەش لەگـەڵی نین، بەڵام سیـاسـەتی وڵاتەکـە و وەزعیـیـەتی وڵاتەکە هەندێ شتی فـەرز کـردووە لەوانەیە وەقـتی بوێت تا چارەسـەری بکەیـن، بەڵام بەحـەقـیـقـەت ئەوەی کـە لەسـەر وەزارەتی ڕۆشنبـیـریە کـە هەبوونی پرۆژەی بۆ ئەو مـەوزوعـانە هەبێت، کـە پرۆژەیەکی باشی بۆ تەلەفـزیۆنەکـان ئامـادە کـردووە و، پێـشـکەشی

ئەنجـومـەنی وەزیرانی کـردووە بۆ ئەوەی کـە ئیـشی لەسـەر بکرێت و ، هەوڵ بدرێت کـە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان بەپێی بەرنامەیەک دابمەزرێن و ئیش بکەن و ، سەیتەرەیان لەسەر بێ، بەڵام لەسەر مەسەلەی ڕەقابە نا لە چی بڵاودەکەنەوە لەسەر چۆنیەتی ئیش کردنەکانیان بەراستی و ، چۆنیەتی دانان چونکە ئێستا هەموو حزبەکان رادیۆ و تەلەفزیۆن و بڵاوکراوەکانی خۆیان هەیە و ، ئێمە لە وەزارەتی رۆشنبیـری تەنسیـقـێک دەکـەین بەس بۆ کـەناڵ دانان، دەنا هەتا بۆ دانی مـۆڵەتی رەسمیش بە رادیۆ یان تەلەفزیۆن و شتێک یان بابەتێکمان نییە چونکە قانونی بۆ دەرنەچووە لە پەرلەمان، قانونێکی بۆ دەرنەچێ ئێمە ناتوانین رێگەی لێ بگرین ، بەڵام بۆ بڵاوکراوەکان چونکە قانون دەرچووە ئەمە دەکرێت و ، بەڕاستی تەنزیمێک تا رادەیەکی زۆر کراوە کەم وکوڕی تێدا هەیە ، بەڵام دەکرێ باش بی، بەڵام بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن هیچ قانونێک نییە ، ئێمە مەشروعی خۆمان ئامادەکردووە و ، مەشروعەکە لامانە کە بە چ شێوەیەک ناتوانین تەنزیمی ئیش و کاری رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی کوردستان بکەین.

پرسیاری دووەمی کاک زاهیر لیـژنەی چاپ و یارمەتی دانی کـتێب چاپ کردن کە هەندێ کەم بکرێت و هەندێ زۆر بکرێت. بەڕاستی ئێمە وەکو وەزارەتی رۆشنبیری لەوانەیە ساڵ و نیوێک بێت یان دوو ساڵ بێت، پێنج کتێب کە بە سریانی نوسراون چاپ کراون دوو کـتێبی کوردیشمان چاپ کردووە، کـتێبی تر چاپ نەکـراون لەنێـوان ئەم دوو ساڵەدا و ، ئەویش لەسـەر ئەم ناڕازی بوونە بووە ، کە تەنزیمێک بکرێت، فعلەن ئێستا لەبەر دەستی خوێنەری کورد و ، لە کتێبخانەکانی کـوردستـان چی پێویستە چ مەجالێک پێویستە کـتێبی لەسەر چاپ بکرێ و ، خەڵک سوودی لێ وەربگرێ، ئێستا ئەو لیژنەیەی کە دامان ناوە ئینشاء الله لە ساڵی داهاتوو میزانیەشی بۆ دانراوە و ، سنووری ملیـۆنێک دینار تەرخان کراوە بۆ ئەوەی کە کتێبی پێ چاپ بکەین و ، قۆناغی یەکەم مـەبلەغـێکی باشـیش لەوانە دراوە بە وەزارەت، بەڵام ئێـمـە خـۆمـان ئالیـەتێکمـان دەویست ئەو ئالیـەتە تەشـخیـسی ئەوە بکات چی زەرووریە ، ئێـسـتـا لە بازاڕ هەبێت و ، خـوێنەری کـورد یان کۆمـەڵگەی کوردی چی پێوستە ؟ لە چ مەجالێک کتێب چاپ بکرێت ئەوانە چاپ بکەین، چونکە کتێب چاپ کردن هەر ئەوە نییە کە کتێب چاپ بکرێت چەند خزمەت دەگەیەنێ، چەند خزمەت لە بواری رۆشنبیری دەگەیەنێ، لەم کتێبانە مەبەستمان بەڕاستی ئەوە بووە و ، ئینشـاء الله لە ساڵی داهاتوو بە شێوەیەکی زۆر رێکوپێک و بە چەند شێوەش یارمەتی نوسەرانی کتێب دەدەین، یەک/ کە کولفەکەی ئێمە هەموو تەحەمول دەکەین. دوو/ بەشێک لە کولفەکەی. سێ/هەقی چاپی لێ وەرنەگرین. چوار /دەکرێ ئەوانەی چاپیـان دەکەین بدەینە خـۆی و خۆی بیـفرۆشت و ، ئەوەی تر کـڕینەوەی بەرهەمـەکـانی خـۆیان، ئەگـەر لای ئێـمـەش چاپیـان نەکـردبێت. بەڕاسـتی چوار پێنج رێگـامـان داناوە بۆ چۆنیـەتی سـوود گـەیاندن بە نووسـەرانی کـوردسـتـان و، ئینشـاء الله لە ساڵی(٢٠٠٢)وە و ، دەست پێ دەکەین بەو بەرنامەیەمان و ، لیژنەیەکی پسپۆڕیش بۆ تەشخیس دامان ناوە لیژنەکەش تایبەت نییە ، بەس لەناو وەزارەت، بەڵکو ئیستیعانەمان کردووە، بۆ ئەوەی

لە هەندێ شارەزاو موهتەمی دەرەوەی وزارەت و، بە تایبەتی لە زانکۆ چەند کەسێک ئەندامی لیژنەکە بن شارەزا بن و، ئێستا چیمان پێویستە بۆ ئەوەی چاپ بکرێت.

کاک ئەحمەد سالار پرسیاری ئەوە دەکات، ئایا چی کراوە یان چ نەخشەیەک هەیە بۆ کارە دەست رەنگینیەکان؟ .

بەڕاستی شتەکی ئەوەتۆمان نەکردووە، بەتایبەتی لە کاری دەستی تەنیا کارگەی مافورێک هەبووە، ئەویش دیارە بە پێی بڕیارێک لە وەزارەتی رۆشنبیری وەرگیراوەتەوە، دراوەتەوە وەزارەتی پیشەسازی شتی ترمان نییە، بەڵام هەندێک جار دەعمی ئەو خەڵکە دەست رەنگینە کراوە بەکردنەوەی پیشانگا و، چەند پیشانگایەک بۆ ئەوانە کراوەتەوە یارمەتی دراون، بەڵام خۆمان هیچ شتێکمان هەبوو بێت بۆ ئەوەی ئەو شتە بکەین نەبووە.

پرسیاری دووەمی کاک ئەحمەد سالار ئەوەیە، ئایا بۆ فیستیڤاڵی هونەرە جوانەکان هیچ لەبەر دەستدا هەیە؟.

بەڕاستی ئێمە پێش دوو ساڵ جەنابیشی ئاگاداری لێ بووە، کە دیراسەتمان ئەو کاتە کرد و، لەگەڵ کەناڵێکی حزبی، ئەم دیراسەیە کرا، بۆ ئەوەی کارێکی باش لەو مەجالە بکەین و، بیکەینە فیستیڤاڵی دووەمی هونەر لە کوردستاندا، دیارە هەموو شتەکان ئامادەیە، تەخمینی پارەکەشی کراوە ،وابزانم سنووری دوو ملیۆن دینار تا سێ ملیۆن دینار کولفەی دەوێت و،هەمووی ئامادە کراوە لەبەر دەستدایە، زرووفی سیاسی هەندێ جار تەئسیری هەبووە، چونکە ئێمە ئەگەر فیستیڤاڵەکە بکەین، دەبێت شامل بێت لەناو کوردستان، ئەگەر بکرێت پارچەکانی تری کوردستانیش تێیدا بەشدار بن، لەڕووی سیاسیەوە زەمنەکە یارمەتی دەربێت و،ئیمکاناتی دارایی هەبێت، ئینشاء الله ئێمە زیندووی دەکەینەوە و، لەبەر چاومانە، چونکە زەروورییە بکرێت. لەساڵی حەفتاکان وابزانم لە (١٩٧٣) یەکەم فیستیڤاڵ کراوە دوای ئەوە نەکراوە.

کاک ئەمین مەولود پرسیاری ئەوە دەکات، کە ئایا هیچ پرۆژەیەک هەیە یاخود هیچ تەنسیقێکتان لەگەڵ دەزگای مەجمەعی عیلمی کورد هەیە؟.

بەڕاستی ئێمە وەکو وەزارەتی رۆشنبیری وشە دانانێین، بەڵام ئەو شتانەی کە دەویسترێت چاپ بکرێت لە بواری دانانی وشەی تازە، ئەگەر لای ئێمە چاپ بکرێت، ئێمە دەیگێرینەوە بۆ ئەو مەجمەعە لە دوای ئەوە ئەگەر موافەقەی ئەوێ هات، ئینجا چاپی دەکەین و، دانانی وشە لە مەسئولیەتی ئێمە نییەو، ئیختیساسی ئەو دەزگایەیە، ئەو دەزگایەش فعلەن ئێستا خەریکە ئەو شتانە دەکات و، کارێکی باشیان تا ڕادەیەک کردووە، بەڵام ئەوەی کە لەسەر ئێمەیە، ئێمە لە چاپخانەی خۆمان چاپی دەکەین و، ئەو چاپخانانەی کە ئێجازەی رەسمیان هەیە، ئەوە بگوترێت کە شتێک لەو بابەتە کە بە نوێیی دەکرێت بڵاوبکرێتەوە، وەکو فەرهەنگۆک دەبێت مەجمەعی عیلمی کوردستان ببینێت، ئینجا دوایی بڵاو بکرێتەوە، ئینجا چاپ بکرێت.

مامۆستا مەحمود دێرشەوی دەڵێت سەبارەت بە چاودێری کردن لەسەر چاپی کتێب چیە، مامۆستا

ئێوه خۆتان یاساتان داناوه و، یاسایەکە لەلای من هەیە نوسراوە (لا رقابه علی المطبوعات فی إقلیم کوردستان )، ئێمە هیچ کتێبێک، هیچ بڵاوکراوەیەک، هیچ ڕۆژنامەیەک پێش چاپ کردنی نابینین. کتێب تەنها بۆ یەک ڕەقەمی ئیداع دێتە وەزارەتی ڕۆشنبیری لای موزەفێک ڕەقەمەکە وەردەگرێت، نوسخەیەک لەو نوسخەیەی کە هەیە لەوێ بەجێ دەهێڵێت، کە ڕەقەمەکەی وەرگرت دەچێتە چاپخانە، جا ئەمە لەسەر مەسرەفی حکومەت چاپ بکرێت، یان لەسەر مەسرەفی خۆی، یان حزبێک چاپی بکات، ئەمە کەیفی خۆیەتی چاپ دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر شتی خراپی تێدا هەبوو کە زیانی بۆ بەرژەوەندی قەومی و، سیستەم هەبوو، یان بۆ مەسائیلی دینی یان ئیجتیماعی(قانون عقوبات ) هەیە، ئەوانەی لە ماددەیەکی(قانون صحافه) هاتووە، ئەگەر زەرەرمەند شەخسێک بێت، شەخسەکە خۆی دەتوانێ موراجعەی دادگا بکات و، دەعوا لەسەر ئەو ڕۆژنامەیە و،شەخسی سەرنوسەر یان نوسەری کتێب قەید بکات و، ئەگەر زەرەر بۆ بەرژەوەندی گشتی بوو ئیدعای عام موکەلەفە نەک وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەپێی ئەو یاسایەی کە لێرە دانراوە، ئیدعای عام موکەلەفە لەسەر مەسائیلی گشتی بە وەڵام بێت، ئێمە یەک لە شتەکانی کە هەمانە لەگەڵ برایانی لیژنەی یاسای پەرلەمانیش من شەخسی هاتم دانیشتم باسم لەوە کرد، کێ تەحریکی ئیدعای عام بکات، چونکە هەروەک زانیتان تاکو ئێستا ئیدعای عام یەک دەعواشی قەید نەکردووە، لەسەر ئەو مەوزوعانەی کە هەبووە، لەوانەیە کە کەم وکوڕیشی هەبوو بێت ، بەڵام بەڕاستی تاکو ئێستا ئەگەر کەم وکوڕیش هەبوو بێت زۆر جوزئی و، زۆر کەم بووە، خەڵک تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر ئیلتزامی کردووە و، ڕەقابە بە شتێکی باش نەزانراوە و، لەمەودواش بەڕاستی وبە باش نازانرێت و، ئێمەش وەکو وەزارەتی ڕۆشنبیری لایەنگیری ئەوەین کە ئەو رقابەیە نەبێت و، خەڵک خۆی هەست بە مەسئولیەت بکات، ئەوەی کە دەزانێت زەرەری وڵاتەکەی و گەلەکەی و، مەزهەبی یان دینی، یان مەسائیلی سیاسی بە شێوەیەک هەیە، با بڵاوی نەکاتەوە، خۆی سانسۆری بکات بەوەی کە نایەوێت، با هیچ دەزگایەک نەبێت و، خۆشتان دەزانن زۆر زیانمان لەسەر مەسائیلی ڕەقابەو سانسۆر دیتووە، حەقدێکمان بەرامبەر بە وشەی ڕەقابە هەیە لەناو کوردستاندا، دەبێت بیرکردنەوەکانمان بەڕاستی بیرکردنەوەیەکی دیموکراتیانە بێت، مەسەلەی هێنانی کتێبیش لە شوێنێکی تر کە چاپ دەکرێت، ئەویش یاسای خۆتانە، یاسای پەرلەمانە، دەڵێ نابێت ڕێگا بگیرێت، ئێمە جێ بەجێی دەکەین لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، نابێت ڕێگا بگیرێت لە ڕۆژنامەو، لە کتێب کە لە دەرەوەی هەرێم دێن، تەنها ئەوانەی لە برگەی پێشوو باسم کرد، ئەگەر شتەکی وای تێدا هەبێت، چ ئەوەی ناوەوە و، چ ئەوەی دەرەوە، ئەوی تر نابێت ڕێگای بگیرێت ،ئەمە یاسایەو، ئێمە ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکەین. فلیمی سینەمائی بۆ فلیم، ئێمە مەرکەزێکی ڕەقابەمان نییە، بەڵام هەر بۆ زانینت ئێستا نییە لە کوردستاندا ئەو فلیمانەی کە نیشان دەدرێن هەمووی سکرینە، هەمووی فلیمی ڤیدیۆیە، بە حوکمی ئەو وەزعەی کە هەیە، ناتوانێ خەڵک فلیمی سینەمائی بکڕێت و بێ لێرە عەرزی

بکات، چونکە فلیمی سینەمائی بە ئیستانداردی عالەمی، کرینی گرانە، وەکو فلیمی ڤیدیۆ و سکرینی نییە، کە لێرە هەیە، لێرە هەر فلیمێک ئیش بکات لە سینەما سکرینە، ئەگەر یەکێک سینەمای دیتبێت، لێرە ئەو فلیمەی کە نیشان دەدات فلیمەکە زۆر مغەوەشە بۆ؟ چونکە فلیمی بچووکە، دەبێت بە شاشەیەکی گەورەتر نیشان بدرێت ،بۆیە بە مغەوەشی دەردەچێت. ئێستا لە کوردستاندا وەزارەتی رۆشنبیری خەریکی دەرهێنانی فلیمێکە کە بە ستانداردی عالەمی بە کامێرای (٣٥) دەگیرێت، دەنا تاکو ئێستا فلیمان نەبووە بە کامیرای (٣٥) بگیرێت و، رەقابەیەکمان لەسەری نەبووە، بەلاّم تەعەهودێک لە سینمایەکان وەرگیراوە، بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری هەولێر و دهۆک، ئەگەر هەر فلیمێک نیشان بدەن خیلافی ماددەیەک لە ماددەکانی کە لە هەقی بلاّوکردنەوەدا هاتووە لە(قانونی صحافە) تێیدا هەبێت، مەبلەغێکی دیاری کراو دەبێت جەزا بدات، بۆ ئەوەی خودی خاوەن سینەماکە و، ئەوانەی کە نمایشی دەکەن و موکەلەفن، بۆ ئەوەی نەهێلَن شتی وا نیشان بدات، بەلاّم هەندێ جار لەوانەیە لە هەندێ روانگەوە فلیم هەیە لەگەلّ مەیلی من نەگونجێ، یان لەگەلّ مەیلی فلان نەگونجێ، ئەمە بابەتێکی ترە، لەوانەیە لەگەلّ مەیلی زۆر خەلّک بگونجێ، بەلاّم ئەوەی لێکدراوەتەوە زەرەری بەرژەوەندی گشتی نەبووە، بۆیە هیچ ئیجرائاتێک لە بەرامبەر ئەوانە نەکراوە.

مەسەلەی یاریکەری دەرەوەی هەرێمیش باسم کرد، فعلەن لە(١١) یاریکەری دهۆک، دوانزدە یان سێزدەی عەرەب بێت لە هەولێر، وابزانم ئەوانەی لە دهۆک یاری دەکەن دوویان کوردی خۆمانن لە هەولێریش یەکیان کاتی یاری کردن، ئەگەر مەسەلەی ئیحتیکاکیش بێت، ئیحتیکاکی وەرزشکارانی ئێمە نییە، لەگەلّ شارەکانی تر ئیحتیکاکی خۆیانە لەنێوان خۆیان، بەلاّم وەکو گوتم مەسەلەی یانە، ئەم هەقەیان هەیە کە بەکاریان بێنن، وەزیفەی ئێمە ئەوەیە کە وردە وردە زەمینەی وەرزش و پەروەردەکردن بۆ وەرزشکاران فراوان بکەین و، بەڕێوەبەرایەتییەک بکەینەوە بەناوی(تأهیل)، واتە پەرەوەردەکردن ،بۆ ئەوەی وەرزش کار پەروەردە بکەین، بەلاّم لەگەلّ گۆڕینەکەدایە، ئەگەر موافەقە بکرێت وەکیل وەزیرێک بۆ ئێمە دابنرێت بەناوی وەرزش و، دەعمیش بکرێت وەکو ئەو دەعمەی کە ئێستا راستەوخۆ دەکرێت بۆ یانەکان بدرێتە ئەو وەزارەتە، ئێمە ئەو مەرکەزە دەکەینەوە و، دەیکەینە شوێنێک بۆ پەروەردەکردنی وەرزشکار و، دەیکەینە بەدیل، بۆ ئەوەی لەجیاتی وەرزشکار لەوێ بێنین، لێرە هەبێت وەکو باشترە، ئەوە ئیستنزافی سامانێکی ئابوورییە، لە ولاّتی ئێمە دەکرێت، چونکە هەر یاریگایەک بۆ زانین لە سنووری (١٠٠٠٠٠)عەقدی هەیە بێجگە لە بەخێوکردنی کە لێرە هەیە.

کاک ئیبراهیم سەعید باسی مودەڕەجی دهۆکی کرد، بەڕاستی ئەوە وەزارەتی رۆشنبیری دروستی نەکردووە، ئەمە دروست کراوە و، ئێستا هەیە، ئێمە کێشەیەکمان بە گشتی لەگەلّ یاریگاکان هەیە، دیسان ئەوان خەریکن دیاردەیەکی تر بەخۆیان ببینن، یاریگای هەولێر هیچ پەیوەندیەکی لەگەلّ وەزارەتی رۆشنبیریەوە نییە، هی ئیدارەی مەحللیە و، ئەوەی دهۆکیش وەکو هەولێر هیچ

پەیوەندیەکی بە وەزارەتی رۆشنبیری نییە، چونکە زۆر یاریگا هەیە کە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری نییە، ئەویش دیسان لەو فەوزایەیدا دەخولێتەوە کە شێوێنێک هەبێت باس لە تەنزیمی وەرزش بکات، بەڵام ئیدارەی محەللی هەقی ئەوەی هەبووە کە یاریگا لە زۆر شوێن دابین بکات.
پرسیاری دووەمی کاک ئیبراهیم سەعید کە بینایەی ئاساری دهۆک لەلایەک داگیر بکرێت. بەڵێ، بەڵام خۆشبەختانە ئەو لایەی کە تێیدایە، خەریکی ئەو بینایەیە کە لە نزیک ئەوێ دروستی دەکات، ئومێد دەکەین کە بەم نزیکانە بینایەکەیان تەواو بێت و، بۆمانی چۆڵ بکەن و، ئێمەش بچینەوە شوێنەکەی خۆمان و، ئەوێ بکەینەوە بینایەی ئاساری دهۆک.
کاک عەبدولخالق باسی دووبارە چاوپێخشاندنەوەی کرد لە یاسای چاپکردن(إعاده النظر فی قانون المطبوعات)، باسێکم کرد، بەڕاستی ئێمە ئەو یاسایەی کە هەیە بە یاسایەکی زۆر باشی دەزانین، لەوانەیە کە هەندێ کەم وکووڕی بچوک بچوکی تێدا هەبێت، بەڵام ئەگەر مەبەستی تەنزیم کردنەکە بێت، ئەوا باسمان کرد کە تەنزیمەکە ئەو خەلەلەی تێدا هەیە، کە هەموو (مطبوعات) زۆربەی هەرە زۆری ئێستا حزبیە و، تایبەتی نییە، ئەو لایەنە حزبیانەش هەر کەسێک کە حزبەکە دروست دەکات بە تەئکید دوای وەرگرتنی مۆڵەتی حزبەکەی موراجعەی وزارەتی رۆشنبیری دەکات بۆ وەرگرتنی بلاوکراوەیەک، یان بۆ دانانی تەلەفزیۆنێک، یان بۆ دانانی رادیۆیەک، یاسای (مطبوعات)یش لەدەست ئێوەدایە، ئەگەر گۆڕانی بەسەر دابێنن و، بزانین شتێک لەگەڵ قۆناغی ئێستا دەگونجێ، ئێمە لەوێ جیبەی تەنفیزین و، تەنفیزی دەکەین.
پرسیاری دووەمی سەتەلایتی حکومەتی هەرێمی کودرستان زۆر شتێکی باشە، لەوانەیە باس کرا بێت، بەڵام لە پێش تەلەفزیۆنی سەتەلایت، ئێمە لەگەڵ تەلەفزیۆن و رادیۆی سەرانسەری حکومەتی هەرێمین، کە ئەم پرۆژەیەی بۆ ئامادەکراوە، بەڕاستی پرۆژەیەکی گەورەیە، لە سنووری(١٢ ٠٠٠ ٠٠٠) ملیۆن دینار تەکلیف دەکات، چونکە دەبێت بە چەندین شوێن بینایەو، بە لینگ لە مەرکەزێکی پەخشەوە بدەینە مەرکەزێکی تر بۆ بلاوکردنەوەی و، لە چەند شوێنییێک وەکو کۆڕەک و، ئەگەر بمانەوێ بابلێ لەوانە مەرکەزمان هەبێت، بۆ ئەوەی کە بتوانین پەخشێکی سەرانسەری بەلای کەمەوە بۆ ئەم دوو پارێزگایەی بگەیەنین، بەڵام دیسان گیر وگرفتمان نەبوونی جیهازەکانە لە ناوەوە، چەند جاریش هەوڵ دراوە تەلەفزیۆنی هەرێم چاک بکرێ و، چەند جاریش پارە تەرخان کراوە چاک بکرێ، بەڵام پارەکە گەڕاوەتەوە خەزێنە، چونکە کەس نەبووە ئەو دەزگایەمان بۆ دابین بکات، سێ جار دراوەتە موناقەسە کە خەڵک بێت، یەک کەس هاتووە، بۆ خۆتان دەزانن دەبێت چەند عەرزێک هەبێت، ئینجا تەنفیز مباشریشیان کردووە، بۆ ئەوەی بێ ئەو کەسە نەیتوانیوە لە بەغدا بیهێنێت، ئێستا رێگای تر هەیە لەگەڵ شەریکاتی کە ئێستا لە تورکیا هاتوون، هەندێکیان ئیشی لەو بابەتانە دەکەن نیازی ئەوەمان هەیە، وەکو فرۆشگای مازی، چونکە دەزگاکانی تەهویەی کە بۆ هۆڵەکان دەمانەوێت لەرێگای ئەوانەوە قەرارە بۆمان بێنن، ئەوەش لەو رێگایانەوە دەبێت تەئمینی بکەین و، خۆتان دەزانن ئیشی حکومی هەندێ جار تا

موناقەسەکە نەکرێت پارەکە وابە کاش زۆر زەحمەتە بدرێ بە کەسێک تۆ ئەو دەزگایەمان بۆ بهێنە، ئێنجا هێنان و نەهێنانی چەند لێی ئەمینی کە تۆ ئەو پارەت داوەتە دەستی بۆت بهێنێ، بەراستی چەند گیرو گرفتێک هەیە. بەڵام بۆ سەتەلایت ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە بەراستی دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان سەتەلایتێکی هەبێت و، زەرووریشە.
کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی پرسیاری یەکەمی کتێب چاودێری لەسەر هەیە یان نەء؟
باسم کرد کە کتێب چاودێری لەسەر نیە، ئەمە یاسایە لە پەرلەمان دەرچووە نابێت چاودێری هەبێت لەسەر چاپ و، لەسەر بلاوکردنەوەی چاپکراوەکان لە کوردستاندا، یاسایەکی باشە، فعلەن ئەمە مەسەلەیەکی دیموکراتیی زۆر باشە و، یەک لە مەفاخیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان چەند شتێکە یەک لەوانە یاسای سەحافەیە، کە ئەم چاودێریەی داناوە بۆ چاپکراوەکان.
پرسیاری دووەمی پچڕاندن هەیە لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی هەرێم.
بە حەقیقەت کاک ئیبراهیم ئەمە کێشەیەکە لەسەر مەسەلەی کارەبا، ئێمە مۆلیدات ناکرێ کارەبای بدرێتێ، ئەمە کێشەیەکە بەنسبەت رادیۆ و تەلەفزیۆنیش عەینەن شتە گرفتەکەمان ئەوەیە کە ئێمە لەوانەیە مۆلیدەیەکمان هەبێت کە ئەو مۆلیدە نەکرێت بەهەمیشەیی کاری پێبکەین ئیعتماد کراوەتە سەر کارەبای گشتی کارەبای گشتیش پچڕانی یەک جار زۆری تێدایە لەگەڵ پچڕان مۆلیدەکە پێ دەبێت بەس تا موەلیدە پێدەبێت ئەوپچڕانە هەیە و، سەعاتەکانیش دیاری کراو نییە جاری وا هەیە دەپچڕێت خەلەلە کە دەبێت بۆیە لەمەسەلەی کارەبایە و، خودی دەزگاکەش بەراستی کاک ابراهیم خراپە باش نییە.
کاک شێخ یەحیا پرسیاری یەکەمی باسی ئەوە دەکات دەڵێ بۆچی ئەوانەی کە گرێبەستێ دایان نامەزرێنێ؟ دانامەزرێن کاک شێخ یەحیا مەسەلەکە مەسەلەی پارەیە، گرێ بەست پارەی زیاترە لە کارمەندی هەمیشەیی وێنەگرێک بە ۱۲۰۰ یان ۱۵۰۰ کەمتر ئیشم لەگەڵ ناکات لە تەلەفزیۆن دایبمەزرێنی هەموو موچەکەی ناگاتە ۲۰۰ دینار دەبێتە ۱۵۸، ۱۷۰ دینار بۆیە ئیستسنایەک بۆ وەزارەتی رۆشنبیری کراوە لەم بوارەدا کە گرێ بەستی هەبێت و، ئێمە هەوڵمان داوە وەکو باسم کرد لەناو راپۆرتەکەش زۆرمان دامەزراندوە بەڵام وێنەگر، مۆنیتێر، دەرهێنەر بەراستی ئەوانە بەو مووچانە دانامەزرێن بۆیە مەجبوربوین کە ئەوە بێنین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا رێگەمان دۆزیوەتەوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی تەنسیقمان کردووە کە دامەزراندن هەبێت بەڵام بەناوی هەندێک شتی یاساییەوە ئێمە بتوانین دەست کراوەمان هەبێت بۆ ئەوەی کە پارە زیاتر بدەینە ئەوئیختساسانەی کە پێویستمانن و، رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامەش خۆت دەزانی مەسائیلی ئیعلامین پارەی زیاتر دەوێت لە کارمەندی تر و، ئەوە ئاشکرایە پرسیاری دووەمی هۆی راگرتنەکەم باس کرد ئی بلاوکراوەکان بەڵام باسی مووچەکان دەکات دەڵێ کۆمەڵێ کارمەند هەبوون لەسەر ئەو موچە دەژیان ئێمە ئەوانەی کە لەسەر منحەکە گرێ بەستمان لەگەڵ کردبوون وەیان لەوێ ئیشیان بەبەردەوامی دەکرد ئێمە مووچەکانیان بەبەردەوام دەدەینێ وابزانم مەبلەغی

هەژدە هەزارو کسوور دینارە هی هەموو بڵاوکراوەکان بۆ معاشاتە ئەوە ئەو موچەیە دەدەین تەنهابە ئەوانەی کە بەموکافەئە ئیشیان کردبێت ئەگەر مقالەیەکی نووسیبێت لەبەرامبەر مەقالەکەیدا پارەیەکی وەرگرتبێ ئەوە نا بەڵام ئەوانەی کە هەمیشەیی بوون لە پاش راوەستانەکە ئێمە مووچەیان بەردەوامە بەپێ ی پێشوو کە گرێ بەست، یان ئەوەیان لەگەڵ کرابێت. کاک حاکم سەفەر باسی پرسیارێکی کرد باسی ئەوەی کرد کە مەرکەزێک دیاری بکرێ بۆ سەرپەرشتی وەرزش باسمان کرد بەحەقەت ئەوە یەک لەکێشەکانی ئێمەیە باسمان کردووە و، هەر بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیاری ئەوەمان کردووە کە لەناو راپۆرتەکەشا هەبووە کە وەکیل وەزیرێک دابنرێت تایبەت بەوەرزش بۆ ئەوەی کە سەرپەرشتی بکات بەڵام بەتەئکید ئەوەی کە باسمان کردوە بەس هێنانی وەکیل وەزیرێک نییە ئەوەی کە ئیمکاناتی کە بۆیانەکان هەیە بدرێتە ئەو وەزارەتە و، لەوێوە سەرپەرشتی وەرزش بکرێ ئەو مدیریەتی تأهیلیش بکەینەوە بۆ ئەوەی کە لەهەندێ شتی تریش رزگارمان ببێت. کەناڵی تەلەفزیۆنی هەرێم لە دهۆک مەحرومە باسم کرد نەک لەدهۆک لەدەوروبەری هەولێریش لێتان ناشارمەوە هەندێک گەرەکی ناو هەولێر باش وەرناگرێت نەک ئەوێ ئەوەی کە لەبەردەستمانە بەحەقەت مەشروعێکی گەورەیە کە ئێمە مەرکەزێک لە کۆڕەک بکەینەوە یەک لەبابلۆ وە بەهۆی پەخشێکی بەقوەتی کەدەبێت لە سەد کیلۆ مەتری هەوایی کەمتر نەبێت بیدەینە ئەو شوێنانە بەلینگ و، لەوێوە توزیع بکرێت بۆ ئەو شوێنانە ئەوەش تاکو ئێستا زۆر مەسائیلی ئەمنی و شت هەبوو کەپێمان نەکراوە بەڵام پڕۆژەکە هەیە و، موافەقەشی لەسەر کراوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ماوەتەوە چۆن تەئمینی ئەو ئەجهیزانە بکەین کە ئەم شتانەی پێ تأمین بکەین هەر لەضمنی ئەوەشدا باسی کرد کە گوایە کەمن ناوی هەندێ بنکەی ڕۆشنبیریبیم نەهێناوە وەکو لالش و شەهید صالح یوسفی ئەوانی تر بەهەقەت من ناوی هیچ بنکە ڕۆشنبیریەکم نەهێناوە کە ناوی دهۆک یان هەولێر دێنم یان شقڵاوە دێنم ئەوانە حکومین بەڵام لالش و شەهید صالح یوسفی و، بنکەی ڕۆشنبیری قەڵات، سەنتەری هەولێر، شەقڵاوە، سۆران، ئامێدی، ئاکرێ، ئەوانە حکومی نیین سەربە ئێمە نیین وەکو وەزارەتی ڕۆشنبیری تعامل لەگەڵ ئێمە دەکەن بەڵام وەکو دائیرەیەک نین لەضمنی دوائری وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆیە هەڵسەنگاندیشیان لێرە بەجائیزم نەزانی کە باسیان بکەم ناوم نەهێنان ناوی هیچیانم نەهێنا کاک سیروان کاکەیی باسی ڕۆشنبیری منداڵانی کرد چ نەخشەیەکتان هەیە؟ لەراپۆرتەکەدا ئیشارەم پیکرد بەحەقەت ئێمە لەو بوارەدا زۆر بەپێویستی دەزانین کە مدیریەتی ڕۆشنبیری یان بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری منداڵان زۆر زۆر چالاک بکەین و، هەوڵ بدەین جیا لە مەسەلەی بڵاوکراوە کە بڵاو کراوەیەکیان هەیە بەناوی هەنگ کە تا ئێستا مانگی جارێک بوو بەنیازە کە دەرچۆوە ببێتە مانگی دوو جار وەبەشێوازێکی نوێ و رەنگەکانیشی رەنگی مقبولی ناو منداڵان بێت بەڵام بەڕێوەبەرایەتیەکە گەورەتر بکەین لەوە و، بەشی مۆسیقا و، شێوەکاری و، شانۆی بۆ بکەینەوە و، فعلەن شوێنێک بێت کە هەتا هەندێک منداڵ بچن ئارەزووەکانی خۆیان لەوێ بەدی

بێن و بیهێنه دی وممارەسەی ئارەزووەکانی خۆیان لەوێ بکەن یەعنی هەتا ئەگەر بۆمان بکرێت لەبەر دەستمانە بینایەکی گەورە بەحەوشەیەکی گەورە بکەین هەندێ ملاعب وشتیشی هەبێت بۆ ئەوەی جەزبی منداڵ لەوشوێنانە بکات بەڵام ئەوەی کە زۆر لامان گرنگە مەسەلەی مۆسیقایە مەسەلەی شێوەکاریە ومەسەلەی مەسرەحە جگە لەبلاو کردنەوە و بەرنامەکانیان لەرادیۆو تەلەفزیۆن، هەوڵمان داوە لەتەلەفزیۆنی هەرێم ئەوەندی کە هەیە دۆبلاجی فیلیمەکانی کارتۆن بکەین بۆ ئەوەی بەکوردی سەرنجی منداڵ زیاتر رابکێشێت و لەگەڵیان بێت مەسەلەی بۆ بەدەقکردنی رووداوەکان کەمکراوە بەهەقەت پتریش ئەمە لەوانەیە قصورەکە هی نووسەرانمان بێت بەڵام بۆ بەدەق کردنی ئەو رووداوە گرنگانەی کەلەم چەند ساڵانەی دوایی لەمێژووی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان روویداوە زۆر شت نەکراوە چەند شتێک نەبێت لەوانە وابزانم عەزیزی مەلای رەش شتێکی لەسەر رووداوێک لەدەوروبەری هەولێر کردە کتێب و دوو کتێبی لەسەر دەرکردوە ئەوەی سێیەمی ماوە هێشتا و ئێستاش فلیمێکی سینەمایی لەسەر کۆڕەو و، لەسەر شەڕەکەی کۆڕێ بەناوی ڕاوە جنۆکە هەیە کە کۆمەڵێک شارەزای دەرەوەی کوردستان هاتوون بەڵام وەزارەتی رۆشنبیری ئەنجامی دا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیکات و، زۆربەی هەرەزۆری ئەکتەرەکان هەمووی کوردن تەنها ئەوانەی فەنی ئەون و، فلیمەکەش وەکو باسم کرد یەکەمین فلمە وەکو ئستەندەر بەکامیرەی ٣٥ دەگیرێت و، ئینشاڵا ئێستا دەستی پێکردوە بەتصویر بەڵام شتی تر بەراستی ئەوە کەمەو زۆر نەکراوە لەوانەیە پێویست بێت بیری لێبکرێتەوەو نەخشەی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی کە ئەو رووداوە گرنگانە بکرێنە دەق و بمێنن لەدووتوێی کتێب و بلاوکراوەکاندا

کاک. د. رزگار باسی ئەوەی کرد لەو دەمانگەدا تەبیعی د. من دەمانگ نییە لەوەزارەتم هەمووی سێ مانگە، سێ مانگ و شتێکە لەو دەمانگەدا چی کراوە بۆ یارمەتی دانی چاپکراو و نووسەران؟ ئەوەی کە هەیە بەحەقەت ئێمە لەناو راپۆرتەکە باسی ئەوەمان کرد کە ٣١ کەس بوو ئێستا بۆتە ٣٠ کەس یارمەتی دەدەین هەرچەندە ناوەکانی بەحوکمی ئەوەمان کە هەر بۆ ئەوەی ئێوە بزانن لەبەغداد لەسلێمانی لەدهۆک لە هەولێرن ئەوانەی یارمەتیان دەدەین ناوەکان سرین بەڵام حدودی ٣٠ هەزار دینار مانگانە دەدرێ بەوانە زائیدەن ئەوەی کە لەشوێنەکانی تر داوامان لێدەکرێت بۆ یارمەتی دان یارمەتیان دەدەین بەوەی کە کتێبیان بۆ چاپ کەین و، بلاوکراوەو شتەکانی کە هەیانە بکەوێتە بەردەستی خوێنەران بۆیان چاپ دەکەین ئەمە قایەکەی ئەو برادەرانەیە کە لەبەردەستمانن ئەمانە حاڵەتێکی تقاعدیشی پێوە هاتووە ئەگەر خۆیان مردن تقریبەن دەدرێتە کەس و کاریشیان لەوانەیە ئەوە کەم بێت بۆ ٣٠ کەس لەکوردستان زۆر خەڵکی ترمان هەیە، بەڵام جارێ هەر ئەوەندە کراوەو ئەوەندەش خطوەیەکی باشەو بنەمایەکە لەوانەیە لەوەوە وردە وردە زیاد بکرێت بەنسبەت کتێبیش وەکو باسم کرد بەهەقەت ئێمە چەند رێگایەکمان دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی کتێبی پێ چاپکەین و، لەمەودوا چاپ دەکەین و، یارمەتیان دەدەین ئەوەشی کە کردراوە لەساڵی ٢٠٠٠ سێ سەدو حەفتا هەزار و سێ سەدو سیویەک دینار دراوە بۆ

ئەو پشتیوانەی نووسەرو بابلێین ئەدیبەکانی کوردستان کە ئەگەر بەرهەمیان هەبوویێت بەڵام لەساڵی ٢٠٠١ پەنجا هەزارو سەدو نەوەت و سێ دینار ئەو یارمەتیە کراوە ئەویش بەحوکمی ئەو راوەستانەی کەباسمان کرد لە چاپکردنی کتێبەکاندا هەبووە دەعمی مەعنەویش بەهەقەت ئەمەیان لایەنێکی گرنگە دەعمە مەعنەویەکەی ئێمە ویستومانە لەو فەترانەدا ئێمە بەدانیشتن لەگەڵیان بەکۆڕ و، دەعوەت کردنیان بۆ ئەوەی بەیەکەوە دابنیشین و، باس لەگیروگرفتەکان بکەین و، تاکو ئێستاش لەگەڵ ئەدیب و نووسەرەکانی هەولێر دوو جار دانیشتین هەرجارەی هەرجارەی سی ئەدیب و نووسەرمان بانگ کردووەو بەیەکەوە چەند سەعاتێک دانیشتووین قسەمان لەوەزعی رۆشنبیری کوردستان کردووەو، گیروگرفتی کە هەیانە زائیدەن ئەوەی کەلەوانەیە هەندێ لەنووسەرو ئەدیبەکانی کوردستان جاری وایە پێویستیان بەهاوکاری بووەو بۆ چارەسەری نەخۆشی وئەو شتانە هەبوویێت بەهەقەت ئەوانەشمان کردوە بەڵام بەشێوەیەکی رێک وپێک نەبووە بەڵام نووسەرێک پێویستی بەوە بوویێت کە سەردانی شوێنێک بکات لەوانەیە داوای یارمەتیمان بۆ کردوە ئەگەر لەدەسەڵاتی ئێمە زیاتر بوویێت ئەگەر لەتوانای ئێمەش دابوویێت لەئیمکانیەتی دەسەڵاتی وەزارەت دابویێت خۆمان هاوکاریمان کردووە بۆ ئەوەی کە چارەسەری نەخۆشیەکەی بکات بۆ هونەرمەندانیش لەو بابەتە هەیە و، هەر بۆ زانینیش ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ سەندیکای رۆژنامە نوسان و لەگەڵ نووسەران و، لەگەڵ هونەرمەندان بەهەقەت زۆر خۆشە و، اعتباریش بۆ نووسراو بۆ داواکاریەکانیان دەکەین و بەجیهەی رەسمیشیان دەزانین بۆ سەرپەرشتی کردنی بوارەکانی خۆیان. خوشکە حەلیمە بارزانی باسی تەلەفزیۆنی هەرێمی کرد راستە ئەوە باسمان کرد کە بارودۆخەکەمان بەو شکلەیەو، بنکەی رۆشنبیریش لەمەنطقەی بارزان کە نییە وەکو ووتم ئەگەر مەبەستت بنکەی رۆشنبیری لە دائیرەکانی وەزارەتی رۆشنبیریە بە پێی قانونێ کە ئێستا لە وەزارەت هەیە ئەمە یاسایە طبیعی هی حکومەتی عێراقیە بنکەی وەرزشی و رۆشنبیری تا سەتحی قضاء چۆتە خوارێ کە ئێمە لەو باردۆخەی ئێستای کوردستان تصور دەکەین کەم بێت بۆئەوەی ناحیەکانیش بگرێتەوە چونکە ناحیەکانمان سوپاس بۆ خوا زۆری ئاوەدان بوونەتەوە ئەوە پێویستی بەوەیە کە بنکەی وەرزشی و لاوانی تێدا هەبێت بۆیە ئەگەر لەوێ نەبوویێتەوە بەحوکمی ئەو تەخریبەی کەلەوێ هەبووە لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەش زەحمەتە ئەوشتانە لەبەر چاو بگیرێت منظمات کەمتر خۆ لەوشتانە دەدەن ئەوەی کە لە خەیاڵمان دا هەیە بەهەقەت لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی دووشتمان لەبەر دەستایە بۆ ئەوەی ئێوەش ئاگادارین لەسەر مەسەلەی رۆشنبیری و وەرزشی وەزارەتی شارەوانی کە شوێنی سیاحی دروست دەکەن پێمان باشە کە لەگەڵ تصمیمی کە دایدەنێن بۆ شوێنەکان شوێنی وەرزشی و شوێنی رۆشنبیریش لەبەر چاو بگیرێت و،هەروەها لە ئاوەدانکردنەوەش کە ئەگەر ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان دەکرێ لەگەڵ ئەوەشدا بیر لەمەسائلی وەرزشی و رۆشنبیری ئەو گوندە یان ئەو ناحیەیە بکرێتەوە بۆ ئەوەی کە لەگەڵ بنیات نانەوەی گوندەکە هەندێ شتی وەرزشی و رۆشنبیریش بنیات بنرێت.

بەنیسبەت منەوە زۆر سوپاس و ئەوەندی کە لەتوانامدا بوویێت هەولّم داوە بەراستی وەلآمەکەتان پێ بلێیم ئەگەریش لەوە زیاتر بیسترا بێت لەوانەیە من بە حوکمی تازەییم لەشوێنەکە هەر ئەوەندە چوومە ناو بابەتەکانەوە زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک محمود محمد وەزیری رۆشنبیری بۆ وەلآم دانەوەی پرسیارەکانی هەموو پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەن جا تکامان وایە لەوبەڕێزانەی تەعقیبیان هەیە لەسەر پرسیارەکانی خۆیان دەستیان بەرز کەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین بەڕێز کاک ابراهیم دۆغرەمەچی.

**بەڕێز ابراهیم عبدالقادر دۆغرەمەچی:**

بەێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ببورە من مەبەستم کارەبا نەبوو ئەمەش دەزانین کارەبا خارجی ایرادەی تەلەفزیۆنە مەبەستم ئەو ماددانەیەکە پێشکەش دەکرێن هەندەک ماددە هەیە لەسەتەلایت راستەوخۆ وەردەگیرێت پاش ئەوەی پێشکەش دەکرێ لە تەلەفزیۆن کە پێشکەش دەکرێ تووشی خەلەل دەبێ، یان دەبینی شتێکی خراپە دەیبڕن ئەوجا دیسان پێشکەش دەکرێت. مەبەستی من لیژنەیەک هەبێت پێش ئەوەی ئەو ماددانەی کە دێتە خوارێ لەتەلەفزیۆن فەحص بکرێت ئەگەر پێویستە بێتە خوارێ ئەگەر پێویستی قەطعە با قەطع بکرێت یان هەندێک بەرنامەی خۆمان هەیە مادەکەی باشە بەس تصویرەکەی خراپە لە اثنای پێشکەش کردن دەبینی قطعی تێدایە ئەگەر جائیز نییە پێشکەش بکرێت باش نییە با ئەویش پێشکەش نەکرێت و، هەروەها هەندێک ماددە هەیە وەختی خۆی کە پێشکەش دەکرێت مەسەلەن ماددە هەیە پێویستە سەعات شەش پێشکەش بکرێت ماددە هەیە پێویستی پاش سەعات دەیە یەعنی تەنسیقێک هەبێت لەپیشاندانی ماددەکان و، هەروەها لەبابەتی پرسیاری دووەم من راستە منیش لەگەڵ جەنابی وەزیرم رەقابە خۆش نییە بەس ئەو کتێبانەی کە پێشکەش دەکرێن بۆ ئیجازە وەرگرتن نسخەک لەخامەکەی پێش تەبع داوای بکەن، وەزارەت لەکن خۆی بیپارێزێ یان کە مۆڵەتی نەدا مانای ئەوە نییە کە رەقابەی لەسەرە هەندێک ماددەی تێدایە ممکنە جائیز نییە تەبع بکرێت پێش ئەوەی کە مۆڵەتی بداتێ ئەگەر بخوێنرێت باشتر نییە لەگەڵ رێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس فەرموو کاک د.رزگار.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بڕاقی وەزیری رۆشەنبیری بۆ هاوکاری نووسەرو دانەرو جێگای رێزلێنانە هیوای ئێمە ئەوەیە ئەو نووسەرەی کە پەیوەندی بە وەزارەت دەکات لەم هاوکاریانە بێ

بەش نەبن، پرسیاری من لەسەر پێشەنگای کتابانە بۆ ئەوەی هاوکاری دانەر بکەن سالآنە پێشەنگایەک بۆ بەرهەمی ئەم دانەرانە بکەنەوە و هاوکاریان بکەن بۆ ئەوەی هانیان بدەن هەوڵ بدەن کتێبی هونەری و ئەدەبی زیاد بەدەست بهێنن بەڵکو جەنابت ئەگەر هیمەتێک بکەی و هاوکاریان بکەی ئێمە سوپاست دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس فەرموو کاک حەمید میران.

**بەڕێز کاک حەمید میران:**

بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن،

من کەباسی ئیحترافم کرد وەختی خۆی مەبەستەکەم ئەوەبوو کە ئەگەر ئەو لایەنانەی کە قەراری ٩٨٦ بەڕێوە ئەبەن بزانن ئێمە ئیحترافمان هەیە ئەوان یارمەتیمان نادەن ئەوە یەکێ لەهۆیەکان بوو ئیحترافیش ئەوەیە کەوا موئەسەساتی ئەهلی بیکات ئەوەنییە لەئاستی نەتەوایەتیا دەزگای بەڕێوەبردنی شوێنەکان بکەن هەتا لەولآتی ڕۆژئاوا لەو ولآتە پێشکەوتوانە لەئاستی نەتەوەییا ئیحتراف نییە یانەیەکە بۆخۆی یاری کەر دەکڕێت و یاری دەکات و بە پارەی بیتاقەکان ئەو پارەیە دەردەهێنێت و ئەوە موئەسەسەیەکی ئەهلی یە ئێمە ئەوەمان نییە لای ئێمە ئەو بارودۆخە نییە ئیحتراف نییە جا لەبەر ئەوە هەق وایە ئێمە وەکو محتەرفێکی وەرزشی داوا لەو لایەنانە نەکەین کەوا ٩٨٦ دەبەن بەڕێوە کەوا ئێمە ئیحترافمان هەیە چونکە بەراستی نیمانە ئەوە لایەنێکیان مەبەستیشم لەوانە ئەوەبوو کەوا پڕۆژەی ئامادەکراو هەبێت بۆ پڕۆژەکانی وەرزشی کە داوابکرێت لەسەر ٩٨٦ لە ڕێگای وەزارەتی مرۆڤایەتیەوە لەرێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە یا ئەو وەزارەتانەی تر وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردن کە هەڵدەستن بەپڕۆژەی متکامل دروست دەکەن لە شارۆچکەو شارو قضاو ناحیەکانا پڕۆژەی وەرزشیش دابنێن لەگەڵیا زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس فەرموو شەفیقە خان.

**بەڕێز شەفیقە فقێ عبداللە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیر بۆ جواب دانەوەی پرسیاری یەکەمم بەلآم پرسیاری دووەمم مەبەستم لەپێشەنگایەکی کاتی نییە کە هەبێت بۆ جل و بەرگی کوردی بە هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئازاد کراوو کوردستانی گەورەش و، هەروەها لەسەر بەشی کیمیا بارانی هەڵەبجە ئێمە ئەوە بوو هەمیشە باسی دەکەین و خەڵکانێک کە دوو هەزار کەسیان لێدەروات دنیای لەسەر دەهەژێنن ئێمە پێنج هەزار کەسمان بەچاو تروکاندنێک ڕۆیشت و هەمیشەش باسی دەکەین و باسی

دەکەینەوە جگە لەوانەش کەئێستا مردون بەلاشە بەڵام بەشی زیندو دەخۆن کە،کەم ئەندام بوون، بەراستی من مەبەستم ئەوەیە کە گەلەرییەکی هەمیشەیی هەبێت بۆ جل و بەرگەکە بۆ ئەوەی پیشانی دەین لەجیهانا ئێمە خاوەنی ئەوەین بەهەموو کوردستان و هەروەها شەهیدەکانمان کە ئێمە ئەوەمان لەدەست چووە و، ئەمانەشمان کە ماون بەم شێوەیە دەژین بۆ ئەوەی کە هەمیشە لەبەر چاوبن و ئەوانەی کە دێن ئێمە ئێستا میوانی دەرەوەمان زۆرە بۆ ئەوەی کە سەردانی ئەو کوردستانەیان کرد ئەمە ببینن کە ئێمە هەمیشە ئەوەمان لەمێشکایە لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ شەفیقە خان فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فـوزیە عـزالدین رەشـیـد :**

بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان،

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری رۆشنبیری مەبەستم کتێبخانەی نیشتمانی بوو وەڵامەکەی وازح بوو بەنیسبەت بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری کەرکوک هەرلەسەرەتای دامەزاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی باشی بە پارێزگای کەرکوک داوە وەکو پارێزگایەکە لەمەنفا دروست بووەو بەهەموو قەزاو ناحیەکانیەوە هیچی تێناچێت، ئەگەر لەوەزارەتی رۆشنبیریش بەرێوەبەراتیەک هەبێت بەناوی بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری کەرکوک چونکە کۆمەڵێکی زۆر لەنووسەران و ئەدیبانی کەرکوک لەم شارەدا دەژین بۆ ئەوەی بچنە ژێر چەتری وەزارەتی رۆشنبیری، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس تەعقیبەکان هەرئەوانە بوون دوا وتار بۆ جەنابی وەزیرە .

**بەڕێز محـمـود محـمـد محـمـود:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بەنیسبەت پرسیارەکەی کاک ابراهیم دۆغرەمچی یان متابەعەکەی بەهەقەت کاک ابراهیم کاری تەلەفزیۆنی وەکو باسم کرد ئەمە ئەجهیزەکانمان ئەجهزەی خراپن و نوێ نین هەموویان لێرە ترکیب کراون و، پارچەکانی لەوانەیە لەبەغداو لەهەولێر دروست کرابن یان کۆنەی هەندێک شوێن بن هێندرابنە ئێرەو لێرە دروست کراون ئەوانە بەتەئکید قەطعیان یەکجار زۆر تێدایەو شتیان زۆر تێدایە مەسەلەی دیتنی فلیم باوەڕناکەم فلیم لەسەر ئەوە قەطع بکرێ کە خراپە بلاو بکرێتەوە لەوانەیە شتێکی واش روویدا بێت بەڵام ئەو ماوەیەی من لێرەم لەوەزارەتم ئەوەمان هەست پێنەکردوە کەلەسەر خراپی بەرنامەیەک بپچرێت ئەوەی کە هەستمان پێکردوە هەمووی لەسەر کارەبا بووە پچرانەکانیان و، پچرانەکان ماوەیەکی زۆریش بوو هەرچەندە برادەران ئەگەر شارەزا هەبن لێرە لەبواری کارەبا دەکرێ چارەسەر بکرێت بەڵام کێشەکەی تۆزێک لەوانەیە معقد بێت لەبەرئەوەی کە ماوەکان نازانرێت دەنا لەوانەیە بەچێنج ئۆڤەرێک کە ئەگەر بکرێت کارەباش لەگەڵ رادیۆو تەلەفزیۆن تەعامل بکات لەوانەیە بەچێنج ئۆڤەرێک ئەو گرفتە

حەل بکرێت بەڵام بۆ خۆتان دەزانن کە ماوەیەکە بڕیارە ئەو کارەبایە نەدرێت بەداودەزگاکان لەوەش بۆیە کەمتر ویستراوە رەسمیەتی پێنەدرێت. مەسەلەی کتێبیش پێش دیتنی ئیجازە من باسی ئەوەم کرد ئێمە ناتوانین رێگا لەچاپکردنی هیچ کتێبێک بگرین لەکوردستان بیخوێنینەوەو نەیخوێنینەوە ناتوانین بەکابرا بڵێین تۆ ناتوانی چاپی بکەی ئێمە ناتوانین پێی بڵێین ئەم رەقەمی ئیداعە ئیجازە نییە و، یەک لەشتەکانی کە ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسایی پەرلەمان باسمان کردوە یەک بڕگە زیاد بکەین بڵێین (لايعتبر رقم الايداع إجازە رسمیە) یەعنی بەئیجازە حساب نەکرێت یەعنی ئەوە بۆ ئەوەیە لێکی جیاکردۆتەوە رەقەمی (الایداع) تەنها سپاردنە یەعنی رەقابە نایخوێنێتەوە بۆیە ئەو نوسخەیە بدرێتە وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ئەوەی بیخوێنینەوە ئەگەر رازی نەبوون چاپ نەکرێت ئەوە رەقابەیە چونکە رەقابە یەعنی ئەوە ئێمەش دەڵێین (لا رقابة) کەواتە هەقی خوێندنەوەمان نیە نابێ بیخوێنینەوە بەس رەقەمی دەدەینێ بۆ ئەوەی کە رەقەمێک ایضافە بوو نوسخەیەک بداتە ئێمە و، چاپخانەش بەبێ ئەوەی کە رەقەمی ایداعی هەبێت هەقی چاپکردنی نییە، دەبێت رەقەم وەرگرێت و، دوای چاپکردنیش دوو نوسخە بداتەوە ئەو شوێنەی کە لێیەتی ئەوی تر خوێندنەوە نییەو بێ رەقابەیە کاک ابراهیم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس یەک روونکردنەوەی بچووک، جەنابی وەزیر لەراستی دا ئەگەر وەزارەت یان هەر دەزگایەکی تەحەمولی مەساریفی چاپ دەکات کە پێویستە بیخوێنێتەوەو بەپێی مواسەفاتێکی تایبەتی بێت ئینجا چاپی بکات یەعنی هەر بۆ روونکردنەوە ئەزانم وادەکەن بۆیە دەڵێم.

**بەڕێز محمود محمد محمود:**

کاک د. ئێمە هەموو کتێبەکان چاپ ناکەین ئەوەی کە رازی نەبین چونکە چۆن چاپ دەکرێت یەک لیژنەیەک هەیە لیژنەی تەعزیدی پێدەگوترێ ئەم لیژنەیە تەشخیص دەدات لەچ بوارێکدا کتێب چاپیکەین دوو دەنێردرێتە لای خەبیرێک ئەو خەبیرە دەیخوێنێتەوە دوای خوێندنەوە ئینجا دەگوترێت ئەو کتێبە چاپ بکرێت یان نا بەڵام ئەوەی تر بەو شێوەیەیە یەعنی .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێمەش مەبەستمان ئەوەیە ئەوە روونبکرێتەوە.

**بەڕێز محمود محمد محمود:**

جا ئەوە هەیە بەڵام ئەوی تر ئەوە نییە کاک د. رزگار پێشانگای کتێب بکرێتەوە بەهەقەت ئێمە لە پێشانگایەک لەو فەترەیەشدا هەر لەو روانگەیەوە کە هاوکاربین بۆ گەیشتنی بەرهەمی نووسەران بەدەست خوێنەران لەلایەکی دیکەشەوە قازانج پێگەیاندنیان مەعرەزێکی کتێب لەسلێمانی کرایەوە ئێمە هەموو داودەزگاکانی حکومی و حزبیمان کۆکردەوە و، هەرچی کتێبی کە هەیان بوو لە دهۆکیش و لەهەولێریش هەموویان لەسەر مەسرەفی وەزارەتی رۆشنبیری نارده

سلێمانی و بەشداری پیشانگاکەشمان کرد لەو روانگەیەوە قازانجمان بەوان گەیاند زائیدەن ئەوەی کە بۆ کتێبخانەی گشتی سلێمانی و، بۆ کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی ژمارەیەکی زۆر کتێبمان بەدیاری نارد ئەوانەی ئێمە کڕیبومانەوە لەنووسەران لەئەدیبان کریبوومانەوە ناردمان بۆ ئەوەی لەوێ ئیستفادەی لێبکرێت یەعنی ئەوەشمان کردوە لێرەش ئێستا پیشانگایەک لەبەر دەستە بریارە دەزگای ئاراس بیکاتەوە اتصالیان کردووە ئێمە لەگەڵیان هاوکاری دەکەین و، چی پێمان بکرێت لەو بوارەدا چ لە تأمینی جێگا و، ئەگەر پێمان بکرێت و ئیمکانیەتمان هەبێت داشکاندنیش هەندێکی لەوانەیە ئێمە تەحەمولی مصاریفەکەی بکەین بۆ ئەوەی کە زیاتر بفرۆشرێت. کاک حەمید فعلەن ئێمە لە احتراف دەبێت ئەگەر بوو نادی یەعنی خۆی لەسەر پێ ی خۆی راوەستاوە بەخۆی خۆی دەژیەنێت و، پرۆژەشیان هەیە نادی زۆر لەوە دەوڵەمەند ترن کە پێویستیان بەیارمەتی هەبێت بەڵکو پرۆژەی تریش دەکەنەوە بەڵام لەکوردستان ئەوە نییە ئێستاش پێویستیان بەیارمەتی حکومەت هەیە پێویستیانْ بەوە هەیە کە لەشوێنێکەوە بێ بۆ شوێنێکی تر، چونکە وەک باسم کرد لە کوردستان ئێستا ئەوە خەریکە وەرزش ئەو بوعدە وەردەگرێت کە ئێمە چاوەڕوانی لێدەکەین دەنا نەبووە بەستراو بووە بەبەغداو، ئێستا باس لەوە دەکەین کە ئێمە هینی خۆمان هەبێت وەرزشی خۆمان هەبێت بەپێ ی بۆچوونەکانی خۆشمان ئیدارە بکرێت مەسەلەی منظماتیش تاکو ئێستا هیچ بەشێکی وەزارەتی رۆشنبیریان نەخستۆتە ژێر باڵی خۆیانەوە نەک وەرزش وەکە دەڵێین بەرەو احتراف بچێت ئێمە پێمان باشە بەرەو احتراف بچێت بۆ ئەوەی کە خۆی اکتفای زاتی خۆی پەیدا بکات وەرزش لەزۆر مەجالدا و، ئەوە شتێکی خراپ نییە بەڵام بەتەئکید ئێمە کەباس دەکەین لەگەڵ ٩٨٦ دەبێت بچین بڵێین وەرزش بۆ منداڵان بۆ نەوجەوانان بۆ مێرد منداڵان بۆ ئەوانە یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی کە بیکەینەوە نەک بۆ نادیەکان نادیەکان بەتەئکید نەک ئەگەر احترافیش نەبێت نادیەکان یارمەتیان نادات و، مەسەلەی پرۆژەکانیش باسم کرد لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش ئێمە ئەو بەرنامەیە دەبێت پیادە بکەین کە لەگەڵ ئاوەدانکردنەوە لەبەرچاویان بێت هەم شتی تازە دروست بکرێت هەم نۆژەن کردنەوەش لەبەر چاو بگیرێت پرسیارەکەی خاتوو شەفیقە بۆ جل و بەرگ، ووتم نیمانە شوێنی گەلەریمان نییە ئێمە کە نیمانە گەلەری مواصەفاتی خۆی هەیە دەکرێت پیشانگایەک بکەینەوە مەعرەزەکە لەژوورێک لەقاعەیەک دا نیشانی بدەین بۆ سێ یان چوار رۆژ نیشانی بدەین و، کۆتایی پێی بینین بەس ئەوی تر گەلەریمان نییە کە نەبێت دەبێت دروستی بکەین، ئینشا ء الله بۆ ئەویش و بۆ شێوەکاریش بۆ کاری دەستی و بۆ توحەفیات بۆ ئەو شتانەی کە جوانن خەڵک دێت تەماشای دەکات. مەسەلەی هەڵەبجە من تەسەور دەکەم ئەگەر بمانەوێت شتێک بۆ هەڵەبجە بکرێت دەبێت لە خودی هەڵەبجە شوێنێکی وا هەبێت کاتێک خەڵک کە سەردانی هەڵەبجە دەکات لەوێ بیبینێ، لەوانەیە ئەو رەئی وا بێت کە هەتا لە پارکی ئێرەش بیکەین باشە، بەڵام بە رەئی ئێمە لە وەزارەت ئەوەیە کە باسمان کردووە ، ئەگەر هەڵەبجە لە

شوێنی خۆیدا کاتێ خەڵکی بیانی باسی هەڵەبجە دەکات و، سەردانی هەڵەبجە دەکات و لەوێش ئاساری ئەو شوێنە لەبەر چاوی بێت ئەمەیە شوێنەکە، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئەمەش ناکرێت لە هەموو شوێنەکان. لەبەر چاو نەبێت، یەعنی جەدەلی بۆ ژیان، ئەوەیە کە تۆ ناخۆشیت هەیە، بەڵام دەبێت خۆشیت هەبێ، نابێ هەموو شتەکانت هەمیشە هەر ناخۆشی نەبێت و نهێنی مانەوەی کوردیش لەوە دایە، لە گەرەکێک شینە لەگەرەکێک شاییە. مەسەلەی بەڕێوەبەرایەتی خاتوو فەوزیە باسی کرد.

بەڕاستی گوتم ئێمە لاریمان نیە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لە شوێنی خۆیان نیەو، نازانم، چونکە سەنتەری رۆشنبیری کەرکوکیش هەیە، دەوری خۆی دەبینێ و، لەوانەیە ئێستا وەزعیان باشتریش بوو بێت، لەجاران ، بەڵام بەنیسبەت بەڕێوەبەرایەتیەوە، بەڕاستی ئێستحداسی بەڕێوەبەرایەتیەک کەنەبووەو، ئێستا لەشوێنی خۆیدا نییە، لەوانەیە بەشتێکی باش نەزانرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیری رۆشنبیری کاک محمود محەمەد، بەڕێزان لێرەدا کۆتایی بەدانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین. دانیشتنی سبەینێمان سەعات (١٠) ی سەرلەبەیانیە، هیوادارم پێش کاتەکەی ئامادەبن.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٠)**

چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٦/١٢/٢٠٠١

خولی دووەم

سالّی دەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٣٠)

## چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٦/١٢/٢٠٠١

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٦/١٢/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە سی)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی كار:***

***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە سی)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٦/١٢/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:***

١ـ خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠٢ی حكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراق.

٢ـ خستنەڕووی گفتوگۆ كردنی بودجەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

((بەناوی خوای گەورەو میهرەبان))

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە(٣٠)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق دەست پێ دەكەین، بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێك هاتووە:

١ـ خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠٢ی حكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراق.

٢ـ خستنەڕووی گفتوگۆ كردنی بودجەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق.

ئەوەی خاڵی یەكەم دەست پێ دەكەین، تكا لە ئەندامێكی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەكەم بفەرمووێتە سەر سەكۆی سەرۆكایەتی، فەرموو پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠٢ی حكومەتی هەرێمی كوردستان بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن دەقی خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای بودجەی ٢٠٠٢ی

حكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراقتان بۆ دەخوێنمەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) والمادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ماعرضه وزير المالية والاقتصاد، ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق في جلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠١ تشريع القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠١

قانون

موازنة اقليم كوردستان العراق لعام ٢٠٠٢

**المادة الاولى:**

١- يرصد للنفقات الجارية للمجلس الوطني لكوردستان العراق و الوزارات وادارات الاقليم لعام ٢٠٠٢ مبالغ مجموعها ( ) دينار مع ( ) الف دولار امريكي.

أ- المجلس الوطني لكوردستان العراق مبالغ مجموعها ( ) دينار مع ( ) دولار امريكي.

ب- الوزارات وادارات الاقليم مبالغ مجموعها ( ) دينار.

٢- يرصد لموازنة المعامل والمصانع والدوائر والشركات والمصارف التجارية والاختصاصية ذات التمويل الذاتي لعام ٢٠٠٢ مبالغ مجموعها ( ) دينار.

أ- المعامل والمصانع والدوائر والشركات مبالغ مجموعها ( ) دينار.

ب- المصارف التجارية مبالغ مجموعها ( ) دينار.

٣- يرصد لموازنة الخطة لعام ٢٠٠٢ مبالغ مجموعها ( ) دينار.

٤- تعتمد التخصيصات المصدقة في ميزانية الاقليم لعام ١٩٩٧ بالنسبة للمناطق الخارجة عن سيطرة حكومة اقليم كوردستان ـ العراق.

**المادة الثانية:**

تخمن ايرادات اقليم كوردستان العراق بمبالغ مجموعها ( ) دينار لعام ٢٠٠٢.

**المادة الثالثة:**

تتولى وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

**المادة الرابعة :**

لرئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالمجلس.

**المادة الخامسة :**

يخول وزير المالية والاقتصاد صلاحية المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولا يجوز النقل منه.

**المادة السادسة :**

لوزير المالية والاقتصاد اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لاغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التي يتقرر فك ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخرى.

**المادة السابعة :**

يخول وزير المالية والاقتصاد اضافة الاعتمادات الاجمالية المصدقة للميزانية لعام ٢٠٠٢ بنسبة (١٪) من اجمالي الاعتمادات المصدقة للميزانية للاغراض التالية :

١- اعتماد المبالغ اللازمة لميزانيات الادارات المستحدثة خلال العام المذكور اعلاه.

٢- اضافة اعتمادات جديدة في ميزانيات الوزارات والادارات للحالات الطارئة والتي يقررها مجلس الوزراء .

**المادة الثامنة :**

تتولى وزارة المالية والاقتصاد اعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات لاقليم كوردستان العراق للعام ٢٠٠٢ والمصادقة عليها وعلى ضوء كلفة الرواتب المصدقة في الميزانية.

**المادة التاسعة :**

يخول وزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لا تتجاوز اسبوعين من تأريخ اصدار هذا القانون.

**المادة العاشرة :**

لوزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الحادية عشرة :**

يعتبر هذا القانون نافذاً اعتباراً من ٢٠٠٢/١/١ وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د .روژ نوري شاوه يس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک شێروان حیدەری، ئەم پڕۆژەیە ئاراستەی هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەین، لێرەدا خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان تەواو دەبێت، خاڵی دووەم خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی بودجەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، جا ئەگەر جەنابتان پێشنیارتان نیە،تکا لە بەڕێز لیژنەی دارایی دەکەین ئەندامانی دەست نیشان کراو بفەرموون بۆ سەر سەکۆ، زۆر سوپاس. بەڕێز کاک جەمیل عەبدی سندی فەرموو.

**بەڕێز جـــمـــيـل عـــبـــدى سندى:**

**بەڕێز ســــەرۆكى ئـەنجـــومـــەن.**

ديف تەوجيهاتێ جەنابتان ليژنەيەكى تايبەت لە پەرلەمانێ دابنێين بۆ دانانا پرۆژەى موازنەى پەرلەمانێ بۆ سالێ ٢٠٠٢ى زايينى، پشتى جى هێنانە وێ ليژنە هەر ئەركێ خۆ جەنابى سەرۆكى پەرلەمانێ موازنەى نارد بۆ ليژنەى ئێمە ليژنەى دارايى وئابوورى پشتى خاندن و هاوكارى ليژنامە راپۆرتە خۆيە تايبەت بۆ جەنابى سەرۆكى پەرلەمان نووسى و هەنوكە دەيخوێنم.

المجلس الوطني لكوردستان العراق

لجنة: الشؤون المالية والاقتصادية

العدد :م/٢٧

التاريخ: ٢٠٠١/١٢/١٠

الى/ السيد رئيس البرلمان المحترم

م/ موازنة البرلمان لعام ٢٠٠٢م

تحيةً واحتراماً

اجتمعت لجنتنا يوم الاربعاء ٢٠٠١/١٢/٥ وصباح هذا اليوم ٢٠٠١/١٢/١٠ لدراسة ومناقشة موازنة البرلمان للعام المقبل ٢٠٠٢ وتدقيق محتوياتها.. وبعد التدقيق والمناقشة والدراسة تبين بأنها موازنة خالية من الاخطاء الحسابية ومتواضعة وتنسجم مع الوضع المالي للخزينة لذا تؤيد لجنتنا مشروع الموازنة هذه راجين عرضها في جلسة برلمانية قبل انتهاء السنة الحالية بغية مناقشتها وإقرارها وأدناه خلاصة الموازنة حسب الفصول ولكم الامر.

| ت | الفصول | المبلغ بالدينار | المبلغ بالدولار$ |
|---|---|---|---|
| ١- | الفصل الاول (الرواتب والمخصصات) | ١٧٥٨٤ ٠٠٠ | 40 000 $ |
| ٢- | الفصل الثاني (المستلزمات الخدمية) | ٣ ١١٢ ٠٠٠ | 70 000 $ |
| ٣- | الفصل الثالث (المستلزمات السلعية) | ١ ٧٦٠ ٠٠٠ | ـــــ |
| ٤- | الفصل الرابع (صيانة الموجودات) | ٤ ٦٢٠ ٠٠٠ | 20 000 $ |
| ٥- | الفصل الخامس ( النفقات الرأسمالية) | ٥ ٧٨٠ ٠٠٠ | 30 000 $ |
| ٦- | الفصل السادس (النفقات التحويلية) | ٤ ٢٩٥٠٠٠ | 20 000 $ |
| ٧- | الفصل الثامن (البرامج الخاصة) | ١ ١٠٠ ٠٠٠ | ـــــ |
| | المجموع المصدق | ٣٨ ٢٥١٠٠٠ | $ 180000 |

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە لە مابین فسولە تەغیراتە چێبن، بەس ڕەقمی نیهائی میزانەی پەرلەمانی موتەوازیعە وەکی ساڵی ڕابردوو هەنوکە جەنابێ تە کە بفەرموون گوتن دا فەسل فەسل بخوێنین ژ پێک هاتیە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی بە گشتی وەکو هی پارە، نە کەم نە زیاد، باشە فەرموو فەسل فەسل دەست پێ بکەن.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

الفصل الاول/الرواتب والمخصصات(١٧,٥٨٤,٠٠٠) دینار مع(٤٠٠٠٠)دولار امریکی.

ئەم فەسلە لە چی هاتووە؟

مووچەی فەرمانبەرەکانە، مووچەی ئەندامانی پەرلەمانە، موخەسەساتی زەوجیە، موخەسەساتی منداڵانە، موخەسەساتی ئەندامانی پەرلەمانە، موساهەمەیە لە موئەسەسات، موخەسەساتی خوبەرائن، ئوجووری موحازەراتە، موکافەئاتی تەشجیعییە بۆ مونتەسبین، موکافەئاتی تەشجیعین بۆ ئەندامانیش، تەئمینە، موعالەجەی توبیە، ئوجووری لیژنەیە. ئەم (٤٠,٠٠٠) دۆلارە بۆ چارەسەر کردنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای وەزیری دارایی لەسەر ئەو مەوزوعە.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان مامەندۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین. فەرموو کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، نازانم ئەم فەسلە شملی ئەوە دەکاتن کە ئێستا دەزانی کە دیبلۆماسیەتی کوردی بەڕاستی لە دەرەوە دەوری خۆی زۆر دەبینێتن و، پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ خێزانی دوەلی دروست کردیە، نازانم شملی ئەوە دەکات کە ئەندامانی پەرلەمانیش بچنە دەرەوە وەکو کورد یان نەء، ئەگەر زمنی بێت نازانم دەبینم ژمارەی دۆلار کەمە، حەز دەکەین کەوا نشاتەکی زیاتر بکەوێتە پەرلەمان و، ئەندامانی پەرلەمانیش بەشدار بن لە خولی دەرەوە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵامی دەنەوە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ بەڕێز ئبیراهیم سەعید، قسەكانی لە جێگای خۆی دایە، بەڵام ئەوەی جەنابی دەڵێت وفودی پەرلەمانی بۆ دەرەوە لە فەسلی دووەمە و، پارەشمان بۆ تەرخان كردووە، لەم فەسلەدا نیە لە فەسلی دووەمە، موستەلزەماتی خەدەمییە كە جەنابیشت ئەندازیاری بۆ ئیفادی سەفەر لە داخیلی هەرێم بۆ دەرەوە هەردەم لە فەسلی دووەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی تێبینیەك لەو مەبلەغانەی كە بۆ سەفەر و ئەوانەش دادەنرێت موراعاتی ئیمكانیاتی میزانیە بكرێت بە گشتی كە چەندی پارە لەبەر دەستی دایە وچەندی پێ دەكرێت و، دەبێت بە ئیتیفاق بێت لەگەڵ وەزارەتی دارایی، تا ئێستاش ئێمە هەر بەو رەقەمە ئیتیفاق كراوەكەیە، یەعنی كێشەیەكی وا نەهاتۆتە پێش. تێبینی تر هەیە، دیارە نییە، فەسلی یەكەم دەخەینە دەنگ دانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە فەسلی یەكەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە فەسلی یەكەم پەسند ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، فەسلی یەكەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەسلی دووەم موستەلزەماتی خەدەمیە ئو پێك هاتیە ژ ڤان شتان سەفەر لەناو هەرێم، ئیفاد بۆ دەرەوەی هەرێم، موخەسەسات و نەفەقاتی تەحویلی گواستنەوەی ماڵ، نەشرو ئیعلام، چاپە، بەریدە، تەلەفۆناتی دوەلییە، تلیكسە، كرێی زەویەكانە، كرێی مكائن و موعداتە، نەقلە، تەئمینە، كرێی پارێزەرانە، مێوانداری وپەیوەندیە گشتیەكانە، ئیحتیفالاتە، دیفاع مەدەنیە، موكافەئەیەو ئەوسیمەیە بۆ غەیری دائیرەش دەبێ، مەسائیلی تریش داخیل دەبێتن، هەروەها مەسائیلی ئیشتراكی دەوراتە، نەشاتی ریازی و كشفییە، نەقلی پارەیە، عومولەی بەیعە، پاك كردنەوەی دائیرەیە، كرێی ئینتیسابە بۆ موئەسەساتی علمی ئەگەر بەحسی علمیش هەبێت سەرفیاتی كوتلەی پەرلەمانیش لەگەڵ كرێی خەبیرو موستەشاریش بۆ پەرلەمان، سەرجەمی گشتی پارەكە (٣ ١١٢ ٠٠٠) دینارە لەگەڵ (٧٠ ٠٠٠) دۆلار، زمنی ئەو (٧٠ ٠٠٠) دۆلارە ئیفادە بۆ دەرەوەش وەكو ساڵی رابردوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری ئەگەر تێبینیەكت هەیە، تێبینیتان نییە، تكا لەو ئەندامە

بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ناوەکەی دیارە موستەلزەمات خەدەمی، من بە زەرووری دەزانم کەوا لەم فەسلە ئەگەر مەبلەغێک تەرخان بکرێت بۆ دروست کردنی (دار الضیافة)یەک بۆ ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوانەی کە لە دەرەوەی هەولێرن و، بۆ داهاتوو ئینشا ءالله پەرلەمانی ئێمە بەردەوام دەبێت بۆ چەند ژیان مابێت، دەبینن کەوا پێویست بوو ئەم ساڵ ئەگەر ئیمکان هەبوو برە پارەیەک بۆ ئەو شتە دابین کرابایە و، خانوویەکی مێوانداریان دروست کردبایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. رزگار(قاسم محمد قاسم):**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکم هەبوو ئەویش کاک ئیبراهیم گوتی ئەویش بۆ دار زیافە بوو، لەوانەیە بە دوو سێ جار دووبارە بێتەوە و، موعانات زۆرە، ئەگەر هیمەتەک و لوتفەک بکەن مەبلەغێک تەرخان بکەن بۆ ئەڤ دار زیافەیە، شتێکی گەلەک باش بوو. دوێ نیسبەتە (٧٠,٠٠٠) دۆلار لەوانەیە ئەگەر بەرێ خۆ بدەنێ مەبلەغەکی زۆر مەزنە، بەس بۆ پارەش ئەو خودی چەند پارەش مەبلەغەکی زێدە زێدە موتەوازعە، من پێشنیارێک دکەم ببێتە (١٠٠) هەزار هەرچەندە ئەوێ خەرج نەبێت دەمێنێت لە میزانەی هەرێمێ، بەس ڤێرێ (٧٠,٠٠٠) بۆ وفوودا یەعنی زمنی مەبلەغێ نێ، یەعنی ئەگەر ئێک بەرێ خۆ بدەتە رەقمێ مانای چ وفود و چ زیارەت دێنە بن، لبەر هەندێ ئەڤ مەبلەغێ هەم بچووکی دبینم زێدە بکەن بۆ نەشاتێک ئەڤ وفود و ئەگەر بێن لە خارج، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جعمیل عبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز ئیبراهیم سەعید فەرمووی دار زیافە، گوتی چونکە لە موستەلزەماتی خەدەمیە، بەڵام هەموو موفرەداتم خوێند، دار زیافە و کڕینی ئەساس لەم فەسلەدا نیە، ئەوە لە فەسلی پێنجەمە ئەگەر شتێک هەبێت ئاساس بکرێت ئان تەرمیم بینا، ئەوە لە فەسلی چوارەمە لەم فەسلەدا نیە، حەز دەکەی دووبارە بۆی دەخوێنم، تەنیا ئیجاری خانوویەک ئەویش مەبلەغ هەیە بۆ ئیجاری خانوو موناقلەش لە دەست بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانە، بەڵام کڕینی ئەساس و دار زیافەیەک تەرتیب

بكەی ئەوە لەو فەسلەدا نیە، ئەگەر بشکرێ لە فەسلی پێنجەمە مەسائیلی رەئسمالیە نە لە فەسلی خەدەمات.
دەربارەی (٧٠,٠٠٠) دۆلار بۆ وفود کەمە، ئەم (٧٠,٠٠٠) دۆلار کەم نیە نەک هەر بۆ وفودە، (٤٠,٠٠٠) دۆلار بۆ وفودە تەنیا، ئەو ٤٠,٠٠٠ دۆلارەش مەبلەغێکی موتەوازعە دەگونجێت لەگەڵ ئیمکانیاتی هەرێم پاریش هەر وابوو، پێراریش هەر وابوو کە وەزعی خەزینە زۆر زۆر چاک بوو کە ملیارێک زیاتر فایزی هەبوو ١٤ملیۆن و نیو دۆلار فایزی هەبوو ساڵی ١٩٩٤ ـ ١٩٩٥ ئەو وەختە عەینی مەبلەغ بوو، ئێستا عەجزی هەیە، دەبێت مەبلەغەکە کەم بکەین زیادی نەکەین، یانیش بە ئیتیفاق، لە رێئاسەتی پەرلەمان لەگەڵ وەزارەتی دارایی زۆر تەقدیری پەرلەمانیان دەکرد رەقمەکەی نەهێنا خوارەوە وەکی پێشوو هەر ماوە، (٢٠,٠٠٠) دۆلاری تر چیە؟
بەرقیبیاتە، تەلەفۆناتە، تەلێکسە، ئەنتەرنێتە زۆر مەسائیلی تر ئەویش داخیل دەبێت، چونکە پەرلەمان زۆر زۆر پێویستە ئیتیسالاتی خارجی هەبێ نەک هەر وەفد دەرچن، لەوانە بە ئەنتەرنێت زۆر مەعلومات وەردەگرن و دەنێرن ئەوەش هەمووی بە فاکسە یان بە تەلەفۆناتی دوەلیە، ئەوەش هەر پارەیەو دۆلاری دەوێت، هەر ئەوەش نەشاتەکی گرنگی پەرلەمانە.
(١٠,٠٠٠) دۆلاری تر هی زیافەیە، وەفدەکی بێگانە هات بۆ ئێمە لە بەریتانیا لە سوید لە ئوستورالیا، مەساریفی نەقلی ئەوان هی تەیارەو ئوجووری ئەوانە بە دۆلار دەبێت، پەرلەمان تەحمولی دەکات ئەگەر میوانی پەرلەمان بێت، ئەویش (١٠٠٠٠) دۆلارەو سەرجەمەکەی دەکاتە (٧٠,٠٠٠) دۆلار هەروەکو پار و پێرارەو، گوتم وەکی ساڵی ١٩٩٦ و ١٩٩٥ کە ئیمکانیەتی خەزینەی هەرێم زۆر زۆر بەرز بوو (١٤,٥٠٠,٠٠٠) دۆلار بوو ملیارێک زیاتر لە خەزینەش بوو کە شەڕی دەست پێکرد، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەو رەقەمەین کە لیژنەی تایبەت لە پەرلەمان دایناوە و، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان تەحویلی لیژنەی دارایی وئابووریان کردووەو زۆر زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەعقیبتان هەیە، بەرێز کاک کاکەڕەش نەقشبەندی.

**بەرێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

میزانیەی پەرلەمان میزانیەکی تایبەتیبە، حەقە لە سنووری ئەو رەقەمانە زیاتر باس نەکرێت، لەبەر ئەوەی هەندێ رەنووس هەیە باس دەکرێت، داوا دەکەم لە بەرێزتان ئەگەر ئیمکان هەبێت لە پرۆتۆکۆل ئەو رەنووسە نەبێت، لەسەر ئەساسی کەوا ئەوەندەمان فایز هەبووەو ئەو رەنووسانە نەگوترێت باشترە، چونکە ئەوە پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە، ئەوەندەمان هەیەو تەنیسق و رای وەزیری دارایی لەسەر بوو، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش رازی بوو لەسەر میزانیەکەی و، ئەندامانیش پێیان شتێکی مەعقولە، لەبەر ئەوەی حاجەت نیە رەقەمەکانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی مەخسەدت زکری ڕەنووسی خەزینەی گشتی، ئەو تەنیا باسی ساڵانی ٩٦ و٩٥ دەکات، فەرموو کاک د، ڕزگار.

**بەڕێز د. ڕزگار(قاسم محمد قاسم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڤێرێ من ڕەقمی حەفتێ نەمزانی چەندە، چونکە موفرەداتی دگەل مە نینە، یەعنی ئەگەر ئێک ئەوروپیەک بەرێ خۆ بداتە ڕەقمی (٤٠,٠٠٠) بە قەناعەتی من دبێژێتە دەستێ خۆ بەستی وفودە نەژکەریە، چونکە (٤٠,٠٠٠) لەوانەیە ل ڤێرێ ئەگەر فی (١٨) بکرێت یان فی (١٩) بکرێت دەبێتە مەبلەغێکی زۆر زۆر مەزن، بەس ئەگەر تو دۆلار حیساب بکرێت بە قەناعەتی من شتێکی زۆر زۆر موتەوازعە، ئەڤە پەرلەمانە و ئەڤەش مومکینە خزمەتی مرۆڤێکی تر بکات ژ پارە سەرف کرن، وئینەما تەئلیفێکی بۆ قەزیەی میللەتی خۆکرد، منیش دووبارە دکەم کە ئەو مەبلەغێ هەنە (٤٠,٠٠٠)، مەعنا وتیە ئەگەر کرنە (١٠٠) هەزار دینار نە هەمووی دچێتە وەزارەتی دارایی، ئەگەرما ئەو مەبلەغی (٨ ٣) ملیۆنێ هەمیش ئەگەر بچی بەرێ خۆ بدەیتە (٨٣) ملیۆن سەرف کردیە، نەخێر، ئەڤ مەبلەغێ مەزن (٣٨) ملیۆن سەرف نەبیە بۆ خەزینە مایە، یەعنی قەسدی من نە ئەگەر بمانکردبایە (١٠٠) هەزار حاشە بۆ جەنابی سەرۆکی پەرلەمانە نەخێر، بەس وەکو ڕێنجێک بۆی دانێین، لەوانەیە ئیستیفادەی لێ وەرگرن لە داهاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک شێروان حەیدەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە داوایەکانی کاک ئیبراهیم دەکەم، بەحەقیقەت ئەوە دووەمین ساڵە سێیەمین ساڵە ئەوە دووبارە دەبێتەوە، بەنیسبەت فەقەرەی دووەم کاک جەمیل گوتی ئەوە لە فەقەرەی پێنج جێی دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو بینایەک بە کرێ بگیرێت، لەوانەیە لەو فەقەرەیە جێی ببێتەوە بەنیسبەت ئەساسیش ئەوە لە فەقەرەی پێنجەم جێ بەجێ بکرێت، لەگەڵ ڕێزماندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تێبینی تر هەیە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە فەسلی دووەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە فەسلی دووەم پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، یەک ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکات، فەسلی دووەم بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. فەسلی سێیەم کاک جەمیل.

**بەڕێز جـــــمـــــيل عــــــبــــــدی سندی:**
**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

فەسلی سێیەم موستەلزەماتی سلەعی، پێک هاتیە لە قرتاسیەو مەتبوعات، ئوجووری كارەباو سووتەمەنی و گازۆیل و بەنزین و، جلوبەرگ بۆ پۆلیس و خزمەت كارانی پەرلەمان، خواردن بۆ حەرەسەكان، دەرمان و مەوادی موكافەحەو ویقایە بۆ باخچەكان و موستەلزەمات و مەوادی تر، تەجهیزات وریازە هەموو لە فەسلی سێیەمە لە موستەلزەماتی سلەعیە، سەرجەمی مەبلەغەكەش زۆر موتەوازعە (١,٧٦٠,٠٠٠)دینارە.

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بكەنەوە، ئایا بەڕێز وەزیری دارایی تێبینی هەیە، تێبینیت نیە جەنابت، سوپاست دەكەم،تێبینیتان نیە كەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە فەسلی سێیەم، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە فەسلی سێیەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە فەسلی سێیەم پەسند ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، فەسلی سێیەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا. فەسلی چوارەم.

**بەڕێز جـــــمـــــيل عــــــبــــــدی سندی:**
**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

فەسلی چوارەم سیانەی مەوجوداتە، كە پێک هاتیە لە ژڤان شتا (صيانة الاثاث، صيانة المباني، صيانة التأسيسات المائية والكهربائية، صيانة الاجهزة والمكائن والالات) لـە زمـــنـــی وان كۆمپیتەراتن، صيانة وسائل النقل و السيارات، صيانه الكتب والسجلات والوثائق، صيانه الحدائق، صیانەی هەرچ شتێكی تر لە پەرلەمان دەگرێتەوە، سەرجەمی مەبلەغەكەی دەكاتە (٤ ٦٢٠ ٠٠٠) دینار لەگەڵ (٢٠ ٠٠٠) دۆلار، (٢٠ ٠٠٠) دۆلارەكەش هی سیانەی مەكائین وئەجهیزەو ئالاتی كۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت و ئەو شتانەی كە پێویستن.

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بكەنەوە، كەس تێبینی نیە، فەسلی چوارەمیش دەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە فەسلی چوارەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە فەسلی چوارەم پەسند ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، فەسلی چوارەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا. فەسلی پێنجەم.

**بەڕێز جـــــمـــــيل عــــــبــــــدی سندی:**
**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

فەسلی پێنجەم (النفقات الرأسمالية)، كە پێک هاتیە ژ ڤان شتا، كرینی ئەساسە كرینی

سەيارە، وەسائيتى نەقلى ئەگەر هەبن، كرينى ئالات و مەكائين وكۆمپيتەرات وئەجهيزەى ئيستنساخ و، كرينى زەويە، كرينى مەبانيە، كرينى كتيب و رۆژنامەو وەثائيقە، كرينى ئەفلامى تەسجيلى ڤيديۆ و وەثائيقە، چەک و عەتاد ئەگەر بكريت بۆ حەرەسەكانى پەرلەمان، ئەجهيزەى پيويست بۆ فرقەى تايبەت، سەرجەمى مەبلەغەكە (٥ ٧٨٠ ٠٠٠) دينارە، لەگەڵ (٣٠ ٠٠٠) دۆلارە.

**بەريز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەو بەريزانەى تيبينيان هەيە تكايە دەستيان بەرز بكەنەوە، مامۆستا مەلا هادى فەرموو.

**بەريز مەلا هادى خضر كويخا:**

**بەريز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بەنيسبەت ئەو فەسلەى كە دەخوينديتەوە، هەشت فەرعە يان نۆ فەرعە، ئەندامێكى پەرلەمان موافيقە لەسەر هەمووى، بەلام لەسەر فەقەرەيەكى تيبينى هەيە و موافيق نيە، ئەوە مەجالى ئەوەى نيە بلێى لەگەڵ فەسلەكەو مادەكەيە، يەعنى بلێين بۆ نموونە لە فەسلەكە لەگەڵيەتى، بەلام تەنيا لەگەڵ فەقەرەيەک دانيە، وابزانم ئيشارەتى پێ بدريت باشترە، نەک بلێى ئەندامێكى پەرلەمان، سوپاس.

**بەريز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەگەر لەسەر فەقەرەيەک ئيعتيرازت هەيە پيشانى بدە، ئەگەر جەنابت هەتە فەرموو پيشانى بدە، بۆ ئەندامى پەرلەمان هەيە لەسەر هەر خاڵيک پيشنيار يان ئيعتيراز پيشان بدات، جا ئيمە دەنگدانەكەمان لەسەر فەسلە، زۆر سوپاس، بەريز كاک ئيبراهيم سەعيد فەرموو.

**بەريز إبراهيم سعيد محمد:**

**بەريز سەرۆكى ئەنجومەن.**

فعلەن كە كاک جەميل تەفاسيلى ئەم فەسلەى خويندەوە وا دەرچوو كە مەبانى لە زمنى فەسلى پينجەمە لە (رأسمالي)، جا لەبەر ئەوە من دووبارە پرسيارەكەم دەكەمەوە كەوا بۆچى پارەيەک دابين نەكراوە بۆ داروزيافەيەک و، سوپاس.

**بەريز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەريز كاک د. رزگار فەرموو.

**بەريز د. قاسم محمد قاسم(د. رزگار):**

**بەريز سەرۆكى ئەنجومەن.**

تەنها بۆ پشتگيريى ئەو داروزيافەيە، ئەگەر جەنابت تەئيدى بكەيت، زۆر سوپاس.

**بەريز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو كاک جەميل وەلام بدەوە.

**بەڕێز جـــــمـــــیل عــــبــــدی سندی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

سەرەتا ئێمە گوتمان ئەڤ میزانیەی پەرلەمان لدیڤ تەوجیهاتێ بەرێز سەرۆکێ پەرلەمانێ داندرایە ، ئەو تەوجیهاتە هەمی لا دەگرێتەوە، کرینی ئەساسە، موحتاجی بینایەک دەبن، یەعنی چ شت کێماسی تێدایە لادەن، لیژنەیەکی تایبەت دروست دەکەین، لیژنەکە زۆر رێکوپێک بێت، بۆ کرینی ئەساسیش مەبلەغێکی زۆر زۆر گونجاو دانراوە کە ملیۆن دینارە ئەمەیان بۆ ناوەوەی پەرلەمان، بۆ دەرەوەی پەرلەمانیش گەر پێویست بوو بەش دەکات، بۆ خانووش دیسان سەد هەزار دیناری تیایە، چی دەمێنێتەوە ئیمکانیاتی خەزێنەی هەرێم و، تەمویلی پەرلەمان وەکو وەزارەتەکانی تر، هەر چەندە ئەولەویات هەردەم بۆ پەرلەمانە، بەڵام وەکو پێشوو ئێمە گوتمان گشت تەوجیهات بۆ بەرێز سەرۆکی پەرلەمانە، هیچ نەقسی تێدا نەهێشتووە و، مەبلەغ دانراوە بۆ کەلوپەل، بە ملیۆن دینار لە میزانیەکە مەوجوودە و، بۆ خانووش سەد هەزار دینار مەوجوودە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن:**

ئێمە پێویستە تەوزیحێک بکەین، چونکە ئەو تەوجیهاتەی ئێمە داومانە تەنیا گوتوومانە لە پار زیاتری مەکەن هەر وەکو پار بێت، چونکە هی پار ڕای ئەندامانی پەرلەمانی لەسەر بوو، ئێستاش بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان هەیە کە گفتوگۆی کەمتر بێت، ڕای ئێمە مولزەم نیە، ئەوەی کە نووسراوە کەس مولزەم نیە پێی، دەتوانن گفتوگۆ بکەن ،دەتوانن لێی کەم بکەنەوە، چۆن بەباشی دەزانن با وا بێت، بەس من تەوزیحێکی داروزیافە دەکەم، لە حەقیقەتدا داروزیافە زەروورییە بۆ وفوودی دەرەوە زیاتر پێش هەموو شتێک و، تا ئێستا لە ناحیەی وفوودی دەرەوە ئێمە تەخسیریمان بۆ نەکردووە، لە باشترین داروزیافەی حکومەتی هەرێم دابەزیوون، چ شوێنێک پێویستە لەوێ دابەزیوون، خزمەتیان کراوە و کێشەمان لەو رووەوە نەبووە، ئەگەر زرووفی داراییش باشتر بێت ئێمەش لەگەڵ ئەوە داین داروزیافەیەک هەبێت کە سەر بە پەرلەمان بێت، بەڕاستی ئەوە بەستراوە بە زرووفی دارایی، من تەسەور دەکەم لە دوا ڕۆژێکی باشدا ئەگەر پارەیەکی باش هەبێت، حکومەتی هەرێمیش پێویستی بە داروزیافەیەک دەبێت لە شاری هەولێر دا و، ئێمەش پێویستیمان بە داروزیافەیەک هەیە یان بە هەردووکمان داروزیافەیەک، هەر کامێکیان بێت بە تەئکید باشە، جا ئەوەی ناکەین بە بڕیارێکی مولزەم، چونکە لەوانەیە پێمان تەنفیز نەکرێت، بەس پێشنیارێکە واریدە لە مێشکمان دایە، ئەگەر زرووفمان موناسیب بوو ئەوە دەیکەین، موناسیب نەبوو دوای دەخەین بۆ جارێکی تر، تێبینی تر هەیە ،فەسلی پێنجەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە فەسلی پێنجەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، فەسلی

پێنجەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا. فەسلی شەشەم.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسلی شەشەم (النفقات التحويلية): کە پێک هاتووە لەوشتانە: (ردييات) ئەگەر یەکێک پارە لەپەرلەمان یان لە دائیرەک ببات و بیگەڕێنێتەوە (التعويضات) (اطفاء الديون غير القابلە) (نفقات خاصە) (فائدة القروض) تەبدیلی پارەیە، منحە بۆ موئەسەساتی حکومی، منحە بۆ زۆر دەوائیری تر، منحە بۆ نەقابات و ئیتحادو نەوادی ،منحە بۆ جەمعیاتی خەیری و دینی، منحە بۆ مونەزەماتی عیلمی سەقافی، هەموو ئەنواعی تری منحە، تەبروعات و ئیعاناتی بەڕێز پەرلەمانە و، لەگەڵ رسومی قەزائی ئەگەر داخیلی قەزیەکی محکەمەش بوو رسومی قەزا، نەک ئوجووری محامی و، رسومی تەسجیلی ئەرازی، هەمووی دەگرێتەوە، نەفەقاتی تەحویلییە کە مەبلەغێک دانراوە (٤٢٩٥٠٠٠) هەزار دینار لەگەڵ (٢٠٠٠٠) دۆلار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە لەسەر فەسلی شەشەم دەستیان بەرز بکەنەوە، دیارە کەس تێبینی نیە، جەنابی وەزیریش نیەتی ، سوپاس، فەسلی شەشەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە فەسلی شەشەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، فەسلی شەشەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا. فەسلی حەوتەم.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسلی حەفتێ داخیل نەبووە( الالتزامات والمساعدات والاستثمارات الخارجیە)کە لە توانای پەرلەمانی کوردستاندا نیە، هەروەها حکومەتی هەرێمیش ئەو فەسلەی دانەناوە، چونکە لە توانای دا نیە، بۆ نموونە ئێمە یارمەتی جێگای تر بدەین، چ فەلەستین بێت، چ کۆسۆڤۆ بێت، لەبەر ئەوە نە حکومەتی هەرێم نە پەرلەمانی کوردستان داخیلی نەکردووە.

ئێستا دێمە سەر فەسلی هەشتەم (البرامج الخاصة) ملیۆنێک و سەد هەزار دینارە بۆ هەر شتێکی تایبەت چ ئیحتیفالەکی تایبەت بێت یان شتێکی تایبەتن لەم فەسلەدا دەکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر فەسلی هەشت، لێرە فەسلی حەوتەم نووسراوە، بەس فەسلی هەشتە، فەسلی هەشتەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە فەسلی هەشتەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز

بکەنەوە، فەسلی هەشتەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا. سەرجەمی گشتی چەندە؟.

**بەڕێز جـــمـــيل عــــبــــدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سـەرجـەمی مـیـزانیـەی پەرلەمـان بۆ سـاڵی ٢٠٠٢ دەکـاتە (٣٨ ٢٥١ ٠٠٠) دینار لەگـەڵ (١٨٠،٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

میزانیـەکە بەگشـتی دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو میـزانیەکە پەسند دەکـەن دەسـتـیـان بەرز بکەنەوە، زۆر سـوپاس، ئەو ئەندامـە بەڕێزانەی پەسندی نـاکـەن دەستیان بەرز بکەنەوە، هەموو میزانیەکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

بەڕێزان لێـرەدا کۆتـاییـمـان هێنا بە دانیـشـتنەکەی ئەمڕۆمـان دانیـشـتنی داهاتوومـان ڕۆژی یەک شـەممەی داهاتـوو دەبێت، ئەویش بۆ خسـتنەڕوو و گفـتـوگۆ کـردنی بودجـەی حکومـەتی هەرێمی کوردستان دەبێت، تکا لە ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم کە هەموو ئامادە بن، کاتژمێر ١٠ی بەیانی، زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کـوردسـتـانی عـێـراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کـوردسـتـانی عـێـراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣١)**

دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٣١

خولی دووەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣١)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٣١

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٣١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (سی و یەک)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***
***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (سی و یەک)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٣١ دا بەم شێوەیە بێت:***
***١ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٢) و یاساکەی.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

((بسم الله الرحمن الرحيم))

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٣١)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین.

بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خستنەڕوو و گفتوگۆکردنە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٢) و یاساکەی.

بەر لەوەی دەست بکەین بە کاروباری دانیشتنەکەمان زۆر بە گەرمییەوە بەخێر هاتنی هەردوو بەڕێزان سیاسەتمەدارو تێکۆشەرانی ناسراوی میللەتەکەمان برایانی بەڕێزو خۆشەویست (د. کەندال نزان) سەرۆکی ئەنستیوتی کورد لە پاریس و کاک (د. نجم الدين كريم) سەرۆکی ئەنستیوتی کورد لە واشنتون دەکەم کە ئەمڕۆ میوانی پەرلەمانی کوردستانن.

بەڕێزان ئەمە یەکەمجار نییە کە هەردوو تێکۆشەری ناسراوی گەلەکەمان کاک د. نجم الدين و کاک د. کەندال نزان لەم هۆڵە پیرۆزەدا ئامادەبن بەڵکو بۆ یەکەمجار هەردووکیان لە هاوینی ساڵی ١٩٩٥دا لە دانیشتنێکی گشت ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کە تەرخان کرابوو بۆ ئاشتی ناوخۆ لە کوردستان ئامادەبوون هیوادارین هاتنی ئەمجارەشیان ببێتە مایەی ئاشتبوونەی

یەکجارەکی و یەکبوونەوەی ریزەکانی گەلی کوردستـان بە تایبەتی لەم هەلومەرجە ناسکەدا کە وڵاتەکەمان و جیهانی پیێدا تێپەڕ دەبێت کە لە هەموو کاتێک پتر پێویستی بە یەک ریزی و یەک هەڵوێستی گشت لایەنەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی و ئازادیخوازی گەلی کوردستانە.
برایانی میوانی بەڕێز جارێکی تر بەناوی گشت ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە بەخێرهاتنی گەرمتان دەکەم.
بەڕێزان ئێستا دەست بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دەکەین و پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەم هەروەها بەخێرهاتنی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و یەکە یەکەی خوشک و برا وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم و، سوپاسیان ئاراستە دەکەم بۆ هاتنیان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و بەشداربوونیان لە گفتوگۆ کردن لە بوودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق جێگای خۆشیەتی کە ئاماژە بەخۆشحاڵیمان بکەین بەوەی کە بۆ دووەمین جارە کابینەی چوارەم بودجەکەی بە رێکوپێکی پێشکەش بە پەرلەمان دەکات بودجەی ساڵی ۲۰۰۱ و بودجەی ساڵی ۲۰۰۲ کە لەکاتی یاسایی خۆیدا گەیشتۆتە پەرلەمان و ئەوەتا لەبەردەستی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەماندایە بۆ کفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەری.
پێشەکی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستـان تێبینی و هەڵوێستی حکومەت دەربارەی بودجەی پارو راپۆرتی لەسەر بوودجەی ۲۰۰۲ پێشکەش دەکات دوا بەدوای ئەوەش راپۆرت و تێبینییەکانی بودجەی دارایی و ئابوری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەخوێندرێتەوە پاش ئەوە دەست بە کفتوگۆ کردن و تێبینییەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەکەین. ئێستا تکا لە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستـان دەکەم بێتە ئێرە بۆ پێشکەش کردنی راپۆرتەکەی.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**((بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان))**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێزان جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران**

**ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، وەزیرە بەڕێزەکان، میوانانی خۆشەویست**

وەزارەتی دارایی و ئابووریی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای سڵاو وریز بودجەی ساڵی/ ۲۰۰۲ دوای ئەوەی لەگەڵ نوێنەران و پسپۆڕانی وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی سەر بە حکومەتی هەرێم گفتوگۆی لەسەر کراوە، دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەڕێز.
حکومەتی هەرێم لە ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی ساڵی داهاتوودا سوور بووە لەسەر ئەوەی کە بەردەوام بێ لە هەنگاوەکانی چاکسازیی دارایی و ئابووری و کارگێڕی، بە جۆرێک کە ئەم چاکسازییانە شان بەشانی رەوتی ئەو چاکسازییانە بن کە بەپێی پرۆگرامێکی فراوان و هەمە لایەن و بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ بڕیاری (۹۸٦)ی نەوت بەرامبەر بە خۆراک و دەرماندا، جێبەجێ دەکرێن.
بودجە بەڵگەنامەیەکە خەرجی و داهاتەکانی هەرێمی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و داهاتوو لە بواری

سالێكیدا بەشێوەیەكی نزیكی (تقدیری) دیاركردووە. ئەم بودجەش لەبەر رۆشنایی ئەو یاساو پەیرەو و رێنوێنی و ئامانجانەدایە كە حكومەتی هەرێم هەوڵیان بۆ دەدات. هەروەها لە چوارچێوەی ئەو رێنوێنییە گشتییانەدایە كە داوای كەمكردنەوەی خەرجی و هێنانە كایەی هاوسەنگیی دارایی لە بودجەدا دەكەن. بە گوێرەی ئەم رێنوێنییانە، بودجە زیاتر گرینگیی داوەتە پێویستییە ناچارییەكانی هەموو لایەنەكان، بەڵام یەكەمینایەتی دراوەتە ئەو خەرجییانەی كە بۆ خزمەتگوزاری راستەوخۆ بە هاوڵاتیان پێشكەش دەكرێن وەک فێركردن و تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییە زۆر پێویستەكان.

لە بودجەدا، ژمارەی ئەو پاتە پارانە بەرچاو دەكەوێ كەوا چاوەڕوانین لەسەرچاوە جیاوازەكانی داهاتی گشتییەوە دەستمان بكەوێ. هەروەها خەمڵاندنی ئەو ژمارانەی كە چاوەڕوان دەكرێ لە ماوەی داهاتوودا خەرج بكرێن. كەواتە ئەم ژمارانە بەشێوەیەكی نزیكین (واتە: تقدیرین) لە خەرجی و داهات. ژمارەی خەملێنراو (یان تەخمین كراو)یش لەوانەیە كەمی یان زیادەكییان تێدا رووبدات لەبەرئەوەی بۆ داهاتوو تەرخان كراون و بۆمان نالوێ ژمارەی راست و دروستمان دەست كەوێ.

لەبەرئەوەی كە نرخی دراوی نیشتمانیی لە بەرامبەر دراوی بیانیدا جێگرو چەسپاو نییە بۆیە بە گوێرەی پێویست دەسەڵاتمان بەسەر خەرجی و داهاتدا ناڕوات. هەروەها گرفتێكی تر ئەوەیە ئەو پارە كاغەزەی هەیە وردە وردە كۆن دەبێ و دادەڕزێ و جێگرەوەشی نییە، هەرچەندە فەرمانگەكانی حكومەت ئەگەر پاتی پارە لە (٢٥٠) دینار زیاتر بێ ئەوا چەک (صک) لە مامەڵەی رەسمیدا بەكار دەهێنن، بەڵام بڕێكی زۆر پارەی كاغەزی لەكاركەوتوو هەیە كە بۆ بەكارهێنان دەست نادەن. بەشێوەیەكی بەردەوامیش هەوڵمان داوە چارەسەرێک لە رێگەی نەتەوە یەكگرتووەكان یان بڕیاری ٩٨٦ بدۆزینەوە تاوەكو پارەی كاغەزی رزیو بگۆڕین بە پارەی نوێ بەڵام بێ سوود بووە.

بودجەی گشتی ئاوێنەیەكی باڵانمای دارایی حكومەتەو بەهۆی ئەوەوە حكومەت دەتوانێ كە فەرمانی هەموو فەرمانگەو دەزگاكانی خۆی پێ بخانە گەڕو لە هەمان كاتدا پێبەندی خۆی و بەڵێن و پەیمانەكانی بێنێتە دی، بێگومان بودجەی گشتی كارێكی بایەخداری كۆمەڵایەتی ئاشكرای هەیە، بەچاو خشاندنێک بە خشتەكانی بودجەی گشتی دا دەردەكەوێت كە حكومەتی هەرێمی كوردستان تا چ رادەیەک بایەخ بەباری گوزەرانی هەژاران و كەمدەستان دەدات باربووییان دەكات، هەروەها دەردەكەوێ تا چ ئەندازەیەک گرینگی بە دابینكردنی باری كۆمەڵایەتی و ئەندازەی مووچەو دەرماڵەی خانەنیشینان و شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان و تەرخانكردنی بەخشینەكان و باربوو و یارمەتی دانی لایەنە خێرخوازو كۆمەڵەو سەندیكا و یەكێتییەكان و هەروەها هەوڵەكانی لەم كەم كردنەوەی تەنگژەی سوكنا بە دابەش كردنی زەوی و خانووبەرە و بنیاتنانی خانوبەرەو ئاپارتمان و قەڵاچۆكردنی نەخۆشییە گشتییەكان و خۆپاراستن لە ئافات و نەخۆشی بیەكانی، هەروەها پاراستنی ئاسایش و تەناهی و مسۆگەر كردنی ژیانی هاووڵاتیان دەردەخات. بودجە بایەخێكی گرنگ بە هەموو بوارەكانی ژیانی گشتی دەدات، لە هەمان كاتدا رۆڵێكی كاریگەر لە ژیان و بەرەوپێش بردنی گەلاندا دەبینێ و دواخستن و نەرەخساندنی دەبێتە مایەی پەكخستنی زۆربەی خزمەتگوزارییە گشتییەكان، بەو جۆرە

دەردەکەوێ کە بودجە هەوڵی ئەوە دەدات کە پایەداری ئابووری بەدی بهێنێ و ئاستی کارکردنی گشتی بپارێزێ، بۆیە دەبێتە دەستەبەر و هۆکارێکی ئاسان بۆ هێنانەدی مەبەستە جۆراوجۆرەکانی حکومەت.

## یەکەم: داهات

لە هەلومەرجی ئێستادا داهاتەکان بایەخێکی گەورەیان هەیە لەبەرئەوەی ئەم داهاتانە سەرچاوەیەکی گرینگن لەسەرچاوەکانی سامانی گشتی. گەنجینەی گشتیش بەهۆی ئەم داهاتانەوە دەتوانێ خەرجی و تێچووی سەرجەم چالاکیی دەزگاکانی حکومەت دابین بکات. زیادبوونی ئەو داهاتانەش، دەبێ بە پاڵپشت بۆ بودجەی گشتی حکومەت لە پێناو ئەوەی ئەم بودجە گشتییە هێزو توانایەکی زیاتری هەبێ بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی سیاسەتی حکومەتی هەرێم لە بوارەکانی پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوەو و خزمەتگوزارییە جۆراو جۆرەکاندا.

کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتاوە دروشمی (ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و سەروەریی یاسا)ی بەرزکردەوە. لەم پێناوەشدا هەموو پێداویستییە بنەڕەتی و سەرەکییەکان دابین کران و دابین دەکرێن بۆ ئاوەدانکردنەوە وەک: کردنەوەی ڕێگەوبانی نوێ و قیرتاو کردنیان و، بنیاتنان و فرەوانکردنی ژمارەیەکی زۆری فەرمانگەو قوتابخانەو پەیمانگەو کۆلیج و نەخۆشخانەو بنکەکانی تەندروستی و مزگەوت و شوێنی پیرۆزی ئایینی و یەکەکانی نیشتەجێ بوونی بنەماڵەی شەهیدان و ئاوارەو دەرکراوەکان. ئەمانە سەرەڕای پرۆژەگەلی ئاوو ئاوەڕۆو کارەبا و تەندروستی و پەروەردەو فێرکردنی باڵا و گواستنەوەو گەیاندن و شارەوانی و گەشتوگوزارو هتد. جێبەجێ کردنی ئەم نەخشەو پرۆگرامانەش، وەک ئاشکرایە دەبن بە مایەی ئەوەی کەوا رووی شارستانییانەی کوردستانی ئازیزمان دەربکەوێ و، ئەو پەرەسەندنانەش بکەونە بەرچاو کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا روو دەدەن، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بە هەنگاوی گورج و خێرا رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

١ـ بەکارهێنانی شێوازی پێشکەوتوو بە ئامانجی سەرکەوتنی کردەوەی باج وەرگرتن و، چاودێری کردنی ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە دەدرێن بۆ بەرزکردنەوەی رادەی کۆکردنەوەو دڵنیابوون لە لێهاتووی باج وەرگران.

٢ـ چاودێریکردنی کەناڵەکانی باج وەرگرتن بە گوێرەی یاساو پەیڕەوەکان و، دەست نیشانکردنی کەموکورتییەکان و دانانی چارەسەری گونجاو بۆ ئەوەی یاساکانی باج وەرگرتن بەشێوەیەکی راست پیادە بکرێن.

بۆیە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە سەرجەم داوودەزگا بەرپرسەکان سووربوونی تەواو و بایەخی بەرچاو بە داهات بدەن، ئەمەش لە ڕێگەی بەدواداچوون و پەلەکردن لە وەرگرتن و دانەوەی قەرز یان فرەوان کردن و چەسپاندنی سەرچاوەکانی داهات بە شێوەیەکی باشتر. هەروەها لەناو بردنی ئاوەدیوکردن (تهریب) و خۆدزینەوە لە گومرگ و، هاندانی هاووڵاتیان کەوا کرێی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت وەک: کرێی ئاوو کارەباو تەلەفۆن ... هتد جێبەجێ بکەن.

داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی/٢٠٠٢ بە بڕی (١٨٢٨٠٤٥٩٨٢) دینار خەملێنراوە واتە بە زیادبوونی بڕی (٣٣٠٠٦٥١١٢) دینار لەچاو ساڵی رابردوو.

داهاتەکانی خەمڵێنراو لە بودجەی ساڵی/ ٢٠٠٢ لەسەر ئاستی مادده و جۆرو ژمارە

دابەشکراوە. باجی کاڵایی بەشی سەرەکی داهاتەکانە، کە ڕێژەکەی نزیکەی (٦٥٪)ی کۆی گشتی داهاتەکان پێک دێنێ. پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە تەموویل کردنی ئەم بودجەیە لەسەر ئەو داهاتە دەوەستێ کە خەمڵێنراوە و پێش بینی دەکرێت و جێبەجێ کردنی بە هێنانەدی ئەو داهاتانەوە پەیوەیستە. ئەمەی خوارەوە خشتەی داهاتەکانە لەسەر ئاستی ژمارەو لەسەر ئاستی بابەکان:

## داهات لەسەر ئاستی بابەکان

| ژمارەی باب | ناوی باب | بڕی پارە/ دینار |
|---|---|---|
| ٢ | سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | ٣٣ ٨١٩ ٠٠٠ |
| ٣ | وەزارەتی پەروەردە | ١ ٢٢٥ ٠٠٠ |
| ٤ | وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن | ٥٠٠ ٠٠٠ |
| ٥ | وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری | ١٦ ١٧٦ ٥٠٠ |
| ٦ | وەزارەتی ناوخۆ | ٣٠ ٣٢٢ ٠٠٠ |
| ٧ | وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار | ٣٦ ٢٤٩ ٠٠٠ |
| ٨ | وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن | ٦٤ ٤٣١ ٠٠٠ |
| ٩ | وەزارەتی رۆشنبیری | ٢ ٢٣٥ ٣٦٠ |
| ١٠ | وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی | ١١ ٦٢٣ ٠٠٠ |
| ١٢ | وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری | ٤٥ ٠٤٠ ٠٠٠ |
| ١٣ | وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی | ٢ ٠١١ ٥٠٠ |
| ١٤ | وەزارەتی دارایی و ئابووری | ١ ٥٣٩ ١٧٩ ٠٠٠ |
| ١٦ | وەزارەتی پیشەسازی و وزە | ٤ ١٤٦ ٦٢٢ |
| ١٧ | وەزارەتی داد | ٤١ ٠٨٨ ٠٠٠ |
| | کۆی گشتی | ١ ٨٢٨ ٠٤٥ ٩٨٢ |

**داهات لەسەر ئاستی ژمارەکان:**

١ـ باجی داهات و سامان (وەک: باجی دەرامەت، باجی خانوبەرە، فرۆشتنی چاپەمەنی، باجی پاشماوەکان، باجی زەوییەکان و هتد.. بە بڕی (٥٣٨٦٠....) دینار.

٢ـ باجی کـالا( وەک: رسـوومی گـومـرگی، رسـوومی بەرهەم هێنان و مـەکس) بە بڕی (١١٨٧٥٠٠٠٠٠) دینار.

٣ـ رسـوومی تر(وەک: رسوومی دڵنیـایی تەندروسـتی، رەسـمی فـرۆشـتنی پوول، رسـوومی ئۆتۆمـبێلەکـان، رسوومی تۆمارکـردنی زەوی، رسوومی دادگاکـان، روسـوومی هاوردەو هەناردن (استـیـراد وتصدیر)، رسوومی تۆمـارکـردن و بڵاوکـردنەوە، سەفـەر بۆ دەرەوەو هتـد..) بە بڕی (١٤٤٠٤٠٥٠٠) دینار.

٤ـ داهاتی بودجە لەسەرچاوەکانی تر (وەک: کەرەستەی نەوتی، قازانجی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی، سامانی کانزایی و هتد..) بە بڕی (٢٠٥٣٥٣٠٠٠) دینار.

٥ـ داهاتی سەرمـایەداری وەک (فـرۆشـتنی زەوی، فـرۆشـتنی خـانووبەرە، فـرۆشـتنی هۆیەکـانی گواستنەوە، فرۆشتنی ئامێرو تفاق، فرۆشتنی کەلوپەل و پێداویستی، فرۆشتنی ئاژەڵ، فرۆشتنی کتێب و گۆڤار، هتد..) بە بڕی (٢٣٢٨٥٠٠٠) دینار.

٦ـ داهاتی کرێی شتومەکی دەوڵەت (وەک کرێی خانوبەرە، کرێی شتومەکی دەوڵەت وەک زەوی، کرێی ئامـێرو کەلوپەل و هۆیەکـانی گـواستنەوە، کرێی زەویوزاری کشـتـوکـاڵی هتـد..) بە بڕی (٢٢٤٩٣٩٨٢)دینار.

٧ـ داهاتە گـوازراوەکـان وەک: (سوودی قـەرزە بەخـشـراوەکـان، داهاتی بانکە تایبـەتیـیـەکـان و هتد..) بە بڕی (٥٧٣٨٥٠٠٠) دینار.

٨ـ خزمەتگوزاریی فەرمانگەکان بۆ کەسانی تر (وەک: خزمەتگوزاریی راگەیاندن و گەشتوگوزارو مۆزەخانە، راژەی لاوان (وەک: داهاتی مەلەوانگەو یاریگەو هۆڵەکان)، خزمەتگوزاریی پێوەندی کـردن (وەک: داهاتی راژەی پێـوەندی و دانـان و گـواسـتنەوەی تەلەفـۆن و پۆسـتـە)، داهـاتی ئاوو ئاوەڕۆو کارەبا، رسـوومی پسـوولەی مـراجعەکـانی تەندروسـتی)، رەسمی پشـکنینی کەرەسـتەی خۆراکی و هتد..) بە بڕی (١١٠٠٨٦٠٠٠) دینار.

٩ـ داهاتە جیانەکراوەکان (وەک:ماڵی دەست بەسەرگیراو، فـرۆشتنی شتە ناپێویستـەکان و بێ کەڵکەکـان، داهاتی بیناسازی، نرخی لیسـتـەکـان و چاپەمـەنیـیـەکـانی تر، داهـاتی پەروەردە و فێرکردنی باڵاو هتد..) بە بڕی (٢٤٠٤٢ ٥٠٠) دینار.

**دووەم: خەرجییەکان**

**کەرتی فێرکردن:**

حکومـەتی هەرێم سوور بووە لەسـەر دابین کـردنی پێداویسـتـیـیـەکـانی بواری پەروەردە، وەک: پەرەپێدانی پرۆگرامەکان و هاندانی بزووتنەوەی دانان و تۆژینەوەی زانستی و وەرگێڕان و، دابین

کردنی پێداویستییەکانی ئەم کەرتە، هەروەها دەرکردنی رێنوێنی بۆ قوتابیان و ئاراستەکردنیان لەرووی زانستی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و هزرییەوەو، چاودێری کردنیان لە بواری مایەکی و واتایەکی (واتە: مادی و معنوی) و، هەڵگرتنی رەسمی گومرگ لەسەر هەموو ئەو کەرەستە و کەلوپەل و ئامێر و دەزگاگەلی تاقیگەو هۆی روونکردنەوەو فلیم و کتێب و ئەو چاپەمەنییە هاوردانەی کە خزمەتی مەبەستەکانی پەروەردە دەکەن.

پاتی تەرخانکراو بۆ کەرتی پەروەردە و فێرکردنی باڵا (واتە بۆ: پەروەردە، زانکۆو، پەیمانگەکان) بریتییە لە (٥٤١ ٩٧٧ ٠٠٠) دینار واتە بە رێژەی (٢١ر٢١ ٪)ی بودجەکە.

١ـ زانکۆی سەلاحەددین: لەبەر رۆشنایی خشتەی زانیارییەکانی زانکۆدا، دەتوانین سەرنجی ئەو فرەوانبوونە بدەین کە بە بەراورد لە نێوان سالانی رابردوو و ساڵی خوێندنی ٢٠٠١ ـ ٢٠٠٢دا روویان داوە:

| ز | بابەت | ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠ ـ ٢٠٠١ | ساڵی خوێندنی ٢٠٠١ ـ ٢٠٠٢ |
|---|---|---|---|
| ١ـ | کۆلیجەکان | ١٢ | ١٤ |
| ٢ـ | بەشەکان | ٤٥ | ٤٧ |
| ٣ـ | دەرسبێژو مامۆستایان | ٥٥٩ | ٧٣٧ |
| ٤ـ | فەرمانبەران | ١٣٦٤ | ١٣٨٤ |
| ٥ـ | فەرمانبەران و دەرسبێژانی بەگرێ بەست | ٨٩ | ٨٩ |
| ٦ـ | قوتابیان | ١٠٥٣١ | ١١٦٠٠ |
| ٧ـ | بەشەکانی ناوخۆ | ٢٧ | ٣٤ |
| ٨ـ | قوتابیانی ماستەر | ١٥١ | ٧٧ |
| ٩ـ | قوتابیانی دکتۆرا | ٥٢ | ١٤ |

وەک لەسەرەوە تێبینی دەکەین دوو کۆلیجی تازە کراونەتەوە کە ئەوانیش کۆلیجی ئامادەکردنی مامۆستایان و کۆلیجی نەخۆشیارین، سەرەڕای کردنەوەی بەشی کۆمپیوتەر لە کۆلیجی ئەندازەدا.

٢- زانکۆی دهۆک:

زانکۆی دهۆک (٩) کۆلیج بە (٢١) بەش دەگرێتە خۆ. بەشێکی نوێ لە کۆلیجی کشتوکاڵ کراوەتەوە بەناوی بەشی (گڵ و ئاو) هەروەها بەشێک لە کۆلیجی ئەدەبیات بەناوی (مامۆستای سەرەتایی).

٣- دەستەی پەیمانگە تەکنیکییەکان:

ئەمانەش (٥) پەیمانگەی تەکنیکین و، دوو پەیمانگەی تریش بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠١-٢٠٠٢ کراونەتەوە.

پەیمانگەکان ئەمانەن:

- پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر: (١٤) بەش دەگرێتە خۆو، ئەمساڵیش بەشی (دەرمانسازی) کراوەتەوە. بەمەیانەوە دەبێت بە (١٥)بەش.

- پەیمانگەی تەکنیکی دهۆک: (٦) بەش دەگرێتە خۆو، ئەمساڵیش بەشی نوێ کراونەتەوە کە بەشی (بیناسازی)و (نەخۆشیاری)و (شیکردنەوەی نەخۆشییەکان)ن. بەمانەوە دەبن بە (٩) بەش.

- پەیمانگەی تەکنیکی شەقلاوە: ئەم پەیمانگەیە (٤) بەش دەگرێتە خۆو، بەشێکی تازەش بەناوی بەشی سکرتاریەت کراوەتەوە. بەمەوە دەبێ بە (٥) بەش.

- کردنەوەی پەیمانگەی تەکنیکی نوێ:

١- پەیمانگەی تەکنیکی لە ئاکرێ: کە بەشی سیستەمی کۆمپیوتەری تێدایە و (٢٥) قوتابی کوڕو کچی لێ وەرگیراوە.

٢- پەیمانگەی تەکنیکی سۆران: کە دوو بەش دەگرێتە خۆ بەناوی بەشی سیستەمی کۆمپیوتەرو بەشی پەلی دەستکرد (الاطراف الاصطناعیە). (٢٥) قوتابی کوڕو کچ لە هەر یەکە لەم بەشانە وەرگیراون.

**کەرتی پەروەردە:**

لە پێناو بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری و پێگەیاندنی نەوەیەکی خوێندەوار لە کوردستاندا، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی کارمەندانی ئەم بوارە بە گوێرەی بنەمای زانستی و هاوسەردەم، کەرتی پەروەردە شێوازی نەخشەکێشانی پەروەردەییانەی گرتووەتەبەر و هەوڵی داوە پرۆسەی پەروەردە لە کوردستاندا بەرەوپێش ببات. ئەم کەرتە فرەوانبوونێکی بەرچاوی بەخۆوە

بینیوه. خشتەی خوارەوە ئەمەمان بۆ روون دەکاتەوە:

| ز | بابەت | ساڵی خوێندنی ١٩٩٩ ـ ٢٠٠٠ | ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠ ـ ٢٠٠١ |
|---|---|---|---|
| ١ـ | ژمارەی قوتابخانەکان | ١٧١٩ | ١٩٧٦ |
| ٢ـ | ژمارەی قوتابیان | ٤٦٠٦٩٤ | ٤٨٠٣٥١ |
| ٣ـ | ژمارەی مامۆستایان | ٢١ ٦٥٦ | ٢٢ ٦٦٠ |

بۆ ئاگاداری بەڕێزتان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠١ـ ٢٠٠٢، (١٦٧٨) مامۆستای سەرەتایی و ناوەندنی و دواناوەندی دامەزراون.

(٤٥) بەشی ناوخۆیی هەیە و (٤٣٩) ئوتومویێلی بەکرێ بۆ گواستنەوەی مامۆستایان.

**پەیمانگە تازەکراوەکان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠١ـ ٢٠٠٢:**

١ـ پەیمانگەی ئامادەکردنی مامۆستایان ـ سۆران.

٢ـ پەیمانگەی ئامادەکردنی مامۆستایان ـ مێرگەسۆر.

٣ـ پەیمانگەی ئامادەکردنی مامۆستایان ـ زاخۆ.

بەهۆی کەموکورتی لە ژمارەی کادیری فێرکردن و، بۆئەوەی فێرکردن لە قوتابخانەکاندا نەوەستێ، بڕیاردرا دەرماڵەی زیاد بۆ ئەو مامۆستا دەرسبێژانەی کە دانیشتووی هەولێرو دهۆکن و لە قوتابخانەکانی ئاکرێ دەرس دەڵێنەوە، سەرف بکرێت. بۆ مامۆستایانی دەرسبێژ واتە: مدرس (٣٠٠) دینارو بۆ مامۆستایانی فێرکار واتە معلم (٢٠٠) دینار مانگانە. هەروەها سەرف کردنی کرێی موحازەرات بۆ ئەو دەرسانەی زەحمەتن. هەندێک دەرسی زانستی، کادیری فێرکردنی تایبەتمەندیان نییە بەتایبەتیش لە قوتابخانە ئامادەییەکانی پارێزگای دهۆک.

ئەو مامۆستایانەش کە بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرایان هەیەو، لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەدا لەکاری فێرکردندا بەشداری دەکەن، هەموو ئەو مافانەیان هەیە کە هاوشێوەکانی خۆیان لە زانکۆو پەیمانگاکاندا هەیانە.

**وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

ئەم وەزارەتە سوور بووە لەسەر بلاوکردنەوەو گەیاندنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و کۆمەلایەتی و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی تەندروستی و پزیشکی و، دابین کردنی چاودێری کۆمەلایەتی و بایەخدان بە خزمەتگوزارییەکانی دایکایەتی و مندالییەتی و، تەندروستی قوتابخانەو تەندروستی خێزان.

بڕی (٢٤٠١٠٨٠٠٠) دینار بۆ ئەم وەزارەتە تەرخان کراوە، واتە بە ڕێژەی (٤٠ر٩٪) لە بودجەو بە زیادەی (٣٠١٠٨٠٠٠) دینار لەچاو سالی ٢٠٠١دا.

جگە لەمانە ئەرکی بەرچاوی ئەم وەزارەتە بریتی بوو لە:

١- بایەخدان بە چارەسەرکردن و تەندروستی هاوولاتیان و هەژاران و نەداران و نابینایان، ژمارەی ئەو نابینایانەی کە هەتا ئێستا مووچەیان بۆ سەرف دەکرێ گەیشتووەتە (٧٠٧) نابینا.

٢- دەرچوونی بڕیار بۆئەوەی دەرچووانی کۆلیجی زانیاری بەشی کیمیا و بایۆلۆجی، یاسای پلە پلەی فەرمانبەریەتی (تدرج وظیفی) بیانگرێتەوەو دەرمالەی هاندانەتی واتە: (المخصصات التشجیعیە)، بە گوێرەی دووریی جوگرافی و مانگانە لە (١٠٠) تا (١٥٠) دینار بەپێی ئەو ڕێنوێنییانەی لەلایەن وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتییەوە دەردەکرێن بۆیان خەرج بکرێت.

٣- بایەخدان بە خانەگەلی چاودێری کۆمەلایەتی بۆ بچووک و گەوران، بۆ کوڕان و کچان و بەسالداچووان و دایەنگەی مندالان.

٤- هەبوونی (٦) پەیمانگە کە ئەوانیش پەیمانگەی کەڕو لالان لە هەولێرو لە دهۆک، پەیمانگەی نابینایان و پەیمانگەی پاشکەوتووان و پەیمانگەی ڤنسنت (بۆ دەست و قاچ)

کە ژمارەی قوتابیانیان (٨٩٦) قوتابی بووە لە سالی ٢٠٠١ و بۆ سالی ٢٠٠٢ ژمارەی قوتابیان گەیشتۆتە (٩٧٥) قوتابی.

٥- هەبوونی (٥) قوتابخانەی ئامادەیی بۆ تەندروستی مامانی.

٦- هەبوونی (٤) قوتابخانەی ناوەندی بۆ نەخۆشیاری کە ژمارەی قوتابییەکانی (٥٥٠) قوتابییە.

٧- ئامادەکردنی کادیری ناوەڕاستی لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان.

بایەخدانی حکومەتی هەرێم بە تەندروستی و فراوان کردنی و پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان، زیادبوونەکەی لەم خشتەی خوارەوەدا بەرچاو دەکەوێ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، حەز دەکەم توجیهەک بدەم ئەمە پیشاندانی چالاکی وەزارەتەکان نییە بەلکو ئەو فراوان بوونەی کە بۆتە هۆی زیاد بوونی خەرجییەکان، تەنیا ئەوەیە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راپۆرتەکە زۆر رێک و پێکەو لەجێی خۆیەتی. فەرموو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/وەزیری دارایی و ئابووری:**
زیادبوونەکەی لەم خشتەی خوارەوەدا بەرچاو دەکەوێ:

| ئامار | ساڵی ٢٠٠٠ | ساڵی ٢٠٠١ |
|---|---|---|
| ژمارەی بنکە تەندروستییەکان | ٢٣٠ | ٢٤٣ |
| ژمارەی پزیشکان | ٨٢٧ | ٩٠٥ |
| ژمارەی دەرمانسازان | ٥٦ | ٦٢ |
| ژمارەی خانەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی | ١٤ | ١٥ |
| ژمارەی ئەوانەی لە خانەکانی چاودێرین | ٩٢٠ | ٩٤٥ |
| ژمارەی پەرستاران | ١٠٤٢ | ١٦٥٢ |
| ژمارەی برین پێچان | ٢٦٠ | ٢٧٠ |
| یاریدەری پزیشک | ٤٨٣ | ٦١٩ |
| بایۆلۆجی | ٨٥ | ١٥١ |

**شارەوانییەکان:**
بەگوێرەی یاسای کارگێڕیی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣، داهاتی شارەوانی و قازانجی پرۆژەکانی و، داهاتی زیندەماڵ و مردەماڵ (واتە اموال منقولە وغیر منقولە)یان و کۆکردنەوەی ئەم داهاتانە بە گوێرەی یاسا دەچێتە ناو گەنجینەی شارەوانییەوە.
چەندان شارەوانی نوێ لە مەڵبەندو ناوچەکان (واتە قەزاو ناحیەکان)و کۆمەڵگەکاندا کراوەتەوە کۆی گشتی شارەوانییەکان گەیشتۆتە (٨٥) شارەوانی.لە زۆربەی شارەوانییە کۆنەکان و تازەکاندا داهات بەشی مووچەی فەرمانبەرانی خۆیان ناکات. بەگوێرەی ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠١دا کە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەرچووە (واتە یاسای کارگێڕی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق) سەرۆکی شارەوانی و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی ئەوانەی کە فەرمانبەرنین مافی ئەو پاداشتانەی خوارەویان بەشێوەی مانگانە هەیە:

| ئەندام | سەرۆک | پلە | ز |
|---|---|---|---|
| ۱۰۰۰ دینار | ٤۰۰۰ دینار | تایبەت: ناوەندی پایتەختی هەرێم | ١ـ |
| ۸۰۰ دینار | ۳۰۰۰دینار | نایاب: شارەوانییەکانی ناوەندی پارێزگاکان | ٢ـ |
| ۷۰۰ دینار | ۲۰۰۰دینار | یەکەم: ئەو شارەوانییانەی ژمارەی دانیشتوانیان لە (۷۵)هەزار کەمتر نییە. | ٣ـ |
| ٦۰۰ دینار | ۱۷۵۰دینار | دووەم: ئەو شارەوانییانەی ژمارەی دانیشتوانیان لە (۱٥)هەزار کەمتر نییە. | ٤ـ |
| ٥۰۰ دینار | ۱٥۰۰دینار | سێیەم: ئەو شارەوانییانەی ژمارەی دانیشتوانیان لە (٥)هەزار کەمتر نییە. | ٥ـ |
| ٤۰۰ دینار | ۱۰۰۰دینار | چوارەم: ئەو شارەوانییانەی ژمارەی دانیشتوانیان لە (٥)هەزار کەمتر نییە. | ٦ـ |

دوای چاوپێگێڕانەوە بە رادەی رەسم و مز (واتە: اجور) و کرێ (واتە: ایجار) و فرۆشتنی زەوی، بڕی ۱۰۰ ملیۆن دینار لە بودجەی وەزارەتی دارایی و ئابووری وەکو خەلات (منحه) تەرخان کراوە بۆ پشتیوانی لە شارەوانییەکان، هەوڵیش دراوە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێی داهات بۆ شارەوانییەکان تاوەکو بتوانن خەرجییەکانی خۆیان رایی (تغطيه) بکەن و باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاووڵاتیان بکەن.

هەروەها فەرمانگەکانی ئاوو ئاوەڕۆ لە پارێزگاکاندا، بەهۆی زیادبوونی ژمارەی بیرەکانی ئیرتیوازی و پرۆژەکانی ئاو لە پێناو فرەوانکردنی بزووتنەوەی ئاوەدانکردنەوەدا، خەرجییان زیاد بووە. هەروەها زیادبوونی ژمارەی مولیدەکانی کارەبا لە ئەنجامی نەبوونی وزەی کارەباوە، بووەتە هۆی دروست بوونی خەرجییەکی زیادە. ئەمەی لای خوارەوە خشتەیەکە ئەمانەمان بۆ روون دەکاتەوە:

| مولیدەکانی کارەبا بە قەبارە جیاوازەکانەوە | پرۆژەکانی ئاو | بیرەکانی ئیرتیوازی | ناونیشان | ز |
|---|---|---|---|---|
| ٥٦٥ | ۲۰ | ٥٥۰ | پارێزگای هەولێر | ١ـ |
| ۲۸۰ | ۷۰ | ۲۸۰ | پارێزگای دهۆک | ٢ـ |

هەتا ئێستا پاتێکی گەورەی پارە بۆ گەیاندنی ئاو بە هاووڵاتیان سەرف دەکرێت ئەمەش بەهۆی بەکرێ گرتنی تانکەری ئاو لە کۆمەڵگاو گوندەکانی سنوری هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک کە ئەمانەش خەرجییەکی زۆری ساڵانەیان هەیە. ئەم گیروگرفتانە بەهۆی کەمیی ئاوی خواردنەوە لە ئەنجامی هیشکەساڵیی ساڵانی رابردووەوە پەیدا بووە.

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی:**
لەپێناو برەوپێدانی و شیاریی ئیسلامی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئیسلامی و بایەخدان بە ئایینە ئاسمانییەکان و ڕێزگرتن لە زانایانی ئایینی و پاراستنی پایەی کۆمەڵایەتییان و، دەستەبەرکردنی هەر پێداویستییەکی کە بۆ بەجێ گەیاندنی چالاکیی ئایینی و نیشتمانیی و کۆمەڵایەتییان پێویست بێ: پاتی (٥٥ ٥٨٢ ٠٠٠) دینار بۆ ئەم وەزارەتە دانراوە کە بەرێژەی (١٨ر٢٪)ی بودجەیەو بە زیادەی (٧ ٢١٠ ٠٠٠) دینارە.
ژمارەی (٢٠٨٩) مزگەوت و تەکیە و شوێنی پیرۆز هەن کە (١٥١٣)یان لە هەولێرن و (٥٧٦)یان لە پارێزگای دهۆکن. بایەخ پێدان ئەم لایەنانەی خوارەوەی گرتووەتەوە:
١ـ دروستکردن و چاککردنەوەو دابین کردنی کەلوپەل بۆ مزگەوت و کەنیسەو خانەکانی خوا پەرستی و شوێنە پیرۆزەکان.
٢ـ بایەخدان بە پەیمانگەو قوتابخانە ئاینییەکان کە بریتیین لە سێ پەیمانگە بۆ ئیمام و خەتیبان و شەش ئامادەیی ئیسلامی و هەشت ناوەندی ئیسلامی و دابین کردنی پێداویستییەکانی بەشە ناوەخۆیەکانی قوتابیان.
٣ـ ئەنجامدانی سێ خولی بەردەوام بۆ لەبەر خوێندنی قورئانی پیرۆز و خولی بەهێزکردنی ئیمام و خەتیبان.
بۆ ئاگاداری بەڕێزتان دەرماڵەی قوتابیان بەم شێوەیەی خوارەوە سەرف دەکرێت:
(٥٠) دینار بۆ قوتابیانی پەیمانگاکان ئەوانەی لەناو شارن، (١٥٠) دیناریش بۆ قوتابیانی دەرەوەی شار (٧٠) دینار مانگانە بۆ قوتابیانی ئامادەیی و ناوەندییەکان و (١٠٠) دیناریش مانگانە بۆ قوتابیانی خولەکانی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز.
ئەو کادیرانەی مەرجی دامەزراندنیان نییە ژمارەیان (١٩١٨) کەسە کە مانگانە دەرماڵەی (بڕ)یان بۆ سەرف دەکرێت واتە (٧) دینار بۆ مجێور، (٨٠) دینار بۆ ئیمام و (١٠٠) دینار بۆ ئیمام و خطیب.
ژمارەی قوتابیان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠١ ـ ٢٠٠٢ بریتییە لە (١٠٤٥) قوتابی بە زیادەی (٣٣٢) قوتابی لە ساڵی خوێندنی ناوبراودا.
**وەزارەتی پیشەسازی و وزە:**
فەرمانگەکانی وەزارەتی پیشەسازی و وزە لە جۆری (خۆبژێین ـ تمویل ذاتی)ن بەڵام هێشتا هەندێ لە فەرمانگەکانی ئەم وەزارەتە داهاتیان ناگاتە ڕادەی خەرجییان.
**١ـ کارگەو کۆمپانیاکان:**
ناتوانن بە تەواوی وزەی خۆیان کار بکەن لەبەر دوو هۆ:
**هۆی یەکەم:** سەختی و زەحمەتی لەهێنانی هەندێک لەو کەرەستانەی کە بۆ کردەوەی بەرهەمهێنان پێویستن وەک کەرەستەی خاوو ئامێری سپێر. هەروەها سەختی و زەحمەتی لە هەناردنە دەرەوەی

ئەو کاڵاو کەلوپەلانەی کە بەرهەمی ئەم کۆماپانیاو کارگانەن.

**هـــۆی دووەم:** ئامێرو مەکینەی ئەم کارگانە کۆنن و دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی ۱۹۷۰. ناکرێ بەم ئامێرو مەکینانەوە پێشبڕکەی ئامێرو مەکینەی هاوسەردەم بکرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئامێری سپێری ئەم مەکینەو ئامێرانە لە بازاڕی ناوخۆو دەرەوەدا دەست ناکەون.

**۲ـ کارەبا:**

ئێستا کارەبای دوکان بڕی (۱۵) میگاوات کارەبا دەدات بە هەولێر کە ئەمەش بەشی پێویستی نەخۆشخانەکان ناکات هەرچەندە کە وەزارەتی دارایی و ئابووری ساڵانە پاتی (۱۸) ملیۆن دینار واتە هەر مانگەی ملیۆن و نیوێک دینار لە بەرامبەری ئەمەدا دەدات بە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی وەک مووچەی مانگانەو خەرجییان.

کارەبای موسڵ بڕی (۲۰) میگاوات دەدات بە پارێزگای دهۆک کە ئەمەش بەشی پێویستی نەخۆشخانەکان ناکات هەرچەندە وەزارەتی دارایی و ئابووری پاتی (۱۲) ملیۆن دینار ساڵانە واتە هەر مانگەی یەک ملیۆن دینار لە بەرامبەری ئەمە دەدات.

بۆ دابین کردنی کارەبا بۆ هاووڵاتیان و کەرتی گشتی، موەلیدەی قەوارە جۆراوجۆر بەتایبەتیش لە گەڕەکە میللییەکان دانراوە کە لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم و لە ڕێگای بڕیاری (۹۸٦)ی نەوت بەرامبەر بە خۆراک و دەرمانەوە دابین کراون. ئەمانەش بە زەحمەت سووتەمەنییان بۆ دابین دەکرێ.

ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە وردایەتییەکان:

**یەکـەم:** ۲۰۷ موەلیدە لە پارێزگازی هەولێردا هەن کە بەردەوام ژمارەشیان زیاد دەبێت و ڕۆژانە (٤٤ ۷۰۰) لیتر گازوایلیان پێویستە.

**دووەم:** (۱٤۹) موەلیدە لە پارێزگای دهۆکدا هەن کە بەردەوام ژمارەشیان زیاد دەبێت و ڕۆژانە (۲۳ ٦۹۰) لیتر گازوایلیان پێویستە.

**سێیەم:** ٤ موەلیدەی وارسیلا کە ڕۆژانە ٦۰۰۰۰ لیتر گازاویلیان پێ دەوێ.

**چـــوارەم:** ۲ ویستگەی (۲۹) میگاوات لە هەولێر و دهۆک کە ڕۆژانە زیاتر لە ۲۰۰۰۰۰ لیتر گازوایل وەردەگرن. ئەوە کە پێیان دەدرێت ئەگەر نا ڕۆژانە هەر محەتەیەکی (۲۹) میگاواتی لە (۱۳۰ ـ ۱۵۰) هەزار لیتر گازوایلی پێویستە.

**بەروبوومی نەوتی:**

بڕێک بەروبوومی نەوتی کە ڕۆژانە لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە دەنێردرێ و لەسەر ئەم بناخەیە پلانی دارایی ساڵی ۲۰۰۲ دانراوە:

| ز | پارێزگا | بەنزین/لیتر | نەوت/ لیتر | گازوایل/ لیتر |
|---|---|---|---|---|
| ١ـ | هەولێر | ٣٥٠ ٠٠٠ | ٣٦٠ ٠٠٠ | ٢٧٠ ٠٠٠ |
| ٢ـ | دهۆک | ١٥٠ ٠٠٠ | ٢٩٠ ٠٠٠ | ٢٣٠ ٠٠٠ |
| | کۆی گشتی | ٥٠٠ ٠٠٠ | ٦٥٠ ٠٠٠ | ٥٠٠ ٠٠٠ |

ئەنجامدانی پلانی دارایی ساڵی ٢٠٠٢ بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی نەوت:

| ز | ناونیشان | خەرجی بە دینار | داهات بە دینار |
|---|---|---|---|
| ١ـ | بەڕێوەبەرایەتی دابەش کردنی نەوتی هەولێر | ٦٠ ٦٢٠ ٠٠٠ | ١٦٢ ٤٥٠ ٠٠٠ |
| ٢ـ | بەڕێوەبەرایەتی دابەش کردنی نەوتی دهۆک | ٤٠ ١٣٨ ٠٠٠ | ١٢٠ ١٠٠ ٠٠٠ |
| | کۆی گشتی | ١٠٠ ٧٥٨ ٠٠٠ | ٢٨٢ ٥٥٠ ٠٠٠ |

جیاوازییەکەیان (٠٠٠ ٧٩٢ ١٨١) دینار قازانجە.

وەزارەتی پیشەسازی و وزە لە ڕێگای فەرمانگەو کارگەو کۆمپانیاکانییەوە بە بڕی (٠٠٠ ٧٠٣ ١٨٧) دینار پشتیوانی لە بودجەی حکومەتی هەرێم دەکات کە (٧٩٫٦٣٪) لە فرۆشتنی بەرهەمەکانی نەوت سەرچاوە دەگرێ. جێبەجێ کردنی ئەم پلانە دارایی یەش پەیوەندی بە بواری رامیارییەوە هەیە لە ساڵی ٢٠٠٢دا رەنگە بەئەنجام بگات و لەوانەشە جێبەجێ نەبێت.

**وەزارەتی رۆشنبیری:**

ئەرکی رەچاوکراوی ئەم وەزارەتە بریتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی رەسەنایەتیی کولتووری کوردی بەجۆرێک کە هاوشان و تەبا بێ لەگەڵ داوونەریتە بەرزەکانی کۆمەڵەی کوردەواری و ئامانجەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و ئاسۆی دیموکراسی و، پەرەسەندنی گیانی تەبایی و برایەتی

نێوان رۆڵەکانی گەلی کوردستان و دامەزراندنی پێوەندیی کولتووری نێوان گەلی کوردو گەلانی ناوچەکەو جیهان. ئەمانەش لە رێگەی هاندانی بزاڤی دانان و وەرگێڕان و بلاوکردنەوەو یارمەتیدانی نووسەران و ئەدیبان و شاعیران و هونەرمەندان لە بلاوکردنەوەو نیشاندانی بەرهەمەکانیان. هەروەها هاندانی بەهرەی ئەدەبی و هونەری و زانستی و وەزرشی و لاوان و پشتیوانی لە بزاڤی وەرزش و دیدەوانی و لاوێتی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەمانە جگە لە هاندانی بزاڤی شانۆ و هونەرە میللییەکان و پشتیوانی لە یەکێتی و رێکخراوو یانەو تیپەکانی رۆشنبیری و ئەدەبی و میللی. هەروەها کۆلینەوەی شوێنەوارو دامەزراندنی مۆزەخانەیەکی نیشتمانیی و مۆزەخانەیەکی خۆجێی و پشتیوانی کردن و پاراستنیان.

هەروەها دەرکردنی گۆڤارو رۆژنامە بەم شێوەیەی لەم خشتەیەدا روون کراوەتەوە :

| ز | ناوی گۆڤار | جۆرەکەی |
|---|---|---|
| ١- | کاروان | مانگانە |
| ٢- | دجلە | مانگانە |
| ٣- | هەنگ | مانگانە |
| ٤- | بارش | وەرزی |
| ٥- | پانیپال | وەرزی |
| ٦- | ئاسۆی فۆلکۆر | وەرزی |
| ٧- | سینەماو شانۆ | نیو سالی |
| ٨- | هەرێم | نیو مانگی |
| ٩- | وەرزش | هەفتەیی |
| ١٠- | شانەدەر | نیو سالی |

ژمارەی یانەکان (٥٢) یانەی وەرزشی و (١٠) بنکەی لاوانە. نیاز هەیە چەندان بنکەی تر لە سالی ٢٠٠٢دا لەناوچەکانی سەرسەنگ، قەسرۆک، خەبات، مێرگەسۆر و چۆمان بکرێتەوە. ئەم بنکانەش چالاکی وەرزش و هونەری و کلتووری و زانستییان هەیە بۆ ئەو لاوانەی تەمەنیان تا هەژدە سالییە. ژمارەی تیپە میللەکان دەوروبەری (٨٠٠) تیپە، تیپە هونەرییەکانیش

دەوروبەری (١٤) تیپن. بنکە رۆشنبیرییەکان ژمارەیان دەوروبەری (١٨) بنکەیە، بەڵام کۆمەڵە رۆشنبیرییەکان (٨) کۆمەڵەیە.

**وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری:**

ئەرکی ئەم وەزارەتە پێوەندی کردنە بە رێکخراوە مرۆڤایەتی و سیاسییەکان و دەزگاکانی راگەیاندن. هەروەها هاوئاهەنگیی نێوان رێکخراوە جیهانییەکان و ئەنجومەنی وەزیران و رێکخستنی پێوەندی و هاوکاری کردن لەگەڵ رەوەند (واتە: جالیە)ی کورد رێکخراوەکانیان لە دەرەوەی هەرێمدا.

لە ئەنجامی بەرفرەوان بوونی ئەرک و کارەکانی وەزارەت لە بواری سەردانی هاوولاتیان بۆ دەرەوە و کردنەوەی چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی سەفەر لەناوەوەی هەرێمدا، بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بۆ سەرپەرشتی ئەم کارانە لە نوێ کراوەتەوە بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەفەر). هەروەها لە ئەنجامی فرەوانبوونی پێوەندییە نێو دەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان و کرانەوەی نوێنەرایەتی هەرێم لە زۆر وڵاتدا، بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی کراوەتەوە بۆ نوێنەرایەتییەکانی حکوومەتی هەرێم لە دەرەوەدا. ئەو نوێنەرایەتییانەش ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەیان پێ دراوە:

أ- نووسینەوەی پاشماوە (تحرير التركات).

ب - راگەیاندنی مامەڵەی دادوەری.

ج - دەسەڵاتی نووسیاری داد (یان: دادنووس).

د - جیبەجێ کردنی داواکانی بریکاریەتی لە لێتوێژینەوەدا.

هـ- بریکاریەتی لە سوێندن خواردن.

و - هەواڵ گەیاندن لە بارەی مامەڵەی باری شارستانی (ئەحوالی مەدەنی)و کاری کۆنسوڵایەتی.

هەتا ئێستا (٧) نووسینگە لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا کراونەتەوە کە نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لە دەرەوەدا دەکەن و ژمارەشیان لە زیادبووندایە.

هەروەها وەزارەت هەوڵی چاک دەدات لە پێناو هاودەنگیی نێوان رێکخراوەکانی سەر بە بڕیاری ٩٨٦ لەگەڵ وەزارەتە پێوەندیدارەکاندا.

**وەزارەتی داد:**

ئەرکی ئەم وەزارەتە بریتییە لە جێبەجێ کردنی دادپەروەری، ئەویش لە رێگەی پەرەپێدان و بەجێ هێنانی یاساو رێزگرتن لە ناوەڕۆکی یاسا بەجۆرێک کە پرەنسیپی سەرفرازی یاسا بپارێزێ. هەروەها بەرگری لە مافی مرۆڤ بەگوێرەی جارکێشانی جیهانیی مافی مرۆڤ و بەڵێن و بەڵگەنامە نێودەوڵەییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ. ئەم وەزارەتە فرەوان بوونێکی بەرچاوی لە بواری کارگێریدا بەخۆوە بینیوەو فەرمانگەکانی سەر بەم وەزارەتە بۆ مەڵبەندو ناوچەکان (واتە: قەزاو و ناحیەکان) گەڕاوەتەوە، ژمارەی دادگاکان لە هەولێر و دهۆک گەیشتۆتە (٤١) دادگا.

لە پێشنیارەکانی وەزارەت بۆ ساڵی ٢٠٠٢ کردنەوەی دادگەی بەراییە لە هەریر و چۆمان و مێرگەسۆر.

**وەزارەتی (ئەشغال) و (وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان):**

ئەرکی ئەم وەزارەتانە بریتییە لە جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی بواری بیناکاری و نیشتەجێ کردن و ڕێگەوبان و پردو ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی پێویست لەم بوارانەدا. هەروەها سەرپەرشتیی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی سەرشانیان و لێدانی ڕێگەوبانی گشتی و چاکردنەوەیان لە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکاندا. وێڕای ئەمەش لێکۆڵینەوەو ئامادەکردنی پلانی سیاسەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان لە بواری بنیاتنانی شارو گوندو بیناکاری و داودەزگای گرینگ و ڕێگەوبان و پرد و بەشداری لە رامالینی بەفر لە ڕێگەوبانە گشتی و لاوەکی و تایبەتەکان لە ناوچە سنوورییەکانداو ڕێگەوبانی گوند و دێهات لە وەرزی زستان و مسۆگەر کردنی ئاوی خواردنەوە لە گوند و لادێیەکانداو بەشداری کردنی هەڵمەتی پەرەپێدانی شاری هەولێر لەگەڵ وەزارەتی شارەوانیی و گەشتوگوزاردا. هەردوو وەزارەت خاوەن (٧٥٥) مەکینەو ئامێری جۆراوجۆرو (٣٩) کارگەی قیرو بەردشکێن و بەردشۆرو هی ترن.

**وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری:**

ئەرکی سەرشانی ئەم وەزارەتە بریتی بووە لە دانانی نەخشەو پلان بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی رووەکی و ئاژەڵی و پاوانە سروشتییەکان. هەروەها پشتیوانی لە خزمەتگوزاریی رێ پیشاندان (واتە: ارشاد) و دابین کردنی پێداویستییەکانی بەرهەمی کشتوکاڵی.

وێڕای ئەمانەش پلان دانان بۆ داهاتی ئاو (الواردات المائیە) لە هەرێم و هەڵبەستنی بەنداو و پرۆژەی ئاودێری و هەوڵدان بۆ پەیداکردنی تۆوی چاککراوو پەینی کیمایی و قەلاچۆکەری مێروو (مبیدات الحشرات) و زیندووکردنەوەو پەرپێدانی پرۆژەگەلی سامانی ئاژەڵی و پاشکۆکانیان لە هەرێمدا. هەروەها وەدەست خستنی داوودەرمان و کوتانی مالات و گرتنەبەری رێو شوێنی پێشکەوتوو لە چارەسەری نەخۆشییە لەیەکتر گرەوەکان و خۆپارێزی لێیان.

أ- بەڕێوەبەرایەتییەکانی کشتوکاڵ خاوەن ئەمانەن:

٣٠ لقی کشتوکاڵی.

١٣ بنکەی رێ پیشاندان.

١٥ بنکەی پاراستنی کشتوکاڵی.

٦٥ چەنەرەتۆر.

٤٥٠ ئۆتۆمۆبێل و ئامێر.

٨ دەزگای پاکژکردنەوەی نیسک.

٤ دەزگای پاکژکردنەوەی برنج.

٤ دەزگای پاکژکردنەوەی چەو.

٤ دەزگای پاکژکردنەوەی تۆ.

ب - بەڕێوەبەرایەتییەکانی سامانی ئاژەڵ خاوەن (٤٢) بنکەی مالاتن (بەیتەرە) و نیازوایە بۆ

ساڵی ۲۰۰۲ بنکەی نوێ بکرێتەوە.
زۆر تیپی جۆراوجۆر هەن کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵی و مالاتین، ئەوانیش:
۱ـ زیاتر لە ٤٠ تیپ هەن کە مانگانە لە هەڵمەتی کوتان لە گوند و دێهاتدا کار دەکەن.
۲ـ زیاتر لە ٥٥ تیپ هەن مانگانە لە بواری کوتانی دەستکرددا کار دەکەن.
۳ـ تیپی ڕێ نیشاندانی بەیتەری کە مانگانە (٥ـ ۷) ڕۆژ لە ڕێ نیشاندانی ئاژەڵیدا کار دەکەن.
ج ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاودێری و بەنداو و داهاتی ئاوی: ئەمانەش بۆ پاراستن و چاکردنی زەوی و پرۆژەگەلی ئاودێری کاردەکەن. کەرستەکانیان: ١٥ ئۆتۆمۆبێل، ۷ لۆری، ٦ تانکەر، ٤ کرێن، ۷ دەزگای بیر لێدان، ۳ دەزگای لێدانی کەناڵی ئاودێری، ۲ بەرزکەرەوە (رافعە)، ۱ بلدۆزەرە.
ئەو بەڕێوەبەراتییە گشتییە ئەم بەڕێوەبەرایەتییانەی خوارەوەی هەیە:
۱ـ بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری لە هەولێر کە سێ هۆبەی هەیە: هۆبەی ئاودێری لە خەبات، هۆبەی ئاودێری شەقلاوەو هۆبەی ئاودێری لە بلێ.
۲ـ بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری لە دهۆک کە چوار هۆبەی هەیە: هۆبەی ئاودێری لە زاخۆ، هۆبەی ئاودێری لە ئامێدی، هۆبەی ئاودێری لە ئاکرێ، هۆبەی ئاودێری لە قەسرۆک.
۳ـ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی بن زەوی (المیاه الجوفیة) لە هەولێر.
٤ـ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی بن زەوی لە دهۆک.
چەند بەڕێوەبەراتییەکی گشتی تازە کراونەتەوە ئەوانیش: بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەویوزاری چاندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێستان و دارستان و پاوان، بەڕێوەبەرایەتی باس و ڕێ پێشاندانی کشتوکاڵی و توتن.

**وەزارەتی ناوخۆ:**

ئەم وەزارەتە لە هەوڵ و کۆششدایە بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوەخۆو سەروەریی یاساو پتەوکردنی بارودۆخی گشتی و دابین کردنی باری تەناهیی هاوولاتیان و پاراستنی سەروەت و سامانیان و سنووردارکردنی تاوان و پاراستنی ئازادییە دیموکراسییەکان و مافی مرۆڤ. هەروەها قەلاچۆکردنی کاری خەفیەتی (التجسس) و ئاوەدیوکردن (التهریب) و دزە کردن (التسلل)و پاراستنی ئابووری هەرێم و زاڵبوون بەسەر هاتنی نایاسایی بۆ ناوەوەی هەرێم. وێڕای ئەمانە بایەخدان بە پێشخستنی کارگێڕی و کردنەوەی خول بۆ کارمەندان و هەروەها بایەخدان بە کۆلیجی پۆلیس و دەرچوواندنی سێ خول: ١١٥ لە خولی یەکەم، ٦٠ لە خولی دووەم، ٦٥ لە خولی سێیەم، ۷٠ بۆ خولی داهاتوو. ژمارەی ئەو قوتابییانەی لە کاتی خوێندندا دەرماڵەیان پێ دەدرێ (١٣٥) قوتابین. دەرماڵەکان بەم شێوەیەن:
۱ـ ۳٠٠ دینار مانگانە وەک دەرماڵە بۆ هەر قوتابییەک.

٢ـ ٢٠ دینار رۆژانه بۆ خەرجیی خواردن.
٣ـ دابین کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون و پێداویستییەکانی.
٤ـ دەرماڵەی بڕاوە (واتە: مخصصات مقطوعە) بەشێوەی مانگانە بۆ قوتابیان خەرج دەکرێ تەنیا ئەوانە نەبێ کە دانیشتووی شارن، ئەویش بەشێوەی خوارەوە:
١ـ ٨٠ دینار بۆ قوتابییانی دهۆک.
٢ـ ٤٠ دینار بۆ قوتابییانی ئاکرێ.
٣ـ ٤٠ دینار بۆ قوتابییانی مێرگەسۆر.
٤ـ ٣٠ دینار بۆ قوتابییانی سۆران.

بۆ پارێزگاری لە هاووڵاتیان و سامانیان بنکەکانی ئاسایش و پۆلیس لە ڕێگەی کردنەوەی بنکەی نوێ فراوانکردنی بەخۆوە بینیووە و هەروەها بۆ بایەخدان بە بواری هاتووچۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی هاتووچۆ کراوەتەوە.

ژمارەی بنکەکانی ئاسایش لە هەردوو پارێزگادا (٥٥) بنکەیەو هەروەها نیاز هەیە بنکەی نوێی ئاسایش بۆ ساڵی ٢٠٠٢ لە (قەسرێ، پیران، مەزنێ، گەڕەکی سەربازان، گەڕەکی نەورۆز، شاخۆڵان، گەڕەکی سوورچییان و بجیل) بکرێتەوە.

سەبارەت بە (پۆلیس)یش (١٠٣) بنکەی پۆلیس و (١٧) بنکەی بەرگریی شارستانی و (٥) بنکەی پۆلیسی کارەبا هەیەو نیازیش وایە (١٠) بنکەی نوێ بۆ ساڵی ٢٠٠٢ لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک بکرێتەوە لە هەر یەکێک لە (پیرداود، شاوێس، پیرزین، گەڕەکی سوورچییان ـ ئاشتی، مەلائۆمەر، بەستۆڕە، کۆڕێ، سەرمەیدان، قەسرێ و بنکەی خزمەتگوزاری لە زاخۆ).

لە ڕوانگەی بڕوابوونیش بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە کوردستانی عێراقدا، ژمارەی (٢٣٠) مۆڵەت بە یەکێتی و سەندیکاو کۆمەڵە و بنکەی ڕۆشنبیری و یانەکانی وەرزشی و (١٤) نووسینگەی ئەنترنێت دراوە.

**وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن:**

بەشێ لە ئەرکەکانی ئەم وەزارەتە بریتی بووە لە دانانی بگۆڕی تازەو فرەوانکردنی بگۆڕە کۆنەکان و گۆڕینی کێبڵەکان. فرەوانکردنی بگۆڕی هەولێر لە (١٢٠٠٠) هێڵەوە بۆ (١٧٥٠٠) هێل و بگۆڕی دهۆک لە (٦٠٠٠) هێلەوە بۆ (٨٥٠٠) هێل، هەروەها دانانی بەدالەی نوێ لە شارۆچکەکان بەشێوەیەک کە ژمارەی هێلەکانی تەلەفۆن لە ٢١٠٠٠ هێل لە ساڵی ١٩٩٩ بۆ ٣٧٠٠٠ هێل لە ساڵی ٢٠٠١ پەرەی سەندووە.

فرەوان کردنی تۆڕی ئەنتەرنێت کە (٢٨) هێلی ئینتەرنێت بۆ وەزارەت و فەرمانگەکان دانراو بەردەوامیش لە فرەوانبووندایە. ئەمە و تۆڕی پەیوەندییەکان لە نێوان شارەکانی هەرێم فراوان کراوەتەوەو پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پۆستەو کەش و هەواو گواستنەوە، ڕێکخستنەوەی

بخۆوە بینیووە.

کۆمپیوتەر بەشێوەیەکی فراوان لە کەرتی گشتی و تایبەت و تەنانەت لە ماڵانیشدا لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەکار دێت. ژمارەی کۆمپیوتەر لە فەرماگەکانی حکومەتی هەرێمدا دەوروبەری (١٤٤٢) کۆمپیوتەرە. هەروەها (٤٠) نووسینگەی فێرکردنی کۆمپیوتەر هەیە. ئەمە سەرەرای کردنەوەی بەشی فێربوونی کۆمپیوتەر لە بەشەکانی پەیمانگە تەکنیکییەکاندا.

ئەمەو هەنگاوەکانی تر لە بواری گواستنەوەو گەیاندن بریتین لە:

- بەکارهێنانی سیستەم و پرۆگرامی نوێ لە کارکردن بە کۆمپیوتەر.
- زیادبوونی نووسینگەی گواستنەوەی ریبواران و رێکخستنی کاروباریان.
- زیاد بوونی نووسینگەکانی پێوەندیی دەرەوەو هەوڵدانی رێکخستنی کاریان. ئێستا ژمارەیان دەوروبەری ٦٢ نووسینگەیە.
- کردنەوەی تۆری تەلەفۆنی جێگیرو گەرۆک و گەیاندنی ئاسمانی (کۆرەک تیلیکۆم) لە رێگەی کەرتی تایبەتەوە.

**وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

١- چاوپێکەوتنی نێوان بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و پارە وەگەرخەران، برەوی پێ دراوە، ئەمەش لە پێناو پەرەپێدانی هاوکاری و دروستکردنی بری متمانە، بۆ بەدیهێنانی کەشی گونجاو بۆ راکێشانی وەگەرخستن و دۆزینەوەی هەلی تازەی کارکردن بەجۆرێک کە تەبای گەشەی دانیشتوان بێ.

٢- ئەو کۆمپانیایانەی هەن بە گوێرەی یاسای کارپێکراوی کۆمپانیاکان رێک خراون. هەتا ئێستا ٤٣٤ کۆمپانیای خۆماڵی و ٢٨ کۆمپانیای بیانی لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی بازرگانییەوە کراوەتەوە.

٣- رێکخستنی نووسینگەکانی پارەگۆری، ئەمەش لە رێگەی مۆڵەت پێدانیان لەلایەن لقی بانکی ناوەندنی لە هەرێمی کوردستانەوە.

١٨٨ نووسینگەی پارەگۆری (صراف) لە پارێزگای دهۆک و ٩٠ نووسینگەی پارەگۆری لە پارێزگای هەولێر هەیە. هەروەها هەوڵدان لە پێناو رێکخستنی نووسینگەی گەیاندنی دەرەوە کە کاری پارەگۆرین بۆ دەرەوە ئەنجام بدات بەهاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پێوەندیدارەکانی ناوەخۆو گواستنەوەو گەیاندن.

٤- رێکخستنی دوکانەکانی زێرینگری لەلایەن فەرمانگەکانی ئامارەوە. ئەمەش بە دەرفەت نەدانیان بۆ کارکردن تەنیا دوای وەرگرتنی مۆڵەتی رەسمی نەبێ. هەروەها رێکخستنی کارکردنیان بەگوێرەی یاساو رێنوێنی و نوێکردنەوەی مۆڵەتیان بەشێوەی ساڵانە.

٥- کردنەوەی ٩ خول بۆ کادیرانی ژمێریاری و وردبینی و کارگێری لە ساڵی ٢٠٠١دا.

٦- دەرکردنی رێنوێنیی دارایی و کارگێری و کۆکردنەوەو چاپکردنیان لە شێوەی نامیلکەدا، ٦

ناميلكه له سالّی ۲۰۰۱ دەرکراون.

۷ـ ئەنجامدانی كۆبوونەوەی بەرفرەوان لەگەڵ فەرمانگەکان بەمەبەستی ڕێکخستنی کارو لابردنی لەمپەرەکان.

۸ـ بێگومان کارەساتەکانی واشنتۆن و نیویۆرک له ۱۱ی ئەیلولی ۲۰۰۱ کارێکی ڕاستەوخۆی هەبوو بەسەر ئابووری جیهان و، ئابووری کوردستانیش کە جیا ناکرێتەوە لە ئابووری جیهان لە ئاکامی ئەم کارەساتە تووشی زەرەرمەندی هات بەتایبەتی لە بازرگانیەتی سنوورەوە، چونکە لە سنوورەکانی وڵاتانی دەوروبەر جموجۆڵی بازرگانی لاواز بوو هەروەها هەندێ بازرگانیەتی دەربارەی سووتەمەنی وەستا بەتایبەتی نێوان تورکیاو عێراق.. ئەم جموجۆلیەی کە بەرەو کزی و لاوازی ڕۆیشت کاریگەری بەهێزی هەبوو بەسەر ئابووری کوردستان، بۆیە تووشی ڕکودی ئابووری بوو. هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێگای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەولی دا کە پرۆژە گرنگەکان بەردەوام بن و پارەی پێویست تەرخان کرا.

۹ـ بۆئەوەی زیاتر کەرتی تایبەت ڕۆڵی خۆی ببینی لە ئابووری کوردستان و کارەکان تایبەتمەندی خۆیان وەربگرن، وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ یەکەم جار دەستی بە جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی هەموارکردنی بەڵێندەرەکان (تصنيف المقاولين) کە ئەمەش هەنگاوێکە بۆ ڕێکخستنی توانای سەرمایەکانی کەرتی تایبەت و زیاتر هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەزگاکانی UN کە بڕیاری ۹۸٦ لە کوردستان جێبەجێ دەکەن.

۱۰ـ وەزارەتی دارایی و ئابووری بەردەوام لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئابووری هەڵسوکەوت دەکات لەرووی ڕسوماتی گومرگی، بەشێوەیەک بگونجێ لەگەڵ باری دەرامەتی هاووڵاتیان و بازرگانەکان بۆئەوەی نەبێتە بارێکی دارایی قورس نرخەکەی هاووڵاتیان بیدەن. بۆیە تا ئێستا چەندەها جار ڕسوماتی لە کەلوپەلە گرنگەکان داشکاندوەو بەرەو کەمی بردووە.

۱۱ـ چالاکی پۆلیسی گومرگ لەرووی ڕێگا گرتن لە قاچاغ پەرەی سەندووەو ژمارەی داوای (دعوى) گومرگی لە هەولێر گەیشتە (٤۹۱) داواو، لە دهۆک لە ماوەی ۹ مانگ گەیشتە (٦۲۰) داوا.

۱۲ـ هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی بازاڕی ئازاد پەیڕەو دەکات بۆ ڕێکخستنی باری ئابووریمان و، وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەم سیاسەتە جێبەجێ دەکات و، لەماوەی ساڵێکدا (٤۲۲۷) مۆڵەتی بازرگانی دراوەتە بازرگانەکان. بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا و، لەبەر تایبەتمەندی بازارەکانی کوردستان، وەزارەتی دارایی و ئابووری بەڕێگای بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی، چاودێری بازاڕەکانی کوردستان، دەکات بەپێی بارودۆخی ئابووری و گۆڕانکارییەکانی کە ڕوو دەدات بەسەر دراوەکانی بیانی بەتایبەتی دۆلار و کاریگەری ئەم گۆڕانکارییانە بەسەر نرخی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیانی هاووڵاتیان. بۆ کۆنترۆڵ کردنی نرخ، چاودێری بازرگانی بەردەوام سەردانی بازارو کەرتە گرنگەکانی بازرگانییەتی دەکات.

لە ساڵی ٢٠٠١ ژمارەی سەردانەکانیان (٣٧ ٩٢٣) سەردان بووە کە (٤٢١) شوێن سزا دراون و (١٠٠) شوێنیش داخراون.

١٣ـ وەزارەتی دارایی و ئابووری هەر لە کابینەی سێیەمەوە کۆمپانیاکانی خۆراک و ئاردو گشت عەمبارەکانی خۆی لەژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی پارێزگارانی هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆکی داناوە تا گەورەترین و گرنگترین بەرنامەی بڕیاری ٩٨٦ کە بریتییە لە دابەش کردنی خۆراک بەسەر هاووڵاتیان و لە ڕێگای (٦ ٢٦٧) بریکاری خۆراک و ئاردەوە دابەش دەکرێت، جێبەجێ بکەن.

**خەرجییەکان بەگوێرەی فەسڵەکان:**

**فەسڵی یەکەم: خەرجیی فەرمانبەران:**

کە بریتییە لە مووچەو گشت ئەو دەرماڵانەی کە دەدرێت بە کارمەندان، ئەمەو میلاکاتی وەزارەتەکان و گشت فەرمانگەکانی سەربە وەزارەتەکان وا ئامادەکراوە کە لەگەڵ سروشتی کارکردن لە فەرمانگەکاندا بگونجێ، داهێنانی چەندان پلەی پێویست بۆ ئەو فەرمانگانە ڕەچاو کراوە، ئەو خەرجییانەش بە بڕی (١ ١٥٢ ٧٩٨ ٠٠٠) دینار دانراوە کە دەکاتە (١١ر٤٥٪)ی بودجە هۆی زیادەی ئەم فەسڵە لە بەراوردکردنی لەگەڵ بڕی پەسەند کراوی ساڵی ٢٠٠١دا بریتییە لە دەرماڵەو پلە بەرزبوونەوەی فەرمانبەران و ئەو پلانەی کە لە ساڵی (٢٠٠٢) داهێنراون.

لەم فەسڵە بڕی (٢٦٤ ١٣٤ ٠٠٠) دینار برتییە لە زیادەی پەرلەمان، ئەم فەسڵە بەهۆی زیادبوونی دەرماڵەکان زیادبوونی هەبووە وەک: زیادەی مامۆستایانی پەروەردە، مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکان، ئەفسەران و پۆلیس، تۆژەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی تەندروستی و داد، مۆستایانی ئایینی، خاوەن پیشە ئەندازەیی و کشتوکاڵی، تیمەکانی هەڵکۆڵینی بیر لە وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوە، کرێی موحازەرات لە پەیمانگەو قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردەو چەندین دەرماڵەی تر.

**فەسڵی دووەم: پێداویستیەکانی خزمەت:**

بریتییە لە خەرجییەکانی سەفەر و شاندن لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم، هەروەها میوانداری و ئاهەنگێڕان و پەخش و بانگەواز و چاپکردن و پۆستەو تەلەفۆن و کرێگرتن و دەرماڵەی قوتابیان و هی تر.. ئەمەش دەکاتە بڕی (١٧٧ ٢٩٥ ٠٠٠) دینار بەڕێژەی (٦ر٩٤)ی بودجە، ئەمە جگە لە زیادبوونی ژمارەی قوتابییانی زانکۆو پەیمانگەو قوتابخانە ئاینییەکان و قوتابیانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی، وێرای ئەمانەش بڕە پارەی دەرماڵەشیان زیاد بووە، هەروەها دەرماڵەی قوتابییانی خوێندنی دکتۆراو ماستەر.

ئەمەو چالاکیی قوتابخانەکان بەتایبەتی چالاکیی زانستی و وەرزشییەکانی وەزارەتی پەروەردەو زانکۆو پەیمانگەکان لە فرەبوون و زیادبووندایە. هەروەها زیادبوونی ژمارەی ئەو ئۆتومبێلانەی کە بۆ گواستنەوەی فەرمانبەران لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان بۆ شوێنی کارکردنیان بەکرێ گیراون و

بەتایبەتی بۆ گواستنەوەی مامۆستایان بۆ قوتابخانەکانی نزیک ناوەندنی پارێزگاکان کە ژمارەی ئۆتۆمۆبێلی بەکرێ گیراو بۆ مامۆستایان نزیکەی (٤٣٩) ئۆتۆمۆبێلە.

**فەسڵی سێیەم: پێداویستییەکانی کالایی:**

لەبەرئەوەی زۆربنەی کالا لە دەرەوەی هەرێمەوە دێت، بۆیە نرخەکانیان بەپێی دابەزینی نرخی دۆلار بەرامبەر بە دیناری عێراقی دابەزیووە لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەو قەبارەی فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم لە زیادبووندایە. کەچی خەرجییەکانی دانراو بۆ پێداویستییەکانی کالایی بریتی بووە لە (٠٠٠ ٩٩٢ ٢٤٠) دینارو بەرێژەی (٤٣ر٩ ٪)ی بودجە.

ئەم فەسڵە برتییە لە قرتاسیە، چاپەمەنییەکان، ئاو، کارەبا، سوتەمەنی، پۆشاکی هاوینە و زستانە، خۆراک، داوودەرمان و پێداویستییەکانی تر.

نەبوونی وزەی کارەبا ژمارەی موەلیدەکانی فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم و بەتایبەتی فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانی زیاد کردووەو ژمارەیان گەیشتووەتە (١٦٨ ١) موەلیدە کە بەهۆی کەمیی سووتەمەنی، بەشی زۆری سووتەمەنییەکانیان لە بازاڕی ناوخۆو بەنرخی رۆژ بۆیان دابین دەکرێت.

**فەسڵی چوارەم: پاراستنی هەرهەیەکان:**

پاراستن و ئاگاداری لە مەکینە و ئامێرو بینایە و هۆیەکانی گواستنەوەو شتەکانی تر، وێڕای بەردەوام بوونیان، درێژە دانە بەتەمەن و توانای بەکارهێنانیان و پەرەسەندنی توانای سود وەرگرتن و بەرهەم هێنانیان. بڕی ئەم فەسڵە گەیشتووەتە (١٤١٣٢٥٠٠٠) دینار و بەرێژەی (٥٣ر٥ ٪)ی بودجە.

ژمارەی ئۆتۆمبێل و ئامێرو بینا و کەلوپەلی فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیادبوونی هەبووە، هەروەها پرۆژەکانی ئاودێری و بەنداوەکان و رێگەو پرد پەرەی سەندووە.

ئەمە جگە لە بیناو صیانەی پرۆژەو دامەزراوەکانی تر کە ناوەکانمان ئاماژە پێ کردن کە ئەمانەش هەموویان پێویستیان بە (صیانە) هەیە.

**فەسڵی پێنجەم: خەرجیی سەرمایەداری:**

برتییە لەو کەرەستانەی تەمەنیان لە ساڵێک زیاترەو شتومەکی جێگیرو بەردەستن، کەلوپەل، ئۆتۆمبێل و هۆیەکانی تری گواستنەوە، مەکینەو دەزگا، ئامێر، زەوی، بینا، فیلم و چەک و.. هتد. خەرجیی ئەم فەسڵە گەیشتووەتە (٠٠٠ ٣٢٤ ١٢١) دینار و بەرێژەی (٧٥ر٤ ٪)ی بودجە.

زیادبوونی ژمارەی قوتابخانەکان، بنکە تەندروستییەکان، مزگەوتەکان، فەرمانگەکان لە ناحیە نوێیەکان، کۆلیژی نوێ و بەشی نوێ لە کۆلیژو پەیمانگەکان، سەرەڕای فراوانکردنی شوێنە کارگێڕییەکان، ئەمانە هەموو پێویستیان بە ئامێری چاپ، فۆتۆکۆپی، کۆمپیوتەر، بەدالە، ئۆتۆمبێل، چەک و تەقەمەنی، بینایەو کەلوپەل و ئامێری تر هەیە.

**فەسڵی شەشەم: خەرجیی گوازراوەیی:**
کـە دەکـاتە ( ٠٠٠ ٢٨٩ ٤٧٣ ) دینار واتە بەرێژەی (٥٢ر١٨ ٪ )ی بودجـەو بریتـیـیـە لەو بەخشینانە کە فەرمانگەو دەزگاکانی حکومەت وەک بەخشین بۆ پڕکردنەوەی عجزیان لە بودجەی گشـتی وەریدەگرن و کـەلێنەکـانی خـۆیان پێ پڕ دەکـەنەوە. نموونەی ئەو فـەرمـانگایانە وەک شارەوانییەکانی ناوەندنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان.
هەروەها بەخشین ئەمـانەش دەگرێتەوە: رێکخراوە جەمـاوەرییەکـان، کۆمەڵەکـان، یەکێتییەکـان، یانەکـان و ئەو ناوەندانەی کـە پێـوەندییـان بە چالاکیی وەزارەتە تایبـەتەکـانەوە هەیە. هەروەها منحەی دەرچوواندنی گۆڤار، رۆژنامە، ئێزگە، تەلەفزیۆن، منحەی ئەو حزبانەی کە بەشدارییان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە. هەروەها ئەمانەش دەگرێتەوە:
(گـەڕانەوەی پارەو قـەرەبووکردن و سڕینەوەی ئەو قـەرزانەی کـە قـابیلی دانەوە نین، خـەرجـییـە نهێنییەکان، بەخشینەکانی ئەوقاف بۆ تازە کردنەوەو نوێ کردنەوەی شوێنە پیرۆزەکان و مووچەی کارمەندانی ئەوقاف واتە دەرماڵەکانی برو بەخشین بۆ پاراستن و راگرتنی مزگەوتە ئەهلییەکان).
**فەسڵی هەفتەم: التزامات و یارمەتی و استثماراتی دەرەوە:**
ئەم فـەسڵە لە بـودجەکـانی حکوومەتی هەرێـمدا نەهاتووە چونکە برێتـییـە لەو یارمـەتیانەی کە حکوومـەت بە دەولەتانی دەرەوە دەدات یاخـود بەشداری کـردن لە شـرکـات ومۆوسـسـاتی مـالی عەرەبی ونێونەتەوەیی لە دەرەوە.
**فەسڵی هەشتەم: پرۆگرامی تایبەت:**
ئەو پرۆگرامانەی دەگرێتەوە کە سروشتێکی کاتییان هەیە وبۆ جێبەجێ کردنیان پێویستییان بە پێک هێنانی دەستەی کارگێری سەربەخۆ نییە، وەک: ئاهەنگەکان، پلانی رووداوە ناکاوەکان، پرۆگرامی رۆشنبیری لە ئێزگەو تەلەفزیۆندا، پاراستنی شوێنەوارە دێرینەکـان، ئامـادەکردنی خولەکانی راهێنان لە وەزارەتی پەروەردە وئەوقاف وکاروباری ئیسلامی و وەزارەتەکانی تر. کۆی بڕی پێشنیار کراوی ئەم فەسڵە دەکاتە( ٠٠٠ ٤٦١٠٠ ) دینار وبەرێژەی ( ٨٠ر١ ٪ )ی بودجە.
**فەسڵی نۆیەم: مووچەوخەلاتی خانەنشینی:**
بڕی ئەم فەسڵە دەکاتە ( ٠٠٠ ٣٠٠ ٢٠٢ ) دینار بەرێژەی (٩٢و٧٪ ) ی واتە بە زیادبوونی بڕی ( ٠٠٠ ٢٠٠ ١٧ ) دینار کە هۆی ئەم زیادەیەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی فەرمانبەرانی کە خانەنشین دەکرێن و هەروەها خەرج کردنی مووچە بۆ ئەو فەرمانبەرە خانەنشین کراوانەی کە لە حکوومـەتی ناوەندی مـووچە وەردەگـرن وپاش کـۆچی دواییـان لەلایەن حکوومـەتی هەرێمی کوردستانەوە مووچەیان بۆ وارثە کانیان خەرج دەکرێت.
بودجە لە سەر ئاستی بابەکان بەم شێوەی خوارەوەیە:
سـەرۆکـایەتی ئەنجـومـەنی وەزیران ( ٠٠٠ ٧٦٢ ٢٧٥ ) دینار واتە بە رێژەی (٧٩ر١٠ ٪ ) لە بودجە.

وەزارەتی پەروەردە ( ٠٠٠ ٦٥٤ ٩ ٤٠٩ ) دینار واتە بە ڕێژەی (٣٠ر١٦٪) لە بودجە.

وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجی کردن ( ٠٠٠ ٦٩٢ ٩ ٣٩ ) دینار واتە بە ڕێژەی ( ٥٥ر١٪ ) لە بودجە.

وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری ( ٠٠٠ ٠٦١ ٥٧ ) دینار واتە بە ڕێژەی(٢٣ر٢٪ ) لەبودجە.

وەزارەتی ناوخۆ ( ٠٠٠ ٤١١ ٢٤٢ ) دینار واتە بە ڕێژەی(٤٩ر٩٪ ) لەبودجە.

وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار ( ٠٠٠ ٣٨٩ ٩٢ ) دینار واتە بە ڕێژەی(٦٢ر٣٪ ) لە بودجە.

وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن ( ٠٠٠ ٨٥٤ ٢٤ ) دینار واتە بە ڕێژەی(٩٧ر٠٪ ) لە بودجە.

وەزارەتی ڕۆشنبیری ( ٠٠٠ ٤٥٤ ٤١ ) دینار واتە بە ڕێژەی(٦٢ر١٪ ) لە بودجە.

وەزارەتی تەندروستی کاروباری کۆمەلایەتی ( ٠٠٠ ١٠٨ ٢٤٠ ) دینار واتە بە ڕێژەی( ٤٠ر٩٪ ) لە بودجە.

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان( ٠٠٠ ٤٠٨ ٢٥ ) دینار واتە بە ڕێژەی(٩٩ر٠٪) لە بودجە.

وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری ( ٠٠٠ ٨٢٦ ٥ ) دینار واتە بە ڕێژەی(٢٣ر٠٪ ) لەبودجە.

وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی ( ٠٠٠ ٥٨٢ ٥٥ ) دینار واتە بە ڕێژەی(١٨ر٢٪ ) لە بودجە.

وەزارەتی دارایی وئابووری ( ٠٠٠ ١٨٣ ٦٨٢ ) دینار واتە بە ڕێژەی(٠٧ر٢٦٪ ) لە بودجە.

وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە( ٠٠٠ ٣٢٠ ٢٩٧ ) دینار واتە بە ڕێژەی(٦٣ر١١٪ ) لەبودجە.

وەزارەتی بیشەسازی و وزە ( ٠٠٠ ٨٤٥ ٢٦ ) دینار واتە بە ڕێژەی(٠٥ر١٪ ) لە بودجە.

وەزارەتی داد ( ٠٠٠ ٥٣٣ ٣٢ ) دینار واتە بە ڕێژەی(٢٧ر١٪ ) لەبودجە.

دیوانی چاودێری دارایی ( ٠٠٠ ٣٤١ ٦ ) دینار واتە بە ڕێژەی(٢٥ر٠٪ ) لە بودجە.

کەواتە وەزارەتەکان لە پلەی یەکەم تا دەیەم بەم شێوەی خوارەوە دەبن جگە لە وەزارەتی دارایی وئابووری:

یەکەم: وەزارەتی پەروەردە .

دووەم: وەزارەتی پێشمەرگە.

سێیەم: سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران (زانکۆ پەیمانگاکان ودەزگای شەهیدو ٠٠).

چوارەم:وەزارەتی ناوخۆ.

پێنجەم:وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی.

شەشەم: وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار.

هەفتەم :وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری .

هەشتەم: وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی .

نۆیەم: وەزارەتی رۆشنبیری.
دەیەم: وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن.

**سێیەم: کارداران (میلاکات):**

لە پێناوی ئەوەی کارگێڕییەکان چالاکی خۆیان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو وئابوورییانە لە ڕووی ژمارە وپلە فەرمانبەرانەوە جێبەجێ بکەن ،پێویستە هەریەکەو بە گوێرەی ئەرکی سەرشانی خۆی، شارەزایی ولێهاتوویی بەرزی لە کارگێڕیدا تێدا دابین بکرێت.

فەرمانەکانی یاسای کاردار ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو هەموو ئەو فەرمانبەرو کادیرانە دەگرێتەوە کە لە فەرمانگەکانی حکوومەتی هەرێمدا کاردەکەن و مووچەی خۆیان لە بودجە وەردەگرن.

ژمارەی (٤٠٠٠) چوار هەزار فەرمانبەر بەشێوەیەکی کاتی دامەزراون. دووپات کراوتەوە کە تەنیا لە کاتی زۆر پێویستدا کاری گرێبەستەکان تازە بکرێتەوە ونابێ دەرفەتی ئەوە بدرێ کە فەرمانبەر بەشێوەیەکی کاتی دابمەزرێ لە بەر ئەوەی دامەزراندنیان دەبێ بەهۆی ئەوەی کە بارێکی گران بکەوێتە ئەستۆی گەنجینە وە لەماوەیەکی دووریشدا سوود لە خزمەتی ئەمانە وەرناگیرێ، هەروەها هەندێک پلە لە فەرمانگەکاندا زیادی هەیە. لەسەر ئەم بناخەیە : بەگوێرەی پەیکەری رێکخستنی فەرمانگەکان ژمارەی پلەکانی فەرمانبەرایەتی دیاری کراوە وئەو پلانەی کە پێویست نین دوور خراونەتەوە.

ئەمەو ژمارەی ئەو پلانەی بۆ مەبەستی بەرزکردنەوە ودامەزراندن پێشنیار کراون، یان ژمارەی ئەو پلانەی کە پێشنیارە لە پلە بەرزبوونەوەی ساڵی ٢٠٠٢ دا نەمێنن، هەموو رەچاوکراون. لە بەر تیشکی ئەو شتانەدا برە پارەی تەواو لە فەسڵی یەکەمی بودجەدا دانراوە.

**فەسڵی یەکەم:** خەرجییەکانی کارمەندان ومووچە ودەرماڵەی خێزانداری ودەرماڵەی منداڵان ودەدەرماڵەکانی تر دەگرێتەوە، کە بەپێی پسپۆڕی وشارەزایی لەکاردا وبەپێی یاسا و رێنومایییەکان دەدرێت بە فەرمانبەران. دوای پەسەند کردنی بودجەی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی بەرێز، وەزارەتی دارایی وئابووری موفرەداتی میلاکاتی ساڵی ٢٠٠٢ بەپێی یاسای بودجە ولەبەر تیشکی تێچوونی مووچە پەسەندکراوەکانی ناو بودجەدا وئەحکامی ماددەی سێیەمی یاسای میلاکاتی سەرەوە، ئامادە دەکات ورێنومایی تایبەتی بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ بوونی برگەکانی بودجە بۆ گشت وەزارەت وفەرمانگەکان بەپێی یاسای بودجە دەردەکات.

لە خوارەوە خشتەی میلاکی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٢ جگە لە وەزارەتی پێشمەرگە وجگە لە گرێبەستەکان پێشکەش دەکەین.

**أـ میلاکات لەسەر بنچینەی پلەکان:**

پلەی تایبەت ١٨٧ پلە.
پلەی یەکەم أ ٢٤٦٢ پلە.

پلەی یەکەم ب ٥٣٨١ پلە.
پلەی دووەم ٧٨٩٤پلە .
پلەی سێیەم ١٠٦١٦پلە .
پلەی چوارەم ٩٥٩٥پلە .
پلەی پێنجەم ١٣٩٠٢پلە.
پلەی شەشەم ١٥٠٥٨پلە.
پلەی حەوتەم ١٧١٢٣پلە.
پلەی هەشتەم ١٢٢٥٥پلە.
پلەی نۆیەم ١١٥٧٢پلە.
پلەی دەیەم ٤٨٢٢ پلە.

**ب ـ میلاکات لەسەر بنچینەی بابەکان:**

| | |
|---|---|
| سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | ٥٣٩٩ |
| وەزارەتی پەروەردە | ٤٠٢٨٩ |
| وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن | ٢٢٣٢ |
| وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری | ٥٦٣٠ |
| وەزارەتی ناوخۆ | ١٦٩١١ |
| وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار | ٥٥١٥ |
| وەزارەتی گواستنەوە گەیاندن | ١٣٦٠ |
| وەزارەتی رۆشنبیری | ١٢٨٥ |
| وەزارەتی تەندرووستی وکۆمەڵایەتی | ١٢١٧٥ |
| وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوگەشەپێدان | ٢٠٦٤ |
| وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاوی | ١٨٧ |
| وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی | ٥٦١٤ |
| وەزارەتی دارایی وئابووری | ٥٠٠٨ |
| وەزارەتی پیشەسازی ووزە | ٥٨٥٢ |
| وەزارەتی داد | ١٢٤٧ |
| دیوانی چاودێری دارایی هەرێم | ٩٩ |
| **کۆی گشتی** | **١١٠٨٦٧** |

ج ـ بۆ ئاگاداری بەرێزتان لە ساڵی ٢٠٠١ میلاکی هەمیشەیی لە (٦٠٣٩٠) فەرمانبەری پیاو و(٢٩٢٠٦) فەرمانبەری ئافرەت پێک دەهات واتە (٨٩٥٩٦) فەرمانبەر بەگشتی .

**باری خێزانداری ئەم فەرمانبەرانەش بەم شێوەیە بووە:**

٣١٤٣١ فەرمانبەری سەلت.

٥٨١٦٥ فەرمانبەری خێزاندار.

**باری خێزانداری فەرمانبەران لەرووی ژمارەی منداڵان بەم جۆرە بووە:**

٥٠٩٩ فەرمانبەر بێ منداڵ.

٣٥٩٣ فەرمانبەری خاوەن یەک منداڵ.

٤١٥٣ فەرمانبەری خاوەن دوو منداڵ.

٤٧٥٣ فەرمانبەری خاوەن سێ منداڵ.

٥٦٤٧ فەرمانبەری خاوەن چوار منداڵ.

٨٧٩٩ فەرمانبەری خاوەن پێنج منداڵ.

٨٠٠٣ فەرمانبەری خاوەن شەش منداڵ.

٦٨٩٤ فەرمانبەری خاوەن هەفت منداڵ.

٥٥٨٩ فەرمانبەری خاوەن هەشت منداڵ.

٥٦٣٥ فەرمانبەری خاوەن نۆ منداڵ و بەسەرەوە.

هەروەها ژمارەی میلاکی کاتی لە ساڵی ٢٠٠١ بریتی بووە لە (٤٠٥٤) گرێبەستە کە (٢٧٩٧) پیاو و(١٢٤٨) یان ئافرەت بوون.

**چوارەم: هەبووەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠١:**

لەسەر فەرمانی بەرێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم بڕیار درا بەڕێوەبەرایەتیکی تایبەتی لە وەزارەتی دارایی وئابووری دابمەزرێت بۆ ئەوەی سەرجەم مومتەلەکاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ئەوانەی لەسەر بودجەی حکومەت کڕدراون یاخود لە ڕێگای بڕیاری ٩٨٦ دابین کراون لەم بەڕێوبەراتییە تۆمار بکرێت. ئەم بەڕێوەبەراتی ییە جگە لە تۆمار کردنی ممتلکات بە هاوکاری لایەنە پەیوەندی دارەکان بە بڕیاری ٩٨٦/ هەڵدەستێ بە بەراورد کردن و وردبینی کردنیان. وا لەخوارەوە خشتەی ژمارەی ئۆتۆمۆبیل وئامێر وهەبووەکانی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠١ پێشکەش دەکەین:

١٤١٨ ئۆتۆمۆبیل.

١٢٩٥ ئامێری بلدۆزەر وگرێدەر وشۆفەل وحادلە وفاریشە وتانکەر وئامێری تر.

٤٠ کارگای جۆراوجۆر.

١١٤ بگۆڕ.

١١٦٨ موەلیدەی جۆراوجۆر.

٣٥ ئەنتەرنێت.

١٤٤٢ کۆمپوتەر.

٤٦ فاکس.
٣٠٥ ئامێری تۆمارکردن.
٢٢٠٤ ئامێری گەیاندن.
١١٣ سەتەلایت.
١٨٤ ئامێری وێنە گرتن.
٨٣٦ چاپ.
٣٦٢ فۆتۆکۆپی.
١٦٦ رۆنیۆ.
٢ مایکرۆفیلم.
١٥١٣ ساردکەرەوەکان.
٣٩٥٣ ساردکەرەوەی هەوایی.
١٠٩١ پاکژ کەرەوەی هەوایی.
١٥٢٥ ئێرکۆندێشن.
٢٢٤ گێسکی کارەبایی.
١٣٩٢ حاسبە.
١٧٦٩٦سۆپا.
٦٤٢٦ پانکە.
١٩٢ رادیۆ.
٦٨٨ تەلەفزیۆن.
٣٧ ڤیدیۆ.
٤١ موتۆر.
١٧٥ ئامێری بێ تەل.

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئەمە بەس ژمارە بوو بەلاّم سەدان مەلایین دینارە.

پێنجەم: بۆ روونکردنەوەی چۆنیەتی گۆڕانکاری لە بابەکان وبەشەکانی بودجەدا وا لە خوارەوە ئەم روونکردنەوانە پێشکەش بە بەرێزتان دەکەین :

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران:**

بە بڕی (١٧) ملیۆن و(١٧١)هەزار دینار کەمتر لە بڕی پەسەند کراو لە بودجەی ساڵی ٢٠٠١.

گۆرانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەی خوارەیە:

دیوانی سەرۆکایەتی:

بڕە زیاد کراوەکان:

مووچە لە ٢٢٠٠٠٠٠ دینار بۆ ٢٥٠٠٠٠٠ دینار.

پاراستنی باڵەخانە لە ۰۰۰ ۵۰۰ ۱ دینار بۆ ۰۰۰ ۵۰۰ ۲ دینار.
کرینی خانووبەرە لە ۰۰۰ ۵۰۰ ۱ دینار بۆ ۰۰۰ ۵۰۰ ۲ دینار.
برە کەم کراوەکان :
پاراستنی هۆی گواستنەوە لە ۰۰۰ ۵۰۰ ۱ دینار بۆ ۰۰۰ ۱۰۰۰ دینار.
پاراستنی دامەزراوەی ئاوی وکارەبایی لە ۰۰۰ ۵۰۰ ۱ دینار بۆ ۰۰۰ ۲۵۰دینار.
کرینی ئۆتۆمۆبیل لە ۰۰۰ ۵۰۰ ۱ دینار بۆ ۰۰۰ ۱۰۰۰ دینار.
کرینی مەکینە و دەزگا وئامێر لە ۰۰۰ ۱۲۰ ۱ دینار بۆ ۰۰۰ ۷۵۵ دینار.
یارمەتی وباروبوو لە ۰۰۰ ۶۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۵۰۰ دینار.
پرۆگرامی جۆراوجۆر لە ۰۰۰ ۱۰۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۷۰۰ دینار.

**سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین:**

برە زیاد کراوەکان:
دەرماڵەی فەرمانبەران لە ۰۰۰ ۳۶۵ ۱۱ دینار بۆ ۰۰۰ ۰۰۰ ۱۸دینار.
کرینی کەلوپەل لە ۰۰۰ ۲۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۱۵۰۰دینار.
برە کەم کراوەکان:
مووچە لە ۰۰۰ ۵۰۰ ۱۸ دینار بۆ ۰۰۰ ۰۰۰ ۱۷ دینار.
کرێ ی دەرس ووتنەوە لە ۰۰۰ ۰۰۰ ۷ دینار بۆ ۰۰۰ ۰۰۰ ٦ دینار.
خەرجیی چاپ لە ۰۰۰ ۵۰۰ ۳ دینار بۆ ۰۰۰ ۵۰۰ ۲ دینار.
کرینی مەکینە ودەزگا وئامێر لە ۰۰۰ ۲۳۰ ۲ دینار بۆ ۰۰۰ ۱۰۹۰ دینار.

**سەرۆکایەتی زانکۆی دهۆک:**

برە زیاد کراوەکان:
دەرماڵەی قوتابیان لە ۰۰۰ ۸۱۰ ۲ دینار بۆ ۰۰۰ ۵۰۰ ۳ دینار.
پاراستنی باڵەخانە لە ۰۰۰ ۵۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۵۰۰ ۲ دینار.
برەکەم کراوەکان :
مووچە لە ۰۰۰ ٤۸۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ٤۳۰۰ دینار .
دەرماڵەی فەرمانبەران لە ۰۰۰ ۸۹۵ ٦دینار بۆ ۰۰۰ ۵۸۲۵ دینار .
کر ێ ی زەوی وبالەخانە لە ۰۰۰ ۷۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۲۵۰ دینار .
کرێ ی ئامێر و هۆی گواستنەوە لە ۰۰۰ ۷۵۰ دینار بۆ ۰۰۰ ٤۵۰ دینار .
کرینی مەکینەو دەزگا وئامێرلە ۰۰۰ ۲۱۵۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۱۰۸۰ دینار .

**دەستەی پەیمانگا تەکنیکی ییەکان:**

دەرماڵەی فەرمانبەران لە ۰۰۰ ۱٦۹ ۳ دینار زیاد کراوە بۆ ۰۰۰ ۲٤۵ ٤ دینارو، برە کەم کراوەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

کرێ ی دەرس ووتنەوە لە ٠٠٠ ٥٠٦ ١ دینار بۆ ٠٠٠ ١٢٠٠ دینار.
زیادەی پەرلەمان لە ٠٠٠ ٢٠٢٦ دینار بۆ ٠٠٠ ١٧٠٠ دینار.
کڕینی کەلوپەل لە ١٠٠٥٠٠٠ دینار بۆ ٠٠٠ ٥٠٠ دینار.
کڕینی مەکینە ودەزگا وئامێر لە ٠٠٠ ١٨٣١ دینار بۆ ٠٠٠ ١٤١٢ دینار.

**چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین:**

کەرەستەوپێداویستی پیشەسازی لە ٠٠٠ ٢٥٠٠ دینار کەم کراوە بۆ ٠٠٠ ٢٠٠٠ دینار.

**کۆڕی زانیاری کوردستان:**

پاڵپشەی پەسەندکراو لە بودجەی ساڵی ٢٠٠١ دانەبووە، بۆ ساڵی ٢٠٠٢ بڕی ٠٠٠٠ ٣٦٥ ٢ ) بۆ گشت فەسڵەکان پێشنیار کراوە.

خەرجی فەرمانبەران ٠٠٠ ٥٩٠ دینار.
پێداویستیەکانی خزمەت ٠٠٠ ٩٠٩ دینار.
پێداویستیەکانی کالآیی ٠٠٠ ١٠٠ دینار.
پاراستنی هەرهەیەکان ٠٠٠ ٢٠٥ دینار .
خەرجیی سەرمایەداری ٠٠٠ ٥٦١ دینار .

**وەزارەتی پەروەدە:**

بەبڕی (٣٢) ملیۆن و(١٧٨) هەزار دینار زیاتر لە بڕی پەسەندکراو لە بودجەی ساڵی ٢٠٠١. گۆرانکارییە سەرەکیبیەکانی ئەم بابە بەم شێوەی خوارەوەیە.

**دیوانی وەزارەت:**

بۆ چالآکی وەرزشی ودیدەوانی کە لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٢ بڕی (٠٠٠ ١٠٠٠) دینار پێشنیار کراوە.بڕە کەم کراوەکانیش ئەمانەن:

پاراستنی باڵەخانە لە ٠٠٠ ١٠٠٠ دینار بۆ ٠٠٠ ١٥٠ دینار.
کڕینی مەکینە ودەزگا وئامێر لە ٠٠٠ ٤٥٥ دینار بۆ ٠٠٠ ٩٥ دینار.

**بەڕێوبەرایەتی یەکانی گشتی پەروەردە:**

بڕە زیادکراوەکان:

| | |
|---|---|
| مووچە لە | ٠٠٠ ٧٥٠٦٠ دینار بۆ ٠٠٠ ٨٥٠٨٠ دینار . |
| دەرماڵەی فەرمانبەران لە | ٠٠٠ ٩٢٥ ١٢٠دینار بۆ ٠٠٠ ٨٧٥ ١٢١دینار. |
| کرێی دەرس ووتنەوە لە | ٠٠٠ ٠٠٠ ٨ دینار بۆ ٠٠٠ ٠٠٠ ١٢ دینار . |
| کرێ ی تاقیکردنەوە | ٠٠٠ ٠٠٠ ١ دینار بۆ ٠٠٠ ٠٠٠ ٨ دینار . |
| زیادەی پەرلەمان لە | ٠٠٠ ٠٠٠ ٨٥دینار بۆ ٠٠٠ ٨٥٠ ٩٣ دینار . |
| دەرماڵەو خەرجی سەفەر لە | ٠٠٠ ٠٠٠ ٦ دینار بۆ ٠٠٠ ٠٠٠ ٧ دینار . |
| کرێی هۆی گواستنەوە لە | ٠٠٠ ٦٠٠ دینار بۆ ٠٠٠ ٢٢٨ ٧ دینار . |

چالاکی وەرزشی ودیدەوانی لە ۰۰۰ ۱٥۰۰دینار بۆ ۰۰۰ ۳۰۰۰دینار ۰
گواستنەوەی کەرەستە وکالاّ لە ۰۰۰ ۹۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۹۰۰ دینار .
بڕە کەم کراوەکان:
قرتاسیە وچاپەمەنی لە ۰۰۰ ۲۰۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۱۱۰۰ دینار.
کەلوپەل وپێداویستی وەرزشی لە ۰۰۰ ۱٥۰۰دینار بۆ ۰۰۰ ۱۰۰۰ دینار.
کڕینی کەل و پەلە لە ۰۰۰ ٤۷٥۰ بۆ ۰۰۰ ۳۰۰۰دینار.
کڕینی مەکینەو دەزگاو ئامێر لە ۰۰۰ ۱۳۸۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۹٥٥ دینار .
کڕینی خانووبەرە لە ۰۰۰ ۳۰۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۱٥۰۰ دینار.

**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە:**

بڕە زیاد کراوەکان:
کەرەستەوپێداویستی لە ۰۰۰ ٥۲۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۱٥۰۰ دینار.
پاراستنی دەزگاو مەکینەو ئامێر لە ۰۰۰ ٥۰۰دینار بۆ ۰۰۰ ۱۰۰۰دینار.
کڕینی مەکینە ودەزگا ئامێر لە ۰۰۰ ۱۰۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۱۰۲۷ دینار.

**پەیمانگاکان وخانەی مامۆستایان:**

بڕە زیاد کراوەکان :
دەرماڵەی فەرمانبەران لە ۰۰۰ ۱۱۹٥دینار بۆ ۰۰۰ ۱۷۸۳ دینار.
کرێی دەرس ووتنەوە لە ۰۰۰ ۱۰۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۱٥۰۰ دینار .

**وەزارەتی ئەشغال نیشتەجێ کردن:**

بەبڕی (۱٥) ملیۆن و (۲۲۸) هەزار دینار کەمتر لە بڕی پەسەندکراو لە بودجەی ساڵی ۲۰۰۱.
گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەی خوارەوەیە:

**فەرمانگەکانی ئەشغال:**

بڕە کەم کراوەکان:
زیادەی پەرلەمان لە ۰۰۰ ۲۸٤۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۲٥۰۰ دینار.
پاراستنی ڕێگاو پردو ڕاماڵینی بەفر لە ۰۰۰ ۳۰٥۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۱۲۰۰ دینار.
پاراستنی دەزگاو مەکینەو ئامێر لە ۰۰۰ ۲۰۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۱۲۰۰ دینار
پاراستنی هۆی گواستنەوەو لە ۰۰۰ ۱۷۱۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۹۰۰ دینار
پاراستنی کارگەو بەکارهێنانی لە ۰۰۰ ۱٥٥۰ دینار بۆ ۰۰۰ ٥۰۰ دینار
کڕینی مەکینەو دەزگاو ئامێر لە ۰۰۰ ۲٤۱٥ دینار بۆ ۰۰۰ ٤٦۷ دینار
کڕینی کارگە لە ۰۰۰ ۱٥۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۱۰۰۰ دینار

**ـ فەرمانگەکانی ڕێگاوبان:**

بۆ کڕینی کارگە بڕی (۰۰۰ ۱۰۰۰) دینار پێشنیار کراوە. بڕی پەسندکراوی ساڵی ۲۰۰۱ بریتی

بووە لە (١٥٠ ٠٠٠) دینار.
بڕە کەم کراوەکانیش ئەمانەن:
زیادەی پەرلەمان لە ٣٢٠٠ ٠٠٠ دینار بۆ ٢٥٣٠ ٠٠٠ دینار.
پاراستنی ڕێگاو پردو راماڵینی بەفر لە ٦٥٧٨ ٠٠٠ دینار بۆ ٣٦٠٠ ٠٠٠ دینار
پاراستنی دەزگاو مەکینەو ئامێر لە ٣٣٥٠ ٠٠٠ دینار بۆ ٢٠٠٠ ٠٠٠ دینار.
کڕینی مەکینەو دەزگاو ئامێر لە ٤٩٠٦ ٠٠٠ دینار بۆ ١٩٥٥ ٠٠٠ دینار.
**وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری:**
بەبڕی (٦) ملیۆن و (٣٧٤) هەزار دینار کەمتر لەبڕی پەسندکراو لە بودجەی ساڵی ٢٠٠١.
گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
**- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر:**
بڕە کەم کراوەکان:
مووچە لە ٧٠٠ ٠٠٠ دینار بۆ ٢٧٠٠ ٠٠٠ دینار
دەرماڵەی خێزان و منداڵان لە ١٥٨٥ ٠٠٠ دینار بۆ ٤٨٥ ٠٠٠ دینار.
دەرماڵەی فەرمانبەران لە ١٤٥٤ ٠٠٠ دینار بۆ ٩٥٥ ٠٠٠.
زیادەی پەرلەمان لە ٥٦٠٠ ٠٠٠ دینار بۆ ٢٤٥٠ ٠٠٠ دینار.
**- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی دهۆک:**
بڕە کەم کراوەکان:
مووچە لە ٢١٢٠ ٠٠٠ دینار بۆ ١٥٦٣ ٠٠٠ دینار
زیادەی پەرلەمان لە ٢٢٥٠ ٠٠٠ دینار بۆ ١٥٠٠ ٠٠٠ دینار.
**- بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی لە پارێزگاکان:**
کەرستەو پێداویستی کە (١٥١٦ ٠٠٠) دینار بڕی پەسند کراوی هەبوو بۆ (٥٠٠ ٠٠٠) دینار کەم کراوەتەوە.
**- بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری و سەرچاوەکانی ئاو:**
بڕە کەم کراوەکان:
مووچە لە ٢٧٤٨ ٠٠٠ دینار بۆ ١٥٢٠ ٠٠٠ دینار.
دەرماڵەی خێزان و منداڵان لە ٧٢٥ ٠٠٠ دینار بۆ ٢٨٥ ٠٠٠ دینار
زیادەی پەرلەمان لە ٣٢٠٠ ٠٠٠ دینار بۆ ١٢٨٨ ٠٠٠ دینار.
**- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەزگەری و دارستان و پاوان:**
لە بودجەی ساڵی ٢٠٠١ بڕی پەسندکراو نەبوو بۆ ساڵی ٢٠٠٢ بڕی ١٢٠٥٣ ٠٠٠ دینار پێشنیار کراوە بەم شێوەیە:
خەرجی فەرمانبەران ٩٦٤٢ ٠٠٠ دینار.

پێداویستییەکانی خزمەت ٠٠٠ ٥٤١ دینار.
پێداویستیەکانی کاڵایی ٠٠٠ ٥٥٣ دینار.
پاراستنی هەرهەیەکان ٠٠٠ ٥٢٤ دینار.
خەرجیی سەرمایەداری ٠٠٠ ٧٩٣ دینار.

**وەزارەتی ناوخۆ:**

بەبڕی (١٧) ملیۆن و (٦٨٩) هەزار دینار کەمتر لە بڕی پەسندکراو لە بودجەی ساڵی ٢٠٠١ گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**- دیوانی وەزارەت:**

بڕە کەم کراوەکان:
جلوبەرگ لە ٠٠٠ ٠٠٠ ١٠ دینار بۆ ٠٠٠ ٠٠٠ ٨ دینار.
یارمەتی و باروبوو لە ٠٠٠ ٢٠٠ ١ دینار بۆ ٠٠٠ ٧٥٠ دینار.
خەرجییەکانی پلانی نائاسایی لە ٠٠٠ ٠٠٠ ٧ دینار بۆ ٠٠٠ ٠٠٠ ٤ دینار.

**- کارگێڕییە گشتییەکانی پارێزگاکانی هەرێم:**

بڕە کەم کراوەکان:
کڕینی مەکینەو دەزگا و ئامێر لە ٠٠٠ ٣٨١ ١ دینار بۆ ٠٠٠ ٧٥٥ دینار.
پرۆگرامی جۆراوجۆر لە ٠٠٠ ١٥٠٠ دینار بۆ ٠٠٠ ١٢٠٠ دینار.

**- کارگێڕییە خۆجییەکانی پارێزگاکانی هەرێم:**

مووچە لە ٠٠٠ ١٠٦ ١ دینار بۆ ٠٠٠ ٨٠٠ دینار کەم کراوەتەوە.

**- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش:**

بڕە زیاد کراوەکان:
سووتەمەنی لە ٠٠٠ ٢٠٠ ١ دینار بۆ ٠٠٠ ٥٥٠ ١ دینار.
جل وبەرگ، پاڵپشتەی پەسندکراوی نەبوو بڕی ٠٠٠ ٦٠٠ ١ دینار پێشنیار کراوە.
خۆراک لە ٠٠٠ ٢٠٠٠ دینار بۆ ٠٠٠ ٣٠٠ ٣ دینار.
پاراستنی باڵەخانە لە ٠٠٠ ٣٠٠ دینار بۆ ٠٠٠ ٠٥٠ ١ دینار.
پاراستنی دامەزراوەی ئاوی و کارەبایی لە ٠٠٠ ١٠٠ دینار بۆ ٠٠٠ ٤٠٠ دینار.
خەرجیی تایبەت لە ٠٠٠ ٢٠٠٠ دینار بۆ ٠٠٠ ٤٠٠٠ دینار.

بڕە کەم کراوەکان:
مووچە لە ٠٠٠ ٠٠٠ ١٠دینار بۆ ٠٠٠ ٤٠٠ ٩ دینار
دەرماڵەی فەرمانبەران لە ٠٠٠ ٨١٢ ٢٥دینار بۆ ٠٠٠ ٩٤٧ ٢١ دینار.
زیادەی پەرلەمان لە ٠٠٠ ٢٥٠ ١١دینار بۆ ٠٠٠ ١٥٣ ٨ دینار.

**- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس:**

خۆراک لە ۰۰۰ ۰۰ ٤٥دینار بۆ ۰۰۰ ۰۰ ٦ دینار زیاد کراوەو بڕە کەم کراوەکانیش ئەمانەن:
مووچە لە ۰۰۰ ۰۰ ۲۰دینار بۆ ۰۰۰ ۰۰ ۱٦ دینار.
دەرماڵەی خێزان و منداڵان لە ۰۰۰ ۱۰۰ ۲دینار بۆ ۰۰۰ ٤۰۰ ۱دینار.
دەرماڵەی فەرمانبەران لە ۰۰۰ ٥٦۳ ٦۷ دینار بۆ ۰۰۰ ٥٦۳ ٥۲دینار.
زیادەی پەرلەمان لە ۰۰۰ ۰۰۰ ۳۲ دینار بۆ ۰۰۰ ٥٥۲ ۲٥دینار.
کەرستەو پێداویستی لە ۰۰۰ ۰٦۰ ۱دینار بۆ ۰۰۰ ۹٥دینار.
بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی (۰۰۰ ۷٥۰) دینار بڕی پەسندکراویان هەبوو بۆ ساڵی ۲۰۰۲ هیچ بڕێک پێشنیار نەکراوە.

**- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ:**
پاڵپشتەی پەسندکراوی نەبوو، بڕی (۰۰۰ ٦۷۲ ۱۸) دینار بۆ ساڵی ۲۰۰۲ پێشنیار کراوەو بەم شێوەیە:
خەرجیی فەرمانبەران ۰۰۰ ۳۲۲ ۱۳دینار.
پێداویستییەکانی خزمەت ۰۰۰ ۰۳۲ ۱دینار.
پێداویستییەکانی کاڵایی ۰۰۰ ٦۳۳ ۱دینار.
پاراستنی هەرهەیەکان ۰۰۰ ٦۸٤ ۱دینار.
خەرجیی سەرمایەداری ۰۰۰ ۰۰۱ ۱دینار.
**- کۆلیژی پۆلیس:**
دەرماڵەی فەرمانبەران لە ۰۰۰ ۲۲٥۲دینار بۆ ۰۰۰ ۱۳٦۰ دینار کەم کراوە.
پاراستنی باڵەخانە لە ۰۰۰ ۲۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۷٥۰ دینار زیاد کراوە.
**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار:**
بەبڕی (۲۱) ملیۆن و (۹۷۸) هەزار دینار زیاتر لە بڕی پەسندکراو لە بودجەی ساڵی ۲۰۰۱ گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
**- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاووئاوەڕۆ:**
بڕە زیادکراوەکان:
مووچە لە ۰۰۰ ٥۰۰ ۱۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۰۰۰ ۱۱دینار.
دەرماڵەی فەرمانبەران لە ۰۰۰ ۹۲۷ ٤ دینار بۆ ۰۰۰ ۲٤۷ ۷ دینار.
پاداشتی هاندانەتی بۆ کارگەران لە ۰۰۰ ۳٥۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۷۰۰ دینار.
کرێی ئامێر و هۆی گواستنەوە لە ۰۰۰ ۷٥۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۰۰۰ ۳ دینار.
کرێی کارەبا لە ۰۰۰ ۲٥۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۰۰۰ ۱دینار.
سووتەمەنی لە ۰۰۰ ۰۰۰ ۳دینار بۆ ۰۰۰ ۰۰۰ ٥ دینار.

پاراستنی باڵەخانە لە ۰۰۰ ۳۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۱۰۰۰ دینار.
پاراستنی دامەزراوەی ئاوی و کارەبایی لە ۰۰۰ ۱۰۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۰۰۰ ٤ ملیۆن دینار.
پاراستنی ڕێگاو ئاوەڕۆ لە بودجەی ساڵی ۲۰۰۱دا بڕی پەسەندکراوی نەبوو بۆ ساڵی ۲۰۰۲ بڕی ۰۰۰ ۲۵۰۰ دینار پێشنیار کراوە.
بڕە کەم کراوەکان:
زیادەی پەرلەمان لە ۰۰۰ ٤۱۲ ۱۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۹۷٦ ۸ دینار.
پاراستنی دەزگاو مەکینەو ئامێر لە ۰۰۰ ۵۰۰ ۳ دینار بۆ ۰۰۰ ۳۰۰۰ دینار.
**ـ بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی:**
بڕە زیاد کراوەکان:
دەرماڵەی فەرمانبەران لە ۰۰۰ ۸۷۰ ۵ دینار بۆ ۰۰۰ ۵۲۰ ٦ دینار.
مەوادیٚ قەڵاچۆو خۆپارێزی لە ۰۰۰ ۲۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۵۰۰ دینار.
پاراستنی هۆی گواستنەوە لە ۰۰۰ ۱۰۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۲۰۰۰ دینار.
**وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن:**
بە بڕی (۸۰) هەزار دینار زیاتر لە بڕی پەسندکراو لە بودجەی ساڵی ۲۰۰۱.
گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
**ـ دیوانی وەزارەت:**
خەرجیی چاپ لە ۰۰۰ ۵۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۲۰۰ دینار کەم کراوەتەوە.
**ـ بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆستەو گەیاندن:**
بڕە زیاد کراوەکان:
دەرماڵەی فەرمانبەران لە ۰۰۰ ۲٦۸ ۲ دینار بۆ ۰۰۰ ۱٦۵ ۳دینار.
کرێی هۆی گواستنەوە لە ۰۰۰ ۱۰۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۳۰۰ ۱دینار.
ئەمەو پاراسنی باڵەخانە لە ۰۰۰ ۱٦۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۸۰۰ دینار کەم کراوەتەوە.
**وەزارەتی ڕۆشنبیری:**
بەبڕی (۲) ملیۆن و (۵۷٦) هەزار دینار کەمتر لە بڕی پەسندکراو لە بودجەی ساڵی ۲۰۰۱.
گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەی خوارەوەیە:
**ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن:**
پاداشت بۆ غەیری کارمەندانی دائیرە لە ۰۰۰ ۸۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۲۵۰دینار کەم کراوەتەوەو بۆ بەرهەم هێنانی فیلمی سینەمایی و تەلەفزیۆنی کە بڕی پەسند کراوی نەبوو، ۰۰۰ ۳۰۰ دینار بۆ ساڵی ۲۰۰۲ پێشنیار کراوە.
**ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر:**
بڕە زیادکراوەکان:

زیادەی پەرلەمان لە ٦٥٢ ٠٠٠ دینار بۆ ٩٣٨ ٠٠٠ دینار.
بۆ فیلمی سینەمایی بەڵگەنامەیی بڕی پەسندکراو نەبوو، ٢٠٠ ٠٠٠ دینار بۆ ساڵی ٢٠٠٢ پێشنیار کراوە.
بۆ بەخشینی کۆمەڵەکان بڕی پەسندکراو نەبوو، ٩٠٠ ٠٠٠ دینار بۆ ساڵی ٢٠٠٢ پێشنیار کراوە.
بڕە کەم کراوەکان:
کڕینی کەلوپەل لە ٦٨٠ ٠٠٠ دینار بۆ ٣٠٠ ٠٠٠ دینار.
کڕینی مەکینەو دەزگاو ئامێر لە ١ ٤٢٢ ٠٠٠ دینار بۆ ١٠٢٣ ٠٠٠دینار.
چالاکییەکانی وەرزشی لە ٢٥٠٠ ٠٠٠ دینار بۆ ٢٠٠٠ ٠٠٠ دینار.

**- بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان:**

بڕە زیاد کراوەکان:
چالاکی وەرزشی و دیدەوانی لە ١٠٠٠ ٠٠٠ دینار بۆ ١٧٠٠ ٠٠٠ دینار.
بەخشینی یانە وەرزشییەکان لە ١٠٠٠ ٠٠٠ دینار بۆ ١٢٠٠ ٠٠٠ دینار.
هەروەها مووچە لە ١ ٦٠٠ ٠٠٠ دینار بۆ ١ ١٠٠ ٠٠٠ دینار کەم کراوەتەوە.

**وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

بەبڕی (٣٠) ملیۆن و (١٠٨) هەزار دینار زیاتر لە بڕی پەسندکراو لە بودجەی ساڵی ٢٠٠١.
گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**- بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری تەندروستی:**

بڕە زیادکراوەکان:
مووچە لە ٢١ ٥٠٠ ٠٠٠ دینار بۆ ٢٥ ٥٥٠ ٠٠٠ دینار.
دەرماڵەی فەرمانبەران لە ٢٤ ٢٦٦ ٠٠٠ دینار بۆ ٢٩ ٠٢٤ ٠٠٠ دینار.
خاوێن کردنەوەی نەخۆشخانەکان لە ٢ ٢٥٠ ٠٠٠ دینار بۆ ٢ ٥٠٠ ٠٠٠ دینار.
سووتەمەنی لە ٥٠٠٠ ٠٠٠ دینار بۆ ٦ ٥٠٠ ٠٠٠ دینار.
خۆراک لە ١١ ٠٠٠ ٠٠٠ دینار بۆ ٢٠ ٠٠٠ ٠٠٠ دینار.
پرۆژەی قەڵاچۆکردنی مەلاریا لە ٥٠٠ ٠٠٠ دینار بۆ ١ ٠٠٠ ٠٠٠ دینار.
ئەمەو پاراستنی باڵەخانە لە ١٨٠٠ ٠٠٠ دینار بۆ ١ ٥٠٠ ٠٠٠ دینار کەم کراوەتەوە.

**- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دەستەبەری کۆمەڵایەتی:**

مووچەی خانەنیشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە ٣٥٠ ٠٠٠ دینار زیاد کراوە بۆ ٨٠٠ ٠٠٠ دینار.

**- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی:**

بۆ یارمەتی و باروبوو بڕی پەسندکراو نەبوو، (٢ ٥٠٠ ٠٠٠) دینار بۆ ساڵی ٢٠٠٢ پێشنیار

کراوە.

بۆ مووچەی خانەنیشنی و دەستەبەری کۆمەلایەتی بڕی (٢ ٥٠٠ ٠٠٠) دینار پێشنیار کراوە کە لە بودجەی ساڵی (٢٠٠١)دا هیچ بڕێکی بۆ لەبەرچاو نەگیرابوو.

**ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەلایەتی:**

بڕە زیاد کراوەکان:

مووچە لە ٤٢٥٠٠٠دینار بۆ ١٢٠٠٠٠٠دینار.
زیادەی پەرلەمان لە ٧٥٠٠٠٠دینار بۆ ١٣٧٢٠٠٠دینار.
خەرجیی چاپ لە ٢٥٠٠٠دینار بۆ ٣٢٥٠٠٠دینار.
کڕیی ئامێرو و هۆی گواستنەوە لە ٧٥٠٠٠دینار بۆ ٥٥٠٠٠٠دینار.
سووتەمەنی لە ١٠٠٠٠٠دینار بۆ ٣٠٠٠٠٠دینار.
جل و بەرگ لە ٢٠٠٠٠٠دینار بۆ ٥٥٠٠٠٠دینار
خۆراک لە ١ ٢٥٠ ٠٠٠دینار بۆ ٢٥٠٠٠٠٠دینار.
پاراستنی دامەزراوەی ئاوی و کارەبایی لە ٦٠٠٠٠٠دینار بۆ ٥٠٠٠٠٠دینار.
کڕینی کەلوپەل لە ٦٠٠٠٠٠دینار بۆ ٣٥٠٠٠٠دینار.
کڕینی مەکینە و دەزگاو ئامێرو لە ٣٨٢٠٠٠دینار بۆ ٦٢١٠٠٠دینار.

**وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان:**

بە بڕی(٤٩٢)هەزار دینار زیاتر لە بڕی پەسندکراو لە بودجەی ساڵی ٢٠٠١.

گۆرانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەی خوارەوەیە:

**ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکرادنەوە و گەشەپێدان:**

بڕە زیاد کراوەکان:

سووتەمەنی لە ٦٥٠ ٠٠٠دینار بۆ ١٢٠٠ ٠٠٠دینار.
پاراستنی دەزگا ومەکینە و ئامێر لە ١٠٦٠ ٠٠٠دینار بۆ ٢٠٠٠ ٠٠٠دینار.
پاراستنی کارگە و بەکارهێنانی لە ١٥٠٠ ٠٠٠دینار بۆ ١٧٥٠ ٠٠٠دینار.

بڕە کەم کراوەکان:

مووچە لە ٥٥٠٠ ٠٠٠دینار بۆ ٤٩٥٠ ٠٠٠دینار.
زیادەی پەرلەمان لە ٥٣٧٨ ٠٠٠دینار بۆ ٤٦٠٠ ٠٠٠دینار.

**وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری:**

بە بڕی(٥٠٣)هەزار دینار زیاتر لە بڕی پەسندکراو لە بودجەی ساڵی ٢٠٠١.

گۆرانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەی خوارەوەیە:

**ـ دیوانی وەزارەت:**

بڕە کەم کراوەکان:

پاداشتی هاندانەتی بۆ کارگەران لە ٥٠٠٠٠٠دینار بۆ ٣٠٠٠٠٠دینار.
میوانداری و وەفد و پێوەندی لە ٥٠٠٠٠٠دینار بۆ ٣٠٠٠٠٠دینار.
کڕینی کەلوپەل لە ٤٠٠٠٠٠دینار بۆ ١٠٠٠٠٠دینار.
کڕینی مەکینەو دەزگاو ئامێر لە ٣٦٠٠٠٠دینار بۆ ١٣٣٠٠٠دینار.
بۆ کـڕینی زەوی (٥٠٠٠٠٠)دینار بڕی پەسندکـراویان هەبوو، بۆ سـاڵی ٢٠٠٢ هیچ بڕێک پێشنیار نەکراوە.

**ـ بەڕێوەبەرایەتی سەفەری دهۆک:**

بڕی پەسندکراوی نەبوو، بڕی(٢٢٥٨٠٠٠) دینار بۆ ساڵی ٢٠٠٢پێشنیار کراوە، بەم شێوەیە:
خەرجیی فەرمانبەران ٧٠٧٠٠٠دینار.
پێداویستییەکانی خزمەت ٨١٣٠٠٠دینار.
پێداوییستەکانی کاڵایی ٣٩١٠٠٠دینار.
پاراستنی هەرهەیەکان ١٦٠٠٠٠دینار.
خەرجیی سەرمایەداری ١٨٧٠٠٠دینار.

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی:**

بە بڕی (٧)ملیۆن و(٢١٠)هەزار دینار زیاتر لە بڕی پەسندکراو لە بودجەی ساڵی٢٠٠١.
گۆرانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەی خوارەوەیە:

**ـ دیوانی وەزارەت:**

بڕە زیادکراوەکان:
کتێبی قوتابخانە لە بودجەی ساڵی ٢٠٠١دا بڕی پەسنداکراوی نەبوو بۆ ساڵی٢٠٠٢ بڕی ٣٠٠٠٠٠دینار پێشنیار کراوە.
کڕینی خانووبەرە لە بودجەی ساڵی ٢٠٠١دا بڕی پەسندکراوی نەبوو بۆ ساڵی ٢٠٠٢ بڕی ٧٠٠٠٠٠دینار پێشنیار کراوە.
پرۆگرامی مەشق کردن واتە خولی بەهێز کردنی ووتارخوێن و پێش نوێژو خولی فێرکردنی قورئانی پیرۆز لە ٥٠٠٠٠٠دینار کراوەتە ٢٠٠٠٠٠٠دینار.
ئەمەو کڕینی کەلوپەل لە ٧٥٠٠٠٠دینار بۆ ٢٠٠٠٠٠دینار کەم کراوەتەوە.

**ـ بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر:**

بڕە زیاد کراوەکان:
دەرماڵەی فەرمانبەران لە ١٠٢٠٠٠٠دینار بۆ ٢٠٢٠٠٠٠دینار.
زیادەی پەرلەمان لە ٦٧٦٥٠٠٠دینار بۆ ٨٥٠٠٠٠٠دینار.
دەرماڵەی قوتابیان لە ٦٠٠٠٠٠دینار بۆ ٩٠٠٠٠٠دینار.
بڕەکەم کراوەکان:

مووچە لە ٧٥٠٠٠٠٠دینار بۆ ٦٨٠٠٠٠٠دینار.

بەخشینی ئەوقاف لە ٨٥٠٠٠٠٠دینار بۆ ٨٢٠٠٠٠٠دینار.

**ـ بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دهۆک:**

بڕە زیاد کراوەکان:

دەرماڵەی فەرمانبەران لە ٦٢٠٠٠٠دینار بۆ ٦٤٠٠٠٠دینار.

زیادەی پەرلەمان لە ٢٣١٠٠٠٠دینار بۆ ٤٦٧٨٠٠٠دینار.

بەخشینی ئەوقاف لە ٢٨٥٠٠٠٠دینار بۆ ٣٠٠٠٠٠٠دینار.

**وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

بەبڕی (٢٥٧)ملیۆن و(٨٣٠) هەزار دینار زیاتر لە بڕی پەسندکراو لە بودجەی ساڵی ٢٠٠١دا.

گۆرانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەی خوارەوەیە:

**ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی داهات:**

بڕە زیادکراوەکان:

دەرماڵەی خەرجیی سەفەر لە ٧٠٠٠٠٠دینار بۆ ١٠٠٠٠٠٠دینار.

بۆ خۆراک بڕی پەسندکراو لە بودجەی ساڵی ٢٠٠١دا نەبوو، بڕی ٤٥٠٠٠٠٠دینار بۆ ساڵی ٢٠٠٢ پێشنیار کراوە.

بڕە کەم کراوەکان:

مووچە لە ٣٢٨٦٠٠٠٠دینار بۆ ٢٩٧٥٠٠٠٠دینار.

دەرماڵەی فەرمانبەران لە ١٠١١١٠٠٠دینار بۆ ٩٥٥٠٠٠٠دینار.

خەرجیی چاپ لە ١٠٠٠٠٠٠دینار بۆ ٦٠٠٠٠٠دینار.

قرتاسیە و چاپەمەنی لە ١٥٠٠٠٠٠دینار بۆ ١٠٨٠٠٠٠دینار.

**ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی:**

بڕە زیاد کراوەکان:

بەخشینی شارەوانی ییەکان لە ٣٠٠٠٠٠٠٠دینار بۆ ١٠٠٠٠٠٠٠٠دینار. بەخشینی

بەخشینی سەندیکاکان و

یەکیتی یەکان لە ٢٥٠٠٠٠٠٠دینار بۆ ٣٠٠٠٠٠٠٠دینار.

بەخشینی کۆمەڵەکان لە ٥٠٠٠٠٠٠دینار بۆ ١٠٢٥٠٠٠٠دینار.

بەخشینی پارتەکان لە ٨٠٠٠٠٠٠٠دینار بۆ ١٠٠٠٠٠٠٠٠دینار.

بڕە کەم کراوەکان:

ئیفاد بۆ دەرەوەی هەرێم لە ٦٠٠٠٠٠٠دینار بۆ ٥٠٠٠٠٠٠دینار.

خەرجیی چاپ لە ٤٠٠٠٠٠٠دینار بۆ ٣٥٠٠٠٠٠دینار.

بەخشینی دەرچواندنی گۆڤارەکان لە ٥٠٠٠٠٠ دینار بۆ ١٠٠٠٠٠دینار.

**ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی:**

بڕە زیاد کراوکان:

مووچە لە ۰۰۰ ۱۸۹۰دینار بۆ ۰۰۰ ۲۳۸ ۲دینار.

دەرماڵەی فەرمانبەران لە ۰۰۰ ۱۸۷۸دینار بۆ ۰۰۰ ۱۹۱ ۲دینار.

بڕە کەم کراوەکان:

زیادەی پەرلەمان لە ۰۰۰ ۲۲۳ ۲دینار بۆ ۰۰۰ ۱۸۹٦دینار.

کڕینی کەلوپەل لە ۰۰۰ ۹۳۷دینار بۆ ۰۰۰ ٥٠٥دینار.

کڕینی مەکینەو دەزگا و ئامێر لە ۰۰۰ ۱۰۷۳دینار بۆ ۰۰۰ ۸۳٥دینار.

بۆ کڕینی خانووبەرە ۰۰۰ ۳۰۰دینار بڕی پەسندکراو هەبوو، بۆ ساڵی ۲۰۰۲هیچ بڕێک پێشنیار نەکراوە.

**ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی سنوور و گومرک:**

مووچە لە ۰۰۰ ۱۷۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۲۰۰۰دینار زیاد کراوە و بۆ خۆراکیش بڕی پەسندکراو نەبوو، مەبلەغی ۰۰۰ ۲٤٠٠دینار بۆ ساڵی ۲۰۰۲پێشنیار کراوە.

**ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی:**

بڕە زیاد کراوەکان:

کڕینی مەکینەو دەزگاو ئامێر لە ۰۰۰ ۲۱۰دینار بۆ ۰۰۰ ٥٥٨دینار.

مووچەی خانەنشینانی مەدەنی لە ۰۰۰ ۰۰۰ ٥٤دینار بۆ ۰۰۰ ۰۰۰ ٦٤دینار.

مووچەی خانەنشینانی عەسکەری وهێزی ئاسایشی ناوخۆ لە ۰۰۰ ٦٠٠ دینار بۆ ۰۰۰ ۸۰۰ دینار.

**وەزارەتی پێشمەرگە:**

بەبڕی (۱٦)ملیۆن و (٥٢٠)هەزار دینار زیاتر لە بڕی پەسندکراو لە بودجەی ساڵی ۲۰۰۱دا.

گۆرانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەی خوارەوەیە:

خەرجیی فەرمانبەران لە ۰۰۰ ۰۰۰ ۲۰٤دینار بۆ ۰۰۰ ۱۲۰ ۲۱۰دینار.

پێداویستییەکانی خزمەت لە ۰۰۰ ٦٠٠ ۹دینار بۆ ۰۰۰ ٦٥٠ ۱۱دینار.

پێداویستییەکانی کاڵایی لە ۰۰۰ ۱٥۲۰۰ دینار بۆ ۰۰۰ ۱۸۱۷۰دینار.

پاراستنی هەر هەیەکان لە ۰۰۰ ۰۰۰ ۱٤دینار بۆ ۰۰۰ ۱٦۹۳۰دینار.

خەرجیی سەرمایەداری لە ۰۰۰ ۰۰۰ ۸دینار بۆ ۰۰۰ ۱۰٤٥٠دینار.

**وەزارەتی پێشەسازی و وزە:**

بە بڕی (۲)ملیۆن و(۳۰۹)هەزار دینار زیاتر لە بڕی پەسندکراو لە بودجەی ساڵی ۲۰۰۱دا.

گۆرانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەی خوارەوەیە:

**ـ بەڕێوەبەرایەتی یەکانی پۆلیسی کارەبای پارێزگاکان:**

دەرماڵەی فەرمانبەران لە ۰۰۰ ۲۹۲٥دینار بۆ ۰۰۰ ۳۹۷۱دینار زیادبووە.

**ـ تۆڕەکانی هەرێمی کوردستان:**

پاراستنی دەزگا و مەکینە و ئامێر لە ٥٠٠٠٠٠دینار بۆ ٧٠٠٠٠٠دینار زیاد کراوە.

**ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەکنیک و بەرهەم:**

بڕە زیاد کراوەکان:

مووچە لە ١٤٨٠٠٠دینار بۆ ٧٩٠٠٠٠دینار.

دەرماڵەی فەرمانبەران لە ١٤١٠٠٠دینار بۆ ٨٢٠٠٠٠دینار.

زیادەی پەرلەمان لە ١٦٥٠٠٠دینار بۆ ٧٩٢٠٠٠دینار.

کەرەستە و پێداویستی

تاقیگەیی و پیشەسازی لە ٥٠٠٠٠دینار بۆ ٩٦٠٠٠٠دینار.

**وەزارەتی داد:**

بە بڕی (٣)ملیۆن و (٨٣٨)هەزار دینار زیاتر لە بڕی پەسندکراو لە بودجەی ساڵی ٢٠٠١ دا.

گۆرانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەی خوارەوەیە:

**ـ دیوانی وەزارەت:**

کڕینی کەلوپەل لە ١٣٥٠٠٠دینار بۆ ٢٠٠٠٠٠٠دینار.

چونکە وا توقع دەکەین کە لە ساڵی ٢٠٠٢ بینایەکەیان تەواوبێ.

**ـ دادگاکان:**

مووچە لە ١٣٣٠٠٠٠دینار بۆ ١٧٧٠٠٠٠دینار.

ودەرماڵەی فەرمانبەران لە ٧٧٩٥٠٠٠دینار بۆ ٨٣٧٩٠٠٠ دینار زیاد بوونەوەی هەبووە، و هەروەها کڕینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە ٧٠١٠٠٠٠دینار بۆ ٣١٥٠٠٠٠دینار کەم کراوەتەوە.

**ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانووبەرە:**

دەرماڵەی فەرمانبەران لە ٧٧٨٠٠٠٠دینار بۆ ١٢١٨٠٠٠٠دینار زیاد کراوە.

و کڕینی مەکینەو دەزگاو ئامێرو لە ١٣٨٩٠٠٠٠دینار بۆ ١٠٢٤٠٠٠٠دینار کەم کراوەتەوە.

**سەرۆکایەتی داواکاری گشتی:**

بڕی پەسندکراوی لە بودجەی ساڵی ٢٠٠١دا نەبوو مەبلەغی ١٦٦٠٠٠٠دینار بۆ ساڵی٢٠٠٢ پێشنیار کراوە بەم شێوەیە:

خەرجیی فەرمانبەران ١١٩٧٠٠٠دینار.

پێداویستیەکانی خزمەت ١٣٨٠٠٠دینار.

پێداویستەکانی کاڵایی ٥٤٠٠٠دینار.

پاراستنی هەرهەیەکان ٦٥٠٠٠دینار.

خەرجیی سەرمایەداری ٢٠٦٠٠٠دینار.

**دیوانی چاودێری دارایی هەرێم :**

بڕی پەسندکراویان نەبوو بڕی(٦٣٤١٠٠٠)دینار پێشنیار کراوە بەم شێوەیە:

خەرجیی فەرمانبەران ٢١٩١٠٠٠دینار.

پێداویستەکانی کاڵایی ٤٠٥٠٠٠دینار.

خەرجیی سەرمایەداری ١٦٩٥٠٠٠دینار.
پرۆگرامی تایبەت ١٥٠٠٠٠دینار.
پێداویستیەکانی خزمەت ١٣٠٥٠٠٠دینار.
پارستنی هەرهەیەکان ٤٤٥٠٠٠دینار.
خەرجیی گوازراوەیی ١٥٠٠٠٠دینار.

**شەشەم:فەرمانگە خۆبژێوەکان:**

١/بانکە بازرگانی ییەکان کە لە(١٦) بانک پێک دێن داهات و خەرجییەکانیان بریتین لە:

أـ خەرجییەکان(١٧٣٦٧٠٠٠) دینار بەم شێوەیە:

مووچە ٦١٣٢٠٠٠دینار.
پیداویستیەکانی کالایی ١٠٥٠٠٠٠دینار.
پێداویستیەکانی خزمەتگوزاری ٣٩٩٥٠٠٠دینار.
سیلاک بوون ٤٩٠٠٠٠٠دینار.
خەرجییەکانی گوازراوەیی ٢١٠٠٠٠دینار.

| ز | ناونیشان | خەرجی/ دینار | داهات/ دینار |
|---|---|---|---|
| ١ـ | کارگەی رستن و چینینی هەولێر | ٢٠ ٥٥٥ ٠٠٠ | ٢١ ٦١٨ ٠٠٠ |
| ٢ـ | کارگەی مەرمەڕی هەولێر | ٣ ٢٤٨ ٠٠٠ | ٢ ٥٨٠ ٠٠٠ |
| ٣ـ | کارگەی غازی هەولێر | ١٨٨٥٦ ٠٠٠ | ٢٥٧ ٧٠٠ ٠٠٠ |
| ٤ـ | کارگەی جگەرەی هەولێر | ٢٣ ١٧٤ ٠٠٠ | ٢١ ٠٠٠ ٠٠٠ |
| ٥ـ | بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای هەولێر | ٩١ ٣٤٨ ٠٠٠ | ١٠١ ٠٠٠ ٠٠٠ |
| ٦ـ | بەڕێوەبەرایەتی کانەبەردی هەولێر | ٣٠ ٣٩ ٠٠٠ | ٢ ٤٦٠ ٠٠٠ |
| ٧ـ | بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای هەولێر | ٤٣ ٩٧١ ٠٠٠ | ٤٨ ١٥٠ ٠٠٠ |
| ٨ـ | بەڕێوەبەرایەتی دابەش کردنی نەوتی هەولێر | ٦٠ ٦٢٠ ٠٠٠ | ١٦٢ ٤٥٠ ٠٠٠ |
| ٩ـ | بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سۆران | ٨ ٥١٤ ٠٠٠ | ٢ ١٨٠ ٠٠٠ |
| ١٠ـ | بەڕێوەبەرایەتی دابەش کردنی نەوتی دهۆک | ٤٠ ١٣٨ ٠٠٠ | ١٢٠ ١٠٠ ٠٠٠ |
| ١١ـ | کارگەی رستن و چینینی دهۆک | ٤٧٩ ٠٠٠ | ـ |
| ١٢ـ | بەڕێوەبەرایەتی دابەش کردنی کارەبای دهۆک | ٦٥ ٣٣٣ ٠٠٠ | ١٠٠ ٨٢٥ ٠٠٠ |

خەرجییەکانی تر ٠٠٠ ١٠٠دینار.
خەرجییەکانی سەرمایەداری ٠٠٠ ٩٨٠دینار.
ب ـ داهاتەکان(١٩١٤٧٠٠٠)دینار واتە:
چالاکیی خزمەت کردن ٠٠٠ ٥٠٠دینار.
داهاتەکانی کرداری بانکی ١٨٠٤٧٠٠٠دینار
داهاتەکانی وەبەرهێنان (الاستثمار) ٠٠٠ ٥٠٠دینار.
داهاتەکانی تر ٠٠٠ ١٠٠دینار.
٢/کارگە و فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی پیشەسازی و وزە:
أ ـ خەرجییەکان(٣٧٩٧٧٥٠٠٠)دینار.
ب ـ داهاتەکان(٦٠٨٠٦٣٠٠٠)دینار.
بەم شێوەی خوارەوە:

**هەفتەم: پلانی سالانەی ٢٠٠٢:**

بڕی پارەی تەرخانکراوی پلانی سالانە بریتی ییە لە(٣٨٨ر٢٢٤ر٠٠٠)دینار کە دابەش کراوە بەسەر (باب و فەسڵ و ماددەکان)ئەو پرۆژە و کارە گرینگانە کە لەوانەیە لەماوەی ئەم ساڵەدا جێبەجێ نەکرێن و جێ بەجێ بوونیان پتر لە ماوەی ساڵێک دەخایێنێ بڕیان بۆ دانراوە تا لە ماوەی ساڵی٢٠٠٢دا بە گوێرەی پێویستی بۆیان سەرف بکرێ، هەر بۆیە لەسەرجەمی تێچووی پرۆژەکانی پلانی سالانە کە دەکاتە(٥٤٥١٨٨٠٠٠)دینار.

بۆ ساڵی ٢٠٠٢تەنیا بڕی(٣٨٨٢٢٤٠٠٠)دینار پێشنیار کراوە.

لەهەر شوێنێک کە بۆمان گونجاو بێ پرۆژەکانمان خستووەتە ناو بەرنامەکانی بڕیاری ٩٨٦.

بەڵام هەندێ لە پرۆژەکان لەکاتی کابینەی سێیەم دەستیان پێ کرابوو یا لە کابینەی چوارەم لە ساڵانی ٢٠٠٠ـ٢٠٠١بڕیاریان لەسەر دراوە یاخود جێ بەجێ کردنیان لەرێگای بڕیاری ٩٨٦ چ لەروی کات یا جۆری پرۆژە پەسندایەتی نەبووە.

بودجەی پێشنیار کراوی پلانی سالانە بۆ ساڵی٢٠٠٢ کەمترە بە بڕی (٢٠٩١٧٦٠٠٠)دینار لە بودجەی پەسندکراوی پلانی ساڵی ٢٠٠١کەبریتی بووە لە (٥٩٧٤٠٠٠٠٠)دینار.

لەخوارەوە جۆری پرۆژەکان و بڕە تەرخانکراوەکانی هەر کەرتێک پێشکەش دەکەین:

**وەزارەتی ناوخۆ(٢٢٤٠٠٠٠٠)دینار بۆ:**

دروستکردنی کۆمەڵگای وەزارەت،(٢)خانوو بۆ قائمقامی قەزاکان،(٢)خانوو بۆ مدیر ناحیەکان،(٩)بنکەی پۆلیس.(٨)بنکەی ئاسایش،(٢)بینایە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش،بینایەی راگرایەتی کولیژی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دهۆک.

**وەزارەتی دارایی و ئابووری(٤١٥٠٠٠٠٠)دینار بۆ:**

دروستکردنی کۆمەڵگای حاجی ئومەران، بانک لە سێمیل بینایەی گەنجینەی هەولێر و بینایە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی.

**وەزارەتی پیشەسازی و وزە(٧٤٠٥٠٠٠٠):**

دروستکردنی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێر (٦)باڵەخانەی کارەبا لە قەزا و ناحیەکان، وێستگە لەناو شاری هەولێر، دروستکردنی کۆگا، پێداویستی روناک کردنەوە لە هەولێر ودهۆک.

**وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن(٢٤٥٠٠٠٠٠)دینار بۆ:**

دروستکردنی بینایە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی گواستنەوە لە هەولێر و دهۆک بینایەی کەشناسی لە دهۆک (٢)بدالەی ٥٠٠هێڵی لەگەڵ تۆڕەکان بۆ قەزاکان و(٢)بەدالەی ٢٠٠تاکو ٢٥٠هێڵی بۆ کومەڵگاو ناحیەکان.

**وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری(٣٥٠٥٠٠٠)دینار بۆ:**

دروستکردنی بینا بۆ ئاوی ژێر زەوی لە هەولێر هۆڵێکی زیادە بۆ پرۆژەی نەورۆز بۆ بەخێوکردنی مانگا.

**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار(١١٥٣٨٠٠٠٠)دینار بۆ:**

دروستکردنی بینایەی دیوانی وەزارەت(١١) بینایە بۆ شارەوانی ییەکان لە قەزاکان و شارەوانییە تازە دامەزراوەکان، گەراجی گواستنەوە لە ئامێدی، (١) بنکەی بەرگری شارستانی، پارکی هەولێر، پەرەپێدانی شاری هەولێر و بێخال و جندیان و ناوچەی خانزاد، دروستکردنی ٨٣ کیلومەتر شەقام لە هەولێر ودهوک و شاروچکەکان، دروستکردنی (OVER PASS) بۆ چوارریانی شەهید خیرالله لە هەولێر.

**وەزارەتی پەروەردە(٥٤٥٠٠٠٠)دینار بۆ:**

دروستکردنی (١٢٥)ژووری زیادە بۆ قوتابخانەکان و شورە بە درێژایی(٢٦٠٠٠) مەتر بۆ قوتابخانەکان.

**زانکۆکان(٣٤١٠٠٠٠٠)دینار بۆ:**

دروستکردنی تەلاری کۆلیژی دەرمانسازی بەشی بیناسازی و پرۆگرامسازی لە کۆلیژی ئەندازیاری، هۆلی کۆبونەوە لە کۆلیژی کارگێری و ئابووری، چەند هۆڵێکی خوێندن بۆ کۆلیژی ئاداب، (٢)بەشی ناوخۆ بۆ قوتابیان زانکۆی سەلاحەددین. هەروەها دروست کردنی (٢)کۆلیژ و(٢) بەشی ناوخۆ بۆ قوتابیان لە زانکۆی دهۆک.

**پەیمانگا تەکنیکی ییەکان(٩٠٠٠٠٠٠)دینار بۆ:**

دروستکردنی پەیمانگای تەکنیکی لە سۆران و مێرگەسۆر و ئاکرێ و(٢) بەشی ناوخۆ بۆ قوتابیان.

**وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن(٤٠٦٦٩٠٠٠)دینار بۆ:**

نوژەن کردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگاکانی (بەستۆرە ـ بانەمان ـ سەلاحەددین)، (ڕەواندوز ـ بێخال)،(سۆران ـ کاولۆکان ـ جندیان)،(ئاکرێ ـ قەندیل)،(گرشین ـ دیرەبون(،(ڕێگای گەلی لالش)،چاککردنەوەی ڕێگای(١١)گوند. نوژەن کردنەوەی بنکەی لاوان لە دهۆک، دروستکردنی

بینایەی چاکسازی لە هەولێر و بینایەی یەکێتی ئەدیبانی کورد و بەڕێوەبەرایەتی ئەشغال لە دهۆک.

**وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان(٢٤٨٥١٠٠٠)دینار بۆ:**

نوژەن کردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگاکانی (زرارەتی بە درێژایی ٣٥کم)،(چامە، بیرسیاف - مەمولان - پیران بە درێژی١٥کم )،(مورتکە - بیستانە بە درێژی ١٥کم)، (خەلان - ڕێزان بە درێژی٩کم)،(گۆرەتو - شانەدەر بە درێژی ١١کم) ، (درێژ کردنەوەی شەقامی (١١)ی ئەیلول لە هەولێر، ڕێگای(پیرەکەپرا - تنکەتور بە درێژی ١٩کم) نوژەن کردنەوەی ڕێگای (بیرقان - ڕێزان - بالندە بە درێژی ٥٧کم) دروست کردنی چالی قیر بۆ کارگەی قیری ئەتروش

**وەزارەتی داد(١٦٥٠٠٠٠٠)دینار بۆ:**

بەردەوام بوون لە دروستکردنی تەلاری وەزارەتی داد، بینایە بۆ دادگای بەرایی تێبینەرایەتی تۆمارگای خانووبەرە لە هەولێر و دهۆک.

**وەزارەتی رۆشنبیری(٩٤١٤٠٠٠)دینار بۆ:**

نۆژەنکردنەوەی هۆلی شانۆی بنکەی وەرزش و لاوان، منارەی چۆلی، مۆزەخانەی فۆلکلۆری و گەرماوی قەلا، چاککردنەوەی ئامێری ساردی و گەرمی لە هۆلی میدیا لە هەولێر و دروستکردنی گۆرەپانی تۆپی دەست و باسکە بۆ بنکەی وەرزش و لاوان لە دهۆک.

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی(٣٣٥٥٠٠٠٠)دینار بۆ:**

دروستکردنی (٤٠)مزگەوت، (٦)هۆلی بۆنە ئایینی یەکان،(٨)قوتابخانەی ئیسلامی، بینایە بۆ تێبینەرایەتی سۆران و شەقلاوەو زاخۆ، بالەخانە بۆ دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دهۆک، (٢) شوورە بۆ گۆڕستان، دروستکردنی بەشی ناوخۆیی بۆ قوتابیانی قوتابخانەو پەیمانگا ئیسلامییەکان.

لە کۆتایی دا بە پێویستی دەزانین پڕ بە دڵ سوپاسی بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی بکەین کە ئەوپەڕی پشتیوانی لە دەسەلاتی یاسا و شەرعیەت کردووە بۆ ئەوەی لە ڕاپەڕاندنی کارو ئەرکەکانیاندا سەرکەوتووبن و هەروەها پڕ بە دڵ سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی بەڕێز و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی بەڕێز و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەکەین کە هەمیشەپاڵپشت و یارمەتیدەرمان بوون لە جێبەجێ کردنی پێ سپێردراومان بۆ خزمەتکردنی گەلەمان.

ئیتر سوپاس و ئومێدەوارین هەنگاوەکانمان جێگای ڕەزامەندی ئێوەی بەڕێز بێت.

لەگەڵ ڕێزی دوبارەمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سەرکیس ئاغاجان وەزیری دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ئەو ڕاپۆرتە تێروتەسەلەی کە لە ڕاستیدا روناکییەکی چاکی خستە سەر کاروباری ئەنجومەنی وەزیران بەگشتی

و وەزارەتی دارایی بەتایبەتی کە بە تەئکید ئەم راپۆرتە دەورێکی باشی دەبێت بۆ چاکتر موناقەشە کردنی میزانییەی هەرێمی کوردستان.
بەڕێزان لێرەدا پشووەیەک ئەدەین تاکو سەعات ٢ پاش نان خواردن سەعات ٢ داوا دەکەم لە هەموو ئەندامە بەڕێزەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە ئامادەبن بۆ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق، سوپاس.
باشە ئەو هەمووە چۆن بە رۆژێک تەواو دەبێت، بەردەوام دەبین لەسەر کاروباری دانیشتنەکەمان سەبارەت بە بوجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، داوا لە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی دارایی دەکەم کە بفەرموونە سەر سەکۆ، بەتایبەتی سەرۆک و جێگر و موقەرریری لیژنەکە، هەروەها بەڕێزان شەفیقەخان و کاک حمید سلیم میرانیش بابفەرموون بەڕێز کاک جەمیل تکایە راپۆرتی لیژنەکەتان بخوێنەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
ئێستا بە درێژی راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری بۆ جەنابتان دەخوێنمەوە،

## السيد رئيس البرلمان المحترم

## م/موازنات الحكومة لعام ٢٠٠٢م

تحيةً واحتراماً
بناءاً على أوامر وتوجيهات جنابكم قامت لجنتنا بسلسلة من الاجتماعات المتكررة لتدقيق ودراسة ومناقشة الموازنات الثلاث [الموازنة الجارية الاعتيادية؛ الموازنة التخطيطية؛ الموازنة الممولة ذاتياً]لحكومة اقليم كوردستان لعام ٢٠٠٢م المعدة من قبل وزارة المالية والاقتصاد مشكورة والمرسلة من قبل رئاسة مجلس الوزراء الموقرة الى رئاسة البرلمان الموقرة والمحالة الى لجنتنا من قبل سيادتكم... وبعد الدراسة والمناقشة يسعدنا أن نقدم لسيادتكم تقريرنا المالي عن الموازنات الثلاث أعلاه...
ولا يخفى على سيادتكم بأنه من بديهيات النجاح في اي حقل من الحقول لابد من الدراسة والتخطيط الجيد لها ولا شك فان إدارة المال و الصرفيات الموزونة بأمس الحاجة الى التخطيط الدقيق.
والموازنة تخطيط مالي لسنة كاملة تشمل السياسة المالية للمؤسسة أو الحكومة أو الدولة لتلك السنة من صرفيات موزونة وإيرادات جيدة فعليه يؤخذ بنظر الاعتبار الوضع الاقتصادي والقدرات المالية المتاحة لها لتحقيق تلك السياسة المالية الهادفة.

ولا شك بان السياسة المالية تختلف من حكومة لاخرى ومن دولة لاخرى ومن ظرف معين الى ظرف آخر بناءً على الوضع المالي والحالة الاقتصادية والاجتماعية لتلك الحكومة او الدولة وشعبها وأهدافها فعليه يؤخذ بنظر الاعتبار الميزانية المصدقة والمنفذة للسنة السابقة كمؤشرٍ للاستدلال والمقارنة.

وقبل ان نقدم رأينا بشأن موازنات حكومة الاقليم للعام ٢٠٠٢م نجد من الانصاف وان نقول للتاريخ بان الحصار المزدوج والمركب على الاقليم قد أثر سلباً على حياة المواطنين وكان عائقاً في الانتعاش الاقتصادي للاقليم وذو تأثير سلبي على حرية التجارة والترانسيت عبر الاقليم مما قلل من مجموع واردات حكومة الاقليم من جهة وزيادة العبء على الوزارة من الناحيتين الواردات والنفقات.

ولقلة الواردات التخمينية هذه أضطرت وزارة المالية والاقتصاد لوضع موازنة جارية للنفقات للعام ٢٠٠٢م بحيث تكون تخصيصات غالبية الوزارات أقل من تخصيصات السنة السابقة لها ٢٠٠١م أو مشابهة لها باستثناء الوزارات (التربية؛ الصحة والشؤون الاجتماعية؛ البلديات والسياحة) فقد ازدادت تخصيصاتها بشكل ملحوظ ورغم طموحات الوزارة بتأمين الرواتب التقاعدية لعوائل الشهداء الابرار ولمعوقي البيشمەرگه الابطال فانها درجت الزيادة البرلمانية للموظفين في الفصل الاول [المادة (٢٩)] لكل الوزارات التزاماً منها بالقوانين الصادرة من البرلمان وكخطوة جادة وطموحة لتحسين وضعية الموظفين لدى حكومة الاقليم وإيماناً منها بالمقولة المشهورة (كيفما يكون الموظفون تكون الدولة)!! نتمنى لها النجاح والسيولة النقدية الجيدة حتى تتمكن من التنفيذ مشكورةً... ولو نظرنا الى الموازنة الاعتيادية(الموازنة الجارية) حسب فصولها فإنها قد وزعت حسب الدليل المحاسبي على ثمانية قطاعات ونسبة كل قطاع أو كل فصل من فصولها هي كالآتي:

| الفصول | النسبة المئوية |
|---|---|
| (١)نفقات الموظفين والافراد العاملين | ١١و٤٥٪ |
| (٢)المستلزمات الخدمية | ٩٤و٦٪ |
| (٣)المستلزمات السلعية | ٤٣و٩٪ |
| (٤)صيانة الموجودات | ٥٣و٥٪ |
| (٥)النفقات الرأسمالية | ٧٥و٤٪ |
| (٦)النفقات التحويلية | ٥٢و١٨٪ |
| (٨)البرامج الخاصة | ٨٠ و١٪ |
| (٩)الرواتب والمكافآت التقاعدية | ٩٢و٧٪ |
| المجموع | ١٠٠٪ |

وبشكل عام أخذت نفقات رواتب الموظفن من الميزانية (١١و٤٥٪)و هذا ما يبين ضخامة عدد الموظفين والهيئات التدريسية والتعليمية في الجهاز الحكومي علماً بان الرواتب مقننة! لايمكن ايقافها مهما تكن...

ولهذه الاسباب أعلاه (قلة الواردات)من جهة وضخامة نفقات رواتب الشهداء ومعوقي اليشمەرگە الابطال والموظفين فان نسبة العجز تتجاوز (٢٨٪) مما تضطر وزارة المالية والاقتصاد بايقاف صرف فصل معين او مواد معينة وتمويل حسابات الوزارات و الادارات وفق الموارد المالية المتاحة و السيولة النقدية و حسب الاهمية...

**سيادة رئيس البرلمان :**

وبعد سلسلة من الاجتماعات المركزة من قبل جميع اعضاء لجنتنا لتدقيق محتويات الموازنات لعام ٢٠٠٢ بكافة ابوابها و اقسامها و فصولها و موادها و انواعها، وجدنا بانها خالية من الاخطاء الحسابية (الجمعية) و هذا موضع افتخار و اعتزاز للوزارة وارتياح للجنتنا.

واذا اجرينا مقارنة بين ابواب الموازنة الجارية الاعتيادية (بين الوزارات) نجد بان وزارة المالية والاقتصاد قد اعطت الاولوية مشكورةً للجانب التربوي والتعليمي في الاقليم...

ونظراً لضخامة عدد التلاميذ و الطلبة ولاهمية تربية الجيل و تعليمه اخذت وزارة التربية بحدود(٣٠ر١٦٪)من الموازنة الجارية لحكومة الاقليم ماعدا المبالغ والتخصيصات للجامعات و المعاهد الفنية وإذا اخذنا المبالغ المدرجة لوزارة التربية وللجامعات والمعاهد كقطاع للتربية والتعليم والدراسة معاً تصل النسبة الى(٢١ر ٢١٪)ماعدا المبالغ المدرجة في الموازنة لدائرة القبول المركزي ولمطبعة جامعة صلاح الدين... وهذا دليل على سياسة الكابينة الرابعة لحكومة الاقليم من الاهتمام بالجانب التربوي و التعليمي في الاقليم... وأخذت وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية نسبة(٤ر٩٪)ورغم شمول هذه الوزارة اسوة بوزارة التربية بقرار (٩٨٦) فإنه في القسم الثاني(دوائر الخدمات الصحية)ـ الفصل الثالث ـ قد درج مبلغ(٦٠)مليون دينار لشراء الادوية الضرورية التي تحتاجها مستشفيات حكومة اقليم كوردستان العراق ويتلكأ موظفو (UN) منفذو قرار (٩٨٦) من درجها وتأمين شرائها لمستشفيات الاقليم... ودرج هذا المبلغ دليل على حرص حكومة الاقليم (الكابينة الرابعة) على صحة المواطنين ومعالجة آلامهم... واذ تؤيد لجنتنا هذه السياسة المالية و الموازنة الجارية لعام ٢٠٠٢ وكذلك الموازنة الممولة ذاتياً لعام ٢٠٠٢ نجد ضرورة اجراء التغييرات في البنود المدرجة ادناه من الموازنة الجارية:

١ـ الباب(٢)القسم الثاني: رئاسة جامعة صلاح الدين ـ الفصل الثاني ـ مادة(٠٥)نفقات الطبع.

٢ـ وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية ـ دوائر الخدمات الصحية ـ

* الفصل الثاني مادة(٠٥)نفقات الطبع.
* الفصل الثالث مادة(٠٦)الاغذية.

٣ـ وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية ـ المديرية العامة للاصلاح الاجتماعي ـ

* الفصل الثالث مادة(٠٥)الملابس.
* الفصل الرابع مادة(٠٤)صيانة تأسيسات الماء والكهرباء.
* الفصل الرابع مادة(١١)صيانة الحدائق.
٤- وزارة المالية والاقتصاد - المديرية العامة للمالية - (الفصل السادس) النفقات التحويلية)
* المادة (٠٨)منح البلديات.
* المادة(١٧)منح الاتحادات والنقابات.
وقد ادرج ذلك في جدول التغييرات المرفق طياً:
اما الموازنة الممولة ذاتياً فليست للجنتنا ملاحظات بشأنها وقد تحسنت وضعيتها ونرجو لها الارباح المتوقعة.

**« ميزانية الخطة »**

## سيادة رئيس البرلمان:

اما بالنسبة الى موازنة الخطة لعام ٢٠٠٢م فقد خمنت بمبلغ(٠٠٠ ٢٢٤ ٣٨٨)ديناراً وهي تقل عن موازنة الخطة للعام الحالي ٢٠٠١م بنسبة تتجاوز(٣٥٪)[٣٥ر٠٧٪] وذلك للوضع المالي الغير مرضي لخزينة الحكومة ووجود العجز في الموازنة الجارية كما بينا سابقاً ...
وقد أخذت وزارة البلديات والسياحة حصة الأسد من موازنة الخطة حيث نسبتها من موازنة الخطة تقارب (٣٠٪)[٢٩ر٧٢٪] مما يثبت بأن البلديات تزيد العبء على وزارة المالية والاقتصاد ... ومن الضروري أن تعدل البلديات أوضاعها وتعتمد على وارداتها ...
كما انه من الضروري ان تقوم كافة الوزارات بضمنها البلديات بتقديم مشاريعها و خططها للتنفيذ ضمن قرار(٩٨٦) وهذه فرصة لوزارات الاقليم للاستفادة القصوى من القرار اعلاه ورفع العبء عن خزينة الاقليم.

## توصيات لجنتنا:

ولمحاولة سد العجز الموجود في الموازنة او تقليله توصي لجنتنا بالاقتراحات التالية:
١- ان تسيطر وزارة المالية والاقتصاد على كافة النقاط الگمركية سيطرة تامة وان تتعاون وزارة الداخلية ووزارة شؤون الپيشمەرگە لمنع التهريب او التهرب من دفع الرسوم الگمركية وان يتم محاسبة المخالفين محاسبة شديدة.
٢- تشكيل مديرية عامة للگمارك في وزارة المالية والاقتصاد لتزيد من فعاليات الگمارك ونشاطاتها.
٣- ان يكون منتسبي الدوائر الضريبية من الاكفاء وذوي السمعة الجيدة وان يتم ابعاد ومحاسبة المخالفين.
٤- ان تتم جباية الرسوم في كافة الوزارات بشكل جيد وحسب الوصولات الرسمية المعمول بها في وزارة المالية والاقتصاد ومحاسبة الدائرة التي تستخدم وصولات غير رسمية وغير

معمول بها في وزارة المالية والاقتصاد واتخاذ الاجراءات القانونية بحق تلك الدائرة.
٥ـ عدم التصرف بأية نسبة من الواردات مهما تكن.
٦ـ ان تتعاون كافة الوزارات لاستحصال الديون الحكومية.
٧ـ ان تسيطر البلديات ووزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية ووزارة الزراعة والري على املاكها وان يكون اسلوب المزايدة العلنية السليمة متبعاً في معاملات الايجار والبيع في كافة الوزارات وان تتم الموافقة على ذلك من قبل المحافظ كل في محافظته على كل معاملة بيع او ايجار حكومي قبل تصديقها من قبل الوزارة المعنية.
٨ـ ان تكون هناك لجان سرية في كل محافظة، لمتابعة كافة المزايدات ومعاملات الايجار والبيع والتعاقد الحكومية اضافة الى اللجان العلنية.
٩ـ تسجيل كافة الاموال المصادرة ايراداً نهائياً لوزارة المالية والاقتصاد وادخالها في السجلات المختصة دون التصرف بها بأمور غير قانونية.
١٠ـ محاربة الاحتكار وتشجيع التجارة الحرة خدمة للاقتصاد الحر والخزينة.
١١ـ فسح المجال امام المواطنين وخاصة التجار والاقتصاديين والمحاسبين لتسجيل الشركات وعدم حصرها على المحامين.
١٢ـ ان تكون الشركات التجارية حرة في الاستفادة من المحامين او عدم الاستفادة منهم.
١٣ـ ان يحق للموظف الحقوقي بتمثيل وزارته في المرافعات لدى المحاكم اسوة بالحكومة المركزية.
١٤ـ تشغيل كافة المعامل والمصانع بطاقاتها الانتاجية المتاحة التي فيها الجدوى الاقتصادية اما التي تعاني من الخسارة فمن الضروري ايجاد وسيلة للتوازن وتلافي الخسارة.
١٥ـ استغلال الاراضي الزراعية زراعة حديثة مقننة.
١٦ـ التخطيط والمحاولة الجادة من قبل كافة الوزارات للاستفادة من قرار (٩٨٦) وتنفيذ غالبية المشاريع الخدمية والاعمارية وكذلك الصحية والتربوية بموجبها.
١٧ـ المتابعة والمراقبة والتفتيش المستمر لحسابات الوزارات.
١٨ـ تنفيذ المشاريع عن طريق التنفيذ المباشر قدر الامكان وفي حالة توفر الامكانية تفضيلها على المقاولين.

نرجو التفضل بعرضها على السادة اعضاء البرلمان في اقرب جلسة لمناقشتها واقرارها مع فائق الشكر والتقدير. ولكم الامر.

المرفقات:
١ـ جدول التغييرات (١جدول).
٢ـ خلاصة الموازنة الجارية حسب الابواب والاقسام (١٨ جدول).
٣ـ موازنة الخطة(١)جدول.

٤ـ الموازنة الممولة ذاتياً (١ جدول).
٥- جدول الايرادات للحكومة(١جدول).

**برهان الجاف** — مقرر اللجنه
**بطرس إسخريا البازی** — نائب رئيس اللجنه
**جميل عبدی سندی** — رئيس اللجنه

**شفيقه فقی عبدالله** — عضوه
**حميد سليم ميران** — عضو
**محمد امين مولود** — عضو
**شفيق امين محمد** — عضو

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ڕاستیدا ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری ڕاپۆرتێکی باشە، ئەوانیش ماندوو بوون بە سەیر کردن و خوێندنەوەی بوجەی وەزارەتی دارایی و ئابووری، و تاکو ڕاپۆرتەکەیان ورد و ڕێک بێت بۆیە ڕاپۆرتەکەیان بە عەرەبی نووسیوە بۆ ئاگاداری ئێمە جارێکی تر تەرجومەی دەکەین و بەکوردی دەینووسینەوە، تێبینی هەیە لەسەر ڕاپۆرتی حکومەت و ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ؟ بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار فەرموو

**بەڕێز مأمون محمد نور بریفکانی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

زۆر سوپاس بۆ ئەو ماندووبونە، من یەک تێبینیم هەیە لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، ئەوەی کاک جەمیل خوێندیەوە (٣٠٪) بۆ وەزارەتی شارەوانی ، داوا دەکات کە ئەو زەختەی لەسەر خەزینەی حکومەت هەیە دەبێت بخرێتە سەر بڕیاری ٩٨٦ من حەز دەکەم ڕوونی بکەمەوە کە ئێمە زیاتر لە ٨٥٪ی لە سەدای بابەتەکانمان خستۆتە سەر بڕیاری ناوبراو، بۆ نمونە: ئەگەر ئێمە لە هەر شارەوانیەک ڕێگایەک بکەین کە چەند سەد مەتریەک بێت ، ئێمە ٨٥ شارەوانیمان هەیە دەبێت ئێمە ٤٥ ملیون بەس بۆ ئەو پارچە ڕێگایانە دەستەبەر بکەین، ئەوە دەلیلە لەسەر ئەوەی کە ئێمە زۆر پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ و ڕێگاوبان و پرۆژەی ترمان خستۆتە سەر ئەو بڕیارە، ئەو (٣٠٪) دایە ئەو شتانەیە کە لە بڕیاری ٩٨٦ ناکرێت ، ئەوان نایەن ناو وەزارەت بکەن ، دوایی دیوانی وەزارەت شتێکی تەرفیهی نییە یان شتێکی تەواوکەر بێت بیکەین، سیستەمی وەزارەت زۆربەی فەرمانگەکانی بە کرێ گیراوە ئەوەش عبئێکە لەسەر وەزارەت و حکومەت ئەگەر بێین ئەو کرێیانە هەمووی حساب بکەین لەوانەیە ساڵانە پارەیەکی زۆر کۆ دەبێتەوە، لەبەر ئەوە دروست کردنی

بینای وەزارەتی شارەوانی کە سەرجەم فەرماگەکانی خۆی تێدا کۆ بکاتەوە بەیەکەوە ئەنجامێکی ئیجابی دەبێت لەسەر خەزینەی حکومەت لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی لە بڕیاری ٩٨٦ ناکرێت، بۆ نمونە: پردی هەڵواسراو ئەوەی ئۆڤەر پاس ئەوە بڕیاری ٩٨٦ نایکات ، پارکی گەورە و زۆر پرۆژەی گەورە ئەو بڕیارە نایکات، لەبەر ئەوە داخیلی پلانی بودجەی حکومەتمان کردوە، نابێ ئەوەش لە یاد بکەین کە ٤٥ شارەوانی نوێ لە نوێ داندراوە،تاکو ئێستا شتێکی کەم بۆ ئەو شارەوانیانە کراوە و چاوەڕوانی پشتیوانی دەکەن و ئێستا داوای نزم ترین رادە دەکەن ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار، ئێستا ناوی ئەو بەڕێزانە دەخوێنمەوە کە خۆیان بۆ گفتوگۆی بابەتەکە ناونووس کردوە کە ئەمانەن(د. ناصح غفور ، شێروان حیدری ، شێخ یحیا بەرزنجی ، سفر محمد، عبدالخالق زەنگەنە، رەجب شعبان، حەلیمە بارزانی) ئەو بەڕێزانەی ناویان نەنووسراوە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناونووسیان بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە باب بە باب گفتوگۆی دەکەین هیوا دارین درێژە بە تێبینیەکانتان نەدەن، راستەخۆ تێبینیەکە بڵێین، لە ئێستاوە دەڵێم ئەگەر زانیم داخیلی بابەتی لا بەلا بوو من قەطعی دەکەم، ئەگەر تێبینی هەبێت دەتوانن هەر بابە و لە کاتی گفتوگۆ کردنی تێبینی لەسەر بدەن، د ناصح غفور فەرموو

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێشەکی دەستەخۆشی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەم، کە بەراستی راپۆرتێکی تێر و تەسەلی پێشکەش کرد، راپۆرتەکەیان لە ٦٠ لاپەڕە پێک دێت، هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە، و بەتایبەتی باسی چۆنیەتی پەیدا کردنی بوجە دەکات کە لە سەرچاوەی جیا جیاوە ئەم بووجەیە دابین دەکرێت و هەروەها لەو ماوەیەی کە چۆن ئەو بوجەیە خەرج بکرێت، بابەتەکان ئەوەی کە سەرنجی منی راکێشا بە تایبەتی ئەو بابەتە گرنگانەی کە زۆر ژیارین بۆ بەرە و پێشەوە بردنی کۆمەڵگای کوردەواری یان کۆمەڵگای کوردستان، بەشێکی باشیان پێداون بەتایبەتی بواری پەروەردە و تەندروستی و ئاوەدان کردنەوە و شارەوانیەکان و لایەنە خزمەتگوزاریەکان، بەراستی هەندێ بابەت هەن کە نابێت دوا بخرێت ، رۆژانە یان مانگانە دەبێت دەستەبەر بکرێت بە تایبەتی موچە من پێم وایە راپۆرتێکی تێر و تەسەلە زۆر واقیعیە زۆر رێک و پێکە و لە ئاستی رووداوەکانی ئەمرۆماندایە و بۆ چاککردنی باری گوزەرانی خەڵک لێژنەی دارایی هەندێ پێشنیاری کردوە بۆ چۆنیەتی چاککردنی ئەو عجزەی کە دێتە ئاراوە، بێگومان ئەو پێشنیارانەی کە لیژنەی دارایی کردویانە بەتایبەتی خاڵەکانی (١،٤،٥،٦،٧،٨،٩،١٤،١٥،١٦،١٧) بە رای من شتێکی زۆر پیرۆز و رێک و پێکە ، ئومێدەوارم حکومەتی هەرێم لە ئایندەدا رەچاوی ئەو تێبینیانە بکات، بۆ زیاتر چاک کردنی بوجەی حکومەتی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

من هیچ تێبینیم لەسەر راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری نییە چ لە بارەی ژمارەی نەفەقات و، چ لەبارەی داهات و چ سەبارەت بە پلانیش و هەروەها سەبارەت بە ڕێژەکانیش تەنها لە راسپاردەکان نەبێت، لە برگەکانی ۱۳،۱۲،۱۱، کە ئەویش پەیوەندی هەیە بە پارێزەران و لێرەدا بە ئەرکی خۆمی دەزانم وەکو نەقیبی پارێزەران و کە ئەندامێکی پەرلەمانم، ئەگەر بوارم پێبدەن روون کردنەوەیەک لەسەر ئەو برگانە بدەم ۱ـ لە برگە ۱۱ هاتووە دەڵێ:(فسح المجال امام المواطنين وخاصة التجار والاقتصاديين والمحاسبين لتسجيل الشركات وعدم حصرها على المحامين.) لە راستیدا هاوڵاتی ئازادە لە تۆمار کردنی کۆمپانیا چ خۆی ئەوکارە جێبەجێ بکات و چ بیدات بە پارێزەرێک بۆی جێبەجێ بکات بە وەکالەت و تەنانەت تۆمارکردنی کۆمپانیاکان مەحسور نییە لەسەر پارێزەران لە رووی یاساییەوە ئەوە یەک.

۲ ـ برگە ۱۲ دەڵێ (ان تكون الشركات التجارية حرة في الاستفادة من المحامين او عدم الاستفادة منهم.) بەلام لە یاسای کۆمپانیاکان و یاسای پارێزەراندا کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کراوە فەرزی کردوە کە هەر کۆمپانیایەک مشاوری یاسایی و محاسبی یاسایی هەبێت، ئەگەر نا کۆمپانیاکە تۆمار ناکرێت و کرێی ئەوانەش کۆمپانیاکان لەئەستۆی دەگرن نەوەک حکومەتی هەرێم، و ئەم کارەش لە راستیدا هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە لەبەر ئەوەی کۆمپانیاکان زۆر سوود لە مشاوری یاسایی و محاسبی یاسایی وەردەگرن، بەتایبەتی لەم دواییەدا کە ئەم دوو و سێ کۆلیژە دروست کراون (کۆلیژی ماف و کۆلیژی یاسا لە دهۆک ) لێرەدا دەرچوان زیاد دەبن بۆیە لەسەرمان پێویستە بواری کارکردن مەیسەر بکەین، بۆیە کۆمپانیاکان پێویستە محاسبی یاسایی و مشاوری یاساییشی هەبێت.

۳ ـ لە برگەی ۱۳ کە دەڵێ(ان يحق للموظف الحقوقي بتمثيل وزارته في المرافعات لدى المحاكم اسوة بالحكومة المركزية.) ئێستا ئەو دەقە لە یاسادا هاتووە بەلام ئێستا نوێنەری هەموو وەزارەتەکان لە دادگاکاندا ئامادە دەبن و لەو داوایانەی کە لە ۱۰ هەزار دینار کەمترە نوێنەرایەتی فەرمانگەکەی خۆی دەکات ئەوەی لە ۱۰ زیاترە ئەوە پارێزەر دەگرێت، واتا ئەو دەقە لێرە موتەبەقە، بە گشتی هەر سێ برگەکەی بگری هیچیان پەیوەندی نییە بە سەدی عجز نییە لە بوجەدا، بۆیە داوا دەکەم ئەو سێ برگەیە لەبەر چاو نەگیرێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ روونکردنەوە ئێمە گفتوگۆی بوجە دەکەین، ئەو خاڵانە راسپاردەن لە لایەن لیژنەی

داراییەوە، ئەو راسپاردانەش وەکو پێشنیار ئاراستەی حکومەت دەکرێت، حکومەت مولزم نییە، و ئەو راڤە کردنەی جەنابیشت کافیە بۆ بابەتەکە، تێشکێکی تەواوی خستە سەر بابەتەکە، زۆر سوپاس بۆ کاک شێروان، خوشکە حەلیمە بارزانی فەرموو.

**بەڕێز حـــــەلیـــــــمە بـارزانـی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

تێبینم لەسەر بابەکانە دوایی دەیکەم.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

کاک برهان جاف فەرموو.

**بـــەڕێــز بـرهـــان عـلــی جــــــــاف:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

من وەکو ئەندامێکی لیژنە تێبینم لەسەر ئەو سێ بڕگەیە هەبوو کە کاک شێروان کردی ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

کاک عبدالخالق فەرموو

**بەڕێز عـبـدالخـالق مـحـمـد رشـیـد زنگەنە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

زۆر سوپاسی وەزارەتی دارایی و ئابووری و لیژنەی دارایی پەرلەمان دەکەم بۆ راپۆرتەکانیان، کە بەراستی زۆر بە گرنگی دانێکی تەواوەوە یەکێ لە کێشەکانی حکومەت و پەرلەمانیان چارەسەر کردوە کە بابەتی دانانی بوجەیە، من پشتگیریی تەواوی هەردوو راپۆرتەکە دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا حەز دەکەم دوو و سێ تێبینی بخەمە روو بۆ دەوڵەمەند کردنی و زیاتر چارەسەر بدۆزینەوە بۆ ئەو کێشـانەی کە بەرامـبەرمـان دێن، یەکـێک لەوانە کـە وەزارەتێکمـان تەشکیل کـردووە بەناوی وەزارەتی مافی مرۆڤ میزانیەی بۆ دانەنراوە لە تەقریرەکە کە ئێمەش لیژنەی مافی مرۆڤ مەعنین بەو ئیشـە، یەکێک لەو شتـانەی کە پێویست بوو تەئکید بکرابایە لە تەقـریرەکـەی وەزارەتی دارایی، مەسەلەی دەوری دیوانی رەقابەی دارایی، کە بەڕاستی زۆر گرنگە بەنیسبەت ئێمەوە، ئەگەر رەبتی بکەین لەگەڵ هەندێک مەسائیل پەیوەندی هەیە بە هەدەرو ئیسراف و، یاری کردن بە ئەموالی موئەسەسات و دەوائیر لە لایەن هەندێ کەسەوە کە شعوور ناکەن بە مەسئولیەت، لە تەقریرەکەی وەزیری دارایی هاتبوو مەوزوعی کێشـەی تەلەفی ئەو دینارانەی کە بەکـاری دێنین دیناری سویسری، بەڕاستی بێ ئەوەی چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، ئەم قەزیانە قەزییەکی جدییە و، مواجەهەمـان دەکات و، هەروەها هاوولاتیـانیش کـە مووچەیان هەمـوو مـانگێک بەشێک لە پارەکـان دەبێت فرێی بدەن، لەبەر ئەوەی کە رەقەمی جیایە یان وەریناگرن لە بازار و، لە بانقیش وەرناگیرێت. یەکێک لەو شتـانەی کە مەفروز بوو نەختێک ئیهتیمامان بدابایە، راستە وەزعی

داراییشمان باش نیە خۆمان گشتمان دەزانین زرووفێک لە دەرەوەی ئیرادەی ئێمەیە، کێشەی موتەقاعیدینی مەرکەزی، کە لە ئینتیخاباتی شارەوانی بۆ یەکەمین جار سەدو پەنجا دینارمان بۆیان دابین کرد و، من حەز دەکەم ئەم کێشەیە بە جدی کێشەی شەریحەیەکی زۆر گەورەیە لە ناو کۆمەڵگای کوردستان، دەبێت فکرێکی جدی لێ بکەینەوە یان دەبێت تەقاعدیان لەلای خۆمانەوە بدەینێ، ئەگەر بتوانین و، ئەگەر نەبێت سالانە منحەیان بدرێتێ هەر سێ مانگ جارێک، هەروەها هەندێک ئەوساتیش لە شەرائیحی دانیشتوانمان مووچەیان زۆر کەمە هیچ ناگونجێت لەگەڵ نرخی بازاڕ و لەگەڵ واقیعی ئابووری ناو شار، ئەوانەش برادەرانی دەخلی دیاریکراون، دەبێت فعلەن فیکر بکەینەوە، چۆن مووچەیان زیاد بکەین و، رەبتیشی بکەین بە بڕیاری کۆنی پەرلەمان کە لە وەختی خۆی بڕیارێکمان وەرگرتبوو کە مووچە ٢٥٠ دینار زیاد بکرێت، هەروەها موخەسەساتی مامۆستایان، بەڕاستی ٣٠٠ دینارەکە زۆر کەمە و، ئەوە کار دەکاتە سەر واقیعی تەعلیم لە کوردستان، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم کە ئەو ٣٠٠ ببێتە ٥٠٠ دینار و، حەقی خۆیانیشە، راستە دەڵێین وەزعی ئابووریمانیش وەکو پێویست نیە، بەس دەبێت بیرێک بکەینەوە لە وەزعیان، یەکێک لە تەوسیات و تەقریری لیژنەی داراییمان تەئکید دەکات لە خاڵی دەیەم کە موحارەبەی ئیحتیکار بکرێت و، تەشریعی بازرگانی لەسەر بکرێت، بەڕاستی ئەم کێشەیە لە بازاڕ زۆر کارێکی سلبی هەیە و، من دەڵێم ئەم مەوزوعە بەڕاستی عەمەلی دەبێت، هەندێ کۆمپانیا هەیە ئیحتیکاری گشت ئیشەکانی کردووە و، توجارو برادەرانی رەئسماڵ رێگەمان گرتووە لێیان کە بتوانن زیاتر لەناو بازاڕ ئیش بکەن و، ئیستیرادی شت بکەن لە دەرەوەی وڵات، لەگەڵ رێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز عەبدولخالق زەنگەنە، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیارەکەم لەسەر سیاسەتی دارایی حکومەتە، ئەگەر مەجالم بدەیت لەسەر کەرتی تایبەتە، کەرتی تایبەت پەیوەندیەکی گەورەی هەیە لەگەڵ چالاکی حکومەت و، رێگا دروست دەکاتن کەوا بە تاڵە نەهێڵێت و، نەشاتی ئابووری زیاد بکاتن، لەسەر ئەوە من دەمەوێ پرسیارێک لەسەر کەرتی تایبەت بکەم.

هەر شەریحەیەک لە دانیشتوانی ئێمە بەشێک لە بەرپرسایەتی وەزعی کوردستانی دەکەوێتە ئەستۆ، پرسیارم ئەوەیە ئایا کەرتی تایبەت، بەو هەموو بایەخدانەی حکومەتی هەرێم داویەتی بەو کەرتە و، بەو هەموو تەسهیلاتەی کە بۆیان تەرخان کردووە، ئایا ئەم کەرتە مەسئولیەتی خۆی هەڵگرتیە؟ یان تاکو ئێستا تەنها سەرمایەی خۆیان لەو پرۆژانە ئیستیثمار دەکەن کە قازانجێکی مەسۆگەریان هەبێت و، لە ماوەیەکی کەم، تەبیعی سەرۆکی حکومەت لە دانیشتنی چالاکییەکانی

حکومەت لە ٢٠٠١/١/٧ گلەییەکی نەرمی لە کەرتی تایبەتی کرد لەسەر ئەو مەوزوعە، جا من پرسیارم ئەوەیە ئایا گۆڕینەک کەوتۆتە سەر وەزعییەتی کەرتی تایبەت یان نەء؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم سەعید، بەڕێز شێخ یەحیا بەرزنجی فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

سەرەتا بەڕاستی راپۆرتی وەزارەتی دارایی جێی ڕێزو تەقدیرە، بەڕاستی وردو درێژە، بەس بەباشی و بە جوانی باسی هەموو لایەنەکان و کەلێنەکانی سیاسەتی دارایی و ئابووری باس کرد بوو، تێبینی گەلێک زۆرەو، بەلام دەمەوێ یەک خاڵ بگرم وەکو شتێکی بنەڕەت باشترە لەوەی بە تەفاسیلی تێبینی زۆر بدەین، چونکە بەڕاستی راپۆرتەکە هەر ئەمڕۆ خوێندرایەوە و هەر ئەمڕۆ بینیمان و هەر ئەمڕۆش کاتە ئەوها نەبوو، ئەوەی کە تێبینیم کرد لەو دوو راپۆرتەیان نەبوو نە لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی و نە لە راپۆرتی لیژنەی دارایی، جیاوازی لە نێوان عەجزی ساڵی ٢٠٠٢ و ساڵی ٢٠٠١، ئەگەر بێتو ئێمە عەجزی ساڵی ٢٠٠٢مان زیاتر بێت لە عەجزی ساڵی ٢٠٠١ مانای ئەوەیە دەبێت هەڵوێستەیەک بکەین و توژێک بە داهاتەکان و خەرجیەکان دابچینەوە، ئەگەر عەجزی ساڵی ٢٠٠١مان گەورەتر و زیاتر بێت لە عەجزی ساڵی ٢٠٠٢ کەوا بوو سیاسەتەکەمان تا رادەیەکی باش موەفەق و سەرکەوتووە، بۆ ئەم حاڵەتەش پێشنیارێکم هەیە هەر بۆ بەڕێز وەزیری دارایی و لیژنەی دارایی، ئەگەر بە باشی دەزانن پێشنیارەکەی ئێمەش ئاشکرایە کە وەزعی داراییمان عەجزی تیایەو تەواو نیە و، دەتوانم بڵێم زۆر لە کارگەکانمان یان ئەوانەی داهاتمان بەدەست دێنن، داهاتەکان لە جێی خۆی نیە یان بەگوێرەی پێویست نیەو، خەرجیشمان زۆرە، وڵاتێکی وێران کراومان بەدەستەوەیە، فەرمانبەرێکی زۆرمان هەیە پێویستمان بە خەرجە، بۆیە ئەگەر بکرێت بەڕاستی کۆنفرانسێکی دارایی ئەگەر وەزارەتی دارایی و لیژنەی ئابووری تەبەنی بکەن بۆ موختەسین لەو بوارەدا، موختەسین لە بواری دارایی و ئابووری کۆنفرانسێکی گەورە بکرێت و، ئەو پڕۆژە و لێکدانانە و گفتوگۆیەکی باش بکرێت بزانین چی بکەین بۆ ئەوەی داهاتی وڵاتەکەمان زیاتر بکەین لەوەی کە ئێستا هەمانە و، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شێخ یەحیا، بەڕێز کاک حاکم سەفەر محەمەد حوسێن فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بەڕێزان بە کورتی لە راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووریدا هاتووە بابەتی تەوسیات لاپەری سێ

پێکهاتووه له هەژده تەوسییات، بەڕاستی زۆربەی له جێی خۆیانن، بەس ڕاپۆرتی ساڵی پار لای خۆمە زۆربەی ئەوانە دووبارەی ئەوانن و تەئکیدە بۆ ئەو تەوسییاتانەی ساڵی پار، ئێستا تەئکید لە گرنگی ئەوەدا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک حاکم سەفەر، بەڕێز کاک ڕەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجەب شعبان طیب:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

من دوو تێبینیم هەیە: یەکیان لەسەر وەزارەتی مافی مرۆڤە، هەرچەندە ناهاتوونە دەست نیشان کردن، بەڵکوم زرووفەکی وا بێت کە بێنە دەست نیشان کردن یان سبەی هەندێک مافی مرۆڤ لە لیژنە ئەوان دەربکەون بگەنە وڵاتی کوردستان، لێرە پێشنیار دەکەم کە مەبلەغێک ئەگەر موتەوازعیش بێت دەست نیشان بکرێت لە میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

تێبینی دووەمم لەسەر منحەی شارەوانیە، وابزانم هەشتاوپێنج شارەوانیمان هەیە، مەبلەغەکە لیژنەی دارایی گەلێکی لێ هێنا خوارەوە، لەوانەیە نەشێن چ خزمەتێکی شارستانی بکەن، چونکە کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیش هاتە هەڵبژاردنەکە گەلێک شتی شارستانی بۆمان جێ بەجێ کرد، گەلێک خەڵکی بۆ هانداین بۆ هەڵبژاردنەکە، بۆیە داوا دەکەم کە جێ بەجێ بکرێت، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک ڕەجەب شەعبان، بەڕێز وەزیری دارایی هیچ وەڵامی هەیە بۆ تێبینیەکان فەرموو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان مامەندۆ:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێم خۆش بوو پێش ئەوەی وەڵامەکان بدەینەوە ئەوانەی پەیوەندیان بە ئێمەوە هەیە، تۆزێک لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری قسە بکەین.

تەبیعی زۆر سوپاسی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەین، بۆ ئەو تەوسییاتانەی کە پێشکەشیان کردووە، یان ئەو مەبالغانەی کە پێشنیاریان کردووە کەم بکرێنەوە، ئەمەش هەموو حرسی لیژنەی دارایی و ئابووری و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان پیشان دەدات، بۆ ئەوەی لە عیجزەکەی میزانیەی ئیعتیادی حکومەت کەم بکرێتەوەو، یەعنی هەدەفێکی دڵسۆزانەیە.

**بەنیسبەت تەوسییاتەکانیان:**

خاڵی یەکەم: ئێمە ڕۆژ بە ڕۆژ هەر لە کابینەی سێیەمەوە وەزارەتی دارایی وئابووری بە تەنسیق لەگەڵ هەردوو وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ کۆنترۆلی ڕێگاکانی قاچاغ کراوە

مەجال نەدراوە کە مەوادی قاچاغ دەرباز بکرێت و، بەردەوامیشین لەم کارەو تەنسیقێکی تەواو هەیە، لە راپۆرتەکەی خۆشم ئیشارەتم پێدا کە پۆلیسی گومرگ دەورەکەی چالاکتر بووەو، هەزاروسەدو یانزە حالاتی وا هەبووەو دەعوای لەسەر قەید کردووە.
خالی دووەم: وەزارتی ئێمە بەنیسبەت کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ، وەزارەتی دارایی و ئابووری پێشنیارێکی وای ئاراستەی سەرۆکایەتی کرد بوو، بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەرێم بکرێتە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی، بەلام سیاسەتی ئێستای حکومەت لەبەر وەزعی دارایی وایە، بۆ ئەوەی خەرجیەکان کەم بکرێنەوە دەست دەکەین بە تەقلیسی دائیرەکان، لیژنەیەکیش بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێکهێنرا کە سەرۆکی لیژنەکە بەڕێز وەزیری ناوخۆیە، ئەم لیژنەیە دیراسەتێکی لەسەر ئەوە کرد کە کام بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان ئیدغام بکرێن یان کەم بکرێنەوە، ئەویش هەر لە پێناوی کەم کردنەوەی خەرجیەکانە، چونکە چەند بەڕێوەبەرایەتی گشتی و دەوائیر زیاد بکرێن، ئەوە خەرجیەکان زۆرتر دەبن و، بارگرانی دەبێت بۆ سەر خەزینەی حکومەت.
خالی سێیەم: گۆڕانکاری لە دەوائیری باجی خانووبەرە یان باجی دەرامەت کراوەو، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەو گۆڕانکاریە لە نزیکەوە ئاگادارن، هەروەها چەندین خولیشمان بۆ پێگەیاندنی کەوادیر لەبواری باجەکاندا ئەنجامان داوە.
خالی چوارەم: گشت فەسلە رەسمیەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی داراییەوە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری چاپ دەکرێن و، بەسەر وەزارەتەکان دابەش دەکرێن و، بە بەردەوامی موتابعەی وەرگرتنی رسومات بەپێی پسوولەکان کراوەو، پێمان خۆشە هەر حالەتێکی سەرپێچی کە هەبوو بێ ئاگادار بکرێینەوە، بۆ ئەوەی ئیجرائاتی پێویست وەربگرین.
خالی پێنجەم: داهاتەکان بەبێ دەستکاری هەمووی دێتەوە گەنجینەی حکومەتی هەرێم، ئەمەش لە تەواوی دەرگاکانی حکومەتەوە پیادە کراوە.
خالی شەشەم: پشتگیری لە رای لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەین و داواش دەکەین هەموو وەزارەتەکان هاوکاری بکەن، بۆ ئەوەی قەرزەکانی حکومەت وەربگیرێت و، لەمبارەوەش هەنگاوی پێویست هاوێژراوەو بەتایبەتی بە تەنسیق لەگەل بەڕێز عەبدولموهەیمن بارزانی.
خالی حەوتەم و هەشتەم: پشتگیریان دەکەین، تەنیا ئەوەی موزایەدەی تەشکیلی لیژنەی موتابعەیە لەجیاتی لیژنەی سری.
خالی نۆیەم: تەمامی ئەموالی کە موسادەرە دەکرێت، بەداهاتی کۆتایی تۆمار دەکرێت و، ئەم حالەتانەش ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگەکان و ئاسایش ئەمانە هەمان بووە.
خالی دەیەم: سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی بازرگانی ئازادە و، ئەمەش ئێمە پەیرەویمان کردووەو، مەجالی ئیحتیکاریش نەدراوە.
خالەکانی یانزەو دانزدە و سێنزدە: بەڕێز کاک شێروان حەیدەری و برادەران باسیان کرد، بەلام

بەنیسبەت ئێمە ئەوانە پێویستیان بە دەستکاری یاساکانەوە هەیە، پێویستە یاسا دەستکاری بکات ئەگەر بیانەوێ ئاڵوگۆڕی تێدا بکەن.
خاڵی چواردەهەم: وەزارەتی پیشەسازی و وزە لەو ماوەیەدا هەوڵێکی زۆری داوە و، بەردەوامیشە لە هەوڵدانەکەی، بۆ ئەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی کارگەکان پەیدا بکات و، پاشان بەپێی خشتەیەکی ڕێکوپێک و کەرستەی پێویست دابین بکات و بەرهەم بخاتە ناو بازاڕ، چونکە هەروەکو لە ڕاپۆرتەکەشمان ئاماژەمان پێ کرد، لەبەر وەزعی هەرێم لەلایەک و کۆن بوونی ئامێری کارگەکان لەلایەکی ترەوە، ناتەواوی کارگەکانمان هەیە لە مونافەسە کردنی بەرهەمی هاوشانی خۆیان لە دەرەوە، زۆر لە بەرهەمەکانیان کە پەیوەندی بە سالآنی ڕابردووەوە هەیە لە ئەنبارەکانیاندا ماون.
خاڵی پانزدەم: وەزارەتی کشتوکاڵی وئاودێری بایەخی بەم مەبادیئە داوە.
خاڵی شانزدەم: میکانیزمی نوێ بۆ بڕیاری ٩٨٦دانراوە کە لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەرپەرشتی دەکرێت، لەکاتی گفتوگۆی میرانیەش ئێمە هەموو موحاوەلاتی خۆمان کرد، ئەوەی کە دەکرێت لەسەر بڕیاری ٩٨٦ داخیلی بەرنامەکانی بڕیاری ٩٨٦ بکرێت و، لەسەر بودجەی حکومەت تۆمار نەکرێت.
خاڵی حەڤدەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری بە بەردەوامی چاودێری و موتابعەو تەدقیقی دەوائیرەکانی کردووە، پاش دامەزراندنی دیوانی چاودێری دارایی ئەم ئەرکە بەشێوەیەکی بەرفراوان تر لەلایەن دیوانی چاودێری داراییەوە بەردەوام بووە، یەکێک لەوان ئامادە بوونی نوێنەری دیوانی چاودێری دارایی بووە لە تەواوی گفتوگۆیەکانی کە لەسەر گفتوگۆی میزانیەی١ ٠ ٠ ٢ لەگەڵ وەزارەتەکان کراوە و، لە تەواوی ئەم گفتوگۆیانە نوێنەری دیوانی چاودێری دارایی ئامادە بووە.
خاڵی هەژدەم: بەهۆی زۆر بوونی پرۆژەکان لەلایەک و بۆ پەیدا کردنی کار لە لایەکی ترەوە، هەردوو حاڵەت ئێمە لەبەر چاومان گرتووە، بەڵام کە حکومەت کارگەی قیرو مەکائین و ئەوانەی زۆر هەیە، ڕەنگە کەرتی تایبەت خاوەن ئەو ئیمکانیەتە نەبوو بێت.
بەڕێز مەئمون بریفکانی شەرحی کرد لەسەر مەوزوعی منحەی شارەوانی و، ڕێزدار شێروان حەیدەری وخاتوو حلیمە و برهان جاف یەک مەوزوعیان هەبوو.
بەڕێز کاک عەبدولخالق پرسیاری وەزارەتی مافی مرۆڤی کرد، وەزارەتی مافی مرۆڤ ئێستا میزانیەکەیان لەسەر دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تۆمارمان کردووە، هەروەها وەزارەتی ناوبراوو میلاکی تەواو و وەکو وەزارەتێک دەستی بە ئیش کرد ئەو کاتە ئێمە پرۆژەی میزانیەمان داخیلی میزانیەی حکومەتی هەرێم دەکەین وەکو بابێکی سەربەخۆ. تەبیعی هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن سەلاحیەتی وەزیری دارایی و ئابووریشە ١٪ کە ئیستیفادە بکات لە میزانیە بۆ کردنەوەی وەزارەت یان فەرمانگەکانی نوێ.
دەوری دیوانی چاودێری دارایی ئیشارەتم پێدا کە ئێمە تەنسیقێکی تەواومان پێکەوە هەیە لە

گفتوگۆکانی میزانیەش لەگەڵ ئێمەش نوێنەریان بەشداری کردووە.
لەسەر کێشەی تەلەفی دیناری سویسریش، ئێمە چەندین کۆبوونەوەمان کردووە بە ئامادە بوونی سەرجەم بەڕێوەبەری بانقەکان و پسپۆڕان کردووەو، مەحزەرێکیشمان نووسیووە کە لە چوارده خاڵ پێک دێت، ئینجا ئەگەر حەز دەکەن هەر چوارده خاڵەکە بخوێنمەوە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە، ئێمە زۆر هەوڵماندا بە قۆناغی یەکەم لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو مەوزوعەمان زۆر باس کردووە لەگەڵیان، بەڵام هیچ چارەسەرێک نەکراوە و سەرەڕای ئەوان وەڵامی نەفییان داوە بە ئێمە، بەڵام ئێمە بەردەوام لە کۆبوونەوەکان تەئکیدمان لەو مەوزوعە کردووە، وەکو بانق ئێمە هەموو رەقەمەکان تەسجیل دەکەین لەسەر کۆمپیوتەرەکان، هەوڵ دەدەین ئەو ئەرقامانەی کە هەنە نیوە بەنیوەیان نزیکی یەکتریان بکەینەوەو جارێکی تر چاکیان بکەینەوەو بیخەینەوە بازار، ئەوانەی ناکرێت ئیستیفادەیان لێ بکەین، ئەوە لە پارەکە دەردەهێنین و بەردەوامیش حکومەتی هەرێم زەرەر دەکات لەو ناحیانە، چونکە ئەوانەی کە زیاتر لە کار کەوتبن لە بازاڕ تەلەفیان دەکەین، تەبیعی پێشنیارەکانی ئێمە هی برادەران لە چوارده خاڵ بووە، پێشنیارێکی تر ئەوە بوو کە لەجیاتی ئەوەی پارە بەکار بێنین، ئێمە چەک (صک) بەکار بێنین لەم موعامەلات، هەروەکو لە راپۆرتەکەش ئیشارەتم پێدا لە ٢٥٠ دینار زیاتر پێویستە چەک بەکار بێنین. پێشنیاری برادەرانی تری پسپۆر ئەوە بوو کە ئێمە هەوڵ بدەین ئەو مەبالغانەی کە زۆرن بە دۆلار تەعامول بکەین، هێواش هێواش دۆلار بێنینە ناو بازاڕ، بەڵام هەر چۆنێک ئێمە لێکی بدەینەوە هیچ چارەسەرێکی وا نیە کە لە دەست ئێمە بێت، چونکە نەدەتوانین پارە چاپ بکەین، کۆنترۆلەکە زۆر تر لە دەست ئێمە نیە و لە ئیرادەی دەرەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی کێشە هەیە بەنیسبەت ئەو پارەیە، کێشەیەکی گەورەی ئەوتۆ هەیە بەنیسبەت ئەو پارانەیەوە، قەسدم ئەوەیە ئەگەر کێشەیەکی وا گەورەیە تەزخیم بکرێت، کە مەترسیەکی وا نیە لەو بارەیەوە، دووەمیش ئەگەر زەرەرێکی دیاری کراو هەبێت، ئەو زەرەرە حکومەتی هەرێم خۆی تەحەمولی دەکات، یەعنی ئەوە مەعلوم بێت باشە بە ئاشکرا بگوترێت باشترە.

**بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری:**

نەخێر کێشەیەکی ئەوتۆمان نیە بەنیسبەت ئەو پارانەوە، تەنیا ئەو پارانەی کە تەلەف دەبن، یەعنی زۆر خراپن ئێمە ئەو تەعامولە دەکەین لەسەر کۆمپیوتەر ئەرقامەکان تەسجیل دەکەین بزانین هەر رەقەمێک لە کوێ هەیە پێکەوە رەبتیان دەکەین، ئەوەی کە کێشەیە خەزینەی حکومەتە کە زیان بە خەزینەی حکومەت دەکەوێت، پارەی کە زیاتر لە حەد کە خراپ بوو بێ پێویستە ئێمە تەلەفی بکەین و، زیانەکە بۆ ئێمەیە نەک بۆ هاووڵاتی، لە تەعامولیش کێشەمان نیە.
بەنیسبەت کێشەی خانەنیشانی دەرەوەی هەرێم بەڕێز کاک عەبدولخالق پرسیاری کرد، راستە

ئێمە لێرەش پێشتر باسمان کرد بوو کە ژمارەی موتەقاعیدین ژمارەیەکی زۆرە ئیمکانیاتی حکومەتی هەرێمیش لەوە دانیە کە بتوانێت مووچەی مانگانەیان بۆ دابین بکات لە لایەکی تریشەوە هەر کاتێک بریارێک درا کە وەکو مووچەی مانگانە سەرف بکرێت بۆ خانەنیشینەکان ئەو کاتە حکومەتی مەرکەزی هەڵوێستێکی تری دەبێت، لەوانەیە مووچەکانیان ببرێت، لەو حاڵەتە ئێمە ئیلتیزامێک بۆ خۆمان دروست دەکەین و پاشانیش ناتوانین جێ بەجێی بکەین، بۆیە پێویستە هەر بریارێک لەم بارەیەوە وەربگیرێت حکومەت بیر بکاتەوە کە دەتوانێت بەردەوام بێت مانگانە ئەو مووچانە بدات، وەزعی دارایی ئێمەش لەو ئاستە نیە، بۆ ئەم ساڵ ئێمە ١٥٠ دینار وەکو هاوکاری بەوانمان دا، هەروەکو لێرە بەرێز سەرۆکی حکومەتی وەعدی دابوو، ئینشاءاللەش کە وەزعی داراییمان باش بوو، ئەو هەنگاوانە بەردەوام دەبن، بەلام ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆمان بە مولتەزەیم دەزانین بەو بریارەی کە لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەرچووە بە جێ بەجێ کردنی ئەو بریارە، بەس ئەوە بەراستی بە وەزعی داراییمان پەیوەستە.
باس لەوە کرا کە شەریحەیەکی زۆر دەرماڵیان کەمە، هەروەها باسی زیادەی پەرلەمان کرا، هەمیشە ئێمە مەبالغی زیادەی پەرلەمان لە میزانیەکانی حکومەتی هەرێم تۆمارمان کردووە، لە راپۆرتەکەش ئیشارەتمان پێدایە کە پتر لە ٢٦٦ملیۆن دینارە، خۆ بەخۆی تۆمار کردنی ئەو مەبلەغە لە ماددەی(٢٩)ی فەسلی یەکەم لەژێر ناوی زیادەی پەرلەمان ئیلتیزامێکی حکومەت و ئاواتی حکومەت بۆ تەنفیز کردنی ئەو زیادەیە پیشان دەدات، بەلام ئەویش بەستراوە بە ئیمکانیاتی حکومەتی هەرێم، حکومەتی هەرێم لە هەردوو کابینەی سێیەم و چوارەم بە بەردەوامی و بەپێ ئیمکانیاتی دارایی بەرە بەرە هەوڵی داوە کە هەتا مەجال هەبێت دەرماڵەکان زیاد بکات، من راپۆرتێکم لەبەر دەست دایە لە(٢٨) فەقەرە دەرماڵە زیاد بووە، ئینجا ئەگەر هەر (٢٨) فەقەرەکە بخوێنم، بەراستی زۆرن، بەلام حکومەت بەردەوام بووەو هەر کاتێک کە مەجال هەڵکەوێت حکومەت دەریغی نەکردووە، ئێمە بێجگە لەوە دیراسەتێکیشمان کرد بوو لەسەر فەرمانی بەرێز سەرۆکی حکومەت، بۆ ئەوەی پێداچوونەوەیەک بە سەرجەم دەرماڵەکان بکەین.
دیراسەتی یەکەم تەقریبەن مانگانە تەکلیفی ٢٥ ملیۆن دیناری دەکرد، پاشان دیراسەتی دووەم بە مەبلەغێکی کەمتر کراوە ئەویش سنووری ١٤ ملیۆن دینار مانگانە تەکلیف دەکات، ئەگەر چاوپێخشاندن لە دەرماڵەکان بکەین، ئومێدمان وایە ئینشاءاللە وەزعی داهاتمان باش بێت و، ئێمەش بتوانین لە بەشداری کردن لە موعاناتی فەرمانبەران بەشێوەیەکی باشتر هەنگاو بنێین.
کاک ئیبراهیم سەعید پرسیاری کرد بەنیسبەت کەرتی تایبەتی، بەراستی لەو موستەوایەی کە کەرتی تایبەتی بەو بەرفراوانیەی کە هەیە، دەتوانم بڵێم هەتا ئێستا باش نەهاتۆتە پێش، تەبیعی حالاتی ئینفیرادی کە پەیدا دەبێت لە کەرتی تایبەتی ناتوانین ئێمە بە شێوەیەکی گشتی حیسابی بکەین، بەلام ئەوە گلەییە بەراستی هەتا ئێستا ئێمە لە کەرتی تایبەتی هەمانە کە بەو

شێوەیەی کە پێویستە داخیل نەبووە.
بەڕێز شێخ یەحیا باسی جیاوازی لەنێوان عەجزی میزانیەی کرد، لە راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی ئیشارەتی پێدراو بوو کە عجزی میزانیەکە چەندە، ئەوە حەتمەن کاک جەمیل وەڵام دەداتەوە، ئەوەی کۆنفراسی گەورەی دارایی کە جەنابیان ئیشارەتیان پێدا دیراسەتی دەکەین، ئەوەی فەرمانبەری زۆر کە ئێمە نەیانهێڵین ناکرێت، ئێمە ئیلتیزاممان هەیە بەو خەڵکە، لەلایەک داوا دەکەین مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەران زۆر بێت، لەلایەکی تریش بە فەرمانبەر بڵێین بڕۆنە ماڵەوە ئەوە ناکرێت، بەڵام ئێمە وەکو دیراسەت، دیراسەتێکمان هەیە، کە دیراسەتی مووچەی تەقاعودی بکەین، بۆ ئەوەی ئەو فەرمانبەرانە بە مەبلەغێکی باشتر تەقاعود بکرێن، بۆ ئەوەی بە خۆیان داوای خانەنیشین بکەن، ئەو فایزەی کە هەیە نەمێنێت.
بەڕێز کاک رەجەب شەعبان باسی وەزارەتی مافی مرۆڤی کرد، هەر وەزارەتێک هەیکەلی خۆی داناو ئینشاءاللە هەوڵ دەدەین، ئینجا لەسەر بڕیاری ٩٨٦ بێت یان لەسەر میزانیەی حکومەت بێت چارەسەرێکیان لێ بکەین، ئەوە دەبەسترێت بە فراوانی ئیشەکەی هەیکەلەکەی کە دامەزرا لەڕووی میلاکاتەوە، زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەم ئەو تێبینیانەم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری دارایی، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
زۆر زۆر سوپاسی وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم، باش دەزانین کە وەزارەتی دارایی و ئابووری و شەخسی جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری هەر وەکو کابینەی سێ زۆر زۆر حەریسن لەسەر داهات و کۆنترۆل کردنی داهاتی هەرێمێ و، لادانە فەرمانبەری باش و، بۆ سەربەستیە بازرگانی ، وەختێ تەوسیبیە نووسی زیادە بۆ تەئکیدە و بۆ بەردەوامیە، ئێمە ئێستا دێینە سەر وەڵامدانەوە بەڕێز شێخ مەئمون بریفکانی وەزیری شارەوانی و گەشت وگوزار.
گوتی لە راپۆرتی من ٣٠ ٪ لە میزانیەی ختە کە حسەتی لەسەر دەبوو بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار، جەنابی گلەیی هەبوو یانیش حەزی دەکرد ئەو شتە ئاشکرا بێت، کە گوتی ٨٧ شارەوانیمان هەیە، ٨٥ ٪ گوتی لە پرۆژەی خۆمان لەسەر بڕیاری ٩٨٦ جێ بەجێی دەکەن، خۆزگە نە ٨٥ ٪ ، خۆزگە ٤٥ ٪ لەسەر ئەو بڕیارە جێ بەجێ ببایە، لەمیزانیەی ئیعتیادی هی وەزارەتی شارەوانی ٩٣،٣٨٩،٠٠٠دینار هەیە، لەگەڵ زانینیش عەجزیش مەوجوودە، جگە لەوەش ١٠٠ ملیۆنی تریش بۆ منحەی شارەوانی هەیە، کە ئێمە داوامان کردووە ببێتە ٥٠ ملیۆن دینار لە میزانیەی ختتە گوتی ٣٠ ٪ ،١١٥ ملیۆن دینار لەگەڵ ٣٨٠ هەزار دینار بەس بۆ وەزارەتی شارەوانیە، بەقەت چەند وەزارەتە، وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ ئیدارەی مەحەللی لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی و وزە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ ئاودێری لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، لەگەڵ وەزارەتی

ئەشغال ونیشتەجێ کردن، لەگەڵ وەزارەتی ئیعمارو تەنمیە، هەمووی کۆ دەکەم ئەگەر بگاتە ١٠٤٢٨٠٠٠٠ لەگەڵ زانینیش هەردەم میزانیەی خوتتە، میزانیەی خوتتە دەبێت ئەولەویەی بۆ کێ بێت؟ ئەولەویە هەردەم دەبێت بۆ وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن بێ، بۆ وەزارەتی ئیعمارو تەنمیە بێ، هەروەها بۆ ئیداراتی مەحەللی بۆ دروست کردنی قوتابخانەو ئەو شتانە بێ. تەنیا بۆ وەزارەتی شارەوانی ١١٥٣٨٠٠٠٠ دینارە، بۆ ئەم وەزارەتانە هەمووی لەگەڵ وەزارەتی سەقافە کۆ بکەینەوە ئەوجا بگاتە ئەو رەقەمە، مەبەستمان ئەوەیە دەبێت راستی ئیسپات بکەین و، دەبێت شارەوانی زۆر زۆر حەریس بێت لەسەر ئیشەکەی خۆیان، هەرچەندە نە ماوەیەکی درێژە جەنابی شێخ مەئمون زۆر حەریسە، بەڵام دەبێت دەستکاری زۆر لە شارەوانی بکرێت، شارەوانی زۆر ئاگادار بێت لەسەر داهاتی خۆیان، نابێت هەر لە وەزارەتی دارایی و ئابووری وەربگرن.

بەڕێز شێخ یحیی فەرمووی مەجالمان نەبوو سەیری میزانییە بکەین، لە ١٢/٢٤ واتە پێش حەوت ڕۆژ پێش ئەو کاتەش میزانییە گەیشتبووە پەرلەمان، پێش حەوت ڕۆژ نووسراو لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بۆ گشت لیژنەکان چووە لە هۆڵی سکرتاریەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان میزانییە بە تەواوی هەبوو بە ٢٣ بەرگ داوای لە هەموو لیژنەکانیشی کرد کە هەریەکێک دیراسەتی بکات و ڕاپۆرتی خۆی لەسەر بدات، ئەگەر هەفتەیەک لیژنەیەک نەتوانی یەک باب یان یەک بەش سەیر بکاتن، لیژنەی ئابووری چۆن دەتوانێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جمیل ئەو ڕوونکردنەوەیە باشە بەڵام شێخ یحیی سەبارەت بە ڕاپۆرتی وەزیری داراییمان نەمان دیوە.فەرموو کاک جمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەمری جەنابت. هێژا سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر جەنابت مەجال بدەی هەتاکو وەڵامی بەڕێز شێروان حەیدەری بدەمەوە. بەڕێز شێروان حەیدەری فەرمووی وەکو نەقیبی پارێزەران نەک وەکو ئەندامی پەرلەمان بەڵام من خۆم لێرە سوێندم خواردووە بە قورئانی پیرۆز بەرژەوەندی گشتی چییە من ئەوە بکەم نەک لە بەرژەوەندی تەنیا چینێکی موعەیینەن چ حقوقیین یان پزیشکی یان شتێکی تر، من ئەو سوێندەم خواردووە بە قورئانی پیرۆز من ئیلتزامیش بەو سوێندە ئەکەم، فەقەرەی یازدە دەڵێ (فسح المجال أمام المواطنين وخاصة التجار والاقتصاديين ومحسني الانتاج وعدم حصرها) نەمان گوتووە دەرگا لە پارێزەران بگرن ووتمان (فسح المجال) پارێزەر با ئیشی خۆی بکات و زۆر زۆریش سوپاسی دەکەین ئەگەر بە چاکی کردی، بەڵام (فسح المجال) نەڵێت بەس تەنیا ئەو (أن تكون الشركات حرة في الاستفادة من) ووتمان حرە واتە زەوقی خۆیەتی پارێزەر بە مانگانە دەگرێت یان ناگرێت نەخێر بە بۆچوونی سەندیکای پارێزەران دەبێت بگرێ و مانگانەش دەبێ ئەوەندە بدەی پارەی ڕاتبیش لەسەری فەرز دەکاتن، بەڕێز فەرمووی یاسای شەریکات لە پەرلەمان

دەرچووە، هیچ یاسایەکی شەریکات تا ئێستا لە پەرلەمان دەرنەچووە. هی بەغداش ئەمە دە ساڵە زۆر گۆڕانکاری لەسەری کراوە ئێستا بازرگانی سەربەخۆیە ئەوەی پێشوو نەماوە حکومەتی ئێمەش لەسەر سیستەمی ئازادی بازرگانی بەڕێوە دەچێت. سیستەمی ئەمریکی سیستەمێکی دیموکراتی و ئازادی بازرگانییە نەک تەنیا چینێک چ پارێزەر و غەیری پارێزەر ئیستغلالی بازرگان و غەیری بازرگان بکات، دەرگای بازرگانیش با بکاتەوە با ئەویش ببێتە بازرگان کۆمپانیاش با دروست بکات کەس دەرگای لێ نەگرتووە نەمان گوتووە ڕێگا لە فلان کەس بگرن، لە فەقەرەی سیازدەهەم هاتووە فەرمانبەری حقوقی تمثیلی ذاتی خۆی دەکات، بەڕێز شێروان حەیدەری کاتی خۆی لێرە یاسای.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە کاتی قسە کردن قسەکان ئاڕاستەی سەرۆکی پەرلەمان دەکرێ، ئاراستەی ئەندامی پەرلەمان ناکرێ.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

داوای لێبوردن لە جەنابت دەکەم، کاتی خۆی یاسای پارێزەران لێرە کە یاساییێکی تازە دابنرێتن نەک وەکو یاساییێکی تر لە قانونی عیراقی هەتا دە هەزار دینار ئەو کاتە دە هەزار دینار زۆر بوو لە حەفتایەکان ئەو قانونە دە هەزار دینار بوو ممثلی دائرە تمثیلی دەکرد دەبێ لێرەش هێژا سەرۆکی پەرلەمانێ ماددە دانرابا بە پێی نرخی ئێستای بازاڕ و، بەپێی نرخی دۆلار کە دە هەزار دیناری ئەو کاتە دەکاتە سی هەزار دۆلاری ئێستا دەکاتە نزیکەی سێ ربع ملیۆن دینار دەبووە ماددەک ماددە بۆ داخیل نەکرد هەتا مەجالی حقوقی بگرێتن ئەمە زەرەرێکی زۆر گەورەیە بۆ خەزینەی هەرێم و، هەروەها کاتێ داهاتیان ربحی تاجریش کەم بکەم ئەویش کاردەکاتە سەر خەزینەی هەرێم واتە کەمتر پارەی زەریبە دەدات، کێشەکە ئەوەبوو، دەبوایە بەڕێز برهان جاف ئیلتیزام بە نیزامی پەرلەمان بکات، چونکە لەناو لیژان دەنگدان بە گوێرەی زۆرینەی دەنگە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان حەوت ئەندامن شەشی گووت دەبێ ئەوە چ نووسراوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بە زۆرینە لەسەر ئەوە بڕۆین و، زۆر زۆر سوپاسی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەکەم کە مەجالی دا بەمن و، داوای لێبوردنیش لە جەنابی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە نامانەوێ گفتوگۆ بێ بە گفتوگۆ لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان یان لە نێوان سەندیکای پارێزەران و سەندیکای ئابووریناسان بێ، بەڵکو دەمانەوێ گفتوگۆ لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ، ئەمە یەک،دووەم. یەکەم کاک برهان مافی ئەوەی هەیە وەکو ئەندامێکی لیژنەی دارایی شتەکە ئیمزا بکا ئەوەی ئیمزای کردووە لە هەمان کاتدا ئەندامە لە لیژنەیەکی تر

ئەتوانێ رای خۆی وەکو لیژنەی تر دەرببڕێ ئەمە یەک، تکام وایە گفتوگۆ لەسەر بابەتی بوجە بکرێ و، لەسەر راپۆرتی وەزیری دارایی رای لیژنەی دارایی چییە پەیوەندیی بە لیژنەی دارایی خۆیەوە هەیە، ئەمە رای لیژنەی داراییە، بەڵام ئێمە گفتوگۆی راپۆرتی وەزیری دارایی ئەکەین گفتوگۆی راپۆرتی حکومەت ئەکەین لەوێشەوە دوایی موناقەشەی بوجەی حکومەت دەکەین موناقەشەی ئەرقام دەکەین ئیشەکەمان ئەوەیە ئەو ئەرقامانە کۆتایی پێبهێنین بە پلەی یەکەم شتەکانی تر هەموویان لە بابی توصیات ئەمێنێتەوە هەر لیژنەیەک مافی توصیەی هەیە و لیژنەکانیش زۆریان رایان دەربڕیوە لەسەر بوجەکە هەمووی بە گشتی، رای لیژنەی داراییش راییکە لەو رایانە هەرچەندە رای لیژنەی تایبەتمەندە بە مسائلی مالی، و لەو رایانەی کە ئەو دەریبڕیوە ئەوە حسابە بە نسبەت ئێمەوە چۆن باسی ڕەقەمەکانی کردووە، چونکە ئەنجامی ئەم دانیشتنە ئەرقامەکانە یاسای بوجەیەو، بوجە خۆیەتی بوجە واتە ژمارە، بەڕێز وەزیری شارەوانی تێبینییەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێخ مأمون نور بریفکانی/ وەزیری شارەوانی و گەشت وگوزار:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

زۆر سوپاس بۆ کاک جمیل تۆزێک روونکردنەوە دەدەم لەسەر ئەوەی ٣٠ ٪. وەزارەتی شارەوانی وەزارەتێکە کە پەیوەندیەکی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ هاوولاتیان، وەزارەت هەیە پەیوەندی تەنیا لەگەڵ چینێکی تایبەتە بەڵام وەزارەتی شارەوانی پەیوەندی لەگەڵ هەر سێ ملیۆن و نیوی نفوسی کوردستانی هەیە، جگە لە هەشتاوپێنج شارەوانی دائیرەی ئاومان هەیە دائیرەی ئاوەڕۆمان هەیە گەشت و گوزارمان هەیە بەرگری شارستانیمان هەیە ئەوانە هەموویان پەیوەندییان لەگەڵ وەزارەت هەیە، کاک جمیل گوتی خۆزگە ٣٠ ٪ لە بوجە داخلی ٩٨٦ بێ، ئەوە خۆزگە نییە ئەوە واقیعە کاک جمیل من بۆ جەنابت نمونە دەهێنم تەنها ئاوەڕۆی هەولێر سەدو پەنجا ملیۆن دۆلارە، مشروعی افراز چل و یەک ملیۆن دۆلارە، مشروعی ئاوی ئاکرێ حەوت ملیۆن دۆلارە، مشروعی چەم برکات حەوت ملیۆن دۆلارە، ئەمە جگە لە مشاریعی ئاو کە بە ملایین دۆلار واتە بۆری و شتمان ئامادە کردووە بە ملایین دۆلار مجاری داخل بووە بە ملایین دۆلار رێگای داخلی داخل بووە ئەو ٣٠ ٪ کە تەئکید دەکەین ئەوە تەئکید دەکا کە بوجەی حکومەت بتوانێت تەحەمولی ئەوە بکات، بەڵام زیاتر لە ٨٥ ٪ ئێمە داخلی ٩٨٦ مان کردیەو، بە نسبەت مشاریعی ٩٨٦ کە ئەو ئیشانە ناکات ئێمە داخلی بوجەی حکومەت دەکەین یان هەندێک ئیش زۆر بە پەلەیە لە ٩٨٦ دوا دەکەوێت و، حەز دەکەم بە جەنابت بڵێم هەشتاو پێنج شارەوانی تۆ ناتوانی داوا لە سەرۆکی شارەوانی یان ئەنجومەنی شارەوانی بکەی کە ئیش بۆ خەڵک بکەن بە سلفەی مستدیمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک مأمون نور بریفکانی، بەڕێز د.جمال عبدالحمید فەرموو.

**بەڕێز د.جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندورستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

سوپاسیان دەکەین سوپاسی ماندوبوون و خەمخۆریان دەکەین بەڵام چەند خاڵێک پێشنیاریان کردووە سەبارەت بە کەم کردنەوەی چەند بابەتێک کە پەیوەندی بە وەزارەتی ئێمەوەیە حەزم لێیە دوو بابەت بە تایبەتی روونی بکەمەوە(نفقات الطبع) وەزارەتی ئێمە نزیکەی سی مطبوعاتی تایبەتمان هەیە واتە پسوولەی تایبەت هەیە بە سەردانی نەخۆش یەک دیناری و دوو دیناری و سێ دیناری و پێنج دیناری پسوولاتی تایبەت هەیە بۆ چارەسەر کردن بۆ فەحص بۆ فحوصاتی مختبری جۆراو جۆر بە ئەشیعە بە سۆنار بە فەحصی ناظور و هتد.... لەگەڵ ئەوەش هەر نەخۆشێک کە داخلی نەخۆشخانە بوو ئەگەر بۆ ماوەی سەعاتێکیش بێ پێویستیی بە فایلی تایبەت هەیە ئەو فایلەش پێکهاتووە لە چەندین ،لاپەڕە هەر لاپەڕەش تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، لاپەڕەی تایبەت هەیە بۆ پلەی گەرمی وەرگرتن، لاپەڕە هەیە بۆ فەحص کردن، لاپەڕە هەیە بۆ نووسینی عیلاج، لاپەڕە هەیە بۆ فحوصات. ئەم لاپەڕانەش بەپێی نەخۆش، نەخۆش چەند بمێنێتەوە لەوانەیە پێویست بکا سێ جار چوار جار ئەم لاپەڕانە دووبارە بێتەوە لەبەر ئەوەی ئەمە گرنگی خۆشی هەیە چونکە نابێ نەخۆش فایلی نەبێ یان هیچ نەنووسرابێ شتی شەفەهی بە نسبەت وەزارەتی ئێمەوە نییە. ئەمە پەیوەندی بە خزمەتی نەخۆشەوەیە وەکو شتێکی علمی دەمێنێتەوە فایلە مەعلوماتە لەسەر ئەو نەخۆشە هەر وەختێ ئەو نەخۆشە بێت ئەو مەعلوماتە سوودی لێوەردەگرێت و فایلەکە لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە لەبەر ئەوە بە ڕاستی کەمکردنەوەی ئەو پارەی کە تەرخان کراوە بۆ ئەم بابەتە لەوانەیە تەئسیرێکی سلبی هەبێت. خاڵێکی تر بە نسبەت خواردنەوە، وەزارەتی ئێمە ئەرکی ئەوەیە خواردن دابین بکا بۆ هەموو دکتۆر و موقیمەکان، ئەو موقیمانە بەردەوام لە نەخۆشخانەن ئەبێ سێ وەجبە خواردنیان بۆ دابین بکرێت قانونی ئێمە موقیم، موقیمە واتە بیست و چوار سەعات لە نەخۆشخانەیە ئەبێ خواردنی سێ وجبە بە بەردەوام هەیانبێ، بە نسبەت ئێشکگر ئەو کارمەندانانەی کە ئێشکگرن ئەبێ خواردنیان بۆ دابین بکرێ بە نسبەت نەخۆشەوە هەموو ئەو نەخۆشانەی کە داخیل دەبن ئەبێ خواردنیان بۆ دابین بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوانی خانووەکانی چاودێری نابینایانن و کەڕولاڵانن وبەساڵاچوانن و نەوجەوانان و ئەمانە هەموویان پێویستیان بە وەجباتی خواردن هەیە و لە هەمان کاتدا چاکسازی کۆمەڵایەتیش ئەوانیش پێویستیان بە خواردن هەیەو، بەنسبەت کێشەی نرخەکەی ئەوە ڕادەوەستێ لەسەر نرخی بازاڕ و بەپێی کەمکردنەوە، لەبەر ئەوە وابزانم ئەم خاڵەش زۆر گرنگە ڕای کۆتاییش هەر بۆ ئێوەو ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانە بەڵام حەزم کرد ئاماژە بۆ گرنگی ئەو دوو خاڵە بکەم وا بزانم کەمکردنەوەی پارەکە تەئسیری سلبی دەبێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕاستی ئەم بابەتە لە بابی وەزارەت موناقەشەی دەکەین کە دێتە کەمکردنەوە ئەوە پێشنیارە لیژنە ئەیکات پێشنیاری وەزارەتی داراییش دیارە چییە، بەڕێز کاک بورهان جاف وەلامێکی هەبوو بۆ حاکم سەفەر.فەرموو.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرسیارەکەی کاک سەفەر دەربارەی ئەو راپۆرتە ئەڵێ ئیعادەو تەئکیدی تیایە بەڕاستی ئێمە بە باشمان زانی ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی دارایی ئەو میحوەرانە بگرێتەوە ئەو برگانە بگرێتەوە کە ئەساسین لە ڕاپۆرتی هەر لێژنەیەکی دارایی و، نەمان ویست زیاتر درێژە بدەین بە ڕاپۆرتەکە بۆیە بە باشمان زانی ئەگەر ڕاپۆرتەکە ئیعادەشی تیا بێ چونکە شتێکی ئەساسیە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ئەو شتانە هەبێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک برهان علی جاف، بەڕێز کاک شوکت شێخ یەزدین/ وەزیری کاروباری ئەنجومەن، فەرموو.

**بەڕێز شوکت شیخ یزدین/ وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بەڕێزان خۆشەویستان هەروەک لە هەموو لایەک روون و ئاشکرایە کە ئێمە دوو حەساری ئابووریمان لەسەرە بەلام وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان چ لە کابینەی سێ و چ کابینەی چوار سەرەڕای ئەو هەموو گیروگرفتانەی ناوەوەو دەرەوەی سنوورەکەمان، ئێمە وەکو حکومەت هەروەکو چۆن لە پەرلەمانی خۆشەویست ئەو بەڵێنەماندا بە ئێوەو بە هاوولاتیانی خۆشەویست وەکو حکومەت توانیومانە مانگانە بە شێوەیەکی ڕێک وپێک مووچەی سەرجەم کارمەندانی سنووری حکومەتی هەرێمی کورستان سەرف بکەین جگە لەوە سولەف مستدیمە و کارە گرنگەکان و کارە خزمەتگوزارییەکان ئەنجام بدەین، بەلام ئەوەی کە زۆر پێویستە بەڕێزان ئاگادار بن ئێمە لە هەموو دانیشتنەکانمان هەر ئەو بابەتەمان دەربڕیوە ئەگەر کەسانی تر من ڕێزم بۆیان باوەڕیان بەوە نییە کە وەزعی داراییمان خراپە بەلام حەقە ئێوەو ئێمەش باوەڕمان بەوە هەبێ کە وەزعی داراییمان لە چ ئاستێک دایە بە تایبەتی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی ئەو بەرنامەیەی کە لە خزمەت ئێوەدا لە لایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش کرا ئەگەر بۆچوونەکانمان بەو شێوەیە بێ ئاواتمان ئەوە بێ کە ئەزموونەکەمان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێشەوە بچێ و دەسکەوتی باشتر بەدەستەوە بێنێ بەڕاستی دەبێ بیر لەوەش بکەینەوە وەزعی مالیمان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی دەچێ، ئێمە ناکرێ پشت بەو دەرگایانەوە ببەستین کە تا ئێستا پشتمان پێیان

گەرم بووە، لەگەڵ ئەوەش پێویستە هەموو لایەکمان قەناعەتمان بەوە هەبێت کە شتێک باس دەکرێ پێشنیار دەکرێ پێش هەمووی بیر لەوە بکرێتەوە عەجەبا ئەو ئیمکانییەتە هەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێ جێبەجێی بکا یان نا. پاش ئەوەش هەندێک لە وڵاتانی دەرەوەش سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتن و ئیماکانییەتیان هەیە بەڵام تووشی کێشەی ئابووری بوون و نەیان توانیوە مووچەی مانگانەش بدەن، بەڵام ئەوەی جێی سەربەرزی و سەروەرییە بۆ ئێمە وەکو ئیدارەی کورد وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێمە لەو کاتەی کە بەڵێنمان بە ئێوە داوە جێبەجێمان کردووە، جێبەجێشی دەکەین چونکە لە ئەولیاتی کاری ئێمەدایە هەروەها بە نسبەت خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە ئیشارەتی پێبدەین بریاری ٩٨٦دیارە بەو دواییە کە پاش ئەوەی هەردوولا موافەقەتی لەسەرکرد لەسەرمان کرد لیژانی تایبەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی بەڕێز سەردانی وەزارەتەکانی پەیوەندار بکەن تا لە نزیکەوە ئاگاداری ئیش و کارەکانی وەزارەتەکان بن بە تایبەتی لە بواری ٩٨٦ هەتا بزانن هەنگاوەکانی ئەم دواییەمان لە چ ئاستێکدایە ڕاستە لە کابینەی سێ دەستپێکی کار بوو وەکو پێویست نەمان توانی سوود لە بریاری ٩٨٦ وەربگرین بەڵام لە کابینەی چوارەم لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دروست بوونی لیژنەیەکی باڵا توانیمان هەتا ئەو شوێنەی ئیمکانەو لە دەسەڵاتی ئێمەیەو توانای لە ئێمەی ئەوە دەبێ سوود لە بریاری ٩٨٦ وەربگرین و، لە کارو چالاکییەکانی ئێمەدا هەمیشە نیشانی ئەوەمان داوە بۆ ئێوەش و بۆ هاووڵاتیانیش هەتا چ ئاستێک ئێمە توانیمان سەرکەوتوو بین لە کارەکانماندا، لەگەڵ ئەوەش بە ڕاستی گیروگرفت زۆرن چ لە ئاستی وەزارەتەکان و چ لە کارەکەی بریاری ٩٨٦ برای بەڕێزم کاک د. شەفیق خۆشی لێرەیە لە سەردانەکانی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات یەکێ لە خاڵە سەرەکییەکانی ئێمە کە مەسەلەی ٩٨٦ بووە کە لەوێ لە ئاستی بەرز باس کراوە، هەوڵی جدیشی بۆ دراوە، ئومێدەوارین انشاءالله لە داهاتوودا وەزعی کارەکانی ٩٨٦یش باشتر بێ و ئێمە بتوانین زۆربەی ئەو کارانەی کە ئەمڕۆ لە ڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری هاتووە بتوانین لە ئیمکانیاتی بریاری ٩٨٦ سوودی لێوەربگرین ئەو داهاتەی کە ماومانە یەکلای بکەینەوە بۆ ئەو گیروگرفتانەی کە لە بریاری ٩٨٦ ناتوانین سوودی لێوەربگرین لەوێ بتوانین سوودی لێوەربگرین، یەکێک لەو خاڵانەی کە زۆر باس دەکرێ بەڕاستی زیادەی پەرلەمانە ئەوەمان لە بیر نەچێ کاتێک زیادەی پەرلەمان ئیقراری لەسەر کرا، یەکەم وەزعی خەڵک زۆر زۆر ناخۆش بوو باری ئابووری ناخۆش بوو دینار نرخی زۆر دابەزیبوو لە هەمان کاتدا مەسەلەی بریاری ٩٨٦ نەبوو خۆراک و دەرمان و ئەو شتانە نەبوو بۆیە ئەو بریارە درا، لەگەڵ ئەوەش قسەکەی من بۆ ئەوە نییە کە ئەو کاتە ئەو شتە کراوە ئێستا ئێمە نایکەین، نەخێر ئێمە لە هەموو ساڵان کە بوجە ئامادە دەکرێ و پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز دەکرێ، هەموو جار تەئکیدمان لەوە کردووە لە بوجەش لەبەر چاومان گرتووە ئەگەر باری ئابوریمان باش بێ حەتمەن حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی دەکات چ

وەکو حکومەتی کابینەی خزمەتگوزاری لە کابینەی سێدا چ وەکو حکومەتی ئاوەدانکردنەوە و چەسپاندنی یاسا گومان لەوەدا نییە کە بەڕاستی ئێمە وەکو حکومەت و وەکو پەرلەمانیش ویژدانمان بەوە نارەحەتە بە تایبەتی بە نسبەت ئەو کارمەندە بەڕێزانەی چینی خوارەوە کە مووچەیان ڕاستە زۆر زۆر کەمە بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەمیشە ئەوانیش هاندەرو پشتیوانی ئێمەیان کردووە وەزعی ئێمەیان لەبەر چاو گرتووە کە حکومەت چ بارێکی قورسی لەسەرە انشاءالله لە ئاییندە بتوانین ئەمەشیان بۆ جێبەجێ بکەین، ئەوەی کە بەلای ئێمەوە گرنگە بە ڕاستی ئەگەر تێبینیتان کردبێ جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن بەم دواییدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خۆی لە زۆربەی دانیشتنەکانی لەگەڵ وەزارەتەکانی پەیوەندار و بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری هەر بۆ ئەوە بووە کە ئێمە بەخۆماندا بچینەوە چیتر پشت بەو دەرگایانەی کە قسەی لێوە دەکرێ و یان ئێمە پشتمان پێوە بەستوە کە داهاتێکی زۆری پێوەیە دەبێ ئێمە بەخۆدا بچینەوە لەناو خۆمان یەک میللەتەکەمان هۆشدار بکەینەوە بە ئاگا بێین و، میللەتێکی تەمەڵ بەڕاستی پیادە نەکەین و دروست نەکەین ناشکرێ هەموو شت دابین بکرێ و میللەتیش هەست بە بەرپرسێتی نەکا بەرامبەر بەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی، ئێمە بیرمان لەوە کردۆتەوە کە داهاتەکانی ناوخۆ بە چ شێوەیەک ئێمە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک هەر وەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەو لە ڕاپۆرتی وەزیری داراییش هاتبوو سوودی لێوەربگرین و، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێداچوونەوەو موتابەعەی کارەکان دەکەین بڕیاری ئەوەشمان داوە کە لیژنەیەکی باڵای ئابووریمان هەبێ دیراسەتی وەزعی ئێستاو ئاییندەمان بۆ بکا، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەدا کاری تیا بکەین و انشاءالله ئومێدەوارین بتوانین لە ئاییندەیەکی زوودا ئەو گیروگرفتانەی ناوخۆی خۆمان چارەسەر بکەین باری کارمەندان و باری حکومەتیش و زۆربەی ئەو پرۆژانەی کە لەناو ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا هاتووە چێ بکەین، جەنابتان ئاگادار دەکەینەوە مانای ئەوە نییە کە لە بوجەدا هاتووە حەتمەن ئێمە موافەقەتی لەسەر دەکەین پاش ئەوەی کە لە لای بەڕێزتان پەسند دەکرێ ئەو کاتەی کە وەزارەت هەر پرۆژەیەک کە بەرزی دەکاتەوە ئەو پرۆژانەی کە لەبەر دەستیەتی دیسان لە سەرۆکایەتی دیراسەت دەکرێ هەتا پێمان بکرێ لە بڕیاری ٩٨٦جێی بکەینەوە ئێمە هەرگیز داهاتی خۆمان بۆ ئەو جۆرە پرۆژانە سەرف ناکەین بەڵکو بۆ ئەو شتانەی تر سەرف دەکەین کە زۆر پێویستن، زۆر سوپاس تێبینییەکانم هەر ئەوەندە بوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران. وا بزانم بەمە کۆتایی بێت بە تێبینی لەسەر ڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری دارایی و ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی،ئێستا دەست دەکەین بە گفتوگۆ کردن لەسەر بابەکانی بوجە تکا لە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی دارایی ئەکەین کە لە بابی یەکەمەوە دەست پێ بکەن.

**بەڕێز جـــــمـــيل عـــبــــدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

دەروازەی ژمارە یەک بوجەی پەرلەمان بوو ئەوە پەسند کرا پێش چەند ڕۆژێک ئێستا دێینە سەر دەروازەی دووەم رئاسە مجلس الوزراء، ئەقسامەکانیش دەخوێنمەوە ئەگەر مجالم پێ بدەی.ئەگەر بەرامبەر ئەو پارەی نەنووسرابێ مانای ئەوەیە کە توصییەی لیژنەی دارایی هەر هی وەزارەتی دارایی و ئابوورییە تەنیا ئەگەر لیژنەی دارایی بەرامبەری نووسیبێت مانای ئەوەیە کە جیاوازیی هەیە یان توصییەی هەیە.

١- دیوان رئاسة مجلس الوزراء ٣٧٦٩٨٠٠٠ دینار.

٢- رئاسة جامعة صلاح الدین٨٣٢٧٣٠٠٠ دینار بوو توصیەی لیژنەی ئابووری لە فەسڵی دووەم ماددەی(٠٥)نفقات الطبع المدون ٢٥٠٠٠٠٠ هاتبوو (نقترح تنزیلها) مجموعی قسم رئاسە جامعە صلاح الدین بە پێی تەوصیەی لیژنەی ئابووری دەکاتە ٨١٢٧٣٠٠٠ دینار

٤- رئاسة جامعة دهوك ٢٨٦١٨٠٠٠دینار.

٥- هیئة المعاهد الفنیة ٢٠٤٣٢٠٠٠دینار.

٨- دوائر الاحصاء في الاقلیم ١١٨٧٠٠٠ دینار.

٩- دائرة القبول المرکزي ٩٦١٠٠٠ دینار.

١١- مطبعة جامعة صلاح الدین ٤١٨٥٠٠٠ دینار.

١٢- مؤسسة الشهید ٩٣٩٥١٠٠٠ دینار.

١٤- مدیریات المختبر الانشائي ٣٠٩٢٠٠٠ دینار.

١٦- المجمع العلمي الکوردستاني ٢٣٦٥٠٠٠ دینار.

کۆی گشتی دەروازەکە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکاتە ٢٧٥٧٦٢٠٠٠ لە لیژنەی ئابووری دەکاتە ٢٧٣٧٦٢٠٠٠ دینار تەنها جیاوازییەکە دوو ملیۆن دینارە لە قسمی دووەم (رئاسة جامعة صلاح الدین لە نفقات الطبع.)

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

رای وەزیری دارایی لەسەر ئەو پێشنیاری لیژنەی دارایی تکایە.

**بـــەڕێـــز وەزیـــری دارایــــی ئـــابـــووری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

من تەئییدی لیژنەی دارایی وئابووری دەکەم لە کەمکردنی نفقاتی(الطبع) بەڕاستی لە کاتی موناقەشە کردنی میزانیە لەگەڵ سەرۆکایەتی زانکۆ لەوێش تەئکید کرابوو کە نەدەبووایە بەبێ موافەقەتی پێشەکی دەست بە چاپکردن بکەن. دیار بوو ئەوان بەبێ موافەقەتی پێشەکی دەستیان کردبوو بە چاپکردنی هەندێک مطبوعات بۆیە لەگەڵ ڕای لیژنەی داراییینە بۆ کەمکردنەوەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم بابە...؟ دیارە تێبینی نییە. تەنیا خاڵی ژمارە دوو رئاسە جامعە صلاح الدین کە لیژنەی دارایی توصیە دەکات لە ٨٣٢٧٣٠٠٠ بکرێ بە ٨١٢٧٣٠٠٠ ئەویش کە وەزارەتی دارایی پەسەندی ئەکا ئەوە ئەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە پێشنیاری لیژنەی دارایی پەسەند دەکەن لەم بارەیەوە دەستیان بەرز بکەنەوە...؟زۆر سوپاس. تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەو پێشنیارە پەسەند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە...؟پیشنیارەکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا.دەروازەی دووەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەمووی ئەخەمە دەنگدانەوە بە پێی ئەو بڕیارەی کە ئێستا وەرگیرا کۆی گشتی دەکاتە ٢٧٣٧٦٢٠٠٠ تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم ئەم دەروازەی پەسەند ئەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە ...؟ زۆر سوپاس.ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە...؟ دەروازەی ژمارە دوو بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

الباب الثالث: وزارة التربية

الاقسام:

١ـ ديوان الوزارة المبلغ المتفق عليه في وزارة المالية والاقتصاد ٩٧٤٢٠٠٠ دينار.

٢ـ المديريات العامة للتربية ٣٧٩٢٤٢٠٠٠ دينار.

٣ـ مطبعة الوزارة ٥٩٣٩٠٠٠ دينار.

٤ـ المعاهد و دور اعداد المعلمين ١٤٧٣١٠٠٠ دينار.

المجموع للباب الثالث ٤٠٩٦٥٤٠٠٠ دينار المبلغ الذي توصي به لجنتا نفس المبلغ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی هەیە لەسەر بابی سێیەم ...؟ تێبینی نییە، ڕای لیژنەی پەروەردە لەسەری؟ بەڕێز کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە لەگەڵ پرۆژەکەین کەوا هاتووە. لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕای هەموو لیژنەکان هاتووە ڕای لیژنەی پەروەردە نەهاتۆتەوە لەم بارەیەوە، کەواتە تێبینی نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە بوجەی وەزارەتی پەروەردە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن

دەستیان بەرز بکەنەوە... بوجەی وەزارەتی پەروەردە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، دەروازەی چوارەم.

**بەڕێز حـــــمـــــیـــــد سلیم مـــــیـــــران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

الباب الرابع:

وزارة الاشغال والاسكان

١- ديوان الوزارة ٣٨٣٣٠٠٠ دينار.

٢- مديريات الاشغال ١٣٧٨٤٠٠٠ دينار.

٣- مديريات الطرق والجسور ٢٢٠٧٥٠٠٠ دينار.

کۆی گشتی دەروازەی چوارەم ٣٩٦٩٢٠٠٠ دینار لیژنەکەمان هیچ گۆڕانکاریی تیا نەکردووە هەر هەمان مەبلەغ داوا ئەکات.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی هەیە لەم بارەیەوە...؟ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە ڕاتان؟.

**بەڕێز حـــــمـــــیـــــد سلیم مـــــیـــــران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە لەگەڵ ڕای لیژنەی داراییین.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، دەروازەی چوارەم ئەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە دەروازەی چوارەم پەسند ئەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانە کە دەروازەی چوارەم پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... دەروازەی چوارەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، دەروازەی پێنجەم.

**بەڕێز حـــــمـــــیـــــد سلیم مـــــیـــــران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

الباب الخامس:

وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری

ديوان الوزارة ٣٣٦٢٠٠٠ دينار.

المديرية العامة للزراعة في اربيل ٨٦٩٣٠٠٠ دينار.

المديرية العامة للزراعة في دهوك ٦٩٨٤٠٠٠ دينار.

المديرية العامة للبحوث والارشاد الزراعي والتبوغ ٤٠٩٦٠٠٠ دينار.

مديريات المياه الجوفية في المحافظات ٥٢٤٥٠٠٠ دينار.

المديرية العامة للري والسدود ٧٢٥٥٠٠٠ دينار.

المديرية العامة للبيطرة والثروة الحيوانية ٩٣٧٣٠٠٠ دينار.
المديرية العامة للبستنة والغابات ١٢٠٥٣٠٠٠ دينار.
کۆی گشتی بابی پێنجەم ٥٧٠٦١٠٠٠ دینار، سوپاس.
داوای لێبوردن ئەکەم لیژنەکەمان داوای هیچ گۆڕانکارییەکی نەکردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری ڕاتان چییە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
ئێمە لەگەڵ ڕای لیژنەی ئابوورین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی نییە...؟ دەروازەی پێنجەم ئەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە پەسەندی ئەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە...؟ زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە دەروازەی پێنجەم پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە...؟ دەروازەی پێنجەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا. دەروازەی شەشەم.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

الباب السادس
وزارة الداخلية

ديوان الوزارة ١٧٩٨٧٠٠٠ دينار.
الادارات العامة في المحافظات ١٢٥١٩٠٠٠ دينار.
الادارات المحلية في المحافظات ٤٣٧٠٠٠٠ دينار.
ادارة العامة في المحافظات (١٢٥٠٠٠٠٠) دينار، الادارات المحلية في المحافظات (٤٣٧٠٠٠٠) دينار، المديرية العامة للأسايش (٦١٨١٦٠٠٠) دينار، المديرية العامة للجنسية والاحوال الشخصية (٥١٧٣٠٠٠) دينار، المديرية العامة للشرطة (١١٣٥٥٩) دينار، المديرية العامة للمرور (١٨٦٧٢٠٠٠) دينار، كلية الشرطة (٨٣١٥٠٠٠) دينار.
کۆی گشتی دەروازەی شەش دەکاتە (٠٠٠ ٤١١ ٢٤٢) دینار، لیژنەکەمان داوای هیچ گۆڕانکاری نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی کاروباری ناوخۆ، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمەش تەئیدی لیژنەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دەروازەی شەشەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەروازەی شەشەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، دەروازەی شەشەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا. دەروازەی حەوتەم.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

الباب السابع: وزارة البلديات والسياحة.

١- ديوان الوزارة (٣٣٠٤٠٠٠) دينار.

٢- الهيئة العامة للسياحة والمصايف (٢٣٨٣٠٠٠) دينار.

٣- المديرية العامة للبديات (٣٩٨٠٠٠٠) دينار.

٤- المديرية العامة للماء والمجاري (٦٢٣٣٨٠٠٠) دينار.

٥- المديرية العامة للتخطيط العمراني (٢٣١٩٠٠٠) دينار.

٦- مديرية الدفاع المدني (١٨١٢٧٠٠٠) دينار.

کۆی گشتی (٩٢٣٨٩٠٠٠) دینار، لەم دەروازەیە ئێمە تێبینیمان نیە و، تەئیدی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنە شارەوانیەکان و گواستنەوەوگەیاندن، تەنیا لەسەر دەروازەی حەوت.

**بەڕێز لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەوگەیاندن:**

ئێمە پەسندمان کردووە بە نووسراوی ژمارە (١٦)ی لە ١٢/٢٨، بەگشتی لیژنەکەمان پەسندی بودجەمان کردووە، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی تێبینیتان نیە، زۆر سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟ زۆر سوپاس، دەروازەی حەوتەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەروازەی حەوتەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، دەروازەی حەوتەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا. دەروازەی هەشتەم.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

الباب الثامن: وزارة النقل والمواصلات:
١- ديوان الوزارة (٤٢٠٧٠٠٠) دينار.
٢- مديريات البريد والاتصالات (٢٠٦٤٧٠٠٠) دينار.
كۆی گشتی (٢٤,٨٥٤,٠٠٠) دینار، لیژنەی ئابووری تەئیدی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
هیچ تێبینی هەیە؟، ڕای لیژنەكەشی لەگەڵە، لیژنەی گواستنەوەو گەیاندن، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە دەروازەی هەشتەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، دەروازەی هەشتەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا. دەروازەی نۆیەم.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**
بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،
الباب التاسع: وزارة الثقافة:
١- ديوان الوزارة (٤١٠٦٠٠٠) دينار.
٢- مؤسسة الطباعة والصحافة والتوزيع والنشر (٣١٤٦٠٠٠) دينار.
٣- المديرية العامة للاعلام (٣٤٣٧٠٠٠) دينار.
٤- المديرية العامة للثقافة والفنون (١٥١٨٢٠٠٠) دينار.
٥- المديرية العامة للرياضية والشباب (١١٨٢٠٠٠٠) دينار.
٦- المديرية العامة للاثار (٣٧٦٣٠٠٠) دينار.
كۆی گشتی دەروازەی نۆیەم (٤١٤٥٤٠٠٠) دینار، ڕای لیژنەی ئابووری لەگەڵ ڕای وەزارەتی دارایی و ئابووری دایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، ڕای لیژنەی پەیوەندیەكان و كاروباری ڕۆشنبیری.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**
بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،
وەک لە نووسراوی لیژنەكەماندا هاتووە، لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەكان، لەگەڵ ئەو بودجە پێشنیار كراوەی حكومەت داین، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، تێبینی هەیە دیارە تێبینی نیە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە دەروازەی نۆیەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسندی ناكەن

دەستیان بەرز بکەنەوە، دەروازەی نۆیەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا. دەروازەی دەیەم.

**بەڕێز جـــمـــیل عـــبـــدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

الباب العاشر: وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية:

١- ديوان الوزارة (٧١٢٥٠٠٠) دينار.

٢- دوائر الخدمات الصحية للوزارة (١٩٨٠٦٧٠٠٠) دينار.

تێبینیمان هەیە فەسلی دووەم ماددەی ٠,٥ (نفقات الطبع)، (٣٠٠٠٠٠) دینار هاتووە، ئێمە داوا دەکەین ببێتە (١٠٠٠٠٠) دینار و، فەسلی سێیەم ماددەی ٠,٦ (الاغـــذية)، (٢٠٠٠٠٠٠) دینار هاتووە، ئێمە داوا دەکەین ببێتە (١٤٠٠٠٠٠) دینار، بەم شێوەیە.

٣- (دوائر الخدمات الصحية) لە لیژنەی دارایی و ئابووری دەبێتە (٩١٨٦٧٠٠٠) دینار.

٤- (المديرية العامة للرعاية الاجتماعية)(٢٠١٩٥٠٠٠) دینار، گلەییمان نیە.

٥- (المديرية العامة للعمل والضمان الاجتماعي)(٣٦٧٦٠٠٠) دینار، ئەویش پەسندی دەکەن.

٦- (المديرية العامة للاصلاح الاجتماعي)(١١٠٨٦٠٠٠) لە وەزارەت هاتووە، ئێمە داوا دەکەین ببێتە (١٠١٩٦٠٠٠) دینار، چونکە سێ تێبینیمان هەیە:

یەکەم/ لە فەسلی سێیەمدا ماددەی (٠٥)، پێشان جلوبەرگ (٥٥٠٠٠٠) هاتووە، ئێمە داوا دەکەین ببێتە (٢٥٠٠٠٠) دینار.

دووەم/ لە فەسلی چوارەمدا ماددەی (٠٤)، سیانەی تەئسیساتی مەوادی کارەبایی (٥٠٠٠٠٠) دینار هاتووە، ئێمە داوا دەکەین ببێتە (١٠٠٠٠٠) دینار.

سێیەم/ لە فەسلی چوارەمدا ماددەی ١١، سیانەی حەدائیق (٢٠٠٠٠٠) دینار هاتووە، ئێمە داوا دەکەین ببێتە (١٠٠٠٠) دینار، چونکە لە بنەڕەتدا (١٠٠٠٠) دینار بوو، پاریش (١٠٠٠٠) دینار بوو.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاس، ئایا وەزیری دارایی تێبینی هەیە؟

**بەڕێز ســەرکـیس ئاغــا جــان مــامــەندۆ:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بەڕێز وەزیری تەندروستی تەوزیحاتی دا لەم بارەیەوە، بڕیارەکەش بۆ پەرلەمان دەمێنێتەوە، گرنگ ئەوە بوو هەدەفەکە مادام لە هەر شوێنێک کەم کردن بێت، ئێمە سوپاسی لیژنەی دارایی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری تەندروستی وکۆمەڵایەتی، فەرموو.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە لەگەڵ ڕای بودجەکە داین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینیەک هەیە؟، بەڕێز کاک شێخ یەحیا، فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

دوو تێبینی بەڕێز وەزیری تەندروستی ئیشارەتی بەوە کرد، وابزانم لێرە نیە، بە هەر حاڵ دەستی خۆش بێت، من ئیشارەت بۆ دووانیان دەکەم، بۆ مەوزوعی خواردنە، جگە لە خەفەرەکان و دکتۆر و ئەوانە، بەڕاستی خواردن پێویستە موراعات بکرێت و، ئەو مەبلەغەی کە هاتووە، من بە زۆری نازانم و، پێشنیار دەکەم هەروەکو خۆی بمێنێتەوە.

مەوزوعی جلوبەرگ هەر هەمان شتە، جلوبەرگیش، بۆ ئەوەی نیە قاتی جوانی پێ بکرێت، ڕەنگە هەر بۆ سەدریەو هەندێک بەکار هێنەری ئەوێ بێت، یان بۆ نەخۆشەکان بێت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەو دوو فەسلەی با بڵێین، فەسلی جلوبەرگ لەگەڵ فەسلی ئەغذیە، کەم نەکرێتەوە و وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو وەڵامی تێبینیەکانی بەڕێز وەزیری تەندروستی بدەرەوە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

دیوانێ وەزارەتی ئێمە چ ئەم تەئیدە و، هەروەکی هاتی چۆن وەزارەتی دارایی و ئابووری بکەین، قیسمێ دووێ دوو تێبینیت هەین، دەبێتن تێبینی بەشی دووەم لەگەڵ تێبینی بەشی پێنجەم نەبێتن، چونکە بەش بەشە، بەشی دووەم (نفقات الطبع) (٣٠٠٠٠٠) دینار هاتووە، ئێمە داوا دەکەین ببێتە (١٠٠٠٠٠) دینار و، ئەغذیە (٢٠٠٠٠٠٠) دینار هاتووە، ئێمە داوا دەکەین ببێتە (١٤٠٠٠٠٠) دینار، ئەوە لە بەشی دووەم.

بۆ چوونەکانی ئێمەش لەبەر چیە؟

بەڕێز وەزیری تەندروستی باسی زۆر وسوڵاتی کرد، ئیستیمارات و، چۆن چاپ بکات و، تەکلیفە لەسەر وەزارات، بەڵام ئەگەر وسوڵاتی داراییە، وەزارەتی دارایی، تەزویدی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکات، بەڕێز وەزیری داراییش لێرەیە، هەر لە کابینەی سێیەمەوە

وسوڵاتی دارایی بۆتە شتێکی مەرکەزی، ئەوە یەک.
دووەم ئیستیماراتی تر و، هەر یەکەو ئیستیماراتی هەبێت، لێرە هەتا ٦/٣٠، تەنیا لە بەشی دووەم لە دەوائیری خەدەمات (١٥١١٦) دینار سەرف بووە، لە شەش مانگ، با شەش مانگی تریش (٢٠٠٠٠) دینار سەرف بکرێت، با پێنج هەزار زیاتر بێت، ئێمە دەڵێین با ببێتە (١٠٠٠٠٠) دینار، یەعنی سێ قات و چوار قات بەرامبەری ئەوە یەک، دووەم/ لەوانەیە بەڕێز وەزیری تەندروستی وا تەسەور دەکات چاپەمەنی هەموویان لەم بەشە دایە، نەخێر، لە دیوانی وەزارەت بەڕێز وەزیری تەندروستی (٣٠٠٠٠٠) دینارت هەیە بۆ چاپکردن و، دەستیشمان لێ نەداوە، چونکە ئێمە دەزانین وسوڵات زیاتر مەرکەزیە، یان لە وەزارەتی دارایی وەردەگرێت، یانیش دیوانی وەزارەت پارەی چاپەکەی دەدات، لێرە شتێکی سانەوی و زیادەیە، ئەوە دەربارەی چاپەمەنی لە بەشی دووەمدا، ئێمە دێینە سەر ئەغذیە، ئەغذیە پار (١١٠٠٠٠٠) دینار بوو، لە پەسند کراوی پەرلەمان و بەپێی داواکاری وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی داراییش تەئیدی کرد بوو، فعلەن پاش ٦/٣٠ (٥٣٧٦٨٤٠) دینار، یەعنی کەمتر، ئەگەر کۆبکرێتەوەو جارانی دوو بکرێت، هەتا کۆتایی ساڵ تەقریبەن دەبێتە (١٠٥٠٠٠٠) دینار، یەعنی نابێتە (١١٠٠٠٠٠) دینار، لەگەڵ ئەوەشدا با بڵێین (٣٠٠٠٠٠) دیناری تریش لەسەری دانێین، هەرچەندە (١٢٠٠٠٠٠) دینار کافییە، بە قەناعەتی ئێمە، بەڵام زۆربەی ئەندامانی لیژنە گوتیان (١٤٠٠٠٠٠) دینار، بووە (١٤٠٠٠٠٠)دینار، یەکەم خواردن گرانتر بۆ یان دێت، ئێمەدەبێت زۆر هەوڵ بدەین بۆ بڕیاری ٩٨٦، چونکە مونەزەمات زۆر زۆر یارمەتی نەخۆشخانەکان دەدەن، خواردن دێنن، ئەم خواردنە نەبوو بۆ دکتۆر، بەس خواردن بۆ نەخۆشە، زیاتریش مونەزەمات یارمەتیان دەدات، جگە لەوەش پارەی وەزارەتی داراییشە، داوایەکە لە جێگای خۆیەتی، سەرجەمەکەی ساڵ تەواو دەبێت، تەقریبەن (١٠٥٠٠٠٠) دینارە، ئێمە دەیکەینە (١٤٠٠٠٠٠) دینار، یەعنی ٣٠٪ زیاد کراوە، ئەوە لە بۆ بەشی دووەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە؟، باسی بەشی پێنجەم بکە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بەشی پێنجەم: (مديرية العمل للاصلاح الاجتماعي).

لە ماددەی (٠٥) جلوبەرگ هاتووە (٥٥٠٠٠) دیناریان نووسیووە، ئێمە داوا دەکەین ببێتە (٢٥٠٠٠) دینار.

١ـ مەفروزە دابەش کرا بووایە، بۆ نموونە جلوبەرگی پۆلیسە، هی خزمەتکارە، هی دکتۆرە، ئەوەش جۆرەها جۆری هەیە، بەپێی میزانیە، لێرە ئەوەیان دابەش نەکردووە.

پاریش (٢٠٠٠٠٠) دینار بوو، پەسند کرا بوو لەلایەن پەرلەمان پاش توسیەتی وەزارەتی دارایی، تا ٦/٣٠ (٦٤٠٠) دینار سەرف کرا بوو، پار (٢٠٠٠٠٠) بوو، ئێمەش ئەم ساڵ دەڵێین با (٢٠٠٠٠٠) بێت، با ٢٥٪ زیاد بکەین، ببێتە (٢٥٠٠٠٠) دینار، لەبەر ئەوە ئێمە دەڵێین (٥٥٠٠٠٠) دینار زۆر زۆرە، بەتایبەتی بۆچوونی داراییش ئەوەیە، ئەوەندە ئەرقام زیاد نەکرێت، ئەرقام گونجاو بێت عەجزی هەیە، لەبەر ئەوە داوامان کردووە، ئەوە ببێتە (٢٥٠٠٠٠) دینار.

سیبیانەی تەئسیساتی ئاو و کارەبایی، هاتووە (٥٠٠٠٠٠) دینار، ئێمە داوا دەکەین ببێتە (١٠٠٠٠٠) دینار، پار (٦٠٠٠٠) دینار بوو، تا ٦/٣٠ (٦٥٧٦) دینار سەرف کرا بوو، یەعنی تا کۆتایی ساڵیش ناگاتە (١٣٠٠٠) دینار، لەگەڵ زانینیش پەسند کراوەکەی (٦٠٠٠٠) دینار بوو، ئێمە نەک لە ٥٠٪، بەڵکو لە ٦٠٪ زیادی بکەین، ئەگەر بکاتە (١٠٠٠٠٠) دینار، بەڵام (١٠٠٠٠٠) دینارەکەش ئێمە دەڵێین زۆرە، بەڵام زۆربەی ئەندامانی لیژنە بە پەسندیان زانیوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پاش ئەوە دێینە سەر فەسلی چوارەم/ ماددەی (١١) سیبیانەی حەدائیق.

پار (١٠٠٠٠) دینار بوو، ئێمە داوا دەکەین ئەم ساڵیش هەر (١٠٠٠٠) دینار بێت، هەتا ٦/٣٠ یەک فلس سەرف نەبووە، ئەم (٢٠٠٠٠٠)ـەش ڕایەک هەبوو لە لیژنە، گوتم بەڵکو ئەم سفرە لەوانەیە زیاد لە کۆمپیوتەر ڕۆیشتبێت، یەعنی (٢٠٠٠٠) دینارە، لە کۆمپیوتەر سفرێک زیاتر ڕۆیشتووە، بووە بە (٢٠٠٠٠٠) دینار، بەڵام ئێمە ئەوە ناڵێین (١٠٠٠٠٠) بێت یان (٢٠٠٠٠) دینار، ئێمە هەر داوا دەکەین، وەکو ساڵی رابردووی لێ بێت و، ببێتە (١٠٠٠٠) دینار، زۆر زۆر سوپاس،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو بەڕێز وەزیری دارایی.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان مامەندۆ:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە پێش تریش گوتمان مادام مەبەست لە کەم کردنەوە بێت، ئێمە لەگەڵ کەم کردنەوەین، بەڵام هەندێک گۆڕانکاری کە باس کرا، ئەوەی حەدائیق و سیبیانەو جلوبەرگ و کە گوترا سفر زیاد بووە، بەڕاستی لە کۆمپیوتەر سفر زیاد نەبووە، هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن، ئێستا هەموو بەندیخانەکان تەحویل دەکرێن بۆ ئیسلاحی کۆمەڵایەتی بڕیارێکی وا دەرچووە، ئەوجا مەساریفەکان زیاد دەبن، هی جلوبەرگ، هەر یەک دوو جلوبەرگی پێویستە، ئەوەی سیبیانەی حەدائیق هیچ نەکرا بوو، بەڵام ئێستا کە گرنگی دراوە بە حەدائیق بۆ بەندیخانەکان و دەوائیر و ئەوانە بووە، بۆیە لەسەر ئەساسی ئەوەی کە بەرنامەمان هەبێت بۆ ساڵی ٢٠٠٢ دوو باخچەی

گەورەیان هەیە کە چاکی بکەینەوە، بەڵام دیسان ئێمە هەر لەگەڵ لیژنەی دارایی کێشەمان نیە، موتەفیقین لەگەڵ وەزیری تەندروستی لەسەر ئەم مەوزوعە، بەس تەوزیحەکە دەدەین، ئەگەرنا لەگەڵ لیژنەی داراییین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز د. جمال عبدالحمید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بەراستی لە قسەی پێشووم سوپاسی لیژنەکەم کرد بۆ خەم خۆریان کە هەوڵیان داوە شتەکە کەم بکرێتەوە، بەڵام من حەزم لێ بوو گرنگی ئەو دوو بابەتە پیشان بدەم، کە مەسەلەی چاپەمەنی و خواردن بوو، لە هەمان کاتیشدا گوتم بریاری کۆتایی بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزە، بەڵام بۆ تەوزیح ئەو رەقامانەی کە پیشان دران، ئێمە سەرفمان نەکردووە، ئەمە دەلیلێکە وەکو بەڕێز کاک شەوکەت ئاماژەی پێ کرد، ئێمە هەر رەقەمێک دابندرێت سەرفی ناکەین، لە هەمان کاتیشدا ئێمە حەریسین، لەبەر ئەوەی کەمترین شت سەرف بکرێت بەپێی پێویست، یەعنی ئەوەی دابنرێت، مەرج نیە سەرف بکرێت و، لە هەمان کاتیشدا هەر رێگایەکی تر بەرێگای بریاری ٩٨٦ پەیدا بێت، بەدیلی ئەم میزانیە بێت، ئێمە حەتمەن ئەوە بەکار دێنین ئەو پارەیەی کە تەرخان کراوە سەرف ناکرێت.

بەنیسبەت لایەنی ئیسلاحی کۆمەڵایەتیەوە، گرنگیەکی زۆر دراوە بە قەزیەی کۆمەڵایەتی، ئێمە دەڵێین ئەوانە بەندیخانە نین ئەوانە ئیسلاحین، ئەگەر پێشان پارە دانەنراوە، بەڵام ئێستا لە بەرنامەمان هەیە، کە وەزعیان چاک بکرێت، حەدیقە بەنیسبەت بەندیخانەوە زۆر گرنگە، وەکو وەسائیلی تەرفیهی بۆیان و، ئەگەر پێشان پارەیان بۆ دانەنراوە، ئێستا دانراوە، مەبەست ئەوەیە و، جلوبەرگ بە حەقیقەت بۆ بەندکراوەکانە لەگەڵ کارمەندەکان، وەکو بەڕێز وەزیری دارایی ئاماژەی پێ کرد، ئێستا بەندیخانە بە نیسبەت وەزارەتی ئێمەوە، بەس ئەحداس و ئافرەتان سەر بە وەزارەتی ئێمەن، بەڵام بریار درا لە ئەنجومەنی وەزیران و گەورەکانیش بدرێتە وەزارەتی تەندروستی، لەبەر ئەوە پێویستە پارەیەک تەرخان بکرێت بۆ وەزعی چاکسازی چاک بکەینەوە، هەموومانیش هەوڵ دەدەین کە شتی باشتر بکەین، ئەگەر پارەیەکمان داناوە بۆ شتێکی باش، مانای ئەوە نیە تەبزیر کرایە، بەڵکو لە پێناوی ئەوەی باشتر خزمەتی ئەو شەریحەیە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خاڵی دووەم بیخوێننەوە جارێکی تر، پێشنیاری حکومەت و پێشنیاری خۆتان.

بەڕێز جمیل عبدی سندی: (دوائر الخدمات الصحیە) (١٩٨٠٦٧٠٠٠) دینارە، هی وەزارەت،

لیژنەکەمان تەوسییە دەکات ببێتە(١٩١٨٦٧٠٠٠) دینار.
تەوسییەی لیژنەی دارایی دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پێشنیاری لیژنەی دارایی پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پێشنیاری لیژنەی دارایی پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، (سی بە شانزدە) پێشنیاری لیژنەی دارایی پەسند ناکرێت، درەوازەی پێنجەمیان بۆ بخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز جـمـیل عـبـدی سندی:**

المادة الخامسة: (المديرية العامة للاصلاح الاجتماعي)(١١٠٨٦٠٠٠) دینارە هی وەزارەت، ئێمە داوا دەکەین ببێتە (١٠١٩٦٠٠٠) دینار.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پێشنیاری لیژنەی دارایی پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پێشنیاری لیژنەی دارایی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەزۆربەی دەنگ پێشنیاری لیژنەی دارایی پەسند نەکرا.
تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەروازەی(دەیەم)ی وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، دەروازەی دەیەم هەشت ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکەن، بە زۆرینەی دەنگ دەروازەی دەیەم وەرگیرا. دەروازەی یازدە.

**بەڕێز حـمـید سلیم مـیـران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
الباب الحادي عشر: وزارة الاعمار والتنمية:
١ـ ديوان الوزارة (٢٧٦٢٠٠٠) دینار.
٢ـ المديرية العامة للاعمار والتنمية (٢٢٦٤٦٠٠٠) دینار.
کۆی دەروازەی یانزدە (٢٥٤٠٨٠٠٠) دینار، لیژنەی دارایی پشتگیری لە ڕای وەزارەتی ئابووری دەکات، هەروەها لیژنەی کارو ئاوەدانەکردنەوە پشتگیری لە ڕای وەزارەتی ئابووری دەکات، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟، تێبینی نیە،دەروازەی یانزدەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەروازەی یانزدەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، دەروازەی یانزدەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا. دەروازەی دوانزدەم.

**بەڕێز حـــــمـــــيـــــد سليم مـــــيـــــران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

الباب الثاني عشر: وزارة المساعدات الانسانية والتضامن:

١ـ ديوان الوزارة (٣٥٦٠٠٠٠) دينار.

٢ـ مديرية سفر دهوك (٢٢٥٨٠٠٠) دينار.

کـۆی دەروازەی دوانزدەم (٥٨٢٦٠٠٠) دینار، لیـژنەی ئابووری پشـتـگیـری لە ڕای وەزارەتی ئابووری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر دەروازەی دوانزدە؟، تێبینی نییە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەروازەی دوانزدەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەسـتـیـان بەرز بکەنەوە، دەروازەی دوانزدەم بە گشـتی دەنگ وەرگیـرا. دەروازەی سێزدەم. وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.

**بەڕێز حـــــمـــــيـــــد سليم مـــــيـــــران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

الباب الثالث عشر: وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية:

١ـ ديوان الوزارة (٨٦٧٣٠٠٠) دينار.

٢ـ مديرية الاوقاف اربيل (٣٢٨٦٧٠٠٠) دينار.

٣ـ مديرية أوقاف دهوك (١٤٠٤٢٠٠٠) دينار.

کـۆی دەروازەی سـێـزدەم (٥٥٥٨٢٠٠٠) دینار، لیـژنەی ئابووری پشـتـگیـری لە ڕای وەزارەتی ئابووری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

زۆر سوپاس، ڕای لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.

**بەڕێز شـــێـخ مـــحـــسن خـــالد مـــفـــتی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لیـژنەی ئەوقـاف پشـتـگیـری لە ڕای وەزارەتی ئەوقـاف و ئەو ڕێکەوتنە دەکـات لەگـەڵ وەزارەتی دارایی کە لەسەری بوون، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەروازەی سیانزدەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سـوپـاس، ئەو ئەندامـە بەڕێزانەی کـە پەسندی ناکـەن دەسـتـیـان بەرز بکەنەوە، دەروازەی سیانزدەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا. دەروازەی چواردەم.

**بەڕێز جـــــمـــــيل عـــــبـــــدى سندى:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

الباب الرابع عشر: وزارة المالية والاقتصاد:

١- ديوان الوزارة (٥٤٨٨٠٠٠) دينار.

٢- المديرية العامة للايرادات (٣٨٤٦٨٠٠٠) دينار.

٣- المديرية العامة للمالية لوزارة المالية (٥١١٤١١٠٠٠) دينار.

لیـژنەی ئابووری لە فـەسلی شـەشـەم لە مـاددەی (٠٨) لە (منـح البـلـديـات) هـــاتـــووە (١٠٠٠٠٠٠٠) دینار، کە پێشنیار دەکەین بێتە خوارەوە، ببێتە (٥٠٠٠٠٠٠).

لە مـاددەی حەڤدەمین (منح الاتحـادات والنقـابات)، (٣٠٠٠٠٠٠٠) دینار هاتووە، پێشنیـار دەکەن کە ببێتە (٢٥٠٠٠٠٠٠) دینار، وەکو ساڵی رابردوو.

کـۆی دەروازەی بەشی سێیـەم: (المديرية العامـة للمـالية) (٤٥٦٤١١٠٠٠) دینـار لە لیـژنەی دارایی و ئابووریدا.

٤- المديرية العامة للتجارة (١٢٨٥٤٠٠٠) دينار.

٥- المديرية العامة لشرطة الحدود والگمارك (٢٣٧٩٧٠٠٠) دينار.

٦- المديرية العامة للتقاعد (٨٥٠١١٠٠٠) دينار.

٧- رئاسة المحكمة الگمرگية (٣٥٩٠٠٠) دينار.

٨- شركات التأمين (٧٥٨٠٠٠) دينار.

٩- البنوك الاختصاصية (٤٠٣٧٠٠٠) دينار.

کـۆی گـشـــتی دەروازەی چواردەم (٦٨٢١٨٣٠٠٠) دینار، لیـژنەی دارایی دەڵێـیت ببـێـتـە (٦٢٧١٨٣٠٠٠) دینار.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

ڕای بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز ســـەرکـیس ئاغـــا جـــان مـــامـــەندۆ:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پشتگیری لە ڕای لیژنەی دارایی دەکەین، لەبەر چەند هۆ:

١- بەنیسبەت کەم کردنەوەی (منح الاتحادات والنقابات)، ئێمە تەقریبەن مەعدەل لە سنووری (١٧٥٠٠٠٠٠) دینارێک سەرف دەکەین، کەواتە ئەو (٢٥٠٠٠٠٠٠) دینارە بەشی ساڵێکمان دەکات، ئەگەر تۆزێک هی نوێش لەسەری دابنرێت، یەعنی بەشی ئەوەش دەکات.

بەنیسـبـەت (منح البلديات) هەر چەند جەدوەلەکە لای منە، لای کاک جەمیـل ڕەنگە هەبێت، وابزانم خـــودی وەزارەتی شـــارەوانیش (١٠٠٠٠٠٠٠) دیناری پێـــشـنیـــار نەکـــردووە،

( ٥٠٠٠٠٠٠ ) دیناری پێشنیار کردووە، پاشان وەزارەتی دارایی ( ١٠٠٠٠٠٠٠ ) دینارەکەی لە پێشنیاری خۆی هاتووە، نەک لە پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی، ئەوە لە لایەک، هەرچەندە بەراستی شارەوانییەکان ژمارەیان زۆر بووە، بەڵام هەوڵیش بدرێت لەسەر بڕیارەکەی ٩٨٦ هەندێک شت بکرێت و، داهاتەکانیش کۆبکرێنەوە، بۆیە لەبەر ئەو دوو هۆیە پشتگیری لەو کەم کردنەوانە دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە هۆی پێشنیار کردنی ( ١٠٠٠٠٠٠٠ ) دینار لە لایەنی ئێوەوە بۆ چی بووە؟

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان مامەندۆ:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لەسەر ئەو ئەساسە بووە، کە ژمارەی شارەوانییەکان زیاد بووە، گەیشتۆتە ٨٥ شارەوانی، کەواتە پێویستە منحەیان بۆ زیاد بکەین، تەبیعی ئەوە پێشنیاری وەزارەتی دارایی بووە، ئەگەرنا پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی هەر بەو ( ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ ) دینارە پێشنیار کرا بوو، بەڵام لە حاڵەتێک ئەگەر وەزارەتی شارەوانی ئیراداتی زۆر بوو، ئیعتیادییە عەجزی میزانیەی نابێ و، پێویست ناکات ئەوەندە لە میزانیەی وەزارەتی داراییەوە دەعم بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی هەیە، بەڕێز کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بەراستی من لەگەڵ ئەوەم بەنیسبەت شارەوانییەوە، دەورێکی گرنگی هەیە و تازەشن و، بۆ ئەوەی زیاتر بتوانن خزمەت بکەن، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم ( ١٠٠٠٠٠٠٠ ) دینارەکە بمێنێتەوە، هەروەها بەنیسبەت (منح الاتحادات والنقابات)، وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئێمە دەبێت دەفعێکیان بدەینێ، راستە وەزعی میزانیەشمان خراپە، موتەئکیدم کە ئێمە بە نەزەری ئیعتیباری وەردەگرین، بەس ئەو دوو موئەسەسەیە زۆر زەروورین لە ژیانی کۆمەڵگای کوردستاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕای لیژنەی دارایی دەخەینە دەنگدانەوە، بەرامبەر بە خاڵی سێیەم، تکایە بیخوێننەوە، پێشنیاری وەزارەتی دارایی بخوێننەوە و هی خۆشتان بخوێننەوە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

(المدیریة العامة للمالیة)، سەرجەمی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکاتە ( ٥١١٤١١٠٠٠ )

دینار، لیژنەی ئابووری دەڵێتن (٤٥٦٤١١٠٠٠) دینار لە بەشی سێیەمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پێشنیاری لیژنەی دارایی و ئابووری دەربارەی بەشی سێیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا. دەروازەی چواردەمین دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بودجەی وەزارەتی دارایی و ئابووری پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە. فەرموو کاک بورهان.

**کاک برهان علی جاف:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

الباب الخامس عشر: وزارة شؤون البشمەرگە، دیوان وزارە(٢٩٧٣٢٠٠٠٠)دینار کۆی گشتی (٢٩٧٣٢٠٠٠٠) وەکو لیژنەی دارایی هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەو مەبلەغەی کە وەزارەتی دارایی دایناوە نییە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە بۆ زیاد کردنی پێشمەرگە، چونکە باوەڕ ناکەم کەس تێبینی لەسەر وەزارەتی پێشمەرگە هەبێ، تێبینیتان هەیە لیژنەی پێشمەرگە، نەخێر نییە، تکا لەو کەسانە دەکەم کە بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامانە دەکەم کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە بە گشتی دەنگ وەرگیرا. بودجەی وەزارەتی پیشەسازی و وزە.

**کاک برهان جاف:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

الباب السادس عشر: وزارة الصناعة والطاقة.

١ـ دیوان الوزارة (٣٠١٠٠٠٠)دینار.

٢ـ مدیریات المسح الجیولوجي (٢٠١١٠٠٠)دینار.

٣ـ مدیریات شرطة کهرباء المحافظات (٩٣١٠٠٠٠) دینار.

٤ـ شبکات کهرباء (٥٢٥٦٠٠٠) دینار.

٥ـ المدیریة العامة للکهرباء (١٠٥٥٠٠٠) دینار.

٦ـ المدیریة العامة للنفط والمعادن (١٢٩٨٠٠٠) دینار.

٧ـ المدیریة العامة للتکنیك والانتاج (٤٤٠٥٠٠٠) دینار.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کۆی گشتی (٢٦٨٤٥٠٠٠) دینار، وەکو لیژنەی دارایی هیچ

تێبینیەکمان نییە لەسەر ئەو مەبلەغەی کە وەزارەتی دارایی دایناوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی هەیە لەسەر دەروازەی شازدەم؟، دیارە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەین کە بودجەی وەزارەتی پیشەسازی و وزە پەسند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، بودجەکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا. بودجەی وەزارەتی داد.

**بەڕێز شەفیقە فقی عبداللە:**

الباب السابع عشر: وزارة العدل.

١ـ ديوان الوزارة (٦٣٦٩٠٠٠) دينار.

٢ـ محكمة التميز (١٧٠٦٠٠٠)دينار.

٣ـ محاكم (١٥٢٧٠٠٠٠) دينار.

٤ـ المديرية العامة للتسجيل العقاري (٦٧٠١٠٠٠) دينار.

٥ـ مديرية رعاية القاصرين (٨٢٧٠٠٠) دينار.

٦ـ رئاسة الإدعاء العام (١٦٠٦٠٠٠) دينار، کۆی گشتی (٣٢٥٣٣٠٠٠) و، لیژنەکەمان لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووریە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسای.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمەش رەئی خۆمان دەربڕیوە و، پەسندی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم دەروازەیە، بودجەی وەزارتی داد دەخەینە دەنگدان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، بودجەی وەزارەتی داد دەروازەی حەڤدەم بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شەفیقە فقی عبداللە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

الباب الثامن عشر: ديوان الرقابة المالية(٦٣٤١٠٠٠) دينار و، کۆی گشتی (٦٣٤١٠٠٠) دینارە، ئێمە لەگەڵ رەئی وەزارەتی دارایی و ئابوورین لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی هەیە لەسەر دیوانی چاودێری دارایی، دیارە نییە بودجەی دیوانی چاودێری دارایی دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی دەکەن دەستی خۆیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، بەگشتی دەنگ دەروازەی هەژدە پەسند کرا. تکایە گشتی میزانیەکەمان پێ بڵێن.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

گۆرانکاری تەنها لە دوو دەروازەیە، مەجموعا موازەنەی دێنیتن هاتە تەسدیق کرن میزانیە ئیعتیادیە یان میزانیە جاریە (٢٤٩٨٤٢٣٠٠٠)دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو میزانیەی حکومەت پەسند دەکەن دەستی خۆیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە بەگشتی دەنگ پەسند کرا.

تکایە میزانیەی پلانی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی(٢٠٠٢).

**بەڕێز بطرس سخریا هرمز:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

خلاصة موازنة الخطة لحكومة الإقليم لعام (٢٠٠٢).

١- وزارة الداخلية (٢٢٤٠٠٠٠٠) دينار.

٢- وزارة المالية والاقتصاد (٤١٥٠٠٠٠٠) دينار.

٣- وزارة الصناعة والطاقة (٧٤٠٥٠٠٠) دينار.

٤- وزارة النقل والمواصلات (٢٤٥٠٠٠٠٠) دينار.

٥- وزارة الزراعة والري (٣٥٠٥٠٠٠) دينار.

٦- وزارة البلديات والسياحة (١١٥٣٨٠٠٠٠) دينار.

٧- وزارة التربية (٥٤٥٠٠٠٠) دينار.

٨- جامعتي صلاح الدين ودهوك (٣٤١٠٠٠٠٠) دينار.

٩- رئاسة المعاهد الفنية (٩٠٠٠٠٠) دينار.

١٠- وزارة الاشغال والاسكان (٤٠٦٦٩٠٠٠) دينار.

١١- وزارة الاعمار والتنمية (٢٤٨٥١٠٠٠) دينار.

١٢- وزارة العدل (١٦٥٠٠٠٠٠) دينار.

١٣- وزارة الثقافة (٩٤١٤٠٠٠) دينار.

١٤ـ وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية (٣٣٥٥٠٠٠٠) دينار.

المجوع الكلي(٣٨٨٢٢٤٠٠٠) دينار. ئێمە وەکو لیژنەکەمان لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابوورین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە دەربارەی بودجەی پلان؟، دیارە نییە، بودجەی پلان دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ وەرگیرا. میزانیەی تەمویلی زاتی.

**بەڕێزجەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

موازنة التمويل الذاتي لعام ٢٠٠٢م

أ/موازنة المصانع والمعامل والدوائر الممولة ذاتياالتابعة لوزارة الصناعة والطاقة

١ـ معمل الغزل والنسيج في اربيل (٢٠٥٥٥٠٠٠) دينار.

٢ـ معمل رخام اربيل (٣٢٤٨٠٠٠) دينار.

٣ـ معمل الغاز في اربيل (١٨ ٨٥٦٠٠٠) دينار.

٤ـ معمل سگاير اربيل (٢٣١٧٤٠٠٠) دينار.

٥ـ مديرية توزيع كهرباء اربيل (٩١٣٤٨٠٠٠) دينار.

٦ـ مديرية مقالع حجر اربيل (٣٠٣٩٠٠٠) دينار.

٧ـ مديرية توليد الطاقة الكهربائية في اربيل (٤٣٩٧١٠٠٠) دينار.

٨ـ مديرية توزيع نفط اربيل (٦٠٦٢٠٠٠٠) دينار.

٩ـ مديرية توزيع كهرباء سوران (٠٠٠ ٥١٤ ٨)دينار.

١٠ـ مديرية توزيع نفط دهوك (٤٠١٣٨٠٠٠)دينار.

١١ـ معمل الغزل والنسيج الصوفي/ دهوك (٤٧٩٠٠٠)دينار.

١٢ـ مديرية توزيع كهرباء دهوك (٦٥ ٨٣٣٠٠٠) دينار.

المجموع للمعامل والمصانع والدوائر اعلاه (٣٧٩٧٧٥٠٠٠)دينار.

ب ـ موازنة المصارف التجارية الممولة ذاتيا (١٧٣٦٧٠٠٠)دينار.

المجموع الكلي للموازنةالممولة ذاتيا للعام (٢٠٠٢)م (٣٩٧١٤٢٠٠٠) دينار، هیچ تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی لەسەر ئەم دەروازەیە هەیە؟ موازەنەی تەمویلی زاتی ئەخەینە دەنگدانەوە. تکا لەو

ئەوندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس ، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، بەگشتی دەنگ وەرگیرا. جەدوەلی ئیراداتی تەخمینی.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

جدول إيرادات حكومة الإقليم لعام (٢٠٠٢)م

١- رئاسة مجلس الوزراء (٣٣٨١٩٠٠٠)دينار.

٢- وزارة التربية (١٢٢٥٠٠٠)دينار.

٣- وزارة الاشغال والاسكان (٥٠٠٠٠٠ )دينار.

٤- وزارة الزراعة والري (١٦١٧٦٥٠٠ )دينار.

٥- وزارة الداخلية (٣٠٣٢٢٠٠٠)دينار.

٦- وزارة البلديات والسياحة (٣٦٢٤٩٠٠٠)دينار.

٧- وزارة النقل والمواصلات (٦٤٤٣١٠٠٠)دينار.

٨- وزارة الثقافة (٢٢٣٥٣٦٠)دينار.

٩- وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية(١١٦٢٣٠٠٠)دينار.

١٠- وزارة الاعمار والتنمية ( ـــــ )دينار.

١١- وزارة المساعدات الانسانية والتضامن (٤٥٠٤٠٠٠٠)دينار.

١٢- وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية (٢٠١١٥٠٠)دينار.

١٣- وزارة المالية والاقتصاد (١٥٣٩١٧٩٠٠٠)دينار.

١٤- وزارة شؤون البيشمه ركه(ـــــ )دينار.

١٥- وزارة الصناعة والطاقة (٤١٤٦٦٢٢)دينار.

١٦- وزارة العدل (٤١٠٨٨٠٠٠)دينار.

١٧- ديوان الرقابة المالية للاقليم (ـــــ )دينار.

المجموع الكلي للإيرادات (١٨٢٨٠٤٥٩٨٢)دينار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم تەخمینە، ئەو جەدوەلە بە عەدەد تەصویت دەکرێت و، تەخمینی نییە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، تەخمینەکە بەگشتی دەنگ پەسند کرا. زۆر سوپاس بۆ ئەندامانی لیژنەی دارایی و ئابووری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، تکا لە دوو ئەندامی بەڕێزی لیژنەی یاسای دەکەم فەرموون بۆ سەر مونەسەکە.

**بەڕێز شـــیــــروان نـاصـح حـــیـــدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

((بسم اللة الرحمن الرحيم))

بسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

استنادا الى أحكام المادة (٥٣)والفقرتين (١)و(٥) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ماعرضه وزير المالية والاقتصاد ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ (٣١/١٢/٢٠٠١) تشريع القانون الآتي:

القانون رقم (١٩) لسنة ٢٠٠١

قانون الموازنة لإقليم كوردستان العراق لعام ٢٠٠٢

المادة الأولى:

١- يرصد للنفقات الجارية للمجلس الوطني لكودرستان العراق والوزارت وإدارات الأقليم لعام٢٠٠٢ مبالغ مجموعها(٢٥٣٦٦٧٤٠٠٠)دينارمع (١٨٠٠٠٠) دولار امريكي.

أ- المجلس الوطني لكوردستان العراق مبالغ مجوعها (٣٨٢٥١٠٠٠)دينار مع (١٨٠٠٠٠) دولارامريكي.

ب - الوزارات و ادارات الأقليم مبالغ مجموعها (٢٤٩٨٤٢٣٠٠٠ )دينار.

٢- يرصد لموازنة المعامل والمصانع والدوائر والشركات و المصارف التجارية والاختصاصية ذات التمويل الذاتي لعام٢٠٠٢ مبالغ مجموعها(٣٩٧١٤٢٠٠٠)دينار

أ- المعامل والدوائر والمصانع والدوائر والشركات مبالغ مجوعها (٣٧٩٧٧٥٠٠٠)دينار.

ب - المصارف التجارية مبالغ مجموعها (١٧٣٦٧٠٠٠)دينار.

٣- يرصد لموازنة الخطة لعام٢٠٠٢ مبالغ مجموعها(٣٨٨٢٢٤٠٠٠)دينار.

٤- تعتمد التخصيصات المصدقة في ميزانية الأقليم لعام١٩٩٧ بالنسبة للمناطق الخارجة عن سيطرة حكومة إقليم كوردستان ـ العراق.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە کە تێبینیان هەیە لەسەر ماددەی یەک دەستیان بەرز کەنەوە بۆ ئەوەی ناو نوسیان کەین.

**بەڕێز ســرکـــیس ئاغـــا جـــان مـــامـــەندۆ:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

تێبینیەکم هەیە لەسەر بانکی بازرگانی و ئیختصاصی، تەنیا بانکی بازرگانی داخیلی تەمویلی

زاتی کراوە، ئیختصاصی لەسەر میزانیەی بودجەی وەزارەتی دارایی داخیلی بووە، ئەگەر بنوکی ئیختصاصی هەڵبگیرێ لە یاساکە، چونکە تەمویل زاتی نینە، بەس بازرگانی بمێنێ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە لیژنەی یاسایی هیچ معارەزەتان هەیە لەسەر ئەو تێبینیە؟.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

٢ـ يرصد لموازنة المعامل والمصانع والدوائر والشركات و المصارف التجارية ذات التمويل الذاتي لعام٢٠٠٢ مبالغ مجموعها (١٨٢٨٠٤٥٩٨٢)دينار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە.

ماددەی یەکەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا. ماددەی دووەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

المادةالثانية:

تخمن ايرادات إقليم كوردستان العراق بمبالغ مجموعها(١٨٢٨٠٤٥٩٨٢)دينار لعام ٢٠٠٢.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی دووەم؟، دیارە تێبینی نییە، ماددەی دووەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە.

ماددەی دووەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا. ماددەی سێیەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

المادةالثالثة

تتولى وزارة المالية والأقتصاد لإقليم كوردستان العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی سێیەم؟، دیارە تێبینی نییە، ماددەی سێیەم دەخەینە

دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامـە بەڕێزانە دەکـەم کـە مـاددەی سـێـیـەم پەسند دەکـەن دەسـتـیـان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە.
ماددەی سێ بەگشتی دەنگ وەرگیرا. ماددەی چوارەم.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاصـح حــــیـــدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
المادةالرابعة:
لرئيس المجلس الوطني لكودرستان العراق إجراء **المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالمجلس.**

**بەڕێز ســــەرۆکـی ئـەنجــــومــــەن:**

هیچ تێـبـینی هەیە لەسـەر مـاددەی چوارەم؟، دیارە تێـبـینی نـیـیـە، مـاددەی چوارەم دەخـەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامـە بەڕێزانە دەکـەم کـە مـاددەی چوارەم پەسند دەکـەن دەسـتـیـان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە.
ماددەی چوار بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاصـح حــــیـــدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
المادةالخامسة:
يخول وزير مـالية والأقتصـاد صلاحية المناقلة بين إعتمـادات البـاب الواحد بإستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولا يجوز النقل منه.

**بەڕێز ســــەرۆکـی ئـەنجــــومــــەن:**

هیچ تێـبـینی هەیە لەسـەر مـاددەی پێنجـەم؟، دیارە تێـبـینی نـیـیـە، مـاددەی پێنجـەم دەخـەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامـە بەڕێزانە دەکـەم کـە مـاددەی پێنجـەم پەسند دەکـەن دەسـتـیـان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە.
ماددەی پێنجەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەشەم.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاصـح حــــیـــدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
المادةالسادسة:
لوزير المالية و الاقتصاد إجراء المناقلة بين إعتمادات أبواب الميزانية لأغراض توفير إمكانيات الصرف للادارات التي يتقررفك إرتباطها من وزارةٍ وألحاقها بوزرارةٍ أخرى.

**بەڕێز ســــەرۆکـی ئـەنجــــومــــەن:**

هیچ تێـبـینی هەیە لەسـەر مـاددەی شـەشـەم؟، دیارە تێـبـینی نـیـیـە، مـاددەی شـەشـەم دەخـەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامـە بەڕێزانە دەکـەم کـە مـاددەی شـەشـەم پەسند دەکـەن دەسـتـیـان

بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە.
ماددەی شەشەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی حەوتەم.

**بەڕێز شـــێـــروان ناصح حـــیـــدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

المادةالسابعة:

يخول وزير المالية والاقتصاد إضافة إعتمادات إجمالية مصدقة للميزانية للعام (٢٠٠٢) بنسبة ١٪ من إجمالي الاعتمادات المصدقة للميزانية للأغراض التالية:

١ـ إعتماد المبالغ اللازمه لميزانيات الادارات المستحدثة خلال العام المذكور اعلاه.

٢ـ إضافة إعتمادات جديدة في ميزانيات الوزارات والادارات للحالات الطارئة والتي يقررها مجلس الوزراء.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی حەوتەم؟، دیارە تێبینی نییە، ماددەی حەوتەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی حەوت پەسند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە.
ماددەی حەوتەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی هەشتەم.

**بەڕێز شـــێـــروان ناصح حـــیـــدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

المادةالثامنة:

تتولى وزارة المالية والاقتصاد إعداد مفردات ملاكات جميع وزرات إقليم كوردستان العراق للعام (٢٠٠٢) والمصادقة عليها وعلى ضوء كلفة الرواتب المصدقة في الميزانية.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی هەشتەم؟، دیارە تێبینی نییە، ماددەی هەشتەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی هەشتەم پەسند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە.
ماددەی هەشتەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی نۆیەم.

**بەڕێز شـــێـــروان ناصح حـــیـــدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

المادةالتاسعة:

يخول وزير المالية والاقتصاد إصدار تعليمات لازمة لتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لا تتجاوز اسبوعين من تاريخ إصدار هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی نۆیەم؟، دیارە تێبینی نییە، ماددەی نۆیەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی نۆیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە.

ماددەی نۆیەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دەیەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

المادةالعاشرة:

لوزير المالية والاقتصاد إصدار تعليمات لازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی دەیەمین؟، دیارە تێبینی نییە، ماددەی دەیەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دەیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە.

ماددەی دەیەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی یازدەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

المادةالحادية عشرة:

يعتبر هذا القانون نافذاً إعتباراً من ٢٠٠٢/١/١ وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی یازدەم؟، دیارە تێبینی نییە، ماددەی یازدەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یازدەم پەسند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە.

ماددەی یازدەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، یاسای بودجە هەموو دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاساکە پەسند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی یاساکە پەسند ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ ساڵی (٢٠٠٢)بەگشتی دەنگ پەسند کرا.

بەڕێزان ئەمرۆ (٢٠٠١/١٢/٣١)ە دوا دانیشتنی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراقە، بۆ ئەمساڵمان پاش ئەم دانشتنە ئینشاء الله لەساڵی تازە لە ساڵی (٢٠٠٢) لە مانگی (٣) دانیشتنەکانی خولی یەکەمی ساڵی یازدەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق دەست پێ ئەکاتەوە و، بە بۆنەی سەری ساڵی تازەوە پیرۆز بایی

گەرمم ئاراستەی گەلی کوردستان بە هەموو نەتەوەکانیەوە ئەکەم و، ئاراستەی سەرۆکی خۆشەویست کاکە (مسعود بارزانی )و، سەرکردایەتی پارتە کوردستانیەکانی بەشدار لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، پیرۆز بایی گەرم لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، پیرۆزبایی تایبەت لە کەس و کارو خانەوادەی شەهیدانی سەربەرزی کوردستان دەکەم، پیرۆزبایی لە گشت پێشمەرگەی کوردستان دەکەم، هیوادارم ساڵی تازەی ساڵی (٢٠٠٢) ساڵی ئاشتی و تەبایی و یەکبوونەوەی ریزەکانی گەلی کوردستان بێت، ساڵی سەرکەوتن بێت بەسەر هەموو کۆسپەکاندا و، سەرکەوتنی گەلی کوردستان بێت و، گەیشتنی بە دوا ئامانجەکانی بێت، لەبارودۆخی ئێستادا بارودۆخێکی هەڵکەوتووە بۆ گەلی کوردستان کە تەنیا رێگای کەڵک وەرگرتن و سوود وەرگرتنی تەواوە لەم بارودۆخە.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**